https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

شیعری کوردی، لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتییەوە

بە نموونەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا

کۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین

پ. د. نەوزاد وقاص سعید
زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە
Nawzad.saeed@su.edu.krd

م. ڕێبوار محمد اسماعیل
زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە
rebwarafo2@gmail.com

پوختە

ئەم تـوێژینەوەیە، ڕێگـایەکە بـۆ خسـتنەڕووی سروشـتی دەق، کە لە لایەن ڕەخنەگـر و تیۆریسـتەکانەوە جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە و لە چوارچێوەی تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

لێـرەدا ئامـاژە بە سروشـت و بەهـای دەق کـراوە، لە ڕوانـگەی تێڕوانینە تیۆری و ڕەخنەییەکانەوە، دواتر لەژێر ڕۆشنایی چەمکی دەق و پێوەرەکـانی دەقبوونـدا، خوێنـدنەوەیەکی تیـۆری و ڕەخنەیـی بـۆ دەقـی شیعری کوردی لە کرمانجی خواروو کراوە، شیعری کرمانجی خواروو جیاکـاری خـۆی هەیە لە ڕووی زمـان و پەیامـداری و ناسـنامە و جـۆری ژانریەتـی و ڕەگەزە ئەدەبییەکـانی وەک "بیـر، خەیـاڵ، سـۆز، فـۆرم"، ئەو ڕەهەندانەی پێکهاتەی دەقەکەیان بیناکردووە، بە گـۆڕانی هەر ڕەهەندێک شـێواز و بنیـاتی دەقەکەش گـۆڕاوە، ئەمەش لە ئەنجـامی لێکـۆڵینەوە و شیکردنەوە و میزانکردنی دەقی شیعری کرمانجی خواروو بەدەستدێت، بە بەکارهێنانی چەمک و پێوەرە تیۆری و ڕەخنەییەکان.

وشـە کلیلییەکان: دەقێتی، سروشـتی دەق، بونیـادی دەق، پەیامـداری، مەبەستداری، پەسەندێتی.

شیعری کوردی، لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی، بە نموونەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا

پێشەکی

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر چەمکی دەق و پێوەر و خاسییەتەکانی دەقێتی، بە شێوەیەکی گشتی. دواتر باس لە دەقی شیعری دەکات لە شیعری کرمانجی خواروودا، سەبارەت بە سنووری لێکۆڵینەوەکەش، سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی دەقێتی خراوەتەڕوو، دواتر لە چوارچێوەی پێوەرە گشتی و تایبەتییەکانی دەقەوە، بەشێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر دەقە شیعرییەکان کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو وەرگیراوە، چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی "نالی، سالم، کوردی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی و حەمدی"، وەرگیراون، و بۆ سەلماندنی بۆچوونە تیۆرییەکان تیشکیان خراوەتەسەر، بۆ ئەو مەبەستەش شیکردنەوەیان بۆ کراوە بەپێی پێوانە و پێوەرەکانی دەقێتی.

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، (وەسفی ـ شیکاری)یە، لەگەڵ خستنەڕووی هەندێک زانیاریی تیۆری لەسەر چەمکی دەق و دەقێتی، دواتر بە پشتبەستن بەم زانیارییە تیۆرییانە وەسفی پێویستمان بۆ دەقی شیعری لەم قوتابخانەیەدا خستووتەڕوو و نموونە وەرگیراوەکانمان شیکردوونەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت: لە سەرەتادا، چەمک و پێناسەی دەق لە ڕوانگەی جیاجیا و بۆچوونە تیۆرییەکانی لەسەر دەق و بابەتەکانی پەیوەست بە دەق خراوەتەڕوو، دواتر ئاماژەمان بەو پێوەرە گشتی و تایبەتییانە کردووە، کە زاناکان بۆ دەقێتی و مەرجەکانی دەقبوون دیاریان کردوون، ئینجا لە تەوەرەیەکی تردا جەخت لە سروشت و خاسیەتی دەقی ئەدەبی کراوەتەوە، پاشان لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێوەر و

خاسیەتە گشتی و تایبەتییانە، ئاماژەمان بە سروشتە گشتییەکەی شیعری کوردی لە قوتابخانەی کرمانجی خواروو کردووە، ئاست و سروشتی شیعری کوردیمان لەسەر ئەو بنەمایانە دیاری کردووە، ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لە کۆتایشدا سەرچاوەکان ڕیزکراون.

چەمک و پێناسەی دەق لە ڕوانگەی جیاجیاوە

بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دەق بابەتێکی فرە ڕەهەندە و لێکەوتەی زۆری لێ کەوتووەتەوە، وەک پڕۆسەیەکی ناسادە و ئاڵۆز دەردەکەوێت و ناچێتە ناو پێناسەیەکی گشتگیر و ڕەهاوە، هاوکێشەیەکی جێگیر و دیاری بۆ نییە.

ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە پێکهاتەی بنیادی دەق و ڕەهەند و جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق دەبینێتەوە. بە واتایەکی وردتر، دەرکەوتنی پڕۆسەی دەق بە شێواز و فۆرمی جیاجیا، هەروەها بوونی بنیاتی هونەری و لایەنی زمانەوانی دەق و بوونی لەمێژینەی دەق و بەرهەمهێنان و زیندوویەتیی دەق و فراوانبوونی لێکەوتەکانی دەق و پەرەسەندن و گۆڕانی ژانرەکانی ئەدەب لەلایەک، تایبەتنەبوونی بەرهەمهێنانی دەق بە تاکە کەسێک و پەیوەستنەبوونی کردەکە بە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیان و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان لەسەر سروشتی دەق لەلایەکی ترەوە، کاری پێناسەکردنی چەمکی دەقیان زۆر سەخت کردووە، لەبەر ئەم جووڵانە دەق ناتوانێت لە پێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراودا خۆی بەدەستەوە بدات. ئەمەش بۆ سیفەتی جووڵەی جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق و جووڵەی ئەم توخمانە دەگەڕێتەوە، کە بنیاتی دەقیان پێکهێناوە. سروشتی بەردەوامبوون و دووبارەبوونەوەیان لە سەردەمە جیاجیاکاندا هەیە و لە دۆخێکی دیاریکراودا بۆ هەمیشەیی جێگیرنابن، بەڵکو بەردەوام گۆڕانیان بەسەردادێت و لە جووڵە و

پەرەسەندنێکی ڕێژەیی دان. ئەمەش بۆ ئەو بیردۆزە فیزیکییەمان دەبات، کە تەنی گۆڕاو ناچێتە ژێر باری پێناسەیەکی ڕەهاوە، چونکە لە دۆخی جوواڵەدا شێوە و تایبەتمەندیی تەنەکە دەگۆڕێت، بۆیە لە دۆخی گۆڕاندا هەر جووڵەیەک پێناسەیەک بەرهەم دێنێت. ئەم بیردۆزە بۆ دەقیش دەگونجێت و چەمکی دەقیش مەحکومە بەهەمان بنەمای فیزیکی.

دەق خاوەنی سروشتێکی گۆڕاوە، ئەمەش بەهۆی گۆڕان و جووڵەی ئەو پێکهاتە و ئاستانەی، کە بنیاتی دەقەکەیان پێکهێناوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەق وەک چەمکێک مامەڵەی ئەدەبی و فەلسەفی و زمانەوانی لەگەڵدا دەکرێت، لە گۆشەنیگای جیاجیاوە سەیرکراوە و لەسەر بنەمای جۆراوجۆر پێناسەکراوە، چەندیەتی و چۆنیەتی بنیات و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەق، تێڕوانین و بۆچوون و ڕووچوونی جیاجیای لەمەڕ دەقەوە بەرهەم هێناوە. هەر یەکە لە ئاراستەیەک و بەپێی بوار و شارەزایی خۆی لە دەقی ڕوانیوە و پێناسەی چەمکی دەقی کردووە. بۆ نموونە هەندێک بۆ پێناسەکردنی چەمکی دەق لە جەمسەری بکەر و بەرهەمهێنەری دەق و ژینگەی دەق دەوەستن و هەندێکی تر لە بنیاتی زمانی و هونەری و ئاستی ئیستێتیکی دەق دەڕوانن و هەندێکی تر لە پەیامداری دەق و لێکەوتە و کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە، هەندێکی تر لە فۆرم و قەبارەی دەقەوە دەق پێناسە دەکەن، هەر یەکە لەمانە لە ڕوانگەی خۆیی و بوارەکەی خۆیەوە لە سروشتی دەقی ڕوانیوە، چییەتی و چۆنیەتی سروشتی دەقیان لە گۆشەیەکەوە پێناسەکردووە، دەشێت گۆشە و لایەنی تریان فەرامۆش کردبێت، دەکرێت بڵێین هەموو ئەم پێناسانەی، کە بۆ چەمکی دەق خراونەتەڕوو کە هەندێکیان پەیوەستن بە لایەنی تیۆری و هەندێک بە لایەنی پراکتیکی دەق و هەندێکیان پەیوەستن بە لایەنی هەنوکەیی دەق و هەندێکیان بە لایەنی مێژووی دەق یان بابەتیبوونی دەق و لایەنی کۆمەڵایەتی دەق، هەموو ئەمانە بەیەکەوە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیەکی فراوان لەسەر چەمکی دەق بەرجەستە

دەکەن، ((دەق "سوود" و گرنگی خۆی وەک لایەنێکی تیۆری لە زانستی دەق و تیۆری دەق و شیکردنەوەی دەقدا وەردەگرێت، لە هەموو ئەمانەشدا پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زمانی و ڕۆشنبیری و میژووی و هزریدا لە ئارادا هەیە)). (بایز، ۲۰۱۳، ل٧٤ -٧٥) ئەگەر سەیربکەین, دەبینین کە تێڕوانینی کۆن جیایە لەگەڵ ڕوانگەی نوێخوازەکان بۆ چەمکی دەق، هەروەها پێناسەی فەلسەفە بۆ دەق لە پێناسەکانی تر جیایە، بەو واتایەی هەر یەکە لە بوارەکانی تری وەک: (زمانەوانی و ئەدەبی و هونەری و ئایینی... تاد) پێناسەی خۆیان بۆ ئەم چەمکە هەیە. هەروەک وتمان تەنانەت لەناو خودی یەک بواریشدا، ئاراستە و تێگەیشتنی جیاجیا هەیە، زاناکانی ناو یەک بواریش هەریەکەیان بە جۆرێکی جیا لە سروشتی دەق دەڕوانن، ڕەخنەگرێک یان شاعیرێک یاخود ئەدیبێک دوور لە ڕوانگەی زانستی لەژێر کاریگەریی هونەر و ئەدەب و ئیستێتیکیەوە پێناسەی دەق دەکات، کۆمەڵناس بەهای دەق بە کۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، زانا دەروونناسەکان گرنگی خۆیان لە لایەنی دەروونی نوسەر و نائاگایی دەقدا چڕدەکەنەوە، تۆێژەری زمانەوانی پڕۆسەی دەق بە کەرەستە و ئاستەکانی زمانەوە بەند دەکات. هەندێک زانا لەسەر بنەمای لایەن و مەبەستێکی دیاریکراو پێناسەی دەق دەکەن و بەشێکی تریش زۆر فراوانتر و لە چەند ڕوویەکەوە بۆ پێناسەکردنی دەق دەچن، بۆ نموونە لای (هیلمسلیف) ((دەق مانایەکی زۆر فراوانی وەرگرتووە، دەق هەموو گۆکردنێک دەگرێتەوە، جا نوسراوبێت یان وتراوێکی زارەکی بێت، درێژ بێ یاخود کورت، کۆن بێت یا نوێ)). (بن ذریل، ۲۰۰۰، ص٥٤) دەق بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە، لێرەدا دەق دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێک ناسنامە لەبەر فراوانی و هەمەلایەنی پێناسەکە، دەق بە ئاراستەیەکی دیاریکراو و سەردەم و فۆرمەوە نەبەستراوەتەوە هەروەها بە شێوازی بەیانکردنیش مەرجدار نەکراوە، لە بەرانبەر ئەم ناساندنە فراوانەی دەقدا، کە زۆر لایەن دەگرێتەوە، پۆل ڕیکۆر(Paul Recour) پێناسەی دەق لە هەندێک لایەنی

وەک لایەنـی زارەکـی دوور دەکـاتەوە و جەخـت لە پرسـەی تۆمـارکردن دەکـاتەوە و دەڵێـت: ((دەق ئەو گوتـارەیە، کەوا بە نوسـین جێگیـر کـراوە)) (یقطـین، ۱۹۸۹، ص٥). لێـرەدا ئەوە دەبینـین، کەوا پـۆل ڕیکـۆر دەق و خۆسـەلماندنی دەق پەیوەسـت دەکـات بە پڕۆسـەی نوسـینەوە، لێـرەدا فۆرمێک بۆ دەق دروست دەبێت، ئەمەش خـۆی لە خۆیدا مەرجدارکردنی چەمکـی دەقە و لەمەشـەوە ئامـانجی پێناسـەکردن و تێڕوانینـی دەق لە گۆشەیەکەوە دێتەجێ.

هەندێکی تر بۆ چەمکی دەق باس لە بەشداری و ڕێژەی دانەی زمانی دەکەن، لە پڕۆسـەی بەرهەمهێنـانی دەقـدا. واتە دەرکەوتەی دەق لە ڕووی قەبـارە و ڕێـژەی وشـە و ڕسـتەی بەکارهـاتوو لەگەڵ ئەو واتـایەی کە لێیانەوە بارکراوە، یـاخود بڵێین قەبارەی بەرجەستەکراوی دەق وشـەیەک دەبێـت یـان ڕسـتەیەکە یـاخود پەراگـراف و بەرهەم و کتێبێکـی تەواوە، یـاخود دێـرە شـیعرێکە یـان غەزەلێکە یـانیش بە قەد قەسـیدە و ڕۆمـانێکە، هەندێک لە ڕووی قەبـارەوە بەرجەسـتەبوونی دەق گەورەتر لە ڕسـتەیەک دەبیـنن، دەق ((ئەو دانە زمـانییە دەگـرێتەوە، کە لە سـەروو ڕسـتەیەکەوە پێکـدێت)) (ڕافێـل، ۲۰۰۹، ل٤٣). هەروەهـا تـۆدۆرۆف (Todrouf) لە پێناسەیەکیدا بۆ دەق ئەوە دەخاتەڕوو، کە ((دەق پێکهاتەیەکی سـەربەخۆی داخراوە و لە کۆمەڵێ ڕستە پێکهـاتووە و واتـایەکی ڕوونـی هەیە) (مشـیر، ۲۰۱٤، ل٤٧). لێـرەدا دەق وەکـو پێکهـاتەیەک سـەیر دەکرێـت، کە سـیفەتی سـەربەخۆی هەیە و نـاچێتە دۆخـی پەراوێزبوونەوە، ڕسـتەیەک یـان چەند ڕستەیەک ئەم پێکهاتە سـەربەخۆیەیان پێکهێناوە، کە بەهۆی بەخشینی واتا و مەبەسـتی دیـاریکراوەوە جیـادەکرێنەوە، ئەم واتـایەش لە قەبـارەی کۆمەڵێک ڕستەدا خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە بەپێی بۆچوونی تۆدۆرۆف، تایبەتمەندی سـەربەخۆیی و داخـراوی سـنووری دەق دیاریـدەکات، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەش دواتر لە بوونی ڕستەیەک یـان کۆمەڵە ڕستەیەکەوە پەیـدا دەبێـت. بە بـڕوای ڕۆلان بـارت (Roland Barthes) (دەق

پێکهـاتەیەکی ئـاڵۆزی هەیە وەک تەون و چنـین وایە، کۆمەڵێـک وشـە و ڕستەی بەدوای یەکدا هاتوون و هەموویان پێکەوە وێنە و یەکەی واتـادار دروسـتدەکەن) (عیاشـی، ٢٠٠٢، ص١٢٢). جـگە لەوەی کە ڕۆلان بـارت ئامـاژە بە قەبـارەی دەق دەکـات بەوەی، کە لە تەونێکی ئـاڵۆز پێکدێت، کە چەندین وشـە و ڕستەی لە خۆگرتووە، ئامـاژە بەوەش دەکـات، کە ئەم لە خۆگرتنە بەیەکەوە گونجاون و بەجۆرێک وێنەیەکی واتادار بەرهەمدێنن و هەنـدێکی تـر بـۆ بەرهەمهێنـانی دەق یـاخۆد بـۆ دروسـتکردنی وێنەیەکـی واتـادار لە دەقدا، پێوەر بـۆ ڕێژەی بەشداریی وشـە یـان ڕستە دانـانێن و بەلایـانەوە بنەمـای چەنـدیەتی بـۆ دەق گرنـگ نیـیە، دەکرێت دەق نەگـاتە ڕێژەی ڕستەیەکی تەواو و لە وشـەیەکدا بەرجەسـتە بێت، بـۆ نموونـە بە بۆچـوونی (هیڵمسـلیف) کـورتی و درێـژی لە گۆکردنـدا بـۆ دەقبـوون مەرج نییە، لە ڕوانگەی ئەوەوە ((وشـەی "ڕاوەستە" بۆ خـۆی بە تەنهـا دەقێکە و چ جیـاوازییەکی لەگەڵ ڕۆمانێکـدا نیـیە، چـونکە لە ڕوانـگەی نـاوبراوەوە هەمـوو بەرهەمهێنراوێکـی زمـانی بـۆ خـۆی بـریتییە لە دەقێکـی تەواو)) (خەیات، ٢٠١١، ل٨). چونکە ئەم وشـەیە یەکەیەکی زمانییە و پەیامێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، دەتوانێت لە ڕووی واتـاوە ئامـانجی خـۆی بپێکێت، هەر بۆیە ((بـۆ دەق پێوەری چەنـدیەتی پێویسـت نیـیە، دەق دەکرێت وشـەیەک بێت یـان ڕستەیەک بێت یـانیش بەرهەمێکی ئەدەبی بێت، دەق یەکەیەکی واتاییە و فۆرمی دیارکراوی نییە)) (یقطین، ١٩٨٩، ص١٨). هەروەها ئەگەر سـەیربکەین دەبینـین، کەوا ((زۆربەی دەقە باوەکـان لە یەک ڕسـتە کەمتـر پێکهاتوون، وەک: " ئاگاداریی لافیتە، بۆ فرۆشـتن، داخـراوە" واتە کـورتی و درێـژی لەبەرچاوناگیرێت)) (توفیـق، ٢٠٠٢، ل٣٢). لە ڕاسـتیدا بەکارهێنـانی فـۆرمی وشـەیەک بـۆ دەقێکـی بچـووکە، ئەم فـۆرمە بە ڕەهـایی و بەم قەبـــارەیەی کەوا هەیەتـــی، بـــێ هـــاوپێچ و دابـــڕاو لە دەوروبەر و مەدلوولەکانی پەیوەست بە وشـەکە ئامـانجی دەقێتی خـۆی ناپێکێت. ئەو وشـــەیەی، کە وەکـــو دەقێـــک مـــامەڵەی لەگەڵـــدا دەکرێـــت لە ڕاســـتیدا پڕۆسـەیەکە و پەراوێـزی ونبـووی هەیە، تەنیـا وشـەیەکی دەرکەوتـووە و

باقی تری پڕۆسەکە ئەرکی خۆی بەهۆی دەوروبەر و کات و زانیاری هاوبەشی نێوان نوسەر و خوێنەر جێبەجێدەکات، دەق بەبێ ئەوانە دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی ئەبستراکت، دەقیش لەم دانە فەرهەنگییە بچوکەدا خۆی بەیان ناکات، هەر بۆیە ((لە تێگەیشتنی باودا دەق دانەیەکی زمانیی پاش ڕستەیە، واتە زیاتر لە ڕستەیەک لە ڕۆنانیدا بەشدارن، دەبێت ئەم ڕستانە بە ڕێگای جۆراوجۆری ڕێزمانی پێکەوە ببەسترێن، تا هەموو کەس وەک دانەیەکی پتەو وەریگرێت)) (ڕافێل، ٢٠٠٩، ل٤٣). واتە لە دەقێکدا چەند وشە و ڕستەیەک بەشدار دەبن، تا سەربەخۆیی دەقەکە تێردەبێت، هەرچەندە ئەگەر وشەیەک یان ڕستەیەکیش دەرکەوێت، چونکە دەگونجێت وشەیەک یان ڕستەیەک ببێت بە سەرە و ئەوانی تر لە پەراوێزدا بن، لە وێوە یارمەتی پڕۆسەی مەبەستداری نوسەر و تێگەیشتنی خوێنەر بدەن، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی لە هەر فۆرمێکدا جێگای بکرێتەوە، ئەوا هاوپێچەکانی پەیوەست بە دەقەکە، یارمەتی پڕۆسەی دەقێتی بەرهەمەکە دەدەن کە بەشێکی زۆریان لە هاوپێچەکانی پەیوەست بە دەقەکە لە دەرەوە و لە دوورەوەی دەقەکەدا وەستاون.

بە شێوەیەکی گشتی، زۆربەی ئەوانەی لە تیۆری ئەدەبی و شێواز و ڕەخنەی نوێ کاریان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی پابەندن بە تیۆری دەقەوە، دوای سەرهەڵدانی فۆرمالیست و لێکۆڵینەوەی زمانەوانە نوێیەکان، بە ئاڕاستەی سایکرۆنیکی زمان بۆ چەمکی دەق دەچن و لەسەر هەمان بنەمای زمانیش مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن. دەق وەک کەرەستە و یەکەیەکی گەورەی زمانی دەهێننە بەرباس و لە ناو بازنەی زمان و پڕۆسەی زمانەوانیدا دەق دەخەنەڕوو، بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک یان بەرهەمێکی ئەدەبی، زمان بالادەستی خۆی بۆ ئەم پڕۆسەیە لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیە ناسنامە و بوونی دەق بە زمانەوە پەیوەستە، (ڕۆلان بارت) بە ڕادەیەک جەخت لە زمان دەکاتەوە نەک هەر بۆ دەق، بەڵکو تەنانەت زمان دەکات بە بوون و ناسنامەی مرۆڤیش، دەڵێت: ((مرۆڤ بە بەبێ

زمـان هـیچ بـوونێکی نیـیه)) (بەرزنجـی، ۲۰۰۹، ل۲۳). نووسـەر لە ڕێگەی بەکـاربردنی زمـانەوە، تێگەیشـتن و بینـین و بـاری سـایکۆلۆژی خـۆی لە فۆرمێکـدا بەرجەسـتە دەکـات، ئەم بەرجەسـتەبوونەش لە دەقـدا خـۆی دەبینێتەوە، (شـلایر مـاخر) پێیوایـە، کـە ((دەق ناوەنـدێکی زمـانییە، فکـری نووسـەر دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، زمانیش ئەو چوارچێوە و زەمینەیە، کە نووسـەر کـاری تێـدادەکات بـۆ ئەوەی بیـر و هـزر و بۆچوونەکـانی بگـوازێتەوە)) (ابوزیـد، ۱۹۹۹، ص۲۱). بەلای شـلایر مـاخر پڕۆسـەی گواسـتنە و بەرجەسـتەکردن و وێنـاکردنی بیـر و هـزری نوسـەر بەهـۆی زمانەوەیە بەو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، کەوا زمان هەیەتی.

سروشتی دەق و پێوەرەکانی دەقێتی

تێـڕوانینە جیاوازەکـانی سـەر دەق و پێناسـەکردنی دەق لە گۆشـەی جیاجیـاوە، هەروەهـا خسـتنەڕووی چەمکـی دەق لەسـەر بنەمـای بنیـاتی زمـان، مەدلوول بۆ مەبەستی هـزری و کۆمەڵایەتی و پەیوەستی دەق بە سـیاق و فـۆرم، لە لایەک و باسـکردنی دەق لە چوارچێـوەی ئاسـتەکانی زمـان و واتـا و دەقئـاوێزان و خـوێنەر و جەمسـەری تـر لە لایەکـی تـر. بـابەتێکی تـر دێنێتە پێشـەوە ئەویـش بـابەتی دەق و نـادەقە یـاخود بڵێـین بابەتی دەقێتییە (Textuality). ئەم بنەمایانە کە هەر یەکە بە شـێوەیەک لە شێوەکان لە پێناسـەکردنی سروشـتی دەق و چییەتی دەق جەختی لەسـەر کـراوەتەوە، بـوون بە پێـوەر و بەرگـی دەقبـوون، مەرج و پێوەرەکـانیش کاریگەرییان لەسەر ناسنامە و بەهای دەق و سنووردانان لە نێوان دەق و نادەقدا هەیە، نادەق بە واتای خاڵی بوون لە بنەمـادا و نـاتەواوی لە بنیـاتی زمـان و بنیـاتە هـونەری و جەمسـەرەکانی پەیوەسـت بەدەقەوە. دیسـانیش پێوەر و ڕەگەزەکانی دەقبوون جۆراوجۆرن و جیاوازی لە نێوان زانایانی بـواری دەقناسـیدا دێتە گـۆڕێ، ڕخنەگـران پێکهـاتەی دەقبـوون بـۆ چەنـد بنەمایەک دەگێڕننەوە بەپێی بوار و تێڕانینیان لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا،

بۆ نموونە بەپێی بۆچوونی لۆتمان (L. Lotman) دەقبوون پشت بە چەند پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەبەستێت لەوانە:

١. **گوزارشتی دەق:** دەق تەمسیلی کۆمەڵێک پەیوەندیی دیاریکراو دەکات، کە جیاوازە لە بنیاتە دەرەکییەکانی دەق، ئەگەر دەقەکە دەقێکی ئەدەبی بێت، ئەوا گوزارشت کردنەکەی بەهۆی هێما زمانییەکان تەواو دەبێت، گوزارشتی دەق و ناگوازرشتی دەق ناچارمان دەکات، کەوا گوزارشتی دەق بە بەرجەستەیەکی مادی دابنێین.

٢. **دیاریکردن:** دەق پێکدێت لە دەلالەتێک، کە ناکرێت بەش بەش بکرێت، وەک ئەگەر چیرۆک بێت یان بەڵگەنامە و قەسیدەیەک بێت، دەقەکە کۆی مەبەستەکە دەگوازێتەوە، خوێنەر هەر یەکە لەو دەقانە بە سیمای تایبەتی خۆی دەناسێتەوە، لەبەرئەوە سیمای هەر یەکێک بۆ دەقێکی تر گوازرایەوە، ئەوا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پەیادابوونی مانای نوێ.

٣. **تایبەتمەندیی بنیاتی دەق:** دەق تەنیا بریتی نییە لە بەدوای یەکداهاتنێک لەنێوان هێماکانی دوو ئاستی لێکجیادا، ڕێکخستنی ناوەکی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی ئاسۆیی، بوونی بنیات مەرجێکە بۆ تەواوکردنی دەق. (بحیری، ١٩٩٧، ص١١٦ -١١٧)

لۆتمان جەخت لەسەر چەند بنەمایەک لەسەر دەقێتی دەکاتەوە، کە پێکهاتەی دەقیان پێکهێناوە، گوزارشتکردنی دەق، کە لەپەیوەندییەکان و بنیاتە دەرەکییەکانی دەق و هێما زمانییەکانەوە دروستدەبێت و ئەمەش دەبێتە ڕەهەندێکی بەرجەستە بۆ دەقێتی، فۆرمی دەق یەکێکی تر لە بنەماکان ئەم فۆرمە ئەگەر ژانرێکی ئەدەبی بێت گوزارشت لە دەلالەتێک دەکات و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، گواستنەوەی خاسییەتەکان دەلالەتی نوێ بەرهەمدێنێت، بوونی بنایەتە جیاجیاکانی زمان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ناوەکی و ئەو بنیاتەی ڕێکخستن بۆ ئەم ئاستانە دەکات،

پێکهاتەیەکی تری دەقبوونە، هەروەها ڤاندایکیش (**Van Dyck**) بۆ بابەتی دەق جەخت لە بنەمای بنیاتی دەق دەکاتەوە ڤاندایک جیاوازی دوو جۆرە بنیاتی جیا دەخاتەڕوو ئەوانیش: ("بنیاتی ڕووکەشی دەق و بنیاتی قوواڵی دەقن"، ئەم دوو جۆرە بنیاتە گرنگترین تەوەرەن لە بوون و پێکهاتەی دەقدا، بنیاتی ڕووکەش لەسەر ئاستی بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان دەوەستێت، هەرچی بنیاتی قوواڵی دەقە پەیوەستە بە بنیاتی دەق لە ڕووی بابەتی زمان و داڕشتنەوەی زمان و شێواز و هێڵە سەرەکییەکانی دەق، لەگەڵ توانای کورتکردنەوەی دەق لە ناونیشاندا) (زنیاک، ٢٠٠٣، ص٥٦). لێرەدا دەبنین ڤاندایک دەقیەتی لە دوو جۆرە بنیاتدا کورتکردووەتەوە، بەهۆیەوە هەم چەمکی دەق دەخاتەڕوو هەمیش هێڵێک لە نێوان دەق و نادەق دەکێشێت، ئەو خاسیەتانەی، کە لە دەقێتی دەقێکدا بوونیان هەیە، بەسەر بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی قوواڵی دەقدا دابەشیان دەکات، چەندیەتی و چۆنیەتی پێکهێنەکانی ئەم بنیاتانە دەقێتی دەخنەوە. گرنگی پشتبەستنی دەقێتی دەق بە بنیاتە جۆربەجۆرەکان لای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەروەک دەبینین، ئەمە لای ئیریک ئەنکفیست (**N. Enkvist**) بەدی دەکرێت، کە لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی (بنیاتی دەقی سەلیم) ئاماژە بە دەقێتی دەق دەکات. دەق لە سێ جۆرە ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە:

١. دەق پشت بە بنیاتی ڕێزمانی تەواو دەبەستێت، ڕستەی ناتەواو دەقی ناتەواو بەرهەمدێنێت.

٢. دەق پیشت دەبەستێت بە شێوەی بەیەکەوە بەستانی ڕستەکان و پەیوەندی نێوانیان.

٣. دەق پشت بە دەوروبەر (سیاق) دەبەستێت. (انکفیست ، ٢٠٠١ ، ص١١٣)

ئەنکفیست دەقێتی دەبەستێتەوە بە هەردوو بنیاتی ئاستۆیی سینتاکسی دەق و بنیاتی ستوونی و پەیوەندیی لۆژیکی یەکەکانی پێکهاتەی دەق، لەگەڵ تەوەرەی دەوروبەر، واتە ژینگەی بەرهەمهێنانی پرۆسەی دەق بەهەموو شێوە و بارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەمسەرەکانی بەرهەمهێنەری دەق و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەوروبەری دەقەوە. ڕۆلان بارت جەخت لەسەر پێوەری چێژی دەق دەکاتەوە، (لای بارت دەق لەشە زۆرتریش لە لەشی ژنێکی جوان دەکات، ئەو خۆشییەی دەماندات هاوشێوەی خۆشی لەشێکی ژنانەیە...، سەرخۆشی "موتعە"ی دەقیش تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کاتێک بنیادەکانی زمان هەروەها تێکڕای بنیادە ئایدۆلۆژییەکان تێکبشکێنرێن، چونکە لای بارت سەرخۆشی شتێکی ناکۆمەڵایەتییە، کەواتە تەنیا پێوەری دەق سەرخۆشییەکەمان دەداتێ) (سەراج، ۲۰۱۳، ل١٤٩). ڕۆلان بارت لە کتێبی "چێژی دەق"دا ئاماژە بە بنەمای چێژ و موتعەی دەق دەکات، کاتێک دەستی بەسەر بنیاتەکانیدا دەقدا داگرت، ئەوا پێوەری چێژی دەق دروستدەبێت. یەکێکی تر لەوزانایانەی، لە بواری چەمکی دەق و دەقناسیدا لێکۆڵینەوەی وردی خستۆتەڕوو، دیبوگراندە (Robert De Bojerand)، کە بەشێوەیەکی فراوان لە چەمکی دەقێتی دەڕوانێت، لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیەکی گشتی بە پێوەرەکانی دەقبوون کردووە، کە وەک مەرجێک بۆ دەقێتی دەق دەردەکەوێت لای دیبوگراند، کە بریتین لەم پێوەرانەی خوارەوە:

("بەیەکەوەنوسان Cohesion"، "گونجان Coherence"، "مەبەستییەتی Lintentionality"، "پەسەندی Acceptability"، "هەڵوێست Situationality"، "دەقئاوێزان Intertextuality"، "ڕاگەیاندن Informativity"). (بوقراند، ۱۹۹۸، ص ۱۰۳ ـ۱۵)

ئەم پێوەرانەی، کەوا دیبوگراندە بۆ دەقێتی دەق خستووتییەڕوو، پێوەری گشتی و هەمەلایەنن، ناسنامەی دەقێتی پێکدەهێنن و سنوور لە

نێوان دەق و نادەق دەکێشن، ئەم پێوەرانەی ناوبراو هەموو جەمسەر و خاسیەتێکی پەیوەست بەدەق لە خۆی دەگرێت، ڕەهەندی دەرەکی دەق و پڕۆسەی بەرهەمهێنانی دەق و ئاست و بنیاتە پێکهێنەکانی دەق و هەروەها کاریگەریی دەق بەسەر دەوروبەرەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیر ئەم پێوانە بکەین دەبینین، کەوا ئەم حەوت پێوەرانەی دەقێتی بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبن، بەم شێوەیە:

١. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە خودی دەقەوە، وەک پێوەری (بەیەکەوەنوسان و گونجان).

٢. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە بەکارهێنەری دەق، وەک پێوەرەکانی (مەبەست و پەسەندی).

٣. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە ژینگەی مادی و ڕۆشنبیری بازنەی دەق، وەک پێوەرەکانی (ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان) (مصلوح، ١٩٩١، ص١٥٤).

ئاستی یەکەم: کە پێوەرەکانی بەیەکەوەنوسان و گونجان لەخۆی دەگرێت، پەیوەندیی ئاسۆیی دەگرێتەوە، کە خۆی لە پابەندبوونی دەق دەبینێتەوە بە یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانی و وشەسازییەکان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو و گرێ و ڕستەی ڕێزمانی، هەروەها لەگەڵ پەیوەستبوونی دەق بە بنەما واتاییەکانی وەک ناسنامە و بابەتی دەق و بنەمای خستنەڕووی زانیاری و کۆتایی پێهێنانی بابەت و بنەما لۆژیکییەکانی تر.

ئاستی دووەم: پێوەری مەبەست و پەسەندی دەگرێتەوە، کە لە بازنەی ناوەکی دەق دووردەکەوێتەوە، خۆی بە ئامانجی بەرهەمهێنەری دەق و نیازی دەق دەبەستێتەوە، هەروەکو (میخاییل باختن) دەڵێت: ((دەق لە ڕێگەی دوو هۆکاری گرنگ دەبێت بە دەق ئەویش مەبەست و

بەجێهێنانی مەبستەکەیە، ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن، ئەم کارلێکەش لەسەر پڕۆسەی دەقێتی ڕەنگدانەوەی دەبێت)) (باختن، ١٩٨٥، ص٤٠). ئەمە سەبارەت بە پێوەری مەبەستداری، هەرچی پێوەری پەسەندێتییە پەیوەستە بە وەرگرەوە، واتە هەڵوێستی وەرگر جا خوێنەر بێت یان گوێگر لە کاتی خوێندنەوەی دەق و هۆیەکانی کارلێکی خوێنەر و ڕێژەی کاریگەربوون و ئاوێتەبوونی وەرگر لە دەقەکەدا، وەرگرتنی دەق لای وەرگر و وەڵامی هزری و دەروونی وەرگر بۆ دەقەکە، تا ڕادەیەک تەواومەندێتی دەقمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئاستی پۆلینی سێیەم: پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان" دەگرێتەوە، کە هەر یەکە لەوانەش لە چەندین ڕەهەندی پەیوەست بە سروشتی دەق پێکدێن، بۆ نموونە ڕێژەی ئەو زانیارییانەی دەقێکی دیاریکراو بە خوێنەری دەدات، چۆنیەتی بەرجەستەبوونی زانیاری لە دەقدا، پێوەری هەڵوێستیش لەسەر بنەمای گونجاوی دەق لەگەڵ بارودۆخ و پێویستییەکانی خوێنەر و سەردەمی خوێنەر دەوەستێت، لەگەڵ ئەرکی دەق و پەیوەندیی دەق بە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ بابەتی وەرگرتن و توانەوەی دەقەکانی پێشتر لە دەقێکی تردا، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە. لەسەر هەمان پێوەری دیبۆگراند بۆ دەقێتی، (تمام حسان) ئەم پێوەرانە بۆ پێنج پێوەر کورتدەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "مەبەست و دەقئاوێزان و هەڵوێست و ڕاگەیاندن و پەسەندی"، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی گشتی دەقەوە هەیە نەک ڕێزمانی ڕستەکانی دەق، ئەو پێوەرانەش هەندێکیان بۆ لایەنی شێواز دەگەڕێتەوە، وەکو پێوەری (دەقئاوێزان)، هەندێک پێوەریش بۆ لایەنی ڕەوانبێژی وەک پێوەرەکانی (هەڵوێست و ڕاگەیاندن) هەندێکیشیان پەیوەستە بە بەرهەمی دەق و وەرگری دەق وەک پێوەری (مەبەست و پەسەندی) (عفیفی، ٢٠٠١، ص٧٧). جگە لەمانە چەندین مەرج و پێوەری تر بۆ چەمکی دەقێتی لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبی

خـراوەنەتەڕوو، ئەوانەی ئاماژەیـان پێکـراوە پێـوەرو چەنـد خاسـیەتێکی گشـتین بـۆ فـۆرمی گشـتی و بـوونە سـەربەخۆییەکەی (دەقێتـی)، چـونکە ناکرێت چەند پێوەرێک بەسەر هەموو جۆرە دەقێکدا فەرزبکرێت، هەموو جۆرە دەقێک بـۆ ئەوەی بەهـای دەقێتـی خـۆی بسـەلمێنێت نـاکەوێتە ژێـر باری چەند ڕەگەز و مەرجێکی دیاری کراوەوە.

سروشت و تایبەتمەندێتیی دەقی ئەدەبی

بە شـێوەیەکی گشـتی دەق لەسـەر بنەمـای زانسـتە ئەبسـتراکت و زانسـتە مرۆڤایەتییەکـان دابەشـدەبێت بـۆ "دەقی زانسـتی و دەقی ئەدەبـی" هەر دەقێکـیش لەوانە پێـوەر و جیاکـاری خـۆی هەیە و ئەرکێـک بەڕێوەدەبات، دەقی زانستی بابەتە زانستییە ڕووتەکان و ڕاستیی نەگۆڕ و بـاس و هاوکێشـە زانسـتییەکان لەخۆدەگرێـت، کە لە نوسـین و خستنەڕوودا شـێوازی تـایبەت بەخۆیان هەیە، شـێوازی دەقی زانستی (لە زانستە ڕووتەکان بەکاردێت بۆ بابەتەکانی "کیمیا و فیزیا و ئەندازیاری و زانستی پزیشکی"، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردن و گەیاندنی زانیارییە، داڕشتنی ناوەرۆکەکەی پشت بە وشە و بەستەواژەی ڕووت و ئاشکرا و دوور لە سـۆز و هونەرەکـانی ڕەوانبێژی و لایەنـی هـونەری دەبەسـتێت) (بیرقـدار، ۲۰۰۹، ئینتەرنێـت). لە بەرانبەریشـدا دەقـی ئەدەبـی بە ئاڕاستەیەکی تر ڕێ دەکات، شێوازی جیاواز و پێوەر و پەیام و ئەرکێکی تر جێبەجێدەکات.

سـەبارەت بە دەقی ئەدەبی یـاخود بڵێین چەمکی دەقێتی لە بـازنەی ئەدەبدا، کە مەبەست و ئامانجی سەرەکیی ئێمەیە، ئەوا دەتونین بڵێین، کە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی تێڕوانینی ئەدەبیانە بۆ چەمکی دەق و دەقێتـی دەخەنەڕوو. دەقـی ئەدەبـی بە کۆمەڵێک مەرج و پێـوەری تـایبەت مەحکوم دەکەن، بە واتـایەکی تر دەقی ئەدەبی و دەقێتی لە چوارچێوەی ئەدەبـدا، سـەرەڕای پێـوەر و خاسـیەتە گشـتییەکانی دەقێتـی و دەقبـوون،

کۆمەڵێک ڕەهەندی تریش لەخۆدەگرێت، تەنیا ڕەهەندی ناوەکی و بنیاتی زمان بەشدار نییە لە ناسنامەی دەقێتی بەرهەمێکی ئەدەبی، بەڵکو پەیام و ئەرک و بابەتی تر و بنیاتی تر دێنە ناو بازنەکەوە.

دەقی ئەدەبی بەرپرسیارییەتی تری لەسەرشانە، کە خۆی لە بەرپرسیارییەتی مەعریفی و ئیستاتیکی و پەیامداری و ئەرکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەرکە جۆربەجۆرەکانی تر دەبینێتەوە. ((دەقی ئەدەبی دەریایەکی مەعریفییە وابەستەیە بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێک لایەنی هونەری و ئیستاتیکی، بنەماکانی دەق و پڕۆسەی داهێنان و ئەرک و پەیام و گرنگی کاریگەری هەموو دەقێکیش بە تایبەتی لە ڕووی چێژ و خۆشی بەخشینەوە بەستراوەتەوە بەهەر دوو لایەنی توانا و ئەزموون و سەلیقە و ئایدیای نوسەر و ئاستی فکری و تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر)) (فەتاح، ٢٠١٥، ل٥٩). دەقی ئەدەبی فۆرمێکی بەرجەستەکراوە، کە ڕوخسار و ناوەرۆکێکی پتەوەی هەیە و نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر دەکات، تۆخمی ڕابردوو و ئیستا و داهاتووی لەخۆگرتووە. دەقی ئەدەبی لە کرۆک و هەناوی خۆیدا بارە کۆمەڵایەتی و دروونییەکانی نوسەر بەیان دەکات، بە واتایەکی تر ((دەقی ئەدەبی داتاشینی جەستەیەکە تەنها بەهرەمەندانی دەق و خالقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێک داڕێژین ئاگری گەش و باوەشێک بای ئەفسانە و چەندین کەرەستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفە و خۆشەویستی پێنەبێت، لە داڕشتەیەکی فۆکۆیانە دەق دەبێتە کۆڵەگەی دامەزراوەیەکی پڕ لە نهێنی، کە هەر هەموویان خۆیان لە جەستەیەکدا دەدۆزنەوە، کە بەهرەمەندی دەق مەبەستییەتی)) (دەشتی، ٢٠١٣، ل٤٣٤). بەم جۆرە دەقی ئەدەبی جەستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە دیوی دەرەوەیدا ڕووخسار و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە و لە دیوی ژوورەوەی ئەم جەستەیەشدا ناوەرۆک و مەبەست و ئەرک و پەیام ئامادەیە، جگە لەمە دەقی ئەدەبی ڕەهەندی

زانیـاری و مەعریفیشـی هەیە، واتـا جەسـتەکە هەر تەنیـا لە ڕەهەنـدە دەروونـی و سـایکۆلۆژییەکان پێکنـایەت، بەڵکـو پڕۆژەیەکـی مەعـریفش لە مێشکی ئەم جەستەیەدا بوونی هەیە. ((دەقی ئەدەبی بـریتییە لە کۆمەڵێک مەعریفەی مرۆیی، کە زانیاری ئەدەبی و مەعریفەی مێژوویی و دەروونی و کـۆمەڵایەتی و ڕامیـاری لەخۆدەگرێـت، نەک هەر ئەم زانیاریـیانە بەڵکـو زانیـاری ئـابووری و زانسـتەکانی تـریش لەخۆدەگرێـت)) (ابریـر، ۱۹۹۵، ص۱۲). واتە دەقـی ئەدەبـی بـوونی مەعریفەیەکـی گەورەی لە هەمـوو ڕوویەکەوە تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ((دەقی ئەدەبی وەک حـاڵەتی کەرنەڤاڵێـک وایە، کە ڕۆشـنبیرییەکانی تێـدا کـۆدەبێتەوە و تێکەڵیـان دەبێـت)) (ئەمـین، ۲۰۱۳، ل۳۹)، دەق لەنـاو بـازنەی ئەدەب و هـونەردا، بەپێـی تیـۆرە ئەدەبـی و ئاراسـتە ڕەخنەییەکـان، فـرە بنیـاتە و بەهـۆیەوە چـاوەڕوانی ئامـانجی گەورەی لێدەکرێت لە ڕووی مێژوویـی و کـۆمەڵایەتی و ئـاینی و سیاسـی. دەق لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فـراوان هەڵدەسـتێت، لەبەر سروشـتی پەیوەنـدیی ئەدەب بە ژیـان و مـرۆڤەوە، ((بـابەتی دەقی ئەدەبی هەمـوو دنیایە، دنیـاش گەلێک بەرینە و هەموو مرۆڤ و ژینگە و دەوروبەری مرۆڤ دەگرێتەوە، دەرەوەی مرۆڤ و نـاوەوەی مـرۆڤ دەگـرێتەوە، ئەدەب مـرۆڤ و پەیوەنـدییەکانی مـرۆڤ لەگەڵ دنیادا دەکات بە بابەت و ناوەرۆکی خۆی)) (عـارف، ۲۰۰۹، ل۱۰۹). بەم شـێوەیە لەژێـر ڕۆشـنیای جـۆریەتی دەقـی ئەدەبیـدا، خاسـیەت و پێوەرەکانی دەقیش ئاراستەیەکی تـایبەت بە سروشتی ئەدەبی و هـونەری وەردەگرن، بۆ چەمکی دەقێتی لەو بازنەیەدا جەخت لە پێوەرە تایبەتەکـانی دەق دەکرێتەوە، دیسان دەقـی ئەدەبیش بـازنەیەکی فراوانە و ڕووبەرێکی زۆر گەورە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە هەموو ژانرە ئەدبییەکان دەگرێتەوە، دەقـی ئەدەبـی بە هەردوو جـۆری نوسـراو و نەنوسـراوەوە، لە جـۆری ئەدەبی نوسراویشدا بە هەردوو لقی دەقی شـیعر و دەقی پەخشـانەوە، لە چەنـدین ژانـری جۆراوجـۆر پێکـدێن، کە هەر یەکەیـان پێـوەری گشـتی لە بازنەی دەق و پێوەری تایبەت لە بازنەی دەقی ئەدەبی و پێـوەری تـایبەتی

تریش له بازنەی ژانرییەتی خۆی وەردەگرێت و بەمەش ناسنامەی دەقێتی و جۆری ژانرێتی خۆی دەسەلمێنێت.

شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە تایبەتییەکانی دەقێتی

تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی بۆ جۆرێکی دیاریکراوی دەق، وەکو دەقی شیعری تێڕوانینێکی دیاریکراو و تایبەتە، لە سنووری تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و خاسیەتەکانی دەقی شیعری دەوەستێت، تێبینیە تیۆری و پێوەرە تایبەتییەکانی لەو چوارچێوە دیاریکراوەدا پێشکەشدەکات. تیۆری ئەدەبی لێرەدا بە دوو ئاراستە تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، تێڕوانینی یەکەم لەسەر خودی دەقی شیعرییە، واتە جۆر و فۆرمێکی دیارکراوی ناو ئەدەب، بەوەی کە دەقی شیعری بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حاڵەتێکدا مەرج و پێوەری شیعرییانەی خۆی هەیە، ئەم مەرج و پێوەرانەش ناسنامەی شیعربوون بە دەقێک دەبەخشن. بۆ نموونە دەقی شیعری بە خاسیەتە گشتییەکانی، لە دەقێکی تری وەک پەخشان جیادەکرێتەوە، کە خۆی لە هونەرە شیعرییەکانی وەک (زمانی شیعری یان شیعرییەت، قالب، کێش و سەروا، وێنەی شیعری، لادان، ئیستاتیکا، هونەرەکانی تری بنیادی شیعری... تاد) دەبینێتەوە. تێڕوانینی دووەمیش تایبەتە بە خاسیەت و پێوەرەکانی تایبەت بە شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو، کە بەپێی شوێن و سەردەم و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر داهاتووە، لێرەدا جۆرێتی و چۆنیەتی و چەندیەتی دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە دەخاتەڕوو، هەروەها قوتابخانەی کرمانجی خواروو چ جۆرە جیاکاری و تایبەتمەندی و خاسیەتێکی بە دەقی شیعری بەخشیوە؟ چ ناسنامەیەک بۆ دەق پێشکەش دەکات؟

سەبارەت بە دەقی شیعری، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە پێناسە و ناسنامە و پێوەر و خاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە، دەقی شیعری هەموو

ئەم پێوەر و مەرج و خاسیەتانە بەسەر بەرهەمێکدا فەرزدەکات، بۆ ئەوەی وەکو دەقێکی شیعری قبوولّی بکات و بیخاتە ناو بازنەی شیعریبوونەوە. جا ئەو پێوەر و خاسیەتانە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە ناوەرۆک و ڕوخساری شیعری. هەریەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی، بەرهەمە ئەدەبییەکان بە میزانی ئەم دوو ڕەهەندە قەپان دەکەن و مۆری شیعریبوونی لێ دەدەن. ئەم دوو ڕەهەندەش سیفەتی جێگریان نیە و بەپێی سەردەم و ژینگە و بارودۆخەکان تازەبوونەوە و گۆڕانیان بەسەردا دێت. دیارە ناوەرۆک و ڕوخساری دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بە درێژایی مێژووی ئەم قوتابخانەیە، گۆڕانی جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانانەش بۆ سەردەم و شوێن و باردۆخی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیی کەسایەتی شاعیر دەگەڕێنەوە. هەروەها هۆکارە دەرەکییەکانی وەک ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێیەکانیش کاریان لەم گۆڕانکاریانەدا کردووە، واتە پەیوەستە بە بارودۆخی ژینگەیی کەسەکان و ناوچەکە و دەوروبەری لە هەموو ڕوویکەوە، هەروەکو عەزیز گەردی دەڵێت: ((گۆڕانی ژیان بەرهەمی نوێ دەخولقێنێ، هەر بەرهەمی نوێشە ڕوخسار بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە)) (گەردی، ١٩٧٤، ل١٠٦). ڕوخسار و ناوەرۆک پەیوەندییەکی دانەبڕاویان بەسەر یەکتریەوە هەیە، ناوەرۆک و جۆری بابەت پێویستی بە فۆرمێکی دیاریکراوە بۆ خۆبەیانکردن، بەمەش ڕوخساری دەق بەستراتەوە بە هەڵومەرج و ناوەرۆکی دەقەوە، لەبەر ئەوە ((جگە لە ناوەرۆک خۆیەوە هیچ لایەنێکی تر ماف و دەستەڵاتی ئەوەی نییە، کە داوای جۆرە شێوە و ڕوخساڕێکی تایبەتی بکات)) (گەردی، ١٩٧٤, ل١٠٦). گۆڕانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی و هۆکارە جیاجیاکان دەبێتە هۆی گۆڕانی بابەتەکانی ڕۆژ و ناوەرۆکی نوێ بۆ دەقی شیعری پێشکەش دەکەن، بەمەش گۆڕانی ڕوخساری دەقی شیعری دێتەکایەوە. لە سەرەتای ئەم قوتابخانەیەدا، کە زیاتر بە قۆناغی کلاسیکی کوردی دەناسێنرێت، لە مێژووی ئەدەبی

کوردیدا ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت. ئەم ڕوخسار و ناوەرۆکەش، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێدەکات تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نوێبوونەی شیعری کوردی لە لایەن (پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح، گۆران... تاد)، کە بە شیعری نوێی کوردی ناودەبرێت، دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەقی شیعرییان هەیە، لە بوونی "کێش و سەروا، جوانکاریی هونەری ، ئیستاتیکا، چێژ... تاد"، بە شێوەیەکی گشتی بنیاتی هونەری و پەیامداری. بەڵام لە جۆری کێش و سەروا و فۆرم و زمانی شیعری و ێنەی شیعری و مەبەست و پەیامداریدا بەپێی قۆناغەکان جیاوازییان هەیە. بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی و شیعری نوێی کوردی دروستکردووە لە شیعری کرمانجی خواروودا. بۆ نموونە ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی جیاکاری خۆی هەیە، لێرەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە پەیام و مەبەستێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت، کە خۆی لە بابەتێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئاینی یان سیاسی دەبینێتەوە، زیاتریش ناوەرۆکی دەق لەم قۆناغەدا لە بابەتێکی دەروونی وەک خۆشەویستی چڕبووەتەوە، ((کاری شیعری ئەم سەردەمە دەربڕینی هەستی دڵداریيە، بیری فەلسەفی قووڵ و خەیاڵی ناسک ئاوازی ڕەوان شیعرەکە جوان دەکەن... کەواتە بابەتی دڵداری و ئەویندار بابەتی سەرەکی بوو)) (سەعید، ۲۰۱۷، ل۲۸). واتە لەم قۆناغەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیانکردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونی خۆیەتی کە بەهۆی خۆشەویستیی یارەوە دووچاری بووە، بە شێوەیەک (شاعیران وا خۆیان نیشاندەدەن لە یارەکەیان دوورن و هەرگیز دەستیان ناگاتە گەردنیان. ئەم جۆرە شیعرە گەلێ زۆرترن لەو جۆرە شیعرانەی گەشبینی دەپژێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییە بەرچاودەکەوێت، کە بە شێوەیەکی جوان باس لە ناڕێکی کۆمەڵ دەکەن و بیر لە نیشتیمان دەکەنەوە و ڕق

بەرامبەر دوژمن نیشاندەدەن) (خەزنەدار٢٠١٠، ل٥٨). بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە ناوەرۆکی دەقی شیعری کلاسیک بابەتەکانی تری لە خۆی بارنەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆربەی بابەتەکانی تری وەک (شانازی، ئایینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دلێری و قارەمانێتی، خۆشەویستیی نیشتیمان... تاد) تێدا دەبینرێت، بەڵام خستنەڕووی هەموو ئەم بابەتانە لە شێوەیەکی تایبەت و لە بەرگێکی زۆر مەجازی و نزیک لە ئەفسانەدایە. بە واتایەکی تر (بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی یار و میر و پیر بوو) (گۆران، ١٩٦١، ل٥). هەموو باس و ناوەرۆکەکان بە دەووری ئەم سێ تەوەرەیدا دەخولانەوە، هەروەکو گۆران دەڵێت لە دەربڕینێکی میسالیدا خۆی بەرجەستە دەکرد. لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەم خاسیەتانە لە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە بەدیدەکرێن.

ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی ڕوخساری نەتەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دراوسێدا دەوەستێت، بە شێوەیەکی تر (شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە زۆر چاک لە شیعری کلاسیکی ئیسلامی "عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی" گەیشتوون، وا بوو هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند) (خەزنەدار٢٠١٠، ل٥٤). واتە خاسیەت و پێوەرەکانی ڕوخساری شیعری ئەم قوتابخانەیە لە دەقی شیعری دەرەکیەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا لەم قوتابخانەیەدا بوون بە بنەما و پێوەر بۆ نوسینی بەرهەمی شیعریی تر، کە ئەمەش لەسەر دەستی شاعیرەکانەوە بووە. واتە (شاعیرە گەورەکانی وەک نالی و سالم و کوردی... بە توانا و سەلیقەیەکی گەورەوە ڕەنگ و بۆوبەرامێکی تایبەتیان بە بەرهەمە کلاسیکییەکانیان داوە، بلیمەتانە مامەڵەیان لەگەڵ وشە و زمان و وێنە شیعرییەکان کردووە) (حەمەکریم، ١٩٨٦، ل١٠). شاعیرەکانی سەر بەم

قوتابخانەیە بنیاتی دەقیان لەسەر مەرج و پێوەرەکانی شیعری کلاسیکی ئیسلامیی ڕۆژهەلات دامەزراندووە، ئەمەش بێگومان لە بەرگێکی کوردیدا، واتە دوای هاتن و وەرگرتنی تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی ڕوخساری دەق، شاعیرەکان بەپێی پێویست تایبەتمەندیی تری پەیوەست بە سروشتی زمان و کلتووری کوردییان خستووەتە سەر, تاڕادەی گونجانی تایبەمەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ سروشتی زمان بۆ نووسینی شیعری کوردی. ئەگەر لە ڕەهەندەکانی ڕوخساری دەقی شیعریی ئەم قوتابخانەیە وردبینەوە، دەبینین تایبەتمەندییەکانی ڕوخساری شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لە ڕووی تۆپۆگرافیا و قاڵبی دەقەوە خۆی لە ("غەزەل، قەسیدە، چوارین، تاک، موستەزاد، ملمع، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند... تاد" دەبینێتەوە، هەروەها لە ڕووی وێنەی شیعری و بەکارهێنانی هونەرە جۆربەجۆرەکانی ڕەوانبێژی و کێشی عەرووزی عەرەبی و یەکێتیی سەروادا پەیڕەوی شیعری ڕۆژهەلاتییان کردووە، لە ڕووی زمانیشەوە شاعیرەکان زمانێکی کوردی تێکەڵ لە وشە و زاراوەی "عەرەبی و فارسی و تورکی"یان بەکاردەهێنا) (حوسێن، ۲۰۰۷، ل۵۹). پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعریدا ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستی پێ کرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە. بەهۆی ڕووداوەکانی جیهان و دروستبوونی شەپۆلی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری تری ناوەخۆیی و دەرەکی، ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا کەوتە ژێر باری گۆڕانکارییە جیاجیاکان، بەمەش ناوەرۆکی دەق لەم قۆناغەدا دەلالەتی کۆنی بەجێهێشت و گوزارشتی لە زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤ کرد. مەبەست و پەیامی نوێ هاتنە ناو دەقی شیعری ئەم سەردەمە.

لە ڕووی ڕوخساری شیعریشەوە, بە شێوەیەکی گشتی بەرەو خۆماڵی بوون هەنگاوی هەڵهانی، ئەم هەنگاوەش کێش و سەروا و قاڵب و زمان و وێنەی شیعریشی گرتەوە. ئەمەش بەهۆی توانا و شارەزایی و دەستپێشخەری چەند شاعیرێکی وەکو " پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆڕان" ڕوویدا، بەجۆرێک (شێوازی شیعریی شیخ نوری شیخ صالح لە سییەکان بەدواوە ڕسکاو دەرکەوتنی بەخۆوە بینی، پاشان گۆران بە یارا و هۆشمەندییە شۆڕشگێڕانەکەیەوە شێوەی کۆنی تێکشکاند و بە بیر و مەعریفەکەیەوە، کە ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی شیعر و بار و ڕەوشی ئەو سەروبەندەی دنیا بوو، سەرلەنوێ دوور لە قاڵبە نەگۆڕەکانی کێشی عەرووز بونیادێکی هاوچەرخانەی بۆ سازاندووە) (نادر، ٢٠١٤، ل١٠٨). بەپێی تیۆرەکەی "کارل مارکس" لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە ژێرخانی کۆمەڵدا، ئەوا سەرخانی کۆمەڵیش گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، کاتێک نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەوا ئەم نوێبوونەوە و گۆڕانە بە سەر ئەدەب و هونەریشدا دێت، بەم هۆیەشەوە دەقی شیعری خاسیەت و تایبەتمەندیی نوێ وەردەگرێت، بنیادی دەقی شیعری گۆڕانی بەسەردا دێت، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەک "بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆرم" بە ڕێژەیی گۆڕا و بەشێوازێکی تر دەق بینادەکەن و بە ڕێژە و و ئاستی جیاواز لە دەقێکدا خۆیان بەرجەستەدەکەن، بەمەش تیۆری ئەدەبی بە تێڕوانینی خۆی بۆ خاسیەتە نوێیەکانی دەق، پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعری ئەو سەردەمە دێنێتە بەرهەم. بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە لە دەقی شیعریی کرمانجی خواروودا، لەم قۆناغەدا بووە هۆی پێشکەشکردنی پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعریی نوێی کوردی.

پێوەرە گشتییەکانی دەقێتی لە شیعری کرمانجی خواروودا

پێوەرە گشتییەکانی دەق، بوون بە بنەما بۆ جیاکردنەوەی دەق و نادەق، ئەم پێوەرانە لە بازنەی گشتیی دەق دەسورێنەوە، دوور لە پێوەرە

تایبەتییەکان لەناو بازنەی ژانرێکی دیاریکراوی ئەدەب. ئەم پێوەرانە، بەر لە پێوەری تایبەتی ناسنامەی دەقبوون بە چالاکییەکی دەربڕاو دەبەخشن، دواتر پێوەری تایبەتیش دێتە پێشەوە بۆ بەخشینی فۆرم و ناسنامەی جۆری دەق و خاسیەتەکانی دەق لە بازنەیەکی دیاریکراودا. دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بەپێی پێوەرە گشتییەکانی دەق، ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، لەناو بازنەی دەقی شیعریشدا جیاکاری و پێوەری تایبەت بە دەقی شیعری خۆی هەیە، تیۆری ئەدەبیش زیاتر جەخت لە پێوەرە گشتییەکانی دەق و چوارچێوە گشتییەکانی دەقی شیعری دەکاتەوە و پێوەرە زۆر ورد و تایبەتییەکانی دەقێکی شیعری بۆ بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەجێدێڵێت. هەموو ئەو پێوەرە گشتییانەی، کە بۆ دەقبوون لە لایەن تیۆریست و زاناکانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە ئەدەبی هەموو نەتەوە و سەردەمێکدا بەدی دەکرێت، بەپێی تایبەتمەندیی ژینگەی دەق لە هەموو ڕووێکەوە، دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا هەڵگری هەمان ئەو پێوەرانەیە، کە ناسنامەی دەقێتی بە دەق دەبەخشن، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، کە دەقی شیعریی کوردی لەم قوتابخانەیەدا بە تەرازووی ئەم ڕەگەز و پێوەرانە کێشانی بۆ دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە "بنیاتی زمان و بنیاتە هونەرییەکان و مەبست و دەلالەتی دەق و گونجان و دەقئاوێزان و چێژی دەق و ڕەگەزەکانی ئەدەب و جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق... تاد".

ئەگەر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروو بڕوانین، بەپێی پێوەری دەربڕین، کە فۆرم و وێنەیەکی مادی بە دەق دەبەخشێت، ئەوا دەقی شیعریی کرمانجی خواروو شێوازی دەربڕین و جۆری خۆبەرجەستەکردنی تایبەت بە خۆی هەیە، بەپێی ئەم پێوەرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانەوە، چوارچێوەیەکی بەرجەستە بۆ دەقی ئەدەبی دروستدەبێت، کە "ڤانداێک" بە بنیاتی ڕووکەش دەیبەستێتەوە و "لۆتمان"یش ئەم بەشە بە دەربڕین یان شێوازی دەربڕین دادەنێت، ئەم

دەربڕینەش بەهۆی هێما زمانییەکان ئەنجام دەدرێت، بەپێی دوالیزمی "زمان" و " ئاخاوتن"ی سوسێر دەقی شیعریش چالاکییەکی دەربڕاوە، بەهەمان شێوەی ئاخاوتن (کۆدی زمانی دەربڕی فکرەکەیە، کردارێکی سایکۆلۆجی یارمەتیدەری تاکە بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی دەرەوە) (محمد، ٢٠٠٨، ل٥٢). دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا لە ڕێگەی کۆدی زمانی و بەکاربردنی وشە و جێناوەکان و کەرەستەکانی تری زمان دەوەستێت و خۆی وێنادەکات، ئەمەش دەبێتە بنیاتی ڕووکەش, کە لە چالاکی بەکارهێنانی وشە و کەرەستەی تر گوزارشت لە دەقێتی خۆی دەکات، بەڵام ئەم چالاکییەش لە مەرج و قاڵبی هونەری و ئیستاتیکی دەدرێت. بێگومان دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا وەک چالاکییەکی هونەرییە، هەڵگری بنیاتێکی ڕێزمانی تایبەت بە زمانی نەتەوەکەی خۆیەتی لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، کە لەژێر کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و لایەنە ئیستاتیکییەکان پڕۆسەی گوزارشتکردنی بابەتێک بنیات دەنێت، کە ئەمەش دەبێتە ڕەگەز و پێوەرێکی تر بۆ مەسەلەی دەق، هەروەک ئیریک ئەنکفیست (ئاماژەی بەم بنیاتە ڕێزمانییە کردووە بۆ دەقبوون لەگەڵ سیستەمی پەیوەندی نێوانیان ڕستەکان، کە خۆی لە ئاست و لقە ئاستەکانی زماندا دەبینێتەوە، هەر لە بوونی دەنگەوە بگرە تا دەگاتەوە ئاستی ڕستە و سیستەمی ڕێزمانی نێوانیان و کەرەستەکانی پەیوەندیکردن) (انکفیست، ٢٠٠١، ص١١٣). هەر چەندە ئەم بنیاتە ڕێزمانییە لە دەقی شیعری بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و دەکەوێتە ژێر حوکمی هەستی ئیستاتیکای شاعیر و دووچاری تێکشکان و لادانە جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە، چونکە بەکاربردنی زمان لای شاعیر دۆخێکی تایبەت بە شیعریەت وەردەگرێت، کەواتە ((ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدا بێ، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ، توانای ڕەسەنایەتی کە توانایەکە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیە، لە پیادەکردنی توانای یاساکانی زمانەکەوە دێ. توانای داهێنان، کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ... بۆ ئەوەی لە

ڕەسەنایەتییەوە بگەینە داهێنان دەبێ زۆر بەوردی هەڵەی ڕێزمانی و واتایی و فۆنۆلۆژی لە "لادان" و بەزاندن"ی یاسا زمانییەکان جیا بکەینەوە. ئەمەش بەوە دەکرێت بزانین "لادان" و "بەزاندن" بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێ واتە گرنگییەکی تێدایە و شاعیر چاک ئاگاداریەتی دەزانێت بۆ وەها دەکات. هەرچی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنوسی و واتایی ئاسایی ئاساییە شاعیر لێی بە ئاگا نییە و بە مەبەست نەیکردووە)) (فتاح،٢٠١٠، ل ٤٠٣ ـ ٤٠٤). واتا لادان و تێکشکاندن و بەزاندنی زمان و مەسەلەکانی تری وەک میتافۆڕ و ئیدیۆم و ئیکۆنۆمی لە زماندا، دەبنە بەشێک لەو بنیاتە قوواڵەی، کە دەقی شیعری هەیەتی و لە زمانەوانیدا دەق لەسەری دەوەستێت و گرنگی پێدەدات. لە چوارچێوە گشتییەکەیدا شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاتە قوواڵەی هەیە، کە ڤاندایک ئاماژەی پێکردووە، کە خۆی لە چەندین تەوەرێ وەک " زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز، خستنەڕووی دەق لە ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکاندا" دەبینێتەوە، ئەم بنیاتە لە شیعری کرمانجی خوارووودا، جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت بەپێی سروشتی زمانی دەربڕین و یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی.دوای بەرجەستەبوونی دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا بەهۆی هێما و دانە زمانییەکان لە پرۆسەی دەربڕیندا و بە جۆرێک، کە خاوەنی بنیاتێکی ڕێزمانییە، پێوەرێکی تری دەق دێتە پێشەوە، کە بریتییە لە بوونی دەلالەت و لێکەوتەی مەبەستێکی دیاریکراو لە پرۆسەی دەربڕین و بەرجەستەبوونی دەقی شیعریدا، کۆی پرۆسەی بەرجەستەکردنە ڕێزمانییەکە بۆ گەیاندنی دەلالەت و گواستنەوەی مەبەستێکە لە شاعیرەوە، واتە فۆرمی دەق کە بەهۆی کۆدەکانی زمانەوە بەرجەستەبووە و بنیاتێکی ڕێزمانی هەیە، هەر بەمە ناوەستێت بەڵکو گوزارشت لە مەبەست و دەلالەتێک دەکات، بەمەش دەق لە ڕێگەی ئەم پێوەر و بنیاتانەوە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، ئەم خاسیەتانەش فۆرمەکانی دەقیان لەیەکترجیاکردەوە و تا بوون بە فۆرم و ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو، لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا

بەشێوەیەکی گشتی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا مەبەست و دەلالەتێک لە پشتی کۆدەکانی زمان باردەکات و بە ڕێگەیەکی ڕێزمانیدا دەیانگوازێتەوە، ئەمەش پێوەری گشتین بۆ بەخشینی ناسنامەی دەقێتی بە پرۆسەی دەربڕین. واتە لە دەقدا، زمان ناسنامەی دەق و دەقبوون دیاری دەکات، نالی وەک دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە ئەم کارە ئاسان دەکات و زمانی کوردی و ئاستێکی بەرزی ئەم زمانە بۆ دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بەکاردێنێت. هەروەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:

طەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە "عمدا" وا دەکا

تادەگاتە.....

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟!

کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟! (نالی، ١٩٧٦ ، ل ١٠٦ -١٠٧)

بەکارهێنانی زاری کرمانجی خواروو لە بەرهەمە شیعرییەکانی نالیدا، بوو بە ناسنامەی دەق لەم قوتابخانەیدا, بۆیە پەیڕەوانێکی زۆری بۆ پەیدابوون، هەروەها باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی تردا کێشا. دواتر بواری بەردەوامبوون و پەرەپێدانی بۆ خەڵکانی دوای خۆی والاکرد، نوسینی دەقی شیعری بە زمانی کوردی، لەسەر دەستی نالی و بە شێوەی دیالێکتی کرمانجی خواروو، بووە هۆکاری بەرپاکردنی بارودۆخێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا و دوورکەوتنەوە لە زمانە بیانییەکانی وەک "عەرەبی و فارسی و تورکی"، ناسنامەی دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی تیۆری ئەدەبییەوە گۆڕی، هاوکێشەی ئەدەب بەمە گۆڕان و بازدانی گەورەی بەسەردا دێت، بەکارهێنانی زمان هەوێنی

هەواڵنامەی گێتیب

سەرهەڵدانی دەق و جۆرە جیاوازەکانی دەق و دەلالەتی نوێیە لەناو دەقدا، لەدایکبوونی دەقیش سوودێکی زۆر بە زمان و کلتووری نەتەوە دەگەینێت، لەگەڵ ئەوەی، کە نالی بەهۆی نوسینی دەق بە زمانی کوردی دووچاری ڕەخنە لێگرتن بۆتەوە، لەو ڕۆژگارەی کە نالی تێیدا ژیاوە نوسینی شیعر بە زمانی خۆی بە لاوازی لە قەڵەم دراوە، هەر بۆیە ئەم دەقەی سەرەوە وەڵام و بەرپەرچدانەوەی شاعیرە بۆ ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەم بابەتە ئاراستەی کراون، دواتر زۆری نەبرد ئەم کارەی شوێنی خۆی گرت و پەیڕەوی لێکرا، شاعیری تر بە هەمان زمان دەقی شیعریی نوێیان پێشکەش کرد، بە جۆرێک ئەم زمانە چووە دۆخی بەرگری لێکردن و شانازی پێوە کردن، بۆ نموونە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

کوردی مەستی دەردی بادەی عیشقە، وێردی نظمی ورد

دەردی هیجرە گەر بە حەرفی کوردی هەر یاری دەکا (کوردی، ٢٠١٠، ل٦١)

مەڵێن "هیجری" لە زێدا کوردییە، بیللا لە حەشریشا

بە کوردی " کوردی" دەعواچی حەقی کوردە و هەر ئەیسێنێ (کوردی، ٢٠١٠، ل٢٥١)

ئەم بەرگریکردنە لە زمانی کوردی و ئاماژەکردن بە نوسینی دەقی شیعری بە زمانی دایک، لە لای مەحویشدا دەبینین، هەروەک دەڵێت:

کوردی زوبانی ئەصڵمە گەر تەرکی کەم بەکول

بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

دوری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ

هەولێر نامەی کتێبی

هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بولوەفا) **(مەحوی، ١٩٨٤، ل١١)**

مەحوی لەم شیعرەدا ئاماژە بە زمانی کوردی دەکات وەک زمانی دایک، کە نوسینی دەقی شیعری بە زمانی فارسی و وازهێنانی لە زمانە ئەسڵەکە، کە زمانی دایکە بەخوویەکی ناشایستە لە قەڵەم ئەدات، بۆیە زمانی کوردی بە هەمان شێوەی بیرکردنەوەی نالی لای مەحویش زمانێکی شایستە و گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، ئەمەش بۆ چەمکی دەق و ناسنامە و پێوەرەکانی دەق گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەو زمانەوەیە، کە دەقە شیعرییەکەی لەسەر بیناکراوە. ئەم ئاماژەکردنە بە زمان و زمانی نەتەوە لای حاجی قادری کۆیی زۆر بەهێز و بە تینتر دەردەکەوێت، هەروەک دەڵێت:

شەبیهی جۆڵە کە پازی نەبێ، بە سەردڕی خۆی

مەڵێن فەصاحەتی کوردی بە فارسی ناگا **(حاجی، ١٩٨٦، ل٣٧)**

مەفهومی دوو حەدیسی صەحیحم لە بەیتەکا

جێ کردەوە نەزەر بکە کوردی و فەصاحەتی **(حاجی، ١٩٨٦، ل٥٧)**

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی

موحەققەق داکی حییزە بابی زانی **(حاجی، ١٩٨٦، ل٥٨)**

هەوالنامەی کێشب

بۆ هەمان مەبەست حەمدی بۆچوونی خۆی لە دێڕێکدا بەیان دەکات و دەڵێت:

گوڵ لە بەرگی سەوزی خویدا ناسک و شیرینترە

بۆیە فیکری نازکی حەمدی بە کوردی بێژرا (حەمدی، ٢٠٠٨، ل٢٣٠)

مەسەلەی زمان و زمانی دایک و بەکارهێنانی لە بواره جیاجیاکانی وەک قسەکردن و نوسینی دەقی شیعری جەختی لەسەر کراوەتەوە، چونکە (حاجی قادر بە لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ ڕوونبووتەوە، کە بناغەی قەڵای کەسایەتی نەتەوە زمانە، و هەموو دەسکەوتەکانی بەرهەمی نەتەوە بە زمان دەپارێزرێن) (علی قادر،٢٠١٢، ل٢٦٥). هەرچەندە زمان لای حاجی پەیوەستە بە سۆزی شاعیر بۆ نەتەوە و لە چوارچێوەی خۆشەویستیی نیشتیمانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام لێکەتەی ئەمە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییە بە زمانی نەتەوە.

ئەم مەرج و پێوەرانەی، کە "دیبوگراند" بۆ دەقییەتی دەق خستیەڕوو، کە بریتین لە: "بەیەکەونوسان، گونجان، مەبەستییەتی، پەسەندی، هەڵوێست، دەقئاوێزان، ڕاگەیاندن " دواتر بوون بە بنەما و پێوەری گشتی بۆ چەمکی دەقێتی لە بازنە گشتییەکەیدا، هەریەکە لەم پێوەرانەش لە چەندین لق و پێوەری بچوکتر و تەوەرەی تر پێکدێن. ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانە دەقی شیعری کرمانجی خواروو بپێوین و بە دوای ئەو مەرج و بنەمایانەدا لە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیەدا بگەڕێن، ئەوا بەهۆی بوونی ئەم مەرج و پێوەرانە ناسنامەی دەقێتیی شیعری کرمانجی خواروومان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "تۆندوتۆڵی و گونجان" کە پەیوەستن بە خودی دەقەوە لە شیعرەکاندا بەرجەستەیە، نەک هەر بەرجەستەیە, بەڵکو ئەم پێوەرانە بنیات و هۆکاری بەرجەستەکردنی ئەم شیعرانەن، بنەمای "تۆندوتۆڵی یان بەیەکەونوسان"

لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا لەم دۆخانەدا دەردەکەون, شێوازی خستنەڕووی دەقە شیعرییەکە لە ڕووی فۆرم و جۆری ناسنامە ئەدەبییەکەی، کە دەقی شیعری خۆی جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراوە, بەو پێیەش ئەم ژانرەش لەم قوتابخانەیەدا لە چەند جۆر و قاڵبی دەربڕینی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، هەر لە جۆرەکانی شیعری لە ڕووی ناوەرۆک و فۆرمەوە بگرە وەک شیعری "لیریکی و داستانی و شانۆیی و فێرکردن" تا جۆرەکانی شیعر بەپێی قاڵبەکانی دەربڕین وەک "غەزەل و قەسیدە و چوارین و مولەمەع و پێنج خشتەکی و موستەزاد... تاد" بە تێبینیکردن لە ڕوخسار و ناوەرۆکی شێوازی دەربڕینی هەر دەقێک لە شیعری کرمانجی خواروودا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دەقە شیعرییەکە خاوەنی جۆر و ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، بوونی ئەم ناسنامەیەش پێوەرە بۆ دەقێتی، هەروەها دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بنەمای خستنەڕووی چارەسەری کێشە و بابەتێکی دیاریکراوی تێدایە، بە جۆرێک شاعیر لە ڕێگەی پرۆسەی شیعرنووسینەوە کۆد و دانەکانی زمان بەکاردێنێت لە پێناو خستنەڕووی واتا و چارەسەری بابەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری، هەروەک قاندایک دەڵێت: (کۆمەڵە ڕستەیەک، گەر لە بابەتێک نەدوێن زەحمەتە پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیدا ببێت و بەم جۆرە نابێتە دەق) (صبيحي، ٢٠١٦، ل٨٠). واتە پەیوەندیی واتایی لە نێوان یەکە دەربڕاوەکانی زمان پتەوی و دەقێتی بە دەربڕین دەبەخشت، دەبێت لە هەر دەقێکدا ئەم بنەمایە خوێنەر بەرەو چەقی بابەتێک بەرێت، ئەگەر سەیری دەقێکی شیعری لە کرمانجی خواروودا بکەین دەبینین، ئەم شیعرە واتایەکی هەڵگرتووە، بۆ نموونە بابەتێکی وەک خۆشەویستی لە ڕێگەی وشە و ڕستەکانەوە نیشانی خوێنەری دەدات و هەستی خوێنەریش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات. هەر لە چوارچێوەی پێوەری پتەوی دەق جەخت لەسەر چۆنیەتی خستنەڕووی دەق لە ڕووی بەش و پێکهاتەوە دەکرێت، کە چۆن مەبەست و واتا پلەبەپلە بەسەر بەشەکانی دەقدا دابەش دەبێت، لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا دابەشبوونی واتا و مەبەستی شاعیر

دەبینین، کە بەسەر لەتە دێڕ و دێڕی شیعرەکانەوە دابەشکراوە، بە جۆرێک، کە لە لەتە دێڕێکەوە دەستپێدەکات بۆ نیوە دێڕ و بۆ دێڕی تەواو تا دوایی دەگاتە بەش و دێڕی کۆتایی، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دێڕی کۆتایی، کە ناسناوی شاعیری تێدایە بە زۆری ڕۆلی کۆتایی پێهاتنی واتا دەبینێت لە کۆی دەقە شیعرەکەدا.

خەڵقی کە هەمو کودەکن و بەستە زوبانن،

با بێن و لە "نالی" ببیەن شیعری سەلیقی (نالی، ١٩٧٦، ل٦٥٧)

لەچنگ غەم صهیده "سالم" وەک کەبووتەر

لەدڵیا میخلەبی شاهینە بێ تۆ (سالم، ٢٠١٥، ل٧٢٨)

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق

"مەحویا" دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا (مەحوی، ١٩٨٤، ل١٩)

هەروەک لەم دێڕانەی سەرەوەدا دەبینین، بەشێوەیەکی گشتی لە دەقی شیعری کلاسیکی کوردیدا، ناسناوی شاعیر بۆ دوا دێڕ هەڵگیراوە، کە ئەمە ڕۆڵی دوایی پێهێنانی دەقەکەی بینیوە، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە خستنەڕووی واتا و مەبەستی شاعیر دەسەلمێنێت لە دێڕ و خاڵێکی دەقەکەدا، کە خاڵی سەرەتای دەقە، بەمەش هەر دەبێت لە دێڕ و خاڵێکی تری دەقیشدا بەکۆتابێت. بەم جۆرە دەقی شیعری کوردی تایبەتمەندیی دەستپێک و کۆتایی دەقی لەخۆگرتووە، لەگەڵ دابەشبوونی مەبەست و واتا بەسەر تۆپۆگرافیای دەقەکەدا، ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە، کە مەبەستمان لە واتای دەق بریتیی نییە لەو تێڕوانینە تایبەتییەی گۆران بۆ شیعری کۆنی کوردی وەک سەربەخۆیی بەیتەکان لە واتادا، کە گۆران

لە وتـارەکەی خۆیـدا بەنـاوی (کـۆنی و تـازەیی لە هەڵبەسـتا) ئامـاژەی پێکردووە، بەڵکو بریتییە لەو گوتارەی شاعیر لە بەش و پێکهاتەی دەقێکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە بەرجەستەی دەکات، مەبەست و بابەتە عەقڵـی و دەروونییەکـانی شـاعیر لە ڕێـگەی وشـەیەک یـان دێڕێـک دەسـتێدەکات و لە شـوێنێکیش هەر دەبـێ کۆتـایی پـێ بێـت, لەگەڵ کوتاییهاتنی دەقەکە گوتارەکەش خۆی بەیان دەکات، گوتار و مەبەستەکە بەسەر هەموو توخم و دانەیەکی زمانی دابەشدەبێت.

پێوەری گونجانیش، کە پەیوەستە بە جەمسـەری دەقەوە لە شـیعری کرمانجی خواروودا لە بنیاتی زمانی و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە زمـان و سیستەمی ڕێزمانی و ئامرازەکانی پەیوەندی دەردەکەوێت، بە شێوەیەکی گشـتی مەبەسـت لە پێـوەری گونجـان و گونجـانی دەقـی شـیعری لەم قوتابخانەیەدا خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمـان و پەیوەنـدی وشـە و ڕستە و بەش و پارچەکـانی دەق بە یەکتـرییەوە، ئەم پەیوەندییەش پتەوی بنیاتی دەقی شیعری دروستکردووە، ئەم گونجـان و پەیوەنـدییەش دروسـتدەبێت لە ڕێـگەی ئامرازەکـانی پەیوەنـدی و ئامرازەکـانی لکانـدنی پارچەکـانی دەق و ئامرازەکـانی گواسـتنەوە و جێگۆڕکێ و کورتکردنەوە و ئابووریکردن و ئامرازەکانی گەیاندنی بەش و پارچەکـانی دەق، ئەم تەوەرانەی پێـوەری گونجـانی دەق سـەرەڕای ئەوەی بنیـاتێکی زمـانی دەگـرێتەوە، پەیوەندیشـیان بە نـاوەرۆک و بابەتەکانی ناو ڕوانبێژییەوە هەیە، چونکە هەموو ئەم تەوەرانە لەناو دەقی شـیعری کرمـانجی خـواروودا ملـکەچ دەبـن بـۆ بەرگـی ئەدەبیـیەت و خسـتنەڕوویەکی ئیسـتاتیکی و بە لای شـیعرییەت و وێـنەی هـونەری و ڕەوانبێژیدا دەشکێنەوە.

بەپێی پێوەرەکانی بەیەکەوەنوسان و گونجان، کە پەیوەندیی ئاسـۆیی زمـان دەگـرێتەوە، شـیعری کرمـانجی خـواروو ناسـنامەی دەقێتـی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی لێرەدا بنیاتی دەقە شیعرییەکان لە ڕێگەی یاسا

فەرهەنگی و سیستەمی ڕێزمانی و وشەسازییەوە دروستبوون، هەروەها دەق پابەنـــدە بە بنەمـــا واتاییەکـــانی, وەک بـــوونی جـــۆرێتی دەق و بابەتیبوونی دەق و خستنەڕووی واتا و کۆتایی پێهێنانی واتا، لە فۆرمێکی هونەری و ئیستاتیکیدا.

پێوەرەکانی مەبەست و پەسەندێتی دوو پێوەری دەرەکی دەقن و لە جەمسەری دەق دووردەکەونەوە، دوور لە ناوەوەی دەق بنەما بۆ دەقێتی بەرهەمـدێنن، مەبەسـت لە پێـوەری مەبەسـتێتی ئەو بـابەت و مەبەسـت و پەیـــامەیە، کە شـــاعیر لە ڕێـــگەی سیســـتەمێکی زمـــانی و فـــۆرمێکی دیارکراوەوە دەیەوێت دەرببڕێت، واتە ئەو ناوەرۆک و بابەتەی، کە دەقی شیعرێک لەخۆی دەگرێت, بریتییە لە گوتار و پەیامی شـاعیرێک، کە خـۆی لە مەبەسـتی جۆراوجـۆردا دەبینێتەوە، کە دەشـێت شـاعیر ئاگاییـانە یـان بێئاگاییانە لە دەقە شیعرییەکەیدا مەبەستێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سیاسـی و ئـاینی هەبێـت، ئەم پێـوەرە لە دەقـی شـیعری کرمـانجی خـواروودا، لە بـابەتی دەق و نـاوەرۆکی دەقـی شـیعریدا خـۆی بەرجەسـتە دەکـات، بـابەتی دەق یەکەی لەخـۆگرتنی مەبەسـتی شـاعیرە، کە بـریتییە لە پەیـــام و نیـــازی عەقڵـــی و دەروونـــی بە جۆرێـــک دوای ئەوەی شـــاعیر مەبەستێکی دیاریکراو لە چەند بیر و بیرۆکەیەک باردەکات و ئەمەش لە ڕێگەی زمـانەوە لە بابەتێک و فۆرمێک بەرجەسـتەیدەکات، بـۆیە مەبەسـت حـوکم بەسـەر جـۆر و شـێوازی دەقـدا دەکـات، واتە (بـابەت هـۆیەکی سەرەکییە، کە جۆری شێواز دەخـاتەڕوو، لێرەدا بـابەت ئەو چوارچێوە و هونەرەیە، کە شاعیر و نوسەر بەکاریدێنن بۆ وێناکردن و گوزارشـتکردن لەو بیـرۆکە و مەبەسـتانەی، کە لە دەروونیانـدا بوونیـان هەیە) (شـایب، ١٩٦٦، ص٥٤). ڕوانیـنە تیـۆری و ڕەخنەییەکـان بـۆ دەقـی شـیعری لە کرمـانجی خـواروودا، بـۆ دوو دیـوەکەی دەقە، کە بـریتییە لە ڕوخسـاری دەق و نـاوەرۆکی دەق، بـابەتی دەق پەیوەسـتە بە نـاوەرۆکی دەقەوە، کە مەبەسـتی شـاعیری لەخۆگرتـووە، بـۆیە مەبەسـت وەک پێـوەری دەقێتـی

(کاریگەری لەسەر بنیاتی دەق و شێوازەکەی هەیە، چونکە نوسەر بە شێوەیەکی دیار دەقەکەی بنیات دەنێت و ئەو شێوازە گونجاوە زمانییە هەڵدەبژێرێت، کە مەبەستەکەی بێنێتەجێ) (صبیحی، ٢٠١٦، ل٩٤). مەبەستی شاعیر هەروەک بابەتی دەق دیاری دەکات بەهەمان شێوە بڕیار لەسەر جۆرێتی شێواز دەدات و گۆڕان لە بنیاتی دەق دروستدەکات، ئەمەش بوونی پێوەری مەبەستە لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، لەبەر ئەوەی مەبەستی شاعیر وەک مەرج و پێوەرێک دەبێت ئەو تین و بنەمایەی هەبێت، کە خۆی لە بابەتی دەقەکەدا بتوێنێتەوە و کاریش لە شێواز و بنیاتی دەق بکات، کۆی پڕۆسەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، لێکەوتەی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی شاعیری کوردە، بۆیە شاعیر لەم قوتابخانەیەدا بۆ ئەو بابەتەی، کە مەبەستەکەی تێدا بەیان دەکات زمان و شێواز و قاڵبی شیعر و وشە و زاراوە و هونەری تری پەیوەست بە تویکڵی دەق هەڵدەبژێرێت و دواتر هەڵبژاردنی هەموو ئەمانە لەگەڵ بابەتەکە جۆری دەقی شیعری و ئاست و شێوازەکەی دیاریدەکەن.

لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا مەبەستی شاعیر گرنگی خۆی هەیە و زۆرجار بڕیار لەسەر بەها و چۆنیەتی خستنەڕووی دەقەکە ئەدات، هەروەها (هۆکار و بناغەی لێکجیاکردنەوەی جۆری دەقەکانە لە یەکتری وەک دەقی شیعر و پەخشان، ئەم مەبەستە شیعرییانەی، کە لە دڵ و دەروون و وێژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوواڵێت سۆزێکی خەستی تێدا ئەبینرێت و لە چوارچێوەی باسەکانی "خۆشەویستی، ڕق، ترس و باوەڕ، چاکە و خراپە" دەسوڕێتەوە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ هەر لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە بابەتی شیعری تر هاتەکایەوە) (رسول، ١٩٨٩، ل٢٧ - ٢٨). لە شیعری کوردیدا مەبەستێکی تایبەتی و دیاریکراوی وەک دڵداری، کە پەیوەستە بە سایکۆلۆجیای کەسێتی شاعیرەوە، لە قاڵبێکی شیعری وەک غەزەل یان پارچە شیعرێکی لیریکی چەند کۆپلەیی خۆی بەیان

دەکات، بۆ نموونە ئەگەر سەیری غەزەلێکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین، کە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕووحی شیرینم نەهات

زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی بڕینم نەهات

تا دەگاتە.....

کەوتمە ناو نەزع و غەم خستمیە حاڵی غەر غەرە

(کوردی)بێ کەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات (کوردی، ۲۰۱۰، ل۱۱۵)

ئەم دەقە بابەتێکی دڵداری و ئەوینی لەخۆگرتووە و شاعیر پەیام و مەبەستێکی دەروونی هەیە دەیەوێت گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی تایبەت بەخۆی بکات سروشتی ئەم مەبەستەش زمانی دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و قاڵب و هونەرەکانی دەربڕین و ڕیتم و وشە و زاراوەکانی گرێدراون بە سۆز و هەستی ئیستاتیکاییەوە، بەمەش بنیاتی دەق دەکەوێتە ژێر باری مەبەستی شاعیر، بەڵام بۆ ڕووداو و بابەتی زۆرتر و فراونتر هەروەها بۆ فرە مەبەستی و نیازی جۆراوجۆر، شاعیر فۆرم و قاڵبی تری ئەدەبی و شیعری وەک قەسیدەیەک یان داستان بەکاردێنێت بۆ گوزارشتکردن لەو مەبەستە جۆربەجۆرانەی، کە لە لای گەلاڵە بوون، بۆ نموونە ئەحمەدی خانی بۆ مەبەست و نیازی (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) فۆرمی داستان بەکاردێنێت لە داستانی "مەم و زین"دا، خانی چەندین گوتار و مەبەستی لە پاڵ ئەم داستانەدا دەربڕیوە، بۆیە دەبینین شاعیر لە کرمانجی خواروودا بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و (فیکری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، بابەتی تر) پەنا بۆ فۆرمی قەسیدە دەبات بەوەی مەیدانی ئەم فۆرمە فراوانە

ڕووبەرێکی زۆرتر بۆ شاعیر دەستەبەردەکات تا مەبەستی خۆی تێدا بەیان بکات، بۆ نموونە لەم قەسیدەیەدا نالی دەڵێت:

ئەی ساکینی ڕەیاضی مەدینەی مونەووەرە

لوطفی بکە، بفەرمو: مەدینەی منەو، وەرە

تا دەگاتە .....

ڕۆژی جەزا ڕەجا بکە بۆ "نالی"ی دەربەدەر

چۆن لەم جیهانە گوناهی گەلێ زۆر و ئەکثەرە (نالی، ١٩٧٦، ل٤١٥)

لەم فۆرمەدا، کە قەسیدەیە لەبەر ئەوەی لە ڕووی چەندییەوە گۆڕان بەسەر ژمارەی دێڕەکاندا هاتووە، بۆیە لە دەقەکەدا شاعیر چەندین نیاز و مەبەستی خۆی دەردەبڕێت و دەقەکە سۆزێکی قووڵی ئایینی تێدایە, هەموو بابەتەکانی وەک "وەسف و ستایش و شانازی و ئامۆژگاری و ئایینی... تاد" لەخۆدەگرێت و دەقێکە زانیارییەکی زۆری تێدا بەرجەستەکراوە. بۆیە شاعیر وا دەبینێت کە زۆری سۆز و فراوانی واتا و مەبەستەکانی لە غەزەلێکدا دانانیشێت و پەنا بۆ فۆرمی قەسیدە دەبات. یان زۆرجار دەبینین کاتێک شاعیرێک پەیامێکی زانستی هەیە و دەیەوێت زانستێک بگوازێتەوە، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردنە، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی شیعری فێرکردن بەهۆی ئەم مەبەستە گۆڕان بەسەر دەق و ڕەگەزەکانی ناو دەقە شیعرییەکەدا دێت، شاعیر لەم جۆرەدا بۆ گوزارشتکردن لەم مەبەستە زانستییە، لە ڕەگەز و بنەمای سۆز دوورەدەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەحمەدییەکەی شێخ مارف و شیعرەکانی پیرەمێرد و گۆران و شاعیرانی تر، کە بۆ مەبەستی فێرکردنی بابەتێکی زانستی نوسراون.

پەسەندێتی وەک پێوەرێکی تری دەق، لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا تێبینیدەکرێت، چونکە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە ئەو خاسیەتەی تێدایە، کە کار لە هەڵوێستی وەرگر و خوێنەر بکات، واتا ئەو دەق و بەرهەمەی کەوا لە لایەن شاعیرێکەوە خراوەتەڕوو، جێگای قبووڵ و دانپێدانان و تێڕامانی وەرگرە، وەک وروژێنەرێک دەبێتە هۆی وروژاندنی خوێنەر و وەرگر، ئەمەش زۆرجار پێوەری پەسەندێتییە، ڕێژەی کاریگەربوون و ئاوێتەبوونی وەرگریش لە دەقەکەدا لەسەر دوو بنەمای سوود و چێژی دەق چڕدەبێتەوە، پەسەندێتی واتە ئاوێتەبوونی وەرگر لەگەڵ دەقی شیعری بەهۆی یەکێک لەم دوو بنەمایە یان هەردوو بنەما، بێگومان دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا دنیابینی شاعیری لەخۆگرتووە و هەرچەندە ئەگەر دەقەکە دەقێکی خودی و لیریکیش بێت، ئەوا هەر بارگاوییە بە مەعریفە و ڕۆشنبیری شاعیرەوە و تابلۆی بەخشینی زانیاریی جۆراوجۆرە. لەم ئاراستەیەدا دەقی شیعری کرمانجی خواروو سوودی کلتووری و فەرهەنگی و بەخشینی زانیاری هەیە بەپێی بارگاویبوونی دەق بە بیرکردنەوە و خەیاڵ و زانیاری و ژینگەی شاعیر، دۆخێکی ئەدەبی و دنیابینی و ڕۆشنبیرییەک بە وەرگر دەبەخشێت. ئەم سوودبەخشینە بنەمایەکە بۆ پەسەندێتی دەق. دواتر دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بەهۆی بوونی ئیستاتیکای دەق و بنیاتی هونەری و ڕەهەندەکانی تری پەیوەست بە شیعر و هەستی ئیستاتیکی وەرگر، چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی تر بۆ وەرگر تا قبووڵی دەق بکات، لەسەر بنەمای پێوەری پەسەندێتی دەقی شیعری کرمانجی خواروو ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، هەرچەندە ئەمە پەیوەستە بە جەمسەری وەرگری دەقەوە لەسەر بنەمای سوود و چێژ ئیستیجابەی بۆ دەقێتی دەق دەبێت. ئەگەر سەیری دەقی شیعری کوردی بکەین لەژێر خوێندنەوەی هەر یەکە لە پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان"دا، ئەو مەرج و پێوەرانەی دەق لە شیعری ئەم قوتابخانەیەدا بە ئاشکرا دەبینرێن، بۆ نموونە پێوەری ڕاگەیاندن، کە پەیوەستە بە

ڕێـژەی ئەو زانیارییـانەی دەقێکـی دیـاریکراو بە وەرگـری دەدات، لەگەڵ چـۆنیەتی بەرجەسـتەبوونی زانیـاری لە دەقـی شـیعریدا، دەقـی شـیعری کوردی، هەڵگری ڕێژەیەکی زۆرە لە زانیاری و پەیامی جیاجیای شـاعیری لەخۆگرتـووە، لەو سـەردەمەدا شـاعیر خـاوەن گوتـار و ئاسـتێکی بەرزی زانسـتی و ڕۆشـنبیری بـووە، واتە (شـاعیرانی ئەم ڕۆژگـارە لەبەر ئەوەی خوێندەواری باشیان هەبووە لە زانستەکانی ئەو سەردەمە و زۆر چـاک لە شـیعری کلاسـیکی ئیسـلامیي "عەرەبـی، فارسـی، تـورکی، عوسـمانی" گەیشـتوون، هەر لەسـەر ڕێـگە و شـوێن تاقیکردنەوەکـانی ئەو دەسـگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند) (خەزنەدار ٢٠١٠، ل٥٤). بەهـۆی ئەوەی شـیعر پـێش پەخشـان کەوتـووە، بـۆیە دەقـی شـیعری، ئەرکـی دەربڕینـی مەعـریفە و مەبەسـتی جۆراوجـۆری شـاعیری بینیـوە، گوزارشـت لە بـارودۆخی دەروونـی و کـۆمەڵایەتی شـاعیر و ژیـنگە و ڕووداوەکـانی سـەردەمی شـاعیر دەکـات و هەروەهـا ئەرکـی جۆراوجـۆری دەروونـی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی بینیـوە لەو سـەردەمەدا، هەر ئەمەشـە، کەوا پێوەری "هەڵویست" جەختی لەسەر دەکاتەوە.

بـابەتی وەرگـرتن و کـارتێکردن و تـوانەوەی دەقەکـانی تـر لە دەقـی شـیعری کرمـانجی خـواروودا، کە خـۆی لە دەقئاوێزانـدا دەبینێـتەوە، ئەمە زۆر بە زەقـی هەسـتی پـێ دەکرێـت لە شـیعری کـوردی و لە ئەدەبیـاتی شـیعری کرمـانجی خـواروودا، بەهۆکـاری ئەوەی، کە کوردسـتان مەحکوم بـووە بە دابەشـکـردن و هەژمـوونی دەسـتەڵاتی وڵاتـانی دراوسـێ بەسـەرییەوە، وای کردووە زمـان و کلتوور و ئەدەبیـاتی ئەم وڵاتـانە بێتە نـاوەوە و کـار لە شـاعیرەکان بکـات، ئەمە لەلایەک، وەرگرتنـی ئـاینی ئیسـلامیش لە لایەکـی تـر، کە وای کـردووە خوێنـدن بکەوێـتە حـوجرەی مزگەوتەکـان و زانسـتە شـەرعی و بابەتەکـان بە زمـانی عەرەبـی بخـوێنن، بەمەش شاعیری کورد شارەزاییەکی زۆری لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی دەستخستووە، واتە (خوێندەواری کورد تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم

ڕۆشنبیرییەکەیان عەرەبیی ئیسلامی بووە و کتێبەکانی زانستی ئەو سەردەمە بە زمانی عەرەبی بوو،... ئەدەبیاتی فارسی بە پلەی یەکەم کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە و بە پلەی دووەم زمان و ئەدەبی عەرەبی دێت، شاعیرانی ئەو سەردەمە هەموویان مەلا بوون و عەرەبییەکی چاکیان زانیوە، توانیویانە بەو ڕۆشنبیرییە عەرەبییە ئەدەبی کوردی پێ موتوربە بکەن، زاراوە هەمەجۆرەکانی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ئەدەبیاتی کوردی بەکاربهێنن) (شوان، ٢٠١٤، ل١٨٥ - ١٨٦). ئەمەش ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری لە کۆگای عەقڵی شیعری شاعیری کورد کردووە، وای کردووە مادە و توخمی شیعری و قاڵبی شیعر و مەبەست و دەلالەت و وێنەی شیعری ئاوێتەی دەقی شیعرەکانیان بێت، واتە دەقی دەرەکی و ڕەهەندەکانی لە دەقی شاعیرەکاندا بتوێتەوە. ئەم توانەوەی دەق لە ناو دەقە، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە، وەنەبێت بۆ دەق سیفەتێکی نەرێنی بێت، بەڵکو حاڵەتێکی پۆزەتیڤە بۆ دەق و لەگەڵ سروشتی دەق دەگونجێت و پێوەرێکیشە بۆ دەقێتی. بەڵام کە لە سنووری دەقئاوێزان و کاریگەریی ئەدەبی دەرچوو بەهۆی لاساییکردنەوەیەکی ڕووتی بابەت و بیر و وێنەی هونەری و زاڵکردنی ئەزموونی شاعیرێکی تر بەسەر ئەزموونی شیعر نوسینی خۆیدا، بەمە دەقی بەرهەمهاتوو لەژێر ئەم بارەدا هەر لە بناغەڕا بەها و ناسنامەی دەقێتی بەو ئاڕاستەیە دەخاتەڕوو، چونکە لە بری ئەوەی دەقی کۆن لە ئەزموون و دەقی خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەوا دەقی خۆی لە دەقێکی کۆندا دەتوێنێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی, ئەگەر سەیری دەقی شیعری کوردی بکەین بەپێی ئەم بنەمایە، ئەوا لە زۆر قۆناغ و لای زۆر شاعیر ئەم دۆخەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بریتییە لە توانەوەی دەق و ئەزموونی شاعیری کورد لە فۆرم و بیر و وێنەی هونەری دەقێکی بیانی یان ئەزموونێکی شاعیری بیانی، ئەم لادان لە دەقئاوێزانەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، وەک زاڵبوونی کلتوور و ئەزموونی ئەدەبی بیانی بە ڕێژەیەکی فراوان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە دەقی شیعری کوردی لە زۆر حاڵەتدا و لای زۆر

شاعیری کورد سنووری دەقئاویزان دەبەزێنێت و ناسنامەی دەقێکی سەربەخۆی پەیوەست بە بارودۆخی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی شاعیر وەرناگرێت. تیۆری ئەدەبی لەو بارودۆخەی دەق قوولّدەبێتەوە، ڕێژەی پەیوەستبوونی دەق بە ژینگە و سەردەم و ئەزموونی شاعیر لە چ ئاستێکدایە، لەم ڕوانگەیەوە ناسنامەی دەق بە بەرهەمێکی شیعری دەبەخشێت، یانیش بە پێچەوانەوە بەهۆی توانەوەی کەسێتی شاعیر لە وێنە و بیر و ئەزموونی شاعیرێکی تر، ونبوون و بێ شێوازی بەرهەم دروستدەبێت و بەمەش ئەم بەرهەمە لە پێوەری دەقێتی دووردەکەوێتەوە. ئەمانە پێوەری گشتین بۆ ئەوەی بەرهەمێک ناسنامەی دەقبوون وەربگرێت، کە لە لایەن زۆر زانا و ڕەخنەگر و تیۆرستانی بواری ئەدەب جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها سەرەڕای ئەوانە زۆر مەرج و پێوەری تریش بۆ چەمکی دەق و دەقبوون، لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبییەوە پێشکەش کراوە، هەموو ئەوانە چەند خاسیەت و پێوەرێکی گشتین بۆ فۆرم و بوونی دەقێتی, چونکە ناکرێت هەموو ئەم پێوەرانە بەسەر یەک جۆرە دەقدا فەرز بکرێن، هەموو جۆرە دەقێک ملکەچ نابێت بۆ هەموو پێوەر و ڕەگەز و مەرجێکی دیاریکراوە بۆ ئەوەی بەهای دەقێتی خۆی بسەلمێنێت. بەپێی ئەم پێوەرانەی سەرەوە، کە لە بنەما گشتییەکانی دەق دەڕوانن شیعری کرمانجی خواروو پابەندە بە پێوەرەکان و ناسنامەی دەقبوون وەردەگرێت. تیۆری ئەدەبی ئەمە لە قوولّبوونەوە لە دەقەکانی شیعری کرمانجی خواروودا بەدەستدێنێت، واتە لە هەناوی بەرهەمی داهێنراودا نەک دەستووری تیۆری، چونکە خۆی شاعیرانی کرمانجی خواروو لەسەر ئەم پێوەرە گشتییانە دەقی شیعرییان نەنوسیوە، واتە وەکو نەخشەیەکی ئەندازەیی ئەم پێوەرانەیان لە لا نەبووە تا بینای دەقی شیعری لەسەر بکەن بەڵکو ئەم پێوەرانە لەسەر بنەمای بوونی دەقەکانەوە وەرگیراون.

ئەنجامەکان:

١. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاتە قوولّەی هەیە، کە لە پێوەرە گشتییەکانی دەق ئاماژەی پێکراوە، کە خۆی لەچەندین تەوەری وەک: (زمان، پەیامداری، بابەت و مەبەستی شاعیر، بەیەکەوەنوسان و گونجان، ڕاگەیاندن، هەڵوێست، دەقئاوێزان، پەسەندێتی... تاد) دەبینێتەوە، ئەم بنیاتە لە شیعری کرمانجی خواروودا، بەپێی سروشتی ژینگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕۆشنبیری و کلتووری جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت و بڕیار لەسەر جۆرێتی ژانرەکەش دەدات.

٢. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، سەرەڕای کاریگەری ئەدەبیاتی ناوچەیی بەسەریەوە، خاوەنی بنیاتێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییەش لە زمانی دەربڕینەوە دەستپێدەکات، چونکە زمانی کوری خاوەنی دانەی فەرهەنگی و یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە خۆیەتی، شاعیری کورد پەیام و هەست و سۆز و دنیابینی و دەلالەت و هەستی جواناسییانەی خۆی لە ڕێی زمانی کوردییەوە بەرجەرستەکردووە. ئەم زمانەش سروشتێکی نەتەوەیی هەیە و ئەم سروشتەش سروشتێکی ناوچەیی بە دەقی کوردی بەخشیوە.

٣. دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، پێوەری تایبەتی و خاسیەتی دەقی شیعریی خۆی هەیە، لە بوونی ڕەهەندەکانی "زمان، کێش و سەروا، جوانکاریی هونەری ، وێنەی شیعری, ئیستاتیکا، چێژ... تاد"، بوون و جۆری ئەم ڕەهەندانە بەپێی قۆناغەکان جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، هەر بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسکی کوردی و شیعری نوێی کوردی لە شیعری کرمانجی خواروودا دروستکردووە.

٤. ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لە پێوەرەکانی ڕوخساری دەقی شیعری دەرەکییەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا بوون بە بنەما و پێوەر لەم قوتابخانەیەدا بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر. پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستپێکرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە.

٥. مەبەست و بنیاتی پەیامداری دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بەپێی قۆناغەکان گۆڕاوە، لە قۆناغی شیعری کلاسیکدا، لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیانکردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونیی خۆیەتی کە بەهۆی خۆشەویستیی یارەوە دووچاری بووە، لەپاڵ ئەم ناوەرۆکەشدا، بابەتەکانی تری وەک (شانازی، ئایینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دلێری و قارەمانێتی، خۆشەویستیی نیشتیمان... تاد) تێدا دەبینرێن، بەڵام لە شیعری نوێدا، پەیامداری دەق بابەت و مەبەستی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی تری مرۆڤخوازی لەخۆدەگرێت.

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان

کتێبەکان

- بایز: د. هەڵمەت. ٢٠١٣، دەقاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- بەرزنجی: یاسین قادر. ٢٠٠٩، هونەری درامـا ڕامانێک لە درامای کوردی، چاپخانەی کەمال، سلیمانی.

- حاجی قادری کۆیی: ١٩٨٦، دیوان. لێکۆڵینەوە: سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوانی کوردستان، بەغدا.

- حەمدی: ٢٠٠٨، دیوان. عەبدوللا خدر مەوڵوود، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- حەمەکریم: حەمەسەعید. ١٩٨٦، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغدا.

- خەزنەدار: د. مارف. ٢٠١٠، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- خەیات: ئاری عوسمان. ٢٠١١، سێ ویستگەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلیمانی، سلیمانی.

- دەشتی: کەریم. ٢٠١٣، ئەدەب و فەلسەفە، چاپی دووەم، چاپخانە ؟، هەولێر.

- ڕافێـل: ســالیک. ٢٠٠٩، شــیکارکردنێکی گوتــاری چیــرۆکه هەواڵ، وەگێڕانی: د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.

- رســول: د. شــکوریه. ١٩٨٩، ئەدەبــی کــوردی و هونەرەکــانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەددین.

- ســالم: ٢٠١٥، دیوان، ســاغکردنەوەو لێکدانەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ فاتح عبدالکریم ـ محمدی مەلای کەریم، بەرگی دووەم، چاپخانەی بنکەی ژین، سلیمانی.

- ســەعید: د. نــاز ئەحــمەد. ٢٠١٧، دەنگــی مســتەفا بەگــی کــوردی لەشــیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلیمانی.

- شــوان: د. ئیبــراهیم ئەحــمەد. ٢٠١٤، بەراوردی ئەدەبــی، چــاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- صــبیحي: د. محمــد الاخضــر. ٢٠١٦، دەروازەیەک بــۆ دەقناســی و بوارەکــانی پراکتیزەکردنــی، وەرگێڕانــی: د. ئیبــراهیم ئەحــمەد شــوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- عــارف: حەمە کەریم. ٢٠٠٩، پەیڤستانی من، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

- قادر: د. خــانزاد عەلی. ٢٠١٢، زمــانی شیعری حاجی قادری کۆیی ومەحویی وشێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- کــاکی: حەمە نــوری عــومەر. ٢٠٠٨، شــێواز لە شــیعری کلاســیکی کوردیدا، چــاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

هەواڵنامەی کێتب

- کوردی: ۲۰۱۰ دیوان، لێکۆڵینەوە: محەمەد مستەفا"حەمەبۆر، چاپی یەکەم، بەرگی۱ ، دەزگاری چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- محمد: د. عبدالقادر حمه امین. ۲۰۰۸، بنیاتی کارنامەیی له دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلیمانی.

- مشیر: پ. ی. د. عبدالواحید. ٢٠١٤، ژراکماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- مەحوی: ١٩٨٤ دیوان، لێکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ محمدی مەلای کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی حیسام، بەغداد.

- نادر: ئەدیب. ٢٠١٤، گەڕانەوە بۆ مالّی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- نالی: ١٩٧٦ دیوان، لێکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوە: محمدی مەلای کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

- ب. نامەی ئەکادیمی

- تۆفیق: قەیس کاکل. ۲۰۰۲، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ج. گۆڤارە کوردییەکان

- حمەأمین: پ. ی. د. عبدالقادر. ۲۰۱۳، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٠، بەشیB.

- سەراج: هاشم. ۲۰۱۳، خۆشی دەق، ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ۱۹۵.

هەولنامەی کتێب

- فەتـاح: م. ی. ڕزگـار عمـر. ٢٠١٥، چێـژی دەق لە شـیعرەکانی قوبـادی جەلیلزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە٤.

- گۆران: عەبدوڵڵا. ١٩٦١، کۆن و تـازەیی لە هەڵبەستا، گۆڤاری هیـوا، ژمارە ٣١، ساڵی (٤)ی کانوونی دووەم.

سەرچاوە عەرەبییەکان

کتێبەکان

- ابو زيد: نصر حامد. ١٩٩٩، اشكاليات القراة وأليات التأويل، الطبعة الخامسة، المركز الثقافي العربي.

- انكفيست: نيلس أريك. ٢٠٠١، الاسلوبية اللسانية، ترجمة احمد مؤمن، مطبوعات منتوري، القسنطينة.

- بحيرى: سعيد حسن. ١٩٩٧، علم اللغة النص المفاهيم والتجاهات، الطبعة الاولى، دار نوبار للطباعة، القاهرة.

- بن ذريل: عدنان. ٢٠٠٠، النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، منشورات اتحاد الكتاب العرب، اسكندرية.

- بوقراند: روبرت دى. ١٩٩٨، النص والخطاب، الاجراء، ترجمة: د. تمام حسان، الطبعة الاولى، الناشر عالم الكتب، القاهرة.

- زنياک: زتسيسلاف واور. ٢٠٠٣، مدخل الى علم النص مشكلا بناء النص، ترجمة/ أ. د. سعيد حسن بحيرى، الطبعة الاولى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة.

- شايب: أحمد. ١٩٦٦، الاسلوب، الطبعة السادسة، المطبعة ؟ ، القاهرة.

- عفيفي: د. احمد. ٢٠٠١، نحو النص اتجاه جديدة في الدرس النحوي، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة الزهراء الشرق، القاهرة.

- عياشى: د. منذر. ٢٠٠٢، الاسلوبية و تحليل الخطاب، الطبعة الاولى، مركز الانماء الحضارى، سوريا.

- يقطين: سعيد. ١٩٨٩، انفتاح النص الروائي، الطبعة الاول، المكز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت.

گۆڤارە عەرەبییەکان

- ابريـر: بشـير. ١٩٩٥، السـيميائية وتبليـغ الـنص الادبـي، مجلـة منهـل، العدد٥٣٤.

- باختن: ميخاييل. ١٩٨٥، مسألة النص، ترجمة: محمد على مقلد، مجلة الفكر العربي المعاصر، بيروت، العد ٣٦.

- مصلوح: سعيد. ١٩٩١، نحو أجرومية للنص الشعري دراسة في قصيدة جاهلية، مجلة فصول، مجلد ١٠، العد١-٢.

- ج. ئینتەرنێت

- بيرقدار: قحطان. ٢٠١٦ الأسلوب الأدبي والأسلوب العلمي. (ئونلاين) www.alukah.net/literature_language

هەوالنامەی کێب

Abstract

Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example

This research is entitled “Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example". It is part of the doctoral thesis which aims at examining the nature and properties of text. This – the nature of text - has been focused on by critics and theorists in various ways. It has also been interpreted differently within the framework of the philosophy of literature, literary criticism and literary theory.

This research sheds light on the nature and value of text within the framework of theoretical and critical viewpoints. It highlights the general and specific criteria of textuality and claims that on the basis of those criteria a text receives its scientific identity. These measures are some general features for the existence of textuality and they cannot be imposed on one type of text.

The research gives a theoretical and critical analysis of Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect in the light of the concept of text and its texuality criteria. According to the criteria, that consider the general and specific principles of “text”, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect are bound to those criteria and receive identity of textuality. This is because the structure of Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect has its own properties in respect of language, meaningfulness, identity, type of genre and literary elements such as idea, imagination, emotion and form. These aspects build the structure of the texts. The aspects, throughout the history of this literary school, have changed which could be known through analyzing and studying the texts with the theoretical and critical criteria.

Key words: Textuality, The nature of Text, Structure of Text, Intentionality, Cohesion, Informativity

هەوالنامەی کتێب

ملخص:

الشعر الكردي من منظور معايير النصوص، النصوص الشعرية الكردية للهجة الكردية المركزية كمثال.
هذا البحث عنوانه "الشعر الكردي من منظور معايير الكتابة، النصوص الشعرية للكردية المركزية الكردية كمثال"، وهو جزء من أطروحة الدكتوراه التي تهدف إلى دراسة طبيعة وخصائص النص. النص - تركز على النقاد والمنظرين بطرق مختلفة ، كما تم تفسيره بشكل مختلف في إطار فلسفة الأدب والنقد الأدبي والنظرية الأدبية.

يلقي هذا البحث الضوء على طبيعة وقيمة النص في إطار وجهات النظر النظرية والنقدية. وهو يسلط الضوء على المعايير العامة والخاصة للنصوص والمطالبات، على أساس تلك المعايير، يتلقى النص هويته العلمية. هذه التدابير هي بعض السمات العامة لوجود نصية، ولا يمكن فرضها على نوع واحد من النص.

يقدم البحث تحليلاً نظرياً ونقدياً لنصوص الشعر الكردي للهجة الكردية المركزية في ضوء مفهوم النص ومعاييره للتقييم. وفقا للمعايير، التي تنظر في المبادئ العامة والخاصة "للنص"، فإن النصوص الشعرية للكردية المركزية الكردية مرتبطة بهذه المعايير وتتلقى الهوية النصية. هذا لأن بنية النصوص الشعرية الكردية للهجة الكردية المركزية لها خصائصها الخاصة فيما يتعلق باللغة والجدوى والهوية ونوع النوع والعناصر الأدبية مثل الفكرة والخيال والعاطفة والشكل. هذه الجوانب بناء هيكل النصوص. تغيرت الجوانب، عبر تاريخ هذه المدرسة الأدبية، والتي يمكن أن تعرف من خلال تحليل ودراسة النصوص بالمعايير النظرية والحرجة.

الكلمات المفتاحية: النصوص، طبيعة النص، بنية النص، النية، التماسك، المعلوماتية.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

لەنگییە عەروزییەکانی یەکێک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر

هەواڵنامەی کتێب

د. یادگار ڕەسوول حەمەدەمین
، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
yadgar.ameen@soran.edu.iq

پوختە:

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی (لەنگیـیە عەرووزییەکـانی یەکێـک لە چاپەکـانی دیـوانی مەلای جزیـری لە ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژە و لەت و دێرەشیعر)، هەوڵێکە بۆ دەستنیشـانکردنی ئەو هەڵە و لەنگیـیە ڕیتمییـانەی کە لە یەکێک لە چاپەکـانی دیـوانی مەلای جزیریـدا هەن و بەراوردکردنیـان لەگەڵ چاپەکانی تر و چارەسەرکردنیان بە پێی بنەماکانی عەرووز.

تـوێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهـاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا لەنگییەکـان لەسـەر ئاستی وشـە و دەستەواژەکانەوە دیاریکراون و دابەشـی سـەر سـێ تەوەر کـراوە، یەکەم؛ دەستنیشـانکردنی ئەو لەنگییـانەن کە بەهـۆی بـوونی وشەیەک یان دەستەواژەیەک لە جێی وشـە و دەستەواژەیەکی تر دروسـت بـــوون. دووەم؛ ئەو لەنگییـــانەن کە بە هـــۆی ســـوانی وشـــە یـــان دەسـتەواژەیەک دروسـت بـوون. سـێیەمیش؛ ئەو لەنگییـانەن کە بەهـۆی زیادەی وشەیەکەوە دروست بوون.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەش تایبەتە بەو لەنگییانەی کە لەسـەر ئاستی لەت و دێرەشیعرەوەن. هەموو ئەو حاڵەتانە بەراورد کراون لەگەڵ چاپەکـانی تـری شـیعری جزیـری و لێیـان کۆڵـدراوەتەوە و بە پێـوەری عەرووز چارەسەرکراون.

وشـە کلیلییەکـان: کـێش، عەرووز، لەنگـی، وشـە و دەسـتەواژە، لەتە شیعر، دێرە شیعر

لەنگییە عەرووزییەکانی یەکێک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر

پێشەکی:

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی (لەنگیـیە عەرووزییەکـانی یەکێـک لە چاپەکـانی دیـوانی مەلای جزیـری لە ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژە و لەت و دێـرە شـیعر)، تـوێژینەوەیەکی وەسـفی- شـیکارییە، هەوڵـێکە بـۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڵە و لەنگییە ڕێتمییانەی کە لە یەکێک لە چاپەکانی دیـوانی مەلای جزیریـدا هەن. بـۆ ئەم مەبەسـتە کۆمەڵێـک چـاپی دیـوانی مەلای جزیـری لەبەر دەسـت بـووە، لەوانە چاپەکـانی (تەحسـین دۆسـکی، سـادق بەهـائەدین ئامێدی، ئەحـمەد زەڤەنگـی، عـارف زێرەڤـان، شـەفیع سـادقی، هەژار موکریـانی)، هەروەهـا لەڕێـی ئەم چاپـانەوە ئاگـاداریی کۆمەڵێک چاپ و دەستنووسـی تـری شیعرەکانی مەلای جزیرین. بەڵام لە هەموویـان چـاپی (تەحسـین ئیبـراهیم دۆسـکی) کـراوەتە بنەمـای لێکـۆڵینەوەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ چاپەکـانی دی نـوێترە و هەروەهـا دۆسـکی هەوڵـی داوەسـووە لە هەمـوو چاپەکـانی پێشـووی خـۆی وەربگرێـت و تـا ڕادەیەکـی زۆر توانیـویەتی دیـوانێکی پـوختە ڕێـک بخـات. لەنگییەکـان لە ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژە و لەت و دێرەشـیعردا دەستنیشـان کـراون. بـۆ ئەوەی بگەیـنە دروسـتترین کـێش و ڕیـتم، ئەو حاڵەتـانە بەراورد کـراون لەگەڵ هەمـوو ئەو چاپـانەی دی کە لەبەردەسـتدا بـوون، دەرەنجـام بە پێـی پێـوەری عەرووز کامیـان دروسـتترینیان بـووە، دەرخـراون و ئامـاژە بەو چـاپە کـراوە، کە گرفتـی ڕیتمیی نییە و دروستە.

تـوێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهـاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا لەنگییەکـان لەسـەر ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژەکانەوە دیـاریکراون. ئەم بەشـە دابەشـی سـەر سـێ تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم؛ دەستنیشـانکردنی ئەو حاڵەتـانەی

که بەهۆی بوونی وشەکەیەک یان دەستەواژەیەک لە جێی وشەیەکی تر یان دەستەواژەیەکی تر لەنگیەکە دروست بووە، بە بەراورد کردنی حاڵەتەکان لەگەڵ چاپەکانی تری شیعرەکانی جزیری و بە پێوەری عەرووز لەنگییەکان چارەسەر کراون. تەوەری دووەمیش؛ ئەو حاڵەتانەن کە بە هۆی سوانی وشە یان دەستەواژەیەک لەنگیەکە دروست بووە. تەوەری سێیەمیش؛ ئەو لەنگییانە دەستنیشان کراون کە بەهۆی زیادەی وشەیەکەوە دروست بوون. حاڵەتەکانی تەوەری دووەم و سێیەمیش هاوشێوەی تەوەری دووەم، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ چاپەکانی تر و بە پێوەری عەرووز چارەسەر کراون. بەشی دووەمی ئەم تۆێژینەوەیە تایبەتە بەو لەنگییانەی کە لەسەر ئاستی لەت و دێرەشیعرەوەن. هەوڵ دراوە لەت و دێرە لەنگەکان دەستنیشان بکرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە و لەگەڵ چاپەکانی تر بەراورد بکرێن و چارەسەر بکرێن.

بە کۆمەڵێک ئەنجام کۆتایی بە تۆێژینەوەکە هاتووە.

کورتکراوەکان:

ش: شیعر، د: دێرە شیعر، ل: لەتە شیعر (نیوەدێر)، چ: چوارین، لا: لاپەڕە

دۆسکی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی تەحسین ئیبراهیم دۆسکی

ئامێدی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی سادق بەهائەدین ئامێدی

زەڤەنگی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی ئەحمەد زەڤەنگی

زێرەڤان: دیوانی مەلای جزیری، چاپی عارف زێرەڤان

هەژار: دیوانی مەلای جزیری، چاپی هەژار موکریانی

هەوالنامەی کتێبی

سادقی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی شەفیع سادقی

١. لەنگییەکان لە ئاستی وشە و دەستەواژەکانەوە:

مەلای جزیری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە هەموو شیعرەکانیدا کێشی عەرووزیی بەکارهێناوە، تەنانەت بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدا هەن، یەکەم شاعیری کوردە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو قاڵبەکانی کێشی عەرووزیی بەکارهێناوە و بە پێی ئەو دیوانانەی لەبەر دەستدان نزیکەی (٧) حەوت بەحری عەرووزی و (٣١) سی و یەک قاڵبەکێشی بەکارهێناوە (گەردی، ٢٠٠٣: ١٩٦). یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ساغکردنەوەی شیعر و دیوانی شاعیران ئەوەیە کە زۆربەیان لەسەر بنەمای عەرووزی ساغ نەکراونەتەوە، یاخود ئەو کەسەی کە ئامادەکاری و ساغکردنەوە بۆ دیوانەکە دەکا، وەک پێویست شارەزایی لە زانستی عەرووز دا نەبووە، دەرەنجام کە پێداچوونەوە بۆ ئەو دیوانانە دەکرێت، دەبینین لە هەندێ دێری شیعرەکان هەڵە و لەنگیی ڕیتمی هەیە و پێویستییان بە دووبارە ساغکردنەوە هەیە، کە تیایدا زانست و پێوەری عەرووزی بکرێتە بنەما.

لە چاپی (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی)ی دیوانی جزیری، کە کەرەستەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێک لەنگیی عەرووزی لە شیعرەکان، چ لەسەر ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی، چ لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر، هەن. ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بەو لەنگییانەی کە لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعردا هەستییان پێدەکرێت. هەروەها لەم

بەشــەدا لەســەر ئاســتی وشــە و دەســتەواژەکانەوە لە لەنگییەکــان کۆڵدراوەتەوە.

ئەگەر گوزەرێک بەناو ئەم چاپەی دیوانی مەلای جزیری دا بکەین، هەندێک وشە و دەستەواژە هەن کە بوونەتە مایەی تێکدانی ڕیتم و کێشی شــیعرەکە، کاتێک بەراوردی هەمــان شــیعر و هەمــان دێر و لەت، لەگەڵ چاپەکانی تری دیوانی جزیری دەکەین، دەبینین جیاوازی هەیە. بۆیە لەم تــوێژینەوەیەدا ئەو بەراوردکــارییە لەســەر بنەمــایێکی عەرووزی کــراوە و ڕاستترینی چاپەکان لە ڕووی عەرووزییەوە دەرخراون. حاڵەتەکانی لەنگی لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە دابەشی ســەر ســێ جۆر دەبن، هەندێ لەنگییەکــان لەبەر ئەوەیە کە وشــەیەک یــان دەســتەواژەیەک لە جێــی وشەیەکی تر یان دەستەواژەیەکی تر هاتووە، هەندێکی تر لەبەر سوانی وشــە یــان دەســتەواژەیەکەوەیە، هەنــدێکی تریشــیان بە هــۆی زیــادەی وشەیەک لەنگییەکە دروست بووە هەریەک لەو جۆرانە کراونەتە تەوەر و بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە:

١. ١. بوونی وشــەیەک یــان دەســتەواژەیەک لــە جێی وشــەیەکی تر یــان دەستەواژەیەکی تر:

ش١٠، د٩٩، ل١، لا٦٣، بەددین← بەددیدین:

ئەشیا ل پەی هەڤ وەللدین یەک یەک ژ وەسڵێ بەددین

کێشــی شــیعرەکە (ڕەجەزی هەشــتیی تەواو، مســتفعلن مســتفعلن مســتفعلن مســتفعلن)ە، پێــی چــوارەمی لەتەکــە لەگــەڵ (مســتفعلن) تێــک ناکاتەوە، لای سادق بەهائەدین لا٦٤ ڕیتمەکەی دروستە، کە بەم شێوەیە:

ئەشیا ل پەی هەڤ وەللدین یەک یەک ژ وەسڵێ بەددیدین

ش٢٣، د٦، ل١، لا٩٩ نه تەنها ئەز بووم← تەنها نە ئەز بووم:

رسوایی عشقی نه تەنها ئەز بووم

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەجەزی چـــواری مـــورەففەل- مســـتفعلاتن مســـتفعلاتن)ە، پێـی دووەمـی لەتەکە لەگەڵ (مســتفعلاتن) تێـک ناکـاتەوە. هەمـان لەت لای زێرەڤـان لا٦٥ و زەڤەنگـی لا١٤٤ لە ڕووی عـەروزییەوە دروستن و گرفتییان نییە، کە بەم شێوەیەن:

لای زێرەڤان: رسوایی عیشقێ تەنها نە ئەز بووم

لای زەڤەنگی: روسوایی عیشقێ تەنها نە ئەز بووم

ش٢٦، د١٧، ل١، ل١٠٦ ئسلامی یێ← ئیسلامێ:

دێ ب قەلبێ مە چ دت لامعەیا ئسلامی یێ

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە، پێی چوارەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فع لن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. لای ئامێدی لا١٦٣، زەڤەنگی لا١٦٥ و زێرەڤان لا٧٠، دروستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

دێ ل قەلبێ مە چ دت لامعەیا ئیسلامێ

ش٤٩، د٢، ل١، لا١٦١ نادرت← نادت:

حوسن بێ ئایینەیێ عشقێ تەجەللی نادرت

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە، پێی چوارەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فع

لن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. لای ئامێدی لا٢٢٨، زەڤەنگی لا٢٨١ و زێرەڤان لا١٠٨، ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

حوسن بێ ئایینە ئێ عشقێ تەجەللی نادت

ش٥٢، د١، ل٢، لا١٦٨ چەهڤێن← چەهڤی:

مە ژ نوو خوەش کە لە سەر چەهڤێن شەهیدێن خوە بمەش

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبووني مەحزووف- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، پێی سێیەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فعلاتن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. لای زەڤەنگی لا٣٠٠ دروستە، کە بەم شێوەیە:

مە ژ نوو خوەش کە لە سەر چەهڤی شەهید بن خوە بمەش

ش٦٧، د٨، ل١، لا٢٠٨ هەردو دوورن← چ دبوورن:

وەهـ چ عشق و چ سەلامەت هەردو دوورن ژ یەکی

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبووني مەحزووف فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، پێی سێیەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فعلاتن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. هەمان لەنگی لای هەریەک لە ئامێدی، زێرەڤان و زەڤەنگیش هەیە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا٢٧٩ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم لەتە لای هەریەک لە (هارتمان، دیوانا بەغدا، عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە:

وە چ عشق و چ سەلامەت چ دبوورن هەیهات

ئەمەیان لە ڕووی ڕێتمییەوە دروستە و لەنگ نییە.

هەوالنامەی کتێب

ش٧٠، د٢، ل١، لا٢١٣ ددەستێ وێ← هێژ د دەس:

مەی کو بچت ساغەرێ ددەستێ وێ دلبەرێ

کێشی شیعرەکە (بەسیتی هەشتیی مەتوی- مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن)ە، پێی سێیەمی ئەم لەتەشیعرە لەگەڵ (مفتعلن) تێک ناکاتەوە. ئامێدی لا٢٨٧ ئاماژە بەوە دەکات کە لای هەریەک لە تەها ئەبابەکری و مائی بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە و لە ڕووی عەروزییەوە دروستە و لەگەڵ کێشەکە تێک دەکاتەوە:

مەی کو بچت ساغەرێ هێژ د دەس دلبەرێ

ش٨٨، د٢٠، ل٢، لا٢٥٥ زولف← زولفان:

سووند ب وان زولف و خالان هەچوەکی بێژم وەیە

کێشی شیعرەکە (ڕەملی هەشتیی مەحزووف- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە. ئەم لەتە لای دۆسکی لەنگە پێی دووەمی لەگەڵ (فاعلاتن) تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٣٣٨، زەڤەنگی ج٢ لا٥٠٥، زێرەڤان لا١٧٤ دروستە، کە بەم شێوەیە:

سووند ب وان زولفان و خالان هەچوەکی بێژم وەیە

ش٨٨، د٢٢، ل١، لا٢٥٥ چەهڤە← چەهف:

عومرەکە دسووژم ب خەف چەهڤە نێری یەک پورسەک تەمە

کێشی شیعرەکە (ڕەملی هەشتیی مەحزووف- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە. پێی دووەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فاعلاتن) تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٣٣٩، زەڤەنگی لا٥٠٥ دروستن، کە بەم شێوەیەن:

ئامێدی: عومرەکە دسووژم ب خەف چەهڤ نێری یەک پورسەک تەمە

زەڤەنگی: عومرەکە دسووژم ب خەف چەهڤ نێریەک پورسەک تەمە

ش۹۲، د۲، ل۱، لا۲۷۷ عەنبەر← عەنبەرێ:

ل گولان مسک و عەنبەر برەشین

کێشـــی ئـــەم شـــیعرە (خـــەفیفی شەشـــیی مـــەخبوونی ئەســـڵەم-فاعلاتن(فعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەگەڵ (مفاعلن) تێک ناکاتەوە، لای زەڤەنگی لا۵۷۵ دروستە و بەم شێوەیە:

ل گولان مسک و عەنبەرێ برەشین

ش۹۲، د۱۶، ل۱، لا۲۷۸، نشانی← نشان:

خەت و خالان نشانی نشانی دە

کێشـــی شـــیعرەکە (خەفیفـــی شەشـــیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم-فاعلاتن(فعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەنگە، لای ئامێدی لا۳۸۳ دروســتە، کە لە جێــی (نشــانی)ی یەکەم (نشــان) نووســراوە، بەم شێوەیە:

خەت و خالان نشان نشانی دە

ش۹۵، د۱۲، ل۲، لا۲۸۵:

هندی کو هەنە جوملەتی مرئات و ئابینە

کێشەکەی (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف-مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، ئەم شیعرە لە چاپەکانی تر دەرناکەوێت تاوەکو

وشەی دروستتر لە ڕووی ڕیتمییەوە بۆ وشەی (ئایینە) دابنێین، تەنها ئەوە دەڵێین کە پێی چوارەمی ئەم لەتە دەبێت (فعولن) بێت وشەی (ئایینە) لەگەڵ ئەم پێیە ناگونجێت.

ش١١٠، د٨، ل١، لا٣٢١، ئابی ←تو بی:

تو پور ئحسان خوەی ڕەحمی ل دەرویشان ئابی خەشمی

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی تەواو مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)ە، پێی چوارەمی لەتەکە لەنگە و لەگەڵ (مفاعیلن) تێک ناکاتەوە. هەر دۆسکی لە پەراوێزی ئەم لەتەدا لا٣٢٣ دەڵێت لە چاپی (یوسفی) لە جێی (ئا)، (تو) هاتووە. کە ئەمەش لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە، کە بەم شێوەیەی لێدێت:

تو پور ئحسان خوەی ڕەحمی ل دەرویشان تو بی خەشمی

ش١١٢، د١١، ل١، لا٣٢٧ جارەکێ← جارەک:

ما ب زەهری شەکەری دۆست بخوونت جارەکێ

کێشی ئەم شیعرە (ڕەملی هەشتیی مەخبوونی ئەسڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە. هەر لەتێکی ١٤ بڕگەیە بە پێی سیستەمی کورتی و درێژیی قاڵبە کێشەکە، بەڵام ئەم لەتە (١٥) بڕگەیە و پێی کۆتایی لەتەکە لە جیاتی (فع لن)، (فاعلن) دەردەچێت، کە ئەمەش لەگەڵ ڕێسای قاڵبەکە تێک ناکاتەوە. ئەگەر چی لە چاپەکانی تریش ئەم لەتە بە هەمان شێوە دەرکەوتووە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم لەتە لا٤٤٦ دەڵێت لە چاپی (دیوانی مستەفا قەرەداغی)، ئەم لەتە بەم شێوەیە:

ما ب زەهری شەکەری دوستی بخوونت جارەک

دیارە لە ڕووی کێشەوە ئەم لەتەی کۆتایی دروستە و هیچ لەنگییەکی تێدا نییە.

ش١١٤، د٧٥، ل٢، لا٣٣٧ الله← ئیلاهـ:

مە ب ئلهامی (الله) ی زانی

کێشـــی ئەم شـــیعرە (ڕەمەلـــی شەشـــی مەخبـــوونی ئەســـڵەم-فعلاتن(فـــاعلاتن) فعلاتـــن فـــع لـــن)ە، پێـــی دووەمـــی ئەم لەتە (فعلاتـــن) دەرناچێت. لە چاپی ئامێدی لا٥١٧ دروستە، کە دەڵێت:

مە ب ئیلهامی ئیلاهی زانی

ش١١٤، د٧٦، ل١، لا٣٣٧ نشانی← نشان:

ب نشانی قودرەت ب نیشانی

کێشـــی ئەم شـــیعرە (ڕەمەلـــی شەشـــی مەخبـــوونی ئەســـڵەم-فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، ئەم لەتە لەگەڵ ئەم قاڵبە تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٥١٧ و زەڤەنگی لا٨٣٦، لەنگی لەم لەتەدا نییە، کە بەم شێوەیەن:

ئامیدی: ب نشان قودرەت بێ نیشانی

زەڤەنگی: ب نیشان قودرەت بێ نیشانی

ش١١٩، د١٨، ل١، لا٣٦٢ ناکەت← نەکر:

دلبەر چ بێ حەد زالمە جارەک ناکەت پورسێ ل مە

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەجەزی هەشـــتیی تەواو مســـتفعلن مســـتفعلن مستفعلن)ە، پێی سێیەمی لەتەکە لەنگە و (مستفعلن) دەرناچێت. ئەم لەتە لای هەریەک لە ئامێدی لا٤٥٢ و زەڤەنگی لا٧٣١ لەنگیی تێدا نییە و بەم شێوەیە:

دلبەر چ بێ حەد زالمە جارەک نەکر پورسێ ل مە

هەروەهـــا ئامێـــدی لە پەراوێـــزی ئەم شـــیعرەدا لا٤٥٢ دەڵێـــت لای هەریەک لە (تەهـــا ئەبـــابەکری، مـــائی، هارتمـــان، بەغـــدا، عبدالســـلام مـــراد ناجی)، لە جێی (جارەک نەکر)، (جارەک نەکەت) هاتووە، دیارە ئەمەش لە ڕووی کێشەوە گرفتی نییە و تەواوە.

ش١٢١، د١٢، ل٢، لا٣٧٠ بت← تێت:

نییەت چ ب جهـ بت دەما تەکبیرێ

کێشـــی شـــیعرەکە (هەزەجـــی هەشـــتیی ئەخرەبـــی مەکفـــووفی ئەبـــتەر مفعـــول مفاعیـــل مفـــاعیلن فـــع)ە، پێی دووەمـــی ئەم لەتە لەنـــگە و (مفـــاعیلن) دەرناچێت. هەمـــان لەنگـــی لای ئامێـــدی هەیە، بەڵام لای زەڤەنگـــی لا٧٥٨ و زێرەڤان لا٢٥٠ لەتەکە ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

نییەت چ ب جهـ تێت دەما تەکبیرێ

ش١٢٣، چ٥، د١، ل١، لا٣٧٤ حەبابێ← ژ حوبابێ:

پەردە حەبابێ ب حیجابێ تە ڤەدائین

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف-مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، پێی یەکەمـی لەتەکە لەگەڵ (مفعول) تێک ناکاتەوە، ئەم لەتە لای ئامێدی لا٥٢١ ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

پەردە ژ حوبابێ ب حجابێ تە ڤەدائین

ش۱۲۳، چ۸، د۲، ل۱، لا ۳۷۵، مە← بم:

قوربانی تە مە من بکە ئامانجێ جەریدان

کێشـــی شـــیعرەکە (هەزەجـــی هەشـــتیی ئەخرەبـــی مەکفـــووفی مەقسـوور- مفعـول مفاعیـل مفاعیـل فعـولان)ە، پێـی دووەمـی لەتەکە لەنـگە و لەگەڵ (مفاعیـل) تێـک ناکـاتەوە. لە چـاپی ئامێـدی لا۵۲۳ لە جێـــی وشـــەی (مە)، وشـــەی (بـــم) هـــاتووە، کە ئەمەش لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە، بەم شێوەیە:

قوربانی تە بم من بکە ئامانجی جەریدان

ئەللاهـ← ئەلله

لە هەریەک لەم لەتە شیعرانەدا:

ش۵۹، د۸، ل۱، لا۱۸۵:

ئەللاهـ ئەللاهـ چەرخ و دۆلابێ بنێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشیی مەحزووف- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە.

ش۸۹، د٦، ل۲، لا۲۵۷:

(الله، الله) ب خودێ قەت د بهی ئەڤ چ خەتایە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوون- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلاتن)ە.

ش١١٤، د٧١، ل١، لا٣٣٧:

الله الله ژ چ رەنگ ئنسانێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلن)ە.

ش١١٧، د١٣، ل٢، لا٣٤٩:

الله الله چ تەجەللایە ژ سررا قەدەرێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە.

پێی یەکەمی هەرچوار لەتی سەرەوە پێویستە (فاعلاتن) دەربچێت. دیارە ئەگەر (ئەڵڵاهـ ئەڵڵاهـ) بخوێندرێنەوە لەنگ دەبن. بەڵام ئەگەر بە (ئەڵڵە ئەڵڵە) یان بە (ئەڵڵە ئەڵڵاهـ) بخوێندرێنەوە، ئەوە گرفتی عەرووزییان نابێ و دروستن. ئەم حاڵەتانە نەک هەر لای دۆسکی بەم شێوەیە، بەڵکو لە چاپەکانی تریش هەر وا نووسراوە.

١. ٢. سوانی وشە و دەستەواژە:

ش١٠، د٩٥، ل٢، لا٦٣، سوانی وشەی (وێ):

مەدهووش و مەستێ مەیێ شووشا گولاڤ ئاشوفتەدا

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەجەزی هەشـــتیی تەواو، مســـتفعلن مســـتفعلن مستفعلن مستفعلن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەگەڵ (مستفعلن) تێک ناکاتـەوە. بە پێی گەڕان لە چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە وشەی (وێ) پێش وشـەی (مـەیێ) پـەڕیوە. بۆ نموونـە لای سـادق بەهـائەدین لا٦٢ دروسـتە، کـە بـەم شێوەیە:

مەدهۆش و مەستێ وێ مەیێ شووشا گولاڤ ئاشوفتەدا

ش١٢٣، چ١٤، د١، ل١، لا٣٧٦ سوانی دەستەواژەی (ب ئیشارەت):

پەیغام و بشارەت مە گەهشتێ

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشـتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف مفعـول مفاعیـل مفاعیـل فعـولن)ە، پێـی دووەم و سـێیەمی لەتەکە لەگەڵ (مفاعیل مفاعیل) تێک ناکاتەوە، ئەم لەتە لای ئامێدی لا٥٢٤ ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

پەیغام و بشارەت ب ئیشارەت مە گەهشتێ

١. ٣. زیادەی وشە:

ش٤٠، د٧، ل١، لا١٣٩، زیادەی وشەی (تو):

ب دیناری دەنی زنهار دا یاری خوە تو نەفرۆشی

کێشی شـیعرەکە (هەزەجی هەشـتیی تەواو مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)ە، هەر دۆسکی خۆی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا١٤٠ ئاماژە بەوە دەکـات، کە لە چاپەکـانی (حەلەب، وەسـتانی، پاشـا، کـۆڤلی) وشـەی (تـو) نەهاتووە و ئەمەش دروستە. کەواتە ڕاستیی ئەم لەتە بەم شێوەیە:

ب دیناری دەنی زنهار دا یاری خوە نەفرۆشی

ش٨٠، د٥، ل٢، لا٢٣١، زیادەی وشەی (هەر):

حەتتا ب فەلەک هەر هەر دڕەتن ئاهـ و ئەهێ من

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، بەڵام زیادەی وشەی (هەر) ڕێتمی پێی دووەم (مفاعیل)ی تێک داوە و کە لابچێت دروست دەبێت. ئەم لەتە لای ئامێدی لا٣١٠ و زەڤەنگی لا٤٥٥ دروستە و بەم شێوەیە:

حەتتا ب فەلەک هەر دڕەتن ئاهـ و ئەهێ من

ش٩٢، د٦، ل٢، لا٢٧٧، زیادەی وشەی (کەر):

لێ سەراسەر بفەصلین و کەر کەر کە

کێشی شیعرەکە (خەفیفی شەشیی مەخبووونی ئەسڵەم فعلاتن(فاعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، وشەی (کەر) کە هێڵی بەژێردا کێشراوە لەگەڵ پێی سێیەمی لەتەکە (فع لن) تێک ناکاتەوە، بە لادانی کێشەکە دروست دەبێت. هەمان لەنگی لای هەرێەک لە ئامێدی، زەڤەنگی و زێرەڤانیش هەیە بەڵام لای هەژار لا٤٥٣ دروستە و بەم شێوەیە:

لێ سەراسەر بفەصصلین کەر کە

هەروەها ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا لا٣٨٢ دەڵێت لە دیوانەکانی (هارتمان، بەغدا، عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە:

لێ سەراسەر بفەصلین و کەر کە

ئەمەشیان لە ڕووی کێشەوە دروستە و لەنگ نییە.

٢. لەنگییەکان لە ئاستی لەت و دێرە شیعردا:

هەندێ لەنگییەکانی چاپی (دۆسکی)ی دیوانی مەلای جزیری، لەسەر ئاستی لەت و دێرە شیعرن، واتە لەنگییەکە تەنها لە دەنگ و بڕگەیەک، یاخود لە وشە و دەستەواژەیەکی ناو دێرە شیعرکەدا نییە، بەڵکو لە کۆی لەتە شیعرەکە، یان دێرە شیعرەکەدایە. هەندێ لەو حاڵەتانە چەند لەتە شیعرێکن، کە لە ڕووی کێشەوە لەگەڵ شیعرەکە تێک ناکەنەوە، ئەوە بە زۆری نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لەتە هی شیعرێکی تر‌ە و پەڕیوەتە ناو شیعرەکە و لەنگی کردووە. لەنگیی هەندێکی تریان بۆ خراپ ساغکردنەوەیان دەگەڕێتەوە، بۆیە کە بەراورد دەکرێن لەگەڵ چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە دێرە شیعرەکە یان لەتە شیعرەکە لە ئەسڵدا لەنگ نییە، بەڵکو ئەو کەسەی ساغی کردۆتەوە، نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی عەرووزی ساغیان بکاتەوە. لێرەدا بە وردی ئەو حاڵەتانە دەستنیشان کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە:

ش١٢، د٧، ل١، لا٧٣:

<u>گەر ژ دەستێ تەی موبارەک زەهرەیێ قاتیل ڤەخۆم ئەز</u>

ڤێ ل من شەهد و عەسەل بت شەکەر ئامێز و خوشاب

ئەم دێرە شیعرە لای دۆسکی و سادق بەهائەدین هەیە و شیعرەکە ١٣ دێرە، بەڵام لە چاپەکانی تری زەڤەنگی، عارف زێرەڤان و شەفیق سادقی نییە و شیعرەکە ١٢ دێرە. ئەوەی تێبینی دەکرێ لەتی یەکەمی دێرە شیعرەکە لە سەر کێشی ڕەمەلی هەشتیی تەواو هۆنراوەتەوە، لە کاتێکدا کێشی گشتیی شیعرەکە ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوورە. بۆیە پێدەچێت لەتی یەکەم یان تەواوی دێرەکە بەهەڵە پەڕیبێتە ناو ئەو شیعرە.

ش٣٦، د١٤، ل١، لا١٣٢:

گوفت و گو وی مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

لای سادق بەهائەدین، لا۱۹۸:

گفتوگویێ مەعرفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

لای زێرەڤان، لا۹۰:

گوفتووگۆیێ مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

لای شەفیع سادقی، لا۱٦۸:

گوفت و گۆیێ مەعریفەتێ چەندی مەلا پەیدا بکی

لای زەڤەنگی، لا۲۲۲:

گوفت و گویی مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

کێشی ئەم شیعرە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، بەڵام ئەم لەتەدێرە لەگەڵ کێشەکە تێک ناکاتەوە. دوای سەرنج دان لە هەریەک لە چاپەکانی تر، سادق بەهائەدین، زێرەڤان، شەفیع سادقی، زەڤەنگی، دەبینین هەریەکەیان بە شێوەیەک ئەو لەتەدیرەیان ساغ کردۆتەوە و هیچیشیان لەگەڵ کێشی شیعرەکە تێک ناکەنەوە و لەتەدێرەکە لەنگە. بەڵام سادق بەهائەدین لا۱۹۸ لەبارەی ئەم لەتەشیعرە ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەریەک لە چاپەکانی (دیوانا مارتن هارتمان، دیوانا بەغدا، دیوانا عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە هاتووە:

گوفتوگۆ چەندی مەلا مەعریفەتێ پەیدا کە

دیارە کێشی ئەم لەتە دەبێتە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەسڵەم- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن). ئەم قاڵبە کێشە لەگەڵ قاڵبە کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف) تێک دەکەنەوە و زۆر جار شاعیرانی کلاسیکی تێکەڵیان کردوون و لە دەقێکی شیعریدا هەردوو قاڵبە کێشەکەیان بەکار هێناوە. جیاوازیی نێوانیشیان تەنها لە پێی کۆتاییدایە، یەکێکیان بریتییە لە دوو بڕگەی کورت و بڕگەیەکی درێژ (فعلن UU –)، ئەوەی تر بریتییە لە دوو بڕگەی درێژ (فع لن – –). کەواتە دەشێت ئەم لەتەدێرە لە ڕووی عەرووزی ڕاستەینیان بێت، چونکە لەنگ نییە و لەگەڵ کێشی شیعرەکەش تێک دەکاتەوە.

ش٤٢، د١، ل١، لا١٤٣:

ئەی مەلا نامێ تەیە (خمسة عشر)

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، ئەم لەتەدێرە لەنگە و لەگەڵ کێشەکە تێک ناکاتەوە. دوای سەرنجدان لە هەریەک لە چاپەکانی تر (زەڤەنگی، ئامێدی، زێرەڤان، سادقی)، دەرکەوت ئەم شیعرە تەنها لای دۆسکی هەیە و لای ئەوانی تر نییە. دەرەنجام دەگەینە ئەو ڕایەی کە لەتەدێرەکە وشەیەک یان زیاتری لێ قرتاوە، یاخود بەهەڵە هاتۆتە ناو شیعرەکەوە.

ش٦٨، د٦، ل١، لا٢٠٩:

سینە گەهـ تێت کو بکەر بت ئەو ژ دەربێ موحبەتێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، ئەم لەتە لەنگە و لەگەڵ کێشەکە تێک ناکاتەوە، هەمان لەنگی لای ئامێدی لا٢٨٢، زێرەڤان لا١٣٩، زەڤەنگی

لا٣٨٩ ش هەیە. بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا٢٨٢ دەڵێت کە لە چاپەکانی (مصطفی قرداغی، طه ابابکری، مائی و هاڤلێری) بەم شێوەیە:

سینەگەهـ تێت کو بکەر بیت ژ ضەربێ عشقێ

دیارە بەم شێوەیە کێشەکەی دروست دەبێت.

ش٧٠، د١٠، ل١، لا٢١٤:

<u>گەر چ ب چەشمێ (انا) عالەم مەلا کر فەنا</u>

کێشی شیعرەکە (بەسیتی هەشتیی مەتوی مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن)ە، ئەو لەتە لەنگە، ئامێدی لا٢٨٩ ئاماژە بەوە دەکات کە هەمان لەت لای تەها ئەبابەکری و مائی بەم شێوەیە هاتووە:

گەر چ د چەهڤێن مەلا هین دو عالەم فەنا

هەروەها دەڵێت؛ لە نوسخەکانی (دیوانا بەغدا) و (دیوانا عبدالسلام مراد ناجی)ش بەم شێوەیە هاتووە:

کرد د چەهڤێن مەلێ هین دو عالەم فەنا

دیارە کە هەردوو حاڵەتەکە لە ڕووی عەرووزییەوە دروستن.

ش٩٢، د١٣، ل١، لا٢٧٨:

<u>وەرە جارەک تو دەرێ لوتفێ ڤەکە</u>

<u>مە ب قوربانی تێک خەنجەر کە</u>

کێشی شیعرەکە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسڵەم فعلاتن مفاعلن فع لن)ە، هەردوو لەتی ئەم دێرە لەنگن، دێرەکە لای زەقەنگی و ئامێدی نییە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێز ئاماژەی بەوە داوە لا٣٨٣ کە لای (فون مارتن هارتمان) هەیە و بەم شێوەیە:

وەرە جارەک ئەگەر تو لوتفێ کەی

مە ب قوربانی یەک دو خەنجەر کە

دیارە ئەمەی (فون مارتن هارتمان) لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە و قاڵبی کێشەکە وەک خۆی دەردەچێت.

ش١٠٢، د،١، ل١، لا٣٠١:

نێرگزا مەست و خەرامان د سەحەرگەە کو مەشی

کێشی ئەم شیعرە لە هەموو دێرەکانی تر بریتییە لە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەجبووب- مفعول مفاعیل مفاعیل فعل)، تەنها لەم لەتە نەبێت کە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف)ە. ئەم لەتە لە چاپەکانی زەقەنگی لا٦٧٠ ، زێرەڤان لا٢٢٣ ش بەهەمان شێوە دەرکەوتووە، بەڵام لە چاپەکانی تر نییە. پێمان وایە ئەم لەتە بە هەڵە پەڕیوەتە ناو ئەم شیعرە و بەشێک نییە لە شیعرەکە.

ش١٠٤، د٨، ل١، لا٣٠٧:

تە چ حاجەت ب سولەیمانی پی حوسنێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، واتە هەر لەتێک (١٠) بڕگەیە، تەنها ئەو لەتە نەبێت کە (١٢) بڕگەیە و بریتییە لە (فعلاتن فعلاتن فعلاتن)، ئەمەش

لەگەڵ کێشی (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم) تێک ناکاتەوە. ئەم لەتە لە هەریەک لە چاپەکانی زەڤەنگی لا٧٤٠، ئامێدی لا٤٥٨، زێرەڤان لا٢٤٣ ش هاوشێوەی چاپی دۆسکی هەیە و لەنگە.

ش١١٤، د٢١، ل٢، لا٣٣٣:

(لله الحمد) چ عالی شانم

کێشی ئەم شیعرە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، بۆ ئەوەی پێی یەکەمی ئەم لەتە (فاعلاتن) دەربچێت، دەبێت دوو وشەی سەرەتایی بە (لیللەهیل حەمد) بخوێندرێتەوە، ئەگینا کێشەکە لەنگ دەبێت. ئەم لەتە لای هەر یەک لە ئامێدی لا٥٠٩ و زەڤەنگی لا٨٢٤ پش بەهەمان شێوەی دۆسکی هاتووە و لەنگە.

ش١٢١، د٣، ل٢، لا٣٦٩:

(فی احسن تقویم) لەو هاتی یە تەفسیرێ

ئەم لەتە بە هەمان شێوەی دۆسکی، لای هەریەک لە زەڤەنگی لا٧٥٤، ئامێدی لا٤٦٦ و زێرەڤان لا٢٤٩ ش هاتووە. گرفتە ڕیتمییەکەی لەوەدایە کە کێشی کۆی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی ئەبتەر مفعول مفاعیل مفاعیل فع)ە، بەڵام کێشی ئەم لەتە جیاوازە، کە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەب مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن)ە.

ش١٢١، د١٣، ل٢، لا٣٧٠:

جارەک تو گۆیی د دەربێن تیرێ

هەواڵنامەی کێش

کێشـی شـیعرەکە (هەزەجـی هەشـتیی ئەخرەبـی مەکفـووفی ئەبـتەر مفعـول مفاعیـل مفاعیـل فـع)ە، ئەم لەتە لەنگە و لەگەڵ قـاڵبە کێشـەکە تێک ناکـاتەوە، لای هەریەک لە زەڤەنگـی، زێرەڤـان و ئامێـدیش هەمـان لەنگـی هەیە، بەڵام ئامێـدی لا٤٦٨ لە پەراوێـزی ئەم شـیعرەدا دەڵێـت ئەم لەتە لە چاپەکانی (فۆن مارتن هارتمـان، دیوانـا بەغدا، عبدالسـلام مـراد نـاجی) بەم شێوەیە:

جارەک دکە وی هێژ ژ دەربا تیرێ

دیارە ئەم لەتە ڕیتمەکەی تەواوە و لەنگ نییە.

ش١٢٣، چ١٥، د٢، ل١، لا٣٧٦:

دا هەر ژ دل ڕیش بکن یەغمائێ

کێشـی شـیعرەکە (هەزەجـی هەشـتیی ئەخرەبـی مەکفـووفی ئەبـتەر مفعول مفاعیل مفاعیل فع)ە، ئەم لەتە لەنگە و لای ئامێدی لا٥٢٤ ڕاسـتترە، کە بەم شێوەیە:

دا هەر ژ دلی ڕیش بکەن یەغمائێ

هەوڵنامەی کێبڕکێ

ئەنجامەکان:

١. هەموو ئەو چاپانەی دیوانی مەلای جزیری کە لەبەردەست دان، کەم تا زۆر هەڵە و لەنگیی عەروزییان تێدایە.

٢. ئەو چاپەی کە بنەمای ئەو توێژینەوەیە، چاپی (ئیبراهیم دۆسکی)یە و بۆیە کراوەتە بنەما، چونکە بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی دی نوێترە و هاوکات ئاگاداری چاپەکانی تر بووە و لەسەر بنەمای هەموو دەستنووس و چاپی پێش خۆی، دیوانی جزیریی ئامادەکردۆتەوە. دیارە ئەم چاپەش بەدەر نییە لە هەڵە و لەنگیی عەروزی.

٣. تێکڕای ئەو دێرە شیعرانەی لەڕووی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعردا لە چاپی دۆسکی لەنگن، (٤١) چل و یەک دێرن.

٤. (٢٤) بیست و چوار حاڵەتی لەنگییەکان بوونی وشەیەک یاخود دەستەواژەیەکە لە جێی وشە و دەستەواژەیەکی تر.

٥. (٢) دوو حاڵەتی لەنگی بە هۆی سوانی وشە و دەستەواژەیە.

٦. (٣) سێ حاڵەتی لەنگی بە هۆی زیادەی وشەیە لەناو دێرە شیعردا.

٧. (١٢) دوانزە حاڵەتی لەنگی لەسەر ئاستی لەت و دێرە شیعرن، بە شێوەیەک کە هەندێک لەو لەتانە پێدەچێت پەڕیبنە ناو ئەو شیعرانە، کە سەر بە کێشێکی ترن و لەگەڵ کێشی شیعرەکە تێک ناکەنەوە. هەندێکی تریشیان، بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە بە هەڵە ساغ کراونەتەوە و بە پێوەری عەروز چارەسەر کراون.

هەوڵنامەی کێبڕکێ

سەرچاوەکان:

- ئامێدی، سادق بەهائەدین، دیوانا مەلایێ جزیری، چاپا یەکێ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، دیوانا مەلایێ جزیری، چاپا دووێ، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، ٢٠٠٥.

- الزڤنگی، احمد بن الملا محمد، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، ج١و٢، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

- زێرەڤان، عارف، مەلایێ جزیری(دیوان)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- صادقی، شفیع، دیوان عارف ربانی شیخ احمد جزیری معروف به (مەلای جزیری)، مؤسسه انتشارات حسینی اصل، ارومیه، ١٣٨٩.

- گەردی، عەزیز، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

- هەژار، دیوانی عارفی ربانی شیخ احمد جزیری (مەلای جزیری)، سروش، تهران، ١٣٦١.

هەواڵنامەی کێبن

ملخص:

هذه الدراسة الموسومة ب (الخِلال العروضية في إحدى طبعات ديوان الملا الجزيري- على مستوى الكلمة والعبارة والمقطع والأبيات الشعرية) محاولة لتحديد الخلال والأخطاء ومقارنتها بالطبعات الأخرى لهذا الديوان، ومعالجتها وفق المعايير العروضية. حيث تم تحديد الخلل العروضي في الكلمة والعبارة والمقطع والأبيات الشعرية.

تتكوّن الدراسة من مقدّمة وقسمين وخاتمة، تمّ في القسم الأول تحديد الخلال العروضية على مستوى الكلمة والمصطلح ، من خلال ثلاثة محاور، حيث حدد في المحور الأول الخلل العروضي الناتج عن وضع كلمة أو عبارة مكان كلمة أو عبارة أخرى، أما حالات الخلل العروضي الناتجة عن حذف الكلمة أو العبارة فقد تم تحديدها في المحور الثاني، وكفل المحور الثالث ببيان حالات الخلل الناتج عن زيادة كلمة، ومعالجتها كل ذلك وفق المعايير العروضية، بعد مقارنتها بما ورد في الطبعات الأخرى للديوان نفسه .
وحاولنا في القسم الثاني تحديد الخلال العروضية على مستوى المقطع والأبيات الشعرية، ومعالجتها وفق المعايير العروضية، بعد المقارنة بما ورد في الطبعات الأخرى لديوان الملا الجزيري .
ثم جاءت الخاتمة لتعرض فيها أهم نتائج الدراسة.

هاوڵاتنامەی کتێب

Abstract

This research, which is titled “Asymmetric prosody in one of Melay Ciziri’s book editions at the level of word, phrase, poetic hemistich and stanza”, studies and identifies the errors and asymmetric rhythmic prosody in one of Melay Ciziri’s book edition and compare them with other editions. The research explores the solutions according to the prosody criteria.

The research consists of two parts. In the first part, asymmetric prosodies are identified at the level of word and phrase, and this part is divided to three sections. Section one includes the identification of asymmetric prosodies resulted due to a word or a phrase used instead of another word or phrase. Section two is the asymmetric prosodies formed as a result of missing a word or a phrase. The third section covers asymmetric prosodies formed as a result of using extra word.

The second part of this research focuses on asymmetric prosodies at the level of hemistich and stanza. All the cases are investigated and compared with other editions of Ciziri’s poem and the solutions are presented according to prosody’s criteria.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.3

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی (صابری)دا

هەوالنامەی کتێب

پ. ی. د. محمد امین عبدالله

زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

mohammed.ameen@univsul.edu.iq

م. ی. هاوکار علی عبدالکریم

پەروەردەی کەرکووک بەشی زمانی کوردی

پوختە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی صابریدا)، صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانی دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیکییەوە، بەڵام لە شیعرەکانیدا چەند دیاردەیەک بەرچاو دەکەون، کە دەرچوونن لە یاسا و ڕێساکانی شیعری کلاسیکی و لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دۆزینەوە و خستنەڕووی ئەو دیاردانە کراوە و ئەوە ڕوون کراوەتەوە، کە ئەو دیاردانە بوونەتە تایبەتمەندیی شیعرەکانی صابری و شێوازێکی تایبەتن بەو و لە شاعیرەکانی تر جیای دەکەنەوە.

وشە کلیلییەکان: دیاردە، شێواز، صابری، دووبارەکردنەوە، وشەی کلیلی.

هەوالنامەی کتێب

چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی (صابری)دا

پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەگەر چاوێک بە دیوانەکەی صابریدا بخشێنین و بە وردی سەرنجی شیعرەکانی بدەین، کۆمەڵێک دیاردەی جیاواز و سەرنجڕاکێشمان بەرچاو دەکەوێت کە تایبەتن بە شێوازی شیعری صابرییەوە و لە شاعیرانی تر جیایدەکەنەوە، لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستووەتە سەر گرنگترین ئەو دیاردانە، بۆیە توێژینەوەکەمان ناو ناوە (چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعری "صابری"دا).

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی صابری دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردییەوە، شیعری کلاسیکی کوردیش کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە و شاعیران بە گشتی پێوەیان پابەندبوون، بەڵام صابری بە شێوەیەکی بەرچاو لەو یاسا و ڕێسایانە لای داوە، لادان لەو یاسا و ڕێسایانەش بووەتە لایەنێکی گرنگی شێوازی شیعری صابری و پێویستی بە توێژینەوە و ئاشکراکردن هەیە.

سنووری توێژینەوەکە: سنووری توێژینەوە تەنها شیعرەکانی صابری دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو دەقە شیعرییانەی شاعیر، کە تیایاندا یاسا و ڕێساکانی شیعری کلاسیکی شکاندووە و پێیانەوە پابەندنەبووە.

میتۆدی توێژینەوەکە: ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە، میتۆدی شێوازگەرییە، چونکە ئەم میتۆدە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکە و میکانیزمی کارکردن لەسەر شیعرەکانی شاعیر و لادانی لە ڕێسا و یاساکانی شیعری کلاسیکیدا دەگونجێت و لە ڕێگەیەوە دەتوانین شێواز و تایبەتمەندیی شیعرەکانی شاعیر دەربخەین.

پێکهـاتەی لێکـۆڵینەوەکە: لێکـۆڵینەوەکە لە پێشـەکی و دەروازەیەک پێکهـاتووە لەگەڵ چەنـد سـەرەبابەتێکی تـایبەت بە دیـاردەی شـیعری صـابری، کە بـریتین لە: دیـاردەی بەکارهێنـانی نازنـاو زیـاد لە جارێک و هاوسەروا کردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعر و دیاردەی گۆڕینی دەنگ و دروسـتکردنی وشـەی لێکـدراوی تـازە لەگەڵ وشـە کلیلییەکـان. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو و لیستی سەرچاوەکان نوسراون.

دەروازە[1]

وشە و چەمکی شێواز:

سەبارەت بە وشەی شێواز دەکرێ بوترێت "زاراوەی شێواز(style) لە واتـا ڕۆژئاواییەکەیـدا پەیوەنـدیی هەیە بە واتـا لاتینیـیەکەیەوە کە دروسـتبووە لە واتـای وشـەی (stylus) کە بە واتـای (ڕیشـاڵ) لە گریکدا (stylos) بە واتـای (سـتوون) دێـت" (بـن خویـة، ۲۰۱۳، ص۳۱)، یـان دەوترێت "لە وشەی (stylus) هاتووە، بە واتای (هەڵکۆڵەر) کە بەکاردێت لە نوسـیندا، ئەمـیش ڕێگـایەکی نوسـینە. بەکارهێنـانی ئـامرازی دەربـڕینە لەلایەن نوسەرەوە لە پێناو مەبەستە ئەدەبییەکانیدا" (جیرو، ١٩٩٤، ص٩.)، هەڵـبەتە ئەمە لە زمـانی لاتینیـدایە، کەواتە (style) زاراوەیەکـی ئەدەبـی ڕۆژئاواییە و لە وانەوە گواستراوەتەوە بۆ نەتەوەکانی تر.

لە زمـانی کوردیـدا وشـەی (شـێواز) بەرانـبەر (Style) دانـراوە، ئەم زاراوەیە لەلای کـورد نـوێیە، چـونکە "لای کـورد تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەم هەر وشەی (اسلوب)ی عەرەبی بۆ ئەم چەمکە بەکارهـاتووە، بەڵام دوای هەڵمەتـی بژارکردنـی زمـانی کـوردی (بەتـایبەت لە باشـووری کوردسـتان) وشـەی (شـێواز) جـێگەی وشـە عەرەبیـیەکەی گرتـووەتەوە" (چـالی، ۲۰۰۸، ل۲۱.)، عەرەبەکـان (اسـلوب)ی پێـدەڵێن و لە ئەدەبیـاتی فارسیشدا (سبک) بەکاردێت. وشەی (شێواز) لە فەرهەنگدا بە چەند واتا و شـێوەیەک پیشـاندراوە: لە (فەرهەنگی خـاڵ)دا، بە واتـای "شـێوەی تـایبەتی

نوسین یا قسەکردن (اسلوب)" (خاڵ، ١٩٨٧، ل٣٥١.) هاتووە، لە (هەنبانە بۆرینە)ی هەژاردا بەم واتایانە دەبینرێت "شکڵ و تەرح، ڕاهاتن، شێواز، هیئت و قیافە" (هەژار، (١٣٨٨ / ٢٠٠٩)، ل٥٠٢.) لە فەرهەنگی ئاسانیش بەم واژانە دیاریکراوە"أسلوب: شێواز، شێوە و جۆر، چەشن"(ئاکۆ فاتیح، ٢٠٠٤، ل٣١.) لە (ئۆکسفۆرد)ی سەلام ناوخۆشیش بەم شێوەیە"شێواز، أسلوب، طراز، design، style" (ناوخۆش، ٢٠١٢، ل١٤١). بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە وشەی شێوازە وەک زاراوەیەک و وەک زانستێک، کە لەلایەن لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوایی کاری لەسەر کراوە و سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، ئەم سەرهەڵدانەش هەر لە خۆوە نەبووە، بەڵکو "دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هات، بەتایبەتی لە شۆڕشە زمانەوانییەکەی فردیناند دی سۆسێر (١٨٥٧_١٩١٣)، کە لە دواییدا لەسەر دەستی چارلس بالی قوتابی دی سۆسێر، بووە مایەی لەدایکبوونی زانستی شێواز یان شێوازگەریی. واتە چارلس بالی (١٨٦٥_١٩٤٧) داهێنەری ئەم زاراوەیەیە و دامەزرێنەری زانستی شێوازە لە زمانەوانیدا" (ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٤) و وەک ڕێبازێکی سەربەخۆ ناساندی و بوو بە زانستی شێواز و شێوازگەری کە (stylistic)ی پێدەوترێت.

دەربارەی پێناسەی شێواز، لەبەرئەوەی شێواز لەگشت بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەیە. تیۆرییەک و بۆچوونێکی وەها نییە تا بتوانێت هەموو ئەو پێناسانەی دەربارەی شێواز هەن لەخۆی کۆبکاتەوە و هەموو لایەک لەسەری کۆکبن و ڕێکبکەون، بەڵام دامەزرێنەری زانستی شێواز (چارلس بالی) شێوازی وەها پێناسە کردووە "شێوازی گوزارشت کردن، ئەو زانستەیە کە لە ناوەڕۆکە هەستییەکانی گوزارشتی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە، واتە گوزارشت کردن لە واقیعی هەست و سۆزی مرۆڤ لە میانی زمانەوە دیسان لە میانی هەست و سۆزیشەوە گوزارشت لە واقیعی زمان دەکرێت" (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٥)، هەر بالی لە

پێناسەیەکی تردا دەڵێت: "کۆمەڵێک ڕەگەزی زمانەوانییە کە لەڕووی سۆزەوە کاریگەری دەبێت بۆ سەر گوێگر یا خوێنەر" (بن خوية، ٢٠١٣، ص ٣٤) ، کەواتە بالی زیاتر گرنگی بە زمانی وتراو و لایەنی ویژدانی داوە نەک زمانی نوسراو، بۆیە شێوازگەری لای بالی مەبەستێکی زمانەوانی هەبووە. بەڵام (جان کۆهین) شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ زمانی نووسین و دەڵێت: "یەکەم شت کەوا ئەم شیکردنەوەی لەسەر بونیات دەنرێت، ئەوەیە کە شاعیر نادوێت وەک ئەوەی کە هەموو خەڵکی دەدوێت، بەڵکو زمانەکەی شازە، ئەم شازییە شێوازێکی پێ دەدات. شیعرییەت زانستی شێوازی شیعرییە" (بن خوية، ٢٠١٣، ص ٣٨)، بەم پێیە شێواز لەو ڕووەوە لە دەق دەکۆڵێتەوە، کە لە زمانی ئاسایی جیایە. (ڕیڤاتێر) پێناسەیەکی تر پێشنیاز دەکات و دەڵێت: "شێوازی ئەدەبی بریتییە لە فۆرمی هەموو نوسراوێکی تاکەکەسی، کە بە مەبەستی ئەدەبی داڕێژرابێت، ئەمەش شێوازی نوسەرەکە و کارە ئەدەبییەکە دەردەخات. ڕیڤاتێر وای دەبینێت کە زمان گوزارشت دەکات و شێوازیش بەرجەستەی دەکات" (ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٨)، واتە لای کۆهین شێواز لە زمانی نوسینی دەقی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە. نوسەری فەڕەنسی (کۆنت بوفۆن) لە پێناسە بەربلاوەکەیدا دەڵێت: "شێواز بریتییە لە مرۆڤ خۆی" (ئەسوەد، ٢٠١١، ل ٥٧). ئەدیبی فەڕەنسی (مارسیل برۆست) وای دەبینێت "ئەو شوێنپەنجانەیە، کە داڕشتنی گوتار لە خۆیان هەڵدەگرێت، وەکو ئەو گەواهییەی لێدێت، کە ناسڕێتەوە" (د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، ٢٠١٠، ل١٣)، کەواتە کۆی پێناسەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە پەیوەستە بە چۆنیەتیی نوسینی دەق لەلایەن نوسەرەوە.

لای کوردیش، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو (شێخ نووری شێخ سالّح) زنجیرە وتارێکی ئەدەبی نوسیوە و لە باسی (اسلوب چیە)دا، پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت: "اسلوب بە او گرزی مخصوصی بیانە الین کە هر خطیبیک یاخود هر محرریک اوی لە دماغیایەتی افادەی اکات،

همـو خطیبیـک مالـک گرزیکـی مخصوصـی بیـانه معلـومه که همـو کـس مخصـوص خـوی چنـد حرکـاتیکی هـیه هلسـانی، دانیشـتنی، خـواردنی، خواردنەوەی، وتنی هموی یک له یک جیاوازن" (م. نوری، ١٩٢٦، ل٢)، یان دەوترێت "ستایل دەنگ و ئاوازەی خودی نوسـەرە، تـایبەتە به کەسـایەتیی ئەوەوە، وەک پێکەنینـی، ڕۆیشـتنی، دەسـنووس و تەعبیـری دەم و چـاوی، ستایڵ خودی کەسەکە – هونەرمەندەکەیە"(هاڵبیرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠، ل١٧٩) ئەم دوو ناسـینە دریژەپێـدەر و پاڵپشـتی پێناسـەکەی بۆفـۆنن که دەڵێت: (شێواز مرۆڤەکە خۆیەتی). چـونکه هەمـوو هەڵسـوکەوتێکی مـرۆڤ شـێوازێکە و کەسـایەتییەکەی دیاریـدەکەن، هەروەک شـێخ نـووری و بوفۆنیش هەمان مەبەست و پەیامیان هەیە.

سـەبارەت به پەیوەندیی شـێوازگەریش به ڕەوانبێژییەوە "هەر وەکو لێکـۆڵەرانی شـێوازگەری تەماشـای دەکەن لەدایکبـووی ڕەوانبێـژی و شـوێنگرەوەی ڕاسـتەوخۆیەتی یـان ڕەوانبێـژی نـوێیە" (بودوخـة، ٢٠١١، ص٧) بۆیە لەم ڕووەوە دەوترێت "گرنگی بـالی لەوەدایە که بۆ یەکەمجار له مێژووی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا دەسـتیکرد به گواسـتنەوەی لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازگەری لەژێر کاریگەریی زمانەوانەکان له ڕووی پڕۆگـرام و بیـرەوە بـۆ گۆڕەپـانی داهـاتوو. وای لێهـات که پێناسـه دەکرا به گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی شێواز یـان شـێوازگەری" (عیاشـي، ٢٠٠٩، ص٣٠)، کەواتە شـێوازگەری به قۆنـاغی دوای ڕەوانبێـژی و جێگـرەوەی دادەنرێت.

مـاوەتەوە بڵێـین، شـێواز و شـێوازگەری، دەکرێـت تـایبەت بێـت به کەسێکەوە، که هەندێ جار قوتابخانەیەکی بەناودەکرێت، وەک قوتابخـانەی چۆمسکی، قوتابخانەی بلوم فیلد، یا شێوازی قوتابخانەی نالی، یان تـایبەت بـێ به سـەردەمێکەوە یـاخود نەتەوە و کـۆمەڵە کەسـێکەوە، هەمـوو ئەو پێناسـانەش له سـێ ڕوانینـەوە بـۆی دەچـن: (نوسـەر- دەق- خـوێنەر).

سەرجەمیشیان ڕاستی شێوازەکانیان نیشاندەدەن، کە چۆن ئەو نوسەرانە بیر و هرز و ئەندێشەیان لەو تێکستەدا پراکتیک دەکەن

دیاردە شێوازییە سەرنجڕاکێشەکان لە شیعری صابریدا:

گەر چاو بە دیوانەکەی صابریدا بخشێنین و سەرنجی شیعرەکانی بدەین، چەندین دیاردەی تایبەت لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، کە تایبەتن بە شیعرەکانی صابری و لادان و شکاندنی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبوون و شاعیرە کلاسیکییەکانی پێش ئەم بە وردی پێوەیان پابەند بوون. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو دیاردانە بوونەتە شێوازی شیعری صابری. بە گشتی گرنگترین ئەو دیاردانەش بریتین لە:

یەک: دیاردەی بەکارهێنانی نازناو زیاد لە جارێک:

مارف خەزنەدار لەبارەی نازناو (تخلص)ەوە دەڵێت: "نازناو (تخلص) یەکێکە لە کردەوەکانی شاعیری کورد، بریتییە لەوەی بە زۆری لە دێڕی دوایی، یان پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەیێک دا نازناوی خۆی تۆمار دەکرد" (خەزنەدار، ۲۰۰۱، ل ۱۷۰ ـ ۱۷۱)، بەپێی ئەم وتەیەی خەزنەدار نازناو بە زۆری لە دێڕی کۆتایی یان دێڕی پێش کۆتایی شیعرەکەدا دەنوسرێت و تەنها یەک جار دەنوسرێت. بۆ نموونە لە بارەی نالییەوە، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابانە، دەوترێت "لە زۆربەی غەزەل و قەسیدەکانی نالی بەپێی دەستووری شیعری کلاسیکی لە دێڕی دواییدا نازناوی شاعیر تۆمار دەکرێت، بە زۆری ناوهێنانەکە لە دێڕی دوایی شیعرەکە دەبێ" (خەزنەدار، ۲۰۰۳، ل ۵۷). بەڵام دەبینین یەکێک لەو دیاردە تایبەت و بەرچاو و زەق و دیارانەی لای صابریی شاعیر دەبینرێ،

دووبارەکردنەوەی (ناو ـ نازناو)ی خۆیەتی زیاد لە جارێک لە یەک شیعردا. ئەمەش بە شێوازێکی تایبەت و دیاری شاعیر دادەنرێت. واتە لێرەدا ئەوەی صابری لە شاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەم دیاردە شێوازییەیە، کە نەک جارێک و دووان، بەڵکو لە هەندێ شیعردا چوار جار (نازناو)ی خۆی هێناوە. بۆیە دەکرێت ئەم دیاردەیە بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی شێوازی شاعیر دابنرێت. هەرچەند شاعیرانی تری کلاسیک هەیانە، بەڵام بەم ڕێژەیەی صابری نییە. هەروەها هەندێک جاریش جگە لە نازناوەکەی، ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم دیاردە ناوازەیە تەواوی دیوانەکەیمان پشکنیوە و بەم جۆرە ئامارمان کردووە:

جگە لەناوی ڕاستەقینەی خۆی کە (نەجمەدین)ە، نازناوی (صابری) بەشێوەی (صابر/ صابری) لەم شیعرانەیدا لە شوێنی جیاجیادا لە شیعرێکدا چەندین جار هاتوون و دووبارەبوونەتەوە:

١ــ لە (٣٨) غەزەلیدا[٢] زیاتر لە جارێک نازناوی خۆی دووبارە کردووەتەوە. بۆ نمونە لە شیعری (نامورادی)دا، کە یازدە دێڕە، دەبینین لە چوار دێڕی کۆتاییی شیعرەکەدا چوار جار نازناوی خۆی نوسیوە، سەرەتای غەزەلەکە بریتییە لە:

عەندەلیبی دڵ کە چاوی کەوتە غونچەی بامیداد

دائما ویردی زوبانی بۆتە ئایەی (أن یکاد)

لە چوار دێڕی کۆتاییی ئەم غەزەلەدا دەڵێت (صابری. ٢٠١٦، ل٨٢ – ٨٣):

زیکر و فیکری ئەهلی دونیا نان و ئاشە (صابری)

یەعنی چی خۆ دوژمنیشیانە لە ئەسڵا نان و زاد

لەم نەخۆشی بێ دەوایە دادڕەس (صابر) خودایە

هیمەتێکە پایە پایە بێمەوە سەر ڕێی ڕەشاد

(صابری) عومرت بە زایع دا ئیتر وریا وەبە

عومری ڕابردوو قەزاکە بێرە سەر ڕێگەی ڕەشاد

(صابری) دونیا لە تۆ بێزارە ئەمما مەیلی تۆ

هەر لە سەر ئەو ماوە بۆیە ناگری ڕێگەی ڕەشاد

٢. دوو لە شیعرە پارچەکانیشی، کە بریتین لە "چاوت بەکینایەت وتی پێم" (صابری. ٢٠١٦، ل١٤٦) و "ئەی جوان" (صابری. ٢٠١٦، ل١٩٣) هەمان دیاردەیان تێدایە، کە چەندجارێک نازناوی خۆی دووبارەکردووەتەوە.

٣. لە شیعرە مەسنەوییەکانیشدا بەتایبەتی لە هەردوو شیعری "بە دڵ تیمارکە" (صابری. ٢٠١٦، ل٢٢٦) و "جەفا و جەور" (صابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٨)دا، هەروەها لە چوار شیعری دیکەیشیدا: شیعری: "بێ قیمەتی دونیا" (صابری. ٢٠١٦، ل ٤٩) و "بە دڵ تیمارکە" (صابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٦) و "جەفا و جەور" (صابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٨) و "نامە" (صابری. ٢٠١٦، ل ٢٣٨)، نەک هەر نازناو، بەڵکو ناوی ڕاستەقینەی خۆیشی هێناوە، کە (نەجمەدین)ە، بۆ نموونە دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦،ل٤٩):

ڕوو لە قاپی حەزرەتی مەولاکە نەجمەدین ئەتۆ

روح و مالّـت صـــەرفی ئەو
کە بەڵکو دەسگیرت بکا

٤ــ لە یەک پێنجینەبەندیشـدا "بەنـوری لامیعـی حوسـنت" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٢)، لە کـۆپلەی (٦ و ٧ و ٨)دا، واتە سـێ جـار نازنـاوەکەی خۆی دووبارەکردووەتەوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی کـۆی ئەو شـیعرانەی لە جارێک زیـاتر نازنـاوی خـۆی تیـا دووبـارەکردوونەتەوە (٤٣) شـیعرن، بەم پێیـە لە (١٨.٧٧%)ی کۆشیعرەکانی زیاتر لە جارێک نازناوەکەی تێدا دووبارەبووەتەوە. ئەمەش رێژەیەکـی زۆر بەرزە بـۆ دووبـارەکردنەوەی (نـاو و نازنـاو) لە شـیعردا، بێگومـــان ئەمەش شـــێوازێکە تـــایبەتە بە (صـــابری) و دیـــاردەیەکی سەرنجڕاکێشـە. لەو بـڕوایەداین بەکارهێنانەکەشـی بـۆ جەختکردنەوەیە لە خۆی کە پابەندی شتێکی دیاریکراو بێت، یاخود زۆر جاریش بۆئەوە بووە کـێش و سـەروای شـیعرەکەی پـێ رێکبخـات، وەک لەم دێـڕەدا (صـابری. ٢٠١٦، ل٢٢٧) دەردەکەوێت:

شـێـواوم وێـنەی قەیسـی عـامری نـاوم (نەجمەدیـن) لەقەب صابری

لە لەتی دووەمدا جگە لەوەی نـاوی ڕاستەقینەی خـۆی نوسـیوە، زۆر جوان لە رێگەی نازناوەکەی خـۆیەوە سـەروای مەسـنەوییەکەی هۆنیوەتەوە و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا داینـاوە.

٥ ـ دیـاردەیەکی دیکەش، کە هەسـتی پێدەکەین، پـێچەوانەی ئەوانـی پێشووە، ئەویش ئەوەیە لە نزیکەی دە شیعردا (بڕوانە سەرچاوەی ژمـارە: ٨، تێبینی ژمـارە: ٢) هـیچ (نـاو و نازناوێک)ی خـۆی نەنوسـیوە، ئەگەرچی

وەکو پێویستییەکی شیعریی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە دەبوایە نازناوی خۆی بنوسیایە.

دوو: دیاردەی هاوسەروا کردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعر:

لە شیعری کلاسیکیدا دێڕی یەکەمی غەزەل، هەردوو لەتەکەی هاوسەروان "لە بارەی دێڕی یەکەمەوە، لە غەزەل و قەسیدەدا دەبێ موسەڕەع بێ" (گەردی، ١٩٩٩، ل ٢٥٦) واتە دەبێت دێڕی یەکەم هەردوو لەتەکەی هاوسەروا بن، بەڵام لە دێڕەکانی دواتردا سەروای نیوەی یەکەمیان جیاوازە و نیوەی دووەمیان لەگەڵ دێڕی یەکەمدا هاوسەروایە. کەچی لای صابری ئەم نەریتە شکێنراوە و لە چەندین شیعریدا بۆ نموونە شیعری "ئومێدی دڵ" ((صابری. ٢٠١٦، ل٤٤)و "بووکی دونیا" (صابری. ٢٠١٦، ل ٥٧) و "وەرە جانا" (صابری. ٢٠١٦، ل ١٣٧). لە بری دوو لەتی یەکەم، چوار لەتی یەکەمی شیعرەکان سەرواکانیان یەکن، واتا لەجیاتی دێڕێک دوو دێڕ یاخود زیاتر سەروای هەموو لەتەکانیان وەک یەکە. ئەمەش لای صابری وەکو دیاردەیەکی شێوازی خۆی نواندووە. بەباشی دەزانین ئەم نموونە بخەینە بەرچاو "ڕەحمێکی خودا بێنە بە دڵ" (صابری. ٢٠١٦، ل١٤٠):

ڕەحمێکی خودا بێنە دڵ ئەی ڕوحی <u>شیرینم</u>

دوا گیانمە فەرموو قەدەمێ بێنە <u>سەرینم</u>

دەستێ بخە سەر جەرگ و دڵ و زام و <u>برینم</u>

بەو دەستە بلووریناوە کۆتاکە <u>گرینم</u>

بەو ڕوومەتی دەرکەوتنی تۆ جەژنمە قوربان

ئەو ڕۆژە کە لێم غائیبی غەم بۆتە قەرینم

ئەو رۆژە لە چاوم ون ئەبی زەردو زەعیفم

هەرچەندە نزیکم ئەکەوی سوور و سەمینم

سێ: دیاردەی گۆڕینی دەنگ:

ئەمەش دیاردەیەکە شاعیر دەنگی وشەکان دەگۆڕێت بێ ئەوەی کار لە واتاکانیان بکات، چونکە لەم دیاردەیەدا "دەبێت وشەکە هەر لەسەر هەمان واتای بنجی بمێنێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت" (شنۆ ئەحمەد غەفور، ٢٠١٥، ل ٩٣) هەروەها گۆڕانکارییەکە فراوان نییە، دەنگێک یان چەند دەنگێک دەگرێتەوە، شاعیر لە بری دەنگە ڕۆیشتووەکە بەزۆری دەنگێک دەهێنێت کە لێی نزیک بێت، بۆ نموونە کاتێک شاعیر لە جێگەی وشەی (دوژمن) وشەی (دوشمن) بەکاردێنێت، تەنیا سێیەم دەنگی نەبزوێنی گۆڕیوە، کە زۆر لەیەکەوە نزیکن. ئەمەش لەپێناو ئەو مەبەستانەدا دەبن کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. بۆ نموونە لەم دێڕەدا (صابری. ٢٠١٦، ل ٢١٥) دەڵێت:

ئەگەر یارانی ڕابردوو بەخێر بێنیتەوە یاد ئەمرۆ

بەخێر یادت ئەکەن خەڵکی سبە و دوێکە ڕابوردی

گۆڕین لە وشەی (سبەینێ)یە بووە بە (سبە)و(دوێنێ)ش بووە بە (دوێکە)، هەردووکیان ئاوەڵکاری کاتین، لە یەکەمیاندا سێ دەنگی لێ قرتێنراوە و لە دووەمیاندا دەنگەکانی (ن، ێ) قرتێنراوە. دیاردەی گۆڕینی دەنگ لە ناواخنی شیعرەکانی صابریدا زۆرە، نموونەیان لەم خشتەیەدا دەخەینەڕوو :

وشە فەرهەنگییەکە	وشە گۆڕاوەکە	وشە فەرهەنگییەکە	وشە گۆڕاوەکە
نە	نا	شفا دێ	شفا تێ
دوژمن	دوشمن		

چوار: دیاردەی دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازە:

جاری وا هەیە شاعیر لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا، دوو وشە دەخاتە پاڵ یەک و وشەی نوێیان لێ دروستدەکات، کە لەباری ئاسایی ئاخاوتندا ئەو وشانە ناخرێنە پاڵ یەک و بەو جۆرە بەکارناهێنرێن، واتا وشەی لێکدراوی باو نین، بەڵام شاعیر بەکاریاندەهێنێت، چونکە لەگەڵ هەست و سۆز و بیر و ئەندێشەی شاعیردا دەگونجێن و گوزارشت لە هەست و نەست و پەیامەکەی دەکەن و ئەوەی لە دڵ و دەروونیدایە بەم جۆرە وشانە دەربدەبڕێت، بەبێ پەیوەست بوون بە یاسا ڕێزمانییەکان. بۆ نموونە دەڵێت (صابری. ٢٠١٦، ل ٤٣):

نەما دەرد و غەم و میحنەت لە مەولا شادیە و عوشرەت

لە نێو بازاڕو شاری دڵ (مبشر) هات و جاڕی دا

وشەی (شاری دڵ) لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکارنایەت، بەڵام شاعیر ئەو دوو وشەیەی خستووەتە پاڵ یەک و وشەیەکی نوێی لێ دروستکردووە کە لە (ناو + ناو) بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (ی) پێکهاتوون.

لە دێڕێکی تردا (صابری. ٢٠١٦، ل ١٦١) دەڵێت:

صابر لەدەس ئەو شەو دزە دەرچونی مەحالە

شەو خانە برۆ تەڕ دەسێ خاوانی چراغە

(شەو دز) وشەیەکی نوێیە و شاعیر دروستیکردووە.

بێجگە لەم نموونانە شاعیر چەندین وشەی تری لەم جۆرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەک: (سەفینەی دڵ، پاچی تاعەت، بولبولی روح، لیباسی زوهد، فانۆسی دین، عەندەلیبی دڵ، حوجرەی دڵ، ئاگری سینە، بیابانی دڵ، ...)، کە هیچ کامیان بەو جۆرە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارنایەن.

پێنج: وشە کلیلییەکان:

وشەی کلیلی ئەو وشانەن، کە زۆرترین جار لەلایەن شاعیرەوە دووبارە دەکرێنەوە. ئەم دووپاتکردنەوەیە لای شاعیر ڕەنگە لە شیعرێکدا یان زیاتر ڕووبدات. بۆیشی هەیە لە شیعرێک یان لە دیوانێک یان لە مەبەستێکدا هاتبێت و لەوانی دیکەدا نەهاتبێت. بە لای شاعیرەوە ئەم وشانە گرنگن و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە لەگەڵ هەست و نەست و سۆزی دڵی شاعیردا گونجاون، لەبەرئەوە بەلایەوە ئاساییە و شیاوە ئەگەر بە شێوەیەکی زیاد بەکارییانبهێنێت.

زۆرجار شیعرەکانی شاعیرێک لە ڕێگەی وشە کلیلییەکانەوە دەناسرێنەوە، چونکە دەبن بە دەروازە و کلیلی شێواز و سیمای شیعرەکانی و مۆرکی تایبەتیی شاعیر. ڕێژەی وشە کلیلییەکان و ئاساییەکان لە چاو یەکتردا جیاوازن، چ لەکاتی ئاخاوتن بێ یا زمانی ئاسایی بێ، کەواتە ئەو وشانە بایەخێکی گرنگیان لە دیاریکردنی شێوازی شیعری شاعیراندا هەیە، هەروەها بنەمایەکە لە جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنیاندا، بۆیە لە کاتی بینین و بیستنی شیعرەکەدا دەزانرێ هی کام شاعیرە و تایبەتە بە کوێ و ڕەسەنایەتی چ ناوچەیەکی پێوەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین مەرج نییە وشە کلیلییەکان بە پاتبوونەوەیەکی زۆر جەختی لەسەر کرابێت یا دووبارەکرابێتەوە، واتە

ئەوانەی ڕێژەیان زۆرە بە وشەی کلیلی دابنرێن، بەڵکو وشە هەیە فریکوانسی ئەوەندەش نیە و کەمە، کەچی بە وشەی کلیلی دادەنرێت، چونکە جێگە و پێگە و واتا و تایبەتمەندیی خۆی لە دڵ و دەروونی شاعیردا هەیە و بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش بەکاریانەدەهێنێت. بۆیە پێوەرێکی تایبەتی نیە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەکارهێنانی وشە بۆ ئەوەی بە وشەی کلیلی دابنرێت. ڕێژەی وشە کلیلییەکان لای شاعیران جیاوازن، چونکە هەر شاعیرە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها ڕێژەی وشە کلیلییەکان لای خودی شاعیرەکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر بەرز و نزم دەکات و دەگۆڕێت.

لەناو وشە کلیلییەکانی شاعیردا وشەی (دڵ) بە پلەی یەکەم دێت، ژمارەی دووبارەبونەوەی (٣١٧) جارە، لەو بڕوایەداین هەموو شاعیرانی کلاسیک و نوێخوازیش گرنگییان بەم وشەیە داوە و بەکاریانهێناوە، بەڵام بەکارهێنانی بەم ڕێژە زۆرە لای صابری واتایەکی گەورە دەبەخشێت، چونکە هەمیشە دڵی صابر پڕ غەم و ئازار بووە، هەر بۆیە (٦٥جار)یش وشەی (غەم) و (٥٢ جار)یش وشەی (ئازار)ی بەکارهێناوە. هەر یەک لەم وشانە لە شیعرەکانی صابریدا وشەی کلیلین و لە ڕێگەیانەوە هەوڵیداوە ئەو حەسرەت و مەینەتی و ناخۆشیانەی ناو دڵی باس بکات.

بەشێکی زۆری شیعرەکانی صابری ئاینین، بەڵام "لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شیعرەکانی بەگشتی دەچنە خانەی وەسف و دڵدارییەوە...، ئەگەر پێویستبێ سیفەتی پسپۆڕی بدرێت بەم شاعیرە دەبێت بە شاعیری وەسف و دڵداری دابنرێت" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل٣٠٩). واتە "زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بە جوانی و ئەوین و خواناسی و سۆفیەتییە" (سەفی زادە، ٢٠٠٨، ل٧٤٦)، کەواتە مەسەلەی عەشق و ئەوین بەشێکی زۆری شیعرەکانی صابری داگیرکردووە، بۆیە بەکارهێنانی (عەشق - عاشق) و یار و یاران و دولبەر، یا هەموو ئەو مەبەستانەی پەیوەندییان بە عەشقی مەجازییەوە هەیە بەو ڕێژە زۆرە لە شیعرەکاندا، بەسن بۆ

سەلماندنی ئەم بۆچوونەی (مارف خەزنەدار)، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەست بە عەشق و دڵداری لە شیعرەکانیدا پاتبوونەوەیان زۆرە و بە ڕێژەیەکی بەرز بەکاریهێناون، وەک لە خشتەکانی دواتردا دەیانخەینەڕوو. یاخود لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا ئاماژە بە داستانە دڵدارییەکان کراوە. هەر لەبەرئەمەیە دەوترێت "زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بە جوانی و ئەوین و خواناسی و سۆفیەتییە" (سەفی زادە، ٢٠٠٨، ل٧٤٦)، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لە دڵدایە هەموو بابەتێکیش لە وێوە دەستپێدەکات، بۆیە شاعیریش (٣١٧جار) دڵی دووبارەکردووەتەوە، هەر لەبەرئەمەشە ناونیشانی (١٩) شیعریشی بە دڵەوە پەیوەستکردووە وشەی دڵی تیایاندا بەکارهێناوە وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

ژ	ناونیشان	لاپەڕە	ژ	ناونیشان	لاپەڕە
1	ئومێدی دل	44	11	ڕەحمێکی خودا بێتە دل	140
2	دەردی دل	46	12	دەستێ بخەرە سەر دڵم	148
3	چاو ودل ڕۆشن و شادە،	88	13	لە هەوری دل	149
4	کۆتری دل لە ترسی چاوت جێی نەما	89	14	دل	158
5	شیوەنکە ئەی دل	104	15	دڵی تەنگم	162
6	دولبەری سەنگین دل	109	16	زکری دل	171
7	سالێک ئەبێ دڵی پاک بێ	117	17	ئەی دل صابر و ڕەزابە	175
8	تەیری دڵم	125	18	ئەگەر عاشق دڵی زاماری چاو بێ	212
9	بیابانی دل	131	19	بە دل تیمارکە	226
10	ولاتی دل پەلەی داوە	133			

جگە لەمە هەر لە ڕێگەی وشەی (دڵ)ەوە، شاعیر وشەی ئاوێتەی بەکارهێناوە و ئەمەش تایبەتە بە شێوازەکەی، بۆ نموونە وشەی (دڵارام - دڵئارام)، کە دووبارەی (١١)جارە.

هەروەها صابری بە دووبارەکردنەوەی (٣٩)جار هەردوو وشەی (ئارام - صبر)ی تۆمار کردووە، کە هەریەک واتایان هەیە و لە غەزەلەکانیدا بە زەقی دیارن و جێگیرکراون، بە شێوەیەک (٣٠) جار (ئارام) و (٩) جار (صبر) هاتووە. دووپاتکردنەوەی ئەم وشەیە بەم ڕێژەیە مانایەکی تایبەتی هەیە و بە وشەیەکی کلیلی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە لەگەڵ هەست و نەست و دڵ و دەروونی شاعیردا زۆر گونجاوە، ئەمەش لە ڕێوەیە صابری لەو سەردەمەدا بەهۆی جەنگی جیهانی و کاولکاری و داگیرکردنی وڵات، دووركەوتنەوەی لە شۆڕجەی زێدی خۆی و چوونی بۆ دێڵێزە، هەروەها بەهۆی ناهەمواری و گرانی و قاتوقڕی و خەڵکی نەفسنزم و بێخەبەرەوە، تووشی دەردێکی بێ شومار و قورس بووە و نالاندوویەتی، بۆیە (٥٦)جاریش وشەی (نالین)ی بەکارهێناوە، هەموو ئەمانە ئاگری لە دڵی بەرداوە، لەبەرئەوە ناچار بووە سەبر و ئارام بگرێت بەرانبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی هەبووە، کە دەرحەق بەخۆی و خەڵک ئەنجامدراون. هەر ئەمەش وای کردووە وشەی (ئارام)ی بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاربهێنێت و بەرجەستەیبکات. ئەمە جگە لەوەی نازناوەکەی، کە (صابری)یە، بەڵگەیە بۆ ئەو خەم و ئازارەی لە کوورەی دڵیدا جۆش دراوە، چونکە یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە نازناوی (صابری) بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ئارامگری بووە بەرانبەر بەو بەڵایانەی کە هەم تووشی خۆی و هەم تووشی وڵات و میللەتەکەی هاتوون، واتە "باشترین نازناوی بۆخۆی هەڵبژاردووە! ناوی صابری، ناوێکە مافی ناوەکەی داوە. دەنالێنێت بەدەست ئاستەمەکانی سەردەمەوە کەوا هیچ مرۆڤێکی ئارامگر (صابر) ڕووبەڕووی نابێتەوە، لەو تەلەکەبازییەی کە لە ژیاندا هەیە" (البرزنجی، ٢٠١٤، ل٦٨-٦٩)، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە هەمیشە بەرانبەر نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیان خۆڕاگر بووە. دەکرێت بڵێین، هەر لەبەرئەمەشە نازناوەکەی لە شیعرەکانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر و لە ژمارەی شیعرەکانی زیاتر بەکاریهێناوە و بەکارهێنانەکەی گەیشتووەتە (٢٥٢) جار لە کاتێکدا ژمارەی شیعرەکانی (٢٢٩) شیعرە.

وەک پێشتر وتمان مەرج نییە وشەی کلیلی پاتبوونی زۆر بێت، چونکە هەندێک وشە هەن لە شیعرەکانیدا زۆر دووبارە نەبوونەتەوە، بەڵام بە وشەی کلیلی دادەنرێن، چونکە جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لای شاعیر هەیە. بۆ نموونە لای صابری وشەی (لەرز) جێگەیەکی گرنگ و بەرزی هەیە، هەرچەندە ژمارەی دووبارەکردنەوەی تەنیا (٥ جار)ە، بەڵام وشەکە تایبەتمەندییەکی بە شیعرەکانی بەخشیوە، چونکە لە سەردەمی بەسالاچوونی تەمەنیدا تووشی لەرزۆکی بووە، هەر ئەو نەخۆشییە خۆری ژیانی ئاواکردووە و کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

جگە لەمانە صابری کاریگەرییەکی زۆری ئاینی ئیسلامی بەسەرەوە بووە، بۆیە لە شیعرەکانیدا گەلێک پەیام و مەبەستی ئاینی و سۆفیانە دەبینرێن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین وشەی ئاینی بەکاربهێنێت، کە دەبن بە کلیلی کردنەوە و تاسینی شیعرەکانی ناوبراو، وەک لەم خشتەیەدا لە ڕوانگەی شێوازگەرییە ئامارییەوە وشە کلیلییە ئاینییەکان لە شیعرەکانی صابریدا دەردەکەوێت:

وشەی کلیلی	بەکارهێنان	وشەی کلیلی	بەکارهێنان	وشەی کلیلی	بەکارهێنان
خودا ـ رب/ مەولا ـ ألله	214	قورئان ـ مصحف	16	ماسیوی ألله	7
دین	51	ئادەم	13	نوح	8
بەهەشت ـ جنە	24 ـ 21	زکر	13	زەکات	7
محمد (د.خ)	23	الحمدلله	11	عیسی	6
لوقمانی حەکیم	23	دوعا	11	موسی	5
یوسف	15	ملائیک	10	جەهەنەم	5
قیامەت	14	حۆری	9		

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، صابری خاوەن فەلسەفەیەکی ئاینی بووە لەسەر ڕێگەی خودا و پێغەمبەرەکەی ڕۆیشتووە. هەمیشە دونیای لا بێقیمەت بووە و پشتی تێکردووە و ڕووی لە قیامەت و بەهەشت کردووە،

شەو و ڕۆژ بە باوەڕێکی پتەوەوە زیکر و یادی خودا و قورئان و ئاینی دەورکردووەتەوە. بەردەوام لەسەر بەڵا و موسیبەتەکان صابر بووە، جگە لە خودا پشتی بە کەسی دیکە نەبەستووە، بۆیە تەنیا داوای لە خودا کردووە و دەستی دوعای بۆ مەولای بەرزکردووەتەوە، هەروەها داوای لە خەڵک کردووە، کە خودا بناسن و ڕێگەی خوا بگرن.

ئەم شیعرە (صابری. ٢٠١٦، ل١٩٨ - ١٩٩) کە نموونەیەکە جگە لەوەی (١١)جار ناوی (خودا)ی تێدا هاتووە، چەندین وشەی کلیلی ئاینیی دیکەی تێدا دەبینرێت:

ئەی دڵ ئەگەر بە ڕاستی ئیتاعەی خودا ئەکەی

موتابەعەی شەریعەت حەزرەت مصطفی ئەکەی

فەرزی خوا و سوننەتی حەزرەتی موستەفا بکە

تصورێ لە داستانی ئادەم و حەوا ئەکەی

ئەگەر ئاگر ئەهاویە دڵ و ئەبێتە هاوڕێیە

(وما أدراک ماهیه) بەدەست و پێ سەما ئەکەی

شەو بە کلیلی زیکرەوە تا بە سەحەر بپارێوە

گەر تەلەبی خزائنی مەراحیمی خودا ئەکەی

سەماوەری دەروونی خۆت بەناری عەشق بێنە جۆش

شەکر و چایی حازرە (صابری) گەر مەیلی چا ئەکەی

نییەت و حوسنی کردەوە فیکری نیهان و زیکری سرِ

وەرنە خودا بە تەپڵ و دەف ناخەلەتێ رییا ئەکەی

یادی خودا ئەگەر ببێ مەیلی گوناە کەی ئەکەی

دووری لە ئافەت و بەڵا خەڵق وخودا رەزا ئەکەی

فیکری خودا دەلیلی تۆ زیکری زوبان کلیلی تۆ

رووبکە بابی مەرحەمەت تا هونەرێ پەیا ئەکەی

ژەنگ و غوباری قەلب و روو چڵکی لباسی دەست و پا

بشۆ بشۆ گەر هەوەسی مەجلیسی پادشا ئەکەی

ئەگەر شەوێ (تفرج)ێ یەکەی لە سونعی کردگار

عەزیزی من لە گورگی خەو مبسالی مەرِ هەرا ئەکەی

خودا نەزەر لە حوسنی نیەت و دڵی بەشەر ئەکا

چاکە نیشانی خەڵک ئەدەی تۆ خراپە ژێر پا ئەکەی

خەشیەت و خەوفی ذو الجلال عەشق و حوبی موستەفا

تا نەچەقی لە سینەکەی موخالەفەی هەوا ئەکەی

تێبگە (عزمن قنع) لادە لە (ذل من طمع)

حاسل ئەکەی رەزای حەق، حەق لە بەتاڵ جودا ئەکەی

عەشقت ئەگەر حەقیقەتە مەناڵە گەر شەقیقەتە

وەرنە مەجازو بیدعەتە (صابری) هوی و ها دەکەی

هەولنامەی کتێب

لە ئاکامی پشکنین و وردبینیکردنی دیوانی صابریدا دەتوانین وشە کلیلییەکان لە چەند خشتەیەکی جیاواز و جۆراوجۆردا ڕوونبکەینەوە، چونکە هەمەجۆرن و بە شێوەی گرووپ گرووپ خۆیان دەنوێنن، سەرجەمیان بە دیاردە و نیشانەی شێوازی شیعری صابری لە قەڵەم دەدرێن. تەواوی ئەم (١٣) خاڵەی ئاماژەمان پێ کردوون بەپێی شێوازگەریی ئاماری نیشاندراون، کە بەم شێوەیەن:

١ـ لە بەرهەمەکانی صابریدا چەندین وشەی کلیلی هەن، کە زۆربەیان لای هەموو شاعیرانی کلاسیکی کورد دەبینرێن، بەڵام زۆریی دووبارەبوونەوە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان بووەتە هۆی ئەوەی لە شیعرەکانی صابریدا ببنە وشەی کلیلی، ئەو وشانەش لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو:

وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە	وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە	وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە
چاو(دیدە)	309	سەیروتەماشا	41	غەمزە	27
ڕوو(ڕووت)	100	نەفس	40	قوربان	26
عاشق	90	دەرد	40	قمر	25
دووری	71	فەرموو	38	عیلم	25
غەم	65	مەست	34	تەرک	25
حوسن	65	عەقل (عاقل)	30	چەرخی دەوران	24
دونیا	56	عالم	29	الغیاث	23
عومر	48	فیراق	29		

٢ـ لە شێوازی صابریدا فۆرمێکی تایبەت بە خۆی دەبینرێت، ئەمەش لەو ڕووەوەی هەندێک وشەی تایبەت لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن، کە لە جێگەی خۆیدا بەکاریهێناون و تایبەتمەندیی لایەنی دەروونی و باری ژیانی پێوە دیارە. ڕەنگە ئەم وشانە لای شاعیرانی کلاسیکی دیکە هەر دەستیشیان بۆ نەبرابێت، یا کەمترین جار بۆی چووبن، بە تایبەتی وشەی

(جالینۆس)، کە ناوی پزیشکێکی کۆنی یۆنانە، لای شاعیرانی دیکەی پێش صابری بە دەگمەن لە شیعرەکانیاندا بەرچاودەکەوێت:

ژ	وشە	دوبارە	ژ	وشە	دوبارە
1	ماسیوی اللە	7 جار	3	جالینۆس	5 جار
2	زشت	5 جار	4	عەندەلیب	5 جار

ئەگەر سەیری ئەم نموونە شیعرییانە بکەین، کە ئەو وشانەی سەرەوەیان تێدا بەکارهاتووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەکارهێنانەکەی لەلایەن شاعیرەوە تایبەتمەندییەکی هەیە و شێوازێکی تایبەت بە صابرییە، با تەماشای ئەم سێ دێرە شیعرە (صابری. ٢٠١٦، ل٦١، ل٨٢، ل١٦٢) بکەین:

تا گوڵی ڕووی یار لە من غائیبە حاڵی دڵم
زاریبە وەک عەندەلیب

عەندەلیبی دڵ کە چاوی کەوتە غونچەی بامیداد دائما ویردی
زوبانی بۆتە ئایەی (أن یکاد)

مەحالە عەندەلیبی دڵ بکا تەرکی گوڵی حوسنت چ دەربەستە
نیهایەت مەرتەبەی هەر سەر بڕینێکە

لە هەرسێ دێڕەکەدا دڵی خۆی وەک عەندەلیب بینیوە، کە هەمیشە خەریکی نالە و فوغانە، لێرەدا بەکارهێنانی عەندەلیب بۆ دڵ لە چەند شوێنێکی جیاوازدا بەو جۆرە، دەبێتە شێوازی ئەو و تایبەتە بە صابری و وشەی عەندەلیبیش دەبێتە وشەیەکی کلیلی. یان لەم دێڕانەدا وشەی (ما سوی) دەبێتە وشەی کلیلی و تایبەتە بە شێوازی صابری، چونکە لە هەموو نموونەکاندا (ما سوی) بەرانبەر بە (خوا) هاتووە و بۆ چەسپاندنی

خوا له دڵدا، دەبێت (ما سوى) واز لێبهێنرێت، ئەمەش دیاردەیەکی تایبەتە بە صابری و تەنها لای ئەم ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییە لە نێوان (ما سوى) و (الله)دا دروستکراوە، وەک لەم دێرە شیعرانەیدا (صابری. ٢٠١٦، ل١٧٢، ل١٣٤، ل٨٨، ل٢١٠) دەردەکەوێت:

تا دەروونی دڵ لە نەقشی (ماسیوی) خاڵی نەکەی

نەقشی (الله) لەو دڵە جێ ناگرێ ئەی جاهیدە

بـــــــە پاچی زیکر و خـاری (ماسوى أالله)

بـــــــرژاو وشک و سوتا شوبهی زوخاڵ

بـــــــە حەملەی عەشقی جانان (ماسوى أالله)

لـــــــە شـاری دڵ نـەمـا (الاریب دیار)

عەشقی یار و حوبی دونیا هەردوو (ضد) ی یەکترن

گەر دلارامت دەوێ با ماسیوا بێگانە بێ

لە کەلەپوور و شیعری کلاسیکیشدا لوقمان چارەسەری دەرد و نەخۆشی دەکات، بەڵام صابری لەگەڵ لوقمان جالینۆسیش بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیی شێوازی صابری و (جالینۆس) دەبێتە وشەی کلیلی وەک لەم دوو دێرەدا (صابری. ٢٠١٦، ل١٢٢، ل٧٠) هاتووە:

(طب)ی جالینۆس و لوقمان و ئەرەستۆ موشکلە

تێبگەن لەم عیللەتە یاخود لە دەرمان ئەی دریغ

لـــــوقمان و جالینۆسی چی ژنگار و مالینۆسی چی

بێ سوودە حەب و شەربەت و مەعجون و دەرمان ـ الغیاث ـ

٣ــ گرنگیدانی صابری بە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان و ئەوانەی پەیوەندیدارن بە میوزیکەوە بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دەبینرێن. ناوهێنانی ئەم ئامێرانەی موزیک، بەڵگەی بەئاگایی شاعیر نیشاندەدەن و گرنگی مۆسیقاش لای شاعیر بەر جەستە دەکات و بە وشەی کلیلی و شێوازی شیعری صابری دادەنرێن، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە	وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە	وشەی کلیلی	دووبارەبوونەوە
ڕەقس و سەما ـ هەڵپەڕین	11	ئاواز	6	عود	4
حەیران	10	نای	6	تەرەب	3
موتریب	10	چەنگ	5	شمشاڵ	2
بەزم	9	مقام	5	تەپڵ	2
دەف	7	سەدا	5	ڕەباب	2

٤ـ لە شیعری صابریدا دیاردەی بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەست بە هەستی چەشتن (تامکردن) بەزەقی دیارە، ئەوەتا، وشەی خۆش (تام) بە فریکوانسی (٤٠) جار، هەستی شیرینی (٢٧) جار، وشەی شەکر (٢١) جار، لەزەت (١٤) جار، قەند (٧) جار، تاڵی (٦) جار، ترشی (٦) جار بەکارهاتوون. ئەمەش لەوێوەیە زۆربەی شتەکان لای صابری تاڵ و ترشە و پڕ حەسرەت و غەم و ئازارە، بۆ ئەوەی ئەو تاڵی و مەینەتییەی

نەمێنێت پێویستە شیرینییەکی بەسەردا بکرێت و هەموو شتێکی لاخۆش و شەکر بێت، بۆیە هەمیشە لە شیعرەکانیدا داوای شیرینی و چارەسەر دەکات، ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبدا هەیە و بە تێکەڵکردنی هەستەکان دەناسرێت. ئەوەتا لەبەر تاڵی و دەردی فیراق و بێقەراری داوای ئەو جۆرە شیرینیە دەکات و دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦،ل٢١٤)

خودایە تۆ دەمی (صابر) شیرین کە هەموو عومرم بە زایع چوو بەتاڵی

جگە لەو وشانەی خرانەڕوو، زۆر وشەی تری تایبەت بە هەستی چەشتنی لە جێی شیرینی بەکارهێناوە، وەکو (عیناب، هەنگوین، حەلوا... هتد) هەریەکەیان بە وشەی کلیلی شێوازی صابری جێگیر کراون. بۆ نموونە دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦، ل٦٣)

عاشق و غەمبارم و چاوت شەراب خەستە و تادارم و لێوت ـ عناب ـ

٥ـ بە دووپاتکردنەوەی وشەکانی ڕاز (٨) جار، نهێنی (٥) جار، سیر (٥) جار، کە بە هەرسێکیان دەکاتە (١٨) و لە دەوری یەک چەمک دەسورێنەوە، بەمە پێمان دەڵێت لە جیهانێکی نادیار و شاراوەی فەلسەفەی سۆفیگەرێتیدا تواوەتەوە، هەروەها لە ڕاز و نیازی تەنیایی و بیرکردنەوەی عەشقی (حەقیقی- ئاسمانی- خواوەندی) بەردەوام بووە، ئەم وشانە وەکو دیاردەیەکی شێوازی صابری خۆیان نواندووە.

٦ـ بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە و ئاوەڵناوی پەیوەست بە زام و ئازار و برین، کە دەبنە وشەی کلیلی و دەرخەری ئەوەن وێستگەکانی ژیانی شاعیر لێورێژ بوونە لە ئازار و ناخۆشی و ویستوویەتی ئارام و خۆڕاگر بێت بەرانبەریان، وەک لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو:

ژ	ئاوەڵناو	دووبارە	ژ	ئاوەڵناو/ وشە	دووبارە	ژ	ئاوەڵناو/وشە	دووبارە
1	زام ـ برین ـ زامار	71	12	مەرگ (مردن)	26	23	بێ باک	8
2	غەم	65	13	هاوار	22	24	ئەسیر	7
3	نالین	56	14	ئاخ ـ ئۆف ـ ئاە	21	25	هیجران	7
4	ئازار	52	15	نەهات	19	26	وەران ـ وەرین	7
5	گریان	41	16	چاوەڕێ	15	27	غەریب	7
6	سوتان	40	17	بێزار	13	28	بێ خەبەر	6
7	ئارام ـ صبر	39	18	ئەشک	13	29	هیلاک	6
8	بیمار ـ نەخۆش	37	19	گێژ	9	30	دێوانە	6
9	دڕێغ ـ مخابن	35	20	بێ ئارام ـ بێ صبر	8	31	پەشیمان	5
10	پەرێشان	29	21	بێ چارە	8	32	زشت ـ ناشرین	5
11	شین ـ شیوەن	26	22					

٧ــ خۆشەویستیی و یار بەشێکی سەرەکیی دنیای شاعیریان پێکهێناوە، بۆیە بە فریکوانسییەکی بەرز وشەی پەیوەندیدار بە یار و خۆشەویستیی بەکارهێناوە و دەبنە وشەی کلیلی، ئەمە جگە لە ئاماژەکردن بە ناوی کەسانی ناو داستانە گەورەکانی دڵداری ... وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

ژ	وشە	دووبارە	ژ	وشە	دووبارە
1	یار	137	6	حەبیب	14
2	عەشق ـ عاشق	90	7	لەیلا	11
3	دولبەر	35	8	دڵدار	7
4	مەجنون	26	9	شیرین	6
5	فەرهاد	15			

٨- بەکارهێنانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە وشە و ئاوەڵکاری پەیوەست بە کاتەوە، ئەمە گرنگی کات لای صابری دەردەخات و دەبنە وشەی کلیلی لە شیعرەکانیدا، لە وشەکانی پەیوەست بە کاتیشەوە وشەی شەو بە پاتبوونەوەیەکی زۆر بەرز بەکارهێنراوە، ئەمەش واتا و دەلالەتی خۆی هەیە و پەیوەستە بەوەی شاعیر کەسێکی بێدار بووە، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

وشە	دووبارە	وشە	دووبارە	وشە	دووبارە
شەو ـ لەیل	131	زوو	16	هەمیشە	8
ڕۆژ	94	قط ـ هەرگیز	16	وەخت ـ کات	8
دائیمە	30	زەمانە	13	ئێستا ـ ئەمێستا	7
ڕۆژ و شەو	29	دەمێ ـ کاتێ	11	ئەمڕۆ	7
یەک ـ یەک جار	22	بەیانی	10	پار	6
جار جارێ	18	سبەی	9		

٩ـ بەکارهێنانی وشەی تایبەت بە مرۆڤ و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە ڕێژەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە وشەی کلیلی لە شیعرەکانی صابریدا، بەتایبەتی وشەی دڵ بە دووبارەیەکی زۆر بەرز بەکارهاتووە، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە شاعیر گرنگییەکی زۆری پێداوە، چونکە هەم زیکری خوای تیا دەکرێت، هەم لانەی خۆشەویستی و دڵداریيە، هەمیش لانەی خەمە، هەموو ئەمانە لە دڵدا کۆبوونەتەوە، وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

هەوالنامەی کێڵ

وشە	دووبارە	وشە	دووبارە	وشە	دووبارە
دڵ	317	جگەر(جەرگ	34	خۆی	17
چاو (دیدە)	309	زوڵف ـ قژ ـ پرچ	31	خۆ	15
ڕووح ـ جان ـ گیان	183	پێ ـ پا ـ قاچ ـ قەدەم	29	ڕیش	14
دەست	90	خۆت	25	دەروون	11
سەر ـ میشک	68	ڕوومەت	21	زووبان	10
دەم ـ زار	48	سینە	21	باڵا	7
برۆ ـ ئەبرۆ	40	خۆم	19		

١٠ـ بەکارهێنانی ناوی هەر چوار وەرزەکەی ساڵ لە شیعرەکانیدا، بەجۆرێک بەهار بە پلەی یەکەم هاتووە و هەریەک لە زستان و پایز بە پلەی دووەم و سێیەم هاتوون، هاوینیش بە پلەی چوارەم تەنیا دوو جار بەکارهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر وەرزی بەهاری لە هەموو وەرزەکان بەلاوە پەسەندتر بووە، هەزیشی لە وەرزی هاوین نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ناوچەکەی شاعیر، کە لە هاویندا زۆر گەرم و وشکە و بێزارکەرە، هەر بۆیە لە شیعرەکانیدا کەم ئاوڕی لێ داوەتەوە:

وشە	دووبارە	وشە	دووبارە
بەهار	6	پایز	5
زمستان (زستان)	5	هاوین (تاوسان)	2

١١ـ شاعیر زۆر هەزی لە گەشت و گەڕان بووە و زۆربەی ژیانی لە ناو سروشتی جوانی کوردستاندا گوزەراندووە لەبەرئەوەی "مرۆڤێکی گەشتیار و گەڕۆک بووە" (لەتیف فاتیح فەرەج، ٢٠٠٩، ل١١١.)، لەم هاموشۆیەدا چەندین گوڵ و باخ و باخاتی سروشتی جوانی کوردستانی بینیوە، جیا لەمەش گوندی شۆڕیجەی مەڵبەندی پڕ بووە لە گوڵ و گوڵزار

و نەمامی تازە و تەڕ، بۆیە وشەی وەکو (گوڵ، گوڵزار، گولاب(گوڵاو)، شەونم، وەنەوشە، گوڵەباخ، نەمام، باخ و باخچە،... هتد) شیعرەکانی ڕازاوەتر کردووە، تەنانەت وشەی (گوڵ)ی بە دووبارەی (٤٧)جار و گوڵزار (٣٧) جار بەکارهێناوە. لەم خشتەیەشدا هەموو ئەو وشانەی پەیوەندییان بە باخ و گوڵ و گوڵزارەوەیە خستوومانەتە بەرچاو:

وشەی گوڵ و گوڵزار	دووبارەبوونەوە	وشەی گوڵ و گوڵزار	دووبارەکردنەوە
گوڵ	47	گولاب (گوڵاو)	7
گوڵزار	37	نەمام	7
باغ (باخ)	20	شەونم	7
(باخچە)	13	کەتان	7
غونچە	9	عەر عەر	6

١٢ ـ بەکارهێنانی جێناوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، لە هەمووشیان زیاتر بەکارهێنانی جێناوی تۆ، ئەوە دەگەیەنێت شاعیر کەسەکەی بەرانبەر (یار،-خوا،-دۆست)ی زۆر بەلاوە گرنگ بووە، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

وشە	دووبارە	وشە	دووبارە
تۆ	209	کەسێ ـ هەرکەسێ	77
من	93	ئێمە	20
ئەو	84		

هەواڵنامەی کێبڕکێ

١٣ ـ بەکارهێنانی وشە و ئامرازەکانی پەیوەست بە پرسیارکردن بە ڕێژەیەکی بەرچاو، نیشانەی ئەوەیە شاعیر بەدوای زانست و زانیاریدا گەڕاوە و لە هەوڵی تێگەیشتندا بووە لە مرۆڤ و دنیا و دیاردەکان، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

وشە	دووبارە	وشە	دووبارە
چ – چی	56	کێ	19
چییە	24	چۆن	12
کەی	22	لەکوێ	7

هەوالنامەی کیب

ئەنجامەکان:

١. یەکێک لەو دیاردانەی تایبەتە بە شیعری صابری بریتییە لە دووبارەکردنەوەی نازناوەکەی بۆ زیاتر لە جارێک لە شیعرێکدا، کە ڕێژەکەی گەیشتووەتە (٢٥٢ جار) لە کاتێکدا تەواوی شیعرەکانی (٢٢٩) شیعرن. کەواتە نازناوەکەی لە ژمارەی شیعرەکانی زیاتر بەکارهاتووە.

٢. یەکێکی تر لەو دیاردانەی لە شیعری صابریدا دەبینرێت هاوسەرواکردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعرە، کە ئەمە هەم دەرچوونە لەو ڕێسایەی شیعری کلاسیکی، کە تەنها دوو لەتی یەکەم دێڕە شیعر هاوسەروا (مصرع) دەکرێن، هەم ئەمە زۆر بە کەمی لای شاعیرانی تری کلاسیک بەرچاو دەکەوێت.

٣. شاعیر لە دوتوێی شیعرەکانیدا لە ڕێگەی پڕۆسەی لێکدانی وشەوە کۆمەڵێک وشەی نوێی دروستکردووە، یان بەکارهێناوە و بوون بە لایەنێکی شێوازی صابری.

٤. گۆڕینی دەنگ و دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازە یا نوێ، دوو دیاردەی ترن کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی صابریدا دەبینرێن.

٥. لە شیعری صابریدا ژمارەیەکی زۆر وشەی کلیلی هەن، وشە کلیلییەکانیش زیاتر بە شێوەی گروپ دەردەکەون، چونکە هەمە جۆرن، سەرجەمیشیان بە دیاردە و سیمای شیعری شاعیر دادەنرێن، بۆ نموونە گروپی ئامێرە مۆسیقییەکان، ئەندامانی لەشی مرۆڤ، هەستەکانی مرۆڤ، ڕاز و نهێنی، خۆشەویستی و یار، وەرزەکان، گوڵ و گوڵشەن، ئاوەڵناوەکان و وشەی خەماوی و بەئازار، ئاوەڵکارەکان، جێناوەکان، ئامرازەکانی پرس، ژمارە.

ھەولێر کتێب

پەراوێز:

(١) لەبەرئەوەی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر شێواز نوسراون و لە هەموویاندا بە دوور و درێژی باسی شێواز و سەرهەڵدانی شێواز و قوتابخانە شێوازگەرییەکان کراوە، بۆیە بەپێویستمان نەزانی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی تیۆرییەوە دیسان هەمان ئەو بابەتانە دووبارەبکەینەوە و بە دوور و درێژی لێیان بدوێین.

(٢) (ئومیدی دڵ، ل٤٤)، (خودایە چ خۆشە، ل٤٥)، (دەردی دڵ، ل٤٦)، (خۆت بناسە، ل٥٣)، (چاوی یار، ل٥٦)، (تۆران و جنێودانی بەپیلان، ل٦٦)، (نیگارا مەست و بیمارم، ل٦٧)، (بۆ خودا، ل٦٨)، (شەوقی جەمالی، ل٧٠)، (هاوار، ل٧١)، (بەقەسدی کوشتنم، ل٧٨)، (پەشیمانی، ل٨١)، (نامورادی، ل٨٢)، (یاری لەزیز،

ل٨٤)، (دولبەری عیشوە فرۆش، ل٨٥)، (کۆتری دڵ لەترسی چاوت جێی نەما، ل٨٩)، (هاوار لەدوای نەفسی پیس، ل٩٢)، (مەرحەمەت کە یەک نەفەس، ل١٠١)، (ئەی تەبیبی مەسیح ئاسا، ل١٠٢)، (شیوەنکە ئەی دڵ، ل١٠٤)، (ئەی شاە تەماشاکە، ل١٠٥)، (بۆیە کەس ڕزگاری نابێ لە زوڵفت، ل١١٢)، (غواص، ل١١٣)، (سااڵێک ئەبێ دڵی پاک بێ، ل١١٧)، (کوا موسوڵمانێ بزانێ چارەم، ل١٢٦)، (بیابانی دڵ، ل١٣١)، (خودا هاواره، ل١٤٥)، (بەیانیانێ وتم ئەی نازەنین، ل١٥١)، (دڵ، ل١٥٨)، (چاوت، ل١٦٤)، (عاشقی فرمێسکی سوور، ل١٧٢)، (مەوسمی گوڵ، ل١٧٧)، (دەردی عەشقت ئەی پەری، ل١٧٩)، (خواناسین، ل١٩٨)، (صابری کەی شا ئەبێ ڕۆژێ، ل٢٠٨)، (ئەگەر عاشق دڵی زاماری چاو بێ، ل٢١٢)، (ئەی میری بەر سێبەر، ل٢١٥)، (سااڵی ١٣٣٧ ک، ل٢٣١).

هەواڵنامەی کێب

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

- ئاکۆ فاتیح، فەرهەنگی ئاسان، بێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ، چاپی پێنجەم، ٢٠٠٤.

- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا (د.)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەاڵت، هەولێر، ٢٠١٠.

- پیتەر هاڵبیرگ و دانەرانی تر، ئا- و: ئەنوەر قادر محەمەد، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی،٢٠١٠.

- سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، بااڵوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

- سەالم ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، چاپی چوارەم، بااڵوکراوەی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٢.

ـ شنۆ ئەحمەد غەفور، بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی صابریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥.

ـ شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

ـ صابری. دیوانی صابری، بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەیی سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦.

ـ عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروشت، تەهران، ساڵی (١٣٨٨ / ٢٠٠٩).

ـ عەزیز گەردی، سەروا، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

ـ لەتیف فاتیح فەرەج، صابری لە دوو تۆێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، کەرکوک، ٢٠٠٩.

ـ محەمەدی خاڵ(شێخ)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٨٧.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، میژووی ئەدەبی کوردی ـ بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، میژووی ئەدەبی کوردی ـ بەرگی سێیەم ـ ، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

هەوالنامەی کتێبی

ــ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- بيرجيرو، الأسلوب والأسلوبية، ت: د. منذر عياشي، مركز الانماء القومي، بيروت – لبنان، ١٩٩٤.

ـ رابح بن خوية(د.)، مقدمة في الأسلوبية، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، اربد – الأردن، ٢٠١٣.

- عبدالجبار شيخ عبدالرحمن البرزنجى، سيرة مشايخ شورجة، مطبعة اسيا، الطبعة الاولى، كركوك، ٢٠١٤.

- مسعود بودوخة، الأسلوبية وخصائص اللغة الشعرية، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، اربد – الأردن ،٢٠١١.

ـ منذر عياشي(د.)، الأسلوبية وتحليل الخطاب، مركز الانماء الحضاري، دارالمحبة، دمشق، ٢٠٠٩.

ڕۆژنامە:

ـ م. نوری، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٠)، سلێمانی، ١١/٤ تشرینی الثانی/١٩٢٦، ل٢.

ملخص:

عنوان البحث هو (بعض المظاهر الأسلوبية في أشعار صابري). صابري هو أحد الشعراء الكورد الذين تدخل أشعارهم ضمن نطاق الشعر الكلاسيكي الكوردي، لكن نجد في أشعاره بعض المظاهر الملفتة مثل الخروج من دستور وقوانين الشعر الكلاسيكي الكوردي، في هذا البحث عملنا على إيجاد و إظهار هذه المظاهر، وقد تبينا أن هذه المظاهر صاروا من خصوصيات أشعار الصابري و وهم اسلوب خاص به و ويميزونه عن باقي الشعراء. يتكون البحث من مقدمة و مدخل و وبعض رؤوس أقلام مرتبطة بالمظاهر الأسلوبية لأشعار صابري، مع النتائج و قائمة المصادر.

Abctract:

The title of this research is (Some interesting phenomena styles in Sabry's poems). Sabry is one of the poets who is considered to be classic, but in his poems some situations can be seen which are out of the classic rules for poems. This research deals with finding and presenting those situations. These phenomena became the specifications of Sabry's poems. His style in writing poems differentiates him with others. The research includes introduction, abstract and some topics regarding Sabry's poems with results and refrences.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

هەواڵنامەی کتێب

د. شێرزاد سعید صدیق
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sherzad.sedeeq@soran.edu.iq

پوختە:

یەکێک لە بابەتە نوێیەکانی کۆزمانەوانی و تۆیژینەوە لە ڕۆمان، پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و زمانە، لەم تۆیژینەوەیەدا، لە ڕوانگەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف، تیشک دەخەینە سەر قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی، تیایدا پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و قسەپێبڕین وەک ڕەفتارێکی زمانی لە گفتوگۆکانی نێوان دوو کەس دەخەینەڕوو.

لەم تۆیژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین، ئەوە ڕوون بکەینەوە کە نوسەر تا چەند لە بەکارهێنانی زمانی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە سەرکەوتوو بووە، ئایا توانیویەتی ئەو ڕەفتارە زمانییەی کە دەچێتە ناو کارامەییەکانی پەیوەندیکردنی زمانی، بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتووانە وێنابکات یان نا؟ ئایا بەکارهێنانی قسەپێبڕینەکان لەم ڕۆمانە فیمینیستییەدا هاوئاڕاستەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە؟

وشە کلیلییەکان: کۆزمانەوانی، زمان و ڕەگەز، شێوازناسی، گرەوی بەختی هەڵاڵە.

ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

پێشەکی:

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی "ڕەگەز و قسـەپێبڕین لە ڕۆمـانی گـرەوی بەختـی هەڵاڵەدا"یە، و تیایـدا تیشـک دەخەینەسـەر بەکارهێنـانی قسەپێبڕین بە جۆرە جیاوازەکانیەوە لە زمانی ژنان و پیاواندا. هەرچەندە لەسـەر بابەتی زمـان و جێندەر، لە کوردیدا چەند نامە و تـوێژینەوەیەکی جیاواز ئەنجام دراون، بەڵام قسەپێبڕین و پەیوەندیی بە ڕەگەز نەکراوە بە بابەتێکی سەربەخۆ.

وەک داتـای تـوێژینەوەکە، سـوود لە گفتوگـۆ ڕاسـتەوخۆکانی نێـوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی وەرگیراوە و بە ڕێبـازی وەسـفی و ئامـاری داتاکـان شـیکراونەتە و بە خشـتە و وێـنە، قسـەپێبڕین وەک یەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی زمـانی ژنـان و پیـاوان خراوەتەڕوو.

تـوێژینەوەکە جـگە لە پێشـەکی و ئەنجام لە دوو تەوەرەی سـەرەکی پێکهـاتووە، تەوەرەی یەکەم تـایبەتە بە ناسـاندنی چەنـد بـابەتێکی تیـۆریی پەیوەسـت بە ڕەگەز و زمـان لە ڕوانـگەی لێیکـۆفەوە، قسـەپێبڕین و جۆرەکـانی، بەشـداربوانی قسـەپێبڕین و تیـۆری کـۆنترۆڵکردن. تەوەرەی دووەم تایبەتە بە ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕین لای کارەکتەرە جیاوازەکانی ئەم ڕۆمانە. لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان تۆمارکراوە.

١) زمان و ڕەگەز لە ڕوانگەی لێیکۆفەوە:

چەند فـاکتەرێکی جیـاواز کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیە، یەکێکیـان ڕەگەزە. "ڕەگەز فـاکتەرێکی گـرنگە لە کـارکردنە سـەر ڕەفتـاری زمـانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکـانیش،


بێگومـان ئەمەش لە زمانـدا ڕەنگـدەداتەوە و دەبێـتە هـۆی سـەرهەڵدانی جیـاوازی لە زمـانی قسـەکردندا"(زوبێر عەلـی عـارف، ۲۰۱۲: ۹۰) ئەو جیـاوازییەش دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی زاری کـۆمەڵایەتی و وەک بابەتێکی گرنگ سەرەنجی زمانەوانانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. جیاوازیی زمانی ژنـان و پیاوان لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێ، بەڵام دەکرێت ئەم جیاوازییە لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی تر ڕێژەکەی بگۆڕێت. (شـاڵاو سـاڵح حەمەغەریب و یوسف شەریف سەعید، ۲۰۱۷: ٢٥٤)

هەرچەندە بۆ یەکەمجار ئۆتۆ یەسپێرسـن (*Otto Jespersen*) لە سـاڵی ۱۹۲۲ لە بەشێکی کتێبەکەیدا تیشکی خستۆتە سـەر زمـانی ژنـان و تیایدا جیاوازییەکـانی ئاخـاوتنی ژنـان و پیـاوانی دەستنیشـان کـردووە (گـلالە هنـری، عصـمت اسـماعیلی، ۱۳۹۸: ۱۹٦) بەڵام تیـۆرییەکەی لێیکـۆف کـاریگەرییەکی زیـاتری لەسـەر جـوڵانەوەی فیمینیسـتی هەبـووە. ڕۆبـین لێیکۆف لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وتارێک لە سـاڵی ۱۹۷۳ز. بە ناونیشـانی زمان لە کۆمەڵدا (*Language in society*) بە شێوەیەکی جددی و زانسـتیی پەنجەی لەسـەر جیاوازییەکانی زمانی ژنـان و پیـاوان دانـا، لە سـاڵی ۱۹۷۵ ئەم وتـارە وەک کتێـب چـاپکرا و ناونیشـانەکەی بـۆ زمـان و پـێگەی ژن*Place* (*Language and Woman's*) گـۆڕا، دواتر لە سـاڵەکانی ۱۹۹۰، ۲۰۰۰، ۲۰۰٤ چاپکرایەوە و تیۆرەکەی دەوڵەمەندتر کرد. (حدیث حاتمی و دیگران، ۱۳۹۷: ٤٢)

تیـۆرەکەی لێیکـۆف لە لایەن فیمینیسـتەکانەوە بـایەخی زۆری پێـدرا، چونکە یەکێک لە بـابەتە گرنگەکـان بەلایانەوە بایەخـدان بـوو بە جیاکـارییە زمانییەکان و دەیانویسـت بە زەقکردنەوەی ئەو جیاوازییـانە بەشـێکی کەم لەو زوڵمەی کە بە درێژایی مێژوو بەرانبەر بە ژنان کراوە نیشـان بـدەن. (گلالە هنری، عصمت اسماعیلی، ۱۳۹۸: ۱۹٦) بەشێوەیەکی گشـتی، نوسـینی ئەم کتێـبە لەلایەن لێیکـۆفەوە، "خسـتنەڕووی بەڵـگە هەسـتپێکراوەکانە، لە بەکارهێنـانی زمـان بـۆ جۆرێـک لە نایەکسـانی، کە لە کۆمەڵـدا بانگەشـەی

هەبوونی دەکرێت، نایەکسانی نێوان ئەرکەکانی ژنان و پیاوان" (*Lakoff, 1975:4*) ، واتە جگە لەوەی هەستی بە بوونی کۆمەڵێک جیاوازی کردووە لە زمان و بەکارهێنانی زمانی لای دوو ڕەگەزە جیاوازەکەی مرۆڤ، پەیوەستی کردووە بەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی هەیە. محمدرضا فارسیان لە ماستەرنامەکەیدا بەم شێوەیە باسی ناوەڕۆکی بۆچوونەکەی لێیکۆف دەکات: "جیاوازییە زمانییەکانی نێوان زمانی ژن و پیاو یەکێکە لە ئەنجامەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە زمانییەکانیان ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییە کە لە نێو ئەندامانی ئەم گروپە هەیە". (حسن دلبری و دیگران، ١٣٩٦: ٣٣)

لێیکۆف جیاوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوان بە بابەتی هێز دەبەستێتەوە، هەروەها بە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەی کە لەگەڵ زمانی ژنان دەگونجێن، زمانی ژنان بە زمانی بێهێز ناودەبات (حدیث حاتمی و دیگران، ١٣٩٧: ٤٢)، جیاوازییەکان لە چوار ئاستی دەنگی، لێکسیکی، سینتاکسی و پەیوەندیی بە ئاشکرا دەبینرێن.



وێنەی ژمارە (١) (زهرا تقدمی نوغانی، ابراهیم عزتی،١٣٩٥: ٢٧)

دەکرێت وەک گریمانەیەکی جیهانی سەیری تیۆرەکەی لێیکۆف بکەین. بە جیهانی دانانی ئەو گریمانەیە بەو واتایە دێت کە ئەم بۆچوونە

لەسەر گشت زمانە سروشتییەکان پەیرەو دەکرێت. تا ئەو کاتە ئەمە ڕاستە، کە بۆچوونەکە بۆ زمانێک نەگونجێت. لێیکۆف لە ڕێگەی چەند بنەمایەکی جیاواز، دەستنیشانی تایبەتمەندیی زمانی هەر دوو ڕەگەزی کردووە کە دەکەونە خانەی ئاستەکانی وێنەی ژمارە (١)ەوە.

١-١) بنەماکانی لێیکۆف لە جیاکردنەوەی زمانی ژن و پیاو:

لە پێناو دەستنیشانکردنی زمانی ژنانەوە، لێیکۆف پشتی بە ١١ بنەمای جیاواز بەستووە، توانیویەتی بەهۆی دانەپاڵێەکی ئەم بنەمایانە، بە وردی جیاوازی و سیما جیاکەرەوەکانی، زمانی هەر دوو ڕەگەزەکە دیاری بکات. بنەماکان لای لێیکۆف ئەمانەن:

١- زمانی پێوەر و ستاندەر و بازاڕی

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتیژی فەرماندانی ڕاستەوخۆ لە داواکردندا

٣- جێگیری و براوەیی لە ئاخاوتن

٤- قسەپێبڕین

٥- ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکان لە ئاخاوتندا

٦- ڕێژەی بەکارهێنانی شێوازی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیاری پاڵپشتییانەوە

٧- ڕێژەی بەکارهێنانی جنێو و تابۆ

٨- سوێندخواردن

٩- ڕێژەی بەکارهێنانی ئامراز و ڕستەی سەرسوڕمان لە ئاخاوتندا

هەواڵنامەی کتێب

١٠- ڕێـــژەی بەکارهێنـــانی ئاوەڵناوەکـــان و بـــاری ســـۆزدارانە لە ئاخاوتندا

١١- بەکارهێنانی ناوی ڕەنگەکان (حسن دلبری و دیگران، ١٣٩٦: ٣٣)

لێیکـۆف بە درێـژی باســی ئەو بنەمایـانەی کـردووە، بە هۆیـانەوە فـۆرمێکی زمـانی دیـاریکردووە، کە لە کـۆمەڵی پیاوســالاردا بە زمـانێکی گونجـاو و پەســەندکراو دادەنرێـت بـۆ ژنـان، لادان لەو زمـانە لەو جـۆرە کۆمەڵانە پەسەند نییە و پێچەوانەکەشی بۆ زمانی پیاوان ڕاستە.

بۆ نمـوونە بە کـورتی باسـی بنەمـای نـاوی ڕەنگەکـان دەکەیـن لە لای ژنـان و پیـاوان، دەبینـین بە شـێوەیەکی هەسـتپێکراو ژنـان لە ئاخاوتنـدا ڕەنگـــی زیـــاتر بەکـــاردەهێنن و فەرهەنگێکـــی دەوڵەمەنـــدتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان. بۆ نموونە لای ژنان سەوزی گیایی، سـەوزی تـۆخ، سـەوزی کاڵ، شـەدری، زەیتـونی و سـەوزی فسـفۆری بەکاردێت، کەچـی پیاو بۆ هەموو ئەوانە تەنیا سەوز بەکاردەهێنێت." ڕەنگە ئەو پرسیارەمان لا دروست بێت، بۆ ئەم جیاکارییە وردە لە ڕەنگەکان لای ژنان مانـادارە و بـایەخی پێـدەدەن، بەڵام لای پیـاوان وانیـیە؟ ئەمە پەیوەســتە بە جـۆری تێڕوانینـی پیـاوان لە کۆمەڵـدا، بە بێبـایەخ سـەیری دەکەن و ئەم بـابەتە لە دەرەوەی بازنەی کـاری پیـاوانە دادەنـێن و تـایبەتی دەکەن بە ژنـان و ئەو پیـــاوانەی گومانیـــان لە پیاوەتییـــان هەیە، پیـــاوان حەزیـــان لەوەیە، ئەو بابەتانەی لایان بێ بایەخن و سەرنجیان ڕاناکێشێ، بیـانخەنە پاڵ ژنـان و خۆیـان پێیەوە خەریـک نەکەن."(*Rabin Lakoff, 1975: 9*) بەم پێیە بێت یەکێک لە جیاوازییەکـانی زمـانی ژن و پیـاو بـریتییە لە ژمـارەی نـاوی ئەو ڕەنگانەی کە لە ئاخاوتن بەکاردێت.

١-٢) تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف:

بابەتی هێزی زمانی، کۆنترۆڵکردن و ژێردەستەبوون، بە شێوەیەک ئاوێتەی یەکتر بوونە کە لێکجیاناکرێنەوە. "لە ڕوانگەی لێیکۆفەوە، زمان ئامرازێکە، بۆ دووڕەپەڕێزکردنی ژنان لە هێز و دەسەڵات" (*Sunderland, 2006: 42*) کاتێک ژن لە هێز و دەسەڵاتیشەوە دوور بێت دەبێت ژێردەستە و کۆنترۆڵکراوی ڕەگەزی بەرانبەری دەبێت.

فیمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون، زمان ڕۆڵی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی پیاوسالارانەوە هەیە، سەرچاوەی تێڕوانینیان لەسەر زمان بۆ هەستیارییان لەسەر دەسەڵاتی پیاوسالارانە و زاڵبوونی پیاوان لە کۆمەڵ دەگەڕایەوە. ئەم تیۆرە کە بە مۆدێلی کۆنترۆڵ ناسراوە، پەردەی لەسەر زاڵبوونی میژووی پیاوان لەسەر ئاوەز و زمانی ژنان لادا. لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم تیۆرە، تیۆرییەکی باوبووە لە بایەخدان بە بابەتی زمان و جێندەر. (گلالە هنری، عصمت اسماعیلی، ۱۳۹۸: ۱۹۷) هۆکاری سەرەکیی بێهێزی زمانی ژنان بۆ زاڵبوونی پیاوان و پلەبەندی ڕەگەزی دەگەڕێتەوە، ئەم جیاوازییە زمانییانە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا دەبینرێت، کە تیایدا بەدەستهێنانی هێز و پاراستنی، بە مافی سروشتی پیاوان دادەنرێت". (حدیث حاتمی و دیگران، ۱۳۹۷: ٤۲)

" لێیکۆف هێزی دەربڕین، بە هاوتای هێزی تاک لە کۆمەڵ دەبینێت و لاوازی ژنان لە قسەکردن بۆ زاڵبوونی پیاوان بەسەریان دەگەڕێنێتەوە و دەیەوێت پەیوەندی نێوان زمان و ژێردەستەبوونی سیستماتیکی ژنان لە کۆمەڵی پیاوسالار نیشان بدات. (*Ballard, 2006: 92-93*) ئەم کۆنترۆڵکردنە لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی دواتر، بابەتەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە کوڕان فێری زمانی پیاوان دەبن، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە کچەکان ئامادەدەکرێن بۆ وەرگرتنی پێگەی لاوازی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، وردە وردە زمانیان لە زمانی منداڵانەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو زمانە ژنانەیەی کە کۆمەڵ چاوەڕوانی لێی دەکات و ئەگەر هەوڵیش بدات

وەک کوڕان بەرەو وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی پیاوان بچێت کۆمەڵ ئەمە بە ناپەسەند دەزانێت.

١-٣) قسەپێبڕین:

لە پەیوەندیکردنی زمانیدا لایەنی کەم دوو بەشداربوو پێویستە، یەکێکیان دەبێتە قسەکەر و بەرانبەرەکەی دەبێتە گوێگر، ئەو دوو بەشداربووە لە گفتوگۆدا بەردەوام ڕۆڵەکانیان دەگۆڕن، بەو واتایەی کە کەسی یەکەم لە بەشێکی گفتوگۆیەکە دەوەستێت و ڕێگە دەدات کەسی دووەم قسە بکات و لەگەڵ دەستپێکی قسە لە لای کەسی دووەم ڕۆڵەکان پێچەوانە دەبێتەوە. قسەپێبڕین پەیوەستە بە چاوەڕوانی نەکردنی کەسەکان لە بەخشینی دەرفەتی ئاخاوتن بە بەرانبەر لە لایەن کەسی یەکەم و ڕەچاونەکردنی نۆرەگرتن لە ئاخاوتن لە لایەن کەسی دووەمەوە.

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی قسەپێبڕین بکەین، قسەپێبڕین بریتییە لە: لادان لە یاساکانی نۆرەگرتنی نێو ئاخاوتنی نێوان دوو کەس، کاتێ گوێگر دەست بە قسە دەکات، لە کاتێکدا هێشتا قسەکەر کۆتایی بە قسەکەی نەهێناوە. کەواتە؛ قسەپێبڕین ئەو کاتە ڕوودەدات کە ناتوانرێ وەک کۆتایی نۆرەی ئاخاوتنی قسەکەری یەکەم هەژمار بکرێت. (*Coates, 2003: 118*)

ئەگەر لە ڕوانگەی هیز و تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆفەوە سەیری بابەتی قسەپێبڕین بکەین، ئەوا ئەو باڵادەستییەی پیاوان لە کۆمەڵی پیاوسالاردا هەیانە، وادەخوازێت کە لە پەیوەندیکردنی زمانی لە نێوان دوو کەسدا، کەسی بە هێز قسەی بەرانبەرەکەی ببڕێت.

١-٣-١) پەیوەندی نێوان قسەپێبڕین و نۆرەگرتن:

پەیوەندیکردنێکی زمانی بە ڕەچاوکردنی نۆرەگرتن لە ئاخاوتن بەرهەمدێت، هەموو لادانێک لە نۆرەگرتن کاریگەری هەیە لەسەر

پرۆسەی پەیوەندیکردن. نۆرەگرتن بریتییە لە " بەردەوامیی قسەکردن لای قسەکەران بۆ پاراستن یان کۆتایی هێنانی گفتوگۆیەک" (اشرف شیبانی اقدم: ١٣٩٦، ٥٦) پێچەوانەکەشی ڕاستە کە بۆ بەردەوامیی قسەکردن پێویستە بەشداربوانی ئەم گفتوگۆیە ڕەچاوی نۆرەگرتن بکەن.

سیستەمی نۆرەگرتن، بنەمایەکی سەرەکیی گفتوگۆیە و چەند چەمکێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت. لێرە بە کورتی دەیانناسێنین:

"یەکەی ڕۆنانی نۆرە: واتە بەشێک لە گفتوگۆ کە بە هۆی ئاخاوتنی کەسی یەکەم دروستدەبێت.

خاڵی ڕادەستکردنی ئاخاوتن: ئەو کاتەیە لە ئاخاوتنەکە، کە ئەگەری نۆرەگۆڕینی تێدا هەبێت. (محمد عموزاده و دیگران، ١٣٩٣: ١٥٣)

هەموو سیستەمێک بۆ ئەوەی بەرهەمدار و بەردەوام بێت پێویستیی بە یاسا هەیە، نۆرەگرتنیش وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی یاسادارە و یاساکانی پەیوەستە بە سیستەمی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و بە ڕەچاوکردنی لە کاتی گفتوگۆدا تەنیا یەکێک لە بەشداربوان قسە دەکات. لە گفتوگۆی دوو کەسیدا شۆرت و کالپر ئەم مۆدێلەی خوارەوەیان داناوە:

A – B – A- B- …

کاتێک A قسەدەکات، دەوەستێت ئینجا B قسەدەکات، B ڕادەوستێ ئینجا جارێکی تر A قسەدەکات، ئەم نۆرەگرتنە تا ئەو کاتەی ئاخاوتن کۆتایی پێدێت بەردەوامی هەیە. (بهروز محمودی بختیاری و نرگس فرشته حکمت، ١٣٩١: ٣١٦) یاخود بە شێوەیەکی تر دەتوانین یاساکانی نۆرەگرتن لە خوارەوە نیشان بدەین:

" یاسای یەکەم: ا- قسەکەری یەکەم، قسەکەری دووەم هەڵدەبژێرێت، کەواتە؛ کەسی دووەم مافی هەیە یان ناچارە کە نۆرە بگرێت.

ب- ئەگەر قسەکەر خۆی، قسەکەری دووەمی دەستنیشان نەکرد، ئەگەری ئەوە هەیە قسەکەری دووەم خۆی دەست بە قسە بکات.

ج- ئەگەر حاڵەتەکانی (ا) و (ب) ڕوویان نەدا، ئەگەری ئەوە هەیە، خودی قسەکەری یەکەم لەگەڵ ئەوەی کە ناچار نییە، بەردەوام بێت لە قسەکردن.

یاسای دووەم: خاڵی (ا) و (ج) بە بەردەوامی لە خاڵی ڕادەستکردنی ئاخاوتن جێبەجێ دەکرێن تا ئەو کاتەی قسەکەر بگۆڕێت.

لادان لە یاساکانی سەرەوە قسەپێبڕین دروست دەکات. " (اشرف شیبانی اقدم: ١٣٩٦، ٥٦)

تیۆری کۆنترۆڵی لێکۆف پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە لادان لە نۆرەگرتن زیاتر لای پیاوان ڕوودەدات و ژنان زیاتر پەیوەستن بە نۆرەگرتنەوە.

هەوڵنامەی کێبڕکێ

١-٣-٢) ڕەگەز و جۆرەکانی قسەپێبڕین:

ڕەگەزی بەشداربوان کاریگەری لەسەر جۆر و ژمارەی قسەپێبڕینەکان هەیە. بە وردبوونەوە لەو توێژینەوانەی باسی کاریگەریی ڕەگەز لەسەر قسەپێبڕین دەکەن، دەبینین کە پیاوان بە شێوەیەکی بەرچاو و بە ڕێژەیەکی زیاتر، قسە بە ژنان دەبڕن، لە بەرانبەردا، ژنان زۆر بە کەمی قسە بە پیاوان دەبڕن، زۆرجار قسە بە هاوڕەگەزەکانیان دەبڕن بەڵام زۆر دەگمەنە، لە گفتوگۆی نێوان دوو ڕەگەزدا، قسە بە پیاوان ببڕن. (یدالله بهمنی مطلق و بهزاد مروی، ١٣٩٣: ١٦)

هەموو قسەپێبڕینێک نابێتە ڕەفتارێکی ناپەسەند، بەڵکو لە هەندێ باردا، ناوەڕۆکی قسەپێبڕینەکە هاوتەریبە لەگەڵ قسەی قسە پێبڕاوەکە و بە ئامانجی پاڵپشتی کردنی قسەکانی قسەکەر ڕوودەدات. (احمد حسینی

رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ۱۳۹۲ : ۷) به زۆری فمینیستەکان وای بۆ دەچن قسەپێبڕین نیشانەی هێز و دەسەڵاتە، بەو واتایەی، ئەو کەسەی کرداری قسەپێبڕینەکە ئەنجام دەدات ئامانجی کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆیەکەیە، کەواتە؛ جیاوازییە ڕەگەزییەکە وا دەکات پیاوان هێز و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ژنان جێبەجێ بکەن و لەم ڕێگەیەوە کۆنترۆڵیان بکەن. (یدالله بهمنی مطلق و بهزاد مروی، ۱۳۹۳: ١٦) بەمپێیە دەتوانین دوو جۆر قسەپێبڕین دەستنیشانبکەین: ۱ –قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە ۲– قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە.

۱-۳-۲-۱) قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە:

قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە بریتییە لە، قسەپێبڕینێک بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی قسەکانی قسەپێبڕاوەکە ئەنجام دەدرێت. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ۱۳۹۲ : ۷) لەم جۆرەدا، گوێگر دەیەوێ هاوڕایی و هاوئاراستەیی ڕای خۆی نیشانی قسەکەر بدات، پەنا بۆ ئەم جۆرە قسەپێبڕینە دەبات، ئەم جۆرە زیاتر لای ژنان بەکاردێت، بەڵام پێویستە ڕەچاوی ڕەگەزی هەر دوو بەشداربووش بکەین لە ئاخاوتنەکەدا. لە خوارەوە چەند نموونەیەک بۆ قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە دەخەینەڕوو:

– مەجید: "دەتوانم لێت بپرسم چی بووە، شێرزاد؟ ماوەیەکە دەتبینم وەک جاران نیت. دەتبینم کە خەمباریت. نازانم بۆ؟ جاروبار دەڵێم ڕەنگە پەیوەندی بە هەڵاڵەوە ببێ، جاروباریش...

شێرزاد قسەکانی پێ بڕی. گوتی: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەیەکدا وتارێکم خوێندەوە کە سەرنجی زۆر ڕاکێشام. لەو وتارەدا نوسرابوو کە زۆربەی زۆری بنەماڵە پەناهیندەکان لە سوید، بە تایبەت ئەو بنەماڵانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون، پاش ماوەیەک لە یەک هەڵدەوەشێن و ژن و مێردەکان لە یەکتر جیا دەبنەوە. نوسیبووی

زۆربەی ئەو جیابوونەوانە لەسەر داوای ژنەکانە" (عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٦٤)

لێرەدا شێرزاد ویستویەتی پاڵپشتی وتەکانی مەجید بکات و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، بە مەجید دەڵێت، بەڵێ کێشەکەم پەیوەندیێ بە هەڵاڵەوە هەیە.

– هەڵاڵە: "دەزانم دایە، باش دەزانم. ئێستا ئێمە دەبێ چی بۆ بکەین؟

دایکی هەڵاڵە: شێرزاد دەیەوێ بێت بۆ دەرەوە، بۆ لای ئێوە.

هەڵاڵە: دەی زۆر چاکە، کاری باش دەکات.

دایکی هەڵاڵە: من و باوکت...

هەڵاڵە زانی چیان لێی دەوێت. قسەکەی پێ بڕی و گوتی: پێویست بە گوتن ناکات. دڵنیابە ئێمە لێرە چیمان لە دەست بێت، بە زیادەوە بۆی دەکەین". (عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٢١٩)

وەک لە نموونەی سەرەوە دەبینین هەڵاڵە بۆ پاڵپشتی قسەکانی دایکی قسەکەی پێبڕیوە، دڵنیایی دەداتە دایکی کە هاوڕایە لەگەڵ قسەکانی و ئەوەی لە توانایدا بێت ئەنجامی دەدات.

لەبارەی پەیوەندی ڕەگەز بەم جۆرە قسەپێبڕینەوە اسمینتۆن و براودی ڕایان وایە کە پیاوان بە ڕادەربڕینی پاڵپشتییانە قسە بە پیاوانی تر دەبڕن. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) لە تیۆری کۆنترۆڵکارانەشدا ئەم جۆرە، زیاتر لە گفتوگۆی نێوان دوو پیاودا پەسەندە و لە بەرانبەر ژناندا بەکارهێنانی زۆر کەمە و

چـاوەڕوان دەکرێـت ئافرەتـانیش لە بەرانـبەر هەر دوو ڕەگەز ئەم جۆرە قسەپێبڕینە بەکاربهێنن.

١-٣-٢-٢) قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە:

قســەپێبڕینی کۆنترۆڵکــارانە بــریتییە لە، قســەپێبڕینێک کە بە ئامـانجی سـەرکەوتن بەسـەر قسـەپێبڕاوەکە ئەنجـام دەدرێـت. (احمـد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) لەم جۆرەدا، گوێگر نایەوێ هاوڕایی و هاوئاڕاستەیی خۆی نیشانی قسەکەر بدات، بەڵکو دەیەوێ لە ڕێــگەی قســەبڕینەکە هێــز و بااڵدەســتی خــۆی لە کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکە دەربخات، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە قســەپێبڕینە، ئەم جــۆرە زیــاتر لای پیــاوان بەکاردێــت، بەڵام لە ئاخـاوتنەکەدا پێویسـتە ڕەچـاوی ڕەگەزی هەر دوو بەشـداربووش بکەین. لە خوارەوە چەند نموونەیەک بۆ قسـەپێبڕینی کۆنترڵکارانە دەخەینەڕوو:

– هەاڵە: "حەتمەن گوتوێەتی نابێ لەگەڵ فەرهاد ...

مەجید نەیهێشت دریژەی پێبدات. وای نواند کە بە هەڵە چووە. گوتی: فەرهاد؟!

بە عەجایب و سەرسوڕمانەوە گوتی.

فەرهاد بۆ؟ نا ئەو باسی فەرهاد و باسی کەسی تریشی نەکردووە." (عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٧٠-٧١)

لێرەدا زۆر بە ڕوونی کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکە دەبینرێت، مەجید بۆ زاڵبوون بەسەر گفتوگۆکە و گۆڕینی ئاڕاستەی گفتوگۆکە پەنای بردووەتە بەر ئەم جۆرە قسەپێبڕینە.

– هەڵاڵە گوتبـــووی: "دەترســـم لە ســـبەینێوە بە بیـــانووی ئەم کەلوپەلانە...

مامە فەتاح قسەکەی پێ بڕیبوو، گوتبووی: کچم ڕاستە ئێوە لە یەکتر جیابوونەوەتەوە و ژن و مێرد نەماون، بەڵام پێتوانەبێ ئیتر نابێ یەکتر ببینن. (عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٢٦٢)

سالی مەک کانل، لەو باوەڕەیە کە پیاوان بە دەربڕینی بێ بار یان بە دژایەتـی کـردن قسـە بە ژنـان دەبـڕن، کە لە ڕێـگەی ئەمەوە پەسـەندی گریمانەی بەکارهێنانی هێز لە کۆنترۆڵکردنی ژنان دەکات. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) کەواتە لە کۆمەڵگای پیاوسـالار چاوەڕوان دەکرێت ئەم جۆرە قسەپێبڕینە زیاتر لای پیاوان ڕووبدات.

٢) ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا:

لە ڕێـگەی تیـۆری کـۆنترۆڵکردنی لێیکـۆفەوە، ژمـارە و جـۆرە جیاوازەکانی قسەپێبرین، لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی دەستنیشـاندەکەین. بـۆ ئەم مەبەسـتە، گفتوگـۆ ڕاسـتەوخۆکانی نێـوان کارەکتەرەکانی ڕومانەکە وەرگیراوە و بە پێی بەشداربوانی گفتوگۆکان لە ڕووی ڕەگەزەوە، ڕێژەی قسەپێبڕینەکان لای کارەکتەرکان دیاریکراوە، بە بەراوردکردنـی ڕێـژەی سـەدی جۆرەکـانی قسـەپێبڕین لە گفتوگـۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکان و ڕەگەزی جیاواز، ڕادەی گونجاوی زمانی ژنان و پیاوانی ناو ڕۆمانەکە هەڵدەسەنگێنین.

٢-١) نموونەی توێژینەوە:

بـۆ نمـوونەی تـوێژینەوە سـوودمان لە کـۆی گفتوگـۆ ڕاسـتەوخۆکانی نێـوان کارەکتەرەکـانی ڕۆمـانەکە وەرگرتـووە و بە پێـی گوتنەکـان هەژمارکراون، بۆ ئەم مەبەستە سوود لە شـێوازی تۆمارکردنی گوتنەکان

وەرگیراوە، بەو واتایەی کە قەبارەی گوتنەکان لەبەرچاونەگیراون، کۆی دەربڕاوەکانی نێوان جوت کەوانە بە یەک گوتن هەژمارکراون، بەو پێیە لە ناو ڕۆمانەکە گوتن هەیە تەنیا وشەیەکە و گوتنیش هەیە کە لە پەرەگرافێک پێکدێت.

ڕەگەز	ژمارەی گوتن	ڕێژە
مێ	٩٩١	٪ ٤٧.٦٢
نێر	١٠٩٠	٪ ٥٢.٣٨
کۆی گشتی	٢٠٨١	٪ ١٠٠

خشتەی ژمارە ١ ژمارە و ڕێژەی گوتنەکانی ڕۆمانەکە بەپێی ڕەگەز

وەک لە خشتەی ژمارە (١) دەبینین ڕێژەی گوتنەکان لە یەکتری نزیکە، گوتنەکانی ڕەگەزی نێر بە جیاوازییەکی کەم زیاترە لە گوتنەکانی ڕەگەزی مێ.

٢-٢) ڕەگەز و قسەپێبڕین :

لە کۆی گفتوگۆکانی ناو ڕۆمانەکەدا، قسەپێبڕینەکان هەژمار کراوە و لە خشتەی ژمارە(٢) خراونەتەڕوو. قسەبڕینەکان لەم خشتەیەدا بەپێی ڕەگەزی قسەبڕەکە هەژمارکراوە، قسەپێبڕینەکە خراوەتەسەر خانەی هەمان ڕەگەزەوە.

هەواڵنامەی کێبڕکێ


ڕەگەز	ژمارە	ڕێژە
مێ	١٤	٪ ٤١.١٨
نێر	٢٠	٪ ٥٨.٨٢
کۆی گشتی	٣٤	٪ ١٠٠

خشتەی ژمارە (٢) ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕینەکانی ڕۆمانەکە بەپێی ڕەگەز

لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا زۆرترین ڕێژەی قسەپێبڕین لەلایەن پیاوانەوەیە، هەرچەندە ئەگەر ڕێژەی قسەپێبڕین لای ڕەگەزەکان بە پێی ژمارەی گوتنەکانی هەمان ڕەگەز هەژمار بکەین دەبینین کە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان بەکارهێنانی قسەپێبڕین لە کۆی گوتنەکانی هەمان ڕەگەزەوە هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (٣) و وێنەی ژمارە (٢) دەبینرێت.

ڕەگەز	ژمارەی قسەپێبڕین	ژمارەی گوتن	ڕێژە
مێ	١٤	٩٩١	٪ ١.٤١
نێر	٢٠	١٠٩٠	٪ ١.٨٣

خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی قسەپێبڕینەکانی ڕەگەزە جیاوازەکان بە پێی ژمارەی گوتنەکانیان



وێنەی ژمارە (٢) جیاوازیی نێوان قسەپێبڕین و گوتنی ئاسایی لای هەر دوو ڕەگەز

وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا دەبینرێت جیاوازیی قسەپێبڕین لای هەر دوو ڕەگەز بەپێی کۆی گوتنەکانیان بریتییە لە ٠.٤٢ ٪ ، ئەمەش جیاوازییەکی زۆر کەمە.

لە پەیوەندیکردنی زمانیدا، وەک پێویستییەکی سەرەکی، دەبێ دوو کەس لەم پەیوەندییەدا بەشداربن، ئەویش بەپێی ڕۆڵیان ناودەنرێن: قسەکەر و گوێگر، لە گفتوگۆدا ئەم دوو ڕۆڵە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت. لە قسەپێبڕین لە گفتوگۆدا، ڕەگەز ڕۆڵ دەبینێ و بەپێی ڕەگەزی بەشداربوان جۆر و ڕێژەی قسەپێبڕین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بە پێی ڕەگەزی بەشداربوان لە گفتوگۆدا، دوو دەوروبەری جیاواز بەرهەمدێت، گفتوگۆ لە نێوان دوو هاوڕەگەز و گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز.

ڕەگەز	ژمارە	ڕێژە
هاوڕەگەز	١٥	%٤٤.١٢
ڕەگەزی جیاواز	١٩	%٥٥.٨٨
کۆی گشتی	٣٤	٪ ١٠٠

خشتەی ژمارە (٤) ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕین بەپێی بەشداربوانی گفتوگۆ


لە خوارەوە باسی قسەپێبڕین لە هەریەکە لەو دەوروبەرانە دەکەین بەپێی ڕەگەزی قسەکەرەوە.

٢-٢-١) قسەپێبڕین لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکاندا:

ڕێژەی قسەپێبڕینەکان لە گفتوگۆی نێوان هاوڕەگەزەکان، لە نێوان نێر و مێ وەک یەک نییە. لە خشتەی ژمارە (٥) و وێنەی ژمارە (٣)دا بەپێی ڕەگەزەکان، قسەپێبڕینەکانی ڕەگەزە جیاوازەکان لە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزەکان نیشاندەدرێت.

ڕەگەز	ژمارە	ڕێژە
مێ	٦	٪ ٤٠
نێر	٩	٪ ٦٠
کۆی گشتی	١٥	٪ ١٠٠

خشتەی ژمارە ٥ ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕین لە گفتوگۆی هاوڕەگەزەکان



وێنەی ژمارە (٢) قسەپێبڕین لای هەر دوو ڕەگەز لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان


فاکتەرێکی سەرەکی لە جۆری قسەپێبڕین لە گفتۆگۆی نێوان کەسەکان پەیوەستە بە ڕەگەزی بەرانبەر، ژمارە و ڕێژەی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین لە گفتوگۆ ڕاستەوخۆکانی نێوان کارەکتەرەکان، لە خشتەی ژمارە (٦) نیشاندراوە.

ڕەگەز		قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	کۆی گشتی
نێر	ژمارە	٥	١	٦
	ڕێژە	٪ ٨٣.٣٣	٪ ١٦.٦٧	٪١٠٠
مێ	ژمارە	٣	٦	٩
	ڕێژە	٪ ٣٣.٣٣	٪ ٦٦.٦٧	٪ ١٠٠

خشتەی ژمارە (٦) جۆری قسەپێبڕین لە گفتوگۆی هاوڕەگەزەکاندا

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەبینین، کارەکتەرە پیاوەکان بە بەراورد بە ژنان زیاتر سوودیان لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە وەرگرتووە، قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە لای پیاوان (٦٦.٦٧٪) بەڵام لای ژنان (١٦.٦٧ ٪)ە.

ژنانیش له قسەپێبڕیندا لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیان بە بەکارهێنانی قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە بەستووە، لای ژنان (٨٣.٣٣٪)ە و لای پیاوان (٣٣.٣٣ ٪). لە وێنەی ژمارە (٤) ئەم جیاوازییە نیشاندەدەین.



وێنەی ژمارە (٤) جۆرەکانی قسەپێبڕین لە گفتوگۆکردنی نێوان هاوڕەگەزەکاندا

٢-٢-٢) قسەپێبڕین لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز:

قسەپێبڕینەکانی نێوان کارەکتەرە جیاوازەکانی ناو ڕۆمانەکە، لە گفتوگۆی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ڕەگەزی قسەبڕ		قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پالپشتیانە	کۆی گشتی
نێر	ژمارە	٥	٣	٨
	ڕێژە	٪ ٦٢.٥	٪ ٣٧.٥	٪٤٢.١١
مێ	ژمارە	٨	٣	١١
	ڕێژە	٪ ٧٢.٧٢	٪ ٢٧.٢٨	٪ ٥٧.٨٩


هەوالنامەی کێبڕکێ

خشتەی ژمارە (٧) جۆری قسەپێبڕین لە گفتوگۆی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٧) جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە، هەرچەندە لە ڕووی ژمارە و ڕێژەوە، پیاوان بە ٥٧.٨٩٪ ی قسەپێبڕینەکان، زیاتر قسەیان بە ژنان بڕیوە، بەڵام کە سەیری ڕێژەی جۆرەکانی قسەپێبڕین لە هەر دوو ڕەگەز دەکەین، دەبینین کە لە هەر دوو ڕەگەزدا قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە زیاترە لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە.

ژنان: قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە ٦٢.٥ ٪ > قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە ٣٧.٥ ٪.

پیاوان: قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە ٧٢.٧٢ ٪ > قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە ٢٧.٢٨ ٪.



وێنەی ژمارە (٥) جۆرەکانی قسەپێبڕین لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز

هاوڵاتنامەی کتێب

وەک لە وێنەی ژمارە (٥)دا دەبینین، بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین لای ژنان و پیاوان لەم ڕۆمانەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا لای ژنان قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە ڕێژەکەی لە قسەپێبڕین پاڵپشتییانە کەمتر بێت.

٢-٣) قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە:


ئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە، ڕۆڵی جیاوازییان بینیوە لە بەرجەستەکردنی قسەپێبڕین لە ڕۆمانەکە و جۆر و ڕێژەی بەشداریان وەک یەک نییە، هەر یەکەیان بەقەد بەشداریان لە ڕۆمانەکە و ئامانجی نوسەرەوە، بە دوو ڕۆڵی جیاوازی قسەپێبڕ و قسەپێبڕاو بەشداریان لە کرداری قسەپێبڕین کردووە، لە خوارەوە ژمارە و ڕێژەی بەشداریان دەخەینەڕوو:

کەوالێنامەی کتێب

ناو		قسەپێبڕ	قسەپێبڕاو
هەلاله	ژماره	١٠	١٣
	ڕێژه	29.41%	38.24%
سەعادەت	ژماره	٢	٣
	ڕێژه	5.88%	8.82%
ڕەعنا	ژماره	١	١
	ڕێژه	2.94%	2.94%
گولاله	ژماره	١	٠
	ڕێژه	2.94%	0.00%
شێرزاد	ژماره	٧	٤
	ڕێژه	20.59%	11.76%
سەعید	ژماره	٤	٢
	ڕێژه	11.76%	5.88%
حەمە ڕەشید ئاغا	ژماره	٣	٢
	ڕێژه	8.82%	5.88%
مامە فەتاح	ژماره	٢	٠
	ڕێژه	5.88%	0.00%
مەجید	ژماره	١	٨
	ڕێژه	2.94%	23.53%
برایم	ژماره	١	٠
	ڕێژه	2.94%	0.00%
ناسر	ژماره	١	٠
	ڕێژه	2.94%	0.00%
ئیرەج	ژماره	١	٠
	ڕێژه	2.94%	0.00%
سەلاح	ژماره	٠	١
	ڕێژه	%0.00	2.94%
کۆی گشتی	ژماره	34	34
	ڕێژه	100.00%	100.00%

هەواڵنامەی گشتی

خشتەی ژمارە (٨) ڕۆڵی کارەکتەرەکان لە قسەپێبڕیندا



وێنەی ژمارە (٦) بەشداری کارەکتەرەکان و ڕۆڵیان لە قسەپێبڕیندا

لە وێنەی ژمارە (٦)دا، کاتێ سەیری ڕێژە و جۆری بەشداری کارەکتەرەکان دەکەین وەک قسەپێبڕ و قسەپێبڕاو، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت، کارەکتەری مەجیدە لە ناو ڕۆمانەکەدا، لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزی نێرە، بەڵام ٢٣.٥٣٪ قسەپێبڕینەکان لە قسەکانی ئەودان، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی تری ناو ڕۆمانەکە.

٢-٣-١) جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕینی ئەکتەرەکان

ئەو بابەتە کە تا چەندە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کارامەییە زمانییەکان و زمانی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزەکەیان بەکاردەهێنن، پەیوەستە بە بەرجەستەبوونی تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕەگەزی لە نێو ئاخاوتنەکانیاندا، لێرەدا ئێمە بە پێی کارامەیی قسەپێبڕین بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین، کە ئایا بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین، بەپێی ڕەگەزی بەشداربوو لە ئاخاوتن (هاوڕەگەز یان ڕەگەزی جیاواز) بە شێوەیەکی گونجاو بەکارهاتووە؟ قسەپێبڕینەکان لەگەڵ بنەماکانی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف لە پەیوەندیکردندا دەگونجێن؟ یان نا؟

لە خشتەی خوارەوەدا جۆری قسەپێبڕین لە لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە دەخەینەڕوو:

ناوی کارەکتەر	قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	کۆی قسەپێبڕینەکان
هەڵاڵە	٦	٤	١٠
سەعادەت	٢	٠	٢
ڕەعنا	١	٠	١
گوڵاڵە	١	٠	١
شێرزاد	٣	٤	٧
سەعید	٢	٢	٤
حەمە ڕەشید ئاغا	٢	١	٣
مامە فەتاح	١	١	٢
مەجید	١	٠	١
برایم	١	٠	١
ناسر	١	٠	١
ئیرەج	٠	١	١
کۆی گشتی	٢١	١٣	٣٤

هەواڵنامەی کێش

خشتەی ژمارە (٩) جۆر و ژمارەی قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکان

لە خشتەی ژمارە (٩)دا ژمارەی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی گشتی تۆمارکراوە، بەڵام بۆ زانینی شیاوی و گونجاوی بەکارهێنانەکان پێویستە زیاتر ورد بینەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی قسەپێبڕین بەپێی دەوروبەری گفتوگۆ واتە بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەز و بەرانبەرەکانیان دەکەینە بنەما بۆ پەسەندی بەکارهێنانەکان لای کارەکتەرە جیاوازەکانی نێو ڕۆمانەکە.

٢-٣-٢) قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف چاوەڕوان دەکرێت، پیاوان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا، قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زیاتر لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە بەکاربێنن، لە دوو خشتەی جیاواز جۆرەکانی قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیی زمانی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا دەخەینەڕوو:

ناوی کارەکتەرە ژنەکان		قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	جۆری زاڵ
هەڵاڵە	ژمارە	٢	١	کۆنترۆڵکارانە
	ڕێژە	٦٦.٦٧٪	٣٣.٣٣٪	
سەعادەت	ژمارە	٢	٠	کۆنترۆڵکارانە
	ڕێژە	١٠٠٪	٠٪	
ڕەعنا	ژمارە	١	٠	کۆنترۆڵکارانە
	ڕێژە	١٠٠٪	٠٪	
کۆی گشتی	ژمارە	٥	١	کۆنترۆڵکارانە
	ڕێژە	٨٣.٣٣	١٦.٦٧٪	

هەولێرە کتێب

خشتەی ژمارە (١٠) قسەپێبڕینی کارەکتەرە ژنەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٠)دا دەبینین کارەکتەرە ژنەکان، لە گفتوگۆکانی نێوان خۆیاندا زیاتر سوودیان لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە وەرگرتووە و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم پەنایان بۆ بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە بردووە، کە دەکرێت هۆکارەکەی پەیوەست بێت بە

گواستنەوەی ڕەفتاری کۆنترۆڵکارانەی پیاوان کە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا بۆ نێو ژنانیش و ئەم شێوازە قسەپێبڕینە لە بەرانبەر یەکتردا بەکاربهێنن.

ناوی کارەکتەرە پیاوەکان		قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	جۆری زاڵ
شێرزاد	ژمارە	٢	٣	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪٤٠	٪٦٠	
حەمە ڕەشید ئاغا	ژمارە	٠	١	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪ ٠	٪١٠٠	
مامە فەتاح	ژمارە	٠	١	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪ ٠	٪١٠٠	
ناسر	ژمارە	١	٠	کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪ ٠	
ئیرەج	ژمارە	٠	١	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪ ٠	٪١٠٠	
کۆی گشتی	ژمارە	٣	٦	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪٣٣.٣٣	٪٦٦.٦٧	

هەوالنامەی کتێب

خشتەی ژمارە (١١) قسەپێبڕینی کارەکتەرە پیاوەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک لە خشتەی ژمارەی(١١) دەبینین، جگە لە ناسر، لای گشت کارەکتەرە پیاوەکانی تر شێوازی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زاڵە و لە کۆی گشتیش بە هەمان شێوە زاڵبوونی بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە بەرچاودەکەوێت و ئەمە لای تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف بۆ پیاوان لەم دەوروبەرەدا بە پەسەند زانراوە.

٢-٣-١) قسەپێبڕینی ئەکتەرەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز

لە تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف یەکێک لە بنەماکانی دەرخستنی هێز و دەسەڵات لە زمانی پیاواندا لە گفتوگۆ لەگەڵ ژنان، قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیە، لەبەرئەوەی کە لای لێیکۆف زمانی ژنان، زمانی بێهێزە. بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا پەسەندترە بۆ ژنان و پیاوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن ژنان زیاتر لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە بەکاربێنن، لە دوو خشتەی جیاواز جۆرەکانی قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیی زمانی لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز دەخەینەڕوو:

ناوی کارەکتەرە ژنەکان		قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	جۆری زاڵ
هەڵاڵە	ژمارە	٤	٣	کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪٥٧.١٤	٪٤٢.٨٦	
گوڵاڵە	ژمارە	١	٠	کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪٠	
کۆی گشتی	ژمارە	٥	٣	کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪٦٢.٥	٪٣٧.٥	

خشتەی ژمارە (١٢) قسەپێبڕینی کارەکتەرە ژنەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ پیاواندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) دەبینین، گشت کارەکتەرە ژنەکانی ناو ڕۆمانەکە لە کاتی قسەپێبڕینی پیاواندا زیاتر قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیان بەکارهێناوە کە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا پەسەند نییە و پێچەوانەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆفە، ئەمەش بە لادان دادەنرێت لە زمانی ژنانە و نەتوانراوە لەم جۆرە بنەمایە فۆرمێکی پەسەند و گونجاو بۆ زمانی ژنان وێنا بکرێت و زمانەکە لەم ڕووەوە بە زمانی پیاوان دەچێت.

ناوی کارەکتەرە پیاوەکان		قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە	قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە	جۆری زاڵ
شێرزاد	ژمارە	١	١	وەک یەک
	ڕێژە	٪٥٠	٪٥٠	
سەعید	ژمارە	١	٢	پاڵپشتیانە
	ڕێژە	٪٣٣.٣٣	٪٦٦.٦٧	
حەمە ڕەشید ئاغا	ژمارە	٢		کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪٠	
مامە فەتاح	ژمارە	١		کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪٠	
مەجید	ژمارە	١		کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪٠	
برایم	ژمارە	١		کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪١٠٠	٪٠	
کۆی گشتی	ژمارە	٨	٣	کۆنترۆلکارانە
	ڕێژە	٪٧٢.٧٢	٪٢٧.٢٨	

هەواڵنامەی کیبڕ

خشتەی ژمارە (١٣) قسەپێبڕینی کارەکتەرە پیاوەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ ژناندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٣)دا دەبینین، گشت کارەکتەرە پیاوەکانی ناو ڕۆمانەکە جگە لە شێرزاد و سەعید لە کاتی قسەپێبڕینی ژنان زیاتر قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیان بەکارهێناوە و لەگەڵ تیۆری کۆنترۆڵکارانەی لێیکۆف دەگونجێت، لای شێرزاد ڕێژەی بەکارهێنانەکە یەکسانە لەکاتێکدا وەک ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەخوازێت دەبوایە هێز و دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی زمانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە قسەپێبڕینەکانی بەرانبەر ژنان بەرچاوکەوتبا، لای سەعیدیش ڕێژەی بەکارهێنانی

قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زیاترە ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ زمانی پیاوان لە ڕوانگەی لێیکۆڵفەوە.

ئەنجامەکان:

١- لەم ڕۆمانەدا، پیاوان زیاتر لە ژنان پەنایان بردووەتە بەر قسەپێبڕین، بەڵام بەپێی قسەپێبڕینەکان لە کۆی گوتنەکانی هەر ڕەگەزێک، جیاوازییەکە زۆر کەمە و دەبوایە بۆ نیشاندانی دەسەڵات و هێز و حەزی کۆنترۆڵکارانەی پیاوان قسەپێبڕینەکانی پیاوان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاتربوایە.

٢- بە پێچەوانەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆڵفەوە، قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە لای ژنان زیاترە لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانەوە لە هەر دوو دەوروبەری ڕەگەزی (هاوڕەگەز و ڕەگەزی جیاواز)، بۆ وێناکردنی زمانێکی ژنانە دەبوایە زۆربەی قسەپێبڕینەکان پاڵپشتییانە بن.

٣- کارەکتەرە پیاوەکان جگە لە شێرزاد و سەعید، قسەپێبڕینەکانیان لەگەڵ زمانی پیاوانە لە ڕوانگەی لێیکۆڵفە دەگونجێت لە هەر دوو دەوروبەری ڕەگەزی.

٤- قسەپێبڕینەکانی هەڵاڵە و شێرزاد، وەک دوو کارەکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکە فیمینیستانەکەی ڕۆمانەکە ناگونجێت، لە کاتێکدا کە هەڵاڵە قوربانی سیستەمی پیاوسالارییە، قسەپێبڕینەکانی لەگەڵ هەر دوو ڕەگەز کۆنترۆڵکارانەیە و شێرزادیش وەک بکۆژ و چەوسێنەری ژن، لەم ڕۆمانەدا قسەپێبڕینەکانی، لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی بەزۆری پاڵپشتییانەیە و لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر یەکسانە لە نێوان هەر دوو جۆری قسەپێبڕینەکە.

سەرچاوەکان:

- احمد حسنی رنجبر، ملاحت نجفی عرب (۱۳۹۲) زبان و جنسیت در رمان شوهر آهو خانم، فصلنامه مطالعات نقد ادبی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی واحد تهران مرکزی، دوره ۸، شماره ۳۰، ۱-۱۷.

- اشرف شیبانی اقدم (۱۳۹٦) نقش گفت و گویی و نظام نوبت گیری در رزمنامه‌ی رستم و اسفندیار، پژوهشنامه ادب حماسی، سال سیزدهم، پیاپی ۲۳. ۵۳-٦۹.

- بهروز محمودی بختیاری و نرگس فرشته حکمت، (۱۳۹۱)، برآیند قدرت شخصیت در نمایشنامه (با تکیه بر سنجش قواعد نوبتگیری در نمایشنامه وای بر مغلوب)، فصلنامه تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)، علمی-پژوهشی، سال پنجم، شماره اول، شماره پیاپی ۱۵.

- حدیث حاتمی، کورش صابری، هیوا ویسی (۱۳۹۷)، بررسی قاطعیت در گفتار گویشوران کردی کلهری بر اساس رویکرد تسلط لیکاف، فصلنامه مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه، سال ششم، شماره ۲۲، ٤۱-٦۰.

- حسن دلبری، هدی میرزایی (۱۳۹٦)، بررسی متغیر جنسیت با تکیه بر زبان زنانه در رمان کنیزو اثر منیرو روانی پور، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال ۱٤، شماره ۵۸، ۳۱- ٤۸.

- زهرا تقدمی نوغانی، ابراهیم عزتی (۱۳۹۵)، بررسی ویژگیهای زبان زنان در مقایسه با زبان مردانه در ترجمه رمان، دوفصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، سال چهارم، شماره اول، ۲۵- ۳۸.

هاوڵاتنامەی کتێب

– زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

– شالاو سالح حەمەغەریب و یوسف شەریف سەعید (٢٠١٧)، جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڤارا زانستێ مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، بەرگی ٥، ژمارە٢، ٢٥٠–٢٥٧.

– عەتا نەهایی (٢٠١٤) گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی دوەم، چاپخانەی رجایی، تاران.

– گلاله هنری، عصمت اسماعیلی (۱۳۹۷)، سلطه و عصیان در زبان فروغ فرخزاد (خوانش شعر فروغ بر اساس رویکردهای سه‌گانه زبان وجنسیت)، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، دو فصل نامه علمی-پژوهشی، سال هشتم، شماره دوم، ۱۹۳–۲۱۶.

–یدالله بهمنی مطلق، بهزاد مروی (۱۳۹۳) رابطه زبان و جنسیت در رمان شب‌های تهران، دوفصلنامه زبان و ادبیات فارسی، سال ۲۲، شماره ۷۶.

- Ballard, kim (2016), The story of linguistics: An Introduction to Language Study Past and Present. Basingstoke: Palgrave Macmillan Education.

Coates, Jennifer (2003), Man Talk: Stories in the Making of - Masculinities, Malden: Blackwell Publisher

- Lakoff, Robin (1975), Language and Woman's Place, Harper & Row. Publishers, New York.

- Sunderland, Yune (2006), Language and Gender an Advanced Resource Book, 1st edu, London/ New York: Routledge.

هەوالنامەی کتێب

ملخص

عنوان البحث " الجنس و قطع الكلام في رواية " گرەوی بەختی هەڵاڵە، يعتبر اللغة و الجنس احد اهم مواضيع علم اللغة الاجتماع و دراسات الرواية. في هذا البحث نسلط الضوء على قطع الكلام بين شخصيات رواية " كرةوي بةختي هةلالة" ل "عطا نهايي"مع تطبيق نظرية التسلط ل"روبن لييكوف" والذي بدوره يتناول العلاقة بين الجنس و قطع الكلام بين شخصيين.

الغرض من هذا البحث هو معرفة مدى نجاح الكاتب في استعمال اللغة المقبولة و الجيدة التي تمثل الشخصييات في الرواية المذكورة، و هل استعمال اسلوب قطع الكلام في هذه الرواية يتماشى مع نص الرواية ام لا.

الكلمات المفتاحية: علم اللغة الاجتماع، اللغة و الجنس، الاسلوبية، كرةوي بةختي هةلالة.

ABSTRACT

This research is entitled (“Gender and speech Interruption in “ Girewy Bexty Helale”),One of the most recent subjects in sociolinguistics and studies in novels is the relationship between language and Gender. In this study we shade a light on speech interruption among the characters of Ata Nihayee’s “Girewy Bexty Helale” by conducting Robin Lakoff’s Dominance Theory. In which the relation between gender and speech interruption in a conversation between two characters are presented.

The aim of this study is to clarify that to what extent was the writer successful in using an appropriate language which suits the characters of the novel, and to show whether the use of speech interruption in this novel equals to the text or not.

Keywords: sociolinguistics, language and gender, stylistics, Girewy Bexty Helale

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو

هەوالنامەی کتێب

م. هاوکار عمر خضر

زانکۆی سۆران -فاکەڵتیی پەروەردە

hawkar.khidhir@soran.edu.iq

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە پێچەوانەی توێژینەوە زمانەوانیەکانی پێشووە، کە هەوڵیان داوە رەگی داهاتوو لە ڕەگی ڕابوردوو بە دەست بهێنن. ئەم توێژینەوەیە پێی وایە ڕەگی ڕابوردوو بە هۆی زیاد کردنی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو بۆ ڕەگی داهاتوو دروست دەبێت و زیادکردنی ئەو مۆرفیمە گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەمەش هەموو ئەو کێشانە، کە پێشتر لەبارەی ڕەگی ڕابوردوو و ڕەگی داهاتووە هەبوون، دەردەخات و ڕوونیان بکاتەوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دەستنیشان کردنی ئەو یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییانەیە، کە لە کاتی دروستبوونی ڕەگی ڕابوردوو، دێنەکایەوە. تیایدا گرنگترین یاساکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو لە ڕەگی چاوگە سادەکانی زمانی کوردی خراونەتە ڕوو و شیکراوەنەتەوە. پرۆسە فۆنۆلۆژییە سەرەکییەکانی گۆڕانی ئەم ڕەگانەش خۆی لە سوان، زیادبوون و گۆڕان بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە دەبینێتەوە. کردەی سوان لە گۆڕانی ڕەگی داهاتوودا هەردوو شێوەی فۆنیمی کۆنسونانت (ن، ت) و ڤاوڵ (ێ، ە) دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر لە کۆنسونانتەکانە. هەندێک کات ڤاوڵ و کۆنسونانتەکان بەدوای یەکەوە لە یەک ڕەگدا دەسوێن.

وشە کلیلییەکان: مۆرفۆفۆنۆلۆژی، ڕەگی کار، سوان، گۆڕان، زیادبوون.

یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو

پێشەکی:

ئەم تـوێژینەوەیە، پڕۆسـەی دۆزینـەوەی گۆڕانەکـانی ڕەگـی کـارە لە زمـانی کوردیدا، ئەمەش لەسـەر ئەو بنەمـا لـۆژیکییە داڕێژراوە کە دەڵێت: "ئـاڵۆز لە سـادەوە دروسـت دەبێـت." ئەمەش پـێچەوانە دەبێـتەوە لەگەڵ هەمـوو ئەو تـوێژینەوانەی بەر لەم کـارە ئەنجـام دراون. چـونکە هەمـوو ئەوانەی باسی دروستبوونی ڕەگی کاریان کردوە، بەشێوەیەک بە لابردنی نیشـانەی چـاوگ و مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوو تـاوەکو ڕەگـی داهاتوویـان دۆزیـوەتەوە. بەڵام پێمـان وایە ڕەگـی ڕابـوردوو بە زیـادکردنی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوو بـۆ ڕەگـی داهـاتوو دروسـت دەبێـت. لە ئەنجـامی ئەم زیادبوونەدا هەندێک گۆڕانی فۆنۆلۆژی دێتەئارا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە: لەمەدایە کە گۆڕانەکانی ڕەگ لەسەر بنەمـای گـۆڕانە فۆنۆلۆژییەکـانی زمـانی کـوردی دەخـرێتە ڕوو، بەشـێوەیەک دەتوانێت هەمـوو ئەو کێشـانە ڕوون بکـاتەوە، کە پێشـتر لە نێـوان ڕەگـی ڕابوردوو ڕەگی داهاتوودا هەبوون.

ڕێبـازی تـوێژینەوەکە: ئەم تـوێژینەوەیە سـودی لە ڕێبـازی وەسـفی شـیکاری وەرگرتـووە، ئەو داتایـانەش بـریتین لە بەشـێکی زۆری چـاوەگە سادەکانی شێوەزارەی کوردی ناوەڕاست.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دەسـپێکێک و سـێ تەوەر پێکدێت. لەسەرەتادا مۆرفۆفۆنۆلۆژی ناسێنراوە و ڕەگی کار جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو ڕونکراوەتە لەگەڵ خسـتنەڕووی ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوو. لە تەوەری یەکەمدا گۆڕانە یەک پڕۆسەییەکان لە سـوان و گـۆڕان و زیـادبوونی ڕەگـی داهـاتوو بـۆ ڕەگـی ڕابـوردوو هەروەهـا یەک پڕۆسـەییە دوو گۆڕانییەکـان و سـێ پڕۆسـەییە سـێ

گۆڕانییەکان لە فۆنیمە کۆنسونانت و ڤاوڵەکان شیکراونەتەوە. لەتەوەری دووەم گۆڕانە دوو پڕۆسەییەکانی گۆڕان و سوان و گۆڕان و زیادبوون خراونەتەڕوو. لەتەوەری سێیەم گۆڕانە سێ پڕۆسەییەکانی زیادبوون و گۆڕان لەگەڵ سوان و گۆڕان و زیادبوون لە ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو باسکراون.

لەکۆتایدا پوختەیەک لە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پەراوێزەکان و پاشکۆ ڕیزکراون.

١-دەستپێک:

١-١: مۆرفۆفۆنۆلۆژی:

دەنگوشەسازی (عەبدوللا حوسێن ڕەسوول، ٢٠١٥ : ٢٧٦)، فۆنۆمۆرفۆلۆژی (ڕمزی منیر بعلبکی، ١٩٩٠ : ٣١٨)، لە ئینگلیزی ئەمەریکیدا مۆرفۆفۆنیمیکس (David Crystal, 2003 : 302) پێدەگوترێت، پڕۆسەیەکی زمانییە لە نێوان دوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدات (David Crystal,1990,196-195). ئەمەش بەشێوەیەک کە ئاماژە دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەو مۆرفیمانەی لە فۆنیم پێکدێن (Geoffrey Finch, 2000 : 59) کە مۆرفیمێک دەچێتە پاڵ مۆرفیمێکی تر لە ئەنجامی ئەم بەیەکگەیشتنەی فۆنیمەکان کار لەیەکتر دەکەن و گۆڕانی دەنگی دێتەئارا. (Andrew Spencer & Arnold M. Zwichy, 2001 : 145). کاتێک مۆرفیمێکی وەک، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو بۆ ڕەگی کارەکە زیاد دەکرێت، ئەوا لە هەندێک ڕەگدا گۆڕانێکی یان زیاتر ڕوودەدات، بۆ نمونە: کاتێک مۆرفیمی ڕەگی داهاتووی (بە)ی چاوگی (بردن)، مۆرفیمی کاتی ڕابوردووی دەچێتە سەر ئەوا دەبێت بە (بر). بەم شێوەیە:

بە ← بر: بە + د = برد

ڕەگـی داهـاتووی (بە) بەکـاریگەری مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردووی مـۆرفیمی /ـە/ ← /Ø/ و /ـر/ زیـاد دەبێت، ئەوا ئەم ڕەگە دەبێت بە (بـر). (دڤێرێـدا گوهـۆرین د دەنگیـدا پەیـدادبیت، ل دەمـێ مـۆرفیمەک ل سـەر مۆرفیمەکـادهێتە زێـدەکرن) (شـێرزاد سـەبری عەلـی & عەبدولسـەلام نەجمەدیـن عەبـدوللا٢٠١٩: ١٢٠) بەواتـای زیـادکردنی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردووەکە بـۆتە هـۆی گـۆڕانە دەنگییەکـان، ئەمەش لەزمانـدا بە مۆرفۆفۆنۆلۆژی دەناسرێت.

١-٢: ڕەگی کار

ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەی سـەرەکیی ڕستەیە و هەمـوو مۆرفیم و وشەکانی تر بەپێی پێویست بەدەروی ڕەگی کاردا دەخولێنەوە. (عەبدوللا حوسێن ڕەسوول، ٢٠١٥: ١٦) پەیوەندی نێوان ڕەگی داهـاتوو و ڕابوردوو یەکێکە لە باسە هەرە گرنگەکانی ڕێزمانی کوردی، بۆیە زۆرێک لە زمـانەوانە کوردەکان چ بەشـێوەی ڕاستەوخۆ تـوێژینەوەیـان دەربـارەی ئەنجـام دابێـت، یـاخود ناڕاسـتەخۆ لە شـیکردنەوە ڕێزمانیەکانـدا باسـیان کردووە. زۆربەی زۆریان پێیان وایە: ڕەگی ڕابوردوو بـۆتە سـەرچاوە بـۆ داڕشـتنی ڕەگـی داهـاتوو، ئەمەش وا لێکـدراوەتەوە بەلابردنـی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوو (نیشـانەکانی چـاوگ) پێکـدێت. بەم پێـیە ئەمە بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاوگ کراوەتە بنەما بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار. (عەبدوللا حوسێن ڕەسوول، ٢٠١٤ : ٨٨) لە کاتی لابردنی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو بـۆ دروسـتکردنی ڕەگـی داهـاتوو هەنـدێک گۆڕانکـاری تـری فۆنۆلـۆژی دێتەئارا و نەبوونی لێکدانەوەیەکی فۆنۆلۆژی ورد بۆ ئەم گـۆڕانە دەنگیـانە وایکردوە هەندێک لەتـوێژەران پێیـان وابێت ئەو فۆنیمە زیـادکراوانەی لە ئەنجامی پڕۆسەی مۆرفۆنۆلـۆژییەکە دێنەکـایەوە بە پڕۆسـەیەکی ڕەفتـاری فۆنۆلۆژی نـامۆ و نـاوێزە بناسـێنن (بازیـان یـونس محێددین ،٢٠١٣ : ٥٧)، هەندێکی تـریش ئەم فۆنیمە زیـاردکراوانە وەک مـۆرفیمێکی بەندی بەتـاڵی فراواکـار باسـیان کـردوە. (مـحەمەد مەعـروف فتـاح و صـباح ڕەشـید قـادر،

٢٠٠٦: ٢٨) هەندێکی تریان پێیان وایە گۆڕانەکان هەمەچەشن هەندێکیان وشەسازین هەندێکی تریان دەنگسازین و هەندێکی تریان هەردوکیانن. (عەبدوللا حوسێن رەسوول، ٢٠١٥ : ١٦)

هەندێکی تریان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەی لۆژیکی {ئالۆز لە سادەترەوە پێکهاتووە} کار دەکات. وەک، وریا عومەر ئەمین، دەڵێت: (بەپێی مەنتیقی "ئالۆز لە سادەترەوە پێک دێت" دەبێت ئەمە بە پێچەوانەوە بێت). (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٠ : ٢٣٤) لێرەدا هەوڵدراوە بەپێی ئەم لۆژیکەی سەرەوە ئەو یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژیانەی دوای زیادکردنی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو بۆ ڕەگی داهاتوو هاتۆتە ئاراوە لە دوو توێی چەند یاسایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیدا بخرێنە ڕوو.

١-٣: ڕەگی داهاتوو و ڕەگی ڕابوردوو:

ڕەگ مۆرفیمێکی بەندی وشەسازییە، هەڵگرو پارێزەری واتای چاوگەکەیەتی، بەگشتی واتا نابەخشێت. (رەفیق شوانی، ٢٠١١ : ٩٧) زمانەوانی دێرین بەهەڵە دوو ڕەگیان بۆ کار دەستنیشان کردوە: ڕەگی ڕابوردوو و ڕەگی داهاتوو (رانەبوردوو)، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا ڕەگ هەر یەک ڕەگی کارە. (عەبدوللا حوسێن رەسوول، ٢٠١٥ : ١٦) و (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦: ٨٨). ناشێ لەسەر بنەمای ڕەگ، کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردوو دیاربکەین، چونکە ئەمە گرانییەکی زۆر دەخاتە سەر زمان. بەڵکو لەبنەڕەتدا ڕەگ سەربەخۆیە و بە کاتەوە گرێ نادرێت. پێویست نیە مۆرفیمی کات بە ڕەگەوە بلکێنرێت، بەڵکو ڕەگ سەربەخۆیەو مۆرفیمەکانی کات وەک پێشگر و پاشگر بەدەوریەوە دەلکێن.

لەم توێژینەوەیەدا ڕەگی داهاتوو (فۆرمی ڕەگ لە دەمکاتی داهاتوودا) دەکرێتە بنەما بۆ دیارکردن و دۆزینەوەی هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕەگی ڕابوردوودا دێن بە کاریگەری مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردوو دوای زیادکردنیان بۆ ڕەگی کارەکان.

٢- گۆڕانە یەک پڕۆسەییەکان

٢-١: یاسای یەک پڕۆسەیی یەک گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

هەندێک لە گۆڕانەکانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو بە پێی پڕۆسەیەکی یەک گۆڕاوی دیتە ئارا، کە ئەم پڕۆسەیەش بە یەکێک لە پڕۆسە فۆنۆلۆژییەکانی (سوان، گۆڕان و زیادکردن) دروست دەبێت. بەم شێوەی خوارەوە:

٢-١-١: سوان:(Elision)

پڕۆسەی کرتانی یەکەیەکی دەنگی لە وشە یان گرێیەکدا بەمەبەستی ئاسانبوون و ڕێکخستنی درکاندن. بەم پێیە ((هەندێک جار یەکەیەکی زنجیرەیی لە ژێر بارودۆخێکی تایبەتدا لە زنجیرەی گوتندا دەسوێت.)) (علی محمد حق شناس، ١٣٨٣ : ١٥٧) بەواتایەکی تر، سوان لابردنی فۆنیم یان بڕگەیە لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ئاسانکردنی دوان بەمەبەستی ئابووریکردن لە بەکارهێنانی تینی ماسوولکە و وزەی دەربڕین ئەرکێکی تری گرنگی هەیە ئەویش بڕیتییە لە ڕێکخستنی ئەندامانی دوانە لەئاخاوتندا. جۆرەکانی سوانیش لەزمانی کوردیدا بە گوێرەی کەرەستەی سواو بە سەر دوو جۆردا دابەش دەبن: ئەوانیش سوانی فۆنیمی و سوانی بڕگەییە. هەروەها سوانی فۆنیمش بە سەر سوانی ڤاوڵ و سوانی کۆنسونانتیدا دابەش دەبێت، بەم شیوەیە:

هەڵتدان = هەڵـ + ـتـ + ـدە + ا +ن.

لێرەدا کاتێک (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو زیاد دەکرێت بۆ ڕەگی (دە)ی داهاتوو ئەو بزوێنی کورتی (ە) توشی سوان دەبێت، ئەم گۆڕانەش بە کاریگەری زیادبوونی ئەلۆمۆرفێکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو[١] بۆ سەر

ڕەگی کارەکە، دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەگی کارەکە و بەمەش گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکە دێنێتەئاراوە.

سوانی فۆنیم یان کرتانی ڤاوڵ و کۆنسونانتەکان لە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی ڕەگدا تەنیا لە کۆتایی ڕەگی داهاتوو دێتە ئارا، کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕەگی ڕابوردوو. ئەم گۆڕانەش لە هەندێک ڕەگدا یەک یان دوو فۆنیم دەکرتێت.

٢-١-١-١: سوانی ڤاوڵ:

هەندێک لە ڕەگی داهاتووی زمانی کوردی، کاتێک دەگۆڕدرێت بۆ ڕابوردوو، ڤاوڵەکانی /ه/، /ێ/ لە کۆتایی ڕەگەکاندا دەسوێن، بەم شێوەیە:

- سوانی /ـە/: لە ڕەگی داهاتووی (دە)دا لە کاتی گۆڕانی بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە /د/، بەم پێیەش لە کۆتایی ڕەگەکەدا ڤاوڵی /ـە/ دەکرتێت. ئەم سوانەش کاریگەری لەسەر گۆڕانی شێوەی بڕگەی ڕەگەکەدا نابێت، هەر بە شێوەی (CV) دەمێنێتەوە لە هەردوو شێوەی ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوودا .

/ ه/ ← /-Ø /

- سوانی /ێ/: ڤاوڵی (ێ) لە ڕەگەکانی (پشکوێ، سوتێ) دەکرتێت و ڕەگەکان دەبن بە (پشکو، سوت)، لە ڕووی پێکهاتەی بڕگەوە (پشکوێ) لە داهاتوودا لە دوو بڕگە (CVC) و(CCV) پێک دێت و دوای گۆڕانی بۆ ڕابوردوو تەنیا گۆڕان بەسەر بڕگەی دووەمدا دێت و لە(CCV)ـەوە دەبێت بە (CV). (ئەم شێوەی سوانە یەکێکە لە شێوەکانی زۆر باوی سوان، کە لە بڕگەکەی ئاساییەوە بەرەو بڕگەیەکی پەسندتر گۆڕاوە). (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩١: ٧٦) هەروەها ڕەگی (سوتێ) لە داهاتوودا لە

دوو بڕگەی (CV) و (CV) پێک دێت، بەڵام کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو دەبێت بە یەک بڕگەو بە شێوەی (CVC) دەردەبڕدرێت.

/ Ø- / ← /ێ/

٢-١-١-٢: سوانی کۆنسونانت:

هەندێک لە کۆنسونانتەکانی زمانی کوردی، وەک: /ن/، /ت/ کاتێک لە ڕەگی داهاتوودا دەگۆڕدرێن بۆ ڕابوردوو ئەوا لە کۆتایی ڕەگەکەدا توشی سوان دەبن، بەم شێوەیە:

- سوانی /ن/: وەک گۆڕان لە ڕەگی داهاتووی (دین)دا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ (دی) ڕەگی ڕابوردووداو. بەم پێیە لە کۆتایی ڕەگەکە کۆنسونانتی /ن/ کرتاوەو لە ڕووی پێکهاتەی بڕگەوە، ئەم ڕەگە لە یەک بڕگە پێک دێت، سوانەکەش شێوەی بڕگەکە لە (CVC) دەکات بە (CV) .

/ Ø- / ← /ن/

- سوانی /ت/: ئەم کۆنسونانتەش دەکرێت، کاتێک (بیست)ی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە (بیس). بەم شێوەیە/ت/ی کۆتایی ڕەگ دەکرتێت. هەرچەندە لە هەندێ شێوەزار و ناوچەدا هەر لە بنەڕەتدا /ت/ دەرنابڕدرێت. هەر بە شێوەی (بیس)ـە. هەرچی پێکهاتەی شێوەی ڕەگە لە جۆری (CVCC) ـە لە داهاتوودا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ ڕابوردوو ئەوا دەبێت بە (CVC) و بەم شێوەیە هێشوە کۆنسونانت لەم ڕەگە نامێنێت.

/ Ø- / ← /ت/

٢-١-٢: گۆڕان:(Mutation)

دەنگگـــۆڕکێ یەکـــێکە لە شـــێوەکانی گـــۆڕانی فـــۆنیم لە یاســـا فۆنۆلۆژییەکاندا، ئەمەش کاتێک ((دەنگێک جێگای دەنگێکی دی بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی کـار بکـاتە سـەر گـۆڕینی واتـاکەی.)) (ئەورەحمـانی حـاجی مـــارف، ٢٠١٤: ١٢٣) فۆنیمێـــک (دەنگێـــک) یـــان زیـــاتر لە ســـنوری گرێ(وشـە)یەکدا دەگۆڕێت بە فـۆنیمێکی تـر یـان زیـاتر بەبـێ ئەوەی ئەم گۆڕانە کاربکاتە سـەر ناوەڕۆک(واتا)یان، بەڵکو تەنیا کار لەسـەر فۆڕمی گرێ(وشـە)کە دەکات، لەم بارەدا هەمـان گرێیەکە بە دوو فـۆڕم یـان زیـاتر دەردەکەوێت، بەڵام بە هەمان واتاوە.

ئەو گۆڕانـانەی بەسـەر ڕەگەکـانی کـاری داهـاتوودا دێـن، هەمـوو گۆڕانەکـــانیش بەرەودواوە(Regressive) ن، ئەویـــش بـــرێتیە لەو پرۆسەیەی کە ((دەنگی دواوە کاردەکاتە سەر دەنگی پێشەوە... بەشـێوەی: {ف١+ف٢} دەبێتە {ف٢+ف٢})). (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤: ٢٦٢).

دەنگگـۆڕکێ بە شـێوەیەکی گشـتی کـار لە پێکهـاتەی بـرگەی ناکـات، واتە، گۆڕان وەک سوان نییە، لە کاتی گۆڕانی ڕەگی کاردا لە داهـاتووەوە بۆ ڕابوردوو هیچ شێوە گۆڕانێک لە شێوەی پێکهاتەی برگەکاندا نابینرێت، نابێتە هۆی گۆڕانی شێوەی برگەکەی ڕەگەکان.

٢-١-٢-١: دەنگگۆڕکێ لە ڤاوڵەکاندا:

- گۆڕانی /ێ/: گۆڕانی دەنگ ئاسایی هەندێک جار درێژی یەکەیەکی دەنگی قسـە کەمدەکرێتەوە یـان هەر بە تەواوەتـی لادەبـرێن (غـازی عەلی خورشید،٢٠١٠: ١٨٩) وەک لە ڕەگی داهـاتووی (ڕێس)دا کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو بەشـێوەی (ڕس) دەردەکەوێت، بەمەش لە ناوەڕاسـتی ڕەگەکەدا ڤاوڵی /ێ/ دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵێکی سوک (بزرۆکە).

/ێ/ ← /-i-/

- گـۆڕانی /ێ/: ڕەگـی داهـاتووی لە هەنـدێک کـاری تێـپەڕی وەک: (پاڵێو- بژێر- ژمێر- نێر- ستێن- چێن- درێن- درکێن- نـوێن- گەیـێن) و سەرجەم ڕەگی کارە تێپەڕێندراوەکان (قیـژێن- چیـڕێن- لـوزێن- لـورێن- گرمێن- بۆڕێن- زیـڕێن- زریکێن- میاوێن- قیڕێن- حیلێن- تڕێن- نەڕێن- شـیڕێن- فیکێن- چـریکێن- جریـوێن- لەنگێن- چـرپێن- قاسـپێن- قـوقێن- شـەقێن...) کاتێک دەگـۆڕێن بـۆ ڕەگی ڕابـوردوو ئەوە دبنە(پـاڵاو- بـژار- ژمار- نار- ستان- چان- درِان- درکان- نـوان- گەیـان)، (قیـژان- چیـڕان- لوزان- لوران- گرمان- بۆڕان- زیـڕان- زریکان- میاوان- قیڕان- حـیلان- تـڕان- نەڕان- شـیـڕان- فیکـان- چریکـان- جریـوان- لەنگـان- چرپـان- قاسپان- قوقان- شەقان...)، لە ناوەڕاستی ڕەگەکاندا گۆڕانێکیان تیادا دێتە ئارا .

/ێ/ ← /-ا-/ / -ا-/

- گۆڕانی /ە/: وەک لە (خایەن)ی ڕەگی داهـاتوودا، کاتێک دەبێت بە ڕەگـی ڕابـوردوو دەگۆڕێـت بـۆ (خایـان) و گـۆڕانەکەش لەناوەڕاسـتی ڕەگەکەدا دێتە ئارا.

/ە/ ← /-ا-/ / -ا-/

٢-١-٢-٢: دەنگگۆڕکێ لە کۆنسونانتەکاندا:

- گـۆڕانی /ز/ [٢]: ڕەگـی کارەکـانی داهـاتووی (گەز - خـواز) کە دەگـۆڕێن بـۆ ڕابـوردوو، ئەوا دەبـن بە (گەس - خـواس). ئەم شـێوە گۆڕانانەش لە کۆتایی ڕەگەکەدا دێنە ئارا.

/ز/ ← / -سـ-/

– گـۆڕانی /ژ/[۳] : گـۆڕانی ڕەگەکـانی داهـاتووی (کـوژ، کـرۆژ) بـۆ ڕابوردوو (کوش، کرۆش)ـە، ئەم گۆڕانەش لە فۆنیمی کۆتـایی ڕەگەکاندا رووەدەن.

/ژ/ ← /ش/

– گـۆڕانی /ڵ/: لەڕەگی داهـاتوودا، کە (هێڵ)ـە و دەبێت بە (هـێش) لە ڕابـووردا، لێـرەدا /ڵ/ـی کۆنسـونانت گـۆڕاوە بـۆ /ش/ـی کۆنسـونانت لە کۆتایی ڕەگەکەدا.

/ڵ/ ← /ش/

۲-۱-۳: زیادبوون:(Epenthesis)

کـردەی هـانتە ئـارای فۆنیمێـک یـان زیـاترە لە زمانـدا، بەمەبەسـتی ئاسانبوونی درکاندنە. (تالیب حوسێن علی، ۲۰۰۵ : ٦۰) ئەو گۆڕانەی کە فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێکی کۆنسونانت لە گرێ(وشـە)یەکدا زیـاد دەبێت، بەفۆنیمی چەندەکی (Lautquantitaten) دەناسرێت ((ئەو دەنگانەن، هەر چەنـدە دەوتـرێن، بەڵام مانـا نـاگۆڕێن و وشـە لەیەک جـودا نـاکەنەوە.)) (ئەورەحمـانی حـاجی مـارف، ۲۰۱٤ : ۱۲۲). کەواتە، ئەو فۆنیمـانە تەنیـا بەمەبەستی ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاخـاوتن و ئاسـانی دەربـڕینە و ڕەگەکـان ڕیکـدەخەن، ((بـنکە ڕیکـخەر یـان فراوانکـار ئەمـانە بـنکەی وشـە فـراوان دەکەن تـا بتوانێت پاشـگری تـر وەربگرێت)) (مـحەمەد مەعـروف فتـاح و صباح رەشید قادر، ۲۰۰٦: ۲۸). بەم پێیە تەنیا ئەرکی ڕێکخستنی فۆنەتیکی وشەکانیان لە ئەستۆدایە، کاتێک کە پاشگرێک (مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوو) بۆ ڕەگی داهاتوو زیاد دەکرێت.

۲-۱-۳-۱: زیادبوونی کۆنسونانت:

- زیادبوونی /س/: کاتێک (نوو) لە ڕەگی داهاتووەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەی ڕابوردووی دەبێتە بە (نووس)، بەم پێیەش فۆنیمێک هاتۆتە سەر کۆتایی ڕەگەکە. ئەم گۆڕانی ڕەگەش کاری کردۆتە سەر بڕگەکە و پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگەی لە (CV) کردوە بە.(CVC)

/-Ø/ ← /س/

۲-۲: یاساکانی یەک پڕۆسەیی دوو گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

یەکێک لە شێوەکانی گۆڕان لە ڕەگی داهاتوو ئەوەیە کە دوو گۆڕان بەسەر ڕەگێکدا دێت، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانانەش بەیەک پڕۆسەی (سوان) یان (گۆڕان) هاتوونەتەئارا، واتە، لەم گۆڕانەدا، هەموو فۆنیمە گۆڕاوەکان ڕەگێک بەیەک شێوە دەگۆڕێن، بە شێوەیەک هەندێک جار پڕۆسەی سوانی دەنگەکان لە زیاتر لە دەنگێک لە یەک ڕەگی داهاتوو دێتەئارا وەک:

- گۆڕانەکانی /ێ/ و /ن/: ئەو گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژیانەی بەسەر هەندێک لە ڕەگەکانی داهاتوودا ڕوودەدەن، مەرج نییە تەنیا گۆڕانی یەک فۆنیمی بێت، هەندێ جار دوو فۆنیمین بەڵام بە یەک شێوە و بە یەک پڕۆسەدا ئەنجام دەدرێن، وەک: سوانی (ێن) لە ڕەگی داهاتووی (مێن)دا. کاتێک ڕەگەکە دەگۆڕێت بۆ ڕابوردوو دەبێت بە (م)، لە کۆتایی ڕەگەکەشدا هەر دوو فۆنیمی /ێ/، /ن/ بەسەر بەیەکەوە دەسوێن. سوانی ئەم فۆنیمانەی کاردەکەنە سەر گۆڕانی شێوەی پێکهاتنی بڕگەکە و بەشێوەیەکە، کە لە (CVC) دەبێتە .(CV) بەڵام هەر بەیەک بڕگە دەمێنێتەوە.

/-Ø/ ← /ێ/

/-Ø/ ← /ن/

– گۆڕانەکانی /ێ/ و /ژ/: ئەو شێوەی گۆڕانی ڕەگەکانی داهاتوو دوو گۆڕانی تێدایە دێتەئارا، وەک لە ڕەگی داهاتووی (نێژ)دا دەبێت بە (ناش) لە شێوەی ڕابوردوو. بەم شێوەیە: لە ڕەگی داهاتوو ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت و دەبێت بە /ا/ لە ڕابوردوودا. هەروەها لە فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووشیدا /ژ/ گۆڕاوە بۆ /ش/کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو.

/ێ/ ← /-ا-/

/ژ/ ← /-ش/

– گۆڕانی /ێ/ و /ژ/: ئەمەش شێوەیەکی تری گۆڕانەکانی ڕەگی کارە وەک لە ڕەگی داهاتووی (چێژ) کاتێک دەگۆڕێت بۆ شێوەی ڕابوردوو ئەوا دەبێت بە (چەش) گۆڕانەکانیش لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕەگەکەدایە، بەشێوەیەکە لە ڕەگی داهاتوودا ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستدا گۆڕاوە بە /ە/ لە ڕەگی رابردوودا. دواتر لە فۆنیمی کۆتایی /ژ/ لە ڕەگی داهاتوودا گۆڕاوە بۆ /ش/لە ڕەگی ڕابوردوودا.

/ێ/ ← /-ە-/

/ژ/ ← /-ش/

-گۆڕانەکانی /ێ/ و /ز/: ئەو شێوەی گۆڕانی ڕەگەکانی داهاتوو دوو گۆڕانی تێدایە دێتە ئارا، وەک لە ڕەگی داهاتووی (پارێز)دا دەبێت بە (پاراز) لە شێوەی ڕابوردوو. بەم شێوەیە: لە ڕەگی داهاتوو ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت و دەبێت بە /ا/ لە ڕابوردوودا. هەروەها لە فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووشیدا /ز/ گۆڕاوە بۆ /س/ کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو.

/ێ/ ← /-ا-/

/ز/ ← /-س-/

٢-٣: یاساکانی یەک پرۆسەیی سێ گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

لەم شێوەی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو سێ گۆڕان بەسەر ڕەگێکدا دێت، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانانە بەیەک پرۆسەی (زیادبوون)دا هاتوونەتە ئارا، کەواتە، گۆڕاوی ڕەگەکە بەیەک شێوە دروستبووە، بۆ نمونە:

- زیادبوونی فۆنیمەکانی /ی- .i-/ ش/ لە شێوەی داهاتووی ڕەگەکانی (گە، ڕۆ)دا کاتێک دەبن بە ڕابوردوو دەگۆڕێن بۆ (گەیش، ڕۆیش)، بەم پێیەش هەر سێ فۆنیمی (/ی- .i-/ ش/) بە دوای یەکتری بۆ کۆتایی ڕەگەکە زیادبوونە. ئەم شێوە زیادبوونەش دەتوانرێت بە زیادبوونی بڕگەیش بناسرێت، چونکە بوونە بە یەک بڕگە و هاتوونەتە سەر ئەم ڕەگانە. بەم پێیە پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگانە لە شێوەی ڕەگی داهاتوودا لە یەک بڕگەی (CV) پێکدێن، بەڵام کاتێک دەبن بە ڕابوردوو ئەوە ئەم ڕەگانە دەبنە دوو بڕگە و (CV) و(CVC) دان و بڕگەی دووەمیش بڕگە زیادبووەکەیە کە هاتۆتە سەر ڕەگی داهاتووەکە .

/Ø/ ← -{/ی- .i-/ ش/}

ئەم زیادکردنەش مەرج نییە لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا ڕووبدات، بەڵکو لە هەندێ شێوەزاردا بە دیار ناکەوێت وەک هەولێر. هەر بەشێوەی (ڕۆ، گە) لە هەر دوو شێوەی ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوو دەردەبڕدرێت و هیچ گۆڕانێک نایەتەئارا. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستەیە، زیادبوونی ئەم بڕگەیە بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەندامانی دوان و گونجانی ڕیزبوونی فۆنیمەکانی ئەم وشەیەیە، بۆ نمونە

- لەکاتی ڕابوردوو (دوێنێ ژەنیار ڕۆیی بۆ ئەوروپا.)

- لەکاتی داهاتوو (سبەی من دەڕۆم بۆ ئەوروپا.)

- لەکاتی ڕابوردوو (پار هەنارەکان زوو پێگەین.)

- لەکاتی داهاتوو (ئەم ساڵ هەنارەکان زوو پێدەگەن.)

٣- گۆڕانە دوو پڕۆسەییەکان

٣-١: یاساکانی دوو پڕۆسەیی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

هەندێک جار دوو پرۆسەی فۆنۆلۆژی-شێوە گۆڕانی دەنگی-بەیەکەوە بەسەر ڕەگەکانی داهاتووی کاردا دێن، کاتێک دەبن بە ڕابوردوو. ئەم گۆڕانانەش دەشێ سوان و زیادبوون، یان گۆڕان و سوان و یان زیادبوون و گۆڕان بەیەکەوە بێنەئاراوە. ئەمەش بە چەند شێوەیەک ڕوودەدات، وەک لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

٣-١-١: یاساکانی دوو پڕۆسەیی یەک گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

لەم شێوەی گۆڕانی ڕەگەکاندا، کاتێک لە داهاتووەوە دەبن بە ڕابوردوو دوو پڕۆسەی جیاوازی فۆنۆلۆژیدا بەسەریاندا دێت، بەڵام یەک گۆڕان لە هەر پڕۆسەیەکیاندا ڕوو دەدات، بەم شێوەیە:

٣-١-١-١: یاساکانی گۆڕان و سوان:

- گۆڕانی /ژ/ و سوانی /ێ/: ئەم گۆڕانانە لە ڕەگی داهاتووی (داڕێژ، ڕێژ)دا کاتێک دەبنە ڕابوردوو لە شێوەی (داڕش، ڕش) دێن. ئەم پڕۆسانەش هیچ کاریگەری لەسەر شێوەی پێکهاتەی بڕگەی ڕەگەکان نابێت لە هەر دوو ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوودا. لە پڕۆسەی یەکەمدا: لە ڕەگی داهاتووەکاندا ڤاوڵی دڕێژەکانی /ێ/ لە ناوەڕستیاندا سواون وە لە

پرۆسەی دووەمیشدا: فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووەکان /ژ/ گۆڕاوە بۆ /ش./

/ -ژ /← /-ش/

/-یـ-/ ← /Ø/

۳-۱-۱-۲: یاساکانی گۆڕان و زیادبوون :

- گۆڕانی /ه/ و زیادبوونی /س/: ئەم شێوەی گۆڕانانەش کاتێک ڕوودەدات کە (خە)ی ڕەگی داهاتوو دەبێت بە (خس) لە شێوەی ڕابوردوودا، بەم پێیەش دوو پرۆسەی گۆڕان لەم ڕەگەدا هاتۆتەئاراوە، ئەوانیش ڤاوڵی کورتی /ه/ دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی کورت تری بزرۆکە /i/لە ناوەڕاستدا و زیادبوونی /س/ بۆ کۆتایی ڕەگەکە دروست دەبێت. ئەرکی پڕکردنەوەی بۆشایی لە نێوان دوو مۆرفیمەکەی تر-ڕەگ و کات- بینیوە کە ناشێت دانەنرێت، چونکە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە پەسند ناکرێت فۆنیمەکان ئامادە نابن بکەونە پاڵ یەکتر و زنجیرە دەنگ دروست بکەن (بازیان یونس محێددین ،۲۰۱۳ : ۸۸). هەرچی پێکهاتەی بڕگەیی ئەم ڕەگەیە، هەر وەک خۆیەتی و یەک بڕگەیە، بەڵام شێوەکەی لە (CV) ەوە گۆڕاوە بۆ (CVC) .

/ه/ ← /-i-/

/Ø/ ← / س/

- گۆڕانی /ه/ و زیادبوونی /ر/: وەک لەڕەگەکانی (کە، بە)ی داهاتوودا کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو دەبن بە (کـar، بـar). لێرەدا

به سوک بوونی ڤاوڵی /ه/ له ناوەڕاستیان و زیادبوونی کۆنسونانتی /ر/ بۆ کۆتایی ڕەگەکان دروست دەبن. ئەمانەش کاتێک ڕوودەدان کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (د) زیاد دەبێت بۆ سەر ڕەگی داهاتووەکە و ئەوا (ر)ـەک بۆ کۆتایی ڕەگی داهاتووە و پێش مۆرفیمی کاتەکە زیاد دەبێت. لەگەڵ زیاد بوونی ئەو مۆرفیمە گۆڕاێک بەسەر بزوێنەکەی پێش خۆی دێنێت. پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگانە، لە هەر دوو شێوەی داهاتوو و ڕابوردوو هەر یەک بڕگەیە و شێوەکەشی لە (CV) هوە گۆڕاوە بۆ .(CVC)

/ه/ ← /-i-/

/Ø/ ← /-ر-/

- گۆڕانی /ۆ/ و زیادبوونی /ش/: وەک لە ڕەگی (هاژۆ، شۆ)دا لە شێوەی داهاتووی دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو ئەوا دەبن بە (هاژوش، شوش). لێرەدا ڤاوڵی درێژی /ۆ/ لە ناوەڕاستی ڕەگەکان گۆراون بۆ ڤاوڵی کورتتری /و/، هەروەها /ش/یش بۆ کۆتایی ڕەگەکان زیادبوون. لەڕووی پێکهاتەی بڕگەییەوە. هەر دوو ڕەگەکە شێوەی داهاتووی ڕەگەکەیان لە دوو بڕگەی (CV) و (CV) پێکدێن، بەڵام کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو دەبن بە (CV) و(CVC) ، دیارە ئەمەش بڕگەی دووەمیان گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

/ۆ/ ← /-و-/

/Ø/ ← /-ش/

- گۆڕانی /ێ/ و زیادبوونی /ه/: کاتێک لە ڕەگی داهاتوودا /ێ/ دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە (ها). بەمەش ڤاوڵی /ێ/ گۆڕاوە بۆ

/ا/ هەروەها /هـ/ لەسەرەتادا زیادبووە. بەم پێیە پێکهاتەی بڕگەی ڕەگی داهاتوو بە شێوەی (V)[٤] دەبێت بە (CV) لە ڕابوردوو. ئەمەش لێرەدا هیچ کاریگەری نەکردە سەر شێوەی پێکهاتەی بڕگەکە.

/ئ/ ← /-ا-/

/Ø/ ← /-هـ/

٤- گۆڕانە سێ پڕۆسەییەکان

٤-١: یاساکانی سێ پڕۆسەیی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

٤-١-١: یاسای سێ پڕۆسەیی دوو گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

٤-١-١-١: یاساکانی زیادبوون و گۆڕان:

- زیادبوونی /هـ/ و /ش/ و گۆڕانی /ئ/: کاتێک (اوێ) ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ (هاویش)[٥] لە شێوەی ڕابوردوودا. لێرەدا سێ گۆڕان تیایدا ڕوویداوە، بە شێوەی دوو پڕۆسەی جیادا. ئەوانیش زیاد بوونی /هـ-/ لەسەرەتا و /-ش/یش لە کۆتاییدا لەگەڵ گۆڕانی /ئ/ بۆ /-ی-/.

/Ø/ ← /-هـ/

/Ø/ ← /-ش/

/ئ/ ← /-ی-/

شێوەی پێکهاتەی بڕگەیی لەم ڕەگی کارە دا لە هەردوو باردا لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەکەم لە (CV) کە هیچ گۆڕانێک تیایدا نایەتەئارا. ئەویش بە شوێنگۆڕکێ پێکردنی فۆنیمە کۆنسونانتەکانی سەرەتای /هـ/ بۆ /د/ی ئەسپێکتی بەردەوامی /دە/ و بەهۆی ئەو گۆڕانە

فۆنۆلۆژیانەی لە نێوان دوو فۆنیمی /ه/ و /ا/ دێتە ئارا دەبێت بە (دا)[٦] . بەڵام بڕگەی دووەم لە شێوەی (CV) دەگۆڕێت بۆ (CVC) .

– گۆڕانی (ۆ) و زیاد بوونی /ر/: وەک لە ڕەگی داهاتووی (خۆ)دا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێت بە (خوە). ئەمە شێوەیەکی باوی گۆڕانی فۆنۆلۆژییە لە (ۆ) بۆ (وە). کاتێکیش مۆرفیمی /د/ی کاتی رابوردوو زیاد دەکرێت، ئەوا /ر/ زیاد دەبێت. هەر کاتێکیش /ر/ زیادبوو ئەوا کار دەکاتە سەر بزوێنەکەی پێش خۆی و لێرەدا درێژی دەکاتەوە لە (ه) بۆ (ا). هەر دوو شێوەی ڕەگەکانی داهاتوو و ڕابوردووی لە یەک بڕگە پێک هاتوون، بەڵام بەشێوەی جیاواز لە ڕەگی داهاتوو لە شێوەی (CV)و لە ڕابوردوودا دەگۆڕێت بۆ.(CCVC)

/ۆ/ ← /–وە/

/Ø/ ← /–ر/

/ه/ ← /–ا–/

٤–١–٢: یاساکانی سێ پرۆسەیی سێ گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

٤–١–٢–١: یاساکای سوان و گۆڕان و زیادبوون:

– سوانی /ه/ و گۆڕانی /ێ/ و زیادبوونی /س/: گۆڕانەکانی ڕەگی داهاتووی (هوێ) بۆ ڕەگی ڕابوردوو (ویس) بەم شێوەیەیە کە سوانی /ه/ لەسەرەتای ڕەگە و /ێ/ لە ناوەڕاستدا دەگۆڕێت بۆ /–ی–/ هەروەها /–س/ لە کۆتایدا زیاد دەبێت. پێکهاتەی بڕگەیی ڕەگی داهاتووەکە لە دوو بڕگە(V) [٧] و (CV) پێکدێت، بەڵام لە ڕەگی ڕابوردوودا دەبێتە یەک بڕگە و لەقالبی (CVC)دا دێت.

هەوالنامەی کتێب

/ه/ ← / Ø /

/ێ/ ← /-یـ-/

/Ø/ ← /-س/

ئەو گـۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژیـانەی لە ئەنجـامی زیـادبوونی یەکێـک لە مۆرفیمەکـانی کـاتی ڕابـوردوو بـۆ ڕەگی داهـاتوو دێنەئـارا بە یەکێـک لەم شێوانەیە:



هێڵکاریی -١-

یاساکانی گۆڕانی ڕەگی کاری داهاتوو بۆ ڕابوردوو

هەوالنامەی کتێب

سوان	زیادکردن	گۆران	گۆران و سوان	گۆران و زیادکردن	سوان و گۆران و زیادکردن
ن←Ø	Ø ← س	ی← i	ژ ←ش، ی ←Ø	ق←و، Ø ←ش	ه←Ø، ی←ی، Ø ←س
ت←Ø	Ø←یـَش	ه←ا		ی←ا، Ø ←ه	
ه←Ø		ی←ا		ه←ا، ←Øر	
ی←Ø		ل←ش		ه←ا، Ø ← س	
یێ←Ø		ز←س		ق←وه، Ø ←ر، ه← ا	
		ژ←ش		ی←ی،←Øه←Øش	
		ی←ه، ژ←ش			
		ی←ا، ژ←ش			
		ی←ا، ز←س			

هەوالنامەی کێب

پەراوێزەکان:

١- ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو لەزمانی کوردیدا بریتین لە (_ت، _د، _و، _ی، _ه) کە هەمویان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی تافێکن. بۆ زانین بڕوانە: (محمەدی مەحوی، ٢٠١٠: ٣٠)

٢- دەنگ گۆڕکێ /ت/ -مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو- دەتوانێت /ز/، /ژ/ بگۆڕێن بە /س/، /ش/. سەبارەت بە ڕەسەنایەتی نوسەر فۆنیمەکانی/ز/، /ژ/ بەڕەسەن دەزانین، چونکە لە داهاتوو (ڕانەبوردوو)دا دەردەکەون. لە ڕابردووشدا دەردەکەون ئەگەر نەکەونە دوای /ت/. فۆنیمی /ت/ بریتییە لە نیشانەی ڕابوردوو لە هەموو ڕێژەیەکی ڕابوردوودا هەیە. (شێرکۆ بابان،

٢٠٠٥: ١٥٤–١٥٨). ئەمەش ئاماژەیە بە ناڕاستەوخۆ، کە داهاتوو بنەڕەتە و رابوردووی لێ دروست دەکرێت.

٣- لە زمانی کوردیدا دەنگە کۆنسونانتەکان دوو جۆرن، ئەوانیش ئاوازەدار و کپن. لە هەندێک زماندا، ئەگەر لە دوای دەنگێکی ئاوازەدارەوە دەنگێکی کپ بێت، ئەوا دەنگە کپەکە کار دەکاتە سەر دەنگە ئاوازەدارەکەی بەردەمی و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ، بەتایبەتی ئەگەر لە پاش دەنگە ئاوازەدارەکانی /ز/ و /ژ/ هوە دەنگی کپی /ت/ هەبێت. گەلێک جار /ژ/ کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە، وەک /ش/ دەردەبڕدرێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٧٦: ٥٧).

٤- لە ڕەگی داهاتوودا زیادەی دەنگی کۆنسونانتی /د/ دەکەوێتە پێش قاوڵی ڕەگی داهاتووی /ی/ بە شێوەی (دێ) دەردەکەوێت، واتە، قالبی برگەیی (CV)وە کاتێکیش دەگۆڕێت بۆ ڕابوردووو /ە-/ی بۆ زیاد دەبێت، واتە شوێنی/د/ـەکە دەگـڕێتەوەو بەم پێیەش برگەکەی هەر بە هەمان شێوەی خۆی و لە قالبی (CV) دەمێنێتەوە، کەواتە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

٥- (اوێ) لە هەندێک شێوە ئاخاوتنی بەشیوەی (هاوێ) دەربڕدرێت، لەم شێوە دەربرینەدا کاتێک مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو دەخرێتە سەر ئەوا یەک دەنگ زیاد دەبێت کە (ش) لە کۆتایی ڕەگەکەدا. تەنانەت لە هەندێک ناوچە بەشێوەی (هاوێژ) دەردەبڕێت. لەم بارەدا تەنیا یەک گۆڕان دێتەئارا ئەویش گۆڕانی (ژ) بۆ (ش)ـە.

٦- هەر کاتێک قاوڵی کورت و قاوڵێکی درێژ بکەونە پاڵ یەک، ئەوە قاوڵە درێژەکە کار دەکاتە سەر قاوڵە کورتەکەو دەیسوێنێت.

٧- ئەمەش تەنیا هاتنی ئەم بزوێنە بە ڕێگای گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی هاتنی ئەسپێکتی بەردەوامی پێش ئەم بزوێنە چارەسەر دەبێت و دەبێت بە

یەک فۆنیم لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی و سەربەخۆی خۆی لە دەست دەدات، بەم شێوەیە: دەمەوێت. دەوێت. دە/مە/ وێت لێرەدا لەگەڵ جێناوە لکاوەکان بوون بەیەک بڕگەو لە دە/وێت. ئەمیان لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی بە هۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژیەوە بووە بەیەک مۆرفیم بە یاسایی بەیەکەوە هاتنی دوو مۆرفیمی وەک یەک بوون بەیەکی ئەم مۆرفیمانە (ە+ە=ە) بەمەش دە+ەوێت دەبێت بە دە/وێت.

ئەنجامەکان:

١. کردەی سوان لە پرۆسەی گۆڕانی ڕەگی داهاتوودا هەردوو شێوەی فۆنیمی کۆنسونانت (ن، ت) و ڤاوڵ (ێ، ە) دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر لە کۆنسونانتەکانە. هەندێک کات ڤاوڵ و کونسونانتەکان بەیەکەوە یاخود بەدوای یەکەوە لە یەک ڕەگدا دەسوێن.

٢. پرۆسەی زیادبوون لە ڕەگەکانی داهاتوودا هەموو کۆنسونانتە کپەکانی (ی، س، ش، ر، ە) زیاد دەبێت، هەروەها لەگەڵ ڤاوڵەکانی (j، ا) لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ڕەگدا هەردوو فۆنیمی (ی)ـی و (ش)ی کۆنوسنانت بەسەر یەکەوە بەشێوەی (یـjـش) وەک بڕگەیەک زیاد دەبێت بۆ کۆتایی ڕەگەکان.

٣. هەموو گۆڕانە دەنگییە کۆنسونانتییەکان لە گڕەوە دەبن بە کپ. بەڵام پرۆسەی گۆڕانی ڤاوڵەکان لە دەنگە بەهێزەکانەوە بۆ دەنگە بێ هێزەکانە، جگە لە گۆڕانی (ە) بۆ (ا) ئەمەش بەکاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری دێنەئارا.

٤. ئەو سوانانەی بەسەر ڕەگی داهاتودا دێن، بەشێکی زۆریان دەبنە هۆی گۆڕانی شێوەی بڕگەی ڕەگەکان، بەشێوەیەکە هەموو ئەو

سوانانە دەبنە گۆڕینی بڕگەکە لە شێوەی (CVC) بۆ(CV) . بەڵام لە پڕۆسەی زیادبوونی فۆنیم لە ڕەگی داهاتوودا، کاریگەری لەسەر شێوەی پێکهاتەی بڕگە دەکات و زۆربەی شێوەی بڕگەکان لە (CV) دەکات بە (CVC).

٥. هەموو ئەو ڕەگە داهاتووانەی کە بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە و بە زیادکردنی مۆرفیمی کاتی رابردوردوو (د) دەکرێنە بە ڕەگی رابوردوو ئەوا بەپێی یاسای زیادکردن کۆنسناتی (ر) لە نێوانیان زیاد دەکرێت.

سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بە کوردی:

- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغد.

- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

- بازیان یونس محێددین یونس محێددین (٢٠١٣) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس، چاپخانەی مورکریان، هەولێر.

- تالیب حوسێن علی (٢٠٠٥) فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، لە زنجیرە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر.

هەوالنامەی کتێب

- تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- سەعید کەرەمی (١٣٩٦) وشەناسی زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)، پەخشانگای زانستگای کوردستان، چاپی یەکەم، سنە.

- شێرکۆ بابان (٢٠٠٥) دەنگسازی و بڕگە سازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا (٢٠١٩) فۆنۆلۆجی، دەزگای نالبەند یێ چاپ و وەشانێ، چاپخانەی هێڤی، دهۆک.

- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١) بڕگەو ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

- ڕەفیق شوانی(د) (٢٠١١) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

- عەبدوللا حوسێن ڕەسوول (٢٠١٥) چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- غازی عەلی خورشید (٢٠١٠) فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- مەحەمەدی مەحویی (٢٠١٠) مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، برگی یەکەم سلێمانی.

- مەحەمەد مەعروف فتاح و صباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

رمزي منير بعلبكي (١٩٩٠) معجم المصطلحات اللغوية، الطبهة الاولى، دار العلم للملايين، بيروت.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

- علی محمد حق شناس (١٣٨٣) أواشناسی، انتشارات أگاه، چاپ نهم، تهران.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Andrew Spencer and Arnold M. Zwicky (2001) The Handbook of Morphology, Blackwell Publishing, USA.
- David Crystal (1990) Linguistics, Second Edition, Penguin Books.
- Geoffrey Finch (2000) Linguistic Terms and Concepts, USA.

هەوالنامەی کیب

پاشکۆ

ئەو چاوگانەی گۆڕانی ڕەگی کاریان بەسەردا دێت لە کاتی گۆڕینان لەداهاتووە بۆ ڕابردوو

(دان، پشکوتن، سوتان، دیتن، بیستن، ڕستن، پاڵاوتن، بژاردن، ژماردن، ناردن، ستاندن، چاندن، درِاندن، درکاندن نواندن، گەیاندن، قیژاندن، چیڕاندن، لوزاندن، لوراندن، گرماندن، بۆڕاندن، زیڕاندن، زریکاندن، میاواندن، قیڕاندن، حیلاندن، تڕاندن، نەڕاندن، شیڕاندن، فیکاندن، چریکاندن، جریواندن، لەنگاندن، چڕاندن، قاسپاندن، قوقاندن، شەقاندن، خایاندن، گەستن، پاراستن، خواستن، کوشتن، کرۆشتن، هێشتن، نوستن، مان، ناشتن، چەشتن، گەیشتن، ڕۆیشتن، دارِشتن، ڕشتن، خستن، کردن، بردن، هاژوشتن، شوشتن، هاتن، هاویشتن، خواردن، ویستن.)

ملخص:

هذا البحث على عكس البحوث اللغوية الذين المقدمة، حاولوا على حصول الجذر المستقبل من الجذر الماضية. هذا البحث يرى أن الجذر الماضية تنشأ بسبب إضافة مورفيمات الفعل الماضي لجذر المستقبل. إضافة مورفيمات تغيرت فونولوجية على الجذر الفعل الماضي بهذا توضيح وتحل كل المشاكل الموجودة في جذر الماضية والمستقبلة. الهدف الرئيسي لهذا البحث تحديد القوانين وألانظمة الموفوفونولوجية التى تنشأ في حالة الجذر الماضية وتظهر فيها أهم القوانين التغير في الجذر المستقبلية والجذر الماضية من الجذور المصادر البسيطة في اللغة الكوردية. عملية الرئيسية الفونولوجية تغير هذه الجذور و تعتبر من عمليات الحذف والاضافة و التغير بجميع أنواعها و هذا الحذف تشمل تغير جذر المستقبلة بنوعيها فونيمات الصامته(ن، ت) والصائته(ێ، ه). ولكن تشمل فونيمات الصامته أكثر من الصائته في بعض الأحيان، الصائته و الصامته تحذف في آن واحدة تلو الأخرى في الجذر الواحدة.

هەوالنامەی کتێب

Abstract:

This research is unlike the previous linguistic research. It tried to obtain the future root of the past root. This research finds that the last root arises due to the addition of the past verb morphs to the root of the future. The addition of morphology has changed the phonology on the root of the past verb by clarifying and solving all the problems which presented in the past and future roots. The main objective of this research is to identify the laws and systems of morphology that arises in the case of the last root however it shows the most important laws that changes the root of the future and the root of the past from the roots of simple sources in the Kurdish language. The main process of phonology changes the roots. it is considered to be the deletions, additions and changes of all sorts. This deletion involves changing the roots of the receptor. It includes both phonemes of consonant (N, T) and vowels (ê, e), but it contains in consonant more. Sometimes consonants and vowels follow each other in one foot.

هەولێرە بۆ کتێب

هەوالنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

جێبەجێکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا[1]

تۆژینەوەیەکی تیۆرییە

هەوالنامەی کتێب

م. ی. زەریا أحمد طاهر
زانکۆی سەڵاحەددین ـ کۆلێژی ئاداب
Zarya19ahmad81@gmail.com

سەرپەرشت: پ. ی. د. نوری یاسین هەرزانی
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی
noori.harzani@mhe-krg.org

پوختە:

دەرکەوتنی خێزان هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەسەر زەوی. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانی جێبەجێبکات و دواتر دەرخستنی بنیاد و ئەرکەکانی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریی تیۆرییە، هەروەها میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێناوە و توێژەر پشتی بە شیکردنەوەی دەقی تیۆری بەستووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەرێمی کوردستان. لەناو چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا یەکێک لەو تیۆرانەی بایەخێکی تایبەتی بە خێزان داوە بریتییە لە تیۆری بنیادیی وەزیفی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە جێبەجێکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لەسەر خێزان بە گشتی و خێزانی کوردی بە تایبەتی. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، بریتییە لەوەی کە خێزان وەک گرنگترین گروپی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە تاک بەرهەمدێنێت و پێداویستییەکانیان فەراهەم دەکات، چونکە تاک پێویستی بە هاوکاری خێزانە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت. سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی کە لە جیهان و کوردستانیش ڕووەدەدن خێزانی کوردیش تا ئاستێک توانیویەتی پارێزگاری لەو بەها کۆمەڵایەتییانە بکات کە پەسەندن. سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخانە گۆڕاون.

وشە کلیلییەکان: بونیادی وەزیفی، خێزان، کۆمەڵگای کوردستانی.

جێبەجێکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا[1]

تۆێژینەوەیەکی تیۆرییە

پێشەکی

ئاشکرایە خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ پێی ئاشنایە، هەروەها بنەمای کۆمەڵگەیە و چوارچێوەیەکە کەوا تاکەکان ژیانی کۆمەڵایەتییان تێیدا دەگوزەرێنن، چونکە خێزان بچوکترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆ. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خێزان هەبووە و هەیە، بەڵام جۆر و قەبارە و ئەرکەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کۆمەڵە ئەرکێکیشی لەسەر شانە لەپێناو مانەوەی جۆری مرۆڤایەتی و بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری. خێزان کاریگەر و کارتێکراوە بە سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە. خێزان بە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە هەر گۆڕانێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە ڕووبدات لەوانە سیستەمی ئابووری، سیاسی، ئاینی، پەروەردەیی و پیشەسازی، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی خێزان دەبێت (ترکیة، ٢٠٠٤: ١٧). هەروەها چەمکی خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەسەندنی تاک لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان. کەواتە خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بنیادنانی کەسایەتی بۆ تاکەکان چونکە بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستی و پێدانی ڕەفتار و بەها و پێوەرەکان. کەواتە خێزان یەکێکە لە گرنگترین سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، چونکە مرۆڤ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەبێت و تەندروستی کۆمەڵگەش پەیوەستە بە تەندروستی تاک و

هاوڵاتیانەی کێبڕکێ

خێـزانەوە (أونسـة، ٢٠١٤: ٢١-٢٢). زیـاتر لەوەش خێـزان یەکەیەکـی کۆمەڵایەتی سەرەکییە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە پەیوەندییەکی یاسـایی و ئەخلاقـی و ئـاینییەوە گرێـدراوە، هەروەهـا هەموویـان بەرپرسـن بەرامـبەر ڕۆڵەکانیـان و ئەرک و مـافی جیـاواز لەخۆدەگرن. بۆیە وەک یەکەیەکی بنیادی ڕۆڵی سـەرەکی لە گەشەسـەندن و بنیادنان و جێگیربوونی کۆمەڵگە هەیە، هەروەهـا ڕۆڵی لە ڕێکخسـتن و ئاراسـتەکردنی ڕەفتـاری تاکەکـان هەیە، چـونکە زنجیرەیەکـی ناوەنـدە لە نێـوان سـەرجەم دامەزراوەکـان و کـۆمەڵگە، هەروەهـا ئـامرازێکە لە ئامرازەکـانی کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی، وەک سیسـتەمێکی گـرنگیش بە سەرچاوەی پێدانی بەهای ئەخلاقی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک دادەنرێت، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگە لە گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سالم و المقیل، ٢٠١٤: ٢١-٢٥).

تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی تیـۆرێکی گشـتگیرە کە بەکـارهێنراوە و جێبەجێکـراوە لەسـەر بـابەتی خێـزان، هەروەهـا بە یەکێـک لە ئاڕاسـتە سەرەکییەکان دادەنرێت لە کۆمەڵناسی، وەک چوارچێوەیەکیش بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان. بۆ نمـوونە: ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێـوان ژن، مێـرد و منداڵـدا هەیە، لەگەڵ کـاریگەری هەمـوو سیسـتەمەکان لە کـۆمەڵگە لەسـەر خێـزان لەوانە: پەروەردە، ئـابووری، سیاسی و ئاین، بەهەمان شێوە کاریگەری خێزانیش لەسەر سیستەمەکانی تر. بۆیە ئەم تیـۆرە بە گرنگترین تیـۆر دادەنرێت لە تـوێژینەوەی خێـزان. یەکێـک لە خـاڵە گرنگەکـانی ئەم تیـۆرە ئەوەیە کە هەوڵـی شـیکردنەوەی هەمـوو بەشـەکانی نـاو سیسـتەمەکە دەدات لە کـۆمەڵگە لەگەڵ پەیوەنـدی بەشـەکان لەنـاو خۆیانـدا و وەسـفکردنی بەشـەکان و پەیوەنـدی نێوانیـان بەیەکتـری لەگەڵ پاڕێزگـاریکردن لە ئەرکەکانیـان. خێـزان دەبێـت بە یەکەیەکی بنیادی کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە یەکتر پەیوەستن بەهـۆی سیسـتەمێکی کـۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ منـدااڵکانیان بەهـۆی پەیوەسـتی

بایۆلۆژییەوە یاخود بەهۆی تەبەنیکردنەوە (حسن، ۱۹۸۲: ۳۹۸). دەکرێت بڵێین خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بایۆلۆژی و کلتوورییە، لە کۆمەڵە تاکێک پێکهاتووە و بە پەیوەندییەکی هاوسەرگیرییەوە پەیوەستن بە یەکتر کە گیانی هاوکاری تێدایە، وەک چوارچێوەیەکیش زنجیرەیەک کارلێک و ڕۆڵ و پێگەی تێدا دەبینرێت، هەروەها بە کۆمەڵێک ئەرکی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووری هەڵدەستێت (لبلق أسماء، ۲۰۱۵: ۱۱).

لەگەڵ ئەوەش بەهۆی هەژاری و قەیرانی دارایییەوە لە ساڵی (۲۰۱۳)ەوە ڕێژەی هەژاری لە کوردستان ڕوو لەزیادبوونە. چونکە لە ساڵی (۲۰۱۳)دا بە ڕێژەی (۳/۸٪) دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژاریەوە بوون. بەڵام لە ساڵی (۲۰۱۷) دا بە ڕێژەی (۱٤٪) ی دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژاریەوەن، چونکە ئابووری هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (۵٪) کەمی کردووە.

کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە نزیکەیی دەکاتە (۷:۲۸۳:۷۵۰). هەروەها ڕێژەی گەشەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکاتە (۲:۸٪)، لەگەڵ ئەوەش بە نزیکەیی بۆ ساڵی (۲۰۱۸) شاری هەولێر ژمارەی دانشتوانی پێکهاتووە لە (۱:۰۱۰:۷۵۰) کەس. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (۲۰۰۹) بەپێی ئەنجامەکانی گەمارۆسازی نزیکەی (۱۷۰٦۱۸۲) کەس دەبێت، بەڵام مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر بۆ ساڵی (۲۰۲۰) دەگاتە نزیکەی (۲۲۵٤٤۲۲) کەس (سەرجەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ئاماری نوێی مانگی یەکی ساڵی ۲۰۱۸، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (۲۰۰۹- ۲۰۲۰)، بەشی دانیشتووان و هێزی کار، لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر وەرگیراوە).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت، چۆن خێزان بەپێی ئەم تیۆرە شیکراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی پێکهاتووە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوە و هەروەها تیۆری بنیادیی وەزیفی و خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەخۆ، لە کۆتاییشدا دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

١-١ گرفتی توێژینەوەکە

دەستنیشانکردنی پرسی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکییە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستییش، ئەو بابەتەش وەک پرسێکی ئاڵۆز لە هزر و خەیاڵی توێژەر گەلاڵە دەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییی ڕوویانداوە، بۆتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی.. خێزانیش وەک بەشێکی بچووکی بنیادی کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانکارییانە بێبەش نەبووە، گرفتی ئەم توێژینەوەیە جێبەجێکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفییە بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. بۆیە کاتێک پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی ئەم تیۆرە لە بابەتی خێزان بەکاردێنن پێویستە وەلامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە: ئەرکەکانی خێزان چیەبێ ئەو ئەرکانەی تاک لە پێناو خزمەتکردنی خێزانەکەی ئەنجامی دەدات چینبێ ئەو پێداویستییانەی خێزان بۆ تاکەکان دابینی دەکات چینبێ

١- ٢ گرنگیی توێژینەوەکە

تیشک خستنەسەر تەوزیفکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە تیۆری زانستی و ئاڕاستە و شیکرنەوەیەکی کۆمەڵایەتییانە بۆ ئەو بارودۆخە، گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات. بە واتەیەکی تر دەکرێت بڵێین

گرنگیی توێژینەوەکە لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە بنیادی ئەرکەکانی و خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان چۆنە و دواتر چۆن ئەم تیۆرەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

١- تا چەند دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی تیۆری بنیادیی وەزیفی خوێندنەوە بۆ خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بکەین.

٢- نیشاندان و دەرخستنی بنیاد و ئەرکی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.

١-٤ چەمکەکانی توێژینەوەکە

دەکرێت چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە:

خێزان

خێزان بە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دادەنرێت، هەر گۆڕانێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە ڕووبدات لەوانە: ئابووری، سیاسی، ئاینی، پەروەردەیی و پیشەسازی ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی خێزان دەبێت (ترکیة، ٢٠٠٤: ١٧). خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەسەندنی تاک لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان. کەواتە خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بنیادنانی کەسایەتی تاکەکان، چونکە بەرپرسە لە دابینکردنی

هەوالنامەی کتێب

پێداویستی، پێدانی ڕەفتار، بەها و پێوەرەکان. یەکێکیشە لە گرنگترین سیستەم و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەبێت و تەندروستی کۆمەڵگەش پەیوەستە بە تەندروستی تاک و خێزانەوە (أونسة، ٢٠١٤: ٢١-٢٢). زیاتر لەوە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە پەیوەندییەکی یاسایی، ئەخلاقی و ئاینیەوە گرێدراون، هەروەها هەردووکیان بەرپرسن بەرانبەر ڕۆڵەکانیان و ئەرک و مافی جیاوازیان هەیە. بۆیە وەک یەکەیەکی بنیادی ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەسەندن و بنیادنان و جێگیربوونی کۆمەڵگە دەگێڕێت، هەروەها ڕۆڵی لە ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانیان هەیە، چونکە زنجیرەیەکی ناوەندە لە نێوان سەرجەم دامەزراوەکان و کۆمەڵگە. ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، وەک سیستەمێکی گرنگیش بە سەرچاوەی پێدانی بەهای ئەخلاقی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک دادەنرێت، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگە لە گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سالم و المقیل، ٢٠١٤: ٢١-٢٥). پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی خێزان لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیەیە: خێزان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کە بەپێی شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی، ئەم سیستەمە پەیوەستە بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە و لە ڕووی ئەرکیشەوە یەکتر تەواو دەکەن.

کۆمەڵگە

گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، کە پێکدێت لە کۆمەڵە سیستەم و یاسا و ڕێسایەک کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشاندەکەن بەسەر

تاکەکـانی کـۆمەڵگە، زیـاد لەمەش کـۆمەڵگە پشـت بە تاکەکـانی خـۆی دەبەستێت لە یەکگرتوویی و یەکانگیری، چونکە بەبێ تاک کۆمەڵگە هیچ بـایەخی نییە، بەهەمـان شـێوە بـۆ تـاکیش، واتە هەردووکیـان کاریگەرییـان بەسـەر یەکتریـیەوە هەیە (الدویکات، ۲۰۱۸: ؟). کەواتە کۆمەڵگە لە کۆمەڵە تاکێک پێکهاتووە کە لێکچوو و نزیکن لە ڕوانگەی ڕاوبۆچوون، بیروباوەڕ، زمـــان، دابونەریـــت و بەهاکـــان، کە بەیەکەوە دەژیـــن لە چوارچێـــوەی نـاوچەیەکی جـوگرافی دیـاریکراو، کەوا پەیوەسـتن بەیەکتـرەوە بەهـۆی پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتی کە لە پڕۆسـەی کـارلێکی کـۆمەڵایەتی تاکەکـانەوە دێـت، هەمـوو تـاکێکیش کـار و ئەرکـی تـایبەت بەخـۆی هەیە، کە کـار بـۆ بنیـادی کـۆمەڵایەتیی کـۆمەڵگەکەی دەکـات، هەریەک لەو تاکـانەش کە لەو چوارچێوە جـوگرافییە دەژین هەسـتی لایەنگیـری و ڕۆحێکـی بە کۆمەڵیـان هەیە (عبیـد، ۲۰۱۸: ؟). بـەپێی ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە چـەمکی کۆمـەڵگەی هەرێمـی کوردسـتان بریتییـە لە کـۆمەڵە تاکێـک کە سـنووردێکی جوگرافی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و کۆمەڵە پێکهاتەیەکی جیاواز لە نەتەوە لە ڕووی کلتوور و ئاین کۆبوونەتەوە.

۲/ تیۆری بنیادیی وەزیفی و شیکردنەوەی ڕەوشی خێزان لـە کۆمـەڵگەی هەرێمی کوردستاندا

لـەم بەشـەدا لەسـەر بنـەمای خسـتنەڕووی تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی، خوێندنەوەیـەکی بابەتییانـە بـۆ خێـزان لـە کۆمەڵگـەی هەرێمـی کوردسـتان کراوە.

ئەم تیـۆرە پێکهـاتووە لە دوو چەمکـی سـەرەکی و ڕۆڵـی هەیە لە شـیکردنەوەی کـۆمەڵگە، ئەم چەمکـانەش بـریتین لە چەمکـی بنیـاد (structure) و ئەرک (Function). ئەم دوو چەمکە بڕبـڕەی پشـتی ئەم تیـۆرەن، کە بە یەکێـک لە ئاڕاسـتە هـزرییە کـۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکـان دادەنرێـت، چـونکە تێکەڵـی دوو تیـۆری کـۆمەڵایەتیی جیـاوازە، ئەوانـیش

تیۆری بنیادی که دامەزرێنەرانی پێکهاتوون لە: (لیفی شتراوس، دۆرکایم، کارل مانهایم)، لەگەڵ تیۆری وەزیفی که دامەزرێنەرانی بریتیین لە: (ئۆگست کۆنت، هێربەرت سپنسەر، ڕۆبەرت میرتون). ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەم توانی پێگەیەکی بەرز لە بواری کۆمەڵناسی وەربگرێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی بواری مرۆڤناسی کۆمەڵایەتییەوە بوو (الزیباری، ٢٠١٦: ٩٥).

کاتێک تۆێژینەوە لەبارەی خێزانەوە دەکرێت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چەمک و تێڕوانینەکانی تیۆری بنیادیی وەزیفی و بەکارهێنانی هەندێک هزری گشتی لەم تیۆرە، بۆیە چەند پرسیارێک دێتە پێش ئەوانیش: سروشتی ئەرکەکانی خێزان چینبێ پەیوەندی خێزان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر چیەبێ ئەو ئەرک و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوانە چین کە لە نێوان سەرجەم سیستەمەکاندا هەیە بە گشتیبێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خێزان، چونکە بەشێک لە بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێکدێنێت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک سیستەمێکیش پەیوەستە بە سەرجەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگە (عبدالرحمن و غنیم، ٢٠٠٨: ١٧٩). بۆیە ئەم تیۆرە زیاتر لە تیۆرەکانی تر گرنگی بە تۆێژینەوەی خێزان دەدات، و جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییانە دەکاتەوە کە خێزان بە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە دەبەستێتەوە، لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە خێزان دەیگێڕێت بەرانبەر بە تاک و کۆمەڵگە بەگشتی. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەکارهێنانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ نەرمی و ئاسانی و توانای ئەم تیۆرە لە شیکردنەوەی زۆرێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە (القریشی، ٢٠١٧: ؟).

٢-١ پوختەی تیۆری بنیادیی وەزیفی

ئەم تیۆرە وەسفی کۆمەڵگە دەکات بە سیستەمێکی گشتی، ئەم سیستەمەش کۆمەڵێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و کلتووری دەگرێتە خۆی،

ئەم دامەزراوانەش پەیوەستن بە سروشتی کردە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەپێناو خزمەتکردن بە مرۆڤ و دابینکردنی پێداویستیەکانی. ئەم تیۆرە گرنگی بە توێژینەوەی بنەچە، گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێزان نادات، بەڵکو وەسفی خێزان دەکات وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، کە لە چەند بەشێکی جیاواز پێکهاتووە و پەیوەندییەکی تەواوکار و ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە، واتە پەیوەندی بەش بە گشت شیدەکاتەوە (العبدالله وآخرون، ٢٠١٦: ٦٧). ئەم تیۆرە لە بنەڕەتەوە لە هزری (تیۆری گشتاڵتی) هاتووە کە تیۆرێکی دەروونییە، بۆچوونی ئەم تیۆرە بریتییە لە هەوڵدان بۆ زانینی تەواوکاری بەشەکان لە گشتدا هەروەها شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشەکان بە گشت هەر بەشێکیش لە سیستەمەکەدا ئەرکێکی هەیە وەک ئەندامەکانی جەستە ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بنیادی کۆمەڵایەتی خێزان یەکە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکان رێکدەخات لە نێوان خێزان و کۆمەڵگە، لە گرنگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە (پارسۆنز، میرتۆن، سۆرۆگن، لیڤی) بوون (هەمان سەرچاوە، ٢٠١٦: ١٢٤).

کەواتە ئەم تیۆرە لەسەر دەستی (تالکۆت پاسۆنز، کنجزلی دیفیز و ڕۆبەرت میرتۆن) دەرکەوتووە و ئەمانە پێیانوایە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک دامەزراوە پێکهاتووە. هەر دامەزراوەیەکیش وەزیفەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەمەش پێداویستی تاکەکان دەستەبەردەبێت و ئامانجی کۆمەڵگە دێتەدی (الحسن، ١٩٩٩: ٥٧٠). زۆربەی شیکردنەوەکانی زانایانی تیۆری بنیادیی وەزیفی دەگەڕێتەوە بۆ پێشەنگانی کۆمەڵناسە ڕۆژئاواییەکان کە لە سەدەی نۆزدە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵناسی، لەوانە (ئۆگست کۆنت، سپنسەر، دۆرکایم، ڤێبەر، پاریتۆ، سمول) ئەمانە پسپۆرانی جیلی یەکەمی بنیادیی وەزیفیین، تێڕوانینەکانیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەردەوام بووە (عبدالرحمن و غنیم، ٢٠٠٨: ١١٧).

٢-٢ بنەما سەرەکییەکانی تیۆری بنیادیی وەزیفی

ئەم تیۆرە بڕوای بە چەند پڕەنسیپێکی گرنگ هەیە و کاریان لەسەر دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

١- تیۆری بنیادیی وەزیفی دەڵێت: کۆمەڵگە یاخود دامەزراوە هەرچەندە ئامانج و قەبارەیان جیاواز بێت بەڵام بەیەکەوە گرێدراون و وەڵامی یەکتردەدەنەوە، هەروەها دەکرێت دامەزراوەکان بە شێوەی بنیادیی وەزیفی شیبکرێنەوە بۆ بەش و ڕەگەزە یەکەمینەکانیان کە هەریەکەیان ئەرکی سەرەکیی خۆیان هەیە. ئەو بەشانەش کە دامەزراوە یاخود کۆمەڵگە پێکدێنن بەشی تەواوکارن، واتە یەکتر تەواودەکەن هەر گۆڕانێکیش بەسەر هەر بەشێک بێت ئەوا لەسەر تەواوی بەشەکانی تر ڕەنگدەداتەوە، واتە تیۆری بنیادیی وەزیفی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی بەش ڕاڤەدەکات، کە بەسەر هەریەک لە یەکە یاخود ڕەگەزە پێکهێنەرەکاندا دێت، بە خێراییش ئەو گۆڕانە کاریگەری لەسەر بەشەکانی تر دادەنێت (حەسەن، ٢٠١٢: ٦٨-٦٩). پەیڕەوانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کۆمەڵگە پێکهاتووە لە بنیاد، دامەزراوە و سیستەمی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستن بە یەکتر، ئامانجی ئەم دامەزراوە و سیستەمە کۆمەڵایەتییانەش هێنانەدی تەواوکاری و هاوکاری نێوان ئەرکی سیستەمەکانە لە پێناو پاراستنی سیستەمە گەورەکە، کە کۆمەڵگەیە. ئەو تەواوکارییەش هاوسەنگییە لە بنیاد و ئەرک بۆ پاراستنی بنیادی کۆمەڵایەتی بە گشتی (عبدالرحمن و غنیم، ٢٠٠٨: ١١٧-١١٩). کەواتە کۆمەڵگە سیستەمێکە کە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە لەپێناو هێنانەدی تەواوکاری. خێزانیش بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵە تاکێک و هەموویان بەیەکەوەن بەهۆی کارلێک و پشتبەستنی ئالۆگۆڕکراو لە نێوان خۆیاندا (حلمی، ١٩٩٠: ٥٧-٥٨). ڕوانین بۆ هەر شتێک بەوەی کە بوونەوەرێکی زیندووە یاخود کۆمەڵایەتییە، جا تاک بێت یاخود ڕێکخراوێکی فەرمی یا گرووپێک کە سیستەمە و لە کۆمەڵە

بەشێکی جیاواز پێکهاتووە (القريشي، ٢٠١٧: ؟). بۆیە کۆمەڵگە لە کۆمەڵە سیستەمێک پێکهاتووە، هەریەک لەو سیستەمانەش ئەرکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە یارمەتی بەردەوامی بنیادەکە دەدەن، ئەمەش هاوشێوەی جەستەی مرۆڤە کە لە چەند ئەندامێک پێکهاتووە، چونکە خێزان بەشێکە لە کۆمەڵگە، واتە دەرهێنانی بەش لە گشت. کۆمەڵگە وەک گشتێک پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بەش کە سیستەمی جۆراوجۆری هەیە و پەیوەستن بەیەکتر و بە تۆڕێک پەیوەندی بەستراونەتەوە.

٢- هەر بەشێک لە بەشەکانی سیستەم ئەرکێکی بنیادی تایبەت بەخۆی هەیە لە پێناو هێنانەدی هاوسەنگی سیستەمەکە، دەکرێت هەندێک کات لادان، دوودڵی و بەربەست لە ئەرکی سیستەمەکە ڕووبدات، بۆیە خێزان وەک سیستەمێک لەسەریەتی پێداویستی تاک و کۆمەڵگە پڕبکاتەوە، ئەم ئەرکەش ئەرکێکی گشتییە بەهۆی کۆمەڵێک کەموکوڕی، هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە بەسەر ئەرکەکان ڕەنگدەداتەوە (حلمی، ١٩٩٠: ٥٧-٥٨). هەر بەشێک لە بەشەکانی سیستەم بە ئەرکی تایبەتی خۆی هەڵدەستێت بۆ هێنانەدی هاوسەنگی سیستەمەکە (القريشي، ٢٠١٧: ؟). کەواتە هەر بەشێک لە بەشەکانی دامەزراوەکە ئەرکی بنیادی هەیە، کە لە سروشتی بەشەکە سەرچاوەی گرتووە. ئەو ئەرکە جیاوازانەش بەرهەمی جیاوازی بەشەکان یاخود یەکە پێکهێنەرەکانن، سەرەڕای جیاوازی ئەرکەکانیش ئەوا پلەیەک لە تەواوکاری لە نێوانیاندا هەیە. بۆیە ئەرکەکان جیاوازن بەڵام لەگەڵ جیاوازیشیاندا تەواوکارییەکی ڕوون لە نێوانیاندا هەیە. بوونی ئەو ئەرکانەش پێداویستیی دامەزراوەکە دابیندەکەن (زێباری، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣). کەچی ئەو بەشانەی کە لە ڕێگای کۆمەڵگە یاخود دامەزراوە شیدەبنەوە، ئەوا بەشی تەواوکەرن، هەر بەشێک بەشەکەی تر تەواو دەکات و هەر گۆڕانکارییەک لە هەر بەشێک ڕووبدات ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی تر دەبێت. دەرئەنجام ئەوە ڕوودەدات کە پێی دەوترێت پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی

هەولێر ناڵەی کتێب

کۆمەڵایەتیش بەپێی ئەم تیۆرە ئەو گۆڕانانەیە کە لە بەشێکی کۆمەڵگە ڕوودەدەن و لەسەر بەشەکانی تریش ڕەنگدەدەنەوە (هەمان سەرچاوە، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣)، چونکە کاتێک کارێکی نەشیاو و خراپ لە کۆمەڵگە ڕووبدات، بۆ نموونە: بوونی تاوان و لادان لە کۆمەڵگە بە واتای بوونی کەموکوڕییە لە بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، ئەمەش واتای ئەوەیە کەموکوڕی لە خێزانیش هەیە، چونکە خێزان و کۆمەڵگە پەیوەستن بەیەکترییەوە و هەردوولا کاریگەرییان بەسەر یەکتریدا هەیە.

٣- تیۆری بنیادیی وەزیفی بڕوای بە بوونی هەردوو سیستەمی دەستەڵات و پێگە هەیە. سیستەمی دەستەڵات لە کۆمەڵگەیەک، یاخود دامەزراوەیەک بڕیارەکان دەردەکات و ڕێنمایی و فەرمایشتەکان لەنێو ڕۆڵە ناوەڕاستییەکان یاخود بناغەییەکان دیاریدەکات. بۆ ئەوەی بکەوێتە دۆخی جێبەجێکردنەوە. سیستەمی ڕۆڵەکان هەیە، کە فەرمان دەردەکات و هەندێک کەسیش هەن پەیڕەوی دەکەن. هەرچی سیستەمی پێگەیە، ئەوا ئەو سیستەمەیە کە جیاوک و پاداشت بەسەر کرێکاری باشەکان دابەشدەکات بۆ ئەوەی وابکات خۆیان و هاوکارەکانیان بەرەو ئەو کارە ڕابکێشن کە پیادەی دەکەن، چونکە هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان سیستەمی دەسەڵات و پێگە شتێکی پێویستە بۆ بەردەوامبوون و چالاکی سیستەم (حەسەن، ٢٠١٢: ٧٠).

٤- هەموو سیستەمێک پێداویستیی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم پێداویستییانەش دەگۆڕێن، بۆیە هەر سیستەمێک لە بارودۆخی هاوسەنگی بەردەوامدایە. هەر بەشێک لە بەشەکان پێداویستیی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە، خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەموو پێداویستییەکان بۆ تاکەکانی خۆی دابینەکات هەر لە ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسی و وەچەخستنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکان، لە پێناو مانەوەی خۆی لە بارودۆخێکی هاوسەنگدا (حلمي، ١٩٩٠: ٥٧- ٥٨). ئامانجی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە هەریەک لەو بەشانەی کە

سیستەمەکە پێکدێنن ئاواش هەوڵبدەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکان لە پێناو پاراستنی سیستەمە گشتییەکە (القريشي، ۲۰۱۷، ؟). دەکرێت بڵێین تیۆری بنیادیی وەزیفی بڕوای وایە کۆمەڵگە یاخود دامەزراوەکان بنیادیان هەیە، بنیادیش پێکدێت لە بەش هەر بەشێکیش وەزیفەیەکی هەیە و لەگەڵ وەزیفەکانی تر تەواوکەری یەکتر دەبن (زێباری، ۲۰۱۷: ۵۳). بۆ نموونە: ئابووری وەک یەکێک لە سیستەمەکانی کۆمەڵگە کاریگەری بەسەر هەموو سیستەمەکانی تر دروستدەکات، بۆیە هەر گۆڕانێک لە سیستەمی ئابووری کاریگەری لەسەر پێکهاتە و بنیاد و وەزیفەی خێزان دروستدەکات، واتە بنیاد و پێکهاتە و وەزیفەی خێزان دەگۆڕێت، بۆ نموونە: قەیرانی دارایی و دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵک لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان گۆڕانی لە بنیاد و پێکهاتە و وەزیفەی خێزان دروستکردووە. بەهەمان شێوە بۆ سیستەمی ئاینیش ئاوایە، کە کاریگەری بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر شێوازی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان دەبێت، بۆ سیستەمی پەروەردەش هەمان شتە کاتێک سیستەمی پەروەردە کەموکوڕی تێدەکەوێت ئەنجامەکەی بەسەر خێزان، ئاستی هۆشیاری، خوێندن و ڕۆشنبیری تاکەکان ڕەنگدەداتەوە، لەگەڵ ئەوەش لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بە هەموو کەناڵ و ئامرازەکانییەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر تاکەکان جێهێشتووە.

سەرەڕای پەیوەندیی هارمۆنی نێوان سیستەمەکان، هەر سیستەمێکیش لە ناوخۆیدا پێویستە هەمان هارمۆنی و هەماهەنگی هەبێت. لێرەدا بۆچوونی (پارسۆنز) لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی) ئەوەیە کە هەموو سیستەمێک پێویستی بە چوار ئەرکی بنچینەیی هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی سیستەمەکە کە (پارسۆنز) پێی دەڵێت (کردەی کۆمەڵایەتی- Action system). هەر ئەم ئەرکەکانی بۆ هەموو

ئاستەکانی سیستەم دیاریکردووەو بریتین لە (Goodmon, 2004: 231-232).

١- گونجان Adaptation

سیستەم پێویستە لەگەڵ بارودۆخی دەرەکی و ژینگەی سیستەمەکە خۆی و ئەو ژینگەیەی کە پێداویستییەکانی سیستەمەکە دابیندەکات، خۆی بگونجێنێت. ڕەفتاری ڕێکخراویش یەکێکە لە کردەی سیستەم کە ئەرکی گونجانی سیستەمەکە جێبەجێدەکات لەگەڵ گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی سیستەم. بۆ نموونە خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێویستە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەکەی خۆی واتە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو توانا مادی و مەعنەوییانەی کە هەیەتی.

٢- بەدەستهێنانی ئامانج Goal Attainment

سیستەم پێویستە پێناسی ئامانجە بنچینەییەکانی خۆی بکات لەگەڵ چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە، چونکە کەسایەتی سیستەم ئەرکی پارێزگاریکردن لە ئامانجەکانی سیستەم جێبەجێدەکات، لە ڕێگەی پێناسەکردنی ئامانجەکانی سیستەم و دابینکردنی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە. خێزان وەک سیستەمێک دەبێت ئامانجی خۆی هەبێت لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوەش چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی مەبەست ئەو ڕێگایانەی کەوا ئامانجەکانی تێدا پراکتیزە دەکرێت.

٣- یەکانگیری Integration

هەموو سیستەمێک پێویستە پەیوەندی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕێکبخات و هەروەها پەیوەندی نێوان ئەم ئەرکە و دوو ئەرکەکەی پێشووتریش ڕێکبخات. هەروەها سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەرکی یەکانگیری

سیستەم جێبەجێدەکات بەهۆی کۆنترۆڵکردنی پێکهاتەکانی سیستەم. لێرەدا مەبەست پەیوەستی و یەکانگیری پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانە لەگەڵ یەکتری و دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەیە.

٤- بەردەوامیی نموونەیی Pattern Maintenance

هەموو سیستەمێک پێویستە پاڵنەری تاکەکانی و نموونە کولتوورییەکانی پارێزگاری لێبکات نوێیان بکاتەوە بۆ بەردەوامیدان بە پاڵنەرەکان، چونکە سیستەمی کلتووری ئەرکی دابینکردنی نموونە کلتوورییەکان بەهۆی پاڵپشتیکردنی تاکەکان لە رێگەی نۆرمەوە جێبەجێدەکات، بەها و پاڵنەرەکان بۆ کارکردن. خێزانیش بە هەمان شێوە وەک سیستەمێک بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی بەها و پێوەر و دابونەریتەکان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵیان، خۆی نوێدەکاتەوە.

٢-٣ شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا

(هێربەرت سپنسەر) کۆمەڵگە بە جەستەی مرۆڤ بەراورد دەکات، کە لە کۆمەڵێک ئەندامی جیاواز پێکهاتووە و هەر ئەندامێکیش لە چەندەها خانە پێکهاتووە، هەر خانەیەکیش ئەرک و مافی خۆی هەیە. بەرانبەر ئەمەش کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە وەک سیستەمی ئابووری، ئاینی، سیاسی، پەروەردەیی، خێزانی، خزمایەتی و سەربازی. هەر سیستەمێکیش ڕۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم سیستەمانەش کاری یەکتری تەواودەکەن، چونکە هەموو سیستەمەکان بە ئەرکی تایبەتیی خۆیان هەڵدەستن کە جیاوازە لەوەی تریان، بەڵام یەکتر تەواودەکەن (حەسەن، ٢٠١٢: ٦٢). (پارسۆنزیش) بە یەکێک لە گرنگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە دادەنرێت و دەڵێت: پێویستە هاوسەنگبوون لە سیستەمی خێزان بوونی هەبێت، چونکە خێزان خۆی کاریگەری لەسەر خۆگونجاندن و هاوسەنگبوونی خۆی دەکات بەهۆی ئەو بارودۆخ و

پاڵەپەستۆ دەرەکییانەی کە بۆیدێن. بۆیە جێگیربوونی بنیادی خێزان هۆکارێکی گرنگە و کاریگەری بەسەر ئەندامانی خێزان دەبێت، بەتایبەتی ئەرکەکانی خێزان ڕۆڵی گرنگ لە جێگیربوونەکە دەبینن. بۆیە (پارسۆنز) خێزان بە سیستەمێکی بچووک ناودەبات و پێیوایە ناکرێت لە خێزان تێبگەین بێ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ سیستەمە گەورەکە کە کۆمەڵگەیە، چونکە خێزان کاریگەرە بەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێن و ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر تاکەکان و بارودۆخی نوێ دروستدەبێت (الحاج، ۲۰۰۹: ۲۵). بۆیە (پارسۆنز) وەک بنیادگەرێکی وەزیفی وای بۆچووە بنیادی کۆمەڵایەتی لە چەند سیستەمێک پێکهاتووە، خێزانیش یەکێکە لەو سیستەمانەی نێو بنیادی کۆمەڵایەتی، کە لەنێو خۆیدا سیستەمی بچووکتر و وەزیفەی جۆراوجۆر دەبینرێت (حسین، ۲۰۰۸: ۱۲).

لەگەڵ ئەوەش (پارسۆنز) پێیوایە ناکرێت بە تەنیا و دابڕاوی لە خێزان و ئەرکەکانی تێبگەین، واتە ناکرێت خێزان جیابکەینەوە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر، چونکە خێزان کاریگەر و کارتێکراوە بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە، پەیوەندییەکی وەزیفی توندوتۆڵیش لە نێوان خێزان و سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە هەیە، هەموو سیستەمەکانیش پشت بەیەکتر دەبەستن و هەر کەموکوڕییەک لە یەکێک لە سیستەمەکان ڕووبدات کاریگەری لەسەر سەرجەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگە دەبێت (صالح، ۱۹۷۵: ۲٦). دیسانەوە وای دەبینێت ئەرکەکانی خێزان دەگۆڕێت بەهۆی ئەو گۆڕانانەی کە خێزان ڕووبەڕووی دەبێتەوە تووشی گرژبوونی دەکاتەوە، بۆ نموونە: لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دامەزراوەی تر دروستبوون بۆ هاوکاریکردنی خێزان لە ئەرکەکاندا، کەچی خێزان لە ڕابردوو یەکەیەکی بەرهەمهێن و بەکاربەر بووە، بەڵام دوای شۆڕشی پیشەسازی هەندێک لە ئەرکەکانی خێزان کەمبوونەوە. بۆیە (پارسۆنز) پێیوایە خێزانی نوێ دوو ئەرکی

گرنگی لەسەرشانە: یەکەم، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. دووەم، بنیادنانی کەسایەتی تاکەکان لە کۆمەڵگە (درواش، ٢٠١٢: ١٠٤-١٠٥). سیستەمی کۆمەڵایەتیش لای (پارسۆنز) ئەو کارلێکەیە کە لە کۆمەڵە بکەرێک پێکدێت و لە پێگەیەکی دیاریکراودا کاردەکەن، بۆ بینینی ڕۆڵ و دیاریکردنی پێوەرەکانیان بەباشی کاردەکەن کە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەم سیستەمەش پێکدێت لە توخم یاخود بەش کە بە شێوەیەک بە کۆمەڵە هۆکارێک بەستراوەتەوە، بۆیە گۆڕانکاری لە هەر بەشێکدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بەشەکانی تری ناو سیستەمەکە، کارکردنی هەر توخمێک بە دابڕاوی لە سیستەمە گشتییەکە گرانە، توخمەکانیش بە جیا کارناکەن، بەڵکو بە زنجیرەیەکی ڕێکوپێک کاردەکەن کە هەریەکێکیان بەویترەوە بەستراوەتەوە بە جۆرێک پەیوەندییەکە گونجاو و ڕێکخراو بێت نەک هەڕەمەکی. کەواتە گرنگیدان بە خێزان لە چوارچێوەی ئەم چەمکە پشت بە تیۆری بنیادیی وەزیفی دەبەستێت، بۆ تۆێژینەوەی خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی بەردەوامی ئەو سیستەمە و ئەو ڕۆڵەی لە هەموو کۆمەڵگەیەک هەیەتی، پاریزگاری لێدەکات (مستەفا، ٢٠٠٩: ٩٢-٩٣).

کەچی (میردۆک) پێیوایە خێزان دامەزراوەیەکی جیهانییە و کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی لەسەرشانە، ئەرکەکانی خێزانیشی لەناو واقعی کۆمەڵگە دەستنیشانکراوە، هەروەها وەسفی خێزانیش دەکات بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی، کە دوو ڕەگەزی جیاواز و پێگەیشتوو دروستیدەکەن و منداڵ دەخەنەوە. (میردۆک) خێزان لەسەر بنەمای بنیاد و وەزیفەوە شیدەکاتەوە: لە ڕوانگەی بنیادەوە چەند بنەمایەکی دەستنیشانکردووە بۆ سروشتی خێزان بە گشتی بەم شێوەیە:

١- جۆری بنەمای هاوسەرگیری، ئەویش هاوسەرگیریی تاکی یاخود فرە هاوسەرییە.

٢- بنەمای نەسەب کە خوێن و خزمایەتی دەگرێتەوە، کە ئەرک و مافەکانی ئەو پەیوەندییە لەخۆدەگرێت بە گوێرەی پلەی خزمایەتییەکە.

٣- بنەمای نیشتەجێبوون، ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە هەردوو هاوسەرەکە بڕیاری لەسەر دەدەن.

٤- بنەمای زاراوە و چەمکی خزمایەتی، بۆ وەسفکردنی ئەو پەیوەندییانە بەکاردێت کەوا تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، جا خزمایەتییەکە هەر جۆرێک بێت (الخشاب، ٢٠٠٨: ٤٦).

بەڵام لە ڕوانگەی وەزیفەوە (میردۆک) ئەرکەکانی خێزانی بۆ چوار ئەرکی سەرەکی دابەشکردووە وەک (ئەرکی سێکسی، ئابووری، منداڵخستنەوە، پەروەردەیی)، و پێیوایە ئەم ئەرکانە گرنگییەکی زۆریان لە کۆمەڵگەدا هەیە. واتە ئەگەر ئەرکی سێکسی و وەچەخستنەوە نەبێت کۆمەڵگە دەوەستێت و لەناودەچێت، هەروەها ئەرکی ئابووریش نەبێت ژیان کۆتایی دێت، ئەرکی پەروەردەیش نەبێت کلتوور نامێنێت و بەکۆتادێت. بۆیە هەر چوار ئەرکەکە پەیوەستن بەیەکترەوە و کۆڵەگەی خێزانی جێگیر دەکەن (أحمد، ٢٠٠٣، ؟). کەچی (ڕۆبەرت میرتۆن) بە دامەزرێنەری دووەمی تیۆری بنیادیی وەزیفی دادەنرێت، میرتۆن ڕوونیکردۆتەوە کە ئەرک ئاماژەیە بۆ ئەو ڕیزکردنە کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژییانەی کە یارمەتی ئەو سیستەمە دەدەن بمێنێتەوە و بەردەوام بێت (خەمەش، ٢٠١٢: ١٩٣).

تیۆری بنیادیی وەزیفی خێزان بە بەشێک لە قەوارەی کۆمەڵگە دادەنێت، خێزان وەک چوارچێوەیەک کۆمەڵە بەشێکی پێکەوە بەستراوە، لە ناو خێزانیش پەیوەندی و کارلێک هەیە هەموو بەشێکیش لە چوارچێوەی خێزاندا ئەرکی خۆی هەیە. بۆیە ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان خێزان و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە (آل عبدالله، ٢٠١٤: ١٨٥). یەکەی شیکردنەوە کە تیۆری بنیادیی وەزیفی گرنگی پێدەدات

لەسەر بنەمای شیکردنەوەی یەکە گەورەکان دەستپێدەکات کە لە کۆمەڵگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییە گەورەکانەوە بەرەو شیکردنەوەی یەکە بچووکەکان دەچێت و خێزان و سیستەمە بچووکەکانی تر دەگرێتەوە (حلمي، ١٩٩٠: ٥٨-٥٩). کەواتە ئەم تیۆرە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی خێزانەوە، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بەشەکانی بنیاد لە کۆمەڵگە و پەیوەندی نێوان هەموو بەشەکانیش بەیەکتر، لەگەڵ پەیوەندی نێوان بەش بە گشت. بنیادی کۆمەڵایەتی خێزانیش ئاماژە بەو ڕێگایە دەکات کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی نێوان هەموو بەشەکان و پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان بەشەکان، خێزانیش وەک بنیادێک کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز بۆ ئەندامەکانی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە: کاتێک خێزان تووشی لێکترازان دەبێتەوە هۆکارەکەی بۆ لەدەستدانی کۆمەڵێک ئەرک دەگەڕێتەوە، بەمەش گۆڕان لە خێزان ڕوودەدات. ئەنجامدانی ئەرکەکانیش لە پێناو مانەوەی سیستەمی خێزانەکەیە (الصديقي، ٢٠١٢: ١٢٧-١٢٨)، چونکە ئەم تیۆرە وەسفی خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە لە چەند بەشێک پێکهاتووە لە نێوان ئەو بەشانەش پەیوەندی و کارلێک هەیە، واتە تێڕوانینەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەش و گشت هەیە، هەروەها گرنگی بە تێڕوانینەوەی ئەرکەکانی خێزانیش دەدات بە ئامانجی ئەوەی کە پەیوەندییەکی وەزیفی لە نێوان دامەزراوەی خێزان و سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە هەیە، هەروەها ئەو ڕۆڵ و پێگانەی کە بە ئەندامەکانی دەبەخشێت لەگەڵ ئامانجی ئەم تیۆرە، کە تێڕوانینەوەی ڕەفتاری خێزانە لە کۆمەڵگە لەپێناو مانەوەی سیستەمی خێزان (العبدالله و آخرون، ٢٠١٦: ٦٧). ئاشکراشە ئەم تیۆرە پشت بەو ڕۆڵ و ئەرکانە دەبەستێت کە بەشەکانی سیستەم پێی هەڵدەستن لەپێناو جێگیربوونی بنیادی کۆمەڵایەتی، جا ئەو بنیادە خێزان بێت یاخود هەر گرووپێک بێت، کاتێک پێچەوانەبوونێک لە ئەرکەکاندا لە هەر سیستەمێک ڕوودەدات ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی ململانێی کلتووری و بەمەش گۆڕان لە ناوەڕۆک و

خـودی سیسـتەمەکە دروسـتدەبێت (حجـازي، ١٩٩٨: ٤٩-٥٠). چـونکە تێکچـوونی بنیـاد و ئەرکـی خێـزان پەیوەسـتە بە ڕەوشـی تـایبەتی هەر خێزانێک، بۆ نموونە: مردن، نەزۆکی و جیابوونەوە، یاخود هەر گرفتێکی تر دەبێتە هۆی ناتەواوی لە وەزیفەی خێزان، چونکە تێکچـوونی هەریەک لە وەزیـفەی بـایۆلۆژی، سـۆزداری و پەروەردەیـی ڕێگـرن لە بەردەوامبوونی وەزیفەی خێزان (عمر و العاني، ١٩٩١: ١٢٤).

کاتێک تیۆری بنیـادیی وەزیفـی تـوێژینەوەی خێـزان دەکـات جەخـت لەسەر سێ جۆر ئەرکی جیاواز دەکاتەوە لەوانە:

١- ئەرکی خێزان بەرانبەر بە کۆمەڵگە:

٢- ئەرکی خێزان بەرامبەر بە خۆی:

٣- ئەرکی خێزان بەرانبەر بە تاکەکانی:

کەواتە ئەم تیۆرە کاتێک تـوێژینەوەی خێـزان دەکـات دوو ئاراسـتەی جیاواز وەردەگرێت:

١- ئاراستەی شیکاری وەزیفی لەسەر ئاستی یەکە گەورەکان:

٢- ئاراسـتەی شـیکاری وەزیفـی لەسـەر ئاسـتی یەکە بچووکەکـان (الخشاب، ٢٠٠٨:٣٥-٣٦).

خێزان لە ڕوانگەی تیۆری بنیـادیی وەزیفی بـریتییە لە بنیادێک کە لە چەنـد تاکێـک پێکهـاتووە، ئەرکەکەشـی ئەو پەیوەنـدی و کـارلێکە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، لەگەڵ کاریگەردی ئەندامەکان لەسـەر یەکتر و دیاریکردنی ڕۆڵ و پلە و ئەرکی هەر تاکێک لە خێزان هۆکارە بۆ زیـاتر جێگیربـوونی بنیـادی خێـزان و دوورکەوتنەوەی لە لێکترازان (السنهوري، ١٩٩٤: ٣٠). بـۆیە خێـزان لە چوارچێـوەی ئەم تیـۆرە بە واتـای

هەواڵنامەی کێب

دامەزراوەیەک دێت و پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەرشانە لە گەیاندن و گواستنەوەی بەها، دابونەریت و پێوەرەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەمەش کەسایەتی تاک بنیاد دەنرێت و دەبێت بە بەشێک لە بنیادی کۆمەڵایەتی. کەواتە ئەم تیۆرە تۆێژینەوەی خێزان دەکات وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تۆێژینەوەی ئەو ئەرک، ڕۆڵ و پێگانەش دەکات لە کۆمەڵگە کە سیستەمی خێزان دەپارێزن. لەپێناو پاراستنی بنیادی سیستەمی خێزان ئەندامانی خێزانیش لەناو خێزاندا کارلێک دەکەن، چونکە خێزان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر پەیوەستە (الضبع، ۲۰۰۳: ۸۳).

جگە لەمانەش ئەم تیۆرە سەیری خێزان دەکات وەک دیاردەیەکی جیهانی، لەگەڵ بوونی کۆمەڵگە، بوونی هەیە و بەردەوامە. هەروەها تاک لە خێزانەکەی بەهۆی پڕۆسەی پێگەیاندنەوە بەها، پێوەر و دابونەریت وەردەگرێت، کەواتە بنیادی کۆمەڵایەتی خێزان ئاماژە بۆ ئەو ڕێگایە دەکات کە هەموو بەشەکان پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە و بەهۆیەوە یەکەی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخرێت. خێزانیش لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەو بەشانە دەکاتەوە کەوا سیستەمی خێزان دروستدەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندی و کارلێکەوە دەبێت، بەو پێیەی هەر بەشێک لەناو سیستەمە گشتییەکەدا ئەرکێکی تایبەت بەخۆی هەیە (أحمد، ۲۰۰۳، ؟). ئەم تیۆرە سەیری خێزان دەکات وەک بەشێکی سەرەکی لە بنیادنانی کۆمەڵگە، وەک سیستەمێکی فەرعی لە سیستەمە گشتییەکە کە کۆمەڵگەیە، لە نێوان ئەو سیستەمە فەرعییانەشدا کۆمەڵێک پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕکراو هەیە، بۆیە ئەم تیۆرە جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییەکانی نێو سیستەمی خێزان و پەیوەندی سیستەمی خێزان بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە دەکاتەوە (عبدالوهاب، ۲۰۰۰: ۲۳۰). ئاشکراشە کە تیۆری بنیادیی وەزیفی گرنگی بە دوو بابەتی سەرەکی دەدات لە شیکردنەوەی خێزان: ئەوانیش، بنیاد و

وەزیـفەیە. بەڵام کاتێـک بـاس لە ئەرکـی خێـزان دەکرێـت ئەرکەکـان دابەشدەبن بۆ:

١- ئەو ئەرکانەی پارێزگاری لە جۆری کۆمەڵگە دەکەن: ڕێکخستنی ڕەفتـاری سێکسـی، دابینکردنـی پێداویسـتیی جەسـتەیی، دەروونـی و ئابووری منداڵ، پاراستنی کلتووری کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر:

٢- ئەو ئەرکـانەی تـایبەتن بە کـۆمەڵگە وەک دامەزراوەیەکـی کـۆمەڵایەتی: دابەشـکردنی کـار بەپێـی ڕەگەز، ئەم ئەرکە بە یەکێـک لەو ئەرکە گرنگـانە دادەنرێـت، کە پـێگەی خێـزان دەپارێزێـت و بنیـاد و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگە جێگیر دەکات و دووریدەخات لە ململانێ.

٣- ئەو ئەرکانەی تـایبەتن بە تاکەکـان: مـانەوەی فیزیکـی جەسـتەیی سروشـتی، پڕکـردنەوەی غەریـزە سێکسـییەکان، چـاودێری، پاراسـتن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (القريشي، ٢٠١٧: ؟).

بنیادی خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریيە، کە لە ژن و مێرد و منداڵ پێکهاتووە، ئەم یەکەیەش لەسـەر بنەمـای پڕۆسـەی هاوسـەرگیری دامەزراوە بەهـۆی کۆمەڵێـک ڕێکـاری یاسـایی و ئـاینی و بـایۆلۆژییەوە، هەمـوو تاکەکـانی خێـزانیش لەژێـر یەک بنمـیچن بەهـۆی پەیوەنـدی و کـارلێکی کـۆمەڵایەتییەوە بە یەکتـرەوە پەیوەسـتن ، هەروەهـا بەرپرسـن بەرانبەر ڕۆڵەکانیان لەناو خێزاندا، گرنگترین سیمای خێزانیش پەیوەندی نێـوان ئەنـدامەکانە (مـاکیفر و شـارلز پیـدج، ١٩٧١: ١٦). هەروەهـا خێـزان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و دیاردەیەکی دابڕاو نییە، بەڵکو پەیوەستە بە سیستەمی ئابووری، سیاسی و ئایینییەوە، کەواتە کاریگەر و کارتێکراوە بە دەوروبەر (الصـــديقي، ٢٠١٢: ٣٩). چـــونکە خێـــزان وەک دامەزراوەیەک کـاریگەرە بە بـارودۆخ و گـۆڕانە ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و مێژوویـی و سیاسـییەکان لە هەمـوو جیهانـدا کە گـۆڕان لە بنیـاد و کەمبـوونەوەی

ئەرکەکان دروستدەکات. بۆیە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە لە بنیادی کۆمەڵگە، چونکە یەککرتوویی خێزان یەککرتوویی کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، خێزان وەک یەکەم خانە بەرپرسە لە دابینکردنی خۆراک و خواردنەوە و جل و پێداویستیی ڕۆحی لە بەها مرۆییەکان بۆ تاک (القصيري، ١٩٨٨:٢٥). دەکرێت بڵێین بنیادی کۆمەڵایەتی تۆڕێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکاندا لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، کەواتە بنیادی کۆمەڵایەتی بە مانای بارودۆخی جێگیری سیستەمی کۆمەڵایەتی دێت (دينكن ميشيل، ١٩٨٠: ٣١٤).

هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە گشتی لەسەر بناغەی هۆزایەتی دامەزرابوو. بەهۆی زیادبوونی هەژموونی سەرمایەداریی وڵاتانی ئەورووپی لە دەوڵەتی عوسمانی، وردە وردە کوردستان تێکەڵی بازاڕی جیهانی بوو، بەڵام هەر سیمای کشتوکاڵی بەسەری زاڵبوو، ڕژێمی دەرەبەگایەتیش هێشتا بااڵدەستبوو. ئەمەش وایکرد کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دەرەوەی خۆی نەکرێتەوە و زۆر بەکەمی بکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی دەوروبەر و جیهان (هەروتی، ٢٠١٣: ١١٨). کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی عەشائیریە، لایەنگیریکردن لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ خێزانە لەگەڵ عەشیرەت. هەروەها بوونی ئەو پەیوەستییە عەشائیریە لایەنگیری ئاینی دروستدەکات (ماكدووال، ٢٠١٢: ٣٣). کەواتە بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتووە لە چەندین یەکە لەوانە خێڵ و عەشیرەت، لەناو ئەم سیستەم و یەکەیەشدا خێزانی کوردی تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت. دەکرێت بڵێین خێزان لەگەڵ ڕەوت و پەرەسەندنی ژیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، چ لە شێوەی پێکهاتن و دەسەڵاتدا چ لە ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتدا بەپێی قۆناغەکانی دەسەڵاتی ژن یاخود دەسەڵاتی پیاو، واتە بەپێی سیستەمی خێزانی دایکسالاری یان باوکسالاری، خێزان وەک یەکەیەکی سەرەتایی بنەمای پێکهاتەی

کۆمەڵگەی کوردییە. بەڵام خێزان وەکو یەکەیەکی سەرەکی سیمایەکی گشتی و لەیەکچووی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە، بۆیە ناکرێت لە سنووری تۆڕێنەوەی خێزاندا بتوانرێت سەرجەم بنەما شاراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاشکرا بکرێن، بەڵام خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەکەیەکی فراوانتر پێکدێنێت ئەویش یەکەی خێڵ و عەشیرەتە، خێڵ و عەشیرەتیش بنەمایەکن بۆ پێکهێنەری سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردی، واتە کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە یەکەیەکی فراوانتر، کە سەرجەم خاسیەتەکانی خێڵ و عەشیرەتی کوردی هەیە (قەرەداغی، ٢٠٠١: ١٠٩). خێزانی کلاسیکیی کوردی خێزانێکی باوکسالاری بووە، وردتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە سەرۆک خێزان بە گوێرەی دابونەریتی کورد خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بووە لەناو خێزاندا، جا ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەری یاخود گوندی یان شارستانی بێت. پەیوەندییەکانی ژن و مێرد لەناو خێزان لەسەر بناغەیەکی پتەو و یەکگرتوو دامەزراوە، بەشێوەیەک ژن ڕێز و حورمەتی گەورەی لە لایەن مێردەوە هەبوو، مێرد زۆر متمانەی بە دڵسۆزی ژنەکەی هەبوو، ئەمەش یانی ڕێژەی تەڵاق لە خانەوادەی کورد کەمبووە، مەگەر لە حاڵەتی دەگمەن نەبێت وەک نەزۆکی یاخود ناپاکی ژن (عیزەت، ٢٠١٤: ٩٧-٩٩). بەڵام پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ لەناو خێزاندا، پەیوەندیی ڕێز و ملکەچی تەواو بوو، بەدلیسی لەمبارەوە دەڵێت: زۆربەی نەتەوەی کورد دەستی بالایان لە نواندنی مافی دایک و باوک هەیە و ڕەچاوی کاروباری ئاینی دەکەن (عیزەت، ٢٠١٤: ٩٩). هەروەها تۆمابوا دەڵێت خێزانی کوردی ڕوخساڕێکی ئاینی هەیە پێش ئەوەی ڕوخساری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت (سندی، ٢٠٠٨: ١٣٣). کلتووری خێزان لە کۆنەوە لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە زیاتر ڕادیۆ بەکارهێنراوە، تەلەفزیۆنیش کەم یاخود هەر نەبووە، هەروەها ئەو منداڵانەی بەهۆی سەرقاڵی و کارکردنی دایک و باوکیانەوە خراونەتە دایەنگەوە کەمن واتە کەمتر لە (٢٠٪)، لەگەڵ کۆبوونەوەی تەواوی

ئەندامانی خێزان بەیەکەوە و لە نزیکەوە ئاگایان لەیەکتری بووە (ستیڤن ئار. کۆڤی، ٢٠١٤: ٢٠٤).

لە ساڵی (٢٠٠٣) بەدواوە گۆڕان لە سیستەمی سیاسی لە عێراق دروستبوو کە ناسنامەیەکی تری وەرگرت، ئەویش گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە کۆماریيەوە بۆ کۆماری فیدراڵی بوو، کە هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش لەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لە ساڵی (٢٠٠٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدانرا، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانی تری جیهانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی قەبووڵبکەن. ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتوون کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە و بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، لەوانە هۆکاری ئابووری و سیاسی و کلتووری بە تایبەت لە ئێستادا زۆری ڕێژەی ڕۆشنبیران و ڕۆڵیان لە زانکۆ و تۆێژینەوەی زانستی و بووەتە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وایان کردووە کە کۆمەڵگەی کوردی بگوازرێتەوە بۆ چەرخی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامە و کتێب، کە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و کلتووری و دەستوورییەکان و چاککردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە بە سەردەمی وەرچەرخانی خێرادا تێپەڕ دەبێت (عطو، ٢٠٠٧: ٥٥). کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی نەریتی ناوزەد دەکرێت، یاخود بە لایەنی کەمەوە ڕەنگ و بۆی کۆمەڵگە نەریتییەکانی لە خۆدا هەڵگرتووە، خۆی لەناو پڕۆسە و ڕەوتەکانی مۆدێرنیتە و گۆڕانسازی بەدوور نەگرتووە، بە تایبەت پاش ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە جا چ گۆڕانەکان لە ئاستی میکڕۆ یان لە ئاستی ماکڕۆ دابن. دوای داتەپینی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە لایەنی فاکتەری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و تەنانەت ئاینییەکانیش، چونکە کۆششێکی بنەڕەتی لە ئاستی فیکری و کۆمەڵایەتی

و ئابووری و سیاسی لە هەیکەلەکانیاندا بۆ تێپەڕین لە قۆناغی نەریتییەوە بـۆ قۆنـاغی مـۆدێرن هەیە (لەتیـف شـوانی، ٢٠١١: ٣١). لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی گۆڕانی کلتووری بۆتەوە، ئەم گۆڕانانەش بەهـۆی کۆمەڵێـک فـاکتەری جیـاوازەوە ڕوویانـداوە لەوانە سیاسـی، ئابووری، تەکنەلۆژیا و هۆکاری تر. چونکە کلتووری کوردی پێش (٢٠٠٣) تاڕادەیەک داخراو بوو بە بەراورد لەگەڵ دوای (٢٠٠٣). بۆیە پەرەسـەندنە سیاسییەکانی عێراق و وەبەرهێنانی بیانی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسـەر کـرانەوەی کلتـووری هەرێـم. بـۆیە هۆکـارە سیاسـییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر گۆڕانی کلتووری کۆمەڵگە. ئەو گۆڕانـانەی کە لەسـەر ئاسـتی میکـرۆ دەبینـین هەنـدێک لە ڕەفتـارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی تاک گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهاتووە، بۆ نمـوونە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان، ئەو زمانەی لە قسەکردن و زمانی جەستە بەکاریـدەهێنین گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە. بەڵام لەسـەر ئاسـتی مـاکرۆ گۆڕانەکان لەسەر ئاستی سیستەمی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی دەبینین، بۆ نموونە لە سیاسەتدا باس لە دیموکراسی و ماف و مرۆڤ دەکرێـت، لە ئابووریـدا بـاس لە بـازاڕی ئـازاد دەکەیـن، لە ژیـانی کۆمەڵایەتیشدا باس لە گۆڕانی بەهـا کۆمەڵایەتییە قوولەکان دەکرێت، لە پەروەردەشـدا بـاس لە نـاتەواوی و فەشـەلی فەلسـەفە و سیسـتەمی پەروەردەی پێشوو دەکرێت (دێلوی، ٢٠١٣: ٨١-٨٥).

جێبەجێکردنـی تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی لەسـەر خێـزان بـۆ نمـوونە: گـۆڕانی خێـزان لە کـۆمەڵگەی هەرێمـی کوردسـتان لە ڕووی بنیـاد و ئەرکەوە، چـونکە خێزانـی کـوردی وەک هەر خێزانێکـی دیـکە لە جیهـان خـاوەنی کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدیی خـۆیەتی و جیایـدەکاتەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە لە ڕووی شـێوازی پەروەردە، پێگەیاندن، دابونەریت و بەهـا لەگەڵ ئەو ئـامرازانەی کە کـۆنترۆڵی خێزانـی پێـدەکرێت لە تۆکمەکردنی بنیاد و ئەرکدا. دەکرێت ئەم نموونەیە جێبەجێبکەین بەسـەر

ئەم تیۆرە، بەڵام دەبێت لە میانەی دەستنیشانکردنی دوو ماوەدا بێت: چونکە خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، بۆیە یەکێک لەو قۆناغانە لە ماوەی نێوان پێش ڕاپەڕینەوە تاکو ساڵی (٢٠٠٣)، قۆناغی دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تاکو ئێستا. لە دوای ڕاپەڕین بە گشتی و لە دوای (٢٠٠٣)ەوە بە تایبەتی ژیانی خێزانەکان وەک جاران نەماوە، خێزانی کوردی گۆڕاوە، یەکێک لەو هۆکارانە چوونە دەرەوەی ئافرەتە بۆ بواری کارکردن و گەیشتنی بە داهاتێکی ماددی کە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە دادەنرێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر خێزانەوە هەبووە، واتە گرنگیدان بە خوێندن کاریگەری هەبووە و تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە گرنگییان بەخوێندن داوە. بەهۆیەوە ئافرەت بەشداری لە پلاندانانی بودجەی خێزان و دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە پێگەیاندنی منداڵەوە کردووە. بەپێچەوانەوە ئافرەتی ماڵ لە کاروبارەکانی خێزان شوێنکەوتەی هاوسەرەکەیەتی. هەروەها گۆڕانێکی تر لە قەبارەی خێزانی کوردییە کە ئێستا بچووک بۆتەوە. چونکە خستنەوەی منداڵی زۆر لە خێزاندا پێداویستیی زۆری دەوێت و پەروەردەکردنیش لەم سەردەمەی ئێستا سەختە، بارودۆخی ژیانیش قورسە و وەک جاران نییە. لە ڕوانگەی ئابووریشەوە، ئەگەر سەیری دوای ڕاپەڕین بکەین دەبینین خێزان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئەوەندە باش نەبوونە قەیرانی دارایی هەبوو کە کاریگەری بەسەر تەواوی ژیانی خێزانەکان هەبوو، بە پێچەوانەوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهانی دەرەوە و هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کوردستان، وایکرد ئاستی ئابووری خێزانەکان باش بێت و بەرزبێتەوە لەگەڵ زیادبوونی هەڵی کارکردن بۆ تاکەکان، ئەگەر سەیری بواری ڕاگەیاندنیش بکەین بە هەموو ئامرازەکانییەوە بە هەمان شێوە کاریگەری بە سەر خێزان جێهێشتووە بە بەراورد بە قۆناغی پێش ڕاپەڕین ئەو هەموو ئامرازە تەکنۆلۆژییانە بوونیان نەبووە، بەڵام لە دوای ساڵی

(٢٠٠٣)ەوە ئەمـانە ڕەنگـدانەوەیان بەسـەر تەواوی ژیـانی خێزانەکـان جێهێشتووە لە ڕووی پەیوەندی، قەبارە و زیادبوونی گرفتەوە.

پارێزگـای هەولێـر کە ژمـارەی دانیشـتوانی (٠١,٢) ملیـۆن کەسـە (لە خەملاندنی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بـۆ مـاوەی نێـوان (٢٠٠٩-٢٠١٠) دەسـتەی ئامارەکـانی هەرێمـی کوردسـتان٢٠١٤) کە پـایتەختی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراقە. ئەم پارێزگـایە وەک شـوێنەکانی دیـکەی هەرێمـی کوردسـتان بە قـوولّی کەوتـۆتە بەر کـاریگەری لێشـاو و شەپۆلّە تازەکانی ئاوارەبووان، کە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێکانی سووریا و بەشـەکانی دیـکەی عێراقەوە سـەریان هەلّـداوە و هەروەهـا ئەو قەیـرانە دارایـیە سـەراپاگیرییەی کە کـاریکردۆتە سـەر لایەنـی گشـتی و تـایبەتیی ئـابووری، پارێزگـای هەولێـر لە مـاوەی (٥) سـالّی ڕابـردوودا پەنـابەرە سـوورییەکانی لەخۆگرتـووە. ئەو سـاتەی کە ئەو لێشـاوە دەسـتپێکرد هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرییەکی ڕێژەیی و بەرەوپێشـچوونێکی ئـابووری بەخـۆیەوە دەبینـی. چـونکە ئەو خەلّکـانەی کە پەنـاخواز بـوون هاتنە ناو ژینگەی خەلّکێکی دلّ و دەروون باش و بە بەزەیی. لە کۆی ئەو (٣،٤) ملیۆن ئاوارەیەی کە لە ناوخۆی عێراقدا ئاوارە بـوون، زیـاتر لە یەک ملیۆنیـان لە هەرێمـی کوردسـتانن. لە بەرئەنجـامی زیـادبوونی ژمـارەی دانیشـتوانە بە ڕێـژەی (٣٠٪) لە مـاوەی تەنیـا (٢) سـالّدا دەسـەلاتدارانی هەرێمـی تووشـی نیگەرانـی کـردووە، بە تـایبەت لە بـابەتی دابینکردنـی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا (ڕۆبەرت گویو، ٢٠١٦: ٤).

بۆیە خێزان لە ئێستادا بەهـۆی ئەو گۆڕانـانەی بەسـەری هـاتووە، بـۆ نمـوونە بەکارهێنـانی ئـامرازە تەکنەلۆژییەکـان، بە تـایبەتی ئامرازەکـانی پەیوەنـدی و ڕاگەیانـدن دەکرێـت بلّێـین لە دوای سـالّی (١٩٩١) ەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تـایبەت تەلەفزیـۆن، دواتریش تەلەفـۆن دواییش ئەنتەرنێت، فاکس، ڤایبەر، تویتەر، مێسنجەر و چەندین ئامرازی دیکە لەناو خێزانـی کـورددا بلّاوبـوونەوە، بـۆیە خێزانـی کـوردی بە ڕووی جیهـانی

دەرەوە کـرایەوە. کەواتە کـۆمەڵگەی کـوردی بە کۆمەڵێـک بـارودۆخی سیاسی و ئابووری خراپدا تێپەڕیوە، کە کاریگەرییان بەسـەر سـەقامگیری خێزانەوە کردووە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسـی دروسـتکردووە بە تـایبەت لە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)، کە ڕەنگـدانەوەی جیاجیـای لە بـواری ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتی، پەروەردەیـی، کلتووری و ڕاگەیاندنەوە جێهێشت.

بە تـایبەتیش ئەو بـارودۆخەی کە خێزانـی کوردی لە سـاڵی (٢٠١٤)دا تیایدا ژیـا جیـاواز بـوو لە سـاڵانی ڕابـردوو، چـونکە لەو سـاڵەدا کۆمەڵێک گرفت سەریانهەڵدا، لەوانە نەبوونی بودجە و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکـان، بـۆیە ڕێـژەی بێکـاری زیـادیکرد و بـوو بە (٠،٠٣) بە بەراورد بە سـاڵی (٢٠١٣). چـونکە ڕێـژەی بێکـاری لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی (٢٠١٤) گەیشتە (٦،٥٣٪) (سندی، ٢٠١٥، ١٨٣).

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠٠٣)ی کردۆتە خـاڵی وەرچەرخـان، چـونکە دوو جـۆرە خێـزان بەراورد دەکـات ئەو خێزانـانەی پـێش سـاڵی (٢٠٠٣) خێزانیـان پێکهێنـاوە لەگەڵ ئەو خێزانـانەی دوای سـاڵی (٢٠٠٣) خێزانیـان پێکهێنـاوە. لەم سـاڵەدا کۆمەڵێک هۆکـار کاریگەرییـان هەبـووە، یەکێک لەو هۆکارانە هۆکـاری سیاسـی بـوو، واتە گـۆڕانی سیسـتەمی سیاسـی بـوو لە عێـراق کە ناسـنامەیەکی تـری بەخـۆیەوە بینـی، کە دەکـاتە دوای ڕوخـانی ڕژێمـی بەعـس. لەنـاو دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی فیدراڵـدا لە سـاڵی (٢٠٠٥) حکـومەتی هەرێـم بە شـێوەیەکی فەرمـی دانیپێـدانرا، ئەمەش هۆکارێـک بـوو بـۆ ئەوەی هەمـوو جیهـان حکومەتی هەرێم بە شـێوەیەکی فەرمـی قبـوڵ بـکەن. لە بـواری سیاسـی و ئـابووریـیەوە پەیوەنـدییەکانی فراوانکرد، بـۆ نمـوونە لە دوای (٢٠٠٣) کۆمەڵێک کونسـوڵخانەی بیـانی لە هەولێر کرانەوە، چونکە ڕوخانی دەسـەڵاتی بەعس جیهانێکی تری بەرە و ڕووی کۆمەڵگەی کوردستانی کردەوە، کە تیایدا گەشـەکردنی ئـابووری و دیموکراسی بەدوای خۆیدا هێنا، بەمەش دەرگاکانی سـەرمایەگوزاری بەرە

و ڕووی هەرێم کرانەوە پاشان پەیوەندییەکانی گەشەی کرد. هەروەها لە ڕووی ئابووورییەوە کوردستان توانی سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان ڕابکێشێت، ئەمەش وایکرد پارەیەکی زۆر بێتە کوردستانەوە و مووچە و داهاتی خەڵکی بەرزبووەوە و نرخی شتوومەکیش گرانبوو، ئەمەش وایکرد خەڵکی دووبارە خانووی نوێ دروستبکەن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریکردن و جیابوونەوەیان لەگەڵ مالّی باوکیان واتە خانوو و مالّی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، بەهۆی ئەمەشەوە شاری هەولێر فراوانبوو کۆمەڵێک گەڕەکی نوێ دروستبوون. لەگەڵ ئەمانەش تاکەکان بیریان لە ڕێکخستنی منداڵخستنەوە کردەوە. هۆکاری ئەمەش خۆشگوزەرانی تاکەکان بوو، بەشێوەیەک کە خۆش بژین و پێداویستییەکانیش زیادبوون.

ئەنجامەکان:

ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە ئەمانەن:

١- خێزان پێکهێنەری سەرەکی و بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرمە جیاوازەکان. دەکرێت بڵێین خێزان ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ لە بوونەرێکی بایۆلۆژییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە هەڵگری هەموو ئەو بەها و نۆرمانە بێت کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا پێویستی پێیەتی. خێزان سەرەڕای ئەو گرنگییەی لە ژیانی تاکدا هەیەتی لە ڕووی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی دەبێتە سەرەتاییترین ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگە.

٢- تیۆری بنیادیی وەزیفی کە لە تێکەڵکردنی دوو ئاراستەی هزری جیاواز دروستبووە، بە یەکێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی

دادەنریت و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی خودی کۆمەڵناسی وەکو کایەکی زانستی. بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی لەم تیۆرەدا لەبەر بایەخی ئەم تیۆرە لە لێکدانەوەی دیاردە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە.

٣- سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی بایۆلۆژی, بەوەی کە لێکچوونێکی تەواو هەیە لە نێوان جەستەی مرۆڤ و کۆمەڵگە. هەروەکو چۆن دەکرێت لە جەستەی مرۆڤ تێبگەین لە ڕێگای شیکردنەوەی بۆ پێکهاتەکانی و پاشان دیاریکردنی ئەرک و ڕۆڵی هەر پێکهاتەیەک بە تایبەتی، پاشان ئەو ئەرکە تەواوکارییانەی کە هەر پێکهاتەیەک لە بەرانبەر یەکتر هەیانە، لە کۆتاییشدا بە گشتی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ئەندامە پێکهێنەرەکانی لەشدا هەیە لە ڕووی ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەش. بەهەمان پارادایم دەکرێت لە کۆمەڵگەش تێبگەین وەکو پێکهاتەیەکی ئاڵۆز.

٤- لە ڕوانگەی تیۆری بنیادیی وەزیفییەوە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکدێت, کە خێزان سەرەکیترینیانە. ئەم پێکهاتانە بریتین لە دامەزراوەکان, هەر دامەزراوەیەک سیستەمێکی تایبەت بەخۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەیە، ئەو پەیوەندییە هاوبەش و دوو لایەنەی کە لە نێوان دامەزراوە جیاوازەکاندا هەیە بنیادی هەر کۆمەڵگەیەک پێکدێنن. واتە ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە باری هاوسەنگی و سەقامگیری پشت دەبەستێت بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دامەزراەکان لەئەستۆیان گرتووە، بە پێچەوانەشەوە جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکانە, دەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕی سەرەتا لەو دامەزراوە پاشان تەشەنە دەکات بۆ تەواوی سیستەمەکانی تر و کۆمەڵگە دەخاتە بارێکی نائارامەوە, کە دەکرێت بە قۆناغی بارگۆڕین یان گۆڕان ناوببرێت.

٥- تیۆری بنیادیی وەزیفی کەمتر گرنگی بە فۆرم و بنەچەی میژوویی خێزان دەدات بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر گرنگی خێزان دەکاتەوە وەکو بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە گشتی. خێزان وەکو یەکێک لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کۆمەڵێک ئەرکی لەسەرشانە تاکو بەرانبەر تاک و کۆمەڵگە ئەنجامیبدات. سەرەکیترین ئەرکیشی ناردنی تاکە بۆ ناو کۆمەڵگە بەو پێداویستییانەوە کە کۆمەڵگە داوای دەکات. لە ڕێگای ئەو ئەرکانەوە ژیانی کۆمەلایەتی تاکەکانی گرێدەدات بەکۆمەڵگەوە هەروەها پارێزگاری لە مانەوەی جۆری تاک و کۆمەڵگە دەکات. هەر کەمتەرخەمییەک لەو ئەرکانەی کە خێزان لەسەریەتی جێبەجێبکات بەرانبەر بە تاک و کۆمەڵگە دەبێتە هۆی سەرچاوەی دروستبوونی کێشە و گرفت لەسەر ئاستی ژیانی تاک و کۆمەڵگە، چونکە ئەرکەکان تەواوکەری یەکترن، واتەردەکەوێت کە زۆربەی گرفتەکانیش هەر لە خێزانەوە سەرهەڵبدەن. بە بەکارهێنانی ئەم تیۆرە دەکرێت لە زۆر لەو گۆڕانکارییانە تێبگەین کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕابردوو ڕوویانداوە و هەروەها لە ئیستاشدا ڕوودەدەن، کە گرنگرینیان گۆڕانی پێگە و ڕۆڵی ئافرەتە لە خێزان و گۆڕانی پەیوەندی، قەبارەی خێزان و مەودای ئازادی تاکە لە خێزان.

٦- خێزان گرنگترین گرووپی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە تاک بەرهەمدێنێت و پێداویستییەکانیان فەراهەمدەکات، چونکە تاک پێویستی بە هاوکاری خێزانە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت. سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی کە لە جیهان و کوردستانیش ڕوودەدەن، خێزانی کوردیش تا ئاستێک توانیویەتی پارێزگاری لەو بەها کۆمەڵایەتییانە بکات کە پەسەندن. سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخانە گۆڕاون، بۆیە خێزانی کوردیش لەژێر کاریگەریی ئەو فاکتەرانەیە کە بەردەوام کاریتێدەکەن هەوڵدەدەن بیگۆڕن، یەکێک لەو فاکتەرانەش هێرشی کلتوورییە کە هەوڵی گۆڕینی ئەو

بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییانە دەدات کە خێزانی کوردی لەسەری جێگیر بووە.

٧- گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، لەوانە هۆکاری کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، کە هەریەکەیان کاریگەرییان بەسەر ئەویترەوە هەیە بە تایبەت لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی و لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە کۆمەڵێک گۆڕان ڕوویانداوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە بارودۆخێکی نوێی دروستکرد، لەگەڵ ئەوەش بنیادی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیان گۆڕیوە لە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی خەڵک.

ڕاسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێویستە کۆمەڵێک ڕاسپاردە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەین، بە ئامانجی چێبەجێکردن و شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا:

١- کەڵەکەبوونی مەعریفەی زانستی لە بواری کۆمەڵناسی تاڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە ژمارەی ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجام دەدرێن، بەهۆی گرنگیی بابەتی خێزان لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا, پێوستی بەوەیە کە بکرێتە تەوەرەیەکی سەرەکی لە توێژینەوە زانستییەکان لە بواری کۆمەڵناسی بە ئامانجی بنیادنانی کەلەپوورێکی زانستی لەم بوارەدا.

٢- توێژینەوە لە بواری خێزان, بە گشتی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پێکهاتەی خێزانی کوردی و ئەو گۆڕانکارییانەی

هەوالنامەی زانستی

که بەسەر خێزانی کوردیدا هاتوون لەماوەی سالانی رابردوودا، بۆ دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنمان لە خێزان پێویستیمان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی فراوان هەیە بە بەکارهێنانی تیۆر و ئامرازە میتۆدییە تازەکان.

٣- دۆزینەوەی سەرچاوەی زۆربەی ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیدەکرێن لە خێزانەوە دەستپێدەکات, بۆیە هەنگاوێکی باشە کە ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستان هەوڵبدەن زیاتر هانی توێژەران بدەن کە گرنگی بە بواری توێژینەوەی خێزانی بدەن بە ئامانجی ئەوەی هەوڵی دیاریکردنی کێشە و گرفتەکان بەشێوەیەکی زانستی بدرێت.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

- آل عبدالله، محمد (٢٠١٤). *"دەروونزانی کۆمەڵایەتی"*، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- أحمد، أمل (٢٠٠٣). *"تغير بنية ووظائف الاسرة السودانية – دراسة عن مدينة الثورة بولاية الخرطوم"*، رسالة الماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الاجتماع و الانثربولوجيا، كلية الدراسات الاقتصادية والاجتماعية، جامعة الخرطوم، السودان.
- أسماء، لبلق (٢٠١٥). *"التحولات الثقافية والرمزية لمراسيم الزواج في الأسرة التلمسانية"*، جامعة وهران ٢، لنيل شهادة الماجستير في علم الأجتماع الثقافي، كلية العلوم الأجتماعية.

- اونسة، اونسة (٢٠١٤). *"التربية الاسرية (تحديات الواقع المعاصر والرؤية المستقبلية)"*، الطبعة الأولى، بغداد، دار نيبور للطباعة والنشر والتوزيع.

- تركية، بهاءالدين (٢٠٠٤). *"علم الإجتماع العائلة"*، جامعة دمشق.

- الحاج، بلقاسم (٢٠٠٩). *"المرأة و مظاهر تغير النظام الأبوي في الأسرة الجزائرية-دراسة ميدانية وصفية لأهم مظاهر التغير الاجتماعي في الوسط الحضري للعاصمة"*، الجزائر، رسالة الماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الإجتماع، كلية العلوم الانسانية والإجتماعية، جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة.

- حجازي، أحمد (١٩٩٨). *"التغير الأجتماعي وواقع البلدان الأقل تطورا رؤية نقدية ودراسات تطبيقية"*، جامعة القاهرة، شركة الهدى للطباعة والكمبيوتر.

- الحسن، احسان (١٩٨٢). *"الأسس العلمية لمناهج البحث الأجتماعي"*، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر.

- الحسن، احسان (١٩٨٨). *"الأسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعي"*، الطبعة الثانية، بيروت، دار الطليعة.

- الحسن، إحسان (١٩٩٩). *"موسوعة علم الأجتماع"*، الطبعة الأولى، بيروت، دار العربية للموسوعات.

- حسن، عبدالباسط (١٩٨٢). *"علم الأجتماع"*، الطبعة الثانية، القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر.

- حسين، توانا (٢٠٠٨). *"هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردی دا- تـوێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شـاری سـلێمانی"*، نـامەیەکی ماسـتەرە

بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم (٢٠١٤). ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠) بەشی دانیشتوان و هێزی کار. مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی دیموگرافی (spectrum) بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم.

- حلمي، إجلال (١٩٩٠). "*دراسات عربية في علم الاجتماع الأسري*"، الطبعة الأولى، دبي، دار القلم للنشر والتوزيع.

- حەسەن، ئیحسان (٢٠١٢). "*تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان – توێژینەوەیەکی شیکاری تیۆرە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکانە*"، و: دیدار ئەبو زێد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- الخشاب، سامية (٢٠٠٨). "*النظرية الأجتماعية دراسة الأسرة*، الطبعة العربية الأولى، القاهرة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية ش.م.م.

- خەمەش، مەجدەدین (٢٠١٢). "*کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد لەگەڵ جەختکردنەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی*"، و: عبدالله خورشید و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- درواش، رابح (٢٠١٢). "*علم اجتماع العائلة*"، القاهرة، دار الكتاب الحديث

- الدويكات، سناء (٢٠١٨). "*مفهوم المجتمع*"،

- دێلـــوی، هیـــوا حـــاجی (٢٠١٣)، *کـــۆمەڵگەی کـــوردی و گـــۆڕانە کولتوورییەکان*، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، ژمارە ٥٢، هەولێر.

- الزيبـاری، طـاهر (٢٠١١). *"أسـاليب البحـث العلمـي فـي علـم الأجتمـاع"*، الطبعـة الأولـى، ، بيـروت، مجـد لمؤسسـة الجامعيـة للدراسـات والنشـر والتوزيع.

- الزيبـاري، طـاهر (٢٠١٦). *"النظريـة السوسـيولوجية المعاصـرة"*، الطبعـة العربية الأولى، عمان، شركة دار البيروتي للنشر والتوزيع.

- زێبـاری، تـاهیر (٢٠١٧). *"تیـۆری هـاوچەرخ لە کۆمەڵناسـیدا"*، چـاپی دووەم، هەولێر، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

- ســـندی، بەدرخـــان (٢٠٠٨). *"کـــۆمەڵگەی کـــوردەواری لە دیـــدی رۆژهەڵاتناسـیدا"*، و: د. ئیسماعیل ئیبـراهیم سـەعید، چـاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- سـندي، علـي عوسـمان و محمـد، سـيروان (٢٠١٤) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کـار لە هەرێمـی کوردسـتان. بەشـی دانیشـتوان و هێزی کـار، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتـی پلانـدانان، دەسـتەی ئامـاری هەرێمی کوردستان،:.www.krso.gov.krd

- السـنهوری، أحمـد (١٩٩٤)." *الخدمـة الأجتماعيـة فـي مجـال الأسـرة والطفولة"* ، القاهرة، مكتبة المعارف الحديثة.

- شـوانی، دانـا (٢٠١١). *"دەروازە بەراییەکـانی سۆسـیۆلۆژیای نەوە"*، *کۆمەڵناسی*، سالّی پێنجەم، ژمارە ٧، هەولێر، چاپخانەی مناره.

- صـالح، حسـام (١٩٧٥). *"علـم إجتمـاع الأسـرة والطفولـة"*، جامعـة الملـك فيصل، عمادة التعلم الإلكتروني، والتعليم عن بعد.

- الصديقي، سلوي (٢٠١٢). *"الأسرة والسكان من منظور اجتماعي و ديني"*، الأسكندرية، دار الكتب والوثائق القومية، المكتب الجامعي الحديث.

- الضبع، عبدالرؤف (٢٠٠٣). *"علم الأجتماع العائلي"*، الطبعة الأولى، بغداد، الناشر دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

- العبدالله، محمد، و آخرون (٢٠١٦). *"علم الأجتماع العائلي"*، جامعة دمشق، مطبعة منشورات جامعة دمشق.

- عبدالرحمن، عبدالله، و غنيم، السيد رشاد (٢٠٠٨). *"مدخل علم الأجتماع"*، الطبعة الأولى، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع.

- عبدالوهاب، عبدالوهاب (٢٠٠٠). *"الطلاق كآلية من آليات تفكك الأسرة المصرية"* (رصد للواقع وإستكشاف ملامح المستقبل)، قاهرة.

- عبيد، عبدالله (٢٠١٨). *"تعريف المجتمع في علم الأجتماع"*، موسوعة وزي وزي.

- عطو، نوري (٢٠٠٧). *"الكورد رؤيا حضارية وثقافية"*، الطبعة الأولى، أربيل، مطبعة ميديا أربيل، مكتبة المديرية العامة للثقافة والفنون.

- عمر، معن، والعاني، عبدالطيف (١٩٩١). *"المشكلات الأجتماعية"*، بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

- عيزەت، فائيزه (٢٠١٤). *"ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان سەدەکانی (٤-٩ ک/ ١٠-١٥ ز)"*، و: سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.

- القريشي، غني (٢٠١٧). *"المداخل النظرية لدراسة العائلة (النظرية الوظيفية)"*، جامعة بابل، ٢٠١٧/٨/٢.

- القصيري، أنعام (١٩٨٨). *"التضامن الجتماعي في الاسرة العراقية خلال فترة الحرب – دراسة ميدانية في مدينة بغداد"*، جامعة بغداد، بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الاجتماع، كلية الاداب.

- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠١). *"کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی"*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی داناز.

- کۆڤی، ستیڤن (٢٠١٤). *"٧ خووەکەی خێزانی پێشەنگ"*، وەرگێڕانی د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی هیوا فاوندەیشن.

- ماکدووال، دیفید (٢٠١٢). *"الكورد شعب أنكر عليه وجوده"*، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الأولى، مطبعة آراس، أربيل، دار آراس للطباعة والنشر.

- مستەفا، تەلار (٢٠٠٩). *"دەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردی دا- تۆێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی"*، نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- میشیل، دینکن (١٩٨٠). *"معجم علم الاجتماع"*، ترجمة: د. إحسان محمد الحسن، بغداد، دار الحرية للطباعة، وزارة الثقافة والاعلام.

- هەروتی، سەعدی (٢٠١٣). *"چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانییدا"*، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

هەوالنامەی کتێب

- Ritzar,George. And Goodman, Douglas. , (2004) .sociological theory, McGraw Hill. Boston.

- Singleton Jr, Royce, and Straita Bruce C. (2005). Approach to Social Research. 4th edit. Oxford, Oxford University press. Hitm//www/inhabvon.edai,incoleges lecture asnx?fid.24823.

توضيف نظرية البنائية الوظيفية على العائلةفي المجتمع الكوردستاني

مدرسة مساعدة زەريا أحمد طاهر

ملخص:

إن العائلة و ظهورها ترجع الى بداية إظهار الحياة اإلجتماعية لإلنسان على األرض، فجأت أهميتها فيالتكوين و طبيعتها أثر إنعكاساتها على المجتمع من حيث مراحل تطورها وأساليب تقدمها، فلذلك نرى محاوالت عديدة لفهم و تفسير هذه المؤسسة اإلجتماعية باإلضافة الى مداخالت نظرية من قبل منظرين و سوسيولوجيين ومن أبرز تلك المداخالت هي نظرية البنائية الوظيفية وتعد النظرية الوظيفية من أكثر النظريات إنتشارا في دراسة العائلة. تهدف هذه الدراسة إلى تطبيق النظرية البنيوية الوظيفية على الأسرة على مجتمع كردستان والتي هي مجموعة الدراسة نفسها ، كما أنها تظهر بنية الأسرة ووظيفتها في الواقع. إنها بحث نظري تحليلي يستخدم منهجًا نوعيًا يستند إلى تحليل النص النظري. ال سيما تلك الدراسات التي ركزت على عالقة العائلة بغيرها من المؤسسات اإلجتماعية األخرى الموجودة في المجتمع وعلى وظائف التي تؤديها العائلة ألفرادها وللمجتمع ككل، ولألهم سمات هذه النظرية هي تشبيه المجتمع بالكائن الحي من حيث البناء والوظيفة، على أساس أن كائن الحي يتكون من أعضاء ولكل عضو وظيفة يقوم بها. وتعرف الوظيفة بأنها الدور الذي يقوم به الجزء)العضوا(من أجل إستمرارية الكل)الكائن الحي .)فالهدف الرئيسي في هذه الدراسة هو توظيف المبادىء األساسية لهذه النظرية في تكوين العائلي بشكل عام والعائلة

الكردية بشكل خاص .النتائج الرئيسية التي خلصت إليها الدراسة هي ، أولاً ، المجموعة الاجتماعية الأولى التي يعيش فيها الأفراد وتلبي احتياجاتهم من خلال العائلة. يحتاج الجميع إلى مساعدة العائلات للاستمرار في الحياة الاجتماعية. على الرغم من التغييرات التي حدثت على الأسرة في كردستان وحول العالم ، فقد تمكنت الأسرة الكردية من الحفاظ على قيمها المفضلة. لتوسيع بعض الأدوار الاجتماعية ووظائف الأفراد قد تغيرت من خلال التأثير على الوضع الحالي ، تم تغيير الأسرة من خلال هذه العوامل أيضا. العامل الأكثر وضوحاً الذي يسبب إجراء تغييرات في الأسرة هو الهجوم الثقافي. إنها تدمر التراث الثقافي للأسرة الكردية. التغيير هو عملية مستمرة في كل مجتمع بسبب الأسباب الاجتماعية والثقافية والسياسية والاقتصادية ، وكل منها له آثار على الآخرين. مر المجتمع الكوردي من خلال تغيير كبير في كل جانب من جوانب الحياة الاجتماعية ، فقد جعل حالة جديدة وتغيير في البنية الاجتماعية للمجتمع الكردي.

هەوالنامەی کتێب

Abstract

Apply structural functional theory on family in Kurdish society

When human beings gathered as groups in a communal lifestyle, family occurred as an important element of their lives: the importance of family reflected on their lives and development steps. That is Why scholars have been researching it. Sociology has been one of the majors that study family, more specially the theorists of structural functionalism. This study aims to apply structural functionalism theory on family on Kurdistan society which is the population of study itself, it also shows up the structure and function of family in reality. It’s an analytical theoretical research that uses qualitative approach based on analyzing theoretical text. The theory interprets family as an organ in the society that has connections with all other agencies, and see family as a tool of social control in the society. In addition to that, it says that any change or movement within individuals lives, there

is going to a change on the family patterns. The main results which came out from the study are, firstly, a first social group that individuals live in and meet their needs through is family. Everyone needs families' help to continue in social life. In spite of changes have taken place on family in Kurdistan and around the world, Kurdish family have been able to preserve its favorable values. To some extend the social roles and functions of individuals have changed by affecting the current condition, family has been changed by these factors too. The most obvious factor that causes to make changes in family is the cultural attack. It destructs the cultural heritage of Kurdish family. Change is an ongoing process in every society due to social, cultural, political and economic reason, each reason effects on others. Kurdish society passed through a considerable change in every aspect of social life, it has made new condition and change in social structure of Kurdish society.

هەواڵنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا – توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر

هەوڵدەمی کتێب

د. میدیا ابراهیم فتاح
فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران
media.fatah@soran.edu.iq

پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی داراییە لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا، و چۆنییەتی زاڵبوونیان بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردنیان و بونیادنانی کولتوریکی نوێ بۆ کارکردنیان. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی توێژیتنەوە پارێزگای هەولێرە، نموونەی توێژینەوە بریتین لە (٨) ژن لەوانەی کاری ئازاد دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا، پێویستی خێزان بۆ کارکردنیان پاڵنەرە بۆ شکاندنی بەربەستەکان، ئەمەش تاڕادەیەک کلتووریکی نوێی دامەزراندووە بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا بەشێوەیەک وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت کە بۆ خێزان و کۆمەڵگە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆی هەیە.

وشە کلیلییەکان: قەیرانی دارایی، کاری ئازاد، کلتووری کارکردنی ژنان، هزری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ژنان، پێگەی ژنان.

قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا – توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر

پێشەکی:

بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی سەخت بووەوە، کە تا ئێستا بە تەواوی لە ئاسەوارەکانی ئەو بارودۆخە سەختە ڕزگاری نەبووە. ئەگەر باسی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر هەرێمی کوردستان بکەین، دەکرێت بڵێین لەڕووی ئابووریيەوە گەورەترین ئاسەواری لەسەر ژیان و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە هەبووە، بێگومان ئەمەش کاردانەوەی لەسەر تێکڕای لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە.

قەیران و بەتایبەتی قەیرانی دارایی، ئاسەواری نێگەتیڤ و مەترسیداری خۆی دەبێت لەسەر تاک و کۆمەڵگە، لەوانە: دواکەوتنی گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئابووری، تەندروستی، دەروونی، لاوازی ئاستی گەشەکردن و پەرەپێدانی مرۆیی، سەرهەڵدانی بێکاری، زیادبوونی نەخوێندەواری، دابەزینی ئاستی هۆشمەندیی هاوڵاتیان و چەندین کێشەی دیکە. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٧) ئەم بارودۆخە سەختە کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد, بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و پێشێلکاری بەرانبەر مافەکانی ژنان و منداڵان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە. (ئیبراهیم، ٢٠١٦). بێکاری یەکیکە لە ئاسەوارە هەرە دیارەکانی قەیرانی دارایی، نەبوونی هەلی دامەزراندن و کەمبوونەوەی هەلی کار و بێئومێدی هاوڵاتیان لە کاری حکومی و دامەزراندن بووە پاڵنەرێک بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان، لێرەوە ژنان دەستیان کرد بەکاری ئازاد و چیدی تەنیا چاوەڕوانی پارەی حکومەتیان نەدەکرد، چەندین ژن

دەستیان کرد بەکارکردن لە چەند جۆرە پیشەیەک کە پێشتر لەلایەن خێزانەکانیان و کۆمەڵگەشەوە رێگەیان پێ نەدەدرا ئەو جۆرە کارانە بکەن. (ئەحمەد، ٢٠١٦). ئەوەی شایەنی پرسیارە، ئەوەیە کە ئایا سەرباری ئاسەوارە نەرێنییەکانی قەیرانیی دارایی و سەختی باری ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان ئەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە بە هۆیەوە سەریانهەڵدا، دەکرێت بڵێین قەیرانی دارایی ئاسەوای ئەرێنی هەبووە لەبارەی گۆڕینی هزری تاکی کورد لەبارەی کارکردنی ژنان و گرنگیدان بە ڕۆڵیان لە کارکردن و دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان؟ ئایا قەیرانی دارایی بووەتە هۆی ئەکتیڤبوونی ژنان و فراوانبوونی کارکردنیان لە بازاڕی ئازاد و بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنیان؟

ئامانجی توێژینەوە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی گەیشتنە بە ئامانجێک یان زیاتر، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاد و بەزاندن و شکاندنی کلتووری باوی کارکردنی ژنان لە سنووری ماڵ و فەرمانبەرێتی، و کێبڕکێکردنی پیاوان و زاڵبوون بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم کارکردنی ژنان، و بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ شێوازی کارکردنی ژنان و گۆڕانی پێگەیان لە ناو خێزاندا.

قەیرانی دارایی چییە؟

لە ڕووی ئابوورییەوە قەیرانی دارایی بارودۆخێکی تونڊ و کتوپڕە, کە بااڵنسی دارایی وڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی داڕمانی بەشێک لە دامودەزگا داراییەکان و کاریگەری نەرێنی لەسەر دامودەزگاکانی تریش دەبێت. (فارجا، ١٩٧٥: ١٢٦). لە ڕووی داراییەوە قەیران واتە داڕمانی سیستمی دارایی بە گشتی لەگەڵ

هەرەسهێنانی بەشێکی زۆر لە دەزگا دارایی و نادارایییەکان کە دەبێتە هـۆی لاوازبـوونێکی زۆر بـەهێز یـان نـەمانێکی چـڕی چالاکییـە دارایییەکان. (البزاز، ١٩٩٥: ١٦٠). هەروەها قەیرانی دارایی کێشەیەکە کە لـە هاوسـەنگیی سیستمی دارایی لـە وڵاتێک یـان ناوچەیـەک یـان چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا دروست دەبێت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ناهاوسەنگی لەئێوان توخمەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن. (السمو، ٢٠١٦). لـە لایـەکی تـرەوە، قـەیران تـەنها بریتییـە نییـە لـە مەترسـی Threatsرسـک Risks و ململانـێ Conflict و نابەرقـەراری Instability، بـەڵکو قـەیران چـانس Opportunitiesیـان هـەلیش دەگرێتـەوە، بۆیـە قـەیران حاڵـەتێکی نابەرقەراریـە کـە پێشـبینی گۆڕانێکی بنەڕتی و جەوهەری و یەکلاکەرەوەی لێدەکرێت کە ڕەنگە ئەنجامی خراپی هەبێت، بەڵام زۆرجار ڕەنگە ئەنجامی زۆر باشیشی هەبێت. (منذر، ٢٠٠٣: ١١٧).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە قەیرانی دارایی ئەو بارودۆخەیە کە ڕووبەڕووی دەزگا داراییەکان هەرێمی کوردستان بووەتەوە، لە ئەنجامدا بـۆتە هـۆی داڕمـانی بەشـێکی زۆر لـە بەشـەکانی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا کاریگـەریی ئـەرێنی و نـەرێنی هـەبووە لـە بـوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

کاری ئازاد:

کـاری ئـازاد؛ واتـە هـەر جـۆرە کارێـک کـە سـەر بـە لایـەنێکی حکـومی نەبێت، تاک لێرەدا بۆ حیسابی خۆی کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێـژەی قـازانج. (النـاغی، ٢٠٠٠) کرێکـاری ئـازاد ئـەو کەسـانەن کـە بـۆ حیسـابی خۆیـان یـاخود بـە هاوبەشـی لەگـەڵ کۆمپانیایـەکی دیـاریکراو کاردەکـەن، ئـەو کرێیـەی وەریـدەگرن زۆرجـار پشـت بـە ڕێـژەی قـازانجی

بەدەستهاتوو دەبەستێت. (ابو الخير، ٢٠١٧). کاری ئازاد ئەو کارانەیە کە تاڕادەیەک تاک بە ئیرادەی خۆی هەڵیدەبژێرێت, دوای ڕازیبوون بە مەرجەکانی خاوەن کارەکە یاخود ئەو کەس و لایەنەی کە هاوبەشی دەبێت. واتای کاری ئازاد لەم توێژینەوەیەدا تێکڕای ئەو کارە نافەرمی و ناحکومییانەیە کە ژنان ئەنجامی دەدەن بە هەڵبژاردنی خۆیان و بۆ حیسابی خۆیان، چ خۆیان خاوەنی سەرمایەی کارەکە بن یاخود هاوبەش و شەریکییان هەبێت لە سەرمایەکە, یاخود لای خاوەن سەرمایەیەک کار بکەن و کارکردنیان لە دەرەوەی سنووری ماڵ بێت و تەقلیدی نەبێت (واتە تەنها ئەو کارانە نەبێت کە بە کاری ژنانە ناودەبرێت).

هۆکارەکانی قەیرانی دارایی:

لای هەموان ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی دارایی گەورە بووەتەوە، هۆکارەکان زۆرن، هەر لە بڕینی مووچە و بودجەوە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە کە وەک کارتێک دژی هەرێم و بەرەوپێشچوونەکانی بەکارهێنا و هەم شەڕی داعش, کە بەڕۆکی هەرێمی کوردستانی گرت و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان لە ناوەڕاست و خواروی عێراقەوە کە بارگرانییەکی یەکجار گەورەی خستەسەر شانی هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لە دابەزینی نرخی نەوت بە ئاستێکی ترسناک, کە هەرگیز چاوەڕێ نەدەکرا، بۆیە ئەمانە هەموو پێکەوە باری دارایی هەرێمی بە ڕادەیەک لار کرد کە نەتوانێت تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانیش لەکاتی خۆیدا بە پاشەکەوتیشەوە دابینبکات. (عبدالله، ٢٠١٦). قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە بوونەتە پاڵنەر بۆ سەرهەڵدانی، وەک نەبوونی پلانێکی ستراتیجی دوورمەودا، و پشت بەستن تەنها بە نەوت وەک تاکە سەرچاوە یان سەرەکیترین سەرچاوە بۆ داهات، و

پشتگوێخستنی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار.

لە ڕووی پرۆژەکانەوە، جەختکردن لەسەر پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و دروستکردنی کۆمەڵێک شوقە و ڤێلا بە نرخی نەگونجاو, بەشێوەیەک کە کێشەی نیشتەجێبوونی چارەسەر نەکرد، و زۆرینەی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بەرژەوەندیی گشتی تیدا ڕەچاونەکراوە، بەڵکو بەرژەوندیی کۆمپانیا بیانییەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم، و پشت بەستن بە هاوردەکردنی شتومەک و پێداویستییەکانی بازاڕ هەر لەبەرهەمە نەوتییەکان و کارەبا و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و خۆراک و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر و بڵاوبوونەوەی بێکاری و گەندەڵی دارایی و ئیداری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حیزبی و زۆری ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینانی حکومی و سەربازی, کە بەشێکی زۆر لە میزانییە بۆ مووچەکانیان دەڕوات. (زەنگەنە، ۲۰۱۷) ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر کە ڕەنگە لێرەدا باس نەکرابێت بوونە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی قەیراناوی سەخت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەریمی کوردستان کرد لە تێکرای بوارەکاندا بە تایبەت کە حکومەتی هەرێم توانای دابینکردنی تەنانەت ڕێژەیەکی کەمی مووچەی فەرمانبەرانی بە بەردەوامی نەما، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفت لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و تێکچوونی کار و سیستمی کارکردنیان لەڕووی ئیداری و ئابووریییەوە، هەروەها سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تاک و خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە گشتی.

کارکردنی ژنان له کوردستاندا:

کارکردنی ژنان له کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە، ژنانی کورد هەر لە کۆنەوە کاریان کردووە بە تایبەت لە پیشە و کارە دەستییەکان لە چوارچێوەی ماڵدا وەک نانکردن و هەویرکاری و بەرگدووری و دروستکردن و فرۆشتنی هەندێ کەلوپەل. (ئاواڕە، ٢٠١٨). ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بدەین, ئەو جیاکارییە جێندەرییەیە کە لە دابەشبوونی کار لە نێوان ژن و پیاو بە دی دەکرێت. جۆری ئەو کارانەی لەبەردەستدایە بۆ ژنان بریتییە لە کارە دەستییەکان یان ئەو کارانەی پێویستییان بە کەمترین کارامەیی و لێهاتوویی یاخود پێویستی بە زۆر مانەوەی نییە لە دەرەوەی ماڵ چونکە ئەرکی خێزان و منداڵ هەر لە ئەستۆی ژندایە. (دایتا، ٢٠١٧) بۆیە کارکردنی ژنان بە کۆمەڵێک مەرجی کۆمەڵایەتی دەورە دراوە بە شێوەیەک کە جۆری ئەو کارانەی لەبەردەستی ژناندایە و پەسەندە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر سنووردارە. بەڵام ئایا لە بارودۆخی نائاسایی و تێکچوونی باری ئابووری، ئەم سنوورە تا چ ڕادەیەک بەربەستە بۆ کارکردنی ژنان؟

بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و خراپی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە و پاشەکەوتکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە موچەی موچەخۆران لەلایەن حکومەتەوە، و کەمبوونەوەی هەلی کارکردن، دۆخی خێزان گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار بە شێوەیەک کە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی زەحمەت بوو و بەرەو برسێتی دەڕۆیشت، بۆیە خێزانەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی جێگرەوە بوون بۆ پەیداکردنی پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەیان، لێرەدا کارکردنی ژنان چووە قۆناغێکی نوێوە و ژنان ڕوویان کردە بازاڕی کاری ئازاد بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان. بۆیە کارکردنی ژنانی کوردستان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا نەخاسمە لە بواری بازاڕ و کاری بازرگانیدا، ڕووی

لە زیادبوون کردووە، ئێستا خانمان هاوشێوەی پیاوان لە مۆڵ و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا کاری جۆراوجۆر دەکەن. شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە، بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە ناچاربوون هاوشێوەی پیاوان کار بکەن. (موحسین، ٢٠١٧). لە لایەکەوە ڕەنگە بەشێک لە ژنان دان بەو ڕاستییەدا نەنێن, کە ئەوانیش پێویستە وەک پیاوان کاربکەن و خاوەنی داهاتی خۆیان بن، هەڵبەتە ژنان خۆیان نەیانویستووە یان ڕێگەیان پێنەدراوە، بۆیە بینیمان لە دوای ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و باشبوونی ڕەوشی دارایی هاوڵاتییان و زیادبوونی پارە، بەشێک لەو ژنانە دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت و خەونی بوون بە خاوەنی داهاتی سەربەخۆی خۆیان لەباربرد. جارێکی تر زۆرینەی ژنان لە کەسانێکی چالاک و بەرهەمهێنەرەوە، بوون بە تاکێکی قوژبنی بێ چالاکیی ماڵەوە(مشەخۆر) بەڕادەیەک لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەو ژنانەی کاریان لە کەرتی تایبەت و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا دەکرد، لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین، وایلێهات ژنانی لادێکانیش دەستیان لەکارەکانیان هەڵگرت. (حەسەن، ٢٠١٧). بەڵام بەشێکی دیکەیان و سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی بۆیان دروست دەکرێت، جیاواز لە ئەرکی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ، شانبەشانی پیاوان بەشدار دەبن لە کارکردن لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا، ئەمەش بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان و دەستەبەرکردنی ئابووریەکی سەربەخۆ. ئەو ژنانە، دەیانەوێت لە ڕێگەی کارکردنەوە هێز و توانای خۆیان بخەنە گەڕ و چاوەڕێی دەستی پیاو نەبن، چونکە ژنان دەتوانن خۆیان کاربکەن و داهات بۆ خۆیان پەیدا بکەن، و بەشداربن لە سیستەمی ئابووری وڵات و گەشەسەندی کۆمەڵایەتی. (فایەق، ٢٠١٥)

دەکرێت لێرەدا چەند پرسیارێک بخەینەڕوو، ئایا هەموو ئەم کارانەی ژنان کردوویانە و دەیکەن وەکو کارێکی سەرەکی و حەز و توانایەکە، یان لە ناچاری و لەگەڵ نەمانی قەیران و باشتربوونی بارودۆخی مووچە

وازیلێدەهێنن؟ بە واتایەکی تر، ئایا کارکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا بووەتە کلتوور یاخود تەنها لە کاتی قەیرانەکان ئەو کارە دەکەن و ئەگەر کەسێک هەبێت بژێویی ژیانیان دابینبکات دەست لە کارکردن هەڵدەگرن؟ ئەگەر ویستیان بەردەوام بن لە کارکردن، تا چ ڕادەیەک ڕێگەیان پێدەدرێت لە ڕووی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە و خودی ژنان تا چەند پێداگیری لەسەر کارکردن دەکەن وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و مافێکی ڕەوا؟ ئایا قەیرانی دارایی چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر فراوانبوونی سنووری کارکردن بە گشتی و بەتایبەت کاری ئازاد بۆ ژنان؟

میتۆدی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بۆ شیکردنەوەی کێشەی توێژینەوەی و گەیشتن بە ڕاستییەکان لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی پشت بە میتۆدێکی دیاریکراو دەبەستێت. میتۆد ئەو ئامراز و ڕێچکەیەیە کە توێژەر پەنای بۆ دەبات بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاریی پێویست بە شێوازێکی زانستی و بابەتیانە. (فاطمة الزهراء، ۲۰۱۵: ۱۲). کەواتە وشەی میتۆد لە توێژینەوەی زانستیدا ئەو ڕێگەیەیە کە دەمانگەیەنێتە ئامانج، یاخود بڵێین کۆمەڵە پرەنسیپێکی گشتییە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی لە زانستدا دارێژراوە. مەبەست لە هەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوە ئەوەیە کە لێکۆڵەر دەستنیشانی بکات چ شێواز و میتۆدێک دەگرێتەبەر، تا دەکرێت وردتر و ئاسانتر و خێراتر و هەرزانتر بگات بە وەڵام یاخود وەڵامگەلێک بۆ پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکەی. (ئەلحەسەن، ۲۰۰۵: ۵۳۹) میتۆد ڕێچکەی توێژینەوەکە بۆ توێژەر دیاریدەکات و هەڵبژاردنیشی لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوە دەبێت.

میتۆدی چۆنایەتیQualitative Method :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، میتۆدی چۆنایەتی یەکێکە لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی کە لە زانستە مرۆییەکاندا بەکاردەهێنرێت، توێژەر لە ڕێگەی پرسیارە جۆراوجۆرەکان شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو قوڵایی بابەتەکە یاخود دیاردەکە و لەم ڕێگەیەوە لە هۆکار و کاریگەرییەکانی دیاردەکە لە ڕووی پەسەندی و متمانەوە دەکۆڵێتەوە. لەم جۆرە میتۆدەدا داتاکان بە شێوەی وشە، زاراوە و گێڕانەوە دەخرێنەڕوو، هەروەها ئەم میتۆدە زیاتر کار لەگەڵ ئامرازەکانی وەکو تێبینیکردن و چاوپێکەوتن دەکات. (عومەر, ٢٠١١: ١٨٠) ئەم میتۆدە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە گرنگترینیان کارلێکی نێوان توێژەر و نموونەی توێژینەوە و دروستبوونی متمانەیە کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە زانیاری و داتاکان لە سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی، بەڵام ئەم میتۆدە پێویستیی بە ئامادەکارییەکی پێشوەختەی زۆرە، هەروەها ماوەیەکی زەمەنی درێژتری دەوێت بە بەراوورد لەگەڵ میتۆدی چەندایەتی. (أمزیان، ٢٠٠٨: ٢٢١)

کۆکردنەوەی داتاکان:

بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەبارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا پشت بە چاوپێکەوتن بەستراوە.

چاوپێکەوتن interview:

چاوپێکەوتن بریتییە لە ئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان توێژەر و لێتوێژراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی گرنگ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بۆ دەستنیشانکردن و ئاراستە و دواتر چارەسەرکردن. (عبدالمؤمن، ٢٠٠٨: ٢٤٧). چاوپێکەوتن ئامرازێکی گرنگە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا، و بە یەکێک لە ئامرازە دەوڵەمەند و کاریگەرەکان دادەنرێت بۆ

هەولێنامەی کتێب

کۆکردنەوەی زانیاری, بەڵام بە مەرجی لێهاتوویی تۆێژەر لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکە، هۆکاری گرنگیی ئەم ئامرازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نموونەی تۆێژینەوە زیاتر ئارەزووی قسەکردن دەکەن نەک نووسین، هەروەها دروستبوونی کەش و هەوایەکی ئارام و متمانەبەخش, کە دەبێتە هۆی دەسکەوتنی زانیاریی زیاتر و قوڵتر و وردتر. (بدر، ۱۹۸۲: ۳۳۹)

کۆمەڵگە و نموونەی تۆێژینەوە:

کۆمەڵگەی تۆێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو کەسانە یان ئەو حاڵەتانەی کە کێشە و بابەتی تۆێژینەوە پێکدێنن، و تێکڕای ئەو توخمانەن کە تۆێژەر مەبەستیەتی ئەنجامەکانی تۆێژینەوە بەسەریاندا بگشتێنێت. کۆمەڵگەی ئەم تۆێژینەوەیە بریتییە لە تێکڕای ئەو ژنانەی کە کاری ئازاد دەکەن (ئەو کارانەی کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد) لە پارێزگای هەولێر. نموونەی تۆێژینەوە لە جۆری نموونەی مەبەستدارە، ئەم جۆرە نموونەیە نموونەیەکی نائەگەرییە و بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکی هەڵدبژێررێت, چونکە سنوور و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تۆێژینەوە بەربڵاوە و دیار نییە، بۆیە تۆێژەر نموونەیەکی مەبەستدار هەڵدەبژێرێت کە باشترین و دیارترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تۆێژینەوەی تێدا بێت. (عیشور، ۲۰۱۷: ۲۷۳). لەبەر گەورەیی قەبارەی کۆمەڵگەی تۆێژینەوە و بەربڵاوی ناوچەی جوگرافیی کارکردنیان, بۆیە تۆێژەر نموونەیەکی دیاریکراوی لەو ژنانە هەڵبژارد کە کاری ئازاد دەکەن لە پارێزگای هەولێر و ژمارەیان (۸) هەشت ژنە بەم شێوەیە: ۲ کرێکار لە نانەواخانە، ۲ شوفێری تەکسی، دوکاندار (کوتاڵفرۆش)، خاوەنی چێشتخانە، خاوەنی کۆمپانیا، گوڵفرۆش.

ئەنجام و گفتوگۆ:

تەوەرەی یەکەم/ کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا

هەرچەندە دابەشبوونی کار لەنێوان ژن و پیاودا بە تایبەت لە کۆمەڵگەی نەریتی بە شێوەیەکی نەریتی و بەپێی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانە، واتە ڕاسپاردنی ژنانە بە کاری ناوماڵ و بێبەشکردنیانە لە بەشداریکردن لە کاری بازاڕدا، بەڵام چەند فاکتەرێک هەن کە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەکتیڤبوونی ژنان لە بواره جیاجیاکانی کاری ئازاددا, وەکو گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان تەنگانە و قەیران. (ایلبورغ، ۲۰۱۳).

لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، دابەشبوونی کار لەسەر بنەمای ڕەگەز دەبێت" ژن و پیاو ئەو کارانەیان پێدەسپێردرێت کە دەتوانن ئەنجامیبدەن، لەم حاڵەتەدا ئەرکی ژنان کاری ناوماڵ دەبێت، بەڵام لە کاتی قەیران و لاوازبوونی سەرچاوەی داهاتی خێزان، ژنان دەتوانن ئاسانتر لەماڵ بچنە دەرەوە و لەبازاڕدا کاربکەن، چونکە خێزان پیویستیی بە دەستی کار و داهاتەکەیانە، لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم لەم توێژینەوەیدا دەڵێت: ***((من قەت فکرم بۆ ئەوە نەدەچوو ئیش بکەم، پیاوەکەم هەموو شتێکی بۆمان دەکڕی هەرچەندە کەمیش بـا، گاڵتەشـی بەو پیاوانە دەکـرد وا ژنیان ئیشیان دەکرد، بەڵام کە قەیران ڕوویدا و باری ژیانمان زۆر قورس بوو، پیاوەکەم بێ ئیش بوو منیش ناچار بووم ئیش بکەم بۆ ئەوەی مەسروفی ماڵ و منداڵ پەیدا بکەم، هەرچەندە زۆر ماندیم بەڵام پێویستی منداڵەکانم تاڕادەیەک دابین دەکەم، ئەگەر ئەم زروفە نەبوایە باوەڕناکەم لە ژیانم ئەم کارەم کردبا، نەک هەر پیاوەکم نەیدەهێشت، بەڵکو خۆم هەر بەخەیاڵمدا نەدەهات))***. هەروەها نموونەی دووەم دەڵێت ***((چۆن قەیران کاریگەری نییە؟ بێ گومان بارودۆخی ژیانی هەموومانی هەڵوەشاند و سەرتاپا گۆڕی، من هەر لە خۆمەوە باس دەکەم، لە بنەماڵەی ئێمە لە***

کاری ناومـاڵ زیـاتر قـەت ژنمـان کـاری دەرەوەی نـەکردووە، بـەڵام بـە خۆمەوە چەند خزم و ناسیاوی ترمان هەیە کە ئەوانیش بە هۆی نەبوونی دوای قـەیران هـەموویان کـار دەکـەن)). لـە کوردسـتاندا لای بەشـێک لـە خێزانەکان کارکردنی ژنان وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یاخود پیویستییەک سـەیر ناکرێت و هەمیشـە دابینکردنـی بژێـویی ژیـان ئـەرکی پیـاوە، ئەمـە تـەنها بۆچـوونی پیـاوان نییـە، بـەڵکو لـە کۆمەڵگـەی پیاوسـالاریدا ژنـانیش لەسـەر ئـەم بنەمایـە پـەروەردە دەکرێن، بۆیـە هـەر لەسـەر هـەمان بنـەما بیردەکەنـەوە و پێیانوایـە کـە ئـەرکی بـەخێوکردنیان لـە ئەسـتۆی پیاودایـە، بەڵام کە باری ئابووری خێزان تێکدەچێت و چیتر پیـاو توانـای دابینکردی بژێویی ژیانی خێزانەکەی نامێنێت بە هەر هۆیەک بێت بە تایبەت ئەگەر لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی پیاوەکـە بێت، لـە بەرانـبەردا، ڕەنگـە هـەڵی کـار لـە بـازاڕی ئـازاددا بـۆ ژنـان زیـاتر بڕەخسـێت، لێـرەدا کـارکردنی ژن وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ کارکردنی پیاو دەستپێدەکات، گرنگ ئەوەیـە بژێویی ژیانی خێزان دابینبکرێت, بەڵام گرنگ نییە لەلایەن ژنەوە بێت یـان پیاو. نموونەی سێیەم دەڵێت: ***((بێگومان کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر ژیانی ئێمە زۆر بوو، من بە ناچاری دەستم بەئیش کرد لـە بـازاڕدا، مـن فەرمانبەرم و مەعاش بەشی پێویستییەکانی ماڵم ناکات، بەشێکی زۆری لێ پاشەکەوت دەکرا، و لەکاتی خۆیدا نەدەهات، پێویستییەکانی مـاڵیش زۆر بـوون و دابینـەدەکرا، بۆیـە بیـرم لـەم کـارە کـردەوە، و زۆریـش سەرکەوتوو بووم، ڕەنگە ئەگەر قەیران نەبا هەرچۆنێک بێت بە مووچـە ئیدارەمان دەکرد، بەڵام مووچـە نـەما و ئێمـەش خـۆ هـەر دانانیشـین و چاوەڕێی خێری خەڵک بکەین))***. ژنان بـە ناچـاری پـەنا دەبەنـە بـەر کـاری ئـازاد هەرچەنـدە فەرمانبـەریش بـن، چونکـە مووچـەی فەرمانبـەرێتی لـە سـەردەمی قـەیرانی دارایـیدا بەشـی پێویسـتییەکانیان ناکـات، ئەگـەر بەشـیش بکـات، ئـەوا لـە کـاتی خۆیـدا دابەشـناکرێت, بۆیـە خێـزان ناچـارە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بدۆزێتـەوە. نموونـەی چـوارەم دەڵێت: ***((لەگـەڵ قـەیران بـاری ژیانمـان زۆر قـورس بـوو، ئیشـی***

پیاوەکەم زۆر کەمی کرد، من ژنی مافم و قەت کارم نەکردووە، بەناچاری دەستم بە ئیش کرد، ئەگەر قەیران نەبا قەت ئەو بۆیریییەم نەدەبوو بچمە دەرەوەی ماڵ بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان)).

لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتی خێزان بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بیرۆکەی بەگرخستنی تواناکانی ژن بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهات سەرهەڵدەدات، لە هەمان کاتدا نەبوونی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ خودی ژن کە بتوانێت سنووری ترس و نەبوونی ئەزموونی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ بشکێنێت. لە کاتی شەڕ و نەهامەتی و قەیراندا ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان دەگۆڕێت و زیاتر بیر لەوە دەکەنەوە بژێویی ژیانی خێزانەکانیان پەیدابکەن و وەک تاکێکی بەرهەمهێن بوونی خۆیان بسەلمێنن, چونکە دەستی کاری ئەوان زۆر پیویستە بۆ خێزان و کۆمەڵگەش. (الحداد، ٢٠١٤) لەمبارەیەوە نموونەی پێنجەم دەڵێت: ***((پێش قەیران بابم ئێمەی بەخێو دەکرد، من هەرچەندە دەرچووی کۆلێژ بووم، بەڵام تەعین نەکرام، بیرم لە ئیشی تر نەدەکردەوە، وام دەزانی دەبێ هەر تەعین بم، بەڵام کە ئەم قەیرانە ڕوویدا، باوکم زەرەرێکی زۆری کرد و بێ ئیش مایەوە، ئەوکات خزمێکمان بیرۆکەی ئیشی ئازادی پێم وت و بیرم لێ کردەوە و دەستم پێ کرد، بەخوای ئەگەر ئەم قەیرانە نەبا قەت ئەو فکرەم بۆ نەدەهات بە تایبەت ئیشێک بکەم کە پیشتر تەنها پیاوان دەیانکرد))***. سەرباری ئەوەی کە ژن وەک مرۆڤێک چەندین توانای هەیە, بەڵام ڕەنگە بیری لەوە نەکردبێتەوە کە چۆن ئەو توانایە بەکاربهێنیت و ئاکتیڤی بکات، بە تایبەت ئەگەر لەبار و گوزەرانێکی تاڕادەیەک ئاسایی و بەرقەراردا بژی، بەڵام کە باری ژیان لار بوو، نەبوونی سەرچاوە بۆ بژێویی ژیان دەبێتە پاڵنەر بۆ ئاکتیڤبوونی ئەو توانایانە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەک کە نالەباریی باری ژیان ڕاست بکاتەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان چارەسەر بکات و دەربازی بکات. نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((لەبەر نەبوونی, پەنام برد بۆ ئیشی بازاڕ, پێشتر کورەکانم ئیشیان دەکرد و پێویستمان بە هیچ نەبوو,***

من ئەسڵەن پێم سەیر بوو چۆن هەندێ ژن دەچن لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، پێم ئاسایی نەبوو، وا هەستم دەکرد دەبێ هەر پیاو بەخێویان بکات، جا ئیتر برا بێت باوک بێت یان کوڕ بێت یان مێرد فەرق ناکا، بەڵام خۆت دەزانی ئەم قەیرانە بەڕاستی تەئسیری لە ماڵی هەموومان کرد، زۆر خەڵک بەهۆی زەرەرەوە بە بێ ئیش مانەوە وەک کوڕەکانی من، دایم تورە بوون و شەڕیان دەفرۆشت، باری دەروونی هەموومان زۆر خراپ بوو لە ناومال، و هیچ پارەمان لەبەردەست نەما، ئێ باشە من چی بکەم لەم حاڵەتە، خۆ ناچم دەرۆزە بکەم، یان هەر سەیریان بکەم و بگریەم، بۆیە فکرم کردەوە و ئەم ئیشەم دەست پێکرد و لە خوا بەزیاد بێت سەرکەوتوو بووم و کێشەی ماددی چارەسەر بوو)). هەروەها نموونەی حەوتەم ***وتی: ((نەبوونی وایکرد من لە ماڵ دەربچم بۆ کارکردن خۆ پێشتر باری ژیانمان زۆر باش نەبوو بەڵام هەرچۆن بێت ئیدارەمان دەکرد، کەچی دوای قەیران کەیشتە ئاستی برسێتی، بابم پێشتر کاری دەکرد" لە خەما تووشی نەخۆشی بوو ئەوەندەشی لەدەست نەما، هەر کچێکیش لە شوێنی من بوایە ئیشی دەکرد))***.

لە کاتی قەیراندا زۆر لایەن لە ژیانی تاکەکاندا دەگۆڕێن و دەبنە بنەما بۆ گۆڕانکاری گەورەتر و بنیادنەر لە ژیاندا، بە تایبەت لە کاتی بێ کاریدا، لێرەدا کارکردن دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بێگومان نەبوونی سەرچاوەیەک بۆ داهات باری دەروونی تاک تێکدەدات و تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەکات و زۆرجار متمانەی بە خودی خۆی نامێنێت، بۆیە کارکردن لە لایەکەوە لە کێشە ماددییەکان و کێشە دەروونییەکان ڕزگاری دەکات. نموونەی هەشتەم دەڵێت: ***((من پێش قەیرانیش زۆر حەزم لە ئیش بوو، خوێندنیشم تەواو نەکردووە، بەڵام نەمدەزانی چۆن دەست پێ بکەم لە ماڵەوەش دەیانگوت کەس تۆ تەعین ناکا شەهادەت نییە، دانیشە ئیشت بۆ چییە، بەڵام لە ناخمەوە حەزم لە ئیش بوو، کە قەیران ڕووبدا هەموو***

شتێک گۆڕا و بار و گوزەرانی هەموومان گۆڕا، بۆیە دەستم بە ئیش کرد، ئەگەر ئەو ئەزمەیە نەبوایە هەر لەماڵیش پشتگیریان لێم نەدەکرد)). لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەرکی پەیداکردنی بژێویی ژیان لە ئەستۆی پیاوداید، بۆیە ژنان پێویستییان بە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بە تایبەت لە بازاڕی ئازاددا کار بکەن، لێرەدا قەیرانی دارایی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەزاندنی سنوورەکانی ترس و دڵەڕاوکێی کارکردن لای ژنان.

ئەگەر سەیری قەیرانی دارایی بکەین وەکو پرۆسەیەک کە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەدواوەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو گۆڕانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داهات کاری کردە سەر تێکڕای بوارەکانی ژیانی خەڵک، بێگومان کاریگەرییە نەرێنییەکانی زۆر زیاتر بوون، بەڵام ڕەنگە کاریگەریی ئەرێنیشی هەبێت بەتایبەت لە ڕووی شێوازی کارکردنی ژنان, کە پێشتر تا ڕادەیەکی زۆر تەقلیدی بوو و ژنان ئەگەر کاریشیان هەبوایە زیاتر کاری فەرمانبەرێتییان دەکرد، ئەگەر کاری ئازادیشیان کردبا، ئەوا هەر لە سنووری ماڵ بوو, وەکو بەرگدووری و نانکردن و هەویرکاری و چەند کارێکی دیکە، ئەگەر لە دەرەوەی ماڵیش کاری ئازادیان کردبا، ئەوا دیسان جۆری کارەکانیان زۆر سنووردار بوو، بەڵام قەیرانی دارایی تاڕادەیەک وەرچەرخانێکە لە شێوازی کارکردنی ژنان و بە دیاریکراوی کاری ئازاد. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاتێک کە کۆمەڵگە پێویستیی بە دەستی کاری ژنان هەبێت, ئەوا ژن ئاسانتر لە ماڵ دەردەچێت و کاردەکات و بژێویی خۆی دابینـدەکات و بەشـداریش لە دابینکردنی بژێویی خێزان دەکات، لێرەدا لەبەر پێویستیی خێزان بۆ ئەو داهاتە، مەرج نییە کارێکی نەریتی بکات کە بە کاری ژنان دانرابێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەی گرنگە دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزانە، لێرەوە سنوور و چوارچێوەی کاری تەقلیدی بۆ ژنان بە ناچاری دەشکێنرێت و فەزای کاری ژنان لە بازاڕی ئازاددا مەوداکەی فراوانتر دەبێت.

تـەوەرەی دووەم/ چـۆنیەتیی بەزانـدن و شـکاندنی کلتـووری بـاوی کـارکردنی ژنـان لە سـنووری مـاڵ و فەرمانبـەریێتی، و زاڵبـوون بەسـەر بەربەسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی بـەردەم بەشـداریکردنی ژنـان و کێبڕکێـی پیاوان لە بازاڕی ئازاد

لـە کۆمەڵگـەی نەریتیـدا، هـزری بـاو لەبـارەی کـارکردنی ژنـان ڕێگـرە لەبـەردەم بەشـداریکردنیان لـە بـازاڕی کـاردا، چونکـە زۆرینـەی ئەنـدامانی کۆمەڵگـە ئـەم کارکردنـە بـە دەرچـوون لـە بـەها و نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان هەژمار دەکەن، لە ئاکامـدا ژنـان ئەگـەر کـاری فەرمانبـەریێتیش بکـەن، ئـەوا ڕووبـەڕووی چەنـدین بەربەسـت دەبنـەوە، ئـەو بەربەسـتانەش ڕوو لـە زۆربوون دەکەن ئەگەر کاری ئازاد بکەن. (بو قعیقیص، ٢٠١٥)

کـارکردنی ژنـان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا سـێکتەرەکانی بـازاڕ و بازرگـانی دەگرێتـەوە، ژنـان لـە تێکـڕای سـێکتەرە ئابووریـیـەکان بەشـیان هەیە، بەڵام بـە ڕێژەیـەکی زۆر کـەمتر بـە بـەراورد لەگـەڵ پیـاوان. (رسـتم، ٢٠١٧) ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە کارکردنی ژنان بە کۆمـەڵێک کۆت و بەند دەورە دراوە, بە شێوەیـەک کە کۆمەڵگە جۆری کارکردنی شیاو بۆ ژنـان دیـاری دەکـات و پەسـەندی دەکـات، بەتایبـەت ئـەو کـارانەی کـە لـە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستیدان. (یغمور، ٢٠١٥: ٦) بەڵام لە بوارەکانی دیکەی کارکردن چەند هۆکارێک هـەن کـە بەشـێکیان خێزانـی و کۆمەڵایـەتی یـاخود کلتـوورین، و بەشـێکی دیکـەیان ژینگەی کـارکردنە, کە بۆ ژنان بە گونجاو دانانرێت و لـە ئاکامـدا دەبێتـە بەربەسـت لەبـەردەم کـارکردنی ژنـان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا. (بـەرزنجی، ٢٠١٨) لەمبارەیـەوە نموونەی یەکـەم دەڵێت: ***((ژن هـەر کارێک بکـات بەربەسـتی بۆ دروسـت دەکـەن، من لەبەر نەبوونی ئیشم کرد، بەڵام خۆ خەڵک ئەوە نازانن، جیران و هەندێک لە خزمەکانی پیاوەکـەم زۆر تانەیان لێدەدام، زۆریش هەوڵیاندا لەگەڵ پیاوەکـەم کە ڕێگـەم نەدا، ئەوە گەورەترین کێشە بوو بۆ کارکردنم کە هانی پیاوەکەمیان دەدا، بەڵام ئەو پێیانی دەگوت: من بێ ئیشم، ئەگەر***

ژنیشم ئیش نەکات ئەدی چۆن بژین و منداڵ بە خێو بکەین؟ خۆ ئەوانەی کێشەیان بۆ دروست کردم قەت نەیاندەپرسی چۆن دەژین و کەسیش یارمەتی نەدەداین، بەڵام کە ئیشم کرد ئەو هەموو موشکیلەیان توشم کرد، گرنگ ئەوەیە من گوێم نەدەدا، و کۆڵم نەدا، و تا بتوانم هەر ئیش دەکەم، با ئەوانیش هەر قسە بکەن، لەبەر پێویستیم بە کارەکە ناچار بووم بەربەستەکان بشکێنم بێگومان بەیارمەتی پیاوەکەم و منداڵەکانم)). هەروەها نموونەی دووەم دەڵێت: ***((زۆر زۆرم بەسەرهات لەسەر ئەم ئیشەم، نە جیران ما نە خزم ما گاڵتەم پێ نەکات، ناچار دەبووم پاساویان بۆ بهێنمەوە، تا گەیشتە ڕادەی بێزاری، ئیتر بڕیارمدا گوێ بە قسەی کەس نەدەم مادام ئیشێکی شەریف دەکەم و منداڵەکانم بە خێو دەکەم، ئەدی چی بکەم؟ کە بابیان بێ ئیش بێت، خۆ منیش لەبەر قسەی خەڵکی لە پاڵی دانانیشم و منداڵی خۆم لەبرسا بکوژم)).***

لە کارکردنی ژناندا، زۆرجار بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە ڕەوایەتی و دروستیی کارەکەوە نییە، بەڵکو تەنها داکۆکی کردنە لە کلتووری باوی کۆمەڵگە کە کارکردنی ژنی بەلاوە عەیبە, هەرچەندە ئەو کارە پێویستیش بێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی خێزانی و دەربازبوون لە خراپی باری دارایی، بەڵام لێرەدا یەکدەنگیی خێزان و پشتگوێ خستنی تانە و فشارە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە تاکە بژاردە لەبەردەم ژن و خێزانیش، چونکە ئەگەر بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو فشارانە ژیانی خێزان دەکەوێتە مەترسییەوە. نموونەی سێیەم دەڵێت: ***((بێگومان تووشی کۆمەڵێک بەربەست و کێشە بووم، بەڵام بەربەستەکان خێزانی نەبوون بەڵکو کۆمەڵایەتی بوون، خۆ من فەرمانبەریش بووم و هەمیشە هەر لە دەرەوەی ماڵ کارم کردووە، بەڵام کاری حکومی وەک کاری ئازاد سەیر ناکرێت بۆ ژن، هەرچەندە کارەکەت تەقلیدی نەبێت ئەوەندە زیاتر تووشی بەربەست دەبیت، ئیتر دەکەوێتە سەر خۆت تا چەند بەهێزی و دەتوانی ئەو بەربەستانە بشکێنیت بۆ ئەوەی بەردەوام بیت و پێویستییەکانی ژیانی***

خۆت و خێزانەکەت دابینبکەیت، خۆ ئەو کەسانەی بەربەستت بۆ دروست دەکەن هیچ کات یارمەتیت نادەن کە شتێکت پێویست بێت، کاری ئەوان تەنها تانە لێدان و تەداخولکردنە، بۆیە دەبیت سنووری بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنێت، من بە پشت گوێ خستنی قسەکانیان توانیم بەردەوام بم لە کارکردن)). لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کارکردنی ئافرەت زۆر پەسەند نییە، بەڵام ئەگەر مامۆستا بێت یان فەرمانبەر، ئەوە تاڕادەیەکی باش زیاتر پەسەندە بە بەراوورد لەگەڵ کاری ئازاد، چونکە بەربەستەکان زیاتر دەبن، بە شێوەیەک کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەردەوامبوونی ژن لەو کارەدا. نموونەی چوارەم دەڵێت: ***((من ژنی مامۆستا بووم و قەت ڕانەهاتبووم نە خۆم و نە دەوروبەر کە کار بکەم لەدەرەوەی ماڵ، زۆر کێشەم بۆ دروست بوو تەنانەت زۆر خزمان گاڵتەیان پێم دەکرد، بەتایبەت چونکە ئەم کارەی من کاری پیاوانە، بەڵام ئەوەندە پێویستمان بە پارە بوو هەر خۆشم نازانم ئەو هێزەم لە کوێ هێنا و توانیم بەرگەی ئەو هەموو تانە و کێشەیە بگرم)).*** نەبوونی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ خودی ژنان و هەروەها خێزانەکانیان, بۆ شکاندنی ئەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییە باوانەی دەربارەی کارکردنی ژنان هەیە و پشتگوێ خستنیان بۆ دەربازبوون لە کێشە ئابووریەکانی خێزان کە ئەگەر بەردەوام بێت کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کلتووری عەیب و شەرمکردن هۆکارێکی بەهێزە بۆ دوورکەوتنەوەی ژنان لە کاری ئازاد بەتایبەتی ئەو کارانەی کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد، بەڵام ئەمە مەحاڵ نییە بەتایبەت ئەگەر بازاڕی کارکردن یان باری ئابووری خێزان پێویستیی بە دەستی کاری ژنان بێت. (هادفي، ۲۰۱۷). نموونەی پێنجەم دەڵێت: ***((لە ڕاستیدا من ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست بووم کە بەشێکیان هەر لە ناو بنەماڵەی خۆمان بوو، مامەکانم بە ئاسانی ڕێگەیان نەدا من ئەو کارە بکەم، دەیانگوت ژن ئەگەر لە وەزیفەی حکومەت نەبێ هەر نابێ کار بکات، بەڵام باوکم پشتیوانم بوو و ڕێگەی دا من ئەو کارە بکەم چونکە بەڕاستی پێویستمان پێ بوو،***

لەوباوەڕەدام ئەگەر زۆر پێویستمان نەبوایە باوکیشم قبوڵی نەدەکرد من کار بکەم، لە دەرەوەی ماڵیش تووشی چەندین گرفت بووم بە شێوەیەک کە خەریک بوو واز لە ئیشەکەم بهێنم، بەڵام توانیم بەسەریاندا زاڵبم و بەردەوامبم هەم لەبەر پێویستی و هەم لەبەر ئەوەی پیموابوو کە من شتێکی پیرۆز دەکەم و خۆم و خێزانەکەم لە نەبوونی ڕزگار کرد، بەڕای من کارکردنی ژن زۆر سەختترە لە کاری پیاوان چونکە تۆ دەبێ تەحەمولی بارگرانی کارەکە بکەیت لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە, قسە و تانەی خەڵک و ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی بۆت دروست دەکەن)).

لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکو هەرێمی کوردستان، ئاسان نییە بۆ ژنان کاری ئازاد بکەن، چونکە ڕووبەڕووی چەندین گرفت و بەربەست دەبنەوە هەر لە ناو خێزانەکانیانەوە و دواتر کۆمەڵگەش، چونکە زۆرێک لە ژنان تەنانەت لە ناو خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادرێت کاری ئازاد بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەگەر خێزان پێویستیی بە دەستی کاری ژنان بێت، یان داهاتی کارکردنی ژنان، ئەوکات ڕەنگە ئەرکی ئەو ژنە سوکتر بێت چونکە خێزان پشتگیری و پاڵپشتی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر گرفتێک کە لە کۆمەڵگەدا دوچاری دەبێت، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ ئەو ژنە و زیاتر دەتوانێت زاڵبێت بەسەر گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردن. هەندێکجار خودی ژنان باوەڕیان بە کارکردن نییە و پێیانوایە کە ئەرکی ئەوان تەنها کاری ناوماڵە و ئەگەر لە دەرەوە کاربکەن عەیبە، بەڵام لەبەر سەختیی بارودۆخی ژیان، ڕەنگە ئەو بۆچوونەیان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و خۆیان هەوڵبدەن بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و تەنانەت داکۆکی لەو کارکردنە بکەن لە لایەکەوە وەک مافێکی خۆیان. لە لایەکی تریشەوە, وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکانیان لەو بارودۆخە سەختە. (یاسین، ۲۰۱۲: ۱۲۰). لەمبارەیەوە نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((خۆم باوەڕم بە کارکردنی ژنان نەبوو، و بە پێویستم نەدەزانی بیکات مادام کەسێک هەیە بەخێوی دەکات، ئەم***

بۆچوونەی خۆم گەورەترین ڕێگربوو بۆ ئیش کردنم، بەڵام کە ناچاربووم، دەستم کرد بە کارکردن، دواتر بۆچوونم گۆڕا، ئێستا زۆر حەزم لە کارەکەمە، بەڵام خەڵکی وازم لێناهێنن، ئێستاشی لەگەڵدابێت، هەر کێشەم بۆ دروست دەکەن و تەعلیق لە خۆم و کوڕەکانیشم دەدەن، بەڵام گوێی نادەمێ و هەر بەردەوام دەبم و دەبێت زاڵبم بەسەر هەر کێشەیەک کە تووشم دەبێت، چونکە من ئەزیەتی کەسم نەداوە و داوای هیچم لە کەس نەکردووە، بەڵکو ژن هەر جۆرە کارێک بکات بە تایبەت کاری بازاڕ هەر تەعلیقی لێدەدەن، لە ئەنجامدا کەسیش بەهانایەوە نایەت، من بە بەردەوامی و گوێنەدان و ئیهمالکردنی قسەی خەڵکی توانیم و دەتوانم بەردەوامبم)). نموونەی حەوتەم دەڵێت: ***((ژن ئەگەر کاریش نەکات لە کۆمەڵگەی ئێمە هەر تانەی لێدەدەن بە هەر هۆکارێک بێت، من تانە و قسەی ناشرین نەماوە پێم نەڵێن لەوەتی ئیش دەکەم، چەند جار دیعایە و سوکایەتییان پێم کردووە، درۆیە ئەگەر بڵێم تەئسیری لە خۆم و ئیشم نەکردووە. زۆریش تەئسیری کردووە، ئێستاش بەردەوامە، بەڵام من لە جاران بەهێزترم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر کێشەیەک کە بۆم دروست دەکەن چونکە قەرزاری کەس نیم و بۆ خۆم کار دەکەم)).***

سیستمی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی خودی ژنان بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەک پیاوانەیان هەبێت لەبارەی زۆرێک لە بوارەکانی ژیان، وەک کارکردن. هەزری باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکی ژنان تەنها کاری ناومااڵە و پێویست ناکات بچێتە دەرەوە بۆ کارکردن، ئەمەش یەکێکە لە بەربەستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کارکردنی ژن کە خودی ژنیش بەهەمان شێوە بیردەکاتەوە، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و تێکچوونی باری ئابووری خێزان و لاوازبوون یان نەمانی سەرچاوەی داهاتی خێزاندا، ئەم هزرە دەشێ بگۆڕێت بە تایبەت کاتێک کارکردنی ژن دەبێتە تاکە سەرچاوە بۆ دەربازکردنی خێزان لە سەختیی بارودۆخی

ئـابووری، هـەر ئـەوەش دەبێتـە پاڵنـەر بـۆ زاڵبـوون بەسـەر تێکـڕای ئـەو بەربەسـتانەی کـە ژنـان دوچاریـان دەبێتـەوە لـە کارکردنـدا. نموونـەی هەشتەم دەڵێت: ***((لە کۆمەڵگەی ئێمە ژن لە ماڵیش بێت وازی لێناهێنن، جا چۆن توانجی لێنادەن ئەگەر لەبازاڕدا کار بکات؟ من هەر خۆم زۆر گوێ بە قسە نادەم ئەوەش وایکردووە کەمتر لە ژنانی دیکە تەئسیرم لێ بکات، بۆیە هەر لە سەرتاوە حیسابم بۆ ئەو بەربەستانە نەکردووە هەرچەندە زۆریشن))***.

بە شیوەیەکی گشتی، لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا کارکردنی ژنان بە شـتێکی ئاسـایی سـەیر ناکرێـت، چونکـە پێیانوایـە کـە دابینکردنـی پێداویستییەکانی ژنان ئەرکی پیاوانە جا باوک بێت یان برا یان مێرد یان کـوڕ، بـەڵام شـێوازی کارکردنی ژنـانیش ڕۆڵـی لـە چۆنیـەتیی بڕیـاردان لەسـەر ئەو کارە و قبوڵکردن یان ڕەتکردنـەوەی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە، بۆیـە ئەگـەر ژن کـاریش بکـات، لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە کـاری فەرمانبەرێتی و بەتایبـەتی لـە هەندێ بواری وەکو پـەروەردە و فێرکردن پەسـەندترە لە کاری ئازاد، ئەمەش لـە بـەر کۆمـەڵێک هۆکار کـە بەشـێکیان پەیوەندی بە ژینگەی کاری ئازادە کە ڕەنگە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر کـراوە بێت و ئەمـەش بـۆ ژنـان بـە گونجـاو دانانرێت. لـە لایـەکی تـرەوە, زۆری ماوەی کاری ئازاد بە بەراوورد لەگەڵ کاری فەرمانبەرێتی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنێک لـە ئەرکەکانی ناومـاڵ و بـەخێوکردنی منـداڵ کـە لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا بـە ئـەرکی سـەرکیی ژنـان دادەنرێت. ئەمانەش هەموویان دەبنە بەربەست لەبەردەم کارکردنی ژنان لـە بـازاڕی ئـازاددا، بـەڵام ئایـا ژنـان چـۆن دەتـوانن بەسـەر ئـەم گرفت و تەگەرانـەدا زاڵبن؟ ئەگـەر چـی پێویسـتیی دارایـی هۆکـاری سـەرەکییە بـۆ تێپەڕانـدنی بەربەسـتەکان و شـکاندنیان بـە ناچـاری، بـەڵام بـەهێزی ژنـان و توانـای بـەردەوامبوونیان لـەکارەکەدا، توانـای زاڵبـوون بەسـەر ئـەو فشـارە کۆمەڵایـەتی و دەروونییانـەیان پێدەبەخشـێت، و دەبێتـە هـۆی دووبـارە

ڕێکخستنەوە و دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەناو خێزاندا, چونکە دەبێتە تاکە ئامراز بۆ بەردەوامبوونی ژن لەو کارەدا کە سەرچاوەی سەرکییە بۆ دابینکردنی پێویستییە داراییەکانی خێزان.

تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە بونیادنانی کلتووریکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا و گۆڕانی پێگەیان لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا

چۆنیەتیی بەکلتوورکردنی کاری ئازاد لەسەر بنەمای چەند فاکتەرێک بونیاددەنرێت, گرنگترینیان هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە، بوێری و متمانەبەخۆبوون و لێهاتووی و زیرەکیی کۆمەڵایەتی و توانای پلاندانان و بڕیاردان و زاڵبوون بەسەر گرفت و کێشەکانی کارکردن. (الهاشمی، ۲۰۱۲) بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە بواری کاری ئازاددا کارا بن، ئەوا پێویستی بە هۆشیاریی خودی ژنان هەیە لەبارەی گرنگیی کاری ئازاد، هەروەها هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە گرنگی بەشداریکردنی ژنان لە بازاڕی کاری ئازاددا، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی بونیادنانی هزرێکی نوێ کە تیایدا کارکردنی ژنان لە بواری ئازاددا ببێتە کولتوور، نەک تەنها لە کاتی پێویست پەنای بۆ ببرێت. (لطفي، ۲۰۱۵) لەمبارەیەوە نموونەی یەکەم دەڵێت: ***((لە خێزانی ئێمە ژن زۆر کەم کاری دەرەوەی دەکرد، وەزیفەمان نییە چونکە خوێندەواریمان نییە، کاری تریش هەر نەماندەکرد چونکە واماندەزانی بەماڵ و منداڵ و ئیش ڕاناگەین و هەر وا فێربووینە پیاو مەسرەف بکات، بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەم ئیشەم چەند گرنگە بۆ خۆم و خێزانەکەم، هەندێک لەو کەسانەی کە لەسەرتای ئیشەکەم گاڵتەیان پێم دەکرد و کێشەیان بۆم دروست دەکرد، و هەموو ڕۆژێک بەدەم گریانەوە کارم دەکرد، چاویان لە من کرد و دەستیان بە ئیش کرد وەک خەیاتی و نانکردن، بۆیە ئەمە بووە تەجروبەیەکی باش بۆ ئێمە کە جاران پێمان عەیب بوو ژن ئیش بکات، ئێستا تەواو گۆڕاوە، بێگومان ئێستا لە ماڵیش قسەم زیاتر دەڕوا چونکە خۆم پارە پەیدا دەکەم))***.

نموونەی دووەم دەڵێت: ***((بەش بەحاڵی خۆم هەر بەردەوام دەبم لە کارکردن، هەرچەندە زۆر پێویستیمان بە داهاتی ئەو کارە هەیە، بەڵام ئەگەر زروفیش باش بێت من هەر دەیکەم، چونکە بەڕاستی زیاتر قەدری ژیان و هێز و وزەی خۆم دەزانم ئێستا. ناتوانم وەکو جاران لە ماڵ دانیشم ئیلا ئەگەر شتێک ڕووبدات لە دەسەڵاتی مندا نەبێت))***.

ئەزموونکردنی هەر پرۆسەیەکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی گۆڕانی گەورە لە هەزر و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بەتایبەت ئەگەر ئەنجامی ئەزموونەکە لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە ئەرێنی بێت، سەرباری ئەوەی لە بەشێکی زۆر لە خێزانەکاندا کارکردنی ژن هەر بە پێویست نەزانراوە، بەڵام لەگەڵ قەیرانی دارایی و دەرچوونی ژنانی ماڵ بۆ دەرەوە بۆ ناچاری و کارکردن بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزان، ئەمە تاڕادەیەک دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاریی خێزانی بەشێوەیەک کە خێزانەکان زیاتر ڕێگە بدەن بە ژنان بۆ ئەوەی کاری ئازاد بکەن، ئەگەر لەبەر ناچاریش بێت، بەڵام ڕەنگە دواتر ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی کە کلتوورێکی نوێ دابمەزرێت لەسەر بنەمای هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک کە کارکردنی ژنان وەکو پێویستییەکی بەردەوام بۆ خودی ژن و خێزانەکەی سەیربکرێت نەک تەنها لە کاتی تەنگانەدا، لە ئاکامدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێگەی ژن لە خێزاندا دەبێت، بە شێوەیەک کە بەشداریپێکی ئاکتیڤی دەبێ لە بڕیارەکانی خێزان. نموونەی سێیەم دەڵێت: ***((ئەم قەیرانە وای کرد کە خەڵک تاڕادەیەک بۆچوونیان بگۆڕێت بەرانبەر ئیشی ژنان، هەرچەندە ناچاری و پێویستیی ماددی وا دەکات کە ئێمەی ژن ئیشی حوڕ بکەین، بەڵام دواتر خەڵک زیاتر بیری لێدەکەنەوە و قبوڵی دەکەن یان هەر هیچ نەبێ بێ دەنگ دەبن، من دوای ماوەیەک لە کارکردنم، و سەرەڕای ئەو کێشە و گرفتانەی کە تووشی بووم، خەڵکێکی زۆر دەستخۆشییان لێکردم و چەند ژنێکی تر دەستیان کرد بەئیش و چاویان لە من کرد، ئەمە جێی***

دڵخۆشیبوو بۆ من، چونکە بەشێکیان خێزان ڕێگە پێیان نەدەدا ئیش بکەن، بەڵام دواتر ڕەزامەندی خێزانیان وەرگرت، بەس ئەمە مەعنا وا نییە کە تەواوی خێزانەکان قبووڵیان کرد، چونکە زۆر ژنی بەتوانا هەنە، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت، چونکە بەڕاستی کارکردنی ژنان و بەتایبەت کاری ئازاد پێویستی بە سەقافەتی خێزان و خەڵکیشە. من ئەگەر خێزانم ڕێگەیان نەدابا، قەت نەمدەتوانی ئەم کارە بکەم. بەڕاستی کارکردن زۆر تەئسیری لەسەر پێگەی ژن هەیە لەناو ماڵ، مادام خۆی پارە پەیدا دەکات، زیاتر دەتوانێ ڕای خۆی بدات و بڕیاریش بدات)).

هەروەها نموونەی چوارەم دەڵێت: ((ئێستا تێگەیشتم ئەو ژنانەی جاران کاریان دەکرد بۆ ئەوەندە سوور بوون لەسەر بەردەوامبوون لەکارکردن، جگەلەوەی کە پێویستمان بە پارەکەیە، بەڵام بەخوا ئەو کەسەی داهات بۆ خێزان پەیدا بکات، ئەگەر ژنیش بێت، زیاتر قسەی دەڕوا، بۆیە من هەر بەردەوام دەبم لە کارکردن)). بۆ ئەوەی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا ببێتە کلتوور ئەوا پێویستی بە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیریی خێزان و کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە پەسەند بکەن، هەرچەندە سەرەتا و لەبەر ناچاری ژنان ڕوویان کردە کارکردن لە بازاڕی ئازاددا، بەڵام دواتر لەگەڵ بەردەوامبوونی ژنان لەکارکردن، ئەمە قبووڵ دەکرێت و وەک واقیعێک خۆی زاڵ دەکات و ڕەنگە ببێتە پاڵنەر بۆ ژنانی تر هەمان کار بکەن بە مەرجێک ئەگەر خێزان ڕێگەیان پێبدات، چونکە خێزان بەربەستی سەرەکییە بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا و ئەگەر بێت و ئەم بەربەستە بشکێنرێت، ئەوکات بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بە ئاسانی لەناودەچن، ئەگەر خێزان پشتگیری کارکردنی ژنان بکات. ئەگەر پێگەی تاک لە خێزاندا بەند بێت بە توانای ئەو کەسە لە بەشداریکردنی لە دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزان، لەم حاڵەتەدا پێگەی ژن بەرزتر دەبێتەوە, چونکە دەبێتە خاوەن داهاتی

تایبەتی خۆی و لە ئەنجامدا دەتوانێت بەشدار بێت لە بڕیارەکانی پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی خێزان.

سەرکەوتن لە ئەزموونی کاری ئازاد و دانبەخۆداگرتن و بەردەوامی و کۆڵنەدان بیرکردنەوەی خودی کەسەکە بەرانبەر بە کارکردن بە گشتی دەگۆڕێت. وردە وردە لە کۆمەڵگە تەشەنە دەکات و دەبێتە کلتوورێکی جێگرەوە بۆ کلتووری بە پیرۆز زانینی کاری حکومی و فەرمی. (نظیف،٢٠١٧) لەمبارەیەوە نموونەی پێنجەم دەڵێت: ***((من پێموایە لەگەڵ ئەم زروفەی قەیرانی دارایی بەسەرمانی هێنا، خەڵک وایلێهات کە ئومێدی بە تەعینات نەمێنێت، بۆیە ناچار بوون کە ئیشی حوڕ بکەن، بە ڕای من ئەگەر ناچاری نەبوایە، بەنسبەت کچان، قەت خێزان ڕێگەی نەدەدا ئیشی حوڕ بکەن، ڕەنگیشە بۆچوونیان بگۆڕێت بەرانبەر ئیشکردنی ژنان و زیاتر مەجال بدەن، و تەنها بیر لە دامەزراندن و وەزیفەی حکومی نەکەنەوە بەتایبەت ئەگەر تەجروبەی ئیشی ژنەکە نەجاحەت بهێنێت و داهات بۆ خێزانەکەی پەیدابکات و کەمترین موشکیلەی هەبێت، ئیتر نازانم ئەگەر زروف باشتر بێت خەڵک چیدەکەن، بەڵام من باسی خۆم دەکەم، تازە ماڵمان فکریان گۆڕایە و زۆر پشتگیریم لێدەکەن، خۆشم زۆر فکرم گۆڕایە و ئامادە نیم لە پێناو هەر شتێک بێت ئەم کارەم واز لێبێنم، چونکە ئێستا دەزانم سەربەستی و حوڕییەتی ژن بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئیشکردن بەتایبەت ئیشی حوڕ، چونکە بتەوێ و نەتەوێ داهاتی زیاترە و ژن نەک پێویستی بە کەس نابێت، بەڵکو یارمەتی خێزانیش دەدات))***.

دەستکردن بە هەر جۆرە کارێکی نوێ و ئەزموونکردنی هەر پرۆسەیەک و سەرکەوتن لەو ئەزموونەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی هزری تاک و کۆمەڵگە بەرانبەر بەو پرۆسەیە، کاری ئازادیش بۆ ژنان یەکێکە لەو بابەتانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەتدەکرێتەوە بەهەر پاساوێک بێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەزموونکردن و سەرکەوتنی ژنان لە کاری ئازاد و

ڕزگارکردنی خێزان لە باری ئابووری خراپ, وادەکات کە ئەمە ببێتە شاهیدێک بۆ توانا و لێهاتوویی ژنان لە ئەنجامدانی کاری ئازاد و بڵاوبوونەوەی بۆچوونێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بۆ قبووڵکردنی ئەم جۆرە کارانە بە تایبەت کە لەلایەن خێزانەوە پشتگیری تەواوی لێکرابێت، هەروەها کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێگەی ژن لە خێزاندا هەیە، بە شێوەیەک کە زیاتر دەتوانێ بەشدار بێت و کاریگەر بێت لە بڕیارەکانی خێزان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی بگێڕێت وەکو تاکێکی کارا. نموونەی شەشەم دەڵێت: ***((لەوەتی قەیرانە، ژنێکی زۆر ئیش دەکەن لە مەتعەم بێت یان نانەواخانە، یان هەر ئیشێکی تر کە حوڕ بێت، خێزان هەبوو زۆر نەبوونیش بوو, بەڵام پێی کفر بوو کە ژنی یان کچی بچێتە دەر بۆ ئیشکردن، بەڵام بیرکردنەوەی خەڵک گۆڕاوە، من هەر ئەو کەسانەی کە تانەیان لێدەدام و دەیانگوت تۆ چۆن بەم تەمەنە کار دەکەیت، دواتر هەندێکیان هاتنە لام و داوایان دەکرد کارم لەگەڵ بکەن، ئێ باشە ئەمە چۆن ڕوویدا؟ بێگومان خێزان ئێستا زیاتر ڕێگە دەدات بە ژن ئیش بکات، بە ڕای من ئەو ژنانەی کە کاریان هەیە و پارە پەیدا دەکەن لە ناو ماڵ قسەیان زیاتر دەڕوات و گوێی لێدەگیرێت))***. نموونەی حەوتەم دەڵێت: ***((ڕەنگە بارودۆخی من کەمێک جیاواز بێت, بۆیە ئەگەر وەزع باشتر بێت باوەڕناکەم بەردەوامبم چونکە تەندروستیم تەواو نییە، و زۆر هیلاک دەبم لە ئیش, بەڵام ئەگەر باری تەندروستیم باشتر بێت و بتوانم, بەخوا هەر ئیش دەکەم))***.

زۆرجار سەختیی بارودۆخی ژیان و بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە, دەبێتە هۆی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی, کە ڕەنگە بە چەندین بەرنامە و پلان نەیەتە دی، لێرەدا قەیرانی دارایی تاڕادەیەک ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەرانبەر کارکردنی ژنان, بە شێوەیەک کە لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی دەردەچێت و زیاتر بەرەو کرانەوە دەڕوات و دەرچوونی ژن لە ماڵ بۆ کارکردن ئاسانتر دەبێت،

بێگومان هەرچەندە ژمارەی ئەو ژنانەی کە کاری ئازاد دەکەن زیاتر بێت و لە کارەکانیاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەمە دەبێتە هۆی پەسەندکردنی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی کە پێگەی ژن بەرزتر بێت لە خێزاندا بەهۆی ئەو بەرهەمەوە کە بەدەستی دەهێنێت. نمونەی هەشتەم دەڵێ ***((چۆن بەردەوام نابم لە کارێک کە هەموو ژیانمی سەرتاپا گۆڕی، مرۆڤ بە کارکردنەوە جوانە، ژنیش دەبێ توانای خۆی بسەلمێنێ لە کاری بازاڕدا، گوناحە ئەو هەموو وزە و توانایەی ژن هەیەتی لە ماڵدا بمێنێ، جگەلەوەش پەیداکردنی بژێویی ژیانی کەسایەتی ژن بەهێز دەکات، خەڵکیش ناچارن لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆیان بگۆڕن، چونکە دێتیان چەند خێزان بە هۆی کاری ژن و کچەکانیانەوە توانیان بەم قەیرانە بەردەوام بن لە ژیان و تووشی سواڵکردن نەبن))***.

کارکردنی ژنان یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە هزرێکی کۆمەڵایەتیی پاراو و ڕۆشنبیر هەیە بۆ ئەوەی وەکو کلتووریک سەیربکرێت, کە دەبێتە بنەمایەک بۆ بنیادنانی ژیانێکی مرۆیی تەندروست، بەڵام ئەگەر خودی ژنان هاوشێوەی هزری کۆمەڵایەتیی باو لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا بیربکەنەوە و باوەڕیان بەکارکردن نەبێت, چونکە لەسەر بنەمای ئەوە پەروەردە بوونە. کارکردنی ئەوان شتێکی گرنگ نییە یان پێویست نییە، و بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن و دابینکردنی پێداویستیی خۆیان و منداڵەکانیان لە ئەستۆی پیاودایە، ئەمە پێویستیی بە شۆکێکە بۆ خێزان و کۆمەڵگە و خودی ژنانیش بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە بگۆڕێت، لێرەدا قەیرانی دارایی ڕۆڵی ئەو شۆکە دەگێڕێت, کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هزری کۆمەڵایەتیی باو لەبارەی کارکردنی ژنان بە شێوەیەک کە کارکردنی ژنان دەبێتە ئەرک و پێویستییەکی کۆمەڵایەتی نەک تەنها پێویستییەکی کەسی بۆ خودی ژن، چونکە ژنان بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکدێنن، و هێز و وزەیەکی گرنگن کە لە خزمەت

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی باڵا و کارا و ئاکتیڤیان دەبێت. دواتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی لەسەر پێگەی ژنان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا دەبێت.

دەرئەنجام:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردی کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر کارابوونی ژنان لە کاری ئازاددا و چۆنیەتیی زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و کێبڕکێ کردنی پیاوان لە بازاڕی ئازاددا، هەروەها ڕۆڵی ئەم پرۆسەیە لە گۆڕینی هزری تاک و دامەزراندنی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان و کاریگەریی ئەو کارکردنە لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا. لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر کارابوونی ژنان لە بازاڕی کارکردنی ئازاددا، هەرچەندە کارکردنی ژنان لە کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە، چونکە ژنان بەتایبەت چینی مامناوەند و هەژارەکان بەردەوام لە چوارچێوەی ماڵدا کاریان کردووە, وەک بەرگدووری و نانکردن و پیشە دەستییەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەهۆی قەیرانی دارایەوە ژنان لە دەرەوەی سنووری ماڵ زیاتر ڕوویان لە کاری ئازاد کردووە، ڕەنگە لە سەردەمی قەیراندا کاری ئازاد لە دەرەوەی ماڵ تاکە سەرچاوە یاخود باشترین سەرچاوە بووبێت بۆ داهات کە پێداویستییەکانی خێزان دابینبکات، کەواتە ئەو کارانەی کە لە باری ئاساییدا خێزان پەسەندی نەدەکرد بۆ ژنان، لە کاتی قەیران و خراپیی باری ئابووری پەسەندی دەکەن و ڕێگەی پێدەدەن، کەواتە پێویستی خێزان و کۆمەڵگە دەبێتە پاڵنەر بۆ قبووڵکردنی ژنان لە بازاڕی کاری ئازاددا، بەشێوەیەک کە پیشەیەک یان کارێک بکات کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد.

ژنان له میانەی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی چەندین بەربەستی خێزانی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە بە تایبەت ئەو ژنانەی کە پێشتر کاریان لە دەرەوەی ماڵ نەکردووە، ئەوانەی کە پێشتر فەرمانبەریش بوون و ئێستا کاری ئازاد دەکەن ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بوونەتەوە, بە تایبەت ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن کە پێشتر تەنها پیاوان دەیانکرد, وەک شوفێری و دوکانداری و بەڕێوەبردنی چێشتخانە و نانەوایی، ئەگەر سروشتی کارەکە بە پێی کلتووری کۆمەڵگە پیاوانە بێت، ئەوکات بەربەستەکان ڕوو لە زۆربوون دەکەن، بە تایبەت بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان، ئایا ژنان چۆن توانیویانە زاڵبن بەسەر بەربەستە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان؟

سەبارەت بە بەربەستە خێزانییەکان، پێویستی خێزان بۆ داهاتی ئەو کارەی ژنان و نەبوونی جێگرەوەیەکی تر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان هەر خۆی دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هۆکارە خێزانییەکان وەک بەرەبەستێک بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان لەلایەن خێزانەکانیانەوە و زاڵبوون بەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام ئەوەی یەکلانەکراوەتەوە, ئەوەیە کە ئایا ئەگەر باری ئابووری خێزان باشتر بێت و بتوانرێت بە بێ داهاتی کارکردنی ژنان پێداویستییەکان دابینبکرێت، ئەم ژنانە بەردەوام دەبن لە کارکردن؟ گۆڕانی هزری کۆمەڵایەتی لەبارەی کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاد لە سەردەمی قەیراندا تاڕادەیەک دەبێتە هۆی بونیادنانی کلتوورێکی نوێ بۆ کارکردنی ژنان بە شێوەیەک کە فاکتەری سەرەکی بۆ کارکردنی ژنان لە بازاڕی ئازاددا تەنها پێویستیی خێزان و قەیران و ناچاری نەبێت، بەڵکو پێویستییەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی بێت, کە ژن هاوشانی ئەو ئەرکانە کە لە ماڵ جێبەجێیان دەکات و بە پێی کلتووری کۆمەڵگە بووەتە ئەرکی سەرەکیی ئەو، وەکو مرۆڤێکی ئاسایی سەیربکرێت کە خاوەن هێز و توانا و لێهاتوویی و کارامەیی و وزەیە و

توانای بەرهەمهێنان و کارکردن و خزمەتکردنی هەیە لە دەرەوەی مالّ لە بازاڕی ئازاددا نەک تەنها لە پیشە حکومییەکان وەک مامۆستایەتی و فەرمانبەریّتی.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ژنان لە کارکردن لە بازاڕی ئازاددا، متمانەیان بە تواناکانی خودی خۆیان و گرنگیی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان لا دروست دەبێت، داکۆکی لە کارکردنیان دەکەن وەک مافێکی ئاسایی و مرۆیی نەک تەنها وەک پێویستییەکی کاتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خێزان و کۆمەڵگە، لە ئەنجامدا پێگەی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگەدا بەرزتر دەبێت, چونکە بەرهەمهێنان سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ بەدەستهێنانی پێگەی بەرزتر و بەشدایکردن لە بڕیاردانداً.

هەوالّنامەی کێشی

سەرچاوەکان:

کتێب:

- امزیان, محمد محمد(٢٠٠٨)، *منهج البحث الاجتماعي*، المعهد العالمي للفكر, الولايات المتحدة الامريكية
- بدر، احمد(١٩٨٢)، *اصول البحث العلمي ومناهجه*، المكتبة الاكاديمية، مصر.
- البزاز، عادل(١٩٩٥)، *ادارة الازمات المالية بين نقطتي الغليان والتحول*، المؤسسة الجامعية للدراسات والتوزيع والنشر، بيروت.
- الحسن، احسان محمد(٢٠٠٥)، مناهج البحث العلمى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.

- عبدالمؤمن، على معمر(٢٠٠٨)، *البحث في العلوم الاجتماعية*، دار الكتب الوطنية- ليبيا

- عومەر، مەعەن خەليل(٢٠١١)، *ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*، و. زیرەک ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عيشور، نادية سعيد(٢٠١٧)، *منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية*، مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، الجزائر.

- فارجا، يوجين(١٩٧٥)، *ازمة النظام الرأسمالي*، ت:احمد فؤاد بليغ، بيروت.

- فاطمة الزهراء, نسيسة(٢٠١٥)، *منهجية وتقنيات البحث الاجتماعي*، مركز جيل البحث العلمي, لبنان.

- منذر، شومان(٢٠٠٣)، *الاعلام والازمات*، مدخل نظري وممارسة عملية، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة.

- الناغي, محمود(٢٠٠٠)، *فكر العمل والانتاج الابداعي في اطار الثقافة العربية*، جامعة المنصورة، القاهرة.

سەرچاوە ئەلکیترۆنییەکان

- ئاواره، تانیا(٢٠١٨)، ژن چۆن دەبێتە خاوەنی ئابووری تایبەتی خۆی، دواجار بینین ٢٠١٨/٨/٢٥ http://knwe.org/?p=20169&paged=3.

- ئەحمەد، ڕێبین یار(٢٠١٦)، کارکردنی ژنان بووەتە نەریت، دواجار بینین ٢٠١٨ /٥/٢٩

http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=251427.

- ابو الخير، احمد عمر(٢٠١٧)، دور العوامل الشخصية والبيئية في نجاح العمل الحر، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى الجامعة الاسلامية، غزة

- ئیبراهیم، زاهیر(٢٠١٦)، لاوازی دادگا وقەیرانەکان لە پشت زیادبوونی تاوانەکانەوەن، دواجار بینین ٢٦/ ٢٠١٨/٥ https://rojnews.news/کۆمە-لایە-تی/لاوازی-دادگا-و-قە-یرانە-کان-لە-پشت-زیادبوونی-تاوانە-کانە-وە-ن-٤٩٢٥.

- ایلبورغ، کاترین(٢٠١٣)، المراة والمساواة والهمل- مکاسب الاقتصاد الکلي من المساواة بین الجنسین، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/١٢. file:///C:/Users/Media/Desktop/تاثیر٢٠%عمل٢٠%المراة٢٠%علی٢٠%الاقتصاد.pdf.

- بەرزنجی، شوان(٢٠١٨)، ٢٥% ئافرەتانی کوردستان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دواجار بینین ٢٠١٨/١٠/١ .

- http://www.basnews.com/index.php/so/economy/kurdistan/470489

- بو قعیقیص، هالة(٢٠١٥)، المرأة العاملة والتنمیة، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٢٠

- http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=466172&r=0.

- الحداد، زرين(٢٠١٤)، تغير ادوار النساء بسبب الازمة، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٩ https://www.fmreview.org/ar/syria/haddad.

- حەسەن، گوڵباخ(٢٠١٧)، کارکردنی ژنان ناچاری یان ماف؟ دواجار بين ٢٠١٨/٦/٢٧ http://metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=313&Jmare=458.

- دايتا، ناميتا(٢٠١٧)، النساء في عالم العمل المتغير،اخر قراءة ٢٠١٨/٨/٢٠ http://blogs.worldbank.org/voices/ar/jobs/women-changing-world-work-not-just-more-jobs-better-jobs-women.

- رستم، نارين(٢٠١٧)، نساء كوردستان ينخرطن في سوق الاعمال، اخر قراءة ٢٠١٨/١٠/١ http://www.niqash.org/ar/articles/economy/5767/.

- زەنگەنە، حسين(٢٠١٧)، اسباب الازمة المالية في كوردستان وسبل الخروج منها, دواجار بين ٢٠١٨/١٠/١ https://kitabat.com/2017/01/28/أسباب-الازمة-الاقتصادية-في-اقليم-كورد/.

- السمو، صابرين(٢٠١٦)، مفهوم الازمه الماليه، دواجار بين ٢٠١٨/٥/٢٦ https://mawdoo3.com/مفهوم_الأزمة_المالية.

- عەبدوڵڵا، کنیر(٢٠١٧)، قەیرانی دارایی: هۆکار و کاردانەوەکانی، دواجار بینین، ٢٠١٨/٥/٢٧ http://penus.krd/news364-65.htm.
- فایەق، شنە(٢٠١٥)، ڕۆڵی ژن لە گەشەسەندنی ئابووریدا، دواجار بینین ٢٠١٨/٦/٢٢ https://rojnews.news/ژن/ڕۆڵی-ژن-لە-گە-شە-سە-ندنی-ئابووریدا-٢٨٢
- لطفي، سعد(٢٠١٥)، العوامل التي ادت الى نشر ثقافة العمل الحر, اخر قراءة ٢١٠٨/٩/١٢ https://www.arageek.com/2015/06/25/6-factors-of-freelance-work-spreading.html.
- موحسین، سەروین(٢٠١٧)، ئافرەتانی کوردستان دێنە مەیدانی کارەوە، دواجار بینین، ٢٠١٨/٦/٢٢ http://www.basnews.com/index.php/so/economy/kurdistan/368532
- نظیف، احمد(٢٠١٧)، خارج اسوار سجن الوظیفة- قصص نجاح العمل الحر, اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٢١ https://raseef22.com/economy/2017/02/07/العمل-الحر/.
- هادفي، منجية(٢٠١٧)، النساء والاقتصاد البديل، اخر قراءة ٢٠١٨/٩/٢٦ http://bel-ahmar.net/?p=1988.

- الهاشمى، ايمان خفنى عبدالحليم(٢٠١٢)، الممارسة العامة للخدمة الاجتماعية لتنمية ثقافة العمل الحر كمدخل لمواجهة البطالة،اخر قراءة ٢٠١٨/١٠/٣ file:///C:/Users/Media/Desktop/swr-mqtrh-llmmarst-alamt-llkhdmt-alajtmayt-ltnmyt-thqaft-alml-alhr-byn-alshbab-kmdkhl-lmwajht-mshklt-alshbab-kmdkhl-lmwajht-mshklt-albtalt-drast-wsfyt-mtbqt-ly-qyadat-alml-alhkwmy.pdf.
- ياسين، عبدالقادر(٢٠١٢)، نساء فلسطين في معترك الحياة، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة

هەوالنامەی زانکۆ

ملخص:

تهدف هذه الدراسة الموسومة (اثر الازمة الاقتصادية على تفعيل النساء في ميدان العمل الحر- دراسة سوسيولوجية ميدانية في محافظة اربيل) الى تحديد تأثيرات الازمة المالية التي مرت بها كوردستان على تفعيل وتنشيط النساء في ميدان العمل الحر وكيفية تغلبهن على الصعوبات الاجتماعية التي واجهتهن وتغيير الثقافة السائدة في المجتمع حول العمل النسوي الحر بثقافة بديلة مبنية على اساس تمكين المراة في ميدان العمل الحر. وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. اما مجتمع البحث هو محافظة اربيل، وعينة البحث تكونت من (٨) نساء ممن يمارسن العمل الحر. وقد اشارت نتائج الدراسة الى ان الأزمة الاقتصادية كان لها دورا كبيرا في تفعيل النساء في ميدان العمل الحر، وحاجة الاسرة الى عمل المراة للتخلص من اعباء الازمة الاقتصادية عليهم يعد من ابرز الدوافع التي ساعدت في التغلب على صعوبات العمل الحر، ومن ثم ادت الى تشكيل ثقافة اجتماعية جديدة بخصوص عمل المراة وضرورة عملها ليس بصورة مؤقتة وعند الحاجة فقط، بل على اساس تمكينها للعمل كفرد منتج يلعب دورا كبيرا في عملية التنمية الاجتماعية.

Abctract:

Impacts of the Economic Crisis on activate Women's free work

The purpose of this research is to identify the impacts of the economic crisis on the private enterprise of women, and how to they can overmaster on the working social barrier and building the new cultural working. Additionally, for gathering data, this research has been conducted using semi-structured interview in qualitative research. Also, the research society is the county of Erbil and sample size is that (٨) women.

The results of this study have been shown that the economic crisis is the common factors for activation women in the private enterprise. Moreover, family support for women is the most significant social motive to break up the social barriers. That is mean the establishment of the new culture for women working as a social need, for the family, society and social development.

هەولێری کێبڕ

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.8

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ

تۆژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییە لە شاری سۆران

هەواڵنامەی کتێب

دلشاد صبری علی
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب
dilshad.ali@soran.edu.iq

پوختە:

ئامانجی سەرەکی ئەم تۆیژینەوەیە شیکردنەوەیەکی چۆنایەتییە لەسەر هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ. شاری سۆران کۆمەڵگەی تۆیژینەوەیە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری یەکەمی ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهاتووە. نموونەی تۆیژینەوە لەم تۆیژینەوەیەدا لە جۆری نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە، کە لە ٦ کەس پێکهاتوون، ٣ کچ و ٣ کوڕ کە هەموویان لەو خێزانانەدا پەروەردەبوون، کە بەرلەوەی خێزانیان لێکهەڵوەشێتەوە کێشە لەنێوان دایک و باوکیاندا هەبووە و لە دوای لێکجیابوونەوەی باوانیشیان، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر بەجێماوە. لەم تۆیژینەوەیەدا ئەنجامی بەدەستهاتوو، ئەوە ڕوونەدەکاتەوە، کە هەڵوەشانەوەی خێزان لەلایەن دایکان و باوکانەوە کاریگەریی نەرێنی نەک تەنیا لەسەر خۆیان بەجێدەهێڵێت، بەڵکو لە دوای ئەم پڕۆسەیە ئەم کاریگەرییە نەرێنییە لەلایەنی پەروەردەیی و کەسایەتییان لە ناو کۆمەڵگەدا لەسەر منداڵەکانیشیان بەجێدەمێنێت.

وشە کلیلییەکان: هەڵوەشانەوەی خێزان، دایک و باوک، منداڵ، کەسایەتی.

هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ

توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییە لە شاری سۆران

بەشی یەکەم

پێشەکی

خێـزان ئۆرگـانێکی کۆمەڵایـەتی گرنگـە، تەنانـەت بـە یەکـەمین قوتابخانەی منداڵ دادەنرێت، کە دایک و باوک ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێگەیاندنیدا. لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا کەشی خێزان بۆتە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و توێژینەوە بە تایبەتی هەڵوەشانەوەی خێزان لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، ئەمەش بەهۆی نەگونجان و گرفت لەنێوان هاوسەران ڕێژەی هەڵوەشانەوەی خێزان ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵانیشیان بەجێبهێڵێت. (موحسنی، ۲۰۱۲: ۳۷۹-۳۸۰) هەروەک خەلیل (۲۰۰۷) پێیوایە خێزان بە یەکێک لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە تاک تێیدا لەدایک دەبێت، گەشەدەکات و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێدەگات، کە بەهۆی خێزانەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان فێردەبێت. بۆیە دەکرێت خێزان بە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ هەر لەو کاتەی کە لە دایک دەبێت دابنرێت.

سەرەڕای ئەوەی خێزان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر و بەهێز لە کۆمەڵگەدا دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری لێکترازان و هەڵوەشانەوە دەبێت بەتایبەتی بە هۆی سەرنەکەوتنی پەیوەندیی هاوسەران لەگەڵ یەکتردا. ئەمەش لە ئەنجامی لێکتێنەگەیشتن و نابەرپرسیاریێتی لە ئەرک و کارەکانی ناو خێزان لەلایەن هاوسەران، کە دەبێتە هۆی لاواز بوون و شێبوونەوەی پەیوەندییەکانیان و

هەڵوەشانەوەی ژیانی خێزانیان کە لە ئەنجامدا دەکرێت کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنی لەسەر خێزان بە گشتی و بە تایبەتی کەسایەتیی ئەندامانی بەجێبهێڵێت وەکو بڕوانەبوون بە خوود و کەسایەتییەکی لاواز لە ناو کۆمەڵگەدا.

کێشەی توێژینەوە

لە دوای ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. ئەم گۆڕانکاریانە سەرتاپای بوار و دامەزراوە جیاجیاکانی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، گۆڕانکارییەکان لە شێوەی زۆر ڕووکەشی دان، قوڵ نەبوونەتەوە. بە واتایەکی دیکە دروستبوونی دامەزراوەی پەروەردەیی فەرمی وەکو باخچەی ساوایان، قوتابخانە و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستا وەک پێویست نەیتوانیوە ڕۆڵی دامەزراوەیی نافەرمی بۆ نموونە خێزان بگێڕێت. هەروەک ئاشکرایە تاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێزان وەکو کۆمەڵگەیەکی بچکۆلانەیە، کە هەموو ڕۆڵەکانی داموەدزگا فەرمییەکانی کۆمەڵگە وەکو باخچەی ساوایان، قوتابخانە و هتد لە ناویدا بەدی دەکرێت، کە تیایدا تاک پێدەگەیەنێت و ئامادەیدەکات بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا. ڕەنگە ئەمە تێڕوانینێکی قۆناغی کشتوکاڵی بێت بۆ خێزان، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵدابێت خێزان بەرپرسی یەکەمی پەروەردەکردن و پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکە لە هەرێمی کوردستان. خەلیل (٢٠٠٧) وا دەبینێت منداڵ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە بە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونداتێدەپەڕێت، کە خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەندامانی هەیە. واتە منداڵ بەهۆی ئەو پەروەردە خێزانییەی کە فێردەکرێت، دەبێتە بناغەیەک بۆ ئەوەی شێوازی کەسایەتیی دیاریبکرێت و لە ناو کۆمەڵگەدا لەلایەنی جەستەیی، بیرکردنەوە و سۆزداری گەشەی پێبدات، ئەمەش دەبێتە هۆی

پێگەیاندنی توانا کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی لەلایەنی دابونەریت. بە هەمان شێوەی خەلیل، موحسنی پێیوایە سەرەتای بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ لە ڕێگەی خێزانەوە شارەزای کلتوور، بەها، پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەکەی دەبێت، کە لەم ڕێگایەشەوە تاکەکان دەتوانن ببنە خاوەنی کەسایەتی یاخود ناسنامەی کەسیی تایبەت بە خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک جار خێزان دووچاری لێکهەڵوەشانەوە دەبێت بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی ژیانی منداڵ، ئەوا ئەو منداڵە لەوانەیە کەسایەتییەکی نائارام و شەڕانگێزی بۆ دروست ببێت. (٢٠٠٢: ١٣١-١٣٤) هەروەک ڕەوانگەرد (٢٠١٧) پێوایە زۆر لە ئەنجامدەرانی تاوان و تووندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا بەهۆی ئەو تاکانەوە دەبن، کە کەسایەتییەکی ناسەقامگیریان هەیە، کە لە سەرەتای ژیانی منداڵییان دایک و باوکیان بەکتریان قەبوڵ نەکردووە و لەگەڵ یەکتری نەگونجاون. هەروەها ئەو پێیوایە هەندێکجار ئەو منداڵەی لەلایەن هەردوو باوانیەوە سەرپەرشتی پەروەردەیی ناکرێت، بەڵکو لەلایەن یەکێکیان کە ئەرکی بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆ، لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی قووڵ لەسەر منداڵەکە دروستبکات. بەڵام لە لایەکی تر موحەممەدی (٢٠١١) ڕایوایە لێکجیابوونەوی هاوسەران دەکرێت وەکو ڕێگەچارەیەکی ئەرێنی و ژیرانە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکی دژوار ببیندرێت، بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە زیان و گرفتە گەورەکانی، کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان هاوسەران دێتەکایەوە.

پرسیارەکانی توێژینەوە

هەڵوەشانەوەی خێزان چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵ؟

ئەو کاریگەرییانەی کە بە هۆی لێکجابوونەوەی دایک و باوک لەسەر کەسایەتی منداڵ بەجێدەمێنن چین؟

ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە شیکردنەوە بۆ ئەوە بکات کە لە دوای لێکجیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ لەناو کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە. هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا زانینی لێکهەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ.

گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک دەکرێت لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت. ئەم توێژینەوەیەش لەسەر هەڵوەشانەوەی خێزانە لەلایەن دایک و باوکەوە، کە دەیەوێت بزانێت ئەو کاریگەرییانەی لەسەر پەروەردەی منداڵ دروستدەبێت لە دوای ئەم پڕۆسەیە چین؟ هەروەها گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوە ئەوەیە: لە دوای لیکجیابوونەوەی دایک و باوک منداڵ دەبێتە خاوەنی چ جۆرە کەسایەتییەک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا؟

هەوالنامەی کتێب

بەشی دووەم

پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوو

خستنەڕووی چەمکەکان

لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر بە بەکارهێنـانی میتـۆدی شـیکردنەوەی چۆنـایەتی ئامـانجی ئەوەیە کە کـاریگەریی لێکهەڵوەشـاندنەوەی خێـزان لەسـەر کەسـایەتیی منـداڵ شـرۆڤەبکات. لـەم توێژینـەوەیەدا هەوڵـدراوە پێناسـەی هەنـدێک چـەمک بخرێتـەڕوو وەکـو چـەمکی خێـزان، هەڵوەشـانەوەی خێـزان و کەسـایەتی. بـۆ ئـەوەی پێناسـەی ئـەم چەمکانـە یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی بەکارهێنانیان لەم توێژینەوەیەدا.

یەکەم چەمک کە پێناسە دەکرێت بریتییە لە چەمکی خێزان. خێزان بریتیە لە بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی کە شوێنی دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی تاکەکانی خێزانە، کە هەر لەناو خێزاندا مرۆڤ لەدایکدەبێت، گەورە دەبێت و پێدەگات و دەبێتە ئەندامەکی پشت بە خۆبەستوو کە فێری ڕۆڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبێت وەکو کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی چ لە ناوەوەی خێزان یاخود لە دەرەوەی خێزان، ئەمەش بەهۆی خێزانەوە فێردەکرێت. (موحسنی، ۲۰۰۲) دووەم چەمک لەم توێژینەوەیەدا پێناسە دەکرێت بریتیە لە منداڵ. منداڵ بەو کەسە دەگوترێت کە تەمەنی لە خوار ۱۸ ساڵیدایە، ئەو تەمەنەی کە تاک وەکو منداڵ دەناسێنێت، دەکرێت بەپێی یاسا لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بگۆڕێت. کۆتا چەمک، پێناسە بریتییە لە هەڵوەشانەوەی خێزان. هەڵوەشانەوەی خێزان یاخود نەمانی گرێبەستی هاوسەرگیری کاتێک ڕوودەدات کە لایەنێک لەلایەنەکانی گرێبەستەکە، چ پیاو بێت یان ئافرەت بە تاک لایەنە بڕیار بدات، یاخود بە ڕەزامەندی هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندیی هاوسەرگیرییان بهێنن (خەلیل، ۲۰۰۷).

هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر ناجێگیریی پەروەردەی منداڵ

هەڵوەشانەوەی خێزان یاخود لێکجیابوونەوەی دایک و باوک ناکرێت ببەسترێتەوە بە سەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکو بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەم پڕۆسەیە بووە. هەروەک خەلیل بەم شێوازە پێناسەی لێکجیابونەوەی هاوسەرانی کردووە: هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری کاتێک ڕوودەدات کە لایەنێک لەلایەنەکانی گرێبەستەکە، چ پیاو بێت یان ئافرەت بە تاک لایەنە بڕیار دەدات، یاخود بە ڕەزامەندی هەردوولا لەسەری

ڕێکەوتن بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندی هاوسەرگیرییان بهێنن (٢٠٠٧: ٢١٣). لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەم بڕیاردانە کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنی لەسەر خێزان بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر پەروەردەی منداڵ بە دوای خۆیدا بەجێبهێڵێت. بە واتایەکی دیکە زیانمەندی یەکەمی لێکجابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری منداڵە، چونکە ڕەنگە هەڵوەشانەوەی خێزان ببێتە هۆی ئەوەی منداڵ بکەوێتە گێژاوێکی پەروەردەیی و دەروونی کە پڕ بێت لە نەهامەتی، وەکو لایەنی جەستەیی و پێگەیاندنی توانا کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو منداڵەی لەناو سۆزی دایک و باوک پەروەردە بووە. لە دوای هەڵوەشانەوەی خێزان ئەوە ژیانی منداڵەکانیش دەگۆڕێت و دەگاتە بارودۆخێکی خراپ، چونکە دووچاری سستیی چالاکی ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوسەنگی لە پەروەردەکردنی منداڵدا لەلایەن دایک و باوکەوە.

منداڵ لە ڕووی هەستکردن و بیرو هۆشەوە هەر لە تەمەنی سەرەتاییەوە توانای کردارەکانی وەک ناسینەوەی ڕەنگ و ڕوخساری دایک و باوکی هەیە، بۆیە هەست بە سۆز و خۆشەویستییان دەکات. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵییەوەیە، کاریگەربوونیان بە شوێنەوارەکانی لێکجیابوونەوە لە ڕووی پەروەردەیی، چاودێری، و کۆمەڵایەتییەوە کەمترە، بە بەراورد بەو منداڵانەی کە لە تەمەنی دە ساڵی یان زیاترن، چونکە زیاتر لە ژیانی دەوروبەریان تێدەگەن. ئەمەش لەوانەیە ببێتە پاڵنەرێک هەندێک جار منداڵ پەنا بباتە بەر هەندێک کرداری ناپەسەند، وەکو بەکارهێنای ماددە هۆشبەرەکان بۆ دوورکەوتنەوەی خۆی لەو گیروگرفتانەی کە تووشی خێزانەکەی بووە. ئەو منداڵەی کە دایک و باوکی لێکجیادەبنەوە بێگومان لە سۆز

و خۆشەویستییان بێبەش دەبێ و لە ڕووی پەروەردە و دەروونییەوە هەست بە نائارامی و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری لە هەڵسوکەوت دەکات و کاریگەریی تەواو لەسەر داهاتوو و ژیانی بەجێدەمێنێت، کە دەکرێت ئەم کاریگەرییە لەنێوان منداڵی کچ و کوڕ جیاواز بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە دابونەریتی کۆمەڵگەدا هەیە و منداڵان بەپێی ئەم دابونەریتە پەروەردە بکرێن. (خلیل، ۲۰۰۷: ۲۳۵)

ڕەنگە ئەو شوێنەی کە منداڵ تیایدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکات باوەشی دایک و باوکی بێت، کە لەوانەیە ئەم شوێنە ئارامە بە هۆی لێکجیابونەوەی هاوسەران لە یەکتری نەمێنیت و منداڵ توشی ناجێگیریی کەسایەتی و دروونی ببێت بەهۆی لەدەستدانی ئەو خۆشەویستییەی کە دایک و باوک بەیەکەوە بە منداڵی دەدەن. هەروەک تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەرایی کە پێیانوایە کۆمەڵگە بریتییە لە سیستەمێکی ئاڵۆز لە کۆمەڵێک یەکە پێکدێت و پێکەوە کار دەکەن بۆ بەردەوامیدان بە سەقامگیری و پێکەوەیی کۆمەڵگە. واتا ئەگەر گرفت لە یەکێک لەم یەکە کۆمەڵایەتییانە ڕووبدات ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی گرفت لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ڕووبدات. لەسەر ئەم بنەمایە لایەنگرانی پێکهاتەی کردارگەرایی پێیان وایە کە بۆ سەقامگیریی ژیانی تاک و کۆمەڵگە خێزان یەکێکە لەو یەکە کۆمەڵایەتییانەی، کە بە ناوەندێکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگەدا دادەنریت. (Abbott et al., 2005: 146) لەسەر بنەمای تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەرایی، خێزان بە یەکێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێت بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە هۆی پەروەردەکردنیان بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت ئەمە بگوترێت کە ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان لێکجیادەبنەوە لەوانەیە پەروەدەیەکی بەهێز و سەقامگیریان نەبێت لە ژیانیاندا و بە تەنیایی و ڕەشبینی لە داهاتووی ژیانیان بڕوانن.

هـەروەک پێکهاتـەی کردارگـەرایی، ئەنـدامانی خێـزان وەکـو کۆمەڵگەیـەکی بچـوک دەبینێت کـە پەیوەندییان بەیەکـەوە هەیـە، بـۆ بـەڕێوەبردنی ژیـانی خێزانـی، واتـا ئەگـەر یـەکێک لـە ئەنـدامانی خێـزان وەکـو دایـک و بـاوک گرفتیان لەگەڵ یـەکتر هـەبێت، ئـەوا ئـەم گرفتـە ڕەنگدانـەوەی هەیـە بەسـەر تەواوی ئەندامانی خێزان.

هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەریی لەسەر ناچێگیریی کەسایەتیی منداڵ

زانایـانی بـواری زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان بەتایبـەتی کۆمەڵناسـان و دەروونناسان پێیانوایە بۆ ئەوەی تاک ببێتـە خـاوەن کەسـایەتییەکی بـەهێز و سـەقامگیر، هـەروەها بتوانێـت بـە شـێوەیەکی بـەهێز و بڕوابـەخۆبوون بـەژدار بێـت لـە ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمەڵایـەتی لـە نـاو کۆمـەڵگەدا، ئـەوا پەروەردەیـەکی تەندروسـت لـە سـەرەتای ژیـانی تـاک گرنگـە. هـەروەک پارسـونز کـە بـە یـەکێک لـە کەسـە گرنگـەکانی تێڕوانینـی پێکهاتـەی کردارگەرایی دادەنریت پێیوایە: خێزان بـە ناوەندێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر هەبێت. ئەو پێیوایە خێزان بـە یەکەمین دامودەزگـا یـاخود یەکـەی کۆمەڵایـەتی لـەناو کۆمـەڵگە دادەنرێـت بـۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک، تـاکو بتوانێت خـۆی بگونجێنێت لەگـەڵ ئەندامانی تری کۆمـەڵگە .(Abbott et al., 2005: 146) ئـەم تێڕوانینـەی پارسـونز وەک ڕابـەری قوتابخانـەی کردارگـەرایی لەوانەیـە لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبێـت کـە خێـزان وەک دامەزراوەیـەکی کۆمەڵایـەتی لـە کۆمـەڵگەی کشـتوکاڵی هـەموو ڕۆڵـەکان دەبینێـت، بەتایبـەتی بـە مەبەسـتی پـەروەردەکردنی منـداڵ، بۆیـە کاتێـک کـە خێـزان کێشـەیەکی هەیـە، ئـەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە لەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت. بە واتایەکی تر، لـە داهاتوودا منداڵ ناتوانێت وەک پێویست داواکارییـەکانی کۆمـەڵگە جێبـەجێ بکات.

هەروەک خەلیلیش ئاماژە بە ڕۆڵی خێزان دەکات، ئەو پێیوایە خێزان یەکێکە لە دامەزراوە سەرەکییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون کە دەورێکی گرنگی لە دیاریکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی کەسایەتی و پێگە بۆ ئەندامانی هەیە، تاکو بتوانن بەهۆی ئەم کەسایەتییەی لە ناو خێزان بۆی دیاریکراوە، لە ناو کۆمەڵگەدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. لەسەر ئەم بنەمایە سەرکەوتن و تێکشکاندنی تاکەکان لە ژیاندا هەر لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە لە خێزان بۆی دیاریکراوە. (خەلیل ٢٠٠٧: ٥-٦) بە هەمان شێوەی خەلیل، وەردیش پێیوایە کە ئەو ژینگەیەی منداڵ تێیدا گەشەدەکات کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە. ئەو وادەبینێت ئەو بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە تاک هەیەتی لە منداڵییەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر داهاتوویان، ئەوا ئەم کاریگەرییانەی قۆناغی منداڵی وا دەکەن کاتێک تاک گەورەش دەبێت نیشانەکانی هەر بمێنن. هەروەها وەردی پێیوایە کاتێک تاکێک بە چەند سیفەتێکی نەشیاو لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینرێت، ناکرێت خودی خۆی سەرزەنشت بکرێت، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخ و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەیە کە منداڵ تیایدا گەشەی کردووە و وەریگرتووە. وەردی پێیوایە ئەگەر هەر تاکێک لەو بارودۆخەدا بوایە کە ئەو کەسە تێیدا بووە، ئەوا ئەگەری زۆری هەبوو ئەو سیفەتانەی تێدا ببیندرایە (وەردی ٢٠١٥: ٢٠٢).

هەندێک جار منداڵ لە نێو خێزانێکی ناسەقامگیر و پڕ ئاژاوە ژیان دەکات، ئەوا هەوڵ دەدات هاوڕێ یاخود شوێنێکی ئارامتر و پارێزراوتر لە دەرەوەی خێزان و دوور لە ئەندامانی خێزان هەڵبژێرێت، بۆ نموونە ناسینی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێی نوێ و تاڕادەیەک نەناسراو، دەکرێت ئەم کەشە نوێیە لە دەرەوەی خێزان، ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەلاڕێداچوون، تووندوتیژی، تاوانی پڕ مەترسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگەدا لەلایەن ئەو منداڵەوە (ڕەوانگەرد، ٢٠١٧). دەتوانرێت بگوترێت ئەم تێڕوانینانە پاڵپشتی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە پێیانوایە جۆری

بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاک ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەیە کە تاک تیایدا پەروەردە کراوە.

کوولییش پێیوایە کە سروشتی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی تاک بەهۆی پێکگەیشتن و ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بەتایبەتی ئەندامانی خێزان دروست دەبێت، کە منداڵ لە میانەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ خێزاندا هەیەتی هەست بە بوونی کەسایەتی و دەروونی خۆی دەکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گرنگییەی، کە لە ناو خێزاندا بە ڕەفتاری منداڵ دەدرێت، بەتایبەتی لەلایەن دایک و باوک (کوولی ئاماژە پێدراوە لە موحسنی ٢٠٠٢: ١٤١). بە هەمان شێوەی کوولی، کاتێک مید ئاماژە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەو ئاماژە بە ڕۆڵی خێزان دەکات کە لە ناو کۆمەڵگەدا تاک بەهۆی خێزان لە تاک بوونی خۆی تێدەگات. مید کاتێک باس لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ لە ناو خێزاندا دەکات، ئاماژە بەوە دەکات دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێدانی کەسایەتییەکی سەقامگیر بە منداڵ. ئەو پێیوایە قۆناغی لەدایکبوونی منداڵ پێی دەگوترێت قۆناغی لاساییکردنەوە یاخود قۆناغی "یاری منداڵان"واتە منداڵ هەر لەسەرەتاوە هەوڵ دەدات ڕۆڵی گەورەکان ببینی و لاساییانبکاتەوە، کە بەرە بەرە لەگەڵ ئەو ڕەفتار و ڕۆڵانە ئاشنا دەبێت، کە ئەندامانی خێزان بە تایبەتی دایک و باوک دەیگێڕن. بۆ نموونە منداڵی کچ وەکو دایکی بایەخ بە کاروباری ماڵەوە دەدات و منداڵی کوڕ گرنگی بە یاری پیاوانە دەدات، وەکو یاری شوفێری. ئەمە لە سەرەتادا دەبێتە بناغەیەک بۆ دروستبوونی ڕۆڵ و کەسایەتی تاک لە ناو خێزاندا (Mead cited in Holmes, 2007: 41-42). لەم تێڕوانینەدا ڕوون دەبێتەوە، تاک خۆی وێنەیەک بۆ کەسایەتی خۆی دروست ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کەسە نزیکانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. (خەلیل، ٢٠٠٧: ٨٥)

کەواتە ئەگەر خێزانێک یەکێک لە باوانی بەهۆی لێکجیابونەوە یاخود بە هەر هۆکارێکی تر لە دەستدابێت، ئەوا دەکرێت تا ئەندازەیەک کاریگەریی لەسەر ناسەقامگیری رۆڵ و کەسایەتی منداڵ هەبێت، چونکە لاسەنگییەک لە وەرگرتنی کەسایەتیی دایک و باوک لەلایەن منداڵ دروست دەکات، وەک ئەوەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، منداڵ لە ناو خێزاندا هۆگریی بۆ دایک و باوک هەیە، وەک کچ بۆ دایک و کوڕ بۆ باوک، بۆیە لێکهەڵوەشانەوە ئەو جۆرە هۆگرییەی منداڵ بۆ دایک/باوک لاواز دەکات، لەوانەیە لە رۆڵەکانی داهاتوویدا جۆرێک لە لاوازی لە منداڵ ببیندرێت. بە هەمان شێوە (ئاجیکەند ۲۰۱۲)یش پێیوایە پێشکەوتن و سەقامگیری هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ئاستی تەندروستیی پەروەردەیی و فێرکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە. واتە ئەگەر خێزانێکی سەقامگیر هەبێت، ئەوا کۆمەڵگەش سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت.

والیر وا دەبینێت ئەو مشتومڕ و تەگونجانەی لە پێش هەڵوەشانەوەی ژیانی خێزانی لەنێوان هاوسەران دروست دەبێت، کاریگەریی لەسەر کەسایەتی منداڵ دروست دەکات. بۆ نموونە کاتێک هاوسەران زیاتر دەیانەوێت لە بەردەم منداڵ خۆیان بەسەر یەکتریدا زاڵ بکەن وەکو بەکارهێنانی وشەی "من" نەک "ئێمە"، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵیش فێری ئەو شێوازە هەڵسوکەوتە بێت کە لە کۆتاییدا بۆ خۆسەپاندن و زاڵکردنی ڕای خۆی بەسەر ئەوانی تر دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی ڕەق و توندوتیژ لە ناو کۆمەڵگەدا. (والیر ئاماژی پێدراوە لە خەلیل، ۲۰۰۷: ۲۲۱)

ئەمە لێرەدا ئەوە دەردەخات کە کاتێک لە ناو خێزاندا ئەم جۆرە خۆسەپاندنە هەیە، هەستی هاریکاری و پێکەوە ژیانکردن بەرەو لاوازبوون دەڕوات، کە ئەمەش ڕەنگە کەسایەتییەکی خۆسەپێن لە ناو هەر ئەندامێک لە ئەندامانی خێزان دروست بکات، بە واتایەکی دیکە کاتێک

هەواڵنامەی کتێب

تاکێک لە خێزاندا دەیەوێت ڕۆڵێک ببینێت، ئەوا تەنها پشت بە بیروڕای خۆی دەبەستێت و بیروڕای ئەوانی تری لا گرنگ نییە، کەچی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا بابەتی هەماهەنگی و هاوکاری بۆ ئەوەی دروست بێت، بە بەرنامە کاری لەسەر دەکرێت، چونکە ئەمە کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵگە دەبێت.

بەشی سێیەم

میتۆدی چۆنایەتی

دەشێت هەموو توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی سەبارەت بە دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە زیاتر لە میتۆدێک بەکاربهێنرێت. هەروە Leech and Onwuegbuzie(2005) تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە میتۆدی چۆنایەتی و میتۆدی چەندایەتی خاڵی بەهێز و لاوازیان هەیە، کە دەبێت توێژەر ئەو میتۆدە هەڵبژێرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەکەی، بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن لە ئەنجامی توێژینەوە. شوانی پێیوایە میتۆدی چۆنایەتی یەکێکە لە باشترین ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەشتن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر لەسەر تێڕوانین و ڕەفتاری تاکەکان، چونکە میتۆدی چۆنایەتی بە شێوەیەکی قوواڵ دەچێتە ناو دیاردە و ئەو بابەتەی کە توێژەر توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاسەوار و هۆکارەکانی دیاردەکە و شیکردنەوەی، کە لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئەندامانی توێژینەوەکەدایە (شوانی ۲۰۱۵:۱۳۱).

هەروەک توێژەران لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵ دەدەن بۆ بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی بە مەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکانیان، هەروەها هەوڵ دەدەن بۆ باشتر گێڕانەوەی ئەنجامی بەدەستهاتوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا (ئەبراش، ۲۰۱۳). بە

واتایەکی تر تایبەتمەندیی میتۆدی چۆنایەتی ئەوەیە، کە کار لەگەڵ وشە دەکات، هەروەها زانیاری بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ئەم میتۆدە زیاتر وەسفین، واتا پشت بە وەسفکردنی دیاردەکان دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە. بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتی کە کار لەگەڵ ژمارە دەکات (شوانی، ٢٠١٥). لایەنێکی تری ئەنجامدانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە، توێژینەوە پێویستی بە گریمانە نییە، لەبەر ئەوەی داتاکان بۆ ڕەتکردنەوە یاخود سەلماندنی گریمانە بەکارناهێنرێت، میتۆدی چۆنایەتی زیاتر کار لەگەڵ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەک چاوپێکەوتن، تێبینیکردن، چاوپێکەوتنی گروپ و فۆکۆس گروپ دەکات. هۆکارەکی تری توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی ئەوەیە کە دەکرێت توێژەر هەندێک جار پێویستی بە هەموارکردنەوە یاخود گۆڕانکاری لە پرسیارەکان و دیزاینی توێژینەوە لە کاتی ئەنجامدانیدا بکات تاکو بتوانێت بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاری یاخود گەشەپێدانێک کە پێویست بکات بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت کەمترین شوێن پەنجەی لایەنگری لەسەر توێژینەوەکە بەجێبهێڵێت، کە میتۆدی چۆنایەتی تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێگە بەم پڕۆسەیە لەتوێژینەوە دەدات و دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە. (Jackson et al., 2007; Bryman, 2012)

کۆمەڵگەی توێژینەوە و جۆری نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر بە گوێرەی بابەتی توێژینەوەکەی دیاری دەکات کە دەتوانرێت گروپێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەربگرێت و ئەندامەکانی توێژینەوەکەی بەسەردا بگشتێنرێت، چونکە کارێکی ئەستەمە بە مەبەستی داتا کوکردنەوە، تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوە وەربگیرێت بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان

پێکهاتبێت و چوارچێوەی جوگرافی فراوان بێت، بۆیە دەکرێت بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگیرێت وەکو نموونەی توێژینەوە، بە واتایەکی تر نموونەی وەرگیراو توانای نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەی هەبێت (بۆکانی،٢٠١٦: ١٢٤).

ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی خۆبەخش بەشداربیان لەم توێژینەوەیە کردووە، بریتیبوون لە ٦ کەس، ٣ لە بەشداربووان پیاو و ٣ ژن بوون، کە شاری سۆران لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بووە. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە پێشینەی جیاوازیان هەبووە، وەکو ئاستی خوێندەواری، ئابووری و تەمەن، کە جۆری نموونە وەرگرتنی بەکارهاتوو بریتییە لە نموونە وەرگرتنی مەبەستدار. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە لە میتۆدی چۆنایەتیدا، ئەوەیە کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت بە مەبەست ئەو کەسانە هەڵبژێرێت، کە پێیوایە زانیاری پێویست و باشیان هەیە سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە. بە واتایەکی دیکە نموونەی مەبەستدار، کە یەکێکە لە نموونە نائەگەرییەکان و بە شێوەیەکی مەبەستدارانە لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێت. لێرەدا نموونەکانی توێژینەوە لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵنابژێردرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی مەبەستدارانە هەڵدەبژێردرێن، بەو ئامانجەی کەسەکان لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێن کە کێ زۆرترین زانیاری دەدات بە بابەتی توێژینەوە (عومەر،٢٠١٢ :٢٧٨-٢٧٩).

کۆکردنەوەی داتا

چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو

یەکێک لە باشترین و کاریگەرترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەی میتۆدی چۆنایەتی بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانین و بیروڕای لێتوێژراوان، بریتییە لە چاوپێکەوتن، هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کە بیروڕای تاکەکان دەتوانرێت، بەدەستبهێندرێت لە گفتوگوکانیان و جوولّەیان لە کاتی چاوپێکەوتندا (Bryman, 2012: 469). هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی پرسیاری کراوە لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراودا، بیروڕای لێتوێژراوان هەڵسەنگێنراوە و شیکراوەتەوە. بەو واتایەی سەرەتا توێژەر هەندێک پرسیاری دیاریکراو دەستنیشان دەکات و ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەی دەکات, لێرەدا توێژەر جۆرێک لە ئازادی سنووردار دەبێت کە پرسیاری تریش بخاتەڕوو، هەروەها ڕوونکردنەوە لە سەر پرسیارەکان بداتە نموونەی توێژینەوە، بەو شێوەیەی کە بە باش و گونجاوی دەزانێت، بەڵام بەو مەرجەی کە دەبێت پرسیارەکان لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بن و وابەستەی بنەڕەتییانەی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەی هەبێت. (عومەر،٢٧٢:٢٠١١) هەر یەک لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ لێتوێژراوانی ئەم توێژینەوەیە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ خولەکی خایاندووە.

توێژەر هەوڵیداوە لە سەرەتادا ئەو کەسانە دیاری بکات، کە وەک نموونەی توێژینەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت و هەوڵدراوە سەرەتا ڕەزامەندییان لێوەربگیرێت، ئینجا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، لە لەلایەکی دیکەوە پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕیزبەند ڕیزکراون و بەشێوەیەکی هێمنانە ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوە کراون، لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری دەروونی لێتوێژراوان و ڕەخساندنی کەشێکی گفتوگۆ ئامێز، لە هەر شوێنێک ناڕوونییەک لە پرسیارەکان هەبووبێت، ئەوا بە

دەربڕینێکی سادە ڕوونکراوەتەوە، سەبارەت بە شوێنی چاوپێکەوتنەکانیش، واتە ئەو شوێنەی چاوپێکەوتنی تیا ئەنجامدراوە، زیاتر هەوڵدراوە کام شوێن نزیکە بۆ لێتوێژراوان و لەسەر ڕەزامەندی ئەوان، لەوێ چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدراوە. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لەلایەن بەژداربووانی توێژینەوە، دواتر چاوپێکەوتنەکە لە ڕێگەی تۆمارکردنی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوە و دوای بە کۆتاییهاتنی چاوپێکەوتنەکان هەموو وەڵامەکان گواستراونەتەوە بۆ سەر لاپەڕە. دواتر توێژەر بەپێی جۆری وەڵامەکان شیکردنەوەی بۆ بەشێک لە وەڵامی بەشداربووان کردووە.

لایەنی ئاکاری

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک ڕێکاری ئەخلاقی بە ئەنجام گەیاندووە، لەبەرئەوەی پەنسیپی ئاکاری و ئەخلاقی لەخۆدەگرێت، کە گرنگ و پێویستە توێژەران لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە درکی پێ بکەن و هەروەها جێبەجی بکەن. ئەو لایەنە ئاکارییانەش بریتین لەو چوارچێوە و بنەما ئەخلاقییانەی کە دەبێت توێژەران هەڵگریان بێت بەتایبەت کاتێک تاک خۆی دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە و بە بیانووی ئەنجامدانی توێژینەوە دەست لە ژیانی تایبەتی وەردەدرێت، دواتر لە ئاکامی هەمان ئەو زانیارییانەدا تووشی زیانی ماددی، جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە، یان دەست بۆ هەندێک لە کار و بەرهەمە فکرییەکانی دەبردرێت و سوود لە ڕاوبۆچوونی سەرچاوە مەعریفییەکانی وەردەگرێت. نابێت ئاماژە بە ناو و پێگەی زانستی یاخود زانیارییە کەسییەکانی بکرێت، بە تایبەتی دەبێت ڕێزگرتن لەو گروپ و تاکانەی لە بارودۆخێکی هەستیار و لاواز دان. لەم بارودۆخەدا لایەنی ئاکاری بە دڵنیاییەوە لە کاتی توێژینەوەدا بە دەردەکەون، کە پێویستە بە شێوەیەکی هەستیار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها توێژەر دەبێت دڵنیایی پاراستنی زانیارییە هەستیارەکانی نموونەی توێژینەوەکەی دەستەبەر بکات و ببێتە جێگەی متمانەی ئەو

کەسانەی کە زانیارییان لێ وەردەگرێت و زانیارییەکانیان بپارێزێت. بۆ نموونە: ناو و پێگەی کۆمەڵایەتی لێتوێژراوان، کە دەبێت ئەمانە هەموو لەلایەن تـوێژەرەوە پارێزراوبێـت و بـە نهێنـی بمێنێتـەوە، لەگەڵ ڕوونکـردنەوەی ئەوەی کە ئەو زانیارییـانەی وەردەگیـرێن تـەنها لە چوارچێـوەی کـاری زانسـتیدا بەکـاردەهێنرێن بـۆ خزمەتکـردن بە توێژینەوەکە.

خـاڵێکی گرنگتـریش ئەوەیە، کە تـوێژەر دەبێـت خـۆی دابماڵێـت لە هەمـوو لایـەنگیریکردنێک، کـە بـاوەڕی بە زانسـت هەبێـت و لە پێنـاو خزمەتکردن بە زانست و کۆمەڵگە بێلایەنی خۆی بپارێزێت (شـوانی،٢٠١٥: ١٤٦-١٥٥). تـوێژەر هەوڵیداوە ڕەچاوی ئەو خـاڵانەی سـەرەوە بکـات، کـە پەیوەندیـدارە بە لێتـوێژراوانی تـوێژینەوە، واتە ئەو کەسـانەی بـوونەتە لێتـوێژراوی ئـەم توێژینەوەیـە، ئەوا سـەرەتا ڕەزامەندییان لێوەرگیراوە و بۆیان ڕوونکراوەتەوە ئەو زانیارییانەی کە لێیان وەردەگیرێت، بەمەبەستی کاری زانستی بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ متمـانە و دڵنیاییدان پێیـان، کە نـاو و زانیارییە تایبەتییەکانیان نهێنی و پارێزراو دەبن. هـەروەها نـاوی خـوازراو بـەکاردەهێنرێت لـە جێگـای نـاوی ڕاسـتەقینەیان، ئینجـا زانیاریـیـان لـێ وەرگیـراوە. جگـە لەم خـاڵانەش، بەهـۆی گرنگـی تـوێژینەوەکە تـوێژەر بەشێوەیەکی بابەتی و هەستکردن بە بەرپرسیاری مامەڵەی کردووە.

بەشی چوارەم

خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان

ئامـانجی ئـەم بەشـە ئەوەیـە ئـەو ئەنجامانـەی کـە لـەم توێژینەوەیـەدا بەدەستهاتوون، بخرێنە ڕوو و گفتوگۆیان لەسـەر بکرێت. واتـە پێشـاندانی ئەو ئەنجامانەی لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەدەستهاتوون، هەروەهـا لەگەڵ ئـەو لێتوێژراوانـەی کـە بـە شـێوەیەکی خۆبـەخش بەشـداریان لـەم توێژینەوەیـەدا کـردووە. ئەنجامـەکان لـە دوو تـەوەرە دەخرێنـەڕوو و

گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. تەوەرەی یەکەم بریتییە لە هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ، کە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پەروەردە، هەڵسوکەوت و سۆزی منداڵان. تەوەرەی دووەم پێکدێت لە هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا.

تەوەرەی یەکەم

هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ

هەر وەک لەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێکراوە ئەو هاوسەرانەی کە پەیوەندییەکی باشیان لە ژیانی هاوسەرایەتییاندا نییە، هەروەها تووندوتیژی و گفتوگۆی نەشیاو لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنن، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان، کە ئەمەش تەنها کاریگەری لەسەر خۆیان بەجێناهێڵێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵیش هەیە. هەروەک لە تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەراییدا خراوەتەڕوو، کە خێزان بە بنەمای بونیادنەری تاکێکی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگەدا دادەنرێت، ئەویش بەهۆی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاک لە ناو خێزاندا بە کولتوور، و دابونەریتی کۆمەڵایەتی (Abbott et al., 2005: 146). هەروەها خەلیلیش پێیوایە کە ئەو منداڵەی لە خێزانێکی لێکهەڵوەشاوە پەروەردە بووە، بەتایبەتی لەلایەن یەکێک لە باوانی ئەوا پەروەردەیەکی سەقامگیریان نییە و دەبێتە هۆی بڕوانەبوون بەخۆی و بێبەشبوون لە سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکی (خەلیل ٢٠٠٧: ٢٣٥). بۆ زانینی ئەم کاریگەرییە لەسەر منداڵ، پرسیاری هەڵوەشانەوەی خێزان چۆن کاریگەری دەکاتە سەر پەروەردەی منداڵ؟ لە نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە کراوە، ئەوا وەڵامی بەدەستهاتوو لەلایەن لێتوێژراوان ئەوە بووە، کە ئەو منداڵانەی لەلایەن دایک و باوکەوە بەڵانس لە پەروەردەکردنیان نەبووە، ئەوا لەسەر ئەم بنەمایە سەرکەوتن و

تێکشکاندنی تاکەکان لە ژیاندا هەر لەسەر ئەو پەروەردەیەی خێزان دەوەستێت کە بۆیان دیاری کردووە. بۆ نموونە، بەشداربووی یەکەم و دووەم پێیانوایە "***کاتێک لێکجیابوونەوەی هاوسەران ڕووەدات، لەم بارودۆخە منداڵ دەبێتە قوربانی ئەم پڕۆسەیە و کاریگەریی نەرێنیی زۆری لە سەر پەروەردەکردنی منداڵەکان دەبێت، بەتایبەتی دوای لێکجیابوونەوەی دایک و باوکیان، چونکە منداڵەکان بەهۆی ئەو کێشانەی باوانیان هەیانە بە پڕۆسەی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیبوون تێدەپەڕن کە لەوانەیە بە هەمان شێوەی باوانیان کەسایەتییەکی ناتەندروست و تووندوتیژیان هەبێت. کاتێک دەبینن کەسانی نزیکیان ڕاوبیری جیاوازیان هەیە، ئەوا بە تووندوتیژی وەکو دایک و باوکی بەرپەچی ئەو ڕایانە دەدەنەوە. نموونەی دووەم خۆی وەکو نموونە دەخاتەڕوو، دەتوانم بڵێم من خۆم یەکێکم لە قوربانیانی دەستی خێزانی لێکهەڵوەشاوە بەهۆی ئەو کێشانەی دایک و باوکم لەگەڵ یەکتریان هەبووە من بەو شێوەیە پەروەردەکراوم کە منیش بوومەتە خاوەن کەسایەتییەکی تووڕە و هەڵچوو لەگەڵ هاوڕێکانم هەندێ جار لە هەڵسوکەوتەکانم لەگەڵیان دووچاری تووڕە بوون دەبم و دووچاری کێشەش دەبمەوە، من ئەمە بۆ پەروەردەی ناتەواوی دایک و باوکم دەگەڕێنمەوە پێش لێکجیابوونەوەیان, کە هەردەم ناکۆکیان هەبووە لەگەڵ یەکتر**"

کەواتە بەپێ وەڵامی ئەم لێتوێژراوانە بێت، ئەوا هەرجۆرە نەگونجانێک لەنێوان هاوسەران و لە کۆتاییدا لێکجیابونەوەیان لە یەکتر کاریگەریی لەسەر پەروەردەیەکی تەواو و دروستی منداڵان دەبێت. ئەمەش ئەوەمان پێشاندەدات کە لە کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەرکی سەرەکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵان لە ئەستۆی خێزاندایە، کاتێک خێزان تووشی هەر شڵەژانێک دەبێت کاریگەریی لەسەر پەروەردەی منداڵ دروست دەکات.

لـه لایـەکی تـر وەردی (٢٠١٥) پێیوایـه ئـەو ژینگەیـەی منـداڵ تێیـدا پـەروەردە و گەشـە دەکـات کاریگـەریی لەسـەری هەیـه، ئـەو بارودۆخـه کۆمەڵایەتییانەی تاکەکەس لـه منداڵییـەوە گاریگـەریی لەسـەری هەیـه و لـه ژیانی داهاتوویدا هەر دەمێنێت. ئەوا ئەو کاریگەرییانەی سـەردەمی منداڵی وادەکـەن کاتێک دەگەنـه تەمـەنی پێگەیشـتوویی نیشـانەکانی بەدەربکـەون. هـەروەها لـه لایـەکی تـر موحسـنی پێیوایـه کـه منـداڵ لـه سـەرەتای لەدایکبوونیەوە لەناو خێزاندا لەلایەن دایک و باوکەوە پەروەردە دەکرێت، کاتێـک خێـزان هەڵوەشـایەوە لەلایەن باوانیـەوە بەتایبـەتی لـه قۆنـاغی سەرەتایی ژیانیدا، ئەوا لەوانەیە منداڵ ببێتە خاون پێگەیەکی ناسەقامگیر و هـەروەها ڕەفتـاری بـاوانی وەربگرێـت (٢٠٠٢). بـۆ نموونـه وەڵامـدەری سـێیەم و چـوارەم دوو لـه بەشـداربووانی تـری ئـەم توێژینەوەیـەن کـه پرسـیاری هەڵوەشـانەوەی خێـزان چ جـۆرە کاریگەرییـەک لەسـەر پـەروەردەی منـداڵ هەیـه، دەڵێن "***هەندێ لـەو کەسانەی کـه لـه خێزانێک پەروەردە بوون کە ئاژاوە و تووندوتیژی لە نێوان دایک و باوکان لە پێش لێکجیابوونـەوە هـەبووە، ڕەنگـە ئـەو منداڵـە کـە گـەورە دەبێت لـە دۆخـی ژیانی خێزانی دووچاری چەندین کاریگەرییێ نەرێنی لە ژیانی داهـاتووی ببێتەوە، کە دەکرێت بە هەمان شێوەی باوانی بێت، بەشـداربووی سـێیەم دەڵێت؛ دەتـوانم خـۆم بـه یـەکێک لـەو قوربانییانـه بژمێـرم کـه دووچـاری هەمان لێکجیابوونەوە لەگەڵ هاوسەرم بوومـەتەوە کـه باوانم دووچـاری بوون، چونکە هەردەم من دەروونێکی هەڵچوو و تووڕەم هەبووە لەگـەڵ هاوسەری پێشووم کە لە کۆتاییدا بڕیاری لێکجیابوونـەوەم دا بـه هـەمان شێوەی باوکم، ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، کاتێک دەمدیت باوکم بڕیاری تاک لایەنەی دەدا و کەسایەتییەکی تووڕەی هەبوو لەگـەڵ دایکم، ئەوا منیش کەسایەتیی وەکو ئـەوم وەرگرت لـه ژیانی خۆمدا کـه بوومـه کەسـێکی تـاکڕەو. مـن ئەمـه بـۆ پـەروەردەی سـەردەمی منـداڵیم دەگەڕێنمەوە لە ناو خێزانمدا***".

لـەم تیـڕوانین و وەڵامانـەی سـەرەوە کـە لێتـوێژراوان لەسـەر هەڵوەشـانەوەی خێـزان و کاریگـەریی لەسـەر پـەروەردەی منـداڵ هـەیان بـووە، پێیانوایـە جگـە لـە هاوسـەران، منـداڵ بـە قوربـانی یەکـەمی هەڵوەشانەوەی خێزان دادەنرێت، چونکە منداڵ پێویستی بە پەروەردەیەکی هاوسەنگ لەناو خێزانێکی ئارام و بێ کێشە هەیە. بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ژینگەیەی کە منداڵ تێیدا پەروەردە دەبێت و گەشە دەکات کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی منداڵەکە دەبێت.

دەرئەنجامی زانیاریی بەدەستهاتوو لەم بەشەدا وا پێشان دەدات، کە بڕیاری لێکجیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری تەنها کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی دایک و باوک دروست ناکات، بەڵکو کاریگەرییەکی تەواو لەسـەر پـەروەردە و ژیـانی منـداڵ دەبێـت. لێـرەدا دەکرێـت ئەمـە ڕوون ببێتـەوە، کـە منـداڵ لـە کـۆمەڵگەی کوردیـدا بـە لێکجیابوونـەوەی بـاوان پەرێشان دەبێت، چونکە ئەمە پەیوەندیدارە بە ژینگەی پەروەردەکردن لە هـەرێمی کوردسـتاندا. بـە واتایـەکی تـر لـە کـۆمەڵگەی کوردیـدا کـەنالێ یەکەمی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ بریتییە لە خێزان کە هەر لەوێوە منداڵ کەسایەتیی خۆی دروستدەکات.

دەتوانرێت ئەوە بگوترێت زۆربەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کە وەڵامی وەڵامدەرەوەکان پەیوەندیی بە کاریگەری هەڵوەشانەوەی خێزان لەسەر پەروەردەی منداڵ هەبووە هاوشێوەی سەرچاوەکانی پێشوو بووە لـەم توێژینەوەیـەدا، هـەروەک هەندێک بیـروڕا خراونەتـەڕوو کە پێیانوایـە هەڵوەشـانەوەی خێـزان دەبێتـە هـۆی ئەوەی منـدااڵنێکی خـاوەن پەروەردەیەکی ناتەندروست و کەسایەتییەکی لەرزۆک و بڕوابەخۆنەبوو پێبگەیەنێت.

تەوەرەی دووەم

هەڵوەشانەوەی خێزان و ناجێگیریی کەسایەتیی منداڵ

جگە لەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران، وەکو هەبوونی کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵان لەلایەنی دەروونی، ئەوا دەتوانرێت ئاماژە بە هەندێک کاریگەریی تر لەسەر ناجێگیری کەسایەتیی منداڵ بدرێت کە بە هۆی لێکجیابوونەوەی هاوسەران ڕوودەدات. بۆ نموونە لە بەشی پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوودا ئاماژە بە بیروڕای پارسونز کراوە، ناوبراو کە بە یەکێک لە کەسە گرنگەکانی تیۆرانینی پێکهاتەی کردارگەرا دادەنرێت، ئەو پێیوایە خێزان بە ناوەندێکی گرنگ بۆ سەقامگیریی کەسایەتیی تاک و کۆمەڵگە دادەنرێت (Abbott et al., 2005: 146). بەپێ ئەم تیۆرانینە بێت، هەڵوەشانەوەی خێزان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لەناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و بە تایبەتی بۆ کەسایەتیی تاک. ئەگەر بپرسین چ جۆرە کاریگەرییەک بەهۆی لێکجیابوونەوەی هاوسەران لەسەر پەروەردە و کەسایەتیی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا بەجێدەمێنێت؟ ئەوا بەشداربووی شەشەم وەڵامەکەی بەم شێوەیەیە: "***خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردن و بونیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا من وا دەبینم کە لێکجیابوونەوەی دایکان و باوکان بە هۆی نەگونجانیان کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی بەجێدەهێڵێت وەکو پەروەردەیەکی ناتەندروست، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بونیادنانی پێگە و کەسایەتییەکی لاواز بۆ منداڵان لە ناو کۆمەڵگەدا***". لە ئەنجامی وەڵامی ئەم لێتوێژراوە بێت ئەوا دایک و باوک لەناو خێزاندا لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گاریگەر دەگێڕن لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتیی منداڵ، کە کەسایەتییەکی بەهێز یاخود لاوازی هەبێت.

کوولی پێیوایە دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ لە پێگەیاندنی کەسایەتییەکی تەندروست و سەقامگیر بۆ منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا دەگێڕن،

چونکه منداڵ هەوڵدەدات هەر لە سەرەتای ژیانیەوە باوانی وەکو نموونەیەک بۆ پێگە و کەسایەتیی ژیانی هەڵبژێرێت. دەتوانرێت ئەمە بگوترێت، کە خێزانێکی سەقامگیر و دوور لە نەگونجان و تونددوتێژی، یەکتر قەبووڵکردن و پێدانی مافی یەکسان بە یەکتری لەلایەن هاوسەران، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵی ئەم جۆرە خێزانە ببێتە خاون کەسایەتییەکی بەهێز، سەقامگیر و بڕوابەخۆبوو. بۆیە پرسیاری ئەوە لە حەسەن کراوە، بەکارهێنانی تونددوتیژی و بڕیاری تاک لایەنە لەلایەن باوک بەرانبەر بە دایک چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتووی منداڵ دەبێت؟ بەشداربووی پێنجەم دەڵێت "***من پێموایە کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە، بۆ نموونە من هەندێ جار هەست دەکەم کە کەسێکی دڵڕەق و بێ هەست و سۆزم، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم هەڵسوکەوت دەکەم، بە تایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەرم، ئەمەش دەتوانم بۆ ئەوە بگەڕێنمەوە کاتێک منداڵ بووم باوکم هەڵسوکەوتی تووندوتێژی لەگەڵ دایکم بەکاردەهێنا لە بەردەم من، کە ئێستا ئەو تووندوتیژی و دڵ ڕەقی باوکم لە سەردەمی منداڵی بە سەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی من ڕەنگیداوەتەوە***". لەم وەڵامانەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ و تەواوکەرانەیان لە پێگەیاندنی بونیادی کەسایەتیی منداڵەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. لێردا ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری لە شێوەدان و دروستکردنی تاکێکی بەهێز لەلایەنی پێگە و کەسایەتی، هەروەها لە سەقامگیری کۆمەڵگەشدا هەیە.

مید ئاماژە بە ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەو پێیوایە کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پێدانی کەسایەتی یاخود ناسنامە بە منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، کاتێک مید ئاماژە بە قۆناغەکانی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ دەکات، ئەوا ڕۆڵی دایک و باوک بەرز دەنرخێنێت, چونکە ئەو پێیوایە کە منداڵ هەوڵ دەدات هەر لە

سەرەتاوە ڕۆڵی گەورەکان بگێڕێت و لەگەڵ ئەو ڕەفتار و ڕۆڵانە ئاشنا دەبێت کە ئەندامانی خێزان بەتایبەتی باوک و دایک دەیگێڕن. بۆیە لە وەڵامی بەرپرسیاری گرتنە ئەستۆی بەخێوکردنی منداڵ بە تەنیا لەلایەن دایک دوای لێکجیابوونەوە چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی منداڵ هەیە؟ کە ئەم پرسیارە ئاراستەی بەشداربووی چوارەم کراوە ئەو پێیوایە کە "***هەڵوەشانەوەی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن یەکێک لە باوانی کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە. من دەتوانم خۆم وەکو نموونە باس بکەم کە دایکم دوای جیابوونەوەی لە باوکم ئەرکی پەروەردەکردنی منی لە ئەستو گرت، ئەوا جگە لەوەی کە دایکم وا منی تێدەگەیاند، کە دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوان بکەم، ئەوا من وا تێگەشتبووم کە پیاو کەسێکی بێ هەست و سۆز و دڵ ڕەقە و خۆم لێ بەدوور دەگرت. ئەمەش دەتوانم بگەڕێنمەوە بۆ پەروەردەکردنێکی دایکانەی دوور لە پەروەردەی باوکایەتی، لەلایەن دایکێکی شکەست خواردوو لەلایەنی پەیوەندیی هاوسەرییەتی، کە بووە هۆی ئەوەی کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی منیش داناوە و ناتوانم بە ئاسانی ببمە هاوڕێی پیاو و هەتا داوای یارمەتی لە پیاوێش بکەم بە ئاسانی***". هەر ئەو بەشداربووە دەڵێت: "***بە تێڕوانینی من هەرچەند منداڵان بەهۆی ئەم پڕۆسەیەوە دووچاری نەهامەتیی زۆر دەبنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کچان پشکی شێریان بەردەکەوێت بە بەراورد بە کوڕان بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا***". لێرەدا ڕۆڵی باوان لە پێگەیاندنی منداڵان ڕوون دەبێتەوە کە گاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵان بەجێدەمێنێت دوای لێکجیابوونەوەی باوانیان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو هەرێمی

کوردستان کە ئەرکی سەرەکیی پێگەیاندنی کەسایەتیی تاک دەکەوێتە سەر شانی خێزان بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی ژیانیان.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕای وەڵامدەرەوەکانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی هاوشێوەی ئەو ڕایانەن کە خراونەتەڕوو. واتا هەر ناسەقامگیری و گوڕانکارییەک لەنێو خێزاندا ڕووبدات، هەمان ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەسایەتیی منداڵ و کۆمەڵگە دەبێت. دەکرێت ئەمە بگوترێت لێکجیابوونەوە لەو کۆمەڵگانەی نەریتین لە بەڕێوەبردن و پێگەیاندنی تاک، کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆری هەڵوەشانەوەی خێزان لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و تاک بە تایبەتی بەجێدەهێڵێت. لەم سۆنگەیەوە خێزان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێگەیاندنی تاکێکی سەقامگیر. دەکرێت بگوترێت تاکو ئێستاش خێزان وەکو دامەزراوەیەکی نافەرمی بە بەراورد بە داموددەزگا فەرمییەکانی تر، دەورێکی کاریگەر لەم بوارەدا دەگێڕێت لە بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک لە هەرێمی کوردستاندا.

هەوڵنامەی کتێب

بەشی پێنجەم

دەرەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامی بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ٦ کەس وەکو لێتوێژراو بووە، کە بە شێوەیەکی خۆبەخش چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراویان لەگەڵ ئەنجامدراوە، ئەویش بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک، بۆ نموونە هەڵوەشانەوەی خێزان چ کاریگەرییەکی لەسەر پەروەردەی منداڵ دەبێت؟ ئەنجامی بەدەستهاتوو بریتییە لەوەی لێتوێژراوان بڕوایان وایە کە هەڵوەشانەوەی خێزان لەلایەن دایک و باوک تەنیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر خودی خۆیان نابێت، بەڵکو کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردە و پێگەی منداڵیش لە ژیانی داهاتوویان لەناو

کـۆمەڵگەدا بەجێـدەهێڵێت. بۆیـە دەتوانرێـت بگوترێـت: ئـەم دەرەنجامانـە یەکانگیرن لەگەڵ سەرچاوەکانی پێشوو لەم توێژینەوەیەدا.

هـەروەها ئـەنجامی بەدەسـتهاتوو لـە وەڵامـی وەڵامـدەرەوانی ئـەم توێژینەوەیـەدا وا پێشـاندەدەن، لێکجیابوونـەوەی هاوسـەران کاریگـەریی لەسـەر کەسـایەتی و پێگـەی تـاک لـەناو کۆمەڵگـەدا هەیـە؟ هـەروەک لـە وەڵامـی وەڵامـدەرەوانی ئـەم توێژینەوەیـە سـەبارەت بـە پرسـیاری کاریگـەریی لێکجابوونـەوەی هاوسـەران لەسـەر کەسـایەتیی منـداڵ، ئەوە دەردەخـات کە هـەمان ڕایـان سـەبارەت بـە کاریگـەریی نەرێنیـی لەسـەر سەقامگیریی کەسایەتی و پێگەی منداڵ لەناو کۆمـەڵگەدا هەیـە، بـۆ نمونـە لە بڕیاراندا دەکرێت کەسێکی لـەرزۆک و بڕوابەخۆنـەبوو بێت، بـەڵام لـە هەمان کاتدا وەڵامـی هەندێک لێتوێژراو ئەوەیـە، ئـەم کاریگەرییـە نەرێنییـە زیـاتر لەسـەر ڕەگـەزی مێ بـە بـەراورد بـە ڕەگـەزی نێر هەیـە، ئەمـەش بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە بە پاڵپشتی دابونەریتەکان لـە کۆمەڵگەدا هەیـە. لە لایەکی تـرەوە وەڵامـی وەڵامـدەرەوان سـەبارەت بـە بـەخێوکردنی منداڵ لەلایەن یەکێک لە باوان چ کاریگەرییەکی بەسـەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت، پێیانوایـە سـەرپەرشـتیکردنی ئـەو منداڵـەی کـە یـەکێک لـە بـاوان دەیگرێتـە ئەستۆ هەمان کەسایەتیی باوک یاخود دایک بـۆ منداڵ دەگوازرێتـەوە، کـە ئەمـەش بـەهۆی نـەبوونی بـاڵانس لـە پـەروەردەکردنی منـداڵ لەلایەن باوانەوەیە.

سەرچاوەکان:

- ئاجیکەند، عەزیز. (٢٠١٢). *خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری لەسەر توێژی زیندووی ناو کۆمەڵ*. [ئونلاین] *هەڵۆی کوردستان*. بەردەستە لە: http://www.heloykurdistan.com/ku/index.php?option=com_content&view=article&id=595:xasara-komalayatiakan&catid=2:syaset&Itemid=7 [بینینی دواجار ١٥-٥-٢٠١٩].

- ئەبراش، ئیبراهیم. (٢٠١٣). *میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی*. و: ئەبوزێد، دیدار. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

- بۆکانی، سابیر. (٢٠١٦). *میتۆدی توێژینەوەی زانستی*. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

- خەلیل، مەعن. (٢٠٠٧). *کۆمەڵناسی خێزان*. و: جەلال، ئارام. دهۆک: موکریانی.

- ڕەوانگەرد، جەلال. (٢٠١٧)، "تەلاق"وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی. [ئونلاین] *یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران*. لەبەردەستە لە: http://www.lawan.org/index.php/hizri-w-roshinbiri/558-telaaq [بینینی دواجار ١٤-٥-٢٠١٩].

- سەمعان، عبدولحەلیم. (٢٠٠٧). *سایکۆلۆژی ژیانی هاوسەرێتی*. و: جەمال، سۆزان. چاپخانەی کارۆ.

- شوانی، محەمەد. (٢٠١٥). *سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا*. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

هەوڵنامەی ئیب

- عومەر، مەعن. (٢٠١١). *ڕێبارەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*. و: ڕەحمان، زیرەک. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- عومەر، مەعن. (٢٠١٢). *میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*. و: شوانی، محەمەد. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- محسنی، منوچهر. (٢٠٠٢). *بەروازەکانی کۆمەڵناسی*. *و:سیوەیلی، ڕێبوار و ئەوانی تر*. هەولێر: موکریانی.

- موحەممەدی، شەهین. (٢٠١١). تەڵاق، کارەسات نیە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. [ئونلاین] *ئەمرۆژانە*. بەردەستە لە: http://amrojane.blogspot.com/2011/07/blog-post_9223.html [بینینی دواجار ١٧-٥-٢٠١٩].

- وەردەی، عەلی. (٢٠١٥). *لێکۆڵینەوەیەک لە سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی*. و: خەلیل، فەیسەڵ. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- Abbott, P. Wallace, C. Tyler, M. (2005). *An Introduction to Sociology, Feminist Perspectives*. 3rd ed. London and New York: Routledge.

- Bryman, A. (2012) *Social research methods*, Mew York: Oxford university press.

- Holmes, M. (2007). *What is Gender? Sociological Approaches*. London: Sage.

- Jackson, R. Darlene, D. Sakile, C. (2007) 'What is qualitative research?', *Qualitative Research Reports in Communication* 8 (1): 21-28.

- Onwuegbuzie, A. Leech, N. (2005). On Becoming a Pragmatic Researcher: The Importance of Combining

Quantitative and Qualitative Research Methodologies. *International Journal of Social Research Methodology*, 8 (5): 375–387.

ملخص:

تهدف الدراسة الى معرفة التفكك الآسري وتأثيراته على شخصية الأطفال، يتكون مجتمع الدراسة من مدينة سوران، لتحقيق اهداف الدراسة تم اعتماد المنهج الكيفي ولغرض جمع البيانات تم اعتماد طريقة المقابلة شبه المقننة، أما عينة الدراسة فهي عينة قصدية تتكون من ٦ أفراد(٣ ذكور و٣ اناث) من الذين نشأو في أسر مفككة، حيث الخلافات بين الوالدين قبل الإنفصال والآثار السلبية الناجمة عن إنفصال الوالدين، وقد أظهرت نتائج الدراسة أن انفصال الوالدين لايؤثر سلبا على الوالدين فحسب، بل أنه يؤثر سلبا على أطفالهم من حيث الحالة التعليم والشخصية والمكانة الاجتماعية في المجتمع.

Abstract

The aim of this research is to describe the effects of divorce on children. Soran City is the area for collecting data which was used with a semi structured interview. The number of participants was 6 volunteers, divided into 3 males and 3 females that grew up in a divorced family. These participants in the research have been negatively affected by the parents' divorce. The findings research illustrated that the divorce process has negatively effected the children more than parents.

هەوالنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.9

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

کاریگەریی جەنگی عەین جالوت (٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) لەسەر باکور و ڕۆژئاوای کوردستان

کەوڵنامەی کتێب

پ. د. قادر محەمەد حەسەن
کۆلیژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین
qader.hassan@su.edu.krd

پ. ی. رابیعە فەتاح شێخ محەمەد
کۆلیژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین
Rabeah1972@yahoo.com

پوختە:

لە تەواوی شالاوەکانی مەغۆل بۆ جیهانی ئیسلامی لە (٧ک/ ١٣ز) چەندان دەوڵەت و قەوارەی موسڵمانانی لەناوبرد، دواجار لە جەنگی عەین جالوت لە (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) لەنێوان مەغۆل و دەوڵەتی مەملوکی (٦٤٨_٩٢٢ک/١٢٥٠-١٥١٧ز) ڕووی دا، دەوڵەتی مەملوکی مەغۆلی شکاند و بووە بەربەست لەبەردەم پێشڕەوییەکانی. لە ئەنجامدا ڕووباری فورات بووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، بۆیە بەشێکی گەورەی کوردستان کەوتە نێو سنووری دەوڵەتی ئیلخانان و بەشەکەی دیکەی کەوتە سنووری دەوڵەتی مەملوکی کە مەڵبەندەکەی میسر بوو. لەو سەروبەندەدا کوردستان بووە گۆڕەپانی ململانێی هەردوو دەوڵەت. هەروەها کورد بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی قەوارەی سیاسییان لەلایەن مەغۆلەوە داگیرکرابوو، هەروەها دژی بیرۆباوەڕی مەغۆلی بوون و موسڵمانیش بوون، مەیلیان بەلای دەوڵەتی مەملوکییەوە بوو، چونکە ناوەندی تەواوی موسڵمانی جیهان بوو.

هەولێرەی کتێب

وشە کلیلییەکان: کوردستان، عەین جالوت، هۆلاکۆ، ئیلخانانی مەغۆلی، دەوڵەتی مەملوکی.

کـاریگەریی جەنگـی عەیـن جـالوت (٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) لەسـەرباکور و ڕۆژئاوای کوردستان

پێشەکی

لە سـەرەتاکانی سـەدەی حەوتەمـی کۆچی/سـێزدەی زایینـی لە سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهـانی ئیسـلامی، خـێڵە نـیمچە کۆچەرییەکـانی بـانی مەنگۆلیـا لە یەکێتییەکی سیاسـیدا بە سـەرکردایەتیی تیمـۆجین کە بە جەنگیز خـان(٥٥٩-٦٢٤ک/ ١١٦٢-١٢٢٦ز) ناسـرابوو، توانییـان دەوڵەتێکی بەهێـز دروسـت بـکەن و مەترسـی و هەڕەشـەی جـدی بـخەنە سـەر دراوسێکانیان بە تایبەتی دەوڵەت و قەوارەکانی جیهانی ئیسلامی.

مەغـۆل لە هێـرش و شـاڵاوەکانیدا، دەوڵەتـی خەوارزمـی[1](٤٩١-٦٢٨ک/١٠٩٧-١٢٣٠ز) گەورەتـرین و بەهێزتـرین دەوڵەتـی ئیسـلامی لە سـاڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) داگیرکـرد و دواتـر هەر زوو لە سـاڵی (٦١٨ک/١٢٢٠ز) گەیشـتە کوردسـتان و پـاش سـاڵانێکی زۆری تەراتێنـی مەغۆل لە کوردستان و جیهانی ئیسلامی، هۆلاکۆی نەوەی جەنگیزخان لە سـاڵی (٦٥٦ک/ ١٢٥٨ز) خەلافەتـی زیـاتر لە پێنج سـەد سـاڵەی عەباسـی ڕووخانـد. هۆلاکـۆ هەر لەو سـاڵەدا لە شـاری مەراغەی نزیـک تەوڕێـزی مەڵبەنـدی هەرێمـی ئازەربایجـان، دەوڵەتـی ئیلخانـانی مەغـۆلی لە ئیـران و دەوروبەری و بەشـێکی زۆری کوردسـتان و ئاسـیای بچـووک ڕاگەیانـد. بەگـوێرەی فەرمـانی مەنگۆخـان(٦٤٩- ٦٥٥ک/ ١٢٥١- ١٢٥٧ز)ی بـرا و گەورەی خـانی مەغـۆل تـا ئەوپەڕی سـنووری میسـر بەشـی هۆلاکۆ بـوو، بۆیە هۆلاکۆ قۆناغێکی دیکەی بۆ داگیرکردنی شـام دەسـتپێکرد و زۆربەی شـارەکانی داگیرکـرد و دەوڵەتـی ئەیـوبی لە شـام کە مەلیـک ناسـر(٦٥٨ک/١٢٦٠ز) ڕێبەرایەتیـی دەکـرد، لەنـاوبرد. پەرتەوازەیـی هێـزی سیاسـی و دەوڵەتەکـانی جیهـانی ئیسـلامی، هۆکـارێکی گرنگـی سەرکەوتنەکانی مەغۆل بوو لەو جیهانەدا.

هۆلاکۆ له پێشڕەوییەکانیدا گەیشتە شاری غەزەی ئەوپەڕی شام لە فەلەستین، کە بە دەروازەی وڵاتی میسر ناسراوە، دوا قەڵای بەهێزی موسڵمانان لە وڵاتی میسر دەوڵەتی مەملوکی بوو، کە لەسەر پاشماوەی سوپای دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر لە ساڵی (٦٤٨ک/١٢٥٠ز) دامەزرابوو، هۆلاکۆ لە ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) بە هۆی مەرگی مەنگۆخانی برایەوە ناچار گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی بۆ مەغۆلستان، سەرکردایەتیی داگیرکردنی میسری بۆ کیتۆبۆغا[٢] جێگری جێهێشت، دواجار لەنێوان مەغۆل و دەوڵەتی مەملوکی جەنگی عەین جالوت[٣] ڕووی دا و مەغۆل تێکشکا، کە بووە خاڵی وەستانی مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی.

١_ هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگی عەین جالوت

پێشڕەوییەکانی سوپای مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی بێ سنوور بوو، کەوتنی شام لە ساڵی (٦٥٧ک/ ١٢٥٩ز) بەدەستی هۆلاکۆ دەرگەی میسری بۆ خستە سەر پشت، چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوو، تا مەغۆل هەوڵی داگیرکردنی دوا قەڵای سەختی موسڵمانان لە میسر بدا، تاکو هیچ هێزێکی سیاسی لە ناوچەکە نەهێڵێ، هەروەها لەوێوە بەرەو ئەوروپا بکشێ، جیهان بخاتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆل. چونکە مەغۆل دوای گرتنی چین و هێرشی بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و گەیشتنی بە دەریای ڕەش و لەناوبردنی دەوڵەتی خەوارزمی و ڕووخاندنی خەلافەتی عەباسی، جیهانیان بە مۆڵکی خۆیان زانیوە(ابراهیم تیموری:١٣٧٧، ٦٥، ٦٩-٧١. ماری هال:ب.س،٩٥-٩٩، ١١٩).

هۆلاکۆ دوای داگیرکردنی شام نامەیەکی پڕ هەڕەشەی بۆ قوتوز[٤] سوڵتانی مەملوکی(٦٥٧-٦٥٨ک/١٢٥٨-١٢٥٩ز) لە میسر نارد تا زوو خۆیان بەدەستەوە بدەن، چونکە میسر لە بەرانبەر ڕمەکانی مەغۆلە و بۆ داگیرکردنی ئان و سات ماوە، لە نامەکەدا هۆلاکۆ بەڕێوەبردنی جیهانی وەکو هەقی ئیلاهی بە مەغۆل داوە، یەک خۆر

بـۆ جیهـان هەیە، ئەویـش مەغـۆلە، کە جەنگیزخـان بنیـادی نـاوە، هەروەها خـۆی بە مەلیکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا داناوە(رشـیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٠. ابن ایبک الدواداری: ١٩٧١، ٨/ ٤٧_٤٨. ابن دقمـاق: ا- ١٩٨٥، ٢/ ٦٠-٦١. القلقشـندی: ١٩٨٧، ٨/ ٦٤-٦٥. شـوکت: ٢٠١١، ٩٨-٩٩). هۆلاکـۆ بەگـوێرەی فەرمـانی مەنگۆخـانی گەورەی مەغـــۆلی، هەر لە ســـنووری ڕووبـــاری جەیحـــونەوە لە وڵاتـــی تورکستانەوە تا ئەوپەڕی میسری پێ ڕەوا بینیوە، فەرمانی پێداوە لە ڕێـگەیەدا هەر لایەن و هێـزێ ملـکەچ نەبـوو بە خراپتـرین شـێوە ئەزیەتـــی بدە(رشـــیدالدین فضـــل اللـــه: د.ت، ١/ ٢٣٦. رغـــد عبـدالکریم:٢٠١٢، ٢٠٨). هۆلاکـۆ هەمـان بیروبۆچـوون و بیـروڕای بـاوک و بـاپیری لەبـارەی داگیرکردنەوەکـانەوە هەبـووە. لەلایەکـی دیـکەوە کیتۆبۆغـا سـەرکردەی مەغـۆلی زۆر لەخـۆی ڕازی بـوو، هەرچەنـدە ڕاوێـژی بە میـر و سـەرکردەکانی کـرد، بەڵام پەلەی لە بڕیاری جەنگ کرد، هیچ حیسابی بۆ توانای خـۆی و هێزی بەرانبەر و بارودۆخی ناوچەکە نەکرد (الیونینی: ١٩٩٨، ٣٦٠/١. الکتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٦-٢٢٧).

لە ژێـر سـەرنجی هێرشـەکانی مەغـۆل و بەردەوامـی بـۆ جیهـانی ئیســـلامی، دەبـــێ ئەوەش لەبەرچـــاو بگـــرین بەپـــێچەوانەی مەلیـــک و سـەرکردەی دیـکەی ئیسـلامی، قوتـوز سـوڵتانی میسـر، بەرانبەر مەغـۆل خـۆی لاواز نیشـان نەدا، بەڵکـو میـر و سـەرکردەکانی کـۆکردەوە و ڕای وەرگرتن، پاش کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بڕیاری جەنگیان دا. (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٣). سـەرکەوتنەکانی مەغـۆل بەرانبەر موسـڵمانان بە تـایبەتی دوای داگیرکردنـی بەغدا و کەوتنـی شـامی قەڵەمـڕەوی دەوڵەتـی ئەیوبی، مەغۆلی لە خۆبایی کرد و پێی وابوو بە ئاسـانی سـەردەکەوێ و موسـڵمانان وەڕیـان ڕووخـاوە(ابن العمید: د.ت، ٤٨-٥١. ابـن تغـری بـردی:

د.ت، ٧/ ٧٤-٧٦) بەڵام سوپای مەملوکی بێجگە لە جەنگ هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەم نەبوو، هەر وەک ئەو ڕووبەڕووبونەوەی(تەحەدی) میری کورد ناسرەدین قەیموری[٥] لە کۆبوونەوەی سوڵتانی مەملوکی و میرەکانی مکوڕ بوولەسەر جەنگ دژی مەغۆل، دواتر بە گەرمی پاڵپشتی لێ کرا (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١١- ٣١٢. موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٥).

٢_ ڕووداوەکانی جەنگی عەین جالوت

کیتۆبۆغا ڕووی لە دەشت کرد، لەو کاتەدا مەلیک ئەشرەف موسا (٦٤٤-٦٦١ک/١٢٤٦-١٢٦٢ز)ی کوڕی مەلیک مەنسور کوڕی مەلیک موجاهید شێرکۆی ئەیوبی خاوەنی حومس کە ملکەچی مەغۆل ببوو، دادوەری دادوەران محیەدین کوڕی زاکی و هەندێ میر و سەرکردەی بانگ کرد و ڕاوێژی پێ کردن، کە ئایا ڕووبەڕووی سوپای مەملوکی ببنەوە؟! هەندێ پێیان گوت با چاوەڕێ بکا تاکو کۆمەکیی هۆلاکۆ دەگات، پاشان دەست بە شەڕ بکا، هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە گوتیان جەنگ قورس نییە، بیروبۆچوونی جودا هەبوون، بەڵام کیتۆبۆغا خۆی بڕیاری جەنگی دا، (الیونینی: ١٩٩٨، ٣٦٠/١. الکتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٦-٢٢٧. ابن کثیر: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٠-٢٢١) لە ڕاستیدا بڕیاری کیتۆبۆغا لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی دیکەی مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و شام بەتایبەتی هاتبوو، هەروەها چەند کەتیبەیەکی گورجی و ئەرمەنی هاتنە پاڵی. لە کاتێکدا سوپای دەوڵەتی مەملوکی بەبەراورد بە سوپای دەوڵەتی خەوارزمی و خەلافەتی عەببباسی بێ ئەزموون و لەڕووی ژمارەوە کەمتر بوو. چونکە دەوڵەتی مەملوکی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا هاتنی موزەفەر قوتوز بۆ دەسەڵات، زیاتر خەریکی ململانێ بوون لەسەر تەخت بۆیە نەپڕژابوونە سەر ڕێکخستنی سوپا، بەڵام دانایی و لێهاتوویی قوتوز و گەیشتنی سوپای شام و ڕاگەیاندنی جیهاد پاڵنەر بوون بۆ دانانی پلانێکی مەحکەم، دواتریش سەرکەوتنیان.

دوای ئەوەی دەوڵەتی مەملوکی بڕیاری جەنگی دا، سوڵتان موزەفەر قوتوز سوپای خۆی ساز و ئامادەکرد، بێبەرس بوندوقداری[٦] کە پێشەوای سوپاکەی بوو، بۆ کاری چاودێری و زانیاری و هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو و هەواڵ کۆکردنەوە کەوتەڕێ، هەروەها پیدرای پێشەوای سوپای مەغۆل گەیشتە شاری غەزە، لەبارەی چالاکی و جموجولی سوپای مەملوکییەوە زانیاریی پێگەیشت، بۆیە هەر زوو کیتۆبۆغای لێ ئاگەدار کردەوە، ئەویش پێی ڕاگەیاند، لە جێگەی خۆت بوەستە و چاوەڕێ بە(رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٣. میرخواند: ١٣٥٨، ٥/ ٩٠٢).

سوپای مەملوکی لە پێشڕەوییدا بۆ تێپەڕین بە زەویی فەرەنجەکانی عەکا، دەبوا مۆڵەتی ئەوان وەرگرێ، بۆیە بارۆنەکانی عەکا لەوبارەوە کۆبوونەوە، لەو سەروبەندەدا مەغۆل سەیدا(صیدا)ی قەڵەمڕەوی فەرەنجەکانی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستی تالآن کردبوو، بۆیە بارۆنەکان لەو کارە دڕندانەی مەغۆل، زۆر تۆڕە بوون و متمانەیان بە مەغۆل نەبوو، هەروەها لە شام کوشتاری زۆری کردبوو. لە هەندێ شوێن زیاتر پشتی موسڵمانانیان گرتبوو، دواجار بارۆنەکان بڕیاریان دا، تەنیا لە زەویی فەرەنجە ڕێگە بە سوپای موسڵمانان بدەن و ناچنە هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای موسڵمانان دژی مەغۆل و بۆ کاری لۆجستی، ئاسانکاری پێشکەش دەکەن (ابن دقماق: ا- ١٩٨٥، ٢/ ٦٢. ابن دقماق: ب- ١٩٩٩ ، ٢٦٣. المقریزی: ١٩٩٧، ١/ ٥١٦. ستیڤن رنیسمان: ١٩٩٣، ٥٣٤- ٥٣٥. سعید: د.ت، ١٨٥). بەو کارە سوپای مەملوکی ئامادەگیی زیاتر و زێڕینی لەو هەلە چنگ کەوت، چونکە توانیی ڕێگەی کەناراوی ببڕێ و ڕەزامەندیی ئەوان بۆ جەنگ بەکاربێنێ، لە کاتێکدا کۆمەکیی لۆجستی زامن کرد.

ژمارەی سوپای مەملوکی بە دیاریکراوی نەزانراوە، مێژوونووسی وساف حەزرە بە دە هەزار سەربازی دانـاوە(١٣٨٣، ٣٤)، ، بەڵام دوو

تۆژەر پێیانوایە دوای هاتنی ئەو هێزانەی لەبەر دەستی مەغۆل لە شام و شوێنانی دیکە ڕایان کرد بوو، چوونە پاڵ سوپای مەملوکی، ژمارەیان بووە بە دوازدە هەزار چەکدار (شرین بیانی: ۲۰۱۳، ٤۳۰. شوکت: ۲۰۱۱، ۱۰۷). لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بەشێکی سوپاکەی پێکهێناوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی هاتنە میسر کوردی شارەزووری و قەیموری بوون لەگەڵ تورکمان.

سوپای مەغۆلی بە سەرکردایەتیی کیتۆبۆغا و پیدرا زیاتر لە سوارچاکان پێکهاتبوو، هەروەها هەندێ کەتیبەی گورجی و ئەرمەنیی لەگەڵ بوو، کە بە نزیکەی دوازدە هەزار چەکدار دەخەملێنرا، چونکە هۆلاکۆ کە گەڕایەوە ولاتی خۆی بەشی زۆری سوپاکەی لەگەڵ خۆی برد(ابن ایبک الدواداری، ۱۹۷۱، ۸/ ٤۹.جی ا بویل: ۱۳۹۰، ۷٦. ڕنە گروسە: ۱۳۷۹، ٥۹۲).

بێبەرس لە پێشەوەی سوپای مەملوکی لە عەکاوە پێشڕەویی کرد تا ڕووبەڕووی سوپای پێشەوەی مەغۆل بووبەوە، یەکسەر قوتوزی لێ ئاگەدار کردەوە، هەندێ پێکدادان ڕووی دا. قوتوز به قۆشەنی سوپاوە گەیشتە لای(ابن دقماق: ا- ۱۹۸٥، ۲/ ٦۳. ابن دقماق: ب- ۱۹۹۹، ۲٦۳). ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (پازدەی ڕەمەزانی ٦٥۸ک/ بیست و پێنجی ئابی ۱۲٦۰ز) هەردوو سوپا لە عەین جالوتی نزیک لە بیسان لە فەلەستین ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، قوتوز بە وریایی و فێڵەوە هەموو سوپای بە کیتۆبۆغا نیشان نەدا، تەنیا بێبەرس لە پێشەوە دەستی بە شەڕێکی قورس کرد، بۆیە کیتۆبۆغا بە تەواوی سوپاکەی هێرشی بۆ برد، سەرەتا سوپای مەملوکی خەریک بوو لە جەنگەکە دەدۆڕا، بۆیە سوپای مەغۆل دوایان کەوتن، تا کەوتنە نێو ئەو بەرزاییانەی بەشی زۆری سوپای مەملوکی وەکو بۆسە خۆی شاردبۆوە، لە سێ لاوە هاتنەدەر و هێرشیان بۆ کیتۆبۆغا برد، شەڕ بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا مەغۆل دۆڕا، کیتۆبۆغا مەیدانی جەنگی جێ نەهێشت، تا گیرا و کوژرا و سەریان برده بەردەم

هەواڵنامەی کێتب

قوتـوز (رشـيدالدين فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣١٤-٣١٦. ابـن دقمـاق: ج- ١٩٩٩، ٥١. المقريزى: ١٩٩٧، ١/ ٥١٦-٥١٧). دواى شكستى مەغۆل، بێبەرس سوپا و پاشماوەى مەغۆلى ڕاوەدوونا، تا گەيشتە سنوورى ڕووبارى فوڕات (ابـن عبـدالظاهر: ١٩٧٦، ٦٥. بيبـرس المنصـورى: ا- ١٩٨٧، ٤٣. اليـونينى: ١٩٩٨، ١/ ٣٦١).

٣_ هۆكارەكانى سەركەوتنى دەوڵەتى مەملوكى لە جەنگى عەين جالوتدا

جەنگى عەين جالوت جەنگێكى چارەنووسساز بوو، چەندان هۆكار بـوونە هـۆى سـەركەوتنى دەوڵەتـى مەملـوكى، بـۆ يەكەم جـار مەغـۆل لە درێژەى داگيركارييەكانى خاڵێكى بـۆ دانرا و هێزێكى موسـڵمانان مەغـۆلى وەستاند. مردنى مەنگۆخـان و گەڕانەوەى هۆلاكۆ لەبەر ململانێى ماڵباتى چەنگيزخـان لەسـەر تەختـى مەغـۆل، واى كـرد هۆلاكـۆ خـۆى كە سـەركردەيەكى بە توانـاى بـوارى جەنـگ بـوو سـەركردايەتى شـەڕەكە نەكـات، هەروەهـا بەشـێكى زۆرى سـوپاى مەغـۆلى لەگەڵ خـۆى بـردەوە. بەمەش كـارى موسـڵمانانى لە جەنـگ سـووك كرد(رشـيدالدين فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣٠٨. ابـن دقمـاق: ب- ١٩٩٩، ٢٧٠).دەتـوانين بڵێـين يەكـێ لە گرنگترين هۆكارەكانى سەركەوتنى دەوڵەتى مەملـوكى گەڕانەوەى هۆلاكۆ بـووە. هەروەهـا لەو سـەروبەندەدا مەماليكەكـان توانييـان يەكێتـى بەهێـز لە نێوان سوپاى شام و ميسر دروست بكەن، پێوەندىى نهێنيى لەگەڵ مەلـيكە ئەيوبييەكـانى ژێـر دەسـەڵاتى مەغـۆل لە شـام ببەسـتن، ئەو ميـر و سـەركردانەى لە دەستى مەغۆل ڕايان كردبوو، خۆيـان گەياندە ميسـر و لەوێ ئاميزيـان بـۆ كـرايەوە و لە ڕێـزى سـوپاى مەملـوكى ڕێكخـرانەوە، هەمـوو بەيەكەوە ڕووبەڕووى مەغـۆل بـووەنەوە، لە نێـو سـوپاى شـامدا كـورد بە ڕێژەيەكـى بـاش هەبـوون (ابـن ايبـک الـدوادارى: ١٩٧١، ٨/ ٤٨. النـويرى: ١٩٩٢، ٢٩/ ٤٧٢. فـواد: ١٩٨٠، ٣٠١-٣٠٢). لەلايەكـى ديـكەوە كيتۆبۆغا بە هەڵە بارودۆخ و كات و شوێن جەنگەكەى دەستيشان كرد، بە هـيچ جـۆرێ پێشـنيازى ئەوانەى بە هەند وەرنەگرت، كە كـۆمەكى سـوپاى

هۆلاکۆ و چاوەڕوانییان پێشنیاز کردبوو. ئەو زیاتر پشتی بە بەهێزی وردەی مەغۆل و ڕووخانی وردەی موسڵمان بەستبوو (الیونینی: ١٩٩٨، ١/ ٣٦٠. ابن کثیر: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٠-٢٢١)

هەروەها سوڵتانی مەملوکی سوپاکەی کردە دوو بەش و تاکتیکێکی سەرکەوتووانەی لە دژی مەغۆل بەکارهێنا، لە مەیدانی شەڕدا مەغۆلی تێکشکاند (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٤. فواد: ١٩٨٠، ٣٠٩). پێشتر مەغۆل تاکتیکی سەرکەوتووانە و یەدەگی دژی موسڵمانان بەکارهێنا و تێیدا سەرکەوتوو بوو، کەچی ئەمجارە هەرەسی هێنا. جێگەی ئاماژەیە سەرانی مەملوکی بە پێچەوانەی دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامی لە دەرەوەی قەڵا جەنگان و هێرشیان برد. چاوەڕیان نەکرد مەغۆل لە نێو قەڵا و شارەکان ئابڵۆقەیان بدا، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە سەرکەوتن(شرین بیانی: ٢٠١٣، ٤٣٠-٤٣١). قوتوز ئامادەکاریی تۆکمە و پتەوی بۆ چەنگ کرد، بۆیە داوای لە زانایان و پیاوانی ئایینی کرد لە دژی مەغۆل فەتوای جیهاد دەربکەن، هەروەها لە نێو خۆیان میر و سەرکردەکان پەیمانی جیهادیان دا، هەروەها موسڵمانان گیانی ڕووبەڕووبونەوەیان لا دروست بوو (ابن دقماق: ١-١٩٨٥، ٢/ ٦١. ابن دقماق: ب- ١٩٩٩، ٢٦٢)، هەروەها لە جەنگی دژی مەغۆل بەوردی هەنگاوی ناوە، چونکە بێلایەنی فەرەنجەکانی کەناراوەکانی شام و کۆمەکیی لۆجستیی دەوڵەتی مەملوکی، وای کرد بێ کێشەو گرفت بەتەنیا ڕووبەڕووی مەغۆل ببنەوە(المقریزی: ١٩٩٧، ٥١٦/١). هەروەها پاشەکشەی مەلیک ئەشرەف خاوەنی حومس گورزێکی دیکە بوو بە مەغۆل کەوت(ابن خلدون: ١٩٨٣، ٨١٩/٤/٥ -٨٢٠. موسی:٢٠٠٧، ٤٧٠-٤٧١).

٤_کوردستان و جەنگی عەین جالوت

کوردستان بەتایبەتی هەرێمی جەزیرە(دیاربەکر) بە لای هۆلاکۆوە زۆر گرنگ بوو، چونکە جگە لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە، بەهۆی

شوێنە ستراتیژییەکەی بوو کە دەروازەی گەیشتن بوو بە شام و میسر، بۆیە بە لە ناوبردنی ئەیوبییەی میافارقین و ملکەچ پێکردنی ئەیوبییەی حسنکێفا و گرتنی ماردین و ملکەچ پێکردنی، توانی بەرەو شام هەنگاو بنێ. هێرش و داگیرکارییەکانی مەغۆل بۆ هەرێمی جەزیرە و باکوری شام نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی بەرەو گۆڕانێکی دیکە برد، لەڕووی سیاسییەوە دەوڵەتی ئەیوبیی دابەشکراو، گەورەترین زیانی پێکەوت. هەروەها وای کرد هۆزە کوردییەکان بۆ دەرەوەی دەسەڵاتی مەغۆل کۆچ بکەن. هۆلاکۆ بە گوێرەی پلانی پێشووی دریژەی بە هێرشەکانی دا تا گەیشتە شاری غەزەی باشوری شام لە فەلەستین، کە بە دەروازەی وڵاتی میسر ناسرابوو، پاش ئەوەی پڕۆسەی داگیرکردن و ملکەچکردنی شامی بە سەرکەوتووی ئەنجام دا، نێردراوێکی بۆ میسر نارد، کە ملکەچی ڕابگەیەنن، یا ئەوەتا بۆ جەنگ ئامادەبن (یاقوت الحموی: ١٩٥٧، ٢٠٢/٤. رشیدالدین فضل الله: د.ت، ٣١٠/١. ابن ایبک الدواداری:١٩٧١، ٨/ ٤٧_ ٤٨. موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٥).

هەر تەنیا هێرشەکانی مەغۆل نەبوونە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی لە شام، بەڵکو کەسایەتیی لاوازیی مەلیک ناسر و کێشە و گرفتی ناوخۆ و دەربارەکەی، باری دەوڵەتەکەی زۆر قورس کرد، پێش داگیرکردنی شام لەلایەن مەغۆلەوە، لە ساڵی (٦٥٧ک/ ١٢٥٩ز) زەین ئەلحافزیی[٧] گەورە بەرپرسی دەوڵەتی ئەیوبی کە لە ژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ هۆلاکۆ هەبوو، بەجدی بێهودەیی بەرەنگاربوونەوەی مەغۆلی لە نێو دەربار بڵاوکردووەتەوە، هەرچەندە مەلیک ناسر و سوپاکەی ئامادەی بەرەنگارییان نیشان داوە، کەچی میرەکانی خۆی کۆبوونەوە و هەوڵی کوشتنی مەلیک ناسر و هەندێ میری کوردیان داوە، تا تورکمانێک لە شوێنی دابنێن، بۆ ئەوەی بەرگریی مەغۆل نەکەن. بەڵام کارەکەیان سەری نەگرت، چونکە میرانی قەیموریی[٨] کوردی بە پیلانەکەیان زانی، لەو سەروبەندەدا بێبەرس بوندوقداری کە مەملوکی مەلیک ناسر بوو، چووە

ناو کوردانی شارەزووری، تا خۆی گەیاندە میسر (ابن العمید:د.ت، ٤٨. جوتیار: ٢٠١٦، ١١٤_ ١١٥).

لە سالّی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) مەغۆل هێرشی بۆ شام کرد، کوردستانی کردە لەوەڕگەی ئەسپەکانی. مەلیک ناسر نزیکەی سەد هەزار سەربازی کورد و عەرەبی شام و تورکمان و عەجەم و خۆبەخشی کۆکردەوە، هەر هێندە هەوالّی گەیشتنی مەغۆل بلّاوبوویەوە، سوپاکە لەبەریەک هەلّوەشایەوە، مەلیک ناسر لەگەلّ مەلیک مەنسوور ناسرەدین[٩] (٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما بۆ شاری غەزە هەلّاتن و دیمەشقیان بۆ مەغۆل چۆلّ کرد و خانەدانانی شارەکە بە ڕێکەوتن لەگەلّ زەین ئەلحافزی دیمەشقیان ڕادەستی هۆلاکۆ کرد(ابن العمید: د.ت، ٤٨، ٥١. ابوالفداء: د.ت، ٢٠١/٣. ابن تغری بردی: د.ت، ٧/ ٧٦. ابن سباط: ١٩٩٣، ١/ ٣٨٦. شوکت:٢٠١١، ٨٨- ٨٩).

هەرچەندە بیروڕای جودا لەبارەی ئەرکی مەلیک ناسر لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل هەیە، بەلّام بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل لەسەر شانی مەلیک ناسر بووە، هەلّسوکەوتەکانی وای کرد، دەوڵەتی ئەیوبی لەوێ بکەوێتە لێواری مەرگ. ئەبوشامەی مەقدەسی(٦٦٥ک/ ١٢٦٦ز م) ڕاکردنی مەلیک ناسری بەوە لێکداوەتەوە، کە هەلّسوکەوت و تەگبیری خراپ بووە.(١٩٨٤، ٢٠٣). هەرچی ئیبن عەمید(م:٦٧٢ک/ ١٢٧٣ز م)ە لەوە دواوە، کە زەین ئەلحافزی بووەتە هۆکاری ترس و بیمی مەلیک ناسر یوسف و وردی ڕووخاوە و سوپاکەی لەدەست داوە. (د.ت، ٤٨، ٥٠). هەروەها بێبەرس مەنسووری(م:٧٢٥ک/ ١٣٢٤ز م) میژوونووسی مەملوکی باسی کردووە، کە سەربازانی بلّاوەبوون....و ناسر نەیتوانی ڕێکیان خاتەوە، لەبەر نەبوونی ڕێز و کەمیی توانا و نەبوونی بڕیار. (١٩٩٨، ٤٨). تەغری بەردی(م:٨٧٣ک/ ١٤٦٩ز م) میژوونووسی مەملوکی لەوە دواوە، مەلیک ناسر کە پەشۆکاویی و هەلّوەشانەوەی سوپاکەی دیوە و زانیوویەتی

ئەگەر ڕووبەڕووی مەغۆل ببێتەوە لەبەر زۆری و بەهێزی ئەوان شکست دەهێنێ، بۆیە بارودۆخەکەی بەدڵ نەبووە، ڕۆیشتووە.(د.ت، ٧/ ٧٤). مەلیک ناسر کەسێکی ڕارا بووە، نەیتوانیوە هەنگاوی ڕاست بهاوێژێ، لە سەرەتادا هەوڵیی دا بە پشتیوانی مەغۆل مووڵکی ئەیوبییەکان لە مەمالیک وەربگرێتەوە، بەڵام دواتر کە دڕندەی و بێ بەڵێنی مەغۆلی بۆ دەرکەوت، سوپاکەی کێشەی تێکەوت، ویستی ڕابکاتە میسر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە ڕووداوەکانی پێش جەنگی عەین جالوت و کاریگەریی بەسەر کوردستان بۆمان دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی بەگشتی ئەیوبییەکان بەشێکی کوردستانیان لەبەر دەست بوو، هەروەها کاریگەرییان بەسەر میر و هۆزانی کوردەوە هەبوو. دەوڵەتی ئەیوبی وەک پەناگەیەکی میر و سەردارانی کورد نەمایەوە، بگرە نەیتوانی خۆی بپارێزرێ. بارودۆخی بەجۆرێ بوو، لەو کاتەدا وای لە میر و سەردارێتی هۆز و سەرکردەی سەربازیی کورد کردووە، زیاتر پەنا بۆ دەوڵەتی مەملوکیی تازەپێگەیشتوو ببەن. هەروەها میر و سەردارانی کورد کە لە کوردستان مابوونەوە، بە یەکجارەکی پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتەکە پچڕا، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر خراپ بوو. بە جۆرێ دەتوانین بڵێین میرانی کوردستان زیاتر پەنایان بۆ چیاکان بردووە، یا لەگەڵ مەغۆل سازاون(ابن فضل الله العمری:٢٠١٠، ٣/ ١٩٩_٢٠٦. درویش: ٢٠٠٦، ١٨٤_١٩١). مالّباتی ئەیوبی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکاندا پێگەی سیاسیی بەرەو لێژی چوو، دواجار بوونە بەشێک لە سیاسەتی هەردوو هێزی ناوچەکە(دیوید مورگان: ١٣٩٠هـ.ش، ١٨٦. شوکت: ٢٠١١، ٩٨).

هەرچی لەلایەن مەغۆلەوەیە کوردستان جگە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، بووە جێگەی لەوەرگەی ئەسپەکانی هۆلاکۆ، کە بۆ جەنگەکانی پشتی پێ بەستووە، بۆ نموونە شاری ئەتاغ وەک حەمدولّالّا مستەوفی باسی کردووە لەوەڕگەیەکی زۆر باش بووە و ئاوی زۆر و

دارستانی باشی هەبووە(١٣٨٩، ١٠١)، ڕەشیدەدین لەوە دواوە لەبەر شۆڕشی شارەکە هۆلاکۆ لەوێ کۆشکی دروست کردووە و چەندا جار لەوێ ماوەتەوە(د.ت، ١/ ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٣٣). بۆیە لەوەڕگەیەی کوردستان یەکسەر مەغۆلی بە ولاتی شامەوە بەستۆتەوە. مەغۆل لەوێش پەکی نەکەوتووە، سوودی لە میرگەکانی وێ وەرگرتووە. دێقید مۆرگان باسی لەوە کردووە، هۆلاکۆ لە نامەیەکدا بۆ لویسی نۆیەم پاشای فەرەنسا نووسیوویە، کە ناچار بووە سوپای خۆی لە سوریا ببات دەرەوە، چونکە زۆربەی لەوەرگە و پێخۆری ئەوێی بەکاربردووە و بەشی نەکردووە، بۆیە سوریای بەجێ هێشتووە، کە لەراستیدا ئەو گوتەیەی هۆلاکۆ شاردنەوەی ئەو شکستەیە کە لە عەین جالوت تووشی کیتۆبۆغای سەرکردەی هات، ئەگینا شام گەلێ لەوەرگە و شۆڕشی باشی بۆ ئەسپەکانی مەغۆل هەبووە. (١٣٩٠، ١٨٧. شوکت: ٢٠١١، ٩٢).

٥_ ڕۆڵی کورد لە جەنگی عەین جالوت

لە سەرکەوتنە چارەنووسسازەکەی عەین جالوت، هەر چەندە شانازییەکەی لە مێژوودا بە ناوی سێیفەدین قوتوز و بیبەرس بوندوقداری تۆمارکراوە، لەشکرییانی کورد لە پاشماوەی سوپای ئەیوبی و بە پلەیەک کوردە قەیموریییەکان، ڕۆڵی کاریگەر وسەرەکییان گێڕا و لە ڕێزی پێشەوە جەنگان و شان بە شانی مەملوکە تورکەکان بوونە مەکۆی بەرگری و سەرکەوتن. ئیبن فوڕات ڕاستی پێکاوە کە دەڵێت((خوا میسر و شامی پاراست لەسەر دەستی قوتوز و بە مەملوکە تورکەکان و کوردە قەیموریییەکان))(وەرگیراوە لە موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٩. زرار سدیق: ا-٢٠٠٨، ١٥١). هەروەها میری کورد ناسرەدین قەیموری سەرکردەی سەربازی مەلیک ناسری ئەیوبی، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل، هەر لەو کاتەی نێردەی هۆلاکۆ گەیشتە میسر و داوای خۆبەدەستەوەدان یان جەنگ یان ڕەوی لێ کردن، مەلیک موزەففەر قوتوزی مەملوکی مەلیکی میسر کەوتە شڵەژان و بە پەلە داوای

هەواڵنامەی گیتی

کۆبـوونەوەی لە گەورە میـر و سـەرکردە و پیـاوانی دەوڵەت کـرد، بە تایبەتی ئەوانەی لە شامەوە هەڵاتبوون، لەگەڵ خاوەن پۆستەکانی میسر، لە قاهیرە کۆبوونەوە. بۆ ئەوەی تاوتوێ نامەکەی نێردراوی هۆلاکۆ بکەن و زوو بڕیار بدەن یا جیهاد یا خۆبەدەستەودان. بەشداربووان هەر لە سەرەتاوە بوونە دوو بەش لە نێوان ئەوەی ملکەچی داواکانی مەغۆل ببن یان بچنە جەنگەوە.(رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٢. ابن کثیر: ١٩٦٦، ٢٢٠/١٣).

لە کۆبوونەوەکەدا ناسرەدین قەیموری یەکەم کەس بوو، هەڵویستی دژی مەغـۆل دەربـڕی، هەتـا وەڵامـی قوتـوزی دایەوە((کە هۆلاکۆخـان سەرباری ئەوەی نەوەی جەنگیزخان و کوڕی تۆلۆی و برای منگۆخانە و ناوبانـگ و هەیبەتـی لەوەسـف بەدەرە و تەواوی وڵاتـی لە سـنوورەکانی چینەوە تا دەروازەی میسر لە دەستە، دیارە ئاسمانەکانی لە پشتە، ئەگەر بۆ دڵنیای و سەلامەتی بچینە لای، هیچ عەیب و خەوشـی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ژەهر بخۆی و خۆت هەڵخەڵەتێنی تا پێشوازی لە مردن بکەی، ئەو دوو کارە دووری لە حوکمی عەقڵ، ئەو مرۆڤە نییە لێی دڵنیا بی، کەسێکی داوێن پاک نییە و گوێی لە سەربڕین نییە، خاوەنی قسـە و پەیمـانی خـۆی نیـیە، لەناکـاو خورشـا[١٠] و خەلـیفەی عەباسـی و حوسـامەدین عەکە[١١] و خـاوەنی ئەربل(میرشـەرەفەدین گەڵالی) کوشـت، کە پەیمـانی پێ دابـوون، ئەگەر ڕوو لەو بکەیـن، ڕووبەڕووی هەمـان چـارەنووس دەبیـنەوە)). (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٢-٣١٣. موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٦).

لەو هەڵوێستەی میر ناسرەدین دەرکەوتووە، کە لەبەرانبەر هۆلاکۆ تەنیا یەک ڕێگە هەیە، ئەویش جەنگ ڕێگەکانی دیکە نییە، بۆیە وێنەیەکی ڕوونی هۆلاکۆی دەرخستووە، کە پیاوێکە بە درۆ دڵنیایی داوە و بەهیچ جۆرێ پەیمان نازانێ، بۆیە قوتوز لە کۆبوونەوەکە گوتی((ئەو بارودۆخە وەهـایە، تەواوی دیـاربەکر و ڕەبـیعە و شـام پـڕ بـووە لە هـاوار و داد و فیغان، هەروەها لە بەغداوە تـا ڕۆم بـووەتە وڵاتێکی وێران و ئەوەی تێدا

بـووه له زەوی و خەڵـک فەوتـاوە، کەس نەمـاوە نە گیـان و بـێ گیـان، ئـادەمیزاد و ئـاژەڵ و خـۆراک، ئەگەر بچینە جەنگی ئەوان و بەرگرییـان بکەیـن، وەک وڵاتـانی دیـکە میسـریش کـاوڵ دەبـێ، دەبـێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە یەکێ لەو سێیانە هەڵبژێرین، یـا ڕێکەوتـن یـا جەنـگ یـا ڕەو)). (رشـــیدالدین فضـــل اللـــه: د.ت، ٣١٢/١ میرخوانـــد: ١٣٥٨، ٥/ ٩٠١. شـوکت:٢٠١١، ١٠٠). ناسـرەدین وەڵامـی دایەوە((هـیچ بەرژەوەندییەک لە سوڵح کردن لەگەڵیان نییە، چونکە ئەوان خاوەنی پەیمـان و قسـەی خۆیـان نین))،کەچی هەندێ لەو میرانەی لە کۆبوونەوەکە بـوون دان نیـان بەوە نـا کە ناکرێ دژی مەغۆل چەک هەڵگرن و توانایان نییە، بۆیە باشـترە ملکەچ بـن، کەچـی میـر ناسـرەدین و قوتـوز خـۆی و بێبەرس بۆندوقـداری دژی ملکەچ بوون وەستانەوە، دواجار بۆچوونی ئەوان سـەری گـرت و بڕیـاری جەنگ درا، بۆیە نێردراوی مەغۆلیـان کوشـت و بەرەو جەنـگ بەڕێکەوتـن. (رشـیدالدین فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣١٣. شـرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٣٠). کەواتە میـر ناسـرەدین قەیمـوری بە پێـداگری لە سـەر هەڵوێسـتی دژی مەغـۆل بزوێنەری سەرەکی قوتوز بوو.

هەر لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی هەواڵی مردنی مەنگۆخانی ئیمپراتـۆر و برای پێگەیشت، هۆلاکۆ پڕۆسە سەربازییەکانی وەستاند، ئەوەی پلانـی بـۆ دانـابوو تەواو نەکرد، بە ڕێگەی شـام و خەڵات گەڕایەوە پایتەخـت، تـا لە ڕێورەسمی پرسە و بەشداری لە دانانی جێگرەوەیەک بۆ خانی گەورە بکا. بە گوێرەی خوێندنەوەی بـۆ بـارودۆخەکە بـۆ ئەو ئەرکەی مـابوو، دوازدە هەزار سـەربازی بە سـەرکردایەتیی کیتۆبۆغـای بەجـێ هـێڵا (رشـیدالدین فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣٠٨. شـرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٢٩). بـۆیە گەڕانەوەی هۆلاکۆ ئۆمێدی خسـتە دڵی دەسـەڵاتدارانی ئەیـوبی و سـوڵتانی مەملـوکی میسر، ئەو دەسـەڵاتدارە ئەیوبییانەی مابوونەوە و نەچووبوونە ژێر ڕکێفی مەغۆل، دەستیان خستە دەستی سوڵتانی میسر و کێشەکانیان بەلاوە نـا و لە دژی مەغـۆل بەرەیەکیـان دروسـت کـرد. (شـیرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٣٠).

بۆیە لەپاڵ هەڵوێستی میر ناسرەدین، ژمارەیەکی زۆر لە سوپای ئەیوبی ڕووی لە میسر کرد. (المقریزی: ۱۹۹۷، ۵۱۳/۱. موسی:۲۰۰۷، ٤٧٦). هەروەها مەلیک مەنسوور ئەیوبی(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) حاکمی حەما، براکەی ئەفزەل عەلی[١٢]، چوونە پاڵ سوپای مەمالیک. هەروەها هەڵاتووانی سوپای بەغدای پێش داگیرکاری هۆلاکۆ خۆیان گەیاندە میسر لەگەڵ پاشماوەی سوپای خەوارزمی لە کوردستان، بوونە بەشێ لە سوپای میسر. (ابو الفداء: د.ت، ۲۰۵/۳. موسی: ۲۰۰۷، ٤٧٦). هەروا مەمالیکەکانی شام دوای هەڵاتنیان لە سوپای مەلیک ناسر خاوەنی دیمەشق و حەلەب لەسەرووی هەموویانەوە بێبەرس بۆندوقداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل ئامادەبوون، بێبەرس لە دژی مەغۆل ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە.(الیونینی: ۱۹۹۸، ۱/ ٣٦٥). کەواتە سەربازانی سوپای مەلیک ناسر بە کورد و مەمالیکەوە، ڕۆڵی باڵایان هەبووە لە سەرکەوتنەکە، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێ هەواڵی شکستەکە بە هۆلاکۆ ڕاگەیانراوە، هەر وەکو کوتبی میژوونووس باسی لێوەدەکات کە((پێیان گوتووە کە زۆربەی ئەوانەی سوپای مەغۆلیان شکاندووە، سوپای مەلیک ناسر بوونە، کە ڕایانکردبووە میسر)) (۱۹۸۰، ۲۵۸/۲۰. هەروەها موسی:۲۰۰۷، ٤٦٩).

سوپای مەمالیک لە کوردان و تورکمان و عەرەب پێکهاتبوو، بەڵام بەشی سەرەکیی سوپاکە بریتی بوون لە مەمالیکە تورکەکان و کوردانی قەیموری (ابن ایبک الدوادار: ۱۹۷۱، ۸/ ٤٨. ابن الفرات: ۱۹٤۲، ۲/ ٢٤٥. موسی: ۲۰۰۷، ٤٨٦) و شارەزووری بە تایبەتی ئەوانەی لە مەلیک ناسر جودابوونەوە(شافع بن علی: ۱۹۸۹، ٦٣. النویری: ۱۹۹۲، ۲۹/ ۳۰۲. شوکت:۲۰۱۱، ۱۰۱). لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری میران و سەردارانی کورد ئەوانەی پێشتر هاتبوونە شام ڕوویان لە میسر کردووە، مەغۆل لەبارەی نەیارەوە لۆژیکێکی زۆر تۆندی هەبووە، کوشتنی هەموو ئەو کەسە سیاسی و ئایینی و عەسکەری و هی دیکە، دوای ئەوەی دڵنیایان دراوەتێ، متمانەی نەهێشتووە، ئەو لۆژیکە لە جیهانی ئیسلامی بەو

شێوەیە نەبووە، بۆیە مەلیک کامل و میر ناسرەدین قەیموری بەردەوام ڕایان گەیاندووە، کە مەغۆل خاوەن بەڵێن و پەیمان نییە، ئەمەش وای کردووە، سوپای موسلمانان گوڕ و تینی زیاتریان هەبێ.

پێش جەنگی عەین جالوت مەلیک قاهر کوڕی موعەزەم[١٣] ئەیوبی ڕووی لە میسر کرد و مەمالیکەکانی هان دا دژی مەغۆل بوەستنەوە، لە قاهیرە چاوی بە بێبەرس بوندوقداری کەوت، پێی ڕاگەیاند کە مەغۆل سوپایەکی کەمی ماوە، هی ئەوە نییە ملکەچیی بۆ بنوێنێ (الکتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٤. ابن الفرات: ١٩٤٢، ٢/ ٢٣٩).

سەبارەت بە هەڵوێستی مەلیک ئەشرەف خاوەنی حومس، لە شام مایەوە و ملکەچی بۆ مەغۆل ڕاگەیاند بۆ پاراستنی ناوچەکەی لە وێرانکاری، چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوی دەکرد تا پشت لە مەغۆل بکات، هۆلاکۆ کردی بە جێگری خۆی لە شام(الیونینی: ١٩٩٨، ٣٥٦/١. المقریزی:١٩٩٧، ١/ ٥١٠، ٥١٣). دوای گەڕانەوەشی بۆ ڕۆژهەڵات ئامۆژگاری کیتۆبۆغای سەرکردەی کرد، کە پێویستە لە کاروبارەکان پرس و ڕا بە مەلیک ئەشرەف بکات. لە میانەی جەنگەکە مەلیک ئەشرەف لە ڕیزی سوپای مەغۆلی پاشەکشەی کرد(ابن خلدون: ١٩٨٣، ٨١٩/٤/٥ – ٨٢٠. موسی:٢٠٠٧، ٤٧٠–٤٧١) . بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مەغۆل دا.

هەر لە ئاکامی بەشداری کورد لە جەنگی عەین جالوت، سوڵتان قوتوز دوای سەرکەوتنی چووە دیمەشق، شۆڕەسواری کورد میر خۆشترین کوڕی عیسای کوڕی خۆشترین ئەزکشی کوردی کردە ڕاوێژکار و هاریکاری والی دیمەشق، هەروەها پارچە زەوییەکی باشی پێبەخشی لە پاداشتی ڕۆڵی جوامێرانەی لە سەرکەوتن بەسەر مەغۆل(الیونینی: ١٩٩٨، ٣٦٥/١. النویری:١٩٩٢، ٥٦/٣٠). هەروەها میر یەعقوبای شارەزووری(مردووە ٧٠٧ک/١٣٠٧ز) بە سەرکردایەتی کوردە

شـــارەزوورییەکان بە دڵسـۆزی جەنگـا و ڕۆڵـی بـاڵای هەبـوو لە سـەرکەوتنەکە(ابن حجـر العسـقلانی: د،ت،٢٧٠/٤. هەروەهـا زرار سـدیق:ا-١٥٢، ٢٠٠٨)

٦_ کاریگەریی ئەنجامی جەنگی عەین جالوت لەسەر کورد و کوردستان

دوای شـکانی مەغـۆل، قوتـوز چـووە دیمەشـق، هەروەهـا هەڵوێسـتی مەسیحییەکانی دەڤەرەکە بەشێوەیەکی گشتی لاواز بوو، بۆیە لە دیمەشـق و شوێنانی دیکە هێرشیان کرایە سـەریان(النویری: ١٩٩٢، ٢٩/ ٤٧٦). لەو کـاتەدا مەلیـک ئەشـرەف موسـا خـاوەنی حـومس داوای دڵنیـایی لە قوتـوز کـرد، ئەویـش پێـی دا، چـونکە مەلیـک ئەشـرەف بە نهێنـی پێوەنـدیی لەگەڵ قوتوز هەبوو، پەیمانی دابوو لەجەنگەکە لە مەغـۆل جـودابێتەوە. (ابوالفداء: د.ت، ٢٠٥/٣. ابن کثیر: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٢. المقریزی: ١٩٩٧، ٥١٨/١. الحنبلی: ١٩٧٨، ٤٤٠-٤٤١).

جەنگی عەین جالوت خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئیسـلامی، بۆ یەکەم جار لە وڵاتی موسـڵمانان پێشـڕەویی مەغـۆل وەسـتا، وای کرد دوا هێـزی موسـلمانان بمێنێتەوە و زیـاتر بکەشـێتەوە، چەنـدان ئەنجـامی بەسـەر هەردوو دەوڵەتـی ئیلخانـان و مەملـوکی هەبـووە، ڕەنگـدانەوەی ئەنجـامی ناڕاسـتەوخۆی ئەوەبوو، کوردسـتان بووە شـوێنێکی نائـارام بۆ مەغـۆل بە تایبەتی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتر لە هەموو شوێنان مەغـۆلی بە خـۆیەوە سـەرقاڵ کـردووە، چـونکە پێوەنـدیی پتەویـان لەگەڵ کوردانی شام و میسری نێو دەوڵەتی مەمالیک هەبوو. کوردستان و ئێران بە تایبەتی، هەروەهـا چەند وڵاتێکی دیکە لە سـنووری دارولئیسـلام نەمـا، دەوڵەتـی ئیلخانـانی مەغـۆلی هەمـان سـنووری ئیمپراتـۆری ساسـانی کێشـایەوە. لەگەڵ ئەمەشـدا ئەنجـامی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەخۆی بەسـەر کوردسـتاندا هەبـوو، دەتـوانین ئەنجامەکـانی بەو شـێوەی خـوارەوە بخەینەڕوو:

هەواڵنامەی کێبڕکێ

٦_١: کاریگەریی جەنگەکە لەسەر کوردستان

یەکەم/ سەرکەوتنی دەوڵەتی مەلوکی لەو جەنگەدا، وڵاتی شامی لەژێر چنگی مەغۆل دەرهێنا، بۆیە بەشێکی زۆر بچووکی کوردستان کەوتە دەست دەوڵەتی مەلوکی و بەشی گەورەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی مەغۆل مایەوە.

دووەم/ جەنگەکە نەک هەر دەوڵەتی ئەیوبی بەرەو لەناوچوون برد، بەڵکو مردنی پەلەتر کرد، هەرچی مومتەلەکاتی لە کوردستان هەبوو، لەدەستی دا. پێشتر کورِ و نەوەکانی سەلاحەدین ئەیوبی بێجگە لە شام، لە دیاربەکر و بەشێکی وڵاتی ڕۆم و هەرێمی ئەرمینیا حوکمیان گێڕاوە، بەڵام دوای جەنگی عەین جالوت ئەیوبییەکان لە کوردستان دەسەڵاتیان نەما، تەنیا لە حسن کێفا لەژێر سێبەری مەغۆل بە بچووکراوەیی مایەوە، کەچی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کوردستان و شام لە دەست دا.

سێیەم/ دوای جەنگی عەین جالوت، کوردستان زۆرترین و چالاکترین بەشی لە سنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیلخانان لەخۆگرتووە، کە بووە گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتی ئیلخانان و دەوڵەتی مەلوکی. هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە پشکی شێری لەو ململانێیە بەرکەوتووە، دواتر وڵاتی ڕۆم و بەشێکی هەرێمی ئەرمینیا لەو ململانێیە بەدەر نەبووە. مەغۆل لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای دڵنیا نەبوو، چونکە هێزی موسلمانان کە دەوڵەتی مەلوکی پێشڕەویی کردووە، توانیویانە درز بخەنە نێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی. کوردستانیش پشکی شێری لە پەرەسەندنی سیاسیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەی ناوچەکە بەرکەوتووە.

چوارەم/ دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی ڕاستەوخۆ سنووری ڕۆژئاوای بووە ڕووباری فورات، هەرچەندە بە درێژایی ژیانی سیاسیی دەوڵەتەکە هەوڵی داوە بجەنگی بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی چارەنووسی دۆڕاندن بۆتەوە وەک جەنگی عەین جالوت شکاوە. بۆیە بە یەکجارەکی

سـنووری ڕۆژئـاوای دیـاری کـردووه. کوردسـتان لەبەردەم ئەو سـنووره بـــووه و کەوتـــۆته ڕۆژئـــاوای ئەو دەوڵەته. بەم پێـــیە زۆربەی زۆری کوردسـتان کەوته نێو سـنووری دەوڵەتی ئیلخانـانی مەغـۆلیی هاوسـنوور لەگەڵ دەوڵەتـی مەملـوکی. هەروەهـا وای کـردووه کە شـان و شـکۆی مەغـۆل لە کوردسـتان بشـکێ و مەغـۆل نەرمتـر بجـوڵێتەوە، چـونکە کوردسـتان جێگەیەکـی هەسـتیار بـووه لە سیاسـەتی هەردوو دەوڵەت ئیلخانانی مەغۆل بەتایبەتی و دەوڵەتی مەملوکی.

پێـنجەم/ سـەرکەوتنی دەوڵەتـی مەملـوکی لەو جەنـگەدا، بـووه هاندەرێکی بەهێز تا پێوەندیی نێوان دەسـەڵاتدارانی مەغـۆلی موسـڵمان لە قەبجاق لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی لە میسـر دروسـت بێ. هەردوو دەوڵەت دژی دوژمنی هاوبەش بوونە هاوپەیمانی یەکتری، بۆیە دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی نەیدەتوانی هەر کات ئارەزوو بکا یان بیەوێ هێرش بۆ میسر ببا، چونکە دەترسـا دەوڵەتی مەغـۆلی قەبجاق لەلای هەرێمی ئازەربایجانەوه هێرش بـۆ بێنێ. هەروەک ئیبن ئەیبەک و عەینـی هەردوو مێژوونووسـی مەملوکی باسیان لەوه کردووه، ئەگەر مەغـۆلی قەبجاق هێرش بۆ ئیلخانـان ببـا، لەم نێوەنـدەدا سـوود لە کـوردانی هەکـاری وەربگیـردرێ و ئەوان لە دواوه هێرش بۆ ئیلخانان ببەن(١٩٦٠، ٢٧٢/٩. ٢٠٠٩، ٣٤٦/٥).

شەشـــەم/ دوای ئەوەی میـــر ئەبولقاســـم ئەحـــمەد ئەســـمەر موستەنسـیربیللا لە زینـدانی موستەعسـمی دواخـلیفەی عەبباسـی(٦٥٦_ ٧٤٠ک/١٢٣٨_١٢٥٨ز) ڕای کـرد، تـا لە سـاڵی (٦٥٩ک/ ١٢٦١ز) خـۆی گەیانـدە میسـر، مەمالیەکـان دووبـارە خەلافەتـی عەباسـییان لە قـاهیرە ژیانـدەوه، بەمەش گیـانی جیهـاد زینـدووبوویەوه(المقریزی: ١٩٥٧، ٢/١/ ٤٤٨. شـرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٣٤). لەبەر ئەوەی کـورد پێوەنـدیی بەهێـزی لەگەڵ خەلافەتـی عەبباسـی هەبـوو، لەلایەکـی دیکەوه دەوڵەتـی مەملـوکی تـوانیی جێگـرەوەی خەلافەت بـدۆزێتەوه، بەو هـۆیەوه سـەرنج و سـۆزی تەواوی موسـڵمانانی بۆخۆی ڕاکیشاوه، کورد بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی

بیروباوەڕەوە هاوسۆزی بۆ خەلافەتی عەبباسیی هەبووە و ئیسلامی هەڵبژاردووە، نەوەک بیروڕای دەوڵەتی ناموسڵمانیی مەغۆلی، بۆیە لە دەوڵەتی مەملوکی نزیک بووە.

٦_٢: کاریگەریی جەنگەکە بەسەر کورد و میرەکانیەوە

یەکەم/ شکستی مەغۆل لە عەین جالوت گیانی سەرکەوتنی بەخشیە تەواوی موسڵمانان، بۆیە میر و سەردارانی کورد بەهۆی نزیکیی سنووری کوردستان لە دەوڵەتی مەملوکی و سروشتی سەختی کوردستان ملیان بۆ مەغۆل کەچ نەکردووە و لە ناوچەکانی خۆیان ڕاپەڕیون، بە تایبەتی لە دەڤەری هەکاری.

دووەم/ شکانی هۆلاکۆ لەو جەنگەدا تەنیا شکستی سەربازیی نەبوو، بەڵکو نەیتوانی یەکێتی شام و میسر دروست بکات لە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە شام ڕاستەوخۆ بەسنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی لکێنرابوو، بووە ڕێڕەوێکی گرنگ بۆ ئەو میرە کوردانەی پاش یاخیبوون لە مەغۆل یا بۆ هەر مەبەستێکی دیکە ڕوویان لە دەوڵەتی مەملوکی ناوە و پێوەندییان بە دەرباری مەملوکی کردووە.

سێیەم/ ئەو جەنگە دەوڵەتێکی بەهێزی لەپاڵ دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی دروست کرد، کە تەواوی شام و میسری بەیەکەوە گرێ دا. دەوڵەتی مەملوکی لە جێگەی خەلافەتی عەبباسی بووە مەڵبەندی هەموو موسڵمانان، بۆیە لە هەموو شوێنێکەوە کورد و موسلمانان ڕوویان تێ کردووە و لەوێ پەرەیان بەبەهرەی خۆیان داوە، بەدرێژایی ئەو دەوڵەتە چەندەها زانای کورد ڕوویان لە شام و میسر کردووە(ابن حجر العسقلانی: د،ت، ١٧،٣٣٥/١، ٢٧٩/٣، ٤/ ١٢٤_١٢٥. تریفە: ٢٠١٠، ١٢٦، ١٤٠، ١٦٨، ١٧٢، ١٨٩، ٢٤٥).

چوارەم/ پێشتر مەغۆل سنووری نەدەزانی بۆ شالاوەکانی، بەڵام جەنگی عەین جالوت ڕووباری فوراتی کردە سنووری سروشتی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەلای ڕۆژئاوای، ئەو دەڤەرە سەرباری هۆز و خێڵی دیکە، هۆزی کوردی لێ هەبووە، کە زیاتر مەیلیان بەلای دەوڵەتی مەملوکییەوە هەبووە.

٦_٣: کاریگەریی جەنگەکە بەسەر مەسیحییەکانی کوردستان

یەکەم/ شکستی مەغۆل لە عەین جالوت کۆستێکی گەورەی بۆ هۆلاکۆ دروست کرد، مەسیحییەکان سەرکردەیەکی مەسیحیی مەغۆلی گەورە و نوێنەری هۆلاکۆیان لە ناوچەکە لە دەست دا، کە پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ مەسیحییەکانی کوردستان و شام هەبوو، کیتۆبۆغا لە کوردستان و لوڕستان پێشتر چالاکیی هەبووە، میژوونووس ئیبن تەغری بەردی باسی لەوە کردووە، کە شارەزای شەڕ و هونەرەکانی شەڕ و قەڵاگرتن و دەستبەسەرگرتنی مەملەکەت هەبووە، ئەو زۆربەی وڵاتی عەجەم و عێراقی داگیر کردووە، زۆر جێگەی متمانەی هۆلاکۆ بووە(ب.س، ٢٤٠/١٣). زەهەبی لەوە دواوە، کە ((لای مەغۆل مەزن بووە، لەبەر ئازایەتی و بۆچوونی پشتی پێ بەستراوە))، هەروەها هۆلاکۆ خوشکی خۆی دابوویە و ڕێزی لێ گرتووە(ب- ١٩٩٧، ٢٤٧). هۆلاکۆ کاتێ هەواڵی شکانی سەربازانی و کوژرانی کیتۆبۆغای بیست، کە بەو شێوەیە نەشکابوو، مکوڕ بوو، تۆڵەی بکاتەوە و شکۆی سوپای مەغۆل بسێنێتەوە، چونکە یەکەم تێکشانی گەورە بوو، ڕووبەڕووی مەغۆل بێتەوە ، بەڵام باوردۆخی نێو مالّباتی مەغۆلی ڕێگەی نەدا، تۆڵەی بکاتەوە (المقریزی: ١٩٥٧، ١/ ٢/ ٢١٤). میژوونووس ڕەشیدەدین باسی لەوە کردووە کاتێ هۆلاکۆ بە قۆبیلای ڕاگەیاندووە، مەغۆل لەسەر دەستی سوڵتانی میسر شکستی هێناوە و دەیەوێ هێرش بۆ سەر مەمالیک ببا و تۆڵەیان لێ بکاتەوە و لەناویان ببا، خانی گەورە یەرلیغێکی(وشەیەکی مەغۆلییە بە مانای فرمان دێ) دەرکردووە، کە هۆلاکۆ لە ڕووباری جەیحونەوە تا

ولاتی شام و میسر مولکی ئەوە، هەروا بڕیاری داوە هۆلاکۆی بۆ بۆ سی هەزار جەنگاوەری مەغۆلی کۆمەکی بکا، لە جیاتی ئەو چەکدارانەی لە عەین جالوت لەدەستی داوە.(ب.س، ١/ ٢١٧،٣٣٦، ٣٣٨. رحمە: ٢٠١٣، ٢٠٦-٢٠٧).

دووەم/ جەنگەکە سنووری دەوڵەتی ئەرمینیای بچووکی بە هەردوو دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکەوە لکاند، مەمالیکەکان یەکسەر دوای جەنگەکە گەلێ زەوییان لێ سەندەوە، هەروەها لەبەر هاوپەیمانیی ستراتیژی ئەرمینیای بچوک لەگەڵ مەغۆل، ئەو دەوڵەتە زیاتر بووە جێگەی ئامانجی دەوڵەتی مەملوکی و ڕووبەڕووی چەندان هێرش بوویەوە، کە دەتوانین بڵێین کوردان گەلێ جار پشکداری هێرشییان بۆ سەر دەوڵەتی ئەرمینیای بچووک کردووە.

سێیەم/ جەنگی عەین جالوت دانیشتووانی مەسیحی لە ناوچەکە جودا کردەوە و لەتی کردن. ئەوانەی لەکوردستان بوون کۆمەکیی مەغۆلیان کردووە، بەتایبەتی لە هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە و ئەرمینیا و ئازەربایجان. کەچی بەشێکی دیکە لە شێلم لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەملوکی وەکو سەردەمی عەبباسی پەیڕەوی ڕێوڕەسمی ئیسلامی بۆ ئەهلی زیمە کراوە.

چوارەم/ سەرکەوتنی دەوڵەتی مەملوکی لەو جەنگەدا نیگەرانی و شڵەژانی خستە دڵی مەسیحییەکان بەگشتی و مەسیحییەکانی کوردستان بەتایبەتی، چونکە قەڵەمڕۆی مەملوکی بووە جێگەی هەڵمەت و هێرشی ناوبەناوی کورد و لایەنی دیکەی مەملوکی بۆ مەسیحییەکانی هاوپەیمانی مەغۆل، کە بۆ موسڵ و دەوروبەری ناوبەناو دەستی پێکردووە.

ئەنجام:

جەنگی عەین جالوت کاریگەریی سیاسی لە سەربازی زیاتر بوو، مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی نەیتوانی هیچی دیکە پێشڕەوی بکا، دوای ئەوەی ڕووباری فوڕات بووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان بووە شوێنی ململانێی نێوانیان، کەچی لەبەرئەوەی مەڵبەندی حوکمڕانی مەغۆل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆیە لەچاو ڕۆژئاوا و باکوری یاخیبوونی دژی مەغۆل بەخۆیەوە نەدیوە، مەغۆل هەم تێیدا نیشتەجێ بووە و هەم نەیهێشتووە کورد لەوێ یاخی بێ. ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەملوکی کورد لەوێ خاوەن دەسەڵات بووە و هاوکاریی دەوڵەتی مەملوکی لەدژی مەغۆل کردووە، بەتایبەتی لە قەڵای بیرەجک و دەوروبەری مەلاتیە و عینتاب.

جەنگی عەین جالوت کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە هەبووە، کوردان دوای جەنگەکە لە دەڤەرەکانیان ڕووبەڕووی دەسەڵاتی مەغۆل بوونەتەوە، یاخود مەغۆل بۆ داسەکنانیان لەگەڵ کوردان ڕێککەوتوون. بۆیە ئەو جەنگە تەواوی کوردستانی نەخستە سنووری دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی، هەروەها هاوسنووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی گیانی سەربەخۆیی کوردانی بووژاندەوە.

پەراوێزەکان

(١) دەوڵەتـی خەوارزمـی، لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی لە٤٩١ک/ ١٠٩٧ دامەزرا، لە لایەن ئەنوشـتەکین مەملـوکی سـوڵتان مەلیکشـای سـەلجوقی(٤٦٥-٤٨٥ک)، کە ئـاوگێڕی بـووە دواتـر پـلەی بەرز بـۆتەوە تـا کـراوە سـەرۆکی پاسەوانان لە خەوارزم لە ٤٧٠ک مردووە، پاشان لە ٤٩١ک قوتبەدین مـحەمەدی کـوڕی جـێگەی گرتـۆتەوە، کـراوە بە والـی خەوارزم، نازنـاوی خەوارزمشـای لێنراوە، دواتریش کوڕ و نەوەکانی لە حوکم بەردەوام بـوون، بـوونە جێگرەوەی سـلجوقیان، دوایەمینیـان سـوڵتان عەلائەدیـن و جەلالەدینـی کـوڕی بـوون. نـافع توفیق العبود: ١٩٧٨، ١٢.

(٢) کیتۆبۆغا، جێگری هۆلاکۆ بوو لە شـام، سـەرکردەی سـەربازی سـوپای مەغۆل لە جەنگی عەین جـالوت، هۆلاکۆ زۆر بڕوای پـێ هەبـووە، هەمیشـە بڕیـار و ڕاوێژەکانی پەسند کردووە، چونکە لە خزمەت جەنگیز خـانی باپیری بـووە، بە کوژرانی لە جەنگەکە هۆلاکۆ زۆر دڵتەنـگ و تـووڕە بـوو. العینـی: ٢٠٠٩، ٢٨٠/١. شوکت: ٢٠١١، ٦٦

(٣) عەیـن جـالوت، شـارۆچکەیەکە لە نێـوان بیسـان و نـابلس و سـەر بە فەلەستینە. یاقوت الحموي: ١٩٥٧، ١٧٧/٤.

(٤) قوتـوز، سـەیفەدین قوتـوز سـێیەمیین سـوڵتانی مەمالیـک لە میسـر، لەسەرەتادا مەملوکی عیزەدین ئەیبەک بوو، دوای لادانی مەلیک مەنسـور کـوڕی عیزەدین ئەیبەک بووە سـوڵتان، دوای سـەرکەوتنی لە شـەڕی عەیـن جـالوت بە دەسـتی سـەرکردەی سـەربازی بێبـەرس بوندوقـداری شـەهید کـرا. بیبـرس الدواداري: ب، ١٩٩٨، ٤٦-٤٧. ابن دقماق:ج،١٩٩٩، ٤٠.

(٥) ناسرەدین حوسێن(٦٠٠-٦٦٥ک) کوڕی شەمسـەدین عەزیز کـوڕی میر ئەسەدین قەیموری، لە کورد قەیموریـیەکان بوو، هەر لەگەڵ شالاوی مەغۆل بۆ کوردسـتان ڕووی کـردۆتە شـام، پاشـان چـۆتە خـزمەت سـوڵتانە ئەیـوبی و مەملوکییەکان. جووتیار تمر: ٢٠١٦، ٨١-٨٤، ١٢٢.

(٦) بێبەرس بوندوقداری، چوارەم سوڵتانی دەوڵەتی مەمالیکە لە میسر و شام(٦٥٨-٦٧٦ک/١٢٦٠-١٢٧٧ز)، لە ڕەچەڵەکدا لە تورکەکانی ولاتی قەوقاز، لە سەرەتادا مەملوکی مەلیک سالح نەجمەدین ئەیوب بووە. بڕوانە ابن عبدالظاهر: ١٩٧٦.

(٧) زەین ئەلحافزی: زەینەدین سلێمان کوڕی موئەید عەقربانی، خەڵکی گوندی عەقربای غوتەی ڕۆژهەلاتی دیمەشقە، دکتۆری مەلیک حافز ئەرسەلان (م ٦٣٩ک/ ١٢٤١ز)ی خاوەنی قەلای جەعبەر بووە، بۆیە بە زەین ئەلحافزی ناوبانگی دەرکردووە، نوێنەری مەلیک ناسر یوسف بووە، بۆ لای هۆلاکۆ، بە نهێنی پێوەندیی لەگەڵ مەغۆل هەبووە، هەڵوێستەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییەن، هانی مەغۆلی داوە هێرش بکاتە سەر دیمەشق و حەلەب. دواجار لە سالی (٦٦٢ک/ ١٢٦٤ز) هۆلاکۆ کوشتی. ابن شداد: ١٩٩١،٣/٢/٤٨٤- ٤٨٥. رشیدالدین فضل الله: د.ت، ٧١٨-٧٢٠.

(٨) قەلای قەیموری لە نزیک شاری سعێرت لە هەرێمی جەزیرەیە، لە چیاکانی نێوان موسڵ و خەلات. میرانی قەیموری ڕۆڵی بالایان لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و شام. یاقوت الحموي: ١٩٥٧، ٤٢٤/٢. موسی: ٢٠٠٧، ١٦٧.

(٩) مەنسوور ناسرەدین محەمەد کوڕی مەلیک موزەفەر مەحمود کوڕی مەلیک مەنسورمحەمەد کوڕی مەلیک موزەفەر عومەر کوڕی شاهنشا کوڕی ئەیوب(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما. النویري: ١٩٩٢،٢٦٣.

(١٠) ڕوکنەدین خورشا کوڕی عەلائەدین محەمەدی ئیسماعیلی خاوەنی قەلای ئەلەموت، کۆتا فەرمانڕەوای ئیسماعیلییەکان، کە نەیتوانی بەرانبەر هۆلاکۆ بەرگری بکات، سەرباری سەختی و قایمی قەلاکەی، لە ٦٥٤ک/١٢٥٦ز خۆی و قەلاکانی ڕادەستی هۆلاکۆ کرد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوبرا. الجوینی:١٩٣٧، ٢٧٨.

(١١) حوسامەدین عەکە (عەلەکە) بەرپرسی دەرتەنگ(حلوان) لە لایەن خەلیفەوە دانرابوو بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل، بەلام هۆلاکو

هەڕەشــەی لێکـرد، ئەوێـش ناچـار چـووە خزمەتـی و گـوێرایەڵی بـۆ نیشـاندا، گەڕایەوە شوێنی خۆی، نـاوچەی زۆری گرت، حوسـامەدین متمـانەی بە هۆلاکۆ نەبـوو، نەیویسـت خەلـیفە تـووڕە بکـات، پەیوەنـدیی پێـوەکرد تـا لەششـکرێکی سـوارەی بـۆ بنێـرێ، بـۆ ئەوەی ڕێگە لە مەغـۆل بگـرێ و نەهێڵـێ نزیکـی بەغـدا بکەون، بەڵام خەلیفە بەدەنگیەوە نەهات و هۆلاکۆش بەمە زۆر پەسـت بوو بۆیە کوشتی و ناوچەکـانی وێرانکرا. رشـیدالدین فضـل اللـه:د.ت،١٠٠/١ .زرار سـەدیق: ب-٢٠١٠، ٣٦٣-٣٦٤.

(١٢) ئەفـزەل عەلـی کـوڕی مەلیـک مـوزەفەر مەحمـود کـوڕی مەلیـک مەنسـورمحەمەد کـوڕی مەلیـک مـوزەفەر عـومەر کـوڕی شاهنشـا کـوڕی ئەیوب(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما. النويري: ١٩٩٢، ٢٦٣.

(١٣) مەلیک قاهر کوڕی موعەزەم عیسا کوڕی مەلیک عـادیلی ئەیـوبی. ابـن حجر: د.ت،٧٨/٣.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

ـ ابـراهیم تیمـوری: امپراطـوری مغـول و ایـران دوران فرمـانروائی جنگیزخان و جانشینان او ، انتشارات دانشگاه ایران،(تهران: ١٣٧٧هـ.ش).

ـ ابـن ایـاس: محمـد بـن احمـد بـن ایـاس الحنفـی المصـری (ت ٩٣٠هـ/١٥٢٤م): بدائع الزهور فی وقائع الدهور، تحقیق: محمد زینهم محمد عزب، الهیئة المصریة العامة للکتاب، (القاهرة: ١٩٨٢م).

ـ ابـن ایبـک الـدواداری: ابـو بکـر بـن عبـد اللـه بـن ایبـک (ت ٧٣٦هـ/ ١٣٣٦م): کنز الدرر وجامع الغرر، ، الدرة الزکیة فی اخبار الدولة الترکیة، تحقیق اولرخ هارمان، (القاهرة: ١٩٧١م).

بیبرس الدوادار، رکن الدین بیبرس المنصوری (ت٧٢٥هـ/١٣٢٥م).

ا ـ التحفة الملوكية فى الدولة التركية، نشر وتقديم: عبدالحميد صالح حمدان، الدار المصريه اللبنانية، (القاهرة: ١٩٨٧م).

ب ـ زبدة الفكرة فى تاريخ الهجرة، تحقيق: دونالد.س.ريتشاردز، (بيروت: ١٩٩٨م).

ـ ابن تغرى بردى، جمال الدين أبى المحاسن يوسف بن تغرى بردى (ت٨٧٤هـ/١٤٦٩م): النجوم الزاهره فى ملوک مصر والقاهرة، الموسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة، (القاهرة: د.ت).

ـ تريفه احمد عثمان البرزنجى: اسهامات العلماء الاكراد فى بناء الحضارة الإسلامية، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١٠م).

ـ ابن حجر العسقلانى، الحافظ شهاب الدين احمد بن على (ت٨٥٢هـ/١٤٤٨م): الدرر الكامنة فى اعيان المئة الثامنة، دار الجيل، (بيروت، د.ت).

ـ جوتيار تمر صديق: الكرد القيمريه ق(٧-٨هـ/ ١٣-١٤م)، تموز للطباعه والنشر والتوزيع، (دمشق: ٢٠١٦م).

ـ الجويني: علاءالدين عطا ملک بن بهاءالدين(٦٨١ک/١٢٨٢ز): تاريخ جهانگشای، (ليدن:١٩٣٧م).

ـ جى. ا. ابويل: تاريخ ايران كمبريج. ترجمه: تيمور قادرى، جلد پنجم(قسمت دوم)، انتشارات مهتاب، (تهران: ١٣٩٠هـ.ش).

ـ حمدالله المستوفى، حمدلله بن ابى بكر بن محمد بن نصر المستوفى القزوينى (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م): نزهه القلوب، تصحيح و تحشيه: گاى لسترنج، انتشارات اساطير، (تهران: ١٣٨٩هـش).

ـ الحنبلی، أبو البرکات عزالدین احمد ابن إبراهیم (ت ٨٧٦هـ/ ١٤٧١م): شفاء القلوب فی ذکر مناقب بنی أیوب، تحقیق: ناظم رشید، المکتبه الوطنیه، (بغداد: ١٩٧٨م).

ـ ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد(٨٠٨ه/١٤٧٥م): تاریخ ابن خلدون، دار سلکتاب اللبناني، (بیروت: ١٩٨٣)

ـ درویش یوسف هروری: بلاد هکاری دراسه سیاسیه حضاریه (٩٤٥_١٣٣٦م)، دار العربیه للموسوعات، (بیروت: ٢٠٠٦م).

ابن دقماق، صارم الدین ابراهیم بن محمد بن ایدمر العلائی (ت ٨٠٩هـ/١٤٠٦م)

ا ـ الجوهر الثمین فی سیر الملوک والسلاطین، تحقیق: محمد کمال الدین عز الدین علی، الطبعه الاولی، عالم الکتب، (بیروت: ١٩٨٥م).

ب ـ نزهه الانام فی تاریخ الإسلام، تحقیق: سمیرة طبارة، المکتبة العصریة، (صیدا: ١٩٩٩م).

ج ـ النفحة المسکیة فی الدولة الترکیة من کتاب الجوهر الثمین فی سیر الملوک والسلاطین، تحقیق: عمر عبدالسلام تدمری، المکتبه العصریة، (بیروت: ١٩٩٩م).

ـ دیوید مورگان: مغول ها، ترجمه: عباس مخبر، نشر مرکز، (تهران: ١٣٩٠هـ.ش).

ـ الذهبی، شمس الدین محمد بن عثمان بن قایماز (ت٧٤٨هـ/١٣٤٧م): العبر فی خبر من غبر ، نسخه محققه باشراف مکتب البحوث والدراسات فی دار الفکر للطباعه والنشر والتوزیع، (بیروت: ١٩٩٧م).

هەولێر بۆ کتێب

ـ رشیدالدین فضل الله، رشیدالدین فضل الله بن عماد الدوله بن موفق الدوله الهمدانی (ت ۷۱۸هـ/۱۳۱۸م): جامع التواریخ، المجلد الثانی، نقله الی العربیه محمد صادق نشاءت وفواد عبد المعطی الصیاد، دار احیاء الکتب العربیه، (القاهره: د، ت).

ـ رحمه بنت حمود بن فطیس النفیعی: العلاقات السیاسیه لدوله ایلخانات المغول(٦٥٨- ٧٥٦هـ/١٢٦٠-١٣٥٥م)، رساله مقدمه لنیل درجه الدکتوراه فی التاریخ الإسلامی، جامعه ام القری، المملکه العربیه السعودیه (مکه المکرمه:٢٠١٣م).

ـ رنه گروسه: امپراطوری صحرانوردان، مترجم: عبدالحسین مکیده، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، (تهران: ۱۳۷۹هـ.ش).

زرار سەدیق:

ا ـ / چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەراست(کوردەکانی سوپای مەملوکی)، ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: ٢٠٠٨ ز).

ب ـ / کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:٢٠١٠ز).

ـ ابن سباط، حمزه بن احمد بن عمر الغربی (ت ٩٢٦هـ/١٥٢٠م): صدق الاخبار (تاریخ أبن سباط)، تحقیق: عمر عبدالسلام تدمری، (طرابلس: ١٩٩٣م).

ـ ستیفن رنیسمان: تاریخ الحروب الصلیبیة، ترجمة: السید الباز العرینی، الطبعة الثالثة، (بیروت: ١٩٩٣م).

ـ سعيد عبدالفتاح عاشور: مصر والشام فى عصر الايوبيين والمماليک، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت: د.ت).

ـ شافع بن على الكاتب (ت ٧٣٠هـ/ ١٣٢٩م): حسن المناقب السريه المنتزعه من السيره الظاهريه، تحقيق و نشر: عبدالعزيز بن عبدالله الخويطر، الطبعه الثانيه، (الرياض: ١٩٨٩م).

ــ ابو شامه، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسى (ت٦٦٥هـ/١٢٦٧م): تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بـ(الذيل على الروضتين)، عنى بنشره: عزت العطار الحسينى، دار الجيل، (بيروت: ١٩٨٤م).

ـ ابن شداد، عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (٦٨٤ هـ /١٢٨٥م): الاعلاق الخطيره فى ذكر امراء الشام و الجزيره، جزء ٣، تحقيق: يحيى زكريا، وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).

ـ شوكت رمضان حجه: العلاقات بين دوله المماليک الأولى و دوله ايلخانية فارس(٦٤٨-٧٣٦هـ/ ١٢٥٠-١٣٣٦م) مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية و دار اليازورى، (عمان:٢٠١١م).

ـ شيرين بيانى: المغول، التركيبه الدينية والسياسية، المركز الاكاديمى للابحاث، (بيروت: ٢٠١٣م).

ـ ابن عبدالظاهر، محى الدين عبدالله ابن رشيدالدين(ت٦٩٢هـ/ ١٢٩٣): الروض الزاهر فى سيرة الملک الظاهر، (الرياض:١٩٧٦م).

ـ ابن العميد، جرجس بن العميد بن ابى المكارم(ت٦٧٢هـ/ ١٢٧٣م): أخبار الايوبيين، مكتبه الثقافه الدينيه، (بور سعيد: د.ت).

هەولێرە ئاشەی کتێب

ـ العینی، بدرالدین محمد بن احمد بن موسی بن احمد(ت ۸۵۵هـ/ ۱٤٥۱م): عقد الجمان فی تاریخ اهل الزمان، حققه: محمد محمدامین، دار الکتب والوثائق القومیة، مرکز تحقیق التراث، (القاهرة: ۲۰۰۹م).

ـ ابو الفداء، الملک المؤید عمادالدین اسماعیل بن علی بن محمود الایوبی (ت ۷۳۲هـ/۱۳۳۲م): المختصر فی اخبار البشر، دار المعرفة، (بیروت: د.ت).

ـ ابن الفرات، ناصرالدین محمد بن عبدالرحیم (ت ۸۰۷هـ/۱٤۰٤م): تاریخ ابن الفرات، تحقیق: قسطنطین زریق ونجلاء عزالدین، المطبعة الامریکانیة، (بیروت: ۱۹٤۲م).

ـ ابن فضل الله العمری، شهاب الدین احمد بن یحیی بن فضل الله(۷٤۹هـ/۱۳٤۸م): مسالک الابصارفی ممالک الامصار: تحقیق: کامل سلمان الجبوری، دار الکتب العلمیة، (بیروت: ۲۰۱۰م).

ـ فواد عبدالمعطی الصیاد: المغول فی التاریخ، دار النهضة العربیة، (بیروت: ۱۹۸۰م).

ـ القلقشندی، احمد بن علی(ت ۸۲۱هـ/۱٤۱۸م): صبح الاعشی فی صناعه الانشا، شرح وتعلیق: محمد حسین شمس الدین، دار الکتب العلمیة، (بیروت: ۱۹۸۷م) .

ـ الکتبی، محمد بن شاکر (ت۷٦٤هـ/۱۳٦۳م): عیون التواریخ، دار الرشید، (بغداد: ۱۹۸۰م).

ـ ابن کثیر، عماد الدین اسماعیل بن کثیر الدمشقی (ت۷۷٤هـ/۱۳۷۲م): البدایه والنهایه، المعارف_بیروت. مکتبه النصر_الریاض، (۱۹٦٦).

هاوڵاتنامەی کتێب

ـ ماری هال: ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل، وەرگێڕان: پەخشان عمر، دەزگای موکریانی، (هەولێر:ب.س).

ـ میرخواند، میر محمد بن سید برهان الدین خواوندشاه (ت ۹۰۳هـ/۱٤۹۸م): روضه الصفا، تهذیب و تلخیص: عباس زریاب، انتشارات علمی، (تهران: ۱۳۵۸هـ.ش).

ـ المقریزی، تقی الدین أبی العباس احمد بن علی (ت۸٤٥هـ/۱٤٤۱م): السلوک لمعرفة دول الملوک، تحقیق:محمد عبدالقادر عطا، دار الکتب العلمیة، (بیروت:۱۹۹۷م).

ـ موسی مصطفی الهسنیانی: السنوات الاخیرة من حیاة الکورد الایوبیة في مصر وبلاد الشام(٦۳٤-٦٥۸هـ/ ۱۲۳٦- ۱۲٦۰م)، المدیریة العامة لمطبعة وزاره الثقافة لإقلیم کردستان،(أربیل: ۲۰۰۷م).

ـ نافع توفیق العبود: الدولة الخوارزمیه، مطبعة الجامعة، (بغداد: ۱۹۷۸).

ـ النویری، شهاب الدین احمد بن عبدالوهاب (ت ۷۳۳هـ/۱۳۳۳م): نهایه الارب فی فنون الادب، تحقیق: محمد ضیاءالدین الریس ومحمد مصطفی زیادة، الهیئة المصریة العامة للکتاب، (القاهرة: ۱۹۹۲م).

ـ وصاف الحضره، ادیب شهاب الدین (شرف الدین) عبدالله بن عزالدین (ت۷۳۰هـ/ ۱۳۲۹م): تحریر تاریخ وصاف، نوشته: عبدالمحمد ایتی، پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی،چاپ سوم، (تهران: ۱۳۸۳هـ.ش).

ـ یاقوت الحموی، شهاب الدین ابو علی عبدالله یاقوت بن عبدالله (ت٦۲٦ هـ /۱۲۲۸م) : معجم البلدان، دار صادر ودار بیروت للطباعة والنشر،(بیروت: ۱۹٥۷م).

ـ اليونينى، قطب الدين ابو الفتح موسى بن محمد بن احمد (ت٧٢٦هـ/١٣٢٦م): ذيل مراة الزمان ، بعنايه وزاره التحقيقات الحكمية للحكومة الهندية، دار الكتاب الإسلامى، (١٩٩٨م).

ملخص:

ان موقعة عين جالوت (٦٥٨هـ/ ١٢٦٠م) التى حدثت بين المغول والدوله المملوكيه(٦٤٨_٩٢٢هـ/ ١٢٥٠_١٥١٧م) أصبحت سببا لوقف هجوم المغول على العالم الإسلامى، حيث شملت معظم أجزاء كردستان وهى ضمن حدود الدوله الايلخانيه المغوليه، باعتبار ان نهر الفرات قد أصبحت الحدود الفاصل بين الدولتين.

بذلك أصبحت كردستان ميدانا للصراع بين الدولتين كبيرتين، لقد بدا نشاط الامراء الكرد على الصعيد السياسى ضد المغول، وكان سندهم الحقيقى فى هذا المجال هى الدوله المملوكيه ومناطقهم الجبليه العاصيه التى ساهمت كثيرا فى مجال الصمود والدفاع امام هجوم الدوله الايلخانيه، هذان السببان اللذان اصبحا سببا لبقاء كيانات سياسيه كرديه متمثلا فى امارتهم فى القلاع الجبليه.

هاوكاری زانستی کتێب



هەواڵنامەی کێبڕکێ

Abstract

The Battle of Ain Jalut took Place in (658H/ 1260 A.D) between the Mangols and Mamluks state (648-H/ 1250 - A.D) which It Stopped attacks and invasion of Mangols in the Islamic world. In result the most part of Kurdistan areas went to under the ruling of Mangol Ilkhanian state, because of the Euphrates River become a border of the both states.

The area between the two states, it become a place of Kurdish Dynasties activism. In the purpose of the freedom of their Emirate, took interdependence of the Mamluks state also in the highlands they defend themselves of mangols attacks. These two Factors are the main reasons to remain alive of Kurdish Emirate.

هەولێرنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.10

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر میرنشینی سۆران لە سەردەمی میر محەمەدی پەواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)

هەوالنامەی کتێب

د. ئامانج أحمد مصطفى
زنکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
amanj.mustafa@soran.edu.iq

پوختە:

هەرچەندە مێژووی میرنشینی سۆران زۆر کۆنترە لەو سەردەمەی کە میر محەمەدی ڕەواندزی ناسراوە بە میری کۆرە دەسەڵاتی تێدا وەرگرت، کە توانی سنووری میرنشینەکەی فراوان بکات و ببێتە مەترسی بۆ سەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی تەنانەت زلهێزەکانیش، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای پلان و هێرشەکانیەوە توانی ئەو میرنشینە لەناو بەرێت. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم پوختەیەکی مێژووییە لەسەر دامەزراندنی میرنشینی سۆران. بەشی دووەمیش باس لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەرانبەر بە میرنشینەکە بۆ لەناوبردنی، بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودی زۆر لە سەرچاوە و دیکۆمێنتی بڵاونەکراوە وەرگیراوە، چەند دیکۆمێنتێکی بڵاوکراوە لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، لە کۆتاییشدا پوختەیەکی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: میر محەمەدی ڕەواندز، بەیرەقدار، میرنیشینی سۆران، زلهێزەکان.

هەولێنەی کتێبخانەی

سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر میرنشینی سۆران لە سەردەمی میر

محەمەدی ڕواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)

پێشەکی

میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکە هەڕەشەی لەناوبردنیان لە سەربووە، هەرچەندە هەندێک جار بەهۆی بوونی بەرژەوەندییەوە ئەو دەسەڵاتانە ویستوویانە میرنشینەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن و پەیوەندیی باشیان لە گەڵیاندا هەبێت. ئەمەش کاتی بووە، چونکە هەر لەگەڵ تەواوبوونی بەرژەوەندییەکان هەڵسوکەوتیان گۆڕاوە و هەوڵی لەناوبردنی میرنشینەکانیان داوە، یەک لەوانەش کە پەیوەندی و بەرژەوەندی هەبووە، دەوڵەتی عوسمانی بووە.

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی پیادەکردنی سیاسەتێکی دەدا بە ناوی (سیاسەتی ناوەندی) بۆ بەستنەوەی هەرێمەکان بە ئەستەنبوڵەوە، کە بۆ ئەو مەبەستەش هەندێک والی لە ناوچەکان دامەزراند بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان، یەکێک لەو والییانەش (محەمەد ئینجە بیرەقدار) بوو کە هەڵوێستێکی توند و دوژمنکارانەی هەبوو بەرانبەر میرنشینە کوردییەکان بە گشتی و میرنشینی سۆران بە تایبەتی.

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (**سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینی سۆران لە سەردەمی میرمحەمەدی ڕواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)**) کە ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و سیاسەتی والیی موسڵ بە تایبەتی بەرانبەر بە میرایەتیی میری کۆرە لە ڕواندز، کە پێکهاتووە لە دوو تەوەرەی سەرەکی و هەر تەوەرەیەک چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پوختەیەکی مێژووی میرنشینی سۆران دەکات لە دامەزراندنییەوە تا

وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن میر محەمەدەوە. تەوەرەی دووەمیش باس لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەرانبەر بە میرنشینی سۆران و دژایەتیکردنی میرنشینەکە لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوود لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان، وەک پەرتووکی (کورد و بەرخودانەکان) لە نووسینی سینان هاکان و (صفحات من تاریخ الکرد و الکردستان الحدیث فی الوثائق العثمانیة (١٨٤٠-١٩١٥) لە دانانی د. خلیل علی مراد و د. عبدالفتاح علی بوتانیە و(دراسات وثائقیة فی تاریخ الکرد الحدیث و حضارتهم) لە نووسینی د. عماد عبدولسەلام، هەروەها (الامیر الکردی میر محمد الرواندزی) لە نووسینی جمال نەبەز، جگە لە کومەڵێک کتێبی گەڕیدە و گەشتەنامەکان، وەک (گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان و میزوپوتامیا ساڵی (١٨٣٤)، گەشتەنامەی (پوژولا بۆ کوردستان ساڵی (١٨٣٧) سوودیان لێوەرگیراوە. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تریش کەڵکی زۆریان هەبووە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەک کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەتلیسی، (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) ئەمین زەکی بەگ و (الأزدیة)ی صدیق الدملوجی و (چەند لایەنێکی میژووی و ڕامیاری و کومەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا) کە لە نووسینی د. سەعدی عوسمان هەروتییە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر.

تەوەرەی یەکەم: کورتەیەکی میژوویی

لە سەرەتای دامەزراندنیەوە میرنشینی سۆران پێگەی گرنگی هەبووە لە میژووی میرنشینە کوردییەکان، کە توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنی و سنوورەکەی فراوان بکات و ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە هاوسەنگیی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان هەبێت (بەدلیسی،١٣٨٤: ٣٣٦-٣٣٧). کە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا زۆرجار بە

حکومەتی میرنشینی سۆران ناوی هاتووە (عبدالسلام، ٢٠١٢: ٢٤٥) بە تایبەتی لە سەدەی (١٦) کە جگە لە هاودیان و باڵەکان و ڕەواندز توانی هەرێر و شەقلاوەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە سەردەمی شا عەلیدا (سەرەتای سەدەی شانزە)، هەرێر کرا بە مەڵبەندی میرنشینەکە، بەڵام توشی هێرشی بابانەکان دەبێت و دەکوژرێت. دوایی کوڕەکەی میر سەید (١٥٤٥-١٥٤٢) دەسەڵات وەردەگرێت و تۆڵەی باوکی دەکاتەوە و بابانەکان لە ناوچەی میرنشینی سۆران دەردەکات. (حوزنی،١٧:٢٠٠٧)

دوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) و سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکان، میرانی سۆران لایەنگیریی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەهێز بوون و فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتیان دەبێت بەتایبەت لە سەردەمی میرەبەگدا (١٠٢٩ک-١٦١٩ز) توانی هەولێر و کەرکوکیش بخاتە سەر میرنشینەکە (هەرووتی، ٢٠١٣: ٥٠)، سەرەڕای لایەنگرییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام زۆرجار عوسمانییەکان بەپێی بارودۆخەکە و بەرژەوەندیی خۆیان ڕەفتاری دوژمنکارانەیان بەرانبەر میرانی سۆران پەیڕەو دەکرد، هەوڵی لەناوبردنیان دەدا، هەروەک لە سەردەمی سوڵتان سولێمانی قانونی (١٥٢٠-١٥٦٦) کە عیزەدین شێری میری میرنشینی سۆرانی لە ساڵی ١٥٣٥ لە سێدارەدا بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەفەوییەکان، دواتر عوسمانییەکان ناوچەکە ڕادەستی حەسەن بەگی داسنی دەکەن (١٥٤٢-١٥٣٦) (هەروتی، ٢٠١٦: ٢٢).

لە سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی قولی بەگ کە وەک کەسێکی بەهێز و کاریگەر توانی لەشکری میرنشینی سۆران بەهێز بکات و بەشداری شەڕەکانی عوسمانی بکات دژی سەفەوییەکان ساڵی ١٥٧٧، بۆیە دەوڵەت ڕێزی لێ دەنێت و دیاری بۆ دەنێرێت (عبدالسلام، ٢٠١٢: ٢٥٠-٢٥١).

لەدوای ئەویش عەلی بەگی کوڕی (١٥٩٦-١٥٩٧ز) دەسەڵات وەردەگرێت و بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایەتی دەکات (حوزنی،٢٠٠٧: ١٧) لەدوای خۆشی ئوغز بەگ دەسەڵات وەردەگرێت و مەڵبەندی میرنشینەکەی لە خەلیفانەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕەواندز (زەکی، ٢٠٠٦، ١٢٧)، دوای ئەویش ئەحمەد بەگی کوڕی دەسەڵات وەردەگرێت (١٦٩٥-١٧٥٦). کە توانی سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات لەدوای ئەویش ئۆغز بەگی دووەم (١٧٥٦-١٧٦٨) دەسەڵات وەردەگرێت. گرنگیی بە ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی و کشتوکاڵ داوە پاشان مستەفا پاشا لە ساڵی (١٧٦٨) دەبێتە فەرمانڕەوای میرنشینی سۆران تا هاتنی کوڕەکەی میر محەمەد (سمایل، ٢٠٠٨: ١٤ -١٥).

میرمحەمەد (١٨١٣-١٨٣٦)، کوڕی مستەفا بەگی کوڕی ئوغز بەگی کوڕی ئەحمەد بەگە (زەکی، ٢٠٠٥: ٨٩). پێش ئەوەی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران وەربگرێت، لە سەردەمی باوکی لە هەندێک لە ناوچەکانی میرنشینی سۆران دەسەڵاتدار بووە، دواتر دەسەڵاتی هەموو میرنشینی سۆرانی وەرگرت (حوزنی، ٢٠٠٨: ٢٦) دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی لە (١٨١٣) (زەکی، ٢٠٠٦: ٥٢) دەستی کرد بە چاکسازی بۆ ئەوەی لەسەر شێوازێکی نوێ میرنشینی سۆران وەک وڵاتێکی سەربەخۆ، دوور لە دەسەڵاتی عوسمانی پێش بخات (قەفتان، ٢٠٠٩: ٢٢٦). وەک دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەروەری کە خۆی سەرۆکی بوو ڕەسول بەگی بۆ جێگری بووە، ئەم ئەنجوومەنە دابەشی چەند لێژنەیەک دەبوون، هەریەکەیان تایبەت بوو بە کاروبارێکی وڵات (عەلیاوی، ٢٠٠٤: ٢٦) و هەموو هەفتەیەک کۆدەبوونەوە (نبز، ٢٠٠٣: ١١٨). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە سوپایەکی بەهێز و گەورە هەبوو، بۆ بەرگری و چەسپاندنی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران و سەرکەوتن بەسەر کۆسپەکان، داوای لە کارسازان کرد یارمەتی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز بدەن لە ڕووی چەک و تەقەمەنیەوە کارگەیەکی لە ڕەواندز دروستکردووە (جەلیل و ئەوانیتر،

٢٠١٥: ١٩) كارسازی زیرەک و لێهاتوو وەستا ڕەجەبی لە ورمێ هێنا (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٥-٦٦) و کارخانەیەکی لە کاولۆکان دامەزراند بۆ دروستکردنی کەرستەی جەنگی وەک شمشێر و تفەنگ و لولە تۆپ (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ١٩-٢٠) کە نزیکەی (٢٢٢) لولە تۆپی بەرهەم هێنا (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٦) و ڕەواندزی کردە بنکەی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی. هەروەها گرنگی بە دروستکردنی قەڵا و شورەی سەربازی داوە (ئەسفەهانی، ٢٠٠٩: ٣٧)، تەنانەت خەڵکی دەنارەدە چیاکان بۆ ئەوەی کەرستەی خاوی پیشەسازی چەک و تەقەمەنی لە ئاسن و مس بەدەستبهێنێت (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٥-٦٦). بەمەش توانی سوپایەکی بەهێز دروستبکات کە ژمارەی سەربازەکانی لەوە نەدەچوو هی میرنشینێک بێت، بەڵکو لە هی نیمچە دەوڵەتێک دەچوو کە نیازی گەورەبوونی هەبێت (قەفتان، ٢٠٠٦: ٦٤). هەندێک سەرچاوە ژمارەی سەربازەکانی میر محەمەد بە (٥٠) هەزار دەخەملێنن (الدملوجي، ٢٠١٠: ٥٦٧). سوپایەکی ڕێکخراو لەسەر شێوازێکی نوێ تەنانەت جل و بەرگی پیادە و سوار لە یەکتر جیاواز بوون (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ٢٠). لە ڕووی چەکیش جیاوازییان هەبووە، پیادەکان تفەنگ و خەنجەر و سوارەکانیش ڕم و خەنجەریان بەکارهێناوە (فرەیزەر. ١٩٩٨: ٣٢).

میر محەمەد سوپایەکی بەهێز و گەورەی دامەزراند. ویستی سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات (قەفتان، ٢٠٠٩: ٦٤-٦٥)، بۆ ئەمەش دەبوایە سەرەتا کۆسپەکانی سەر ڕێگای فراوانخوازی خۆی لەناو ببات، لەوانە عەبدوڵا ئاغای خەزنەدار کە لە سەردەمی باوکیشیدا خەزنەدار بوو لە سێدارەیدا، بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ مامەکانی محەمەد پاشا کە کێشەی لەگەڵیان هەبووە (الگوراني، ٢٠١٢: ١٤٠). پاشان توانی مامەکانی خۆی کە تەمەر خان و یەحیا بەگ بوون لەناو ببات (ڕۆحانی، ٢٠١٣: ٣٦٢). بەمەش توانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندز بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و توانی بەسەر کێشەکانی ناوخۆدا زاڵ بێت

(جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ١٩). ئەمەش ڕێگای بەردەمی والا کرد بۆ ئەوەی فراوانخوازیی خۆی بکات، بە تایبەت لە ناوچەی بابان کە مولکێکی زۆریان لەژێر دەسەلاتدا هەبوو, دەربهێنێت (ریچ، ٢٠١٢: ١٥٩).

لەسەردەمی داود پاشا (١٨١٧-١٨٣١) والیی بەغدا بارودۆخی عیراق یارمەتیدەر بوو بۆ هەوڵەکانی میر محەمەد، چونکە نزیکبوونەوەی میرانی بابان لە ئێران وای کرد کە داود پاشا والیی بەغدا نەرمی بەرامبەر فراوانخوازی میر محەمەدی ڕەواندزی بنوێنێت و ئەویش ناوچەیەکی زۆر بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی (بەرزنجی، ٢٠٠٤: ١١٩)، پێشڕەوییەکانی میر محەمەد بەردەوام بوون، تەنانەت سنووری عێراقی تێپەڕاند بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئێران و شەڕەکانی لەگەڵ ڕووسیا سالی (١٨٢٦) میر توانی هەندێک ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ٢١).

سەرکەوتنەکانی میر میرمحەمەد بەردەوام بوو، لەو کاتەی کە بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی دوچاری شلەژان هات بەتایبەتی دوای شکستەکانی بەرامبەر بە شۆرشی یۆنان (١٨٢١-١٨٣١)، شەڕ لە بەرانبەر ڕووسیا (١٨٢٨-١٨٢٩) و فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشا لە ولاتی شام (١٨٣١-١٨٣٣) (حاجی، ٢٠٠٧: ١٣١)، تەنانەت لە سەردەمی عەلی ڕەزاش کە والیی بەغدا بوو. سەرەتا نەتوانرا ڕێگری لێ بکرێت و نازناوی پاشای وەرگرت (هاکان، ٢٠١٢: ٨٣). ئەمەش وایکرد زیاتر بیر لە فراوانخوازی بکاتەوە. بەپێی بەڵگەنامەیەکی میسری کە دەڵێت: پاشای ڕەواندز نەخشەی دەست بەسەرگرتنی هەموو عێراق بە بەغدایشەوە داناوە (نوار، ١٩٦٨: ١٩٥). بۆیە بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی بادینانیشی دا، بەتایبەت کە بارودۆخی ناوخۆی بادینان شلەژا بوو بەهۆی ناکۆکی و ململانێی لەسەر دەسەلات لە نێوان میرەکانی بادینان خۆیاندا.

بەڵام کاتێک محەمەد پاشا سیاسەتێکی خراپی بەرانبەر بە خەڵکی بادینان بەکاردەهێنا، خەڵکی بادینانیش لە نامەیەکی ناڕەزاییدا کە بۆ عوسمانییەکانیان ناردووە داوای چارەسەر دەکەن کە ناتوانن چیتر بەرگەی کارە خراپەکانی محەمەد پاشا بگرن، کە چۆن ژن و منداڵەکانی بردبوون و وەک دیل مامەڵەیان لەگەڵ کراوە (دۆسکی، ٢٠١٥: ١٣٥-١٣٦). هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ٣ی کانوونی دووەمی (١٨٣٦)دا هاتووە (دوای ئەوەی لە لایەن والیی موسڵ (١٠) کەس بەهۆی خراپەکاری دەرکراون موتەسەریفی ڕەواندز ئەو (١٠) کەسەی بردۆتە لای خۆی، ئەمەش بۆتە مەترسی بۆ عوسمانییەکان هەروک چۆن محەمەد پاشا دەستی بەسەر ئامێدی و هەولێردا گرتووە، پلانی هەیە دەست بەسەر موسڵیشدا بگرێت، بۆیە موتەسەریفی موسڵ سەعید پاشا پەشیمان بۆتەوە لە دوورخستنەوەی ئەو (١٠) کەسانە و داوای کردووە بگەڕێنەوە بۆ موسڵ(عادل، ٢٠١٧: ٣٠). ئەمانە مەترسی فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشای ڕەواندز بوون بۆ سەر موسڵ، کە بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەمە نەخشەیەک بوو لەنێوان محەمەد پاشای میرنشینی سۆران و محەمەد عەلی میسر کە گوایە نامەگۆڕینەوە هەبووە لە نێوانیان دژی بەرژەوەندیی عوسمانی (حورنی، ٢٠٠٧: ٤٧-٤٨).

بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی میسری، عێراق لە پلانی دەوڵەتی محەمەد عەلیدا نەبووە، بەهۆی زۆری تێچوون و زۆری بەڕێوەبردن و دووری عێراق لە میسر، سەرەڕای ترسی بەریتانیا بەهۆی هەبوونی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا. واتە تەنها هانی خەڵکی عێراقی بدەن دژی عوسمانییەکان بۆ ئەوەی سەرقاڵیان بکەن بەشداری شەڕ نەکەن دژی میسر (غازی، ٢٠١٦: ٣١، ٢٦١، ٢٣٩). واتە بەپێی لێکدانەوەکان بەڵگەنامەکانی میسری هیچ پەیوەندییەک لە نێوان محەمەد پاشای ڕەواندز و محەمەد عەلی میسری نەبووە، بەڵکو تەنها چاودێریکردنی فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشای ڕەواندزە لە ناوچەکە، بۆ ئەوەی

بتوانێت لەشکری عوسمانی لە ناوچەکەدا سەرقاڵ بکات بە فراوانخوازییەکانی. میری سۆران هەر لە ناوچەی بادینان نەوەستا بەڵکو هێرشی کردە سەر ناوچەی بۆتان (جزیرە)، ماردین و نەسیبینی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (نوار، ١٩٨٦: ١٩٥)، بەم شێوەیە محەمەد پاشا توانی چاکسازی بکات و دەسەڵاتێکی بەهێز لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی دروست بکات و سوپایەکی بەهێز لەسەر شێوازێکی نوێ بە هەموو پێداویستییەکانی سەربازییەوە دروست بکات. هەروەها هەوڵیدا ئارامی بۆ خەڵکی ناوچەکە دابینبکات و سنوورەکانی خۆی بپارێزێت و سوود وەربگرێت لە بارودۆخی گشتی ناوچەکە و سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، ناوچەی زۆری خستە سەر میرنشینی سۆران کە ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی لە دروست کردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی سەربەخۆی کوردی. بەڵام ئەم کارانەی بەپێی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی عوسمانی کاردەکاتە سەر بەرژەوەندییەکان و وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک لە ناوچەکە لە قەلەمی دەدەن، بەتایبەتی بۆ سەر ویلایەتی موسڵ. بۆیە بە هاوکاری دەوڵەتە زلهێزەکان پیلانی لەناوبردنی میرنشینی سۆران دادەڕێژن، چونکە بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا لەگەڵ پاراستن و مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە بە لاوازی (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٥٢-٢٥٣).

تەوەرەی دووەم: دژایەتیی زلهێزەکان بۆ میرنشینی سۆران و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینەکە

١ ـ دژایەتیکردنی میرنشینی سۆران لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە

وڵاتە زلهێزەکان هەر لە سەرەتاوە دژایەتی میرنشینی سۆرانیان کردووە، چوونکە فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشا بووە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکان بکەوێتە مەترسییەوە. ئەمەش وای کرد هەڵوێستیان هەبێت بەرانبەر بە دەوڵەتی

عوسمانی دژی دەسەڵاتی میرنشینەکان، چونکە مەترسی بۆ سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، بۆیە زلهێزەکان فشاریان خستە سەر عوسمانییەکان بۆ لەناوبردنیان, چونکە ڕێگر بوون لە گەیشتنیان بە بازاڕەکانی ئەم ناوچانە. هەروەک بەریتانیا کە سالانی (١٨٢٥ــ ١٨٥٥) ڕادەی بازرگانی لە ناوچەکە زیادی کردووە. ئەو ماوەیەش سالانی لەناو چوونی میرنشینە کوردییەکان بوو (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٢٩). کە ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی و ویلایەتی موسڵ بە تایبەتی دەبێت؛ چونکە ماوەیەکی زۆر بوو محەمەد ئینجە بەیرەقدار کە والیی موسل بوو دەیویست بەهەر ڕێگایەک بێت بتوانێت بەسەر میرنشینی سۆراندا زاڵ بێت.

سەرەڕای ململانێی لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام دەوڵەتێکی عوسمانی لاوازییان پێ باشتر بوو لە میرنشینێکی کوردی بەهێز کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٢٧-٢٢٨). بۆیە فراوانخوازییەکانی میرنشینی سۆران و بەهێزبوونی، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە حیسابی بۆ بکرێت. هەر ئەمەش وای کرد کە دەوڵەتە ئەورووپییەکان هەست بە مەترسی بکەن، بەتایبەت بەریتانیا سیاسەتێکی گشتگیری هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نابێت دەسەڵاتێکی تر جێگای عوسمانییەکان بگرێتەوە و بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسیەوە. نەوەک ڕووسیا دەستبخاتە کاروباری ناوچەکە و کێشەیەکی سیاسی دروست بکات (حاجی، ٢٠٠٧: ١٣٤). بۆیە بەریتانیا بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ محەمەد پاشا ڕاگەیاند لە ڕێگای (Rechard Edward1) کە کونسوڵی بەریتانیا بوو لە حەلەب (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٦٤). هەروەها کونسوڵەکانی لە بەغدا و باڵوێزی لە ئەستەنبۆل هەوڵیان دەدا سەرکردە کوردەکان ساردبکەنەوە لە پشتگیریکردنی محەمەد پاشای ڕەواندز، سەرباری نزیکبوونەوەی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دژی میرنشینی سۆران (عەلی، ٢٠١٠: ١٩-٢٠)

هەرچی ڕووسیاشە یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دەدا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و پاراستنی بەرژەوەندەییەکانی خۆی و ململانێ لەگەڵ بەریتانیا (حاجی، ٢٠٠٧: ١٣٧). ئەم ململانییە و فشار خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی وای کرد لە ئێران نزیک بێتەوە دژی پاشای ڕەواندوز ، بەتایبەتی ئێران دوژمنایەتی هەبووە بەرامبەری لە کاتی هێرشی میرنشینی سۆران بۆ سەر هەندێک ناوچەی ئێران (قەفتان، ٢٠٠٦: ٧٠)، کاتێک هێزی ئێران لە سلێمانی بوو دوژمنایەتی خۆی بۆ میرنشینی سۆران ڕاگەیاندبوو (فرەیزەر، ١٩٩٨: ٤٨)، کە محەمەد پاشا هێرشی کردە سەر (لاهیجان [١]) لە ئێران بارودۆخی ئێران خراپ بوو, بەڵام کە محەمەد شای ئێران (١٨٣٤-١٨٤٨) هاتە سەر دەسەڵات، لەگەڵ میرنشینی سۆران ڕێکەوت بۆ کشانەوە وەک فشارێک دژی عوسمانی بەکاریبهێنێت، بەڵام بەریتانیا لە ترسی هاتنی لەشکری ڕووسیا لە ڕێگەی ئێران بۆ عێراق یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دا (لازاریف، ٢٠١٥: ١٩٤-١٩٥).

سەرەڕای ئەوەی باس لە پەیوەندی نێوان محەمەد پاشا و دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرێت. واتە پەیوەندیی نهێنی لە نێوانیان هەبووە (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٧٤-٢٧٥)، بەڵام بەرژەوەندیی زلهێزەکان وای دەخواست ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە یەکتر نزیک بکەنەوە دژی میرنشینی سۆران، کاتێک ئێران لەشکرێکی (١٠) هەزار سەربازی دەنێرێتە سەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراق بۆ لێدانی لایەنگرانی میرنشینی سۆران کە پلانیکی ئینگلیز و ڕووسیا بوو بۆ لەناوبردنی قەوارە سەربەخۆکەی میرنشینی سۆران لە ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی ئێران نەیدەویست میرنشینێکی بەهێز وەک میرنشینی سۆران دراوسێی بێت (لازاریف، ٢٠١٥: ١٩٨).

بەڵگەنامەکانی عوسمانی دووپاتی هاوکاری ئێران لەگەڵ عوسمانییەکان دەکەنەوە، چونکە پێشتر لەشکری ئێران لەناوچەکانی

سلێمانی هەبووە بەهۆی نزیکییان لە بابانەکان، بۆیە لەشکریان لە عێراق کشاندەوە کە یارمەتیدەری عوسمانی بوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران. ئەوەتا عەلی ڕەزا پاشا والیی بەغدا (١٨٣١-١٨٤٢) لە نامەیەکدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەنوسێت کێشەی سلێمانی لەگەڵ ئێران لەلایەن بەیرەقدار والیی شارەزوور چارەسەر کراوە (هاکان، ٢٠١٢: ٨٤-٨٨). ئەمەش ڕۆڵی بەیرەقدار بەدیاردەخات لە دژی میرنشینی سۆران, کە توانی کێشەی ئێران چارەسەر بکات بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران و تەنانەت ئێران یارمەتیدەریش بێت بۆ لێدانی محەمەد پاشای ڕەواندز.

ئەم گەلەکۆمەکییەی دەوڵەتە زلهێزەکان، یارمەتی لەناوچوونی میرنشینی سۆرانیان دا. لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ١٢ی نیسانی (١٨٣٧) هاتووە کە نامەیەکی ووڵاتی نەمسایە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، کە تێدا خۆشحاڵی ئەو وڵاتە دەردەخات سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی هێزەکانی عوسمانی بەسەر میرنشینی سۆران. "بەپێی نوسراوی باڵوێزی نەمسا و پاڵپشتی ناوبراو باش وەکیلی نەمسا بەبۆنەی سەرنەکەوتن و شکانی بەگی ڕەواندز نامەیەکی بۆ نوێنەری نەمسا لە ئەستەنبۆل ناردووە، هەروەها پارێزگاری بلگراد، کە لەلایەن ئیمپراتۆری نەمسا قبوول کراوە. بەپێی ڕاپۆرتی پارێزگاری بلگراد کە پێشکەشی نوێنەری نەمسا کراوە، پارێزگاری نەمسا عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدای داوەت کردووە بە ناوی ئیمپراتۆریەتی نەمسا لایەنگر و پاڵپشتی لە پاشا کردووە و پاشاش بەو هەڵوێستەی ئیمپراتۆر خۆشحاڵی خۆی نیشانداوە" (عادل،٢٠١٧: ٣٣) واتە ئاگاداری هێرشی عوسمانی بوونە بۆ سەر میرنشینی سۆران، ئەو شەڕەی لە ڕەواندز ڕوویداوە و بەهۆی ئەو بەرگرییەی کە لە لایەن سوپاوە کراوە شازادە میتەرنیخ لە ئاداری (١٨٣٨) نامەیەکی بۆ نوێنەری نەمسا لە ئەستەنبۆل ناردووە، دواتر نامەکە پێشکەشی وەزارەتی دەرەوە کراوە ئەم نوسراوە لەلایەن دەوڵەت

هەولێر کتێب

وەرگیراوە (عادل،٢٠١٧: ٣٤). واتە دەوڵەتە زلهێزەکان یارمەتی دەوڵەتی عوسمانییان دابوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران. هەروەها پیلانیکی نێودەوڵەتی دژی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و لەوانەش میرنشینی سۆران هەبووە بەتایبەت بەریتانیا یارمەتی عوسمانی دا دژی کورد، چونکە بەریتانیا دەیویست پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکات، لەبەرئەوەی لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرژەوەندی ڕووسیا دەبوو کە دەیویست بگاتە خاکی عوسمانی. واتە بەریتانیا محەمەد پاشای بە مەترسی دادەنا لەسەر تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەلی، ٢٠١٠: ٤٩). هەروەها فەرەنساش ویستی یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدات بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، بەتایبەتی کاتێک محەمەد پاشای ڕەواندز هێرشی کردە سەر مەسیحییەکان لە ئەلقوش لە ساڵی (١٨٣٥)، فەرەنساش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ژێر پەردەی پاراستنی مەسیحییەکان لەم ڕێگەیەوە دەست بخاتە ناو کاروباری ئەم وڵاتەوە و داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات محەمەد پاشای ڕەواندز دەستگیربکات و هەوڵبدات بۆ لێدانی میرنشینی سۆران (عەلی، ٢٠١٣: ٢٩). کەواتە بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا و دەوڵەتی قاجاری و عوسمانییەکان هاوڕابوون بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران (مەدەنی، ٢٠٠٩: ٢٦).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا بەرژەوەندییەکی نێودەوڵەتی دروستبووبوو، کە وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک سەیری میرنشینی سۆران دەکرا، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە بڕیاری لەناوبردنی میرنشینی سۆران بدات و کۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەد پاشا بهێنێت.

٢ ـ سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینی سۆران

بارودۆخی نێودەوڵەتی یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە بڕیاری هێرشکردنە سەر میرنشینی سۆران بدات. هەروەک چۆن سنووریان بۆ فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشای میسر دانا و (ڕێکەوتنی کوتاهیە)[٢] یان پێ مورکرد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش دەستی دەوڵەتی عوسمانی والاکرد بۆ لێدانی میرنشینی سۆران (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٧٠). بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٠٧ــ ١٨٣٩) کە بڕیاری چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند و لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی دا بەتایبەت لە عێراق. لەناوبردنی داود پاشا لە ساڵی (١٨٣١) و جەلیلییەکان لە ساڵی (١٨٣٤) کە ئەمانە هەموو هەنگاوی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند بوون (عەلی،٢٠١٧: ١٨-١٨٣) هۆکاری چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مەترسی دەسەڵاتی ڕووسیا و ئێران لە دەوڵەتی عوسمانی بەدووربخەن, کە سنووریان لە یەکتریەوە نزیکە، هەروەها مستەفا ڕەشید پاشا نەخشەی لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی جێبەجێ کرد لە کوردستان بۆ ئەم کارەش عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدا و بەیرەقداری والیی موسڵ یارمەتییاندا (هەروتی، ٢٠٠٨: ١٨٠-١٨٣). پێشتر عەلی ڕەزا والیی بەغدا بەهۆی ڕاپەڕینەکانی وەهابییەکان[٣] لە عەرەبستانی سعودیە نەیتوانی ڕێگری لە فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشای ڕەواندز بکات تەنانەت نازناوی پاشایەتیشی پێ بەخشی. بەمەش سنووری دەسەڵاتی فراوانکرد (هاکان، ٢٠١٢: ٨٣).

ئەم فراوانخوازییانە بوونە مەترسی بۆسەر بەرژەوەندەییەکانی عوسمانی، بەتایبەت کە ئەوان دەیانویست عێراق بکەنە بنکەیەک دژی میسر. میرنشینی سۆرانیش ببووە مەترسی لە پێش هێزەکانی عوسمانی (نوار، ١٩٦٨:١٠٣). ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی عوسمانییەکان لەسەر

ئاستی دەوڵەت بڕیاری لەناوبردنی میرنشینی سۆران بدەن و هێرش بکەنە سەر ڕەواندز (بۆرکای، ٢٠٠٨: ٣٦٨).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە لەناوچوونی میرنشینی سۆران، دەوڵەتی عوسمانیش لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ناشیرین کردنی وێنەی میرنشینی سۆران و میرەکەی محەمەد پاشا لەبەرچاوی ئەو دەوڵەتانە، بۆیە هەموو ئەو دەوڵەتانە لەسەر ئەوە کۆکبوون کە کۆتایی بە میرنشینی سۆران بهێنن.

جگە لەو هۆکارانەی کە باسمان کردن، کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆش هەبووە بۆ لەناوچوونی میرنشینی سۆران، هەموو ئەمانە یارمەتی عوسمانی دا، کە ئاسانتر بەسەری زاڵ بێت. بەتایبەتی کەسایەتی میر هەرچەندە هەوڵی داوە ژیانی خەڵک باش بکات و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دروست بکات، بەڵام فریزەر دەڵێت: "**محەمەد پاشای ڕەواندز لەهەمان کاتدا کەسێکی خۆسەپێن بووە لەسزادان و کوشتن سڵی نەکردۆتەوە هەرچی هاتۆتە سەر ڕێگای واتە کۆسپ بووە بۆ ئامانجەکەی لەناویدەبرد**" (فریزەر، ١٩٩٨: ٣٤). لونگرێک دەڵێت: "**محەمەد پاشای ڕەواندز زیاتر کەسێکی ترسێنەر بووە لەوەی کە کەسێکی خۆشەویست بێت و هەندێک خەڵک حەزیان لە چارەی نەبووە و دەیانویست لەناوبچێت**" (لونگریک، ١٩٦٨: ٣٤٣). کاوس قەفتانیش دەڵێت: "**محەمەد پاشا لە کاتی فراوانخوازییەکانی سنووری میرنشینی سۆران لە ناوچەکانی بابان، بۆتان، ئەردەلان و بادینان خەڵکێکی زۆری کوشت و تاڵان و وێرانکارییەکی زۆری بەجێ هێشت، ئەو کوشتارە زۆرەی بەرانبەر ئێزدییەکان کرد بەمەش خەڵک چاوەڕێی تۆڵە و لەناوچوونی محەمەد پاشایان دەکرد**" (قەفتان، ٢٠٠٦: ٦٤). لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا خەڵکی بادینان گلەیی زۆر لە سیاسەتی محەمەد پاشای ڕەواندز دەکەن بەرانبەر خەڵکی هەژار (دۆسکی، ٢٠١٥: ١٣٧).

سەرەڕای ئەو هەموو فراوانخوازی و شەڕکردنەی کە لەسەر شانی خەڵک بوو قوربانی زۆریشیان دا و باری سەرشانیان زور قورس بوو، چونکە خەڵک هەژار و برسیبوون کە تەواوی ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ دەستکەوتنی نان, ئەویش زۆر زەحمەت بوو (بۆرکای، ٢٠٠٨: ٣٢٧). لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ٩ی حوزەیرانی (١٨٣٥)دا ئاماژە بەوە دە کات کە: **"کاتێک کە محەمەد پاشا لەگەڵ عەساکری مەنسورە و سەربازەکانی تر لە کەرکوک ماونەتەوە بە بیانوی سەربازییەوە لە خەڵکی کەرکوک زەخیرە و پارەی لە خەڵکی هەژار و دەستکورت کۆ کردۆتەوە هەروەها عەساکری مەنسورەی توشی جۆرەها دەردەسەری کردووە، پێچەوانەی ئەوەی دەوڵەت نوسیویەتی ئەنجامی دەدات. ڕۆژانە بە پارە کۆکردنەوە ئاسایش و ئەمنیەتی هەموو خەڵکی تێکداوە ئەم کارەشی بۆ مەبەست و سوودی خۆی ئەنجامداوە"** (عادل٢٠١٧: ٣٦). ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵکی سۆرزیان بەرامبەر بە میر محەمەد کەم بێتەوە لەکاتی هێرشی عوسمانی بۆ سەر ڕەواندز، بەڵگەنامەکانی عوسمانیش ئەمە دووپاتدەکەنەوە کە میر محەمەد دوژمنی زۆری بۆ پەیدابوو بەهۆی کاری فراوانخوازییەکانی. بەمەش خاڵێکی ئەرێنی بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی هێرشکردن (هاکان، ٢٠١٢: ٨٤). لەو بەڵگەنامەیەدا عوسمانییەکان محەمەد پاشای ڕەواندز تاوانبار دەکەن بە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە چونکە کارەکانی محەمەد پاشا لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوون.

بۆیە سوڵتانی عوسمانی ژمارەیکی زۆر لە سەرباز ڕەوانەی ڕەواندز کردووە، بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە (هاکان، ٢٠١٢: ٨٦). ئەمانە دەستپێکی لێدانی دەسەلاتی محەمەد پاشای ڕەواندز بوون. واتە بڕیاری لێدانی میرنشینی سۆران دەرچوو. لەگەڵ ئەوەش دانانی محەمەد ئینجە بەیرەقدار نیشانەیەکی تر بوو لە موسڵ بۆ لێدانی میرنشینی سۆران و دەسەلاتە کوردییەکان.

بەگشتی بەیرەقدار کەسێکی زیرەک و بەتوانا بووە لە ڕووی سەربازی و هونەری شەڕکردن (گیست، ٢٠١٢: ١٩٣).

بەیرەقدار دوژمنێکی سەرسەختی کورد بوو، هەموو هەوڵێکی ئەو والییە لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان بوو (لونگرک، ١٩٦٨: ٣٤٠)، چونکە بەیرەقدار کاتێک دەسەڵات وەردەگرێت، بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرکەوتوو نابێت تا دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لەناونەبات، بەتایبەت مەترسی میرنشینی سۆران لەسەر بەرژەوەندیی عوسمانی لەناوچەکە کە وەکو کۆسپ وابوو، لە ڕێگای چەسپاندنی سیاسەتی ناوەند و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر دەسەڵات و سیاسەتی بەیرەقدار لە موسڵ هەبوو. بۆیە هەر لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵات لە موسڵ سیاسەتی لەناوبردنی میرنشینی سۆرانی پەیڕەوکردووە (نوار، ١٩٦٨: ١٠٤)، چونکە ناردنی بەیرەقدار بۆ موسڵ هۆکارێک بوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، لە نامەیەکی عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە کە تێیدا هاتووە محەمەد ئیتجە بەیرەقداری ناردووە بۆ موسڵ بۆ ئەوەی کێشەی ڕەواندز چارەسەر بکات، توانا و بەهێزی بەیرەقدار وادەکات عەلی ڕەزا دڵنیا بێت کە دەتوانێت ئەم کارە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات (هاکان، ٢٠١٢: ٨٨).

کاتێک هێزەکانی میری ڕەواندز محەمەد پاشا لە دواوە دەبنە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژی فراوانخوازی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی لە شام و بەشێک لە ئەنادۆل، شام و عێراق. بەمەش دەسەڵاتی عوسمانی سەرکردایەتییکی هاوبەشیان لە مەلاتیە بەسەرکردایەتی بەیرەقدار دروستکردووە بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران لە کوردستان (غازی، ٢٠١٦: ١٧١). بۆیە بەیرەقدار لە ماوەی

فەرمانڕەوایی خۆی لە موسڵ زۆر جار هەوڵی لەناوبردنی میرنشینی سۆران و محەمەد پاشای ڕەواندزی داوە, تەنانەت هێرشی کردۆتە سەر بەڵام سەرکەوتوو نەبووە (حوزنی، ٢٠٠٧: ٦٤) و (عەلی، ٢٠١٢: ٦٤)، تا ئەو کاتەی لەشکری عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی ڕەشید پاشا ئامادەکرا بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەریەک لە عەلی ڕەزا والیی بەغدا و محەمەد ئینجە بەیرەقدار والیی موسڵ (صائغ، ١٩٢٧: ٣١٢).

هەرچەندە سەرەتا عەلی ڕەزا پاشا ناڕازی دەبێت بەرامبەر بەوەی ڕەشید پاشا سەرکردایەتی سوپای عوسمانی بکات بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، چونکە ئەمە بە دەست تێوەردان دادەنێت لە کاروباری عێراق (هاکان، ٢٠١٢: ٨٨). بەڵام لەژێر چاودێری ڕەشید پاشا بە واژووی عەلی ڕەزا پاشا والیی بەغدا لەسەر مەسەلەی ڕەواندز دووبارە ڕەزامەندی دراوە یەک لیوای عەسەکەری ڕەوانەی ڕەواندز بکرێتەوە تا بتوانرێت بەپەلە ئەم ناوچەیە کۆنترۆل بکرێتەوە و ئەو مەسەلەیە دابخرێت (عادل،٢٠١٧: ٣٨). لە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانیدا کە لە ١٠ی حوزەیرانی (١٨٣٦)دا دەڵێت: "**بەپێی نوسراوێک کە لە لایەن والی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا نوسراوە ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کراوە، تێدا هاتووە والی سیواس ڕەشید پاشا لەگەڵ سوپایەکەی کە پیادە و سوارە لە موسڵ نزیک بۆتەوە لەگەڵ والی موسڵ محەمەد پاشا بەیەکەوە ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ڕەواندز. هەروەها ڕەشید پاشا بە نیازە لە ڕێگەی کەرکوکەوە ڕوو بکاتە ڕەواندز تا بتوانێت ڕەواندز لە ڕووی ئاسایش و ئەمنیەتەوە جێگیر بکەن**" (عادل،٢٠١٧: ٣٨).

هەرچۆنێک بێت ئەمە چارەسەر کرا، چونکە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو بۆ لێدانی میرنشینی سۆران و لەناوبردنی محەمەد پاشای ڕەواندز، بۆیە دەبێت هەماهەنگی و یارمەتی هەبێت لەنێوان عەلی ڕەزا و بەیرەقدار و ڕەشید پاشا هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ئاداری (١٨٣٧)دا هاتووە لە نێوان والیی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا و والیی

سیواس ڕەشید پاشا پەیوەندی و هەواڵ گۆڕینەوە هەبوو لە بارەی ڕەواندزەوە، بەپێی ئەو نووسراوەی پێشکەشکراوە بۆ کۆنترۆل کردنی ڕەواندز لە نزیکترین شوێن هێز هاتووە و نێردراوە بۆ ئالتون کوپری[٤] سەر بە میرنشینی ڕەواندز ئەو شوێنە لە ڕووی ئەمنی و ئاسایشەوە سەقامگیرکراوە (عادل، ٢٠١٧: ٣٨). بۆیە ڕەشید پاشا و لەشکرەکەی ساڵی (١٨٣٦) سەرەتا هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی سەر بە جزیرە لەوێش بۆ ناوچەکانی تر و دەیویست جزیرە لەژێر دەسەڵاتی میری میرنشینی سۆران دەربهێنرێت. ئەم لەشکرکێشییە ماوەیەک بەهۆی وەرزی زستان ڕاگیرا. بەڵام جارێکی تر بەرەو جزیرە هاتن و دەستیان بەسەرداگرت، بڕیاریاندا کە هێرش بکەنە سەر ڕەواندز (هاکان، ٢٠١٢: ٨٩-٩١).

بڕیاردرا لەشکری ڕەشید پاشا بەیارمەتی عەلی ڕەزا والیی بەغدا لەگەڵ والیی موسڵ لەو شوێنە دەست پێ بکات کە دەچوونە ناو دڵی میرنشینی سۆرانەوە، بە لێدانی ناوچەکانی دەوروبەر بەمەش هێرشکرایە سەر ئێزیدییەکان لەسەر ڕێگای نەسیبین[٥] و ماردین[٦] کە نەخشە ڕێگای لەناوبردنی میرنشینی سۆران بوو (نوار، ١٩٦٨: ١٠٤-١٠٥). هێزەکانی ڕەشید پاشا لە جزیرە بەرەو زاخۆ و ناوچەی بادینان و موسڵ هاتن لەگەڵ هێزی بەیرەقدار بەرەو ڕەواندز بەڕێکەوتن (زەکی، ٢٠٠٥: ٩١). هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا هاتووە کە لیوای پیادە و لیوای سواره لە لایەن والیی سیواس ڕەشید پاشا نێردران کە فەرمان دەرچووە, ئەم دوو لیوایە یەکەم جار دەچنە بەغدا و لەوێشەوە ڕوودەکەنە ڕەواندز ، بەڵام ئەم سەربازانە توشی ناخۆشی و ماندووبوون دێن، بۆیە هەر لە دیاربەکرەوە ڕوودەکەنە ڕەواندز، چونکە ڕەشید پاشا لە موسڵ نزیکە و ئەو لیوایە ڕادەستی محەمەد پاشای والیی موسڵ بەیرەقدار دەکرێت و لەوێشەوە ڕوودەکەنە کەرکوک و دوایی بۆ ڕەواندز، بەڵام هەواڵ لە موسڵ هاتووە, کە تەنیا لیوای پیادە گەیشتۆتە موسڵ دوای ٢٤ ڕۆژ ڕووی کردۆتە کەرکوک. ئەمەش جارێکی تر ڕۆڵی بەیرەقدار بەدیار

دەخات لە هەڵمەتی لەناوبردنی میرنشینی سۆران کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە هێرش کردنە سەر ڕەواندز (عادل،٢٠١٧: ٣٩). لەو لاشەوە عەلی ڕەزا بەرەو ئالتون کوپری هات و هەوڵێریشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (نوار، ١٩٦٨: ١٠٧). بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە تەممووزی (١٨٣٦) باسی قەڵای ئالتون کوپری دەکات و دەڵێت: "قەلای ئالتون کوپری کە سەر بە دەسەڵاتی ڕەواندزە و لە دەستی هێزەکانی محەمەد پاشای ڕەواندز دان، بۆیە دەوڵەت ٢٠ هەزار سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شوێنە ناردووە دوای دوو ڕۆژ ئەو شوێنە کۆنترۆڵکراوەتەوە، دواتر ئەو هێزە ڕووەکاتە سەنجەقەکانی هەولێر و کۆیسنجەق و هەریر تا ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵبکرێنەوە (عادل،٢٠١٧: ٣٩).

لە بەڵگەنامەیەکی تر باسی خۆبەدەستەوەدانی ئالتون کوپری دەکرێت، دەوڵەت بەسەرکردایەتی ڕەشید پاشای والیی سیواس ٢٠ هەزار سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شوێنە ناردووە دوای دوو ڕۆژ و هەژدە کاتژمێر شەڕکردن تفەنگچییەکانی قەڵای کۆپری هاتونەتە خوارەوە و خۆیان بەدەستەوە داوە، ئەو شوێنە کۆنترۆڵکراوەتەوە، لەدوای ئەوە ئەو هێزە بەتەمایە ڕووبکاتە سەنجەقی هەولێر و لەوێشەوە بۆ کویسەنجەق و هەریر و ڕەواندز تا ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵبکاتەوە (عادل،٢٠١٧: ٤٠).

بەم شێوەیە هێرش بۆ سەر میرنشینی سۆران دەستیپێکرد. هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە ساڵی (١٨٣٧)دا هاتووە والیی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا نوسراوێک لەبارەی مەسەلەی ڕەواندز ڕەوانەی دەوڵەت دەکات کە دەست کراوە بە هێرشی سەر ڕەواندز و دەست بەکاربوون بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەیرەقداری والیی موسڵ (عادل، ٢٠١٧: ٤٠). ئەم هێزانە لە هەریر بەیەکگەیشتن و بارەگای هێزی عوسمانی بۆ هێرشی سەر ڕەواندز

هەر لەو شوێنە دانرا بە سەرپەرشتی ڕەشید پاشا و بە یارمەتی عەلی ڕەزا پاشا و محەمەد ئینجە بەیرەقدار، بەڵام بەهۆی سەختی سروشتی ناوچەکە و هەڵکەوتەی جوگرافیایی ڕەواندز ئەم هێرشکردنە تا ڕادەیەک زەحمەت بوو, بۆیە هێرشەکانیش لەو ماوەیەدا بێ سوود بوون بەرامبەر بە لەشکری میرنشینی سۆران (زەکی، ٢٠٠٥: ٩١). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە میرنشینی سۆران بەرگری کردووە و شەڕیشی کردووە لەگەڵ سوپای عوسمانی. هەروەکو لە بەڵگەنامەی عوسمانیش دەردەکەوێت (عادل،٢٠١٧: ٤٠). بۆیە ڕەشید پاشا ڕێگەی تری بەکارهێنا, چونکە زانی کە محەمەد پاشای ڕەواندز خاوەن هێزێکی سەربازی بەهێز و چەک و تەقەمەنییەکی زۆرە، هەروەها سروشتی ناوچەکە سەرکەوتنی ڕەشید پاشا زۆر زەحمەت دەکات, بۆیە لە ڕێگەی ئابلوقەدانی ڕەواندزەوە، کە ئازوقە و ئاوی لەسەر خەڵک قەدەغەکردن و ئەمیش بارودۆخەکەی زۆر نالەبار کرد. بەهۆی برسییەتی و تێنوێتی، خەڵک نەیانتوانی تا سەر بەرگری بکەن و ناچار خۆیان بەدەستەوە بدەن، لێرەدا بیروڕای جیاواز سەبارەت بە کەوتنی میرنشینی سۆران هەیە، بەڵام هەندێک سەرچاوە باسی ئەوەدەکەن کە خیانەت لە محەمەد پاشای ڕەواندز کراوە ناچاری کردووە کە خۆی بەدەستەوە بدات (جەلیل، ٢٠١٥: ٢٢)، سەرەڕای ئەوەی ڕەسول بەگی برای باسی خیانەت دەکات، گوایە عوسمانییەکان نەیاندەویست بە شەڕ کۆتایی بەم کارە بهێنن، بۆیە لە ڕێگای گفتوگۆ محەمەد پاشای ڕەواندز چووە لای ڕەشید پاشا و بەڵام دەستگیرکرا و ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرا (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ١٩٩).

هەندێک سەرچاوەی تر باسی مەلای خەتێ دەکەن، کە هۆکاری ڕاستەوخۆی کەوتنی میرنشینی سۆران بووە، هەروەها خۆ

بەدەستەوەدانی محەمەد پاشا بەوەی ڕەشید پاشا نامەی بۆ ناردووە، کە فتوا دەربکات هەرچی لە دژی لەشکری عوسمانی شەڕ بکات دەرچوونە لە ئیسلام (زەکی، ٢٠٠٦: ٢٨٣)، بۆیە ئەمە بە کاریگەر دادەنێن لەسەر ساردکردنەوەی لەشکری میرنشینری سۆران دژی عوسمانییەکان (جالیاند، ٢٠١٢: ٤٧) ڕاستە پیاوانی ئاینی ڕۆلێکی سەرەکییان لە کۆمەڵگادا هەبووە کاریگەر بوونە لەسەر خەڵک، بەڵام مەلای خەتێ فتوای لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک دەرکردووە و بەپێی پرس و ڕاوێژی میر ئەم کارەی کردووە، واتە بە ئاگاداری میر محەمەد پاشای ڕەواندز فتوای دەرکردووە (مەزوری، ٢٠٠٩: ٢٩). هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە مەلای خەتێ تاکە هۆکار نەبووە بۆ کەوتنی میرنشینی سۆران. محەمەد پاشا خۆی کەسێکی پابەند بووە بە شەریعەتی ئیسلامی، بۆیە شەڕکردن لەگەڵ لەشکری عوسمانییەکان لەلای ئەویش دەرچوونە لە یاساکانی ئیسلام (عەلی، ٢٠١٠: ٧٤).

لە ڕاستیدا لەناوچوونی میرنشینی سۆران هەروەکو (پۆژۆلا) باسی دەکات کارێکی بڕیار لەسەر دراوی عوسمانی بوو، کە چۆن لەشکرێکی ٤٠ هەزار سەربازی دەوری ڕەواندوزی گرتووە و ئابلوقەی داوە. محەمەد پاشای ڕەواندزیش زانی ڕزگاری نابێت و ناتوانێت بەرامبەر بەم لەشکرە گەورەیە سەربکەوێت، بۆیە خۆی بەدەستەوە دا (پۆژۆلا، ٢٠٠٩: ٥٢). بەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەد پاشا هات، کە پلانێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە یارمەتی ئینگلیز بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان. بەمەش محەمەد پاشای ڕەواندز دوای خۆ بەدەستەوەدانی ڕەوانەی ئەستەنبۆل کرا، ڕەسول بەگی برای باسی دەکات, محەمەد پاشا لەگەڵ (٥) کەس ڕەوانەی ئەستەنبۆل کرا، هەرچەند بڕیاری بەخشین و لێخۆشبوون بۆ محەمەد پاشا دەرچوو کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بکرێتە دەسەڵاتدار، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیدا چارەنوسی نادیار دەبێت (زەکی، ٢٠٠٦: ٢٨٣). بەڵگەنامەیەکی عوسمانی باسی لێبوردنی محەمەد

پاشا دەکات و دەڵێت" لێبوردنی باڵا بۆ محەمەد پاشا دەرکراوە پلەی فەریقی لە لای سوڵتانی عوسمانی پێدرا کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بکرێتە دەسەڵاتدار لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستیدا بوون "(هاکان ، س.پ:١٨٥). بەڵام عەلی ڕەزا ڕازی نەبوو، بۆیە کەوتە کارکردن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت میر بگەڕێتەوە بۆ کوردستان چونکە بەمەترسی دادەنێت لەسەر دەسەڵاتی خۆی لە بەغدا و دەسەڵاتی بەیرەقدار لە ویلایەتی موسڵ. عەلی ڕەزا دەورێکی باڵای هەبوو لە نەگەڕانەوەی محەمەد پاشا بۆ کوردستان و هەوڵەکانیشی سەرکەوتوو بوون لە ڕازیکردنی کاربەدەستانی عوسمانی بۆ ڕێگری کردن لە محەمەد پاشای ڕەواندز. هەروەک لە بەڵگەنامەی عوسمانیدا هاتووە، لەسەر داوای عەلی ڕەزا والیی بەغدا لە ٣ی حوزەیرانی (١٨٣٧) فەرمانێک دەرچوو بۆ مانەوەی محەمەد پاشا لە ئاماسیە دواتر بگوازرێتەوە بۆ ڕۆملێ (هاکان، ٢٠١٢: ٩٧). بۆیە دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا بە گواستنەوەی میر محەمەد پاشای ڕەواندز بۆ ئەماسیە تا لەوێ نیشتەجێ بکرێت. لە (١٨٣٧/٦/١٢) (میر محمد) گەیشتە ئەماسیە و نیشتەجێکرا (هاکان، ٢٠١٢: ٩٧). دواتر علی ڕەزا والیی بەغدا بەهاوکاری والیی سیواس توانی دەرسەعادەت ڕازی بکات لە ڕێگای ئەنادۆل میری ڕەواندز بگڕێت و ڕەوانەی ناوچەیەکی دووری وەک ڕۆملێ بکرێت کە دەکەوێتە باشووری هەرێمی بەلقانەوە دواتر لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ڕۆملێ نیشتەجی کراوە (عادل، ٢٠١٧: ٤٢).

بەم شێوەیە بە چارەنووسێکی نادیار دەسەڵاتی محەمەد پاشا کۆتایی هات. هەرچەندە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی (١٨٣٨) محەمەد پاشا بە کۆچکردوو ناو دەبات (عادل،٢٠١٧: ٤٢). هەروەها بەڵگەنامەیکی میسریش باس لەوە دەکات میری ڕەواندز لە ٢٦ی ئاداری (١٨٣٨) مردووە، زۆرێک لە سەرچاوەکانیش باسی ئەوە دەکەن کە محەمەد پاشا لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی (١٨٣٧) دەکوژرێت

(هاکان،۲۰۱۲۰: ۹۷). (دەبلیو ئار های) باس لەوە دەکات و دەڵێت محەمەد پاشای ڕەواندز ساڵی (۱۸۳۸) کۆژراوە (های، ۲۰۱۰: ۱۸۷) دەسەڵاتی محەمەد پاشا کۆتایی هات، بەڵام میرنشینی سۆران کۆتایی نەهات. لەم بارەیەوە ڕۆڵی بەیرەقدار بەڕوونی دەردەکەوێت لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی محەمەد پاشای ڕەواندز کە یارمەتی لەشکری عوسمانی دا لە کاتی هێرشی بۆ سەر ڕەواندز و هەروەها موسڵی وەکو بنکەیەکی سەرەکی بەکارهێنا بۆ ئەم هێرشە.

دوای دەستبەسەرکردنی میر محمد، چەندین پێشهات و ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوویاندا، وەکو تاڵانی عوسمانییەکان لە شارەکان و پەرتەوازەیی لەشکری میرنشینەکە و وێرانکردنی کارگەکان و بوونی ئاژاوە لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتدار و نەبوونی کەسێکی بەتوانا وەک (میر محمد) بۆ شوێن گرتنەوە، کە جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، هەرچەندە (ڕەسول بەگ) برای بە جێنشینی میر محمد دیاریکرا، بەڵام نەیتوانی میرنشینەکە لەو دۆخە ناهەمواوە ڕزگاربکات. بۆیە میرنشینی سۆران و بەشێکی فراوانی کوردستان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی (نیز،۲۰۰۳: ۱٦۸).

ئەنجامەکان:

۱. تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەک شۆڕشی یۆنان و شەڕی لەگەڵ ڕووسیا و فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشا والیی میسر. دەرفەتێکی زێڕینی دایە میر محەمەدی ڕەواندزی بۆ ئەنجامدانی فراوانخوازییەکانی.

٢. دەوڵەتی عوسمانی محەمەد ئیجە بەیرەقداری والیی موسڵ, کە ئەزمونێکی هەبوو لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی، دەستنیشان کرد بۆ گەڕاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەندی.

٣. محەمەد ئیجە بەیرەقدار دوژمنێکی سەرسەختی میرنشینە کوردییەکان بوو بە گشتی و میرنشینی سۆران بە تایبەتی, چونکە سیاسەتێکی زۆر توندوتیژی هەبوو بەرانبەریان. بەیرەقدار سەرکەوتوو بوو لە پیادەکردنی سیاسەتەکەی کە ئەویش بریتیبوو لە لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی.

٤. بۆ لێدانی میرنشینە کوردییەکان هاوکارییەکی باش هەبوو لە نێوان والیەکانی بەغدا و سێواس و والیی موسڵ بەیرەقدار. بەڵگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە لە سەرەتادا ئاسان نەبوو بەسەر سوپای میرنشینی سۆران زاڵبن, بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی جۆرەها ڕێگا بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

٥. هێرشکردنە سەر میرنشینی سۆران کارێکی بڕیار لەسەردراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە ئینگلیز ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە داڕشتنی نەخشەکەی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میر محەمەدی ڕەواندزی.

٦. سەرەڕای ململانێ لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام دەوڵەتێکی عوسمانی لاوازیان پێ باشتر بوو لە میرنشینێکی کوردی بەهێز کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت.

هەولێر

پەراوێزەکان:

(١) مەبەست لە لاهیجان ناوچەیەکی دەشتایی ناوچەی موکریانە بەناوی (لاجان) کە بە دیاریکراوی دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری سەردەشت و پیرانشار. (شوعەرا، ٢٠٠٨: ١٩٢-١٩٦).

(٢) ڕێکەوتنی کۆتاهیە: ئەو ڕێکەوتنە بوو کە لەنێوان عوسمانییەکان و هێزەکانی میسر مۆرکرا (١٨٣٣) لە ژێر فشاری دەوڵەتانی ڕووسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ ئەوەی شەڕ ڕابگرن لە نێوان عوسمانی و هێزەکانی میسر، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنەکانی ئیبراهیم پاشای سەرکردەی هێزەکانی میسر لە شام٠ (کولن,٢٠١١: ٢٨٠)

(٣) ڕاپەڕینی وەهابییەکان جولاناوەیەکی ئاینی بوو لە سەدەی هەژدە و نۆزد لەسەر دەستی محمد کوری عبدالوهاب (١٧٠٣ز) کە لە شاری عەینەی باکووری ریاض سەری هەڵدا" ئەم بزتنەوەیە داوای چاکسازی ئاینی دەکرد بە یەکتاپەرستی خودا و وازهێنان لە (بدعە) پاش ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لە تەواوی نیمچە دوورگەی عەرەبی بڵاوبووەوە لە ساڵی (١٨١٨)ز لەلایەن محمد علی پادشای میسر کۆتایی پێهات. (عودة؛ الخطیب,١٩٨٩-١٢٨-١٣٤)

(٤) ئالتون کوپری: شارۆچکەیەکە، لەسەر ڕێگای نێوان کەرکوک -هەولێر. پردێکی ئاسن و یەکێکی تری تەختە هەردوو سەری زێی گەورەی بەیەک دەگەیاند. لە کەتی سەردانەکەی عەبدالرزاق حسنی ناحیەی ئالتون کۆپری (٢٣) گوندی لەخۆدەگرت لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە لیوای کەرکوک بوو. (الحسنی، ٢٠١٣، ١٨٢).

(٥) نەسیبین: قەزایەک بوو لە باشووری لیوای ماردین، لە باکوور بە میدیات و لە خۆرهەڵاتیش بە قەزای جزیرە و لە باشووریش بە سنوورەکانی ویلایەتی موسڵ و میرنشینە سەربەخۆکان بەستراوەتەوە. دانیشتوانەکەی بە زۆری کوردن. (سامی، ٢٠٠٨: ٣١٨)

(٦) ماردین: شارۆچکەیەکە ناوەندی لیوای ماردین بوو، بە دووری ٩٠کم دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی دیاربەکر. (موستران، ٢٠٠٢، ٤٥٢).

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

- ئەدیبو شوعەرا، میرزا رەشید، مێژووی ئەفشار، و: سەلاحەددین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨.
- ئەسفەهانی، عەبدلرەزاق (٢٠٠٩). گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەکانی شنۆ و ورمێ و رەواندوز، و: ئاوات دەولّەت، چاپخانە و دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- ئەسکەندەر، سەعد بەشیر (٢٠٠٩). سەرهەڵدان و روخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- بدلیسی، شەرەفخانی (١٣٨٤). شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، چ٨، پەخشانگای پانیز، تهران.
- بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی (٢٠٠٤). محمد پاشای رەواندوز، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- بۆرکای، کەمال (٢٠٠٨). کوردو کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، و: علی فەتحی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

هەواڵنامەی گێتی

- پۆژۆلا (٢٠٠٩). گەشتنامەی پۆژۆلا بۆ کوردستان سالّی ١٨٣٧، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- جەلیل، جەلیلی و ئەوانی تر (٢٠١٥). شۆڕەشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و: بهادین جەلال مستەفا، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حاجی، کامەران محمد (٢٠٠٧). کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەلاتدا١٨٠٠-١٩٠٠، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- الدملوجي، صديق (٢٠١٠). الايزيدية، ط٢.
- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم (٢٠١٥). سێریا خەلکێ بهدینا ژ هیرشا میری کۆرا د دوکۆمێنتکا دیرۆکیدا، گۆڤارا (دیرۆک)، ژ(٧)، دهۆک.
- ڕۆحانی، بابەشێخ مەردۆخ (٢٠١٣). مێژووی ناوداراني مالّە میران و خونکاران، بەرگی دووەم، هەولێر.
- ریچ، کلودیوس جیمس (٢٠١٢) گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چ٥، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- زەکی، محەمەد ئەمین (٢٠٠٥). سەرجەم بەرهەمی ئەمین زەکی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- زەکی، محەمەد ئەمین (٢٠٠٦). خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ، بەرگی ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- سامی، شمس الدین، کوردو کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لەمێژوودا، و: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

- سەجادی، عەلائەین (٢٠٠٥). شۆرشەکانی کورد و کۆماری عیراق، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئەتلەس، تاران.

- عادل، کاروان محەمەد (سالّ نییە). هەڵوێستی والی موسڵ محەمەد ئیجە بێرقدار بەرامبەر میرنشین و قەوارە کوردییەکان (١٨٣٤-١٨٤٣), فاکەڵتی ئاداب, زانکۆی سۆران.

- عەلی، عوسمان (٢٠١٠). چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابانزادە، ب١، چاپخانەی ڕێی نوێ، هەولێر.

- عەلی، عوسمان (٢٠١٣). کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، و: کامەران جەمال بابانزادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عەلیاوەیی، عەبدوڵڵا (٢٠٠٤). کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا،چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- فرەیزەر، جیمس بیلی (١٩٩٨). گەشتەکەی فریزەربۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا ١٨٣٤، وە: ئومید ئاشنا، چاپخانەی تیشک، هەولیر.

- قفتان، کاوس (٢٠٠٦). چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان، چ٢، چاپخانەی ئۆفسیتی ڕاز، سلێمانی.

- قەفتان، سالّح (٢٠٠٩). سێ لێکۆلینەوەی مێژووی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

هەوالنامەی کێشە

- گیست، جون س (۲۰۱۲). زیان ل ناف کورداندا، میزوویا ئیزیدیان، و: داود خه تاری، چاپخانەی هاوار، دهوک.

- لازاریف (۲۰۱۵) مێژووی کوردستان، و: هۆشیار عبدالله سنگاوی، چاپی ٦، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

- مزوری، مەمدوح (۲۰۰۹). بنەماڵەی بەناوبانگی ڕەواندز، چاپی دووەم، چاپخانەی جندیان، هەولێر.

- مەدەنی، حسین (۲۰۰۹). کوردستان لە ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی۱، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هاکان، سینان (۲۰۱۲). کورد و بەرخودانەکانی لە بەلگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی دا ۱۸۱۷-۱۸٦۷، و: بەکر شوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- های، دەبلیو ئار (۲۰۱۰). دوو ساڵ لە کوردستان، و: لقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران و دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی شازدەهەمدا، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (رواندز و پێگەییکی ژیاری به دەوڵەتبوون لە مێژووی کورد دا، ۱۹-۲۰ ئایاری ۲۰۱٦.

- هەروتی، سەعدی عوسمان (۲۰۱۳). چەند لایەنێکی مێژووی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان له سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- وزنی، حوسێن (۲۰۰۷). سەرجەم بەرهەمی، مێژووی میرانی سۆران، بەرگی ۱، کۆکردنەوەو لەچاپ دانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- احمد، ابراهيم خليل (١٩١٨) الحياة الثقافية و الحياه الفكريه فى الموصل ابان عهد العثمانى ٩٢٢-١٣٣٦.
- البوتاني، عبدالفتاح علي يحيى (١٩٩٠). تنظيمات امير محمد باشا العسكرية والإدارية والاقتصادية في امارة سوران، مجلة كاروان، ع (٨٧)، اربيل.
- جاليانـد، جيرارد (٢٠١٢). شعب بدون وطن الكرد والكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، اربيل.
- جويدة، وديع (٢٠١٣). الحركة القومية الكردية نشأتها و تطورها، مطبعة اراس، اربيل.
- الحسنى، السيد عبدالرزاق، رحلة في العراق أو خاطرات الحسني، رافدين للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، بيروت ٢٠١٣.
- زكى، محمد امين (٢٠٠٦). مشاهير الكرد و كردستان في العهد الإسلامي، ت: سانعة زكى بك، ج١، ط٢، (دمشق.
- سمايل، عثمان عبدالرحمن (٢٠٠٩). إمارة سۆرانمن بداية القرن الثامن العشر حتى عام ١٨٣٦م، رسالة ماجستير لكلية الاداب قسم التاريخ، جامعة صلاح الدين، اربيل.
- سيدو، علي (٢٠١٢). من عمان إلى العمادية او جولة في كردستان الجنوبية، ط٢، مطبعة اراس، اربيل.
- صائغ، سليمان (١٩٢٧). تاريخ الموصل، ج١، المطبعه السلفيه، القاهره.
- عبدالسلام، عماد (٢٠١٢). دراسات وثائقية فى تاريخ وثائيقية فى تاريخ الكرد الحديث و حضاراتهم،ط١، دارالزمان للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق.
- علي، علي شاكر (بدون سنة) نظام الحكم والادارةوالجيش تشكيلات الادارية العثمانيه ٩٢٢-١٣٣٦ه/ ١٥١٦-١٩١٨.

هەژار الشامی کتێب

- عودة، محمد عبدالله؛ الخطيب، ابراهيم ياسين، تاريخ العرب الحديث، الاهلية للنشر والتوزيع، القاهرة ١٩٨٩.
- غازي، على عفيفى علي (٢٠١٦). الجزيرة العربية والعراق فى استراتيجية محمد على، مطبعة الرافيدين، بيروت.
- كولن، صالح، صلاطين الدولة العثمانية، ت: متي جمال الدين، دار ئاراس للطباعة والنشر، القاهرة ٢٠١١.
- الگوراني، على سيدو (٢٠١٢). من عمان الى عمادية او جولة فى كردستان الجنوبية،ط٢، مطبعة اراس، اربيل.
- لورينك، ستيفن هيمسلى (بدون سنة). اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث، ت: جعفر الخياط،ط٥،الرافدين للطباعه و النشر.
- موستران، س، المعجم الجغرافي للامبراطورية العثمانية، ت: عصام محمد الشعادات، دار ابن عزم للطباعة والنشر، بيروت ٢٠٠٢.
- نبز، جمال (٢٠٠٣). الامير الكردى مير محمد الرواندوزى الملقب مير كورة، ترجمة: فخرى صلاحشور،ط٢، مطبعة وزراره التربية، اربيل.
- نوار، عبدالعزيز سليمان (١٩٦٨). تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا، قاهيرة.
- هروتي، سعدى عوسمان (٢٠٠٨). كردستان والامبراطورية العثمانية، مطبعة خاني، دهوك.

هەولێر کتێبخانەی گشتی

ملخص:

مـع أن تـاريخ أمـارة سـوران أقـدم كثيـرا مـن تـاريخ تسـلم الأميـر محمـد الرواندوزي المعروف ب (ميري كورة) للسلطة لم تعرف الأمارة بأسها وقوتها الا فـي عصره حيث استطاع ان يوسع حدود سلطاته مما شكل خطرا على الدولـة العثمانية وكذلك على الأيرانيين ومصالح الدول العظمى مما حدا بسلطات الدولـة العثمانيـة بأتخـاذ قرار لأعـادة هذه الأمـارة الـى السلطة المركزيـة ومـن أجـل هذا اسندت المهمـة الـى واحد مـن أكثـر الـولاة كفـاءة وتشـددا ألا وهـو (محمـد ئينجـة بيرقدار ١٨٣٤ ـ ١٨٤٣).

تهـدف الدراسـة الـى عـرض السياسـة العثمانيـة بشـكل عـام و سياسـة والـى الموصل ئينجة بيرقدار تجاه امارة سوران و الامير محمد الرواندزى بشكل خاص, كذلك تهدف الى عرض و تحليل مواقف الدول الكبرى تجاه امـارة سوران و الأزمة التى أحدثها الوالى بيرقدار مع الامارة.

تتكون الدراسة من مبحثين: المبحث الأول يتضمن ملخصـا تاريخيـا عن أمارة سوران والأطوار التي مرت بـها الى تسلم الأمير محمد الرواندوزي السلطة ومن ثـم يتحدث عـن الأطمـاع التوسعية لهذا الأمير والاساليب التي اتبعها في سبيل تطبيق سياسته التي أحدثت شرخا كبيـرا في علاقاته الأقليمية خاصـة مع الدولة العثمانية كذلك تذمرا داخليا من قبـل بعض الطوائف. أما المبحث الثـاني : فيركز على سياسة الدولة العثمانية تجاه امارة سوران و موقف القوى الكبرى تجـاه الامارة والخطوات التي اتبعها في تطبيق سياسته المتشددة تجاه هذه الأمـارة من ضمنهـــا تحريك القطاعات العسكرية كذلك يبحث في الأساليب التي أدت الى تطبيق هـــذه السياسة من قبله أضافة الى الأسباب الداخلية والخارجية التي أدت الى سقوط أمارة سوران على يد الدولة العثمانية. لكتابة هذا البحث كان الاعتماد على مصادر مختلفة وخاصة الوثائق حيـــث أعتمد على عدد من الوثائق الغير منشورة من أرشيف الدولة العثمانية أذ كانت لتلك الوثائق أهمية كبيرة أضافة الى بعض الوثائق المنشورة والكتب المؤلفة في هـــذا المجال. وفي الختام تضمن المبحث أهم النتائج أضافة الى ملخص للبحث باللغتين العربيـــة والكردية.

Abstract

Ottoman Empire assigned some qualified and expert rulers in order to perform their policy and bind Kurdish Emirates directly to Istanbul in the first half of 19th century. One of these ruler was (Mohammed Enje Bairaghdar 1834-1843) who generally had a tough attitude and position toward Kurdish Emirates, especially Soran Emirate, which had been attacked under his leadership for several times. Due to the importance of the topic and lack of an academic research, the current research has been devoted to investigate the position of the mentioned figure, therefore the research entitled; "The position (status) of Mohammed Enja Bairaghdar toward Soran Emirate". The research aims to present the ottomans policy of the governor of Mosul Enje Baireqhdar towards the emirate of Soran and Meer Mohammed Rawanduzi. It,as well as, aims to show and analyzze the attitudes of the great states towards the emirate of Soran and the crisis that was created by the governor Bairaqhdar with the emirate.

It consists of two main parts; each of them sheds light on some significant perspective of Bairaghdar's policy. The first part explains a summary of Soran Emirate history and Meer Mohammed Rawanduzi's who is well known as Meeri Kora, willingness to expand his territory, the second part mentions Barighadar's positions, who was the ruler of Musil, toward Soran Emirate. It, also, talks about the Ottoman military attack and the collapse of the Soran Emirate. At the end of the research, a conclusion and a summary have been presented in both Arabic and English languages which are followed by appendixes and references.

هەواڵنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.11

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

ڕەفیق حلمی وەرگێڕانی لە نووسینەوەی میژوودا

هەوالنامەی کتێبی

دکتۆر شاخەوان عبدالله صابر
- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

پوختە:

ڕەفیق حلمی وەک یەکێک لەڕوناکبیرانی کورد لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وڕۆشنبیری کوردی بەدیارکەوت، بەبەژدار بوونی لە جوڵانەوەکەی شێخ محمودی حەفید وپەرەسەندنەکانی تێکەڵ بەدونیای سیاسەت دەبێت، لەنێوان ساڵانی١٩٣٩-١٩٤٥دەبێتە سەرۆکی پارتی هیوا ئەمەش خاڵی وەرچەرخانی گرنگ دەبێت لەژیانی سیاسی.هاوتەریب لەگەڵ کارکردنی لەبواری سیاسی حلمی چالاکی بەرچاوی هەبووە لەبوارەکانی پەروەردەو فێرکردن وڕۆژنامەوانی وەرگێڕان. هەروەها لەدەستەی دووەمی مێژوونووسانی کوردی پۆلێن کراوە. لەڕێگای نووسینەوەی یادداشتەکانی بەداڕێژەری بەردی بناغەی یادداشت نووسی کوردی هەژمار دەکرێت.

ئامانج لەتوێژینەوەکە بەدیار خستنی ڕێبازی ڕەفیق حلمیە لەنووسینەوەی مێژوو ئەو خاوەنی ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بووە لەم بوارە. هەروەها بەو پەڕی بەرپرسیاریەتی وڕاشکاوی وجورئەتەوە بیروڕاو هەڵوێستەکانی خۆی دەربڕیوە، بۆیەش نووسینی توێژینەوەیک دەربارەی ئەم باسە بەپێویست زانرا. گرنگی توێژینەوەکە لەودا خۆی دەدۆزێتەوە کە بەپشت بەستن بەمیتۆدی شیکاری مێژوویی لەچوارچێوەی توێژینەوەیکی زانستی سەربەخۆ شێوازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو خراوەتەڕوو.

توێژینەوەکە لە دەروازە ودوو تەوەرە ودەرئەنجام. پێکهاتووە. لەدەروازە تیشک خراوەتە سەر ژیانی ڕەفیق حلمی وبەرهەمە مێژووییەکانی. تەوەری یەکەمیش لەژێر ناوی(**ئەو زانستە هاریکارانەی کە ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو سوودی لێوەرگرتوون**)یە. هەروەها(**ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو**) بۆتە ناونیشانی

تەوەری دووەم. لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە تویژەر پێان گەیشتووە.

ووشە کلیلیەکان: ڕەفیق حلمی، یادداشت، مێژوو، شێخ محمود. مقالات، ڕێباز.

ڕەفیق حلمی وڕێبازی لەنووسینەوەی مێژوودا

دەروازە : ژیانی ڕەفیق حلمی وبەرهەمە مێژوویەکانی.

أ- ژیانی ڕەفیق حلمی

کۆڤاری زانکۆی کۆیە

ناوی تەواوی ڕەفیق کوڕی محمد سالّح ئەفەندی کوڕی عبدالله ئەفەندی، کوڕی حاجی غەفوور کوڕی پیرۆز خانی کچی قادر ئاغا، کوڕی همزە ئاغای مەسەرەفە، دایکی ناوی حەلاوە خانی کچی مارف ئاغا کوڕی عەزیز ئاغا بووە بەهۆی خزمایەتیەوە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ محمد سالّحی باوکی ڕەفیق حلمی پێک هێناوە. لەبەر ئەوەی باوکی ئەفسەری ڕەدیف بووە لەسوپای عوسمانی بۆیە لەبەرپابەند بوون بەخزمەتی سەربازی خانەوادەکەی هەر ماوەو لەشوێنێک گیرساونەتەوە بۆیەش ڕەفیق حلمی لەسالّی ١٨٩٨ لەشاری کەرکوک لەدایک بووە.لەسالّی١٩٠٩خوێندنی سەرەتایی لەشاری کفری تەواو کردووە،(سالّح، ٢٠١٨، ١٣). دواتر لەسەر خواستی باوکی دەچێتە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی سلێمانی لەسالّی ١٩١١ خوێندنەکەی تەواو دەکات، دوای ئەوە دڕێژە بەخوێندنی سەربازی دەدات لەئامادەیی سەربازی لەشاری بەغدا، هەر لەوێش مامۆستایکی بەناوی عبدالله حلمی کەدۆستێکی نزیکی خانەوادەکەشی بووە ڕەفیق حلمی خۆشویستووە

لەبەر ئەوە نازناوی حلمی پێدەبەخشێ ئەویش پاشگری حلمی بۆ ناوەکەی زیاد دەکات لەوکاتەوەش بەڕەفیق حلمی دەناسرێ. ساڵی١٩١٣ئامادەیی سەربازی تەواو دەکات لەکاتی خۆئامادەکردنی بۆگەشتی ئەستەمبوڵ بەمەبەستی تەواوکردنی کۆلێژی سەربازی بەهۆی بەکێشەهاتنی لەگەڵ مامۆستایێکی ودواتریش لەگەڵ یەکێک لەپزیشکەکانی نەخۆشخانەیێکی بەغدا تێک دەگیرێن لەئەنجامدا ڕاپۆرتێکی پزیشکی بەرزدەکەنەوە تێدا جەختت دەکەنەوە کە ناوبراو نەخۆشی دڵی هەیە ناتوانێت درێژە بەخوێندنی سەربازی بدات بۆیە بەناچاری لەساڵی ١٩١٤دەچێتە ئەستەمبوڵ،ساڵی دواتر خوێندنی ئەندازیاری لەزانکۆی قوستەنتینیە تەواودەکات، لەوێش تێکەڵ بەکۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەستەمبوڵ دەبێ و پەیوەندی بەکۆمەڵەی (هێفی) دەکات(صابر، ٢٠٠٨ ، ٢٦-٣٤).

لەماوەی دەسەڵاتی شێخ محمودی حەفید (١٩١٨-١٩٢٤)لەناوچەکانی سلێمانی دەوروبەری حلمی دەبێتە ڕاوێژکار ویەکێک لەنزیکەکانی شێخ محمود، پاش ڕاوێژ پێ کردنیشی دەبێتە وەرگێڕ لەگەڵ دەسەڵاتدارە سیاسیەکانی ئینگلیز لەوانەش میجەر نۆئیل وکاپتن بیل (ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦، ٦٩-٨٣). لەشوباتی١٩٢٣(نەک ١٩٢٢ وەک حلمی ئاماژەی پێکردووە) وەک ئەندامی شاندێک بەنوێنەرایەتی شێخ محمود سەردانی تورکیا دەکەن(١) لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە کۆدەبنەوە لەوانەش حسین ڕووف بەگی سەرۆک وەزیران ومستەفا کەمال(ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢ ،١٩٩٢،٦٦-١٣٨). دوای کپ بوونەوەی جوڵانەوەکانی شێخ محمود ڕەفیق حلمی وەک مامۆستا وبەڕێوبەرو سەرپەرشتیارو بەڕێوبەری پەروەردە لەچەندین شاری عێراق وکوردستان دەست بە کار دەبێ(بابان، ٢٠٠٦ ،٣٢٦).

ساڵی١٩٣٩ بەوێستگەیێکی گرنگی ژیانی سیاسی حلمی هەژمار دەکرێ دوای ئەوەی لەلایەن کۆمەڵێک لاوی ڕێکخراوی دارکەران داوای لێدەکرێ سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکەیان بکات،پاش دەربڕینی ڕەزامەندی

گۆڕانکاری گەورە لەسروشتی کاری ڕێکخراوەکە دەکات دوای ئەوەی ژمارەیکی زۆر لەچین وتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان پەیوەندی پێوە دەکەن وناوکەشی دەگۆڕی بۆ پارتی هیوا، وەکو پارتێکی ناسیۆنالیستی پەیوەندی سیاسی، وکاریگەری بەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش هەبووە(مختارات من مذكرات صالح الحيدري،٢٠٠٤، ٢١-٢٣)،بەڵام. بەهۆی بوونی ناکۆکی ڕیزەکانی پارتەکە دووچاری کەرت بوون دەبێت، وە لەساڵی ١٩٤٥ هەڵدەوەشێتەوە (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناکۆکیەکانی پارتی هیوا بڕوانە: شمزینی ،١٩٠،١٩٩٨-١٩٣؛ عبدالله، گۆفاری (ڕابوون)، (سوید)، ژ(٢٦)،١٩٩٩، ٥٧-٦٥).دوای هەڵوەشانەوەی پارتی هیوا ڕەفیق حلمی لەکاری سیاسی دوور دەکەوێتەوە تاوەکو مردنی لەساڵی١٩٦٠ نزیکی ئەم کایە نابێتەوە جگە لەوەی ساڵی ١٩٥٤ وەک بێ لایەنێک خۆی بەربژێر دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەک نوێنەری شاری سلێمانی، وە لەساڵی١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێک سیاسی عەرەب بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆدامەزراندنی پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی کۆماری داوایک پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ دەکەن بەڵام داواکەیان ڕەت دەکرێتەوە (سالح، ٢٠١٨، ٢٢٩-٢٤٧).

ب- بەرهەمە میژوویەکانی(٢)

یادداشت کوردستانی عێراق وشۆڕشەکانی شێخ محمود:

بەگرنگترین بەرهەمی میژووی ڕەفیق حلمی دادەنرێت، کە تێدا تیشکی خستۆتە سەر قۆناغێکی گرنگ وهەستیاری میژووی کورد لەبوارەکانی سیاسی ،کۆمەڵایەتی وئابوری لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) لەوانەش باس کردنی ڕووداو وپەرەسەندنەکانی جوڵانەوەکەی شێخ محمود لەشاری سلێمانی ودەوروبەری وگۆڕانکاریەکانی عێراق وناوچەکە بەتایبەتی جەنگی ڕزگاری تورکی(دەربارەی جەنگی ڕزگاری تورکی بگەڕێوە بۆ: أحمد و

مـــراد، ۱۹۹۲ ،۲۳۱-۲۳۷) بەڕێبەرایەتـــی مســـتەفا کەمـــال(۱۸۸۱-۱۹۳۸)، وپەرەسـەندنەکانی سـوریا دوای جەنـگ ودۆخـی کوردەکـانی بـاکوری کوردســـتان. بـــایەخ وگرنگـــی مێژوویـــی یادداشـــتەکان لەوەدایە کە نووسـەرەکەی بەهـۆی نزیکی لەشـێخ محمـود وکـارکردن لەگەڵ بەرپرسـە ئینگلیزەکان زانیاری وردو گرنگی ئەوڕۆژانەی یادداشت کردووە کە خۆی ئامادەیی تێیاندا هەبووە وەلە هەندێکیشـان بەژدار بـووە .ئەگەر چـی وەک خـۆی ئامـاژەی پێکردووە کەمەبەسـتی ئەو لەتۆمـارکردنی یادداشـتەکانی نووسـینەوەی مێـژوو نـیە بەڵکـو نووسـینەوەی یادداشـتەکانیەتی(ڕەفیق حلمـی، ب٤،١٩٥٦ ،١١٨). هەرچەنـدە نووسـینەوەی یادداشـتیش لایەنێکـی گرنگی مێژووە، هەروەک حلمی لەشـوێنێکی تر دانی بەو ڕاستیە دانـاوە کاتێک باسی نووسینەوەی یادداشتەکانی دەکات بە ڕوونی دەڵێ((خریکم و"خـــــــــاطراتيكي تـــــــــاريخي" دەنوســـــــــــمەوە...دەمەویت خاطراتەکەم(تاريخي)بيـت))(ڕەفیق حلمی،خلاصـەی مسـئلەی کـورد،١٩٣٤ ،لەپێشەکی وەرگیراوە) لەلایێکی تر هاوتەریب لەگەڵ باسـی ژیـانی تایبەتی خـــۆی پانتـــایێکی گەورەی یادداشـــتەکانی بـــۆ بـــاس کردنـــی ڕووداوو پەرەسەندنە مێژوویەکان تەرخان کردووە.

پاڵنەری سەرەکی نووسینەوەی یادداشتەکانی هەروەکو خۆی باسی کردووە ئەوەبـووە کاتێک لەسـاڵی١٩٣٤ لەشـاری موسـڵ مامۆسـتا دەبێ مەجیـد خەدوری(٣)یـش کە مامۆسـتا بـووە لەگەڵ حلمـی وهـاوڕێکی خۆشەویستی بووە کتێبێکی خـۆی بەناوی(المسـئلة السـورية)ی بەدیـاری پێشکەشی کردووە، دوای ورد بونەوە لێی تێبینی ئەوە دەکات کە دۆزی سـوریا وپرسـی دانـانی شـا فەیسـەڵی یەکەم(١٨٨٣-١٩٣٣) بەپادشـای ئەو وڵاتە لەزۆر ڕوەوە بەڕووداو وپەرسـەندنەکانی کوردسـتانی عێـراق و دانانی شـێخ محمـود بەحوکمداری کوردسـتان دەچـێ لەبەر ئەوە پـرۆژەی نووسـینەوەی یادداشـتەکانی لەلا گەڵاڵە دەبێـت وەک خـۆی ئامـاژە بەوە دەکـــات کە لەو ســـاڵەوە دەســـت دەکـــات بەتۆمارکردنیـــان(ڕەفیق

حلمـی،ب١،١٩٥٦، لەپێشـەکی وەرگێـراوە)هەر لەو سـاڵەش لەنووسـینی بەرگی یەکەم بۆتەوە وئامادەکاری دەکات بۆ نووسینی بەرگی دووەم(ڕەفیق حلمی، خلاصەی مسئلەی کورد،١٩٣٤، لەپێشـەکی وەرگیراوە)بەڵام بەورد بونەوە لەو ڕێنووس وزمانەی کەوا لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەچاپی یادداشت بەدیارکەوت بەبەراورد بەبەرهەم وەرگێڕانە کوردیەکان ونووسینەکانی تری حلمی لەڕۆژنامەو گۆفارەکانی سـاڵانی سی بەدواوە هەروەهـا بەراورد بەنووسـینی میژوونووسـانی تـر کـوردو ڕێنووسـی کوردی ڕۆژنامەو گۆفارە کوردیەکانی ئەو ڕۆژگارە جیاوازی زۆر گەورە لەنێوان هەردوو ڕێنووسی ساڵانی سی وپەنجاکان بەدی دەکەین، وە تەنیا بەراورد کردنی ئەو ڕێنووس وزمانەی کە حلمی لەوەرگێڕانی پەرتووکی خلاصـەی مسـئلەی کـوردی لەسـاڵی١٩٣٤ بەکـاری هێنـاوە کە (هاوکـاتە لەگەل تەواو بوونی بەرگی یەکەمـی یادداشـتەکانی) بەسـە بۆ ئەو گومـانە. بەکورتی دەتـوانین بڵێن ئەو ڕێنووسـەی یادداشـتەکانی پێنووسـراوەتەوە نابێ ڕێنووسـی سـاڵانی سـی وچلەکان بێت، بەڵام شـیمانەی ئەوە دەکرێ بەر لەچاپدانی یادداشتەکانی دەستکاری ڕێنووسەکانی کردبێ. بەدووریش نـازانرێ لەبەر کـاری وەزیفـی وگواسـتنەوەی زۆری ڕاژەکەی لەنێـوان شـارەکان چـاپکردنی هەر شـەش بەرگی یادداشـت کەوتبێتە دوای نیـوەی دووەمـی پەنجاکـانی سـەدەی ڕابـردوو، بەجۆرێـک چـوار بەرگـی یەکەمـی یادداشـتەکانی بەسـەر یەکەوە لەسـاڵی١٩٥٦ چـاپ دەکـرێن بەرگـی(٥) لەساڵی١٩٥٧ وبەرگی(٦) یش لەسـاڵی١٩٥٨ دێنە چاپکردن.دواتر پاکیزەی کچـی هەڵدەسـتێت بەکـۆکردنەوەی هەر شـەش بەرگ لەگەڵ هەنـدێک لەیاداشـتەکانی بـاوکی کەدوای مەرگـی دەسـتی کەوتـوون لەسـێ بەرگ چاپیـان دەکـات، بەرگـی یەکەم دووەم لەسـاڵی١٩٨٨ وبەرگـی سـێیەمیش لەسـاڵی١٩٩٢ بڵاوودەکـاتەوە، تێبینـی ئەوە دەکرێـت تەنیـا هەنـدێک لەنووسـینەکانی بەرگـی سـێیەمی چـاپی دووەم کە لەدوای مەرگـی بـاوکی دەستی کەوتوون کەتایبەتە بەگەشتی حلمی بۆ تورکیا بۆ چاپی یەکەمی یادداشت زیاد کراون (صابر، ٢٠٠٧ ،٢٠٠٠).

الاكراد منذ فجر التاريخ الى سنة ١٩٢٠

ئەو بەرهەمە ناونیشانی کۆڕێکە کە حلمی لەساڵی١٩٣٤ لەموسڵ پێشکەشی دەکات ئەوکات لەگەڵ ڕۆشەنبیرانی شارەکە هەرماوەی کۆڕێکی زانستی دەبەستن وتاوتوێی بابەتێک دەکەن، کاتێک نۆرە دەگاتە حلمی بەپێویستی دەزانێت بابەتێکی تێروتەسەل لەسەر مێژووی کورد ئامادە بکات(ڕەفیق حلمی،اکراد منذ فجر التاریخ الی سنة١٩٣٤،١٩٢٠، لەپێشەکی وەرگیراوە) وە لەکۆڕێکی جەماوەری فراوان بەئامادەبوونی(١٠٠٠) کەس بابەتەکەی پێشکەش دەکات(شەمزینی، ٢٠١١ ،٣٢)نامیلکەکە لەدووتوێ (٦٥) لاپەڕە لەساڵی ١٩٣٤ لەموسڵ دێتە وەشاندن. بەشێوەیکی گشتی بابەتەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕەچەڵەک وشوێنی نیشتەجێ بوونی کورد وزمانی کوردی وجوگرافیای کوردستان بەرهەمی زانایانی کورد وئەو خزمەتانەی پێشەکەش بەشارستانیەت وکەلتوری ئیسلامیان کردووە. لەکۆتاییدا مێژووی شۆڕشە کوردیەکان وهۆیەکانی نووشت هێنانیانی شەنوکەو کردووە(ڕەفیق حلمی، الاکراد....،١٩٣٤،٢-٦٥)پێدەچێت پێشکەش کردنی بابەتەکە لەکۆڕێکی جەماوەری فراوان ودواتریش چاپکردنی لەشێوەی نامیلکەیک هەر لەو شارە هەندێ لە نەتەوەپەرستانی موسڵی قەڵس و توڕە کردبێت بۆیەش لەڕێگای ژەهر خوارد کردنیەوە هەوڵی کوشتنیان داوە بەڵام ڕەفیق حلمی بەشێوەیکی سەیر لەمەترسی مردن ڕزگاری دەبێت(پاکزە ڕەفیق حلمی،٤٩،٢٠٠٠).

١- مقالات

ئەم پەرتووکە لەبنچینەدا وەرگێڕاوێکی نامیلکەیکی ڕەفیق حلمیە لەساڵی ١٩٣٥ بەزمانی تورکی لەژێرناوی(کورد مسئلەسی صفحاتندن-چەند لاپەڕەیک لەپرسی کورد)بڵاوی کردۆتەوە کە وەڵام دانەوەیکە بۆ نامیلکەیکی سیاسەتمەداری باکوری کوردستان شوکری محمد سەگبان(٤) کە لەساڵی ١٩٣٤ لەپاریس بەزمانی فەرەنسی بڵاوی کردبۆوە تێدا

پاشگەزبوو بۆوە لەهەموو ئەو بیروباوەڕو پرسگەلە نەتەوەییانەی کە لەماوەکانی پێشوو بڕوای پێان هەبووە. هەروەها حلمی هۆکارەکانی پاشگەزبوونەوەی سەگبانی ڕوون کردۆتەوە، هەر لەچوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی بیروڕاکانی حلمی وەڵامی ئەوەشی داوەتەوە بۆچی هەریەک لەسەلاحەدینی ئەیوبی وکەریم خانی زەند دەوڵەتێکی کوردیان دروست نەکردووە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سیاسەتی کەمالیەکان بەرامبەر دۆزی کورد لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی. مایەی ئاماژەیە لەساڵی١٩٥٤حلمی کتێبەکەی خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بەزنجیرە لەڕۆژنامەی (الایام)ی بەغدا بڵاوی کردبۆوە، دواتر لەسەر داوای هەندێ دۆست وهاوڕێیەکانی کە زمانی تورکیان نەزانیووە، وە بەهۆی مەترسی فەوتانی ئەو ژمارانەی کە وەڵامدانەوەکانی حلمی تێدابووە لەساڵی ١٩٥٦وتارەکان لەدوو توێی پەرتوکێک کۆدەکاتەوە لەژێر ناوی (مقالات) چاپی دەکات(ڕەفیق حلمی،مقالات، ٣،١٩٥٦-٧٩).

تەوەری یەکەم ئەو زانستە هاریکارانەی که ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو سوودی لێوەرگرتوون

باسی یەکەم: دیدو تێڕوانینی حلمی بۆ مێژوو

زاراوەی مێژوو لەڕووی چەمکەوە بە مانای کات وماوە دێ،(حسین (و) العزاوي، ١٣،١٩٩٢).مێژوو لێکۆڵینەوەو وگێڕانەوەی ڕووداو وبەسەرهاتی ڕابردوو دەگرێتەوە.وە پێگەو پایەی لەنێو هەموو زانستەکانی تر دیارە بەو پێیەی هەموو زانستێک مێژوویێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیەش یەکێک لەمێژوونووسەکان زانستی مێژووی بە((زانستی زانستەکان)) ناوبردووە.(مەزهەر، ٢٠٠٨ ، ١٥-١٦).

سەبارەت بەدیدی حلمی بۆ مێژوو بەر لەهەموو شت تێبینی ئەوە دەکەین که ناوبراو درکی بەوەکردووە نووسینەوەی مێژوو کارێکی سانا وئاسان نیە، ودان دەنێ بەوەی ئەم پڕۆسەیە کارێکی قورسە، ئەم

ڕاستیەشی هەر لەسەرەتای کرداری دەست دانە نووسینەوەی مێژوو بۆ ڕوون بۆتەوە بۆیەش کاتێک لەنووسینی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی دەبێتەوە بەئاشکرا ئاماژە بۆ قورسی کارەکە دەکات لەم بارییەوە دەڵێ:((نزیکەی سالیکە خوم توشي باریکي گران کردوە. لەرغمی بی قدریتم؛ خریکم و"خاطراتیکي تاریخي"دەنوسمەوە)) (ڕەفیق حلمی،خلاصەی...،١٩٣٤،لەپێشەکی وەرگیراوە).

بێگومان حلمی وەک ڕۆشەنبیرێکی کورد ڕۆڵی هەبووە لەدیاریکردنی هێلە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، ئەو لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ئەڵمانیدا بوو کە مێژوو وزمانی بەدوو پێکهێنەری سەرەکی نەتەوە دەزانی. لەناو ڕۆشەنبیرانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم حلمی یەکێک دەبێت لەوانەی هیوای دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە یەکێک لەخەمە پێشینەکانی ئەمەش لەیادداشتەکانی بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، وە لەدیدی حلمی دواڕۆژی میللەتان گرێدراوی مێژووی خودی میللەتەکەیە(سالح،٢٠١٨ ، ٢٦١-٢٦٢).لەم سۆنگەیەوەش بەدواداچوون وگرنگی دان بەمێژووی نەتەوەی کوردی بەئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆز ولەخۆبردوو زانیووە تاوەکو لەو ڕێگایەوە هەرچی تەپوتۆزو ناڕوونی وگومان وچەوتێک هەیە لەسەر ئەو مێژووە لابدرێ(ڕەفیق حلمی،الاکراد...،١٩٣٤،لەپێشەکی وەرگیراوە).

ئاشنا بوونی نەوەی نوێ بەمێژووی باب وباپیرانی خۆیان وشانازیشی پێوە کردنیشی بەلای حلمیەوە جێگای بایەخە،لەوسۆنگەیەوەش دانانی وانەی مێژووی کورد لەناو پڕۆگرامەکانی گشت قۆناغەکانی خوێندن ئەگەر بەشێوەیکی کورتیش بێت بەپێویستێکی گرنگ دەبینێ(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦ ،٦٥).دەتوانین بەشێک لەتێروانینەکانی حلمی بۆ مێژوو لەسەرنجی بۆ وون کردن وبەدیارنەکەوتنی بەئەنقەستی مێژووی کورد لەپڕۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکان بزانین کاتێک سەیری پەرتووکەکانی خوێندنی کردووە

جیاواز لەهەموو نەتەوەکانی جیهان هیچ زانیارێکی دەربارەی مێژووی میللەتەکەی خۆی بەرچاونەکەوتووە، بۆیەش بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ((ئایا ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە میللەتی کورد شایەنی باس کردن نیە؟)) لەکاتێکدا باس وخواس ومێژووی بچووکترین میللەت لەناو ئەوپڕۆگرامانە بەرچاو دەکەون. سەرەڕای ئەوەش حلمی هەرگیز ڕاڕاو بەگومان نیە لەوەی کە میللەتی کورد مادام تا ئەوکات توانیوویەتی پارێزگاری لەزمان وئەدەبی خۆی بکات بۆیە هاوشێوەی نەتەوە گەورەو سەر دەستەکان خاوەنی مێژوویێکی پڕشنگدارە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین حلمی دڵگرانە لەڕەفتاری دەسەڵاتدارە بااڵدەستەکانی سەر ناوچە کوردیەکان کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون مێژووی نەتەوەی کورد پشت گوێ بخەن ولەقوتابخانەکان نەخوێنرێن. وەتێناگات لەوەی بۆ دەبێ دەسەڵاتداران ئەو هەموو قوربانیە زۆر وزلەی گەلی کورد لەبەرچاونەگرن بگرە لەهەوڵی ئەوەشدا بن مێژووی ئەوگەلە موسڵمانە بشارنەوە، لەحاڵێکدا قوربانی وخزمەتە گەورەکانی کورد لەناو لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامی دیارو بەرچاون، لەکاتێکدا کۆمەڵێک لەزانایانی بواری مێژوو بەپشت بەستن بەهەوڵی شاندە شوێنەوارناس وڕۆژهەڵاتناسەکان شەوورۆژیان خستۆتە سەریەک بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەی بچووکتر لەکورد، هەروەها حلمی پێی وایە کە شاردنەوەو دەرنەخستنی ڕواڵەتەکانی مێژووی هەر نەتەوەیێک وبەدیارنەخستنی لەپڕۆگرامەکانی خوێندن هیچ سودێکی نابێ ئەگەر مێژووی ئەو میللەتە بەهەموو وردەکارەکانیەوە لەدوو توێی پەرتوک بنووسرێنەوە وبخرێنە بەردەستی خوێنەران(ڕەفیق حلمی، الاکراد...،١٩٣٤،٣-٤).

هەروەها حلمی پێی وایە کە مێژوو وانەی گرنگی تێدایە بۆ هەرمیللەت ونەتەوەیێک گەر بیەوێ پەند وئیلهام لەبەسەر هاتی ڕابردووی خۆی وەربگرێ وە ئەزموونی پێشینەکانی خۆی وەک قوتابخانەیێک سەیر بکات وهەڵەو چەوتیەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە. بۆنموونە لەگەڵ

ئەوەی تورک لەدەمی جەنگی سەربەخۆیی دژ بە ولاتانی هاوپەیمانان لەبارێکی شپرزەو ناخۆش دابوون بەلام حلمی وای بۆچووە کە ئەو نەتەوەیە بە سوود وەرگرتن لەمێژووی ڕابردوویان وزەو توانای ئەوەیان هەبووە کە دووبارە هەلسنەوە وبەرگری لەخاکی خۆیان بکەن لەم بارەیەوە دەڵێ:((میللەتی تورک ئەوەندەی خوین تیا مابوو کە هەست بەم بی شەرەفی یە بکا، لە میژووی رابوردووی ئیلهام وەرگری))(ڕەفیق حلمی،ب١،٨،١٩٥٦).وەبڕواشی وایە کە دەبێ سوود لەدەرفەت وهەلە مێژوویيەکان وەربگیرێ وهەلومەرجە دەرەکی وگۆڕانکاریە نێودەوڵەتی وناوچەییەکان لەدەست نەدرێن، بۆنموونە لەباسی کۆششەکانی شەریف پاشای خەندان (١٨٦٥-١٩٥١) لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس١٩١٩-١٩٢٠ وهەوڵەکانی بۆ جێگیرکردنی بەندەکانی تایبەت بەکورد کە لەپەیمانی سیڤەر دا هاتبوون دەڵێ:((ئەمە هەنگاویکی گەورە بوو کە بەرەو استقلال وسەربەخۆیی کوردستان هاویژرا. بەلام داخەکەم کورد لەو هەلە هیچی دەس نەکەوت))(ڕەفیق حلمی،ب١، ١٩٥٦ ، ٢٠).(بۆزیاتر ئاشنابوون بەهەوڵەکانی شەریف پاشا لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس بگەڕێوە بۆ: عزت بادي، ٢٠٠٥ ، ١٣٨-١٨٧).

لەپێکهاتەی مێژوودا حلمی بڕوای بەڕۆڵی یەکلاکەرەوە وگرنگی تاک وکەسایەتی وقارەمانەکان هەبووە لەئاراستەکردنی ڕەوڕەوەی مێژوو، وڕێبەرایەتی کردنی گەل ونەتەوەو، ودەرکردنی بڕیاری بوێر ولەجێ لەکاتە هەستیارە چارەنووس سازەکان تا ڕادەی سەرکێشی وسەرچڵی بەژیانی تایبەتی خۆیان وبە دواڕۆژی نەتەوەکانیشیان(دەربارەی ڕۆڵی کەسایەتی وقارەمان وکاریگەریان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بگەڕێوە بۆ: پلیخانۆف: ٢٠٠٥ ،٥-١٠٠؛ بورهان، ٢٠١٥ ،٦٥-٧٧) بۆ نموونە حلمی سەرسامە بەسەرکێشی مستەفا کەمال کە((ملی بۆ قەوماو)) وسیاسەتی ئەمری واقیع نەنواند وملکەچی بڕیارەکانی خەلیفە نەبوو، ونەگەڕایەوە ئەستەمبوڵ ولەئەنقەرە مایەوە هەر لەوێش بڕیاری شەڕیدا بۆ دەرکردنی

هێزەکـانی هاوپەیمانـان لەخـاکی ولاتەکەی، بـۆیە لەدیـدی حلمـی ئەگەر مستەفا کەمـال ئەو سەرکێشیەی نەکردبـایە ((لەوانەبوو بڵیین کە(مێژوو) نـاوی (ئەتـاتورک)ی نە ئەبیسـت)) (ڕەفیـق حلمـی، ب١، ١٩٥٦ ،٧٥). بەڵام هاوتەریـب لەگەڵ ئەو ڕایەشـی حلمـی بـڕوای بەکـاری پێکەوەیـی هەبـووە وپێی وابووە کەدەبێ سەرکردە هەموو عەقڵ وتوانستەکان لەدەوری خۆی کۆبکـاتەوە وە وزەو توانـای هـیچ چـین وتـوێژێکی کـۆمەڵایەتی بەکەم نەگرێ، بۆنموونە لەکاتی شەڕی دەربەندی بازیانی نێوان سـوپای ئینگلیز وشێخ محمـود لەحـوزیرانی ١٩١٩ هەمـاهەنگی وبەژداریکردنـی ئەفسـەرانی کورد شان بەشانی چەکدارانی هۆزەکان وئاشنابوون بەجوگرافیای شـەڕو تەکنیـک وهـونەری ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ لەشـکرێکی نیزامـی وەک سـوپای ئینگلیز بەفاکتەرێکی گرنگ زانیـووە بۆ یەکلاکردنەوەی شـەڕەکە لەبەرژەوەنـدی سـوپاکەی شـێخ محمود،(ڕەفیـق حلمـی،ب٢ ،١٩٥٦ ، ١٣٨-١٣٩).

حلمی لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کەمێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەو ڕاستیەشـی لەچەند شـوێنی یاداشـتەکانی چەند بـارە کردۆتەوە بۆنمـوونە دەربـارەی کارەسـاتی موسـڵ(٥) وکـوژرانی شـێخ سـەعید وکـوڕەکەی لەسـاڵی ١٩٠٨ دەڵـێ: ((بەراسـتی کارەسـاتی (کـربلا) تـازە بـوو بـوەوە)) (ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦، ٤٦) دەربـارەی ناپاکی کردنـی موشـیر ئاغـای حەمەی سـلێمان لەشـێخ محمـود ویـارمەتی دانـی ئینگلیزەکـان لە شـەڕی دەربەنـدی بازیـان (بـۆ دریـژەی ئەم باسـەو وگفتوگـۆ لەسـەری بـڕوانە، مەزهەر، ٢٠٠١ ،٢٢١-٢٤٩) دەڵـێ ((مێـژوو، کارەسـاتە گرنگەکـانی (پلۆپـۆتەز)و (تەرمۆپیل)ی دووبـارە ئەکردەوە)) (داخەکەم- لەم کاتەدا کە لە خـاکی کوردسـتانا کارەسـاتی (کربلا) تـازە ئەکرایەوە)) (ڕەفیـق حلمـی، ب٢ ،١٩٥٦ ،١٢٦-١٣٠). جیـا لەوەش لایەنگیـری ئەو بۆچـوونەش بـووەکە نـابێ لەهەر بـارودۆخ ولە پێنـاو هەرکەس و بـۆ بەرژوەنـدی نەتەوەو کەسایەتیەکان مێژوو بەلاڕێدا ببرێ وتێکەڵ بەزانیـاری نادروست بکرێ،

بەڵکـو دەبـێ ڕاسـتیە مێـژوویە نەگۆڕەکـان وەک خۆیـان بخـرێنەڕوو. بۆنموونە لەگەڵ ئەوەی دڵخۆش بووە بەسـەرکەوتنەکانی سـوپاکەی شـێخ محمـود لەگەڕی یەکەمـی شـەڕی دەربەنـدی بازیـان، بەڵام تێبینـی ئەوەی کردبوو دەنگۆی سـەرکەوتنەکەی شـێخ لەشـاری ڕەواندز زیـاد لەخۆیـان گەورە کرابوون درۆو زانیاری زیادەیان خستبووە سـەر بە جۆرێک بۆتە مـایەی سەرسـوڕومانی خەڵکی(ڕەفیـق حلمـی،ب٢ ،١٩٥٦ ،١٢٩). هەروەهـا حلمی هۆکاری ئەو وڵامدانەوە دوورودرێژەی شوکری محمد سەگبانی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کەنـاوبراو وویسـتویەتی لەڕاسـتیە مێـژوویە نەگۆڕەکـان لابـدات و لەخـۆیەوە ((شـت بـۆ مێـژوو هەڵبەسـتێ)) ئەویـش هەوڵـی داوە هەڵبەسـتراوەکانی سـەگبان بەتـاڵ بکـاتەوە کە بەنـاوی ڕاسـتی ومێـژوو تۆماری کردوون (ڕەفیق حلمی،مقالات، ١٩٥٦ ،٦).

بەلای حلمـیەوە بـوونی زانیـاری مێژوویـی وقوڵبـوونەوە لێـی دوو پێداویسـتی گـرنگن بـۆ ئەو کەسـانەی کە قسـە لەسـەر مێـژوو دەکەن،وە لەگەڵ ئەوە نەبووە بەبێ بوونی زانیاری هەموو کەس قسە لەسـەر مێژوو بکات. بە مانایکی تر بەشێوەیکی ناڕاستەوخۆ بوونی پسـپۆڕی بەپێویسـت زانیـووە بـۆ ئەو کەسـانەی کە لەبـواری مێـژوو دەکـۆڵنەوە، لەبەر ئەوەشـە ئەو مـافە دەداتە مـێجەر سـۆن ((بەنـاوی زانسـت ومێـژوو قسـە بکـات)) چونکە لەدیدی ئەو نـاوبراو زانیـاری فراوانـی هەبـووە لەسـەر بارودوخی کوردستان))(ڕەفیق حلمی، مقالات، ١٩٥٦ ،١٧).

بیرۆکەی دابەشکردنی مێژوو بـۆ چەند قۆناغێک یەکێکە لەبابەتگەلە گرنگەکـانی مێـژوو، هەوڵە سـەرەتاییەکانی ئەوە دابەشـکاریەش بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەگەڕێـتەوە، بەڵام ڕوڵەتەکـانی ئەم دابەشـکاریە لەسـەدەکانی (١٧-١٨) زیـاتر بەدیـارکەوتن کاتێک مێـژوی جیهـان دابەش کـرایە سـەر سـێ قۆنـاغی سـەرەکی (کۆن، ناوەڕاست، نوێ)(احمـد، مجلـة (الحكمـة)، بغـداد، ع(٥)، السـنة الاولـى، تشـرين الثـاني-كـانون الاول،١٩٩٨ ،١٤)،دیـارە حلمـیش پەیـڕەوی لەوجـۆرە دابەش کـاریە کـردووە لەم

سۆنگەیەوەش بەپشت بەستن بەبیروڕای مێژوونووس وڕۆژهەڵاتناسەکان مێژووی کوردی کۆن وهاوچەرخی دابەش بەسێ قۆناغی سەرەکی ولێک جیاواز کردووە(حلمی، الاکراد...،١٩٣٤،١٤).

هەروەها حلمی وای بۆچووە کەدەبێ خوێندنەوە بۆ مێژوو لەسیاقی کات وسەردەمی خۆی بێ نەک بە چاوی ئێستا خوێندنەوە بۆ ڕابردوو بکرێ، ئەو باسەی لەچوار چێوەی دروست نەکردنی دەوڵەتی کوردی لە لایەن هەریەک لەسەلاحەدینی ئەیوبی وکەریم خانی زەندەوە بەشێوێکی ورد وبابەتیانە ڕوون کردۆتەوە وسەلماندوویەتی کە ئەو جیاکاریە نەتەوایەتیەو ئەو بیرە نەتەوەییەی کە لەسەردەمی ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ لەوکاتدا بوونی نەبووە(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦ ،٢٤-٣٢).

باسی دووەم: ئەو زانستە هاریکارانەی کەڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو سوودی لێوەرگرتوون.

هەرچەند مێژوونووس تەواوی مەرجەکانی نووسینەوەی مێژووشی تێدا بێت وخاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری قوڵیش بێت، بەڵام ئەستەمە بتوانێت لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بێت بە بێ بەکارهێنانی کۆمەڵێک زانستی هاریکار کەیارمەتی دەرێکی باشی دەبن لەنووسینەوەی توێژینەوەکەیدا، چونکە پیشەی مێژوونووسیش وەک باقی پیشەکانی تر پێویستی بە کۆمەڵێک کەرەستەو پێداویستی سەرەکی هەیە پێویستە مێژوونووس پەنایان بۆ بەرێت کەپێان دەگوترێت (زانستە هاریکارەکان یاخود یاریدەدەرەکان- العلوم المساعدة) (طه، ١٩٩٠ ،٢٥-٢٦). کە بریتین لەکۆمەڵێک زانست وزانیاری وشێواز ومیکانیزم توێژەر سوودیان لێ دەبینێت وپشتیان پێدەبەستێت لەتێگەیشتن لەبابەتی توێژینەوەکەی، لەگەڵ پاک کردنەوەو وڕەخنەگرتن لەدەقە مێژوویەکان(حسین(و)العزاوي،١٩٩٢ ،١٠٧).

لەو زانستە هاریکارانەی کە ڕەفیق حلمی لەکاتی نووسینەوەی مێژوو پشتی پێبەستوون بریتین لە:

١- زانستی جوگرافیا

زانستی جوگرافیا پەیوەندیێکی تونـدوتۆڵی لەگەڵ مێژوودا هەیە وەیەکێکە لەهۆکارە یارمەتی دەرەکانی نووسینەوەی مێژوو، وە ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەئاڕاستە کردنی پەرەسەندنە مێژوویەکان. بۆنموونە زەوی شانۆی ڕووداوە مێژوویەکانە ڕۆڵی هەیە لەدیاری کردنی چالاکی مرۆڤەکان، هەروەها جوگرافیا کاریگەری هەبووە لەدیاریکردنی پەیدابوون وسەرهەڵدانی شارستانیەتەکان لەچەند شوێنکی دیاریکراو، هاوکات ڕێگریش بووە لەسەرهەڵدانی لەشوێنی تر (الحويري،٢٠٠١، ١٨٠-١٨١).

حلمی جوگرافیای وەک بەشێکی تەواوکراو ولێکدانەبڕاوی زانستی مێژوو دیوە، بۆیەش باس کردنی جوگرافیای وەک کارێکی پێویستی وگرنگ سەیر کردووە بۆگەیاندنی وێنەیکی ڕوون وتەواوی مێژووی کورد بۆ خوێنەرانی. بۆ نموونە کاتێک باسی مێژووی کوردی کردووە هەرلە بەرەبەیانی مێژووەو لەبەشێکی سەربەخۆ لەژێر ناونیشانی (جوگرافیای کوردستان)باسێکی تەرخان کردووە، بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستانی گەورەو، دواتریش باسی جوگرافیای کشتوکاڵی کوردستان وگرنگترین ئەو بەروبوومانەی کە هەناردەی دەرەوەی کوردستان دەکرێت کردووە. لەکۆتایش بەپشت بەستن بەئاماژە فەرمیەکان ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی گەورەی دیاری کردووە(ڕەفیق حلمی، الاکراد....،١٩٣٤،٢٢-٣٢).

لەنووسینەوەی مێژوو حلمی درکی بەبایەخ وگرنگی زانستی جوگرافیا کردووە لەگۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوکان بۆنموونە بەشێک لەهۆکارەکانی شکستی شێخ محمودی لەشەڕی دەربەندی بازیان گێڕاوەتەوە بۆ درک نەکردنی شێخ بەبایەخ وگرنگی جوگرافیای شەڕ

ودابەش نەبوونی سوپاکەی بەسەر سنووره جوگرافیه جیاوازەکان وخۆقەتیس دانی لەچوارچێوەی جوگرافیایێکی بەرتەسکی وەک ناوچەی دەربەندی بازیان وچاوەڕوانی کردنی دووبارە هاتنەوەی هێزەکانی ئینگلیز لەکەرکوکەوە بۆ جاری دووەم دوای شکستیان لەگەڕی یەکەمی شەڕەکە، حلمی لەگەڵ ئەوە بووە شێخ محمود بەشێک لەهێزەکانی لەژێر سەرپەرشتی هۆزەکان وچەند ئەفسەرێک لە(زێی کۆیە- مەبەستی زێی بچووکە) بپەڕینایەوە، هێزێکیش لەژێر سەرپەرشتی شێخ پاشەکشەی بکردایە بۆ جوگرافیایێکی فراوان وبیدابایە پاڵ شاخەکانی ناوچەی سورداش بەشەڕی پارتی زانی کە حلمی بە شەڕی((چەتە)) ناوی بردووە هێزەکانی ئینگلیزیان شپرزەتر دەکرد (ڕەفیق حلمی، ب٢ ،١٩٥٦ ، ١٣٨-١٣٩).

لەگەشتەکەیان بۆ تورکیا لەساڵی ١٩٢٣حلمی وەک جوگرافی ناسێک سەرنجی خستۆتە سەر زۆرێک لەڕواڵەت ودیاردە جوگرافیەکان بەجۆرێک بەهەر شارێک ڕەت بووێت خوێنەرانی بێبەش نەکردووە لەپێدانی هەندێک زانیاری جوگرافی دەربارەی شوێنی جوگرافی وئاووهەوا وە لەهەندێکیشیان تەنانەت شێوازی ڕێکخستنی شەقام وژمارەی دانیشتوان و دووری نێوان شارەکان وپیشەی دانیشتوانی بەشێک لەشارەکانی باس کردووە، هەندێک جاریش بەراوردی ئاووهەوای دووشاریش دەکات، بۆ نموونە هێمای بۆ ئەوە کردووە ئاووهەوای شاری عینتاب زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئاووهەوای ئەنقەرە(ڕەفیق حلمی، ب٣ ،چ٢، ١٩٩٢ ،١٥٢).هەروەها وەک پسپۆرێکی بواری جوگرافیای شار هەڵسەنگاندن بۆ بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی پایتەختەکان دەکات، لەم لایەنەوە پێی وابووە شاری ئەنقەرە ئەو شوێنە نەبووە کەمالیەکان بیکەنە پایتەختی خۆیان وسیماکانی پایتەختی دەوڵەتی پێوە دیار نەبووە. وەبە هۆی بوونی خزمەتگوزاری گشتی زۆر لەوانەش (شوێنی حەوانەوە، نان خواردن، کتێبخانە، سینەما، شوێنی کۆبوونەوە، باخچەی فراوان،

وهۆیەکانی ڕابواردن) ئەستەمبوڵی لەلا پەسند وگونجاو تربووە کە وەک پایتەختی خلافەتی عوسمانی دەرکەوتبوو(ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢، ١٩٩٢ ،١٢٤-١٢٥).

١- زمان

زمان یەکێکە لەو فاکتەرە هاوکارانەی کە یارمەتی تۆێژەر دەدات لەنووسینەوەی مێژوو، وەدەبێ تۆێژەر ئەو زمانە ڕەسەنە بزانێ کە بابەتی تۆێژینەوەکەیەتی، لەبەرئەوەی وەرگێڕانەکان بەس نین بۆ دەست خستنی زانیاری تەواو وتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لەسەر تۆێژینەوەکە. بۆنموونە ئەو تۆێژەرەی دەربارەی سەدە ناوەڕاستەکانی ئەوروپا دەنووسێت دەبێ زمانی لاتینی بزانێت(عثمان، ١٩٧٠ ،٢٦)،دیارە حلمیش درکی بەگرنگی زمان کردووە لەتۆمارکردنی مێژوو، واشی بۆچووە کە زمانی کوردی زمانێکی مردوو نیە کە تایبەت بەگروپ گەلێکی ژمارە کەم بێت وهیچ ڕۆلێکیان لەمێژوو وله خزمەت بەشارستانیەتی جیهانی نەبووبێت(ڕەفیق حلمی،الاکراد...،١٩٣٤، ٣٤)، بەڵکو پێی وابووە کە گەلی کورد خودان زمانێکی زیندوو وسەرنج ڕاکێشن وە لەڕیزی زمانە زیندووەکانیشە لەڕووی توانای بەکارهێنانی لەبوارەکانی ئەدەب وشیعر وهونەر ئەمەش بەهۆی بوونی چەند خاسیەتێکی دیاری زمانەکە(ڕەفیق حلمی، مقالات، ١٩٥٦ ،٦١).

بەلای حلمیەوە گرنگ بووە مێژوونووس چەند زمانێکی زیندووی جیهانی بزانێ، خۆشی بەرهەمە مێژوویەکانی بەزمانە جیاوازەکانی وەک کوردی ،تورکی، وعەرەبیش نووسیووە بۆیەش پەسنی محمد ئەمین زەکی مێژوونووس دەکات کە چەند زمانێکی زانیووە وەک دەڵێ:((شارەزای گەلیک لەزمانەکانی شرق وغربیشە))وە ئاماژەی بەوەش کردووە کەزەکی جگە لەزمانی کوردی ،عەرەبی، زمانەکانی تورکی ،فارسی ،فەڕەنسی، وئینگلیزیشی زانیووە(ڕەفیق حلمی، ١٩٤١ ،٣٦).

هەر لەچوارچێـوەی ڕۆڵـی زمـان لەنووسـینەوەی مێـژوو دەبـێ مێژوونـووس بەزمـانێکی سـادە وبـێ گـرێ وگـۆڵ بنووسـیێت بەجـۆرێکی وابێـت هەمـوو خوێنەرێـک بەئاسـانی لەنووسـینەکەی بگـات. تێبینـی ئەوە دەکرێـت حلمـی ئەگەرچـی وەک ئەدیـب وشـاعیرێکیش دەرکەوتـووە بەڵام بەزمانێکی سادە ودوور لەدارشـتن وشـێوازێکی ئەدەبی ئاڵۆز دەنووسـێت تەنـانەت لەچەنـدین شـوێنی یادداشـتەکانی ئەگەر هەسـتی بەوە کردبـێ ووشەیێکی نامۆ یاخود ووشـەیێکی کوردی پەتی یـا عەرەبی بەکار هێنابێ ئەوا لەپەراوێـزدا ووشـەیێکی تـری کـوردی یـاخود هـاو واتەکەی لەزمـانی عەرەبی بەکارهێناوە. بۆنمـوونە لەبەرامبـەر ووشـەی(موتارەکە) وشـەکانی وازلێهێنـان، وبـڕینەوەی شـەڕی دانـاوە. هەروەهـا بـۆ ووشـەی(رووپێي وەرگـرتن) ووشـەی(توجیه)عەرەبی، وە لەبەرامـبەر ووشـەی(نەرمە) ووشەکانی لاشە وجنازەی نووسیووە(ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦ ،٦-٣٢).

٢- زانستە سیاسیەکان

لەڕاسـتیدا ڕووداو وپەرەسـەندنە سیاسـیەکان بنچینەیێکـی گرنگـی پێکهـاتەی مێـژوون، هەربـۆیەش گـرنگە مێژوونووسـان ئاگـاداری ڕووداو وگۆڕانکاریە سیاسیەکان بن. لەگرنگترین پایەکانی سیاسـەتیش پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکـانە یـاخود ئەوەی پێدەگوترێت(دبلۆماسـیەت) ئەم لایەنەش جێگای بایەخ وسـەرنجی مێژوونووسـانن چونکە هەردوو زانسـتی مێژوو وسیاسـەت سـەروکاریان لەگەڵ یەکتر هەیە، هەروەک هەندێ فەیلەسـوف گوتویانە((مێژوو زانستی سیاسیە لەڕابردوو))هاوکات ((زانسـتی سیاسـیش زانسـتی مێژووە لەداهاتوو)).هەروەهـا پەیوندی نێوان وڵاتـان وبەسـتانی پەیماننامە سیاسـی وسـەربازیەکان وهەڵگیرسـانی شـەڕ وگرێدانی پەیمـانە ئاشـتیەکان بنچیـنە وکرۆکـی زانسـتە سیاسـیەکانن، لەلایێکـی تریشـەوە سـەرچاوەیێکی دانسـقەی مێژوونووسـانن. لەبەر ئەوەشـە زۆر جـار بەزەحمەت سنووری نێوان مێژووی هـاوچەرخ وزانستە سیاسیەکان لێک جیـا دەکـرێنەوە بەتـایبەتی لەبـواری نێـودەوڵەتی، چـونکە پەیوەنـدیە

نێودەوڵەتیەکان وئەو دەرئەنجامانەی لێی پەیدا دەبن مادەی یەکەم وخامن بۆ مێژوونووس کە بابەتە مێژوویەکانی لێ دروست دەکات بەتایبەتی لەپسپۆڕی مێژووی هاوچەرخ (الحويري، ٢٠٠١، ١٨٠).

هەرچەندە حلمی وەک مێژونووسێک بەدیارکەوتووە بەڵام خۆشی لە پایەی سیاسەت زانێکیش کەمتر نەدیووە بۆ نموونە کاتێک شاندەکەی شێخ محمود لەتورکیا بەڕێدەکرێنەوە بۆ سلێمانی بە بێ پێدانی هیچ نووسراوێکی فەرمی بۆ شێخ حلمی بەتوانجەوە دەنووسێ ((تورکەکان زۆر خۆیان بە سیاسی وئێمەشیان بەکەرێکی تەواو ئەزانی، ئەگینا ئەبو کە هیچ نەبێ بۆ ئەوەی من تەفرە بدەن کاغەزیکم پیا بنێرن بۆ شیخ محمود))(ڕەفیق حلمی ،ب٣ ، چ ٢ ،١٩٩٢، ١٤١).

هەروەها حلمی تەوزیفی زانستە سیاسیەکانی کردووە لەنووسینەوەی مێژوو، وەشیکردنەوەی وردی بۆ گۆڕانکاریە سیاسیەکان کردووە وئاگاداریکی باشی بنەماکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وناوچەیی وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بووە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ پەرەسەندنە هەرێمایەتیەکانی تورکیا وسوریا وهەڵوێستی زلهێزەکان لەهەمبەریدا، هاوتەریب باسی ڕووداوەکانی عێراق وباشوری کوردستان وئاسۆی دۆزی کورد ودەست نیشان کردنی هێلە گشتیەکانی سیاسەتی زلهێزەکان لەوانەش بەریتانیا دەربارەی پرسگەلەکانی وەک سیستەمی(سەرپەرشتی کردن-ئینتداب)وپەیمانی سیڤەر وڵۆزان وجوڵانەوەکانی شێخ محمود وچارەنووسی کوردستانی باشور ویەکلاکردنەوەی مەسەلەی ولایەتی موسڵی بۆخوێنەرانی یادداشت کردووە.

چەمک وبنەما سیاسیەکانی وەک (دیموکراسی،مافی کەمینەکان، هەڵبژاردن ،پاراستنی سەروەری خاک، ومافی چارەی خۆنووسین)، لەنووسینەکانی حلمی ڕەنگیان داوەتەوە. لووتکەی تێگەیشتنی حلمیش

لەبنەماکانی سیاسیەت ودیموکراسی کەهێشتا تەمەنی٢٥ ساڵ بووە لەو گفتوگۆیە دەردەکەوێ کە لەگەڵ (عەلی سائیب بەگ) ئەنجامی داوە کە نوێنەری شاری ئۆرفە بووە لەئەنجوومەنی نیشتمانی تورکیا دەربارەی هەڵبژاردن لەو وڵاتە کە کاندیدەکان لەلایەن حکومەتەوە دەست نیشان دەکران دەبوایە خەڵکیش دەنگیان پێبدات، حلمی بڕوای وابووە ئەوە (دانان) بووە نەک هەڵبژاردن وئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر حکومەت بڕوای بەوە نەبووە میللەت بەئارەزووی خۆی کەسەکان دیاری بکات ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بە پێویست نەزانیووە، بەڵکو بۆچوونی وابووە حکومەت ڕاستەوخۆ ئەوکەسانە ڕەوانەی ئەنجوومەن بکات کە گەرەکیەتی دەربچن، یاخود دەستبەرداری ئەنجوومەن بێت و حکومەت بێ چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان کارەکانی ڕایی بکات(ڕەفیق حلمی ،ب٣ ،چ٢ ،١٩٩٢ ١٤٧-١٤٨).

٤- زانستی ئابوری

ئابوری لەزانستە بنچینەیەکانە کە یارمەتی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی تویژینەوەی مێژوویی دەدات، بێگومان فاکتەرە ئابووریەکانیش کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوو پەرەسەندنە مێژوویەکان هەبووە بۆنموونە دەرامەتی سروشتی لەهەر وڵاتێک جۆری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وپیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی وچاڵاکیەکانی ورێگای دابەش کردنی دەراماتەکە وسەروت وسامان وکۆبوونەوەی لەلای چینێکی دیاریکراو دیاری دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی وڵات وسیستەمی حوکمڕانی وبوژانەوەو وهەژاربوونی هاوڵاتیانەوە هەیە(حسين (و) العزاوي،١٩٩٢ ،١٢٣).

لەکاتی باس کردنی ڕووداو وپەرەسەندنە سیاسیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی حلمی بازی بەسەر کاریگەری جەنگەکە بەسەر دۆخی ئابوری کوردستانی باشور نەداوەو ئاماژەی بەکۆمەڵە فاکتەرەێکی

تێکچـوونی دۆخەکە کـردووە، حلمـی کە خـۆی شـایەد حـاڵی ڕووداوەکـان بـووە وێنەیێکـی مەترسـیداری ڕەوشـەکەمان بـۆ دەگـوازێتەوە کەزسـتانی سارد وبەفربارین شـان بەشـانی نەبوونی کەلوپەل وپێداویسـتیە خـۆراکیە سـەرەکیەکان چۆن تەنگیان بەدانیشتوان هەڵچنیووە بەجۆرێک ڕۆژ نەبووە بەلایەنـی کەم دەکەس لەشـاری سـلێمانی گیـان لەدەسـت نەدات، تەنـانەت دۆخەکە بەئاسـتێک گەیشـتووە لەتوانـای شـارەوانی نەمـاوە تەرمەکـان ئەسـپەردەی خـاک بکـات، مـانەوەی لاشـەکانیش لەسـەرشـەقام وکۆڵانەکـان دیمەنێکـی ترسـناک ودڵ هەژێنیـان دروسـت کردووە(ڕەفیـق حلمـی، ب١ ١٩٥٦، ٢٩-٣٣).

هەروەهـا حلمـی وەکـو مێژوونووسـێک هەسـتی بەگرنگـی فـاکتەری ئـابوری کـردووە لەئاراسـتەکردنی ڕەوتـی ڕووداوو پەرەسـەندنە مێژووییەکـان بـۆ نمـوونە دەنگـدانەوەی دەنـگ وباسـی سـەرکەوتنە سـەرەتاییەکانی سـوپای شـێخ محمـود لەگەڕی یەکەمـی شـەڕی دەربەندی بازیان بەسـەرسوپای ئینگلیز لەشاری ڕەواندز وبەجۆش وخـرۆش بوونی حەماسەتی دانیشتوانی شارەکە وهیوا خواستنیان بۆ پەڕینەوەی پڕیشـکی جولانەوەکەی شـێخ بـۆ ((ئەم دیـوی (زێ)))، تەنیـا بەفاکتەری نەتەوایەتـی لێکنـاداتەوە، چـونکە وەک شـایەت حـاڵێکی ڕووداوەکـان خـۆی لە ڕەواندز بـووە ڕۆڵـی فاکتەری ئـابوری شـان بەشـانی هەسـتی نەتەوایەتـی کوردی لەبەرزبـوونەوەی گیـانی بەرەنگـاری بەرامـبەر سـوپای ئینگلیـزی نادیـدە نەگرتووە، بەو پێیەی کۆگاکانی دەسەاڵتی عوسـمانی لەڕەواندز پڕ بـوونە لەهەمـوو جـۆرە خواردەمەنێـک بێگومـان شـکاندنی ئەو عەمبـارانە لەڕۆژگـاری دوای بـڕانەوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی شـتێکی کەم نەبووە(ڕەفیـق حلمـی، ب٢، ١٩٥٦، ١٢٩-١٣٠) بەتـایبەتی دوای ئەوەی خەڵکی برسیەتی ونەهامەتی زۆریان دیبوو لەو سـاڵانە کە لەناو میللەتی کورد بەسـاڵانی گرانی ناسراوە(کاکەسوور،٢٠٠٠،٣٢).

لەدەست نیشان کردنی فاکتەرەکانی ناچارکردنی ئینگلیزەکان بۆ دووبارە چاوگێڕانەوە بە سیاسەتیان وە هێنانەوە پێشی مەسەلەی کوردو پرسی گێڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان لەسالّی١٩٢٢ هاوتەریب لەگەڵ هێما کردن بەهۆکارە سیاسیەکان حلمی درکی بەگرنگی فاکتەری ئابوریش کردووە بەوەی کە ئینگلیز ویستویانە سوود لەکارتی کوردیش وەرگرن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ولایەتی موسڵ لەبەرژوەندی خۆیان کە بایەخی ئابوری یەکجار زۆری هەبووە بۆیان بەهۆی بوونی نەوت بەڕێژەیکی زۆر وبەپیتی خاکەکەی وەک خۆی ئاماژەی بۆ کردووە(ڕەفیق حلمی، ب٣ ،١٩٥٦ ،٩٦-٩٧).

هەروەها بەشێوەیکی دوور ودرێژ باس لەبەرژوەندیە ئابوری وبازرگانیەکانی بەریتانیای لەناوچەکانی عێراق وکەندواوی عەرەبی کردووە هەر لەسەرەتای سییەکانی سەدەی حەفدەم تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. وەئاماژە بەکاریگەری فاکتەری ئابوری دەکات لەدیاریکردنی ئاڕاستەی سیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکە (ڕەفیق حلمی، ب٤ ،١٩٥٦ ،١٥٨-١٧٩) جیا لەوانەش لەگەشتەکەی بۆ تورکیا بەوردی باس لەدەرامەت و چالاکی ئابوری شارەکان وبژێوی خەڵکەی دەکات. بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکات باکۆی پایتەختی ئازەربایجان ((بە شاری نەوت ناسراوە))ویەکێک لەناوچە گرنگەکانی نەوتە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها هێمای بۆ ئەوە کردووە کەخەڵکی ورمێ هەژارن،وەبەشێوەیکی ناڕاستەوخۆش ئاماژە بەوە دەکات کە دانیشتوانەکەی سوود لەسامانی ئاوی شارەکەیان وەر ناگرن بۆ ڕاوی ماسی چونکە ئاوی دەریاچەکە ((زۆر تالە ماسی تیا ناژیت)) وە پێمان دەڵێ لەکاری((هەویر وشیرینی تورکەکان پێش کەوتون))هەندێ جاریش بەوردی نرخی کەلوپەل وپێداویستیە خۆراکیەکان دیاری دەکات لەڕێگای ئەویشەوە دەزانین لەمانگی نیسانی١٩٢٣ نرخی پیاڵەیک چا لەئەنقەرە(٥)قڕوش بووە(ڕەفیق حلمی،ب٣، چ٢،١٩٩٢،٧٨-١٢٦).

٥- گەشت کردن:

یەکێک لەکەرەستەکانی نووسینەوەی مێژوو گەشتکردنە بۆ ناوچەکانی ناوەوە ودەرەوەی وڵات بەمەش توێژەر ئاسۆی بیرکرنەوەی فراوان دەبێت ودەتوانێت سوود لەئەزموونی گەڵانی تریش وەربگرێت بەتایبەتی ئەوگەشتە دەبێتە پێویستێکی گرنگ بۆ ئەو توێژەرەی کەگەرەکیەتی توێژینەوە لەسەر ناوچە یاخود شوێن یا وڵاتێکی دیاریکراو بکات(طه، ١٩٧٠، ٥١).

لەنێو ئەدەبی جیهانیشدا ژمارەیێکی زۆر گەڕیدە وگەشتنامەی دیار هەبوونە لەوانەش گەشتەکانی هەر یەک لەهیرۆدۆت وئیبن بەتووتە وکریستۆف کۆڵۆمبس ومارکۆ پۆلۆ...هتد، زانیاریەکانیان یارمەتی دەرن بۆ گواستنەوەی وێنەیێکی ڕوونی ئەو ناوچانەی کە سەردانیان کردوون هەر لەتۆمارکردنی دیمەنی سروشتی وزانیاری جوگرافی وداب ونەریت (زراری،٢٠١٩، ١٨٥-١٨٨) شێوازی نووسینەوەی گەشتنامەش لەسەر دوو بنچینە بەندە یەکەمیان تۆمارکردنی شتە بینراو وبیستراوەکانن، لەگەڵ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پێویست. دووەمیان وەسف کردن وداڕشتنێکی ئەدەبیانەی تێکەڵ بەخەیاڵ وئەندێشەی نووسەرە، یاخود سەرنج دان وتێڕامانی ورده بۆ شتەکان (بیمار،١٩٩٨، ١٨٢) لەنێو ئەدەبی کوردیشدا هەریەک لەمەلا عبدالله‌ی زیوەر(١٨٧٥-١٩٤٨) وڕەفیق حلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) ومەلا محمدی چرۆستانی(١٨٩٠-١٩٦٣) وعەلائەدین سەجادی(١٩٠٧-١٩٨٤)(بیمار،١٩٩٨، ١٨٤)وشاکر فەتاح(١٩١٤-١٩٨٨) لەپێشەنگانی نووسینی گەشتنامەن(زراری،٢٠١٩،٢٣٥).

یەکێک لەتایبەتمەندی وحەزە کەسیەکانی حلمی تۆمارکردنی یادداشت وبیرەوەریەکانی بووە لەدەمی ئەنجامدانی گەشتەکانی لەم چوارچێودا ڕۆژانە یادداشتەکانی تۆمار کردووە(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢، ١٩٩٢، ١١٧). هەروەها منداڵەکانیشی هانداوە لەکاتی ئەنجامدانی گەشتەکانیان

یادداشتەکانیان تۆمار بکەن(چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز ناهیدە ڕەفیق حلمی لەشاری بەغدا لەبەرواری١١ تەموزی٢٠٠٥) جیا لەگەشتەکانی بۆ مەبەستی خوێندن، بەهۆی سەلماندنی تواناو لێهاتوویی کەسایەتی خۆی حلمی بوو بووە جێگای متمانەی شێخ محمود، هاوکات زانینی چەند زمانێک هۆکاربووە بۆ کارکردن لەگەڵ هەندێ لەدەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەسلێمانی بەمەش بۆی لواوە چەند گەشتێکی ناوەوە ودەرەوەی وڵات بکات ئەو گەشتانەش ئەگەرچی هەندێکیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سیاسی وکاری وەرگێڕانیش ئەنجامدراون بەڵام دواتر حلمی سازدانی ئەو گەشتانەی کردووە بەبابەت وکەرەستەی سەرەکی نووسینەوەی یادداشتەکانی. وێستگەی یەکەمی گەشتەکانی شاری بەغدا بووە لەوکاتەی قوتابی ئامادەیی سەربازی بووە لەوشارە ئەمەش دەتوانرێ بەدەروازەی یەکەمی کرانەوەی ئاسۆی بیری حلمی دابنرێ دوای ئەوەی لەژینگەیێکی بچووکی وەک سلێمانی تێکەڵ بەژینگەیێکی جیاواز هەم لەڕووی زمان وهەم لەڕووی کەلتورەوە دەبێت.وێستگەی دووەمی گەشتەکانی بۆ ژینگەیێکی گەورەتر لەژینگەی بەغدا بووە ئەویش گەشت کردن بووە بۆ ئەستەمبوڵ لەسااڵنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن لەوشارە، بێگومان ئەستەمبوڵی ئەوکاتیش مەڵبەندێکی گەورەی گردبوونەوەی تۆێژی ڕۆشنبیرانی کوردی زۆربەی پارچەکانی کوردستان بووە، وە دەتوانین بڵێین دەستەی یەکەمی دەستەبژێرانی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم لەدەرچوانی قوتابخانە وزانکۆکانی ئەستەمبوڵ بوون(صابر، گۆفاری(ئەکادیمیای کوردی)،هەولێر،ژ(٤١)،٢٠١٨، ٣١٣-٣١٤) حلمیش لەوێ یەکەم ئەزموونی کاری سیاسی وڕێکخراوەیی بەکارکردن لەکۆمەڵەی هیڤی تاقی دەکاتەوە (ڕەفیق حلمی، ب٣ ،چ ٢ ،١٩٩٢، ١٢٠). وێستگەی سێیەمی گەشتەکانی حلمی کاری وەرگێڕان بووە لەگەڵ هەریەک لەمێجەر نۆئیل وکاپتن بیل، هاوسەفەر لەگەڵ ئەو بەرپرسانە سەردانی هەولێر، ڕەواندز، ڕانیە، وکۆیەی کردووە بێگومان حلمی وەک خۆی ئاماژەی پێکردووە سوودی

لەو گەشتانە وەرگرتووە، وە بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ونزیک بوون لەڕووداوەکان ودیدەنی تایبەتی کەسایەتیەکان ئاگاداری بەشێک لەڕووداو پەرەسەندنەکانی کوردستانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بووە. بەوردبوونەوە لەپەرتوکی یادداشت دەزانین بابەتی ئەوگەشتانە بوونەتە کەرەستەیکی یەکجار گرنگی نووسینەوەی بەرگی یەکەم ودووەمی یادداشتەکانی. هەروەها وێستگەی چوارەمی گەشتەکانی چوونی بۆ تورکیا دەبێت وەک ئەندامێکی ئەو شاندەی کە شێخ محمود ڕەوانەی تورکیایان دەکات، زانیاریەکانی ئەم گەشتەش وەک بابەتێکی سەرەکی شوێنی خۆیان لەبەرگی سێیەمی چاپی دووەمی یادداشتەکانی کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی، ب٣،چ٢،١٩٩٢،٥٩-١٧٤)دوا وێستگەی گەشتەکانی لەساڵی ١٩٥٩ دەبێت لەوکاتەی وەک پاشکۆی ڕۆشنبیری عێراق لەئەستەمبوڵ دەست نیشان دەکرێت(ساڵح،٢٠١٨،٢٤٨) حلمیش ئەو دەست نیشانکردنەی پێ خۆش دەبێت لەبەر کۆمەڵێک فاکتەر یەکێک لەوانە کۆکردنەوی کەرەستەی پێویست دەبێت بۆ نووسینەوەی یاداشتەکانی ئەگەر چی لەوکات شەش بەرگی یادداشتەکانی چاپ کردبوو(چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز عزەدین مستەفا ڕەسول لەشاری سلێمانی لەبەرواری٩ ئازاری٢٠٠٥).بەڵام بەئومێد بوو هەر لەوەندە نەوەستێ و ژمارەی بەرگەکانی بگەێنێتە پانزە بەرگ (خەزنەدار، ڕۆژنامەی(هاوکاری) بەغدا، ژ(١١٨٥)، ١١حوزیران١٩٩٠).

تەوەری دووەم: ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوودا

باسی یەکەم: ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو

کرداری نووسینەوەی مێژوو بەشێوە زانستیەکەی هەر بریتی نیە لەڕێزکردنی ڕووداوەکان وباس کردنیان لەچوارچێوەی کۆمەڵێک پەرەسەندنی سیاسی، ئابوری، وکۆمەڵایەتی ڕووت، بەڵکو دەبێت مێژوو بە پێی ئەو میتۆدو ڕێوشوێنانەی کەمێژوونووسان دەست نیشانیان

کردووە لەچوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆ بەناوی(ڕێبازی توێژینەوەی مێژوو) بنووسرێتەوە.

دەتوانین ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو لەچەند خاڵێک بخەینە ڕوو:

١-سەرچاوەکانی نووسینی

سەرچاوەکان یەکێکن لەپێکهێنەرە سەرەکیەکانی کرداری نووسینەوەی مێژوو، بەمەبەستی دەست خستنی زانیاری پێویستە مێژوونووس پەنا بۆبەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر بەرێت،جۆری ئەو سەرچاوانەشی کەبەکاریان دەهێنێت بایەخ وقورسایی توێژینەوەکە دەردەخەن. بۆدەست خستنی زانیاریەکانی ڕەفیق حلمی کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاوازی بەکارهێناوە، بێگومان زانینی زمانەکانی فەڕەنسی ،تورکی عوسمانی ،فارسی ،عەرەبی وئینگلیزیش تا ئەندازەی تێگەیشتن فاکتەرێکی کاریگەر بووە لەجۆراوجۆربوونی ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری هێناون. دەتوانین بەپێی بابەخ وگرنگیان بەوشێوەیە ڕێزبەندیان بکەین.

أ-بەڵگەنامە:

یەکێکە لەکەرەستە سەرەکیەکانی توێژینەوەی مێژووە، ئەویش نووسراوە فەرمی ونیمچە فەرمیەکانی وەک فەرمان وبڕیار وپەیماننامەو ونامە گۆڕینەوەی سیاسی، وپڕۆژە پێشنیارکراوەکان ویاداشت وتۆمارە ڕۆژانەکان...هتد دەگرێتەوە(عثمان،١٩٧٠،٣٠).حلمیش لەکاتی نووسینەوەی مێژوو دەستبەردارى ئەو کەرەستە گرنگە نەبووە، نزیکی لەشێخ محمود وبەرپرسە بەریتانیەکان هۆکار بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک نامە ونووسراوی تایبەت ودەفتەری چەنگ کەوتبێ لەنووسینەوەی یادداشتەکانی سوودی لێوەرگرتبن. بۆنموونە ژمارەیەک نامەی دەست

کەوتووە کە لەو ڕۆژگارە نوسراون،حلمیش وەک میژوونووسێک درکی بەبایەخ وگرنگی ئەو نامانە کردووە لەنووسینەوەی میژوو بۆیەش لەیادداشتەکانی خستوونیەتەڕوو، بۆنموونە دەربارەی هۆکاری وەرگێڕانی نامەکەی فەوزی بەگی یۆزباشی بۆ ئۆزدەمیر لەتورکیەوە بۆ کوردی دەنووسێ ((بەلامانەوە نامەیێکی میژوویین وگرنگە گۆرریمان بەکوردی))(ڕەفیق حلمی، ب٦،١٩٥٨ ،٦٩). هەروەها ئەو نامەیەی کە ڕەشید جەودەت بۆ حلمی ڕەوانەی (وان)ی کردووە ئەگەرچی حلمی زەحمەتی زۆری دیووە لەوەرگێڕانی بۆزمانی کوردی لەبەر ئەوەی بەزمانی تورکی وبەوردی وبە قەڵەمی(گزیکردن- قۆپیە)ش نووسراوەتەوە وهەندێ شوێنی نامەکەش سواوەتەوە، بەڵام حلمی بایەخی ئەو نامە میژوویەی زانیووە لەلای خۆی پاراستوویەتی وئامادە بووە بەئامێری وردبین(زەڕەبین) بیخوێنێتەوە وەنەیویستووە خوێنەرانی یادداشتەکانی لێ بێبەش بکات(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢ ،١٧٢-١٧٤). هەروەها ئەو نامە(تەلیگرافەی) کە کاپتن بیل لەسەروی خۆیەوە بۆی هاتبوو دەربارەی هاتنی عەشیرەتی دزڵێ بۆ شاری سلێمانی نیشانی حلمی داوە وئەویش وەکو خۆی بڵاوی کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٢،١٩٥٦ ،١١١-١١٢)، بێگومان حلمی هەر بەخستەڕووی نامەکان وازی نەهێناوە هەندێک جار بەراورد لەنێوان نامەکان دەکات ناوەڕۆکەکانیشیان شی دەکاتەوە(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨ ،٩١-٩٢).

هەروەها دەستنووس یەکێکە لەسەرچاوە دەگمەنەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری کە بایەخ وگرنگیان هاوتای بەڵگەنامەکانە.حلمی لەنووسینەوەی یادداشتەکانی دەفتەرێکی ئۆزدەمیری(٦) بەکارهێنانەوە کە لەکاتی بوونی هێزەکەی لەڕەواندز نووسیویەتی. پێدەچێت حلمی گرنگی زانیاریەکانی نێو دووتوێی ئەو دەفتەرەی باش زانیبێت تەنانەت ناچاری کردووە پێداچوونەوە بەو زانیاریانە بکات کە بۆ بەرگی شەشەمی یادداشتەکانی ئامادەی کردبوون، لەم چوارچێوەدا کۆمەڵێک زانیاری

ڕاســـت کردۆتەوە،دیـــارە ئەمەش کـــاتی زۆری ویســـتووە وەیەکێـــک لەهۆکارەکـــانی دواکەوتنـــی لەچاپـــدانی ئەم بەرگەی یاداشتەکانیشـــی بووە(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨،لەپێشـەکی وەرگیراوە)بەدووریش نازانرێت ئەو نـامە تایبەتیـانەی کە لەنێوان ئـۆزدەمیر وشـێخ محمـود وشـێخ قـادری برای وبەرپرسەکانی تورک ئـاڵوگۆڕکراون وحلمـی لەیادداشـتەکانی بـاڵاوی کـردونەتەوە هەرلەو دەفـتەرە وەرگیرابن(ڕەفیـق حلمـی، ب٦، ١٩٥٨ ،٢٤-٨٥).

ب- پەرتووک

وەک لەبەرهەمە مێژوویەکـانی دەردەکەوێ حلمـی قورسـایی هەرە گەورەی دەسـت خسـتنی زانیاریەکـانی لەسـەر پەرتـووک بـووە، لەم چوارچێوەدا ژمارەیکی زۆری سەرچاوە بەکاری هێناوە بەو زمانانەی کە زانیـوویەتی. لەوەرگێڕانـی هەندێک سـەرچاوەی ئینگلیـزی ناهیـدەی کچـی هاوکاری کردووە، هەروەها پۆلێک لەدەستەبژێرانی ڕۆشـەنبیری موسڵ لەپێـدانی سـەرچاوە کۆمەکیـان کردووە(ڕەفیـق حلمـی، ب١، ١٩٥٦، لە پێشەکی وەرگیراوە).

شـایەنی باسـە لەکاتی بەکارهێنـانی سـەرچاوەکان حلمـی پەراوێـزی دانـاوە تێـدا بەکـورتی ئامـاژەی بەژیـانی کەسـایەتی،وەرگێڕانی ووشـە عەرەبیەکـان بۆزمـانی کـوردی وگێـڕانەوەی خـوێنەر بۆسـەرچاوەکان وڕونکـردنەوەی زیـاتری بابەتەکـان کـراوە. بەڵام تێبینـی هەنـدێک کەموکـوڕی دەکـرێ لەبەکارهێنـانی سـەرچاوەکان بەجۆرێـک خـوێنەر هـیلاک دەکـات بۆنمـوونە، لەهەرشـەش بەرگـی یادداشـتەکانی لەچەنـد شـوێنێکی زۆر کەم ئامـاژە بەژمـارەی لاپەڕەکانی ئەو سـەرچاوانە دەکات کە زانیاریەکانی لێوەرگرتوون (ڕەفیق حلمی،ب١٩٥٨،٦ ،٩٠ ؛ڕەفیق حلمی ب٣،چ١٣٣،١٩٩٢،٢)بەڵام لەبەرهەمەکـانی تـری زیـاتر ئامـاژەی بەژمـارەی لاپەڕە کردووە بەتایبەتی لەپەرتوکی (مقالات) لەزۆرترین شـوێن ئامـاژەی

بەژمارەی لاپەڕە کردوە. هەروەها لە یادداشتەکانی هەندێک جار سەرچاوەی وای بەکارهێناوە لەچەند بەرگێک پێهاتووە وەک(تاریخ الوزارات العراقیة)ی مێژوونووس عبدالرزاق الحسني(١٩٠٣-١٩٩٧) بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو بەرگە بکات کەزانیاریەکانی لێ هەڵێنجاوە.(ڕەفیق حلمی، ب١، ١٩٥٦ ،٥٤؛ ڕەفیق حلمی ب٤، ١٩٥٦، ٢٠٢؛ ڕەفیق حلمی، ب٥، ١٩٥٧ ،٣٧)،هەروەها هەندێ جار تەنها ناوی نووسەر دەبات،بۆ نموونە زیاد لەجارێک دەڵێ (سامی خونده) دەڵێت بە بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی سەرچاوەکە بکات(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧ ،٣٤-٣٧) بەپێچەوانەوەش هەندێ جاری تر تەنها ناوی پەرتووکەکە دەبات(ڕەفیق حلمی، الاکراد.....،١٩٣٤ ،٩-١٠)(ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،١٦،٢٥). هەروەها لەکاتی پێناسەی شوێن وکەسایەتیەکان زۆربەی جار ناوی ئەو سەرچاوەیە نابات کەسوودی لێوەرگرتووە (ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،٣٥، ٤٥، ٥٨) (ڕەفیق حلمی، ب٢ ،١٩٥٦، ١١٤ ،١٣٢؛ ڕەفیق حلمی،ب٣،١٩٥٦ ،٨١) جیا لەوانەش لەیادداشتەکانی ئاماژە بەسالّ وشوێنی چاپی سەرچاوەکانیش ناکات.بەڵام بەڕەچاوکردنی سەردەمی نووسینەوەیان ئەو تێبینیانە لەنرخی مێژوویی بەرهەمەکانی کەم ناکەنەوە.

ت- مێژووی زارەکی یان زاردەمی(Oral History)

مەبەست لەو زانیاریانەیە کە پەیوەندیان بەڕابردوو هەیە وە لەڕێگای دەمەوە سەرچاوە دەگرن ونەوە دوای نەوە لەناو کۆمەڵگادا دەگوترێنەوە. بایەخی مێژووی زارەکی لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە کەهەڵگری کۆمەڵێک زانیارین لەمێژووی نووسراودا بەرچاو ناکەون. لەڕاستیدا زۆرینەی دەقە نووسراوەکانیش لەبنچینەدا لەڕێگای زارەوە گواستراونەتەوە بۆ دەقی نووسراو لەوانەش تەورات وفەرمایشتەکانی پێغەمبەری خودا (محمد د.خ) کەلەدوای خۆی لەڕێگای دەمەوە تۆمار کراون. هەروەها داستانی ئەلیادە وئۆدیسای شاعیری یۆنانی هۆمیرۆس

لەبنچینەدا زارەکی بووە دەماو دەم گێڕدراوەتەوە دواتر بۆتە دەقی نووسراو(هەروتی،گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، هەولێر،ژ(٣٧)،٢٠١٧، ١٥٥-١٦١).

بۆگەیشتن بەزانیاری ورد وبەراورد کردنی ڕووداو وپەرەسەندنەکان وساغ کردنەوەیان وگەیشتن بەڕاستی مێژوویی لەپاڵ زانیاری نووسراوی سەرچاوەکان حلمی پەنای بۆ بەکارهێنانی گێڕانەوەی زارەکی یا زاردەمیش بردووە. تێبینی ئەوە کراوە هەندێک لەزانیاریەکانی لەڕێگای ئەو کەسانەوە دەست کەوتووە کە نزیک وشایەد حاڵی ڕووداوەکان بوونە، یاخود خۆیان کار ئەکتەری سەرەکی بوونە لەدروست کردنیان، ئەمەش بایەخی مێژوویی زانیاریەکانی ناو بەرهەکانی زیاد کردووە بۆ نموونە لەباسی ڕووداوەکەی کوشتنی شێخ سەعید وکوڕەکەی زانیاری زارەکی لەخودی شێخ محمود وەردەگرێ وەک دەڵێ: ((من خۆم لێم بیستووە کە ئەو لەم کارەساتەدا نەبوە))(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦، ٤٣) بەهەمان شێوەش زانیاری زارەکی لەعیزت تۆپچیش وەرگرتووە دەربارەی بوونی پەیوەندی لەنێوان حەمدی بەگی بابان وئۆزدەمیر(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،١١٧)، هەروەها هەر لەڕێگای مێژووی زارەکیەوە هەندێ زانیاری هەڵەی نێو یادداشتەکانی بۆ ڕاستکراوەتەوە(ڕەفیق حلمی، ب١٩٥٦،٤، لەپێشەکی وەرگیراوە).لەشوێنێکی تریش دەڵێ:((ئەم باسە وەکو لە((ئەحمە تەقی)) خۆیم بیستوە...))(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨ ،١٤) یان دەڵێ((عزت تۆپچی(عیززەتی فاتە) بۆی گێررامەوە، ئەیوت...)) (ڕفیق حلمی، ب٦،١٩٥٨،٤٥). وەلەچەند شوێنێکی تریش بۆ وەرگرتنی زانیاری پەیڕەوی ئەم شێوازەی کردووە.

ث: ڕۆژنامە وگۆڤار

ڕۆژنامەو گۆڤار کەناڵێکی تری دەست کەوتنی زانیاریە کە توێژەرو ومێژوونووسان پەنای بۆ دەبەن، حلمیش، لەتەمەنێکی بچوکەوە

بەدیارکراوی لەساڵی١٩١١ لەڕێگای ڕۆژنامەی (حەوادس) دواتریش لەڕۆژگاری دەسەلاتەکەی شێخ محمود زیاتر ئاشنا بەجیهانی ڕۆژنامەگەری دەبێت (ساڵح، ڕەفیق (و)سەدیق،٢٠٠٣ ،١٢-١٣). بۆیەش لەهەندێ بەرهەمەکانی ژمارەیک ڕۆژنامە وگۆفاری نزیک لەڕووداوەکانی بەکارهێناوە بەزمانەکانی کوردی(ڕەفیق حلمی، ب٥ ،١٩٥٧ ،١٠٦-١٠٧؛ ڕەفیق حلمی،ب٦ ،١٩٥٨ ،٤١-٤٢؛ ڕەفیق حلمی، ب،٣، چ٢،١٩٩٢،٧١) وتورکی(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،٢٠٥)(ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،٤٤) وئینگلیزی(ڕەفیق حلمی، الاکراد....،١٩٣٤،٦) وعەرەبی(ڕەفیق حلمی،مقالات١٩٥٦ ،٣٢)کاتێکیش لەبەغدا بووە ڕۆژنامە فەڕەنسیەکانی بۆهاتووە بەتایبەتی ڕۆژنامەی(تان)لەو ڕێگایەوە ئاگاداری جەنگی ڕزگاری تورکی بووە بەتایبەتی شەڕەکانی ئەنادۆل(ڕەفیق حلمی،ب٤،١٩٥٦،١٤٤).

ج- گەشتکردن

هەروەک لەلاپەڕەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێکردوە کە حلمی سوودی لەو گەشتانە وەرگرتووە کەئەنجامی داون بەدیاریکراوی گەشتەکانی لەگەڵ بەرپرسە بەریتانیەکان وگەشتەکەی بۆ تورکیا کە بوونەتە یەکێک لەو سەرچاوانەی لەنووسینەوەی یادداشتەکانی بەکاری هێناون.

٢- گشتگیری

یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی مێژوونووسی ورد وبەسەلیقە ئەوەیە کەبە دیدێکی گشتگیر وهەمە لایەنەوە مێژوو بنووسێتەوە بەجۆرێک لایەنە(سیاسی ،ئابوری ،کارگێڕی ،کەلتوری، وژیار)یەکان لەنووسراوەکانی بەدیارخات. تێبینی ئەوە کراوە حلمی پەیڕەوی لەوتایبەتمەندیە کردووە، بۆنموونە ئەگەر چی یادداشتەکانی بەناوی کوردستانی عێراق وشۆڕشەکانی شێخ محمودە بەڵام هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنە

سیاسیەکانی کوردستانی باشور باسی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی عێراق وپەرەسەندنە هەرێمایەتیەکانیشی کردووە لەوانەش گۆڕانکاریەکانی سوریا وتورکیا لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی وڕوودواوەکانی دوای جەنگیش.

هەروەها حلمی خۆی پابەند نەکردووە تەنها بەباس کردنی بوارێکی تایبەتی وەک (سیاسی، ئابووری، ژیاری) بەڵکو ڕوودواوو پەرسەندنە مێژوویەکانی وەک یەکەێکی تێکهەڵکێشکراو ولێک دانەبڕاو دیووە، بۆنموونە لەپەرتوکی (الاکراد منذ فجر التاریخ) شان بەشانی مێژووی کورد وکوردستان باسی لەجوگرافیای کوردستان ولایەنی ژیاری کوردیش کردووە لەوانەش بەرهەمی زانایانی کورد وئەو خزمەتانەی کەپێشکەشی شارستانیەتی ئیسلامیان کردووە. هەروەها لەپەرتووکی یادداشت شان بەشانی پەرەسەندنە سیاسیەکان بەشێوەێکی کورت وپوخت باس لەدۆخی ئابووری وکۆمەڵایەتی وکارگێڕی کوردستانی باشوری سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی ودوای ئەو ماوەیەشی کردووە. بۆ نموونە لەباسی لایەنی کۆمەڵایەتی بەجورئەتەوە دەستی بۆ دیاردەێکی ناشرینی کۆمەڵایەتی وەک لەشفرۆشی بردووە کەلەوانەیە هەموو مێژوونوسێک لەبەر هەرهۆێک بێت خۆیان لە قەرەی باس کردنی نادەن. کاتێک ئاماژە بەو لادانە ڕەوشتیە دەکات کە بەهۆی گرانی وقاتوقڕی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسلێمانی بڵاوبووبۆوە(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦، ٣٣).

هەروەها حلمی لەنووسینەوەی مێژووی کورد خۆی بەجوگرافیایێکی دیاری کراو نەبەستاوەتەوە بۆنموونە هاوتەریب لەگەڵ باس کردنی پەرەسەندنەکانی باشور باسی کەسایەتیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەوانەش کەریم خانی زەند وسمکۆ هەروەها باسی کوردانی کوردستانی باکوریش کردووە، وەک کوردێکیش چۆن هاوسۆز بووە لەگەڵ شێخ محمود بەو ئەندازەش دڵگران بووە بەپێ هەڵخلیسکانی کوردێکی دیاری

وەک سەگبان کە کار ئەکتەرێکی سەر گۆڕەپانی سیاسی باکوری کوردستان بووە، ئەمەش وادەکات بڵێن حلمی مێژوونووسێکی ناوچەیی نەبووە.(ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،٥-٧٩).

دەربارەی تایبەتمەندی مێژوونووس بەنووسین لەبواریکی دیاری کراو وەک مێژووی کۆن ،ئیسلامی، نوێ وهاوچەرخ هەرچەندە تێبینی ئەوە کراوە حلمی وەک پسپۆڕی بواری مێژووی نوێ وهاوچەرخ دەرکەوتووە بەڵام زەحمەتێکی وای نەدیووە لەخۆ قەرەدانی مێژووی کۆن وئیسلامیش (ئەگەر بەشێوەیکی کورتیش بێت). بۆ نموونە باس وخواسی سەلاحەدینی ئەیوبی لەنامیلکەیکی سەربەخۆی چاپ نەکراو کۆکردۆتەوە. هەروەها باسی ڕۆستەمی زاڵ (صابر،٢٠٠٧ ،١٨٠-٢١٣) وقەرەقۆشیشی کردووە (سالح،٢٠١٨ ،٣٨٤-٣٨٦)، وە لەپەراوێزی سەردانی شارە کوردیەکانی وەک دیاربکر وبەتلیس وئەخلات بەشێوەیکی کورت وپوخت خوێنەران دەگێڕێتەوە بۆ مێژووی دروست بوونی میرنشینە کوردیەکان کە ئەو بە((حکومەت)) ناوی بردون لەوانەش میرنشینی (دۆستەکی – مەڕوانی) وباس وخواسی شەرەفخانی بەتلیسی(١٥٤٣-١٦٠٣) ودەسەلاتدارانی بەتلیس وڕابردووی ئەخلات لەقۆناغە مێژوویە جیاوازەکان(ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢،١٩٩٢،١٥٥-١٦٥).

٣- بابەتی بوونی مێژوویی

بابەتی بوون خەسڵەتێکی سەرەکی مێژوونووسە، کە بریتیە لەوەی مێژوونووس تەنها لەگەڵ تۆێژینەوەکەی خۆی بێت، بابەتەکان چۆنن وایان بخاتەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ ڕازو نیاز وهەواو هەوەس ومەبەستێکی تایبەتی خۆی لەنووسینەکانی ڕەنگ بداتەوە، بەمانایکی تردەبێت مێژوونووس خۆی دابڕنێ لەهەموو ئیعتباراتێکی خودی وکەسی وبەزهنیەتێکی زانستیەوە تێکەڵ بەتۆێژینەوەکەی بێت وخۆی بەدوور بگرێت لەهەموو لایەنگیری وسۆزداریک، لەبەرامبەر بابەتی بوونیش

ئاڕاستەیکی تر هەیە بە(خودێتی-Subjectivity) ناسراوە، ئەویش ئەوەیە کەمێژوونووس بکەوێتە ژێر کاریگەری ئیعتباراتی خودی وهەستی کەسیەتی، بۆیەش هەندێک پێی دەڵێن(ئاڕاستەی کارلێکراو- الاتجاه التأثري)(الفضلي،٢٠٠٧، ٢٤١).

لەڕاستیدا ڕاییک هەیە کە بابەتی بوون بەیەکێک لەکێشەکانی بەردەم ڕێبازی تـوێژینەوەی زانستیش دەزانێت، وە بەگومانن لەپابەند بوون بە(بابەتی بوون) لەکاتی تـوێژینەوەکردن لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە وای بۆ دەچن یەکێک لەهۆکارەکان ئەوەیە مرۆف بەسروشتی خۆی حەز بەدەرخستنی دۆخی کۆمەڵایەتی وبەرژوەندیەکان وهەواو ئارەزوەکانی دەکات وە لەژێرکاریگەری فاکتەر کۆمەڵایەتیەکانی وەک هەست وسۆزی خێزانی وبنەماڵەیی وچینایەتی یاخود پاڵنەری نەتەوایەتی وئاینی ولایەنگیری بیرێکی سیاسی دیارکراودایە زۆرجاریش بەهۆکاری ئیدیۆلۆژی ئەوە ڕوودەدات هەروەک(کارل منهایم-K.Mannhcim بە(هۆشیاری درۆزنانە)ی ناوبردووە، وەبەشێوەیکی تێروتەسەل ئێی دواوە. ئەمەش وادەکات دەرئەنجامی تـوێژینەوەکەی لایەنگیر بێت بەدووربێت لە واقعیەتی ئەو بابەتەی کەتـوێژینەوەی لەسەر کراوە،لەبەر ئەوەی دیدی لایەنگیری توێژەری بەسەردا زاڵ دەبێت ئەوانەش دژ و ناکۆکە لەگەڵ بابەتی بوون ومەعریفەی زانستی وگەیشتن بەدەرئەنجامێکی ڕاست ودروست ودوور لەلایەنگیری، هاوکات توێژەریش دوور دەخاتەوە لەخوێندنەوەی واقیع بەو شێوەیەی کەهەیە،(إبراش،٢٠٠٩، ٨٧-٨٩).

بەسەرنج دان وردبوونەوە لەنووسینەکانی ڕەفیق حلمی تێبینی ئەوە دەکەین کە ناوبراو بابەتیانە شەنوکەوی ڕووداو وپەرەسەندنە میژوویەکانی کردووە. بۆ نموونە دەبینین بابەتیانە هەموولایەنە (سیاسی ،ئابوری وژیاری)یەکانی نەتەوەی کوردی شی کردۆتەوە، هەروەها لەکاتێکدا کوردبوون لەلای ئەو لەسەرووی هەموو شتێکە وتاکە پێوەری

باش بوون کورد بوونه، بۆ نموونه دەربارەی مستەفا پاشای یامۆلکی دەڵێ:((تەنیا رەوشتێکی هەرە باشی هەبوو کە کوردێکی پەتی بوو))(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ٧٥) وە دەڵێ:((من (عەبد) ی ئەو کەسەم کە کورد بێ و بۆ کورد تێ بکۆشێ))(ڕەفیق حلمی،ب٦،١٩٥٨، ١٠٢) بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لە سەرزەنشتکردنی میللەتی کورد وسەرکردەکانی وە هەڵاوێریان ناکات لەڕەخنەگرتن.

هەروەها حلمی لەچوارچێوەی میتۆدو ڕێبازی زانستی بۆ تۆێژینەوەی مێژوو بابەتیانە لەسەرچاوەکانی شکستی دەسەڵات وحوکمڕانی کوردو سەرنەگرتنی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی کۆڵیەوەتەوە بەجۆرێک هاوتەریب لەگەڵ دەست نیشان کردنی فاکتەرە دەرەکیەکان بازی بەسەر فاکتەرە ناوخۆیەکانیش نەداوە ودەستی لەسەر داناوون بۆنموونە لەکاتێکدا باسی((سستی وفرو وفێڵێ ئینگلیز))دەکات(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦، ٤٧) وە واشی بۆچووە کە هەرگیز ڕاستگۆ نەبوونە لەسیاسەتیان بەرامبەر بەکورد((قەت بەراستی نەهاتنە پێشەوە ودەسیان لەفروفێڵ هەڵ نەگرت)) (ڕەفیق حلمی،ب٩،١٩٥٧،٥)(٧). لەگەڵیشیدا فاکتەرە ناوخۆیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە وەک دەڵێ:((لەمەدا کوردەکان خۆشیان بەشدارن وئەتوانم بڵێم کەتانووتی گەورەتر ئەبێ لەکوردەکان خۆیان بگیرێ))(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦، ٤٧).

لەنووسین دەربارەی کەسایەتیەکان حلمی بابەتیانە وهاوسەنگانە هەڵسەنگاندنی کردووە،وە ئینسافانە باسی کردوون، تەنانەت بەرامبەر کەسێکی وەک کاپتن بیڵ کە حلمی نارحەتی زۆری دیوە لەماوەی کارکردن لەگەڵی وبێزار بووە لەهەڵسوکەوتەکانی بەتایبەتی بەرامبەر بەهۆز وکەسایەتیە کوردیەکان،وە هیوای خواستووە ڕۆژێک زووتر لێی جیا بێتەوە((بووبوو بەمووی لووت ولیم نەئەبوەوە)) (ڕەفیق حلمی، ب١،١٩٥٦، ٨٩)، هەروەها وەک کەسایەتێکی((تووڕەو تررو زڵ)) (ڕەفیق،

حلمـــی،ب،٢،١٩٥٦ ،١٣٦)وەک ((غەزب)یکـــی خـــودا)) هێمـــای بـــۆ کردووە،(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦ ،٩٣)، بەڵام ئەو هەستەی بەرامبەری وا ناکات باس لەچاکەکانی نەکات وتۆماریان نەکات بۆمێژوو، وەدان دەنێ بەوەی ((دەمـاری پیاوەتیشـی هەبـوو لەکـاتی هێمنـی وشـێنەیی دا رووی خۆش ئەبوو ومەیلی چاکەی ئەبزووت. ڕەوشتی ئازانەی لاخۆش بوو. چارەی پیاوی دوو ڕووی نەئەویست))(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦ ،١٣٦).

هەروەهـا پابەنـد بـوون بەبـابەتی بـوونی مێژوویـی لەهەڵسـەنگاندنی بزافـی ڕزگـاریخوازی گەلان سـیمایێکی نووسـینە مێژوویەکـانی حلمـیە بـۆ نمـوونە لەگەڵ ڕەخنەگرتنـی لەسیاسـەتی خراپـی کەمالیەکـان بەرامـبەر بەکـورد بەڵام پەسـنی خەبـاتی میللەتـی تـورک بەرامـبەر داگیرکەرانـی خاکەکەیان دەکات.هەروەها سەرەڕای بوونی تێبینیەکانی لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێڕاق بەرامبەر بەکورد بەڵام سەرسامی خۆشی نەشاردۆتەوە بەرامبەر خرۆشانی گەلی عەرەبی عێڕاق لەڕووداوەکانی شۆڕشی بیست بەرامـبەر بەئینگلیـز، بەجۆرێـک پەرەسـەندنەکانی شۆڕشـەکە پانتـایێکی گەورەیان لەبەرگی سێیەمی یادداشتەکانی داگیر کردووە وبە((شۆڕشی گەورەی)) ناوبردووە، هۆنراوە ئاگرینەکانی محمد مەهدی بەسیر(١٨٩٥-١٩٧٤) لەمزگەوتـی حەیـدرخانەی شـاری بەغـدا فرمێسـکیان لەچاوەکـانی باراندووە(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦،٦٠-٨٨).

٤- ڕەخنە گرتن

یەکێک لەدیارترین سیماکانی نووسینەوەی مێژوو لەلای ڕەفیق حلمی ڕەخنەگـرتنە. بەورد بـوونەوە لەبەرهەمەکـانی بەتـایبەتی یادداشـت ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت سـەرچاوەێک یادداشـتەکانی وەک پەرتـووکێکی ڕەخنەیـی ناسـاندووە (زراری،٢٠١٩،٤٥)، هەروەهـا حلمـی لەپێشـەکی بەرگـی پێنجەمـی یادداشـت لەژێـر نـاوی (تکـایەک) سوپاسـی خوێنەرانی دەکات کە هەندێ هەڵەی چوار بەرگی ڕابردوویان بۆ ڕاست

کـردۆتەوە دووپاتیشـی کـردۆتەوە هەرگیـز لەڕەخنەگـرتن زویرنـابێ بەڵکوو((بەدلێکی خاوێنەوە)) بەرەو پیریان دێت بۆ کەڵک وەرگرتن لێی، هەروەها نەبوونی ڕەخنە ودەست نیشان نەکردنی کەم وکوڕیەکانی وەک فـاکتەرێکی بەردەوام بـوون لەسـەر هەڵەو کەم تەرخەمـی دیوە(ڕەفیـق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ٤).

بوارەکانی ڕەخنەگرتن لەنووسراوەکانی ڕەفیق حلمی

دەتـوانیین چەند بـواریکی ڕەخنەگرتن لەنووسـینەکانی ڕەفیـق حلمـی دەست نیشان بکەین لەوانەش:

أ- بواری سیاسی: یەکێک لەسیما دیارەکانی ڕەخنەگرتن لەلای حلمی ڕەخنەی سیاسـی بـووە،لەوانەش ڕەخنە لەڕەمـزو فیگەرە سیاسـیەکانی کـوردو ئەنـدامە کوردەکـانی ئەنجـوومەنی دامەزرێنەر(دواتـر نـوێنەران) وکۆمەڵە وڕێکخراوە کوردیەکان، هەروەها لەهەڵسـەنگاندنی کەسـە نزیک وخۆشەویستەکانیشی کەڕەمزی نەتەوایەتیش بـوونە دەست بەرداری ئەو بنەمـایە نەبـووە وهەڵاوێـری نەکـردوون لەڕەخنەگـرتن لەوانەش شـێخ مەحمود وسمکۆی شکاک. بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ کە حلمی بەو پەڕی جدیەت وبەرپرسیاریەتیەوە ڕەخنەدەگرێت ودورە لەبەکار هێنانی زمانی تیـژ وزبـر وتـوانجی ئێسـک شـکێن وڕووخێـنەر، هەنـدێ جـار لەکـاتی ڕەخنەگرتن جێگرەوەی بۆ دیاری دەکات بۆ نمـوونە کاتێک ڕەخنە لەشـێخ دەگـرێ لەسـەر بـێ پلانـی شـەڕی دەربەنـدی بازیـان دوای سـەرکەوتن لەگەڕی یەکەمی شەڕەکە ئاماژە بەوە دەکات کە دەبوایە بەجێگیر کردنی سوپاکەی لەدەربەند نەوەستایە وچاوەڕێی هـاتنی هێزێکی تری ئینگلیزی نەکـردایە، بەڵکـو بە هـامەهەنگی ئەفسـەر وسـەرۆک هۆزەکـان هێـزەکەی بکـردایە چەنـد بەشـێک هەربەشـەو لەنـاوچەێکەوە لەهێزەکـانی ئینگلیـز بهاتنـایە دەست(ڕەفیق حلمـی،ب١٩٥٦،٢، ١٣٨-١٣٩)٠ بەهەمـان میتـۆدیش ڕەخـنە لەکـارو بەرنـامە وپڕۆژەکـانی جەمعیەتـی کوردسـتان دەگـرێ کە

خۆشی ئەندام بووە، پێی وابووە دەبوایە دوای گەڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان بڕیاری دانانی بەرنامە ونەخشەیکی بدایە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئالنگاری وگۆڕانکاریە نوێیەکان،وە بەگرۆتینەوە چالاکی سیاسی زیاتری بکردایە(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧ ،٩٢-٩٣).

ب- بواری زانستی: لەم ئاستەدا حلمی ڕەخە لە زلهێزەکان دەگرێت کەپێشکەوتنی زانستی و ژیاری سەردەی بیستەمیان نەکردە ئامرازێک بۆ خێروخۆشی وحەسانەوەی مرۆڤەکان بەپێچەوانەوە بەهۆی دروست کردنی چەکی وێرانکەر نەگبەتی ونەهامەتی گەورەیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هێنا، حلمی گووتەنی دونیایان بەچەشنی((دۆزەخیکی بێ(بن)) لێکرد وەکو ئاماژەێک بۆ ئەو قوربانیە زۆرەی کە لەئاکامی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی(١٩١٤-١٩١٨) هاتەکایەوە کە بەبۆچوونی ئەو جەنگەکە بووە هۆی لەناوبردن وبێ سەروشوێن بوونی(٣٤) ملیۆن کەس. بەجۆرێک جیهانیان کردە((قەبرستانیکی بێ سنوور)) وەحلمی واشی بۆ چووە کە بەو کارەساتەی کە زلهێزەکان خولقاندیان بەڵگەێکی گەورەیان دایە دەست هەموو ئەوانەی ((کە لەراستی وسەرەو وخیری شارستانیەتی چەرخی بیستەم بە گومان بوون)) (ڕەفیق حلمی،ب١،١٩٥٦ ،٥-٦).

ت- بواری کۆمەڵایەتی: لەڕووی کۆمەڵایەتی وجیاوازی ودابەش بوونی بیروباوەڕی سیاسی لەشار سلێمانی چەندین گروپ گەلی کۆمەڵایەتی بوونیان هەبووە کە کاریگەری قوڵیان بەسەر کۆمەڵگای کوردی ئەوکات هەبووە، ئەوانیش ئەفسەران ولاوەکان ڕۆشنبیران لەلایێک و لایەنگرانی ئینگلیزەکان کەبەئینگلیز خواکان ناسرابوون، لەگەڵ لایەنگری تورکەکان کە بەجل خوارەکان ناسرابوون لەلایێکی ترەوە (بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بیروڕای سیاسی لەشاری سلێمانی لەو ڕۆژگارە بگەڕێوە بۆ:شوانی،٢٠٠٢ ،١٩٠-١٩٨) بۆیە لەناو گێژەنی ئەو دابەش بوونە کۆمەڵایەتی وسیاسیە حلمی ڕەخنەی گەورەی بەپلەی یەکەم لەو پێکهاتە

کـۆمەڵاتیە ئـاڵۆزە هەبـووە کە وەک دەسـت وپێوەنـدی شـێخ محمـود دەرکەوتووبوون لەدەوروبەری گردبووبوونەوە، کە بەگوێرەی دەربڕینی حلمـی پێـک هـاتبوون لە((دەس و پـێ وەنـدی نەفـام ونەخوینـدەوار، دەوروپشتی چاوبرسی ودووای تـاڵان کەوتوو، نۆکەری خەنـجەر لەپشت وعەشایری تفەنگ لەشان)) لەبەرامبەر ئەم چینە کۆمەڵایەتیەش، نیشتیمان پەروەران هەبوونە کە پێهاتبوون لەڕۆشەنبیران، لاوان، وئەفسەران، حلمی بڕوای وابووە ئەم چینە گەرەکیان بووە یارمەتی شێخ بدەن، بەڵام چینی یەکەم بووبوونە بەربەست ولەمـپەر لەنزیک بوونەویان لەشـێخ مەحمـود ودیـوارێکی پۆڵاینیان لەنێوان دروست کردبوون ،بەڵام جەخت دەکاتەوە لەوەی شێخ مەحمودیش ئیرادەی شکاندنی ئەم بەربەستەی نەبووە(ڕەفیق حلمـــی،ب١ ،١٩٥٦ ،٦٧-٦٨).هەروەهـــا بـــڕوای وابـــووە ئینگلیزەکـــانیش لەمامەڵەیان لەگەڵ نەتەوە ژێرکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەشـی کە داگیریـان کردبـوون، ئامـادە نەبـوونە هـیچ ڕایەڵێکـی پەیوەنـدی لەگەڵ نـوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت وخوێندەواران بپەستن، بەڵکو بەبیروڕای حلمی ئەوان تەنیا بنەماڵە ناودارەکان وسەرۆک هۆزەکانیان ناسیووە، ولێرەوە ڕەخنە لەچەند سـەرۆک هۆزێک دەگرێت و بە((ڕووڕوو)) ناویـان دەبـات(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨ ،٨٨).

٤- **بـواری کەلتـوری:** لەگەڵ ئەوەی حلمـی پەسـنی هەنـدێ لایەنـی مـادی ژیـاری ڕۆژئـاوا دەکـات بەتـایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەپێشکەوتنی زانستیەوە هەیە وە لەخزمەتـی مرۆفـایەتیش خـراوەتە گەڕ وەک دروسـت کردنی هۆیەکانی هاتوچۆی پێشکەوتوو لەوانەش فڕۆکە، لەم ڕوەوە باس لەچوونی لەسلێمانیەوە بۆ ئەستەمبوڵ دەکات لەسـاڵانی جەنگی یەکەمـی جیهانی کە((دو مانگی بێ کەم وزیـاد))ی خایاندووە لەکاتێکدا ئەو مـاوەیە لەئیسـتادا حلمـی گووتەنی((بـۆ گەشـتێکی دەوری عـاڵەم بەسـە))(ڕەفیق حلمـــی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢ ،١١٩) بەڵام کاتێـــک ســـەرنجی ڕووە مـــادیەکەی پێشکەوتنی ژیاری ڕۆژئاوا دەدات وەک دونیای خۆنواندن ونمایشـە کردن

و دورکەوتنەوە لەبەها جوانەکانی دەبینێ، هاوکات دونیای ڕۆژهەڵاتیش بەدونیای ڕۆحی وڕاست وبەرزی ودوور لەنمایش کردن ودرۆ دەچووێنێ بەگووتەی ئەو ((لەو عالەمە پیروزەدا پەستی وپچووکی نی یە و وزەڕەش خاوەنی کەماڵە)) ئینجا ڕەخنە لەشارستانیەت وکەلتوری ڕۆژئاوا دەگرێ کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیان ((لەژیانی سادە وبێ فڕ وفێڵی تەبیعەت)) دوورخستۆتەوە، لەکاتێکدا حلمی هیچ مەترسێک نابینێ لەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاوا ئەگەر خۆرهەڵاتیەکان((بەچونە جل وبەرگی ئەوانەوە لە(شانو-مەسرەح)ی ژیاندا دەوری خۆمان بەوێنەی ئەوان بە جێ بهێنین))(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢، ٩٣).

باسی دووەم: شێوازی ڕەفیق حلمی لەخستنە ڕووی بابەتە مێژووییەکان

حلمی بڕوای وابووە کە پڕۆسەی نووسین بەگشتی پێویستی بەپاشخانێکی ڕۆشنبیری وهەرزی فراوان هەیە وەک مەرجی یەکەم بۆ ئەوەی نووسەر بەقۆڵی بچێتە ناو بابەتەکەی،(ڕەفیق حلمی،گۆفاری (شەفەق) کەرکوک، ژ(٣)،مارت ١٩٥٨، ٦-٧). هەروەها واشی بۆ چووە کە گەڕانەوە بۆسەرچاوەو چاوگە ڕەسەن وپاکەکان کە لەلایەن نووسەرە ڕۆژئاواییەکان ولەنێویشیاندا ڕۆژهەڵات ناسەکان سەرپەرشتی کراون زامنی گەیشتنن بەڕاستیە مێژوویەکان (ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦، ٨) ئەمەش کاریگەر بوونی حلمی بەنووسین وبەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەدیار دەخات تەنانەت لەشوێنێکی تر ڕاشکاوانە دەڵێ((بیروڕا کەسیەکان وبیردۆزە سیاسیەکان هیچ نرخێکی زانستیان نیە بەرامبەر ڕاو بیردۆزی پسپۆڕان لەزانایانی مێژوو وڕۆژهەڵاتناسەکان کە پشت ئەستوورن بەڕاستیە زانستیەکان...))(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦، ١٣).

لەخستەڕووی زانیاریە مێژوویەکان حلمی پەیڕەوەی لەچەند شێوازێک کردووە لەوانە.

١- شێوازی دروست کردنی پرسیار

بۆگەیشتن بەڕاستیە مێژوویەکان و وروژاندنی بیر وهەستی خوێنەر حلمی پەنای بردۆتە بەر پەیڕەوی کردنی شێوازی پرسیارکردن هەندێک جار خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە وهەندێک جاریش وەڵامەکەی بۆ خوێنەران جێ دەهێڵێ، بۆ نموونە دەپرسێ بۆچی گەلی ئێرلەندا هەوڵیان داوە لەگەڵ گەلێکی گەورەی حەز بەئازادی ودیموکراسی وەک گەلی سەکسۆنی جیابنەوە؟(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦، ٥٩). هەروەها دەربارەی پەیمانی عێراقی- بەریتانی ساڵی ١٩٢٢ پرسیار دەکات و خۆشی وەڵامەکەی دەداتەوە(ڕەفیق حلمی،ج٥،١٩٥٧، ٤٧). لەباسی هۆکاری ڕووبەڕوو نەبونەوەی شێخ محمود لەگەڵ ئۆزدەمیر کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێ(ڕەفیق حلمی،ب٦، ١٩٥٨، ٣٣)بەهەمان شێوە کۆمەڵێک پرسیاری کردووە لەسەر سیاستی ئینگلیزەکان بەرامبەر هەریەک لەکورد وتورک وعەرەبەکانی عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی خۆشی وەڵامی داونەتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٥، ١٩٥٧، ١١-١٢).

٢- شێوازی گومان وگریمانە

گومان کردن لەزانیارییە مێژوویەکان شێوازێکی تر لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی نابێ مێژوونووس بڕوا بەهەموو هەواڵ ودەق وبەڵگەنامەیەک بکات بەبێ لێی وردبوونەوە وگومان خستە سەریان، تاوەکو لەو ڕێگایەوە ڕزگاری بێت لەگومان ودوو دڵی و بگاتە ڕاستی مێژوویی،وەڕایکی واش هەیە کە مێژوو لەوکاتەوە خەسڵەتی زانستی وەرگرتووە کە مێژوونووسان گومان دەخەنە سەر ئەو گێڕانەوانەی کە

گوێ بیستی دەبن یاخود دەیخوێننەوە(طە،١٩٩٠،١٩)ئەم شێوازەش زانایان وبیرمەندانی وەک جاحیز وغەزالی پیادەیان کردووە، ودیکارتیش لێی قبوڵ بۆتەوە(طرابیش،١٩٩٧ ،٢٩٨-٣٠٤)،حلمیش پەیڕەوی لەم شێوازە کردووە، بەوردبوونەوە لەبەرهەمەکانی دەستەواژە گەلێکی وەک((ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئەگەر وانەبێ، ئەگەر بەوتەکانی باوەڕ بکرێت، ئەگەر وانەبوایە))، بەرچاو دەکەون، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە نایەوێ بڕوا بەهەموو گێڕانەوەو هەواڵ ودەقێکی مێژوویی بکات. هاوشان لەگەڵ دروست کردنی گومان لەدەقە مێژوویەکان، لەڕێگای ڕوونکردنەوە وبەدواداچوونی ورد کاریشی کردووە بۆ ڕەواندنەوەی گومان ودوودڵی لەسەر ڕاستیە مێژوویەکان. بۆنموونە بەدرێژی ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە کە لەوانەیە لەهەست وهۆشی خوێنەر دروست بووبێ لەوەی سەرەڕای سەرپێچی چەند جارەی لەبڕیارو ڕێنماییەکانی کاپتن بیڵ ولەڕوو وەستانەوەی بەڵام بیڵ ئەوەی لەحلمی قبوڵ کردووە تەنانەت لەهەندێ باردا خۆی دەست پێشخەربووە لەئاشت کردنەوەی(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦،١٣٥-١٣٨). هەروەها وبەپشت بەستن بەسەرچاوەی مێژوویی باوەڕ پێکراو بەشێوێکی زانستیانە هەموو ئەو گومانانە لەسەر شۆڕشە کوردیەکانی دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیستەم دەڕەوێنێتەوە کە هەندێک بەهاندان ودەستی بێگانەیان زانیون(ڕەفیق حلمی،الاکراد...،١٩٣٤،٤٥-٥٧).هەروەها لەپەرتوکی(مقالات) گومان وبۆچوونەکانی سەگبان پووچ دەکاتەوە کە دەربارەی ڕەگەز وزمان وبزافی ڕزگاریخوازی کوردی دروستی کردبوون(حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،٥-٧٩).

هەروەها دانانی گریمانە وەک ڕێگا ومیکانیزمێک بۆگەیشتن بەڕاستیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بۆ نموونە دەربارەی ئەو نامەی کە ئۆزدەمیر بۆ حەمدی بەگی نووسیووە کەتێدا هاتووە تورکەکان حەمدی بەگیان ڕازیکردووە کە پشت بکاتە ئینگلیز وهاوکاری تورک بکات، حەمدی

بەگیش بەنامەیک وەڵامی تورکەکانی داوەتەوە تێدا لایەنگیری خۆی بۆ دووپات کردونەتەوە. حلمی گومانی ئەوە دەکات نامەکەی ئۆزدەمیر بۆحەمدی بەگ لەبنچینەدا فرت وفێڵی ئینگلیزەکان بێ خۆیان ناردبێتیان بۆحەمدی بەگ تاوەکو تاقی بکەنەوە،هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکات لەوانەیە نامەکە ڕاست بێت وئۆزدەمیر بۆحەمدی بەگی نوسیبێ. بۆمەسەلەی گەیاندنەوەی وەڵامەکەی حەمدی بەگیش بەدەستی ئینگلیزەکان دووگریمانە دادەنێت یان تورکەکان بۆ تێکدانی نێوانی حەمدی بەگ وئینگلیز خۆیان وەڵامەکەی حەمدی بەگیان گەیاندۆتەوە ئینگلیزەکان، یاخود یەکێک لەنزیکەکانی حەمدی بەگ خیانەتی لێی کردووە وەڵامەکەی حەمدی بەگی داوەتە ئینگلیزکان(ڕەفیق حلمی،ب٤،١٩٥٦ ،١١٧-١١٨).

٣- شێوازی کورتکرنەوەی زانیاریەکان

کورتکرنەوەی زانیاری وەدەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێک شێوازێکی تەرە حلمی لەخستە ڕووی زانیاریە مێژوویەکان پەیڕەوی لێکردووە، لەو ڕێگایەوە خوێنەر بە بێ ماندوو بوونێکی ئەوتۆ دەگاتە دەرئەنجامێکی پوخت دەربارەی ئەوپرسانەی کە مێژوونووس دەیان وروژێنێ. بۆنموونە پوختەی مەبەستی ئینگلیزەکانی لەدووبارە هێنانەوەی پێشەوەی کێشەی کورد وگێڕانەوەی شێخ مەحمودی لەهیندستان لەسێ خاڵدا کۆکردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٣،١٩٥٦،٩٦-٩٧).هەروەها ڕێکەوتنی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا وسەرۆک وەزیرانی تورکیا بەکر سامی(١٨٦٧-١٩٣٣) لەسێ خاڵدا خستۆتەڕوو. بەهەمان شێوە جموجۆڵەکانی بەکر سامی وسوودەکانی نزیک بوونەوەی تورکەکانی لەئیتاڵیەکان لەچەند خاڵێکدا کورت کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦،١٧٨-١٨٧) هەروەها پوختەی ئەو ووتارە وەک خۆی دەڵێ ((دوور ودرێژ))ەی کە لەدەمی گەڕانەوەی شێخ محمود بۆ سلێمانی لەبەردەم چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکانی شارەکەی خوێندۆتەوە لەچەند دێرێک پوخت کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ١٠٣-١٠٤).

٤- شێوازی لێکچواندن وبەراوردکاری

حلمی توانایێکی باش وسەلیقەیێکی وردی هەبووە لەشێوازی لێکچواندن وبەراوردکاری بۆ نزیک خستنەوەی بابەتەکان لەهزری خوێنەران وزیاتر ڕوون کردنەوەیان پەیڕەوی لەو شێوازەش کردوە بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ لەهەندێ بەراورد نەی پێکاوە بەوەی بەراوردەکەی لەشوێنی خۆی نەبووە، بۆ نموونە بەراوردی ورد لەنێوان دوو دەسەڵاتداری ئینگلیز لەکوردستانی باشور دەکات ئەوانیش (مێجەر نۆئیل) و (کاپتن بیلّ)ن، کاریگەر بوونی حلمی بەکەسایەتی نۆئیل دەیگەیێنێتە ئەو ڕادەیەی بە دۆستی کوردی بزانێ وبڵێ((زەمان بەدڵی(نۆئیڵ) بچوایە بەرێوە شکم لەوەدانیە کە بناغەی(کوردستانی گەورە)ی دا ئەمەزراند))هاوکات بیلّی وەک کەسێکی لووت بەرز و ئینگلیزێکی داگیرکەر دیوە(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦، ٦٩-٨٩). پێ ناچێت حلمی لەو قۆناغەدا درکی بەوە کردبێت کە هەردوو کەسایەتی نوێنەرایەتی سیاسەت وبەرنامەی وڵاتێکی داگیرکارو خاوەن بەرژەوەندیان کردووە، وەلەهەڵسەنگاندنەکەی ڕەوتی ڕووداوەکانی بەهەڵوێستی تاکە کەسی گرێداوە، دیارە هێشتا ئەوەی بۆ ڕوون نەبۆتەوە کۆڵێنیالیزم سیستەمێکی سیاسی وئابوری وسەربازی وخودان ئامانجی دیاری کراوی خۆیەتی لەو جۆرە سیستەمانەشدا جێگای بۆچوون وحەزو ئارەزوی تاکەکەس نابێتەوە، گەر جیاوازیش لەهەڵوێست وبیروڕای هەندێ سیاسەتمەدار وبەرپرسانیشیان داهەبێ ئەوە تەنیا جیاوازی دابەش بوونی نەخشەو ئەرک وفەرمانە نەک جیاوازی لەبەرنامە وپڕۆژەی سیاسیان(شاکەلی، هەفتەنامەی (فەرهەنگ)،هەولێر، ژ(١٩)،شوباتی١٤،٢٠١٠) هەروەها هەڵسوکەوتی خراپی مێجەر سۆن وپیادەکردنی تۆندوتیژی بەرامبەر دانیشتوانی سلێمانی دەچوێنێ بەدەسەڵاتی قەرەقۆش لەوڵاتی میسر(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦ ،١٠٨). لەلایێکی تر زانیاریەکانی خۆی بەراورد دەکات بەو زانیاریانەی کە لەپەرتووکی (الضحایا الثلاث) ی

(عبـدالمنعم غـولامی١٩٠٤-١٩٦٧)یـدا هـاتوون، دواتـر بەبەراورد کـردن بەزانیاریەکـانی سـەرچاوەیکی تـر هەر چەنـدە ڕایەکەی خـۆی بەڕاسـتر دادەنێـت بەڵام لەبەر بـڕوای حلمـی بەوەی غـولامی شـارەزاو وئاگـادار ونزیـک لەڕووداوەکـانی موسـڵ بـۆیە دەڵێ((سـەرچاوەی هەواڵەکـانی ئەو گومانی تیا نیە))(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦ ،٦٣-٦٤).هەروەها ئاماژەی بەوە کـردووە کە بـایەخ وگرنگـی ولایەتـی موسـڵ بەلای تورکەکـانەوە وەکـو گرنگـــی هەردوو هەرێمـــی ئەلـــزاس ولـــۆرین(٨)بـــووە ســـەبارەت بەفەڕەنسـیەکان (ڕەفیـق حلمـی،ب٣ ،١٩٥٦ ،٩٨). وە لەبـارەی سیاسـەتی ئینگلیزەکـان لە پرسـی هێنـانە پێشـەوەی حەمـدی بەگـی بابـان بـۆ شـوێن گـرتنەوەی شـێخ محمـود دوای دورخسـتنەوەی بـۆ هیندسـتان حلمـی بـۆ ئەوەی بـۆ خـوێنەرانی ڕوون بکـاتەوە کـاری ئینگلیزەکـان لەشـوێنی خـۆی نەبـــووە بەراوردێکـــی وردی نێـــوان هەردوو کەســـایەتی دەکـــات دەرئەنجـــامێکی دروســـت دەخـــاتە بەردەســـتی خوێنەران(ڕەفیـــق حلمـــی،ب٣،١٩٥٦،٩٩-١٠٠). هەرلەچوارچێـــوەی شـــێوازی لێکچوانـــدن وبەراورد کردن وای بۆ چووە کە سیاسـەتی فەڕەنسـا لەسـوریا دەربـارەی شـا فەیسـەڵی یەکەم وێنەێکـی کـۆپی کـراو ودەقـاودەقی سیاسـەت وهەڵوێسـتی ئینگلیزەکـان بـووە بەرامـبەر شـێخ محمـود لەکوردسـتانی باشور(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،٢٠٠).

٥- شێوازی گواستنەوەی زانیاریەکان

شێوازی گواستنەوەی دەقێکی مێژوویی لەسـەرچاوەێک، بەدوو ڕێگا دەبێـت یەکەمیـان پێـی دەوتـرێ (وەرگرتنـی پیتـی-الاقتبـاس الحرفـي).لەم جۆرەیـان دەبـێ دەقەکە وەکو خـۆی بخرێتە نێـوان دووکەوانەی بچـووک. جـۆری دووەمیـان پێـی دەوترێ(وەرگرتنـی نـاپیتی- غیـر الحرفـي)، لەم جۆرەیـان تـوێژەر دەقەکە وەکو خـۆی ناخاتەڕوو تەنیا نـاوەڕۆکی گشـتی زانیاریەکە یاخود ماناکەی وەردەگرێ(طە،١٩٩٠ ،١٣١).

لەگواستنەوەی دەقە میژوویەکان حلمی هەردوو شێوازی بەکارهێناوە،بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ لە هەردوو پەرتوکی (الاکراد و مقالات) زیاتر پەیڕەوی لەشێوازی یەکەم کردووە،بەڵام لەپەرتووکی یادداشت بەدیاریکراوی لەبەرگەکانی(٤-٥)، لەهەندێک شوێن شێوازی دووەمی پیادەکردووە،جاری واهەیە وەرگرتنەکە یەکجار زۆرە ئەم شێوازەش خوێنەر دووچاری جۆرێک لەبێزاری وبێتاقەتی دەکات، دیارە حلمی درکی بەوەش کردووە بۆیە بەر لەخستنەڕوی زانیاریەکان داوایان لێدەکات ((چێکدانەیان فراوان بێ وبۆماوەیەکی کەم ئۆقرە بگرن))(ڕەفیق حلمی،ب٤،١٩٥٦،١٥٨) کاتێک لەژێر ناوی(لاپەررەیەکی تر لەشۆرشی عەربەکانی عراق)بەبێ ئەوەی خۆی لەقەرەی ناونیشانەکەش بدات لەپێشەکێکی دوور ودرێژی (٢٢) لاپەڕەیی سروشتی پەرەسەندنی بەرژوەندیە ئابوری وسیاسیەکانی بەریتانیا لەعێراق وناوچەکانی کەنداوی عەرەبی لەسییەکانی سەدەی حەفدەم تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم دەخاتەڕوو، زانیاریەکانیشی زیاتر لەپەرتوکی(على طريق الهند) وەرگرتووە. بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی نووسەرەکەشی بکات(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،١٥٧-١٧٩).دوای گواستنەوەی ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ باسێکی دورو درێژی(٣٠) لاپەڕەیی بەسەردێرێکی سەرەکی(ئەنجامی شۆرشی عراق. فیصل له سوریه. هاتنی بۆ عراق. بوونی بەمەلک. مەسەلەی کورد) دەخاتەڕوو، دواتر سەردێرەکە دابەشی چەند ناونیشانێکی لاوەکی دەکات. بەدوور نازانرێت ئەوەش بەدەستکارێکی کەم هەر لەو پێنج سەرچاوەیە وەرگرتبێ کەخۆی ئاماژەی پێداوە.(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،١٨٠-٢١٠).لەسەرەتای بەرگی پێنجەمیش پیادەکردنی ئەو شێوازە دووبارە بۆتەوە کاتێک باسی دەست بەکاربوونی حکومەتی کاتی عێراق لەساڵی١٩٢٠ وپەسەندکردنی پەیمانی (عێراقی- بەریتانیا)ی ساڵی ١٩٢٢ وسیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەکورد دەکات بەدوور نازانرێت بەشێکی زۆری زانیاریەکانی تەنها لەپەرتوکی(تاريخ الوزارات

العراقیـــة) وەرگرتبـــێ هەروەک خـــۆی بەڕوونـــی تەنیـــا ئامـــاژەی هەر بەوسەرچاوەیە کردووە(ڕەفیق حلمی،ب٦،١٩٥٧،٥-٤٨).

٦- شێوازی گێڕانەوە

حلمـــی توانـــایێکی گەورەی لەگێـــڕانەوەی ڕووداوەکـــان و وەســـتان لەسەریان هەیە، هەروەها خەسڵەتێکی دیاری گێڕانەوەکانی حلمی ئەوەیە بەزمـانێکی ئەدەبیـانەی سـادە وسـەرنج ڕاکێش ڕووداوەکـان دەگێـڕێتەوە وديـدو تێڕوانینەکـانی خـۆی دەربـارەی ڕووداو وبـکەر وکـارە ئەکـتەرە سەرەکیەکان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە بە گێڕانەوەی باسی گردبوونەوەکانی مزگەوتـی حەیدەرخانەو جۆش وخـرۆش وهەڵچـوونی عەرەبەکـانی بەغدا لەڕووداوەکانی شۆڕشـی ١٩٢٠ وخوێندنەوەی هۆنراوەکانی هەریەک لەتەها بەدری ومحمد مهدی بەسـیر وێنەێکی ڕوونـی ڕووداوەکـان لەلای خـوێنەر دروسـت دەکـات(ڕەفیق حلمـی،ب٣،١٩٥٦، ٨٢-٨٤). هەروەهـا دیمەنـی ئامادەکاریەکـانی گەڕانەوەی شـێخ محمـود لەهیندسـتانەوە بـۆ سـلێمانی و ڕێوڕەسـمی پێشـوازی کـردن لێـی بەشـێوەێکی ورد دەگێـڕێتەوە، بـاس وخواسی هەلهەلەی ئافرەتان وچەپڵە ڕێزانی لاوان و وەستانی ئەفسـەرانی کـورد ومامۆسـتا وقوتابیـان بـۆ پێشـوازی شـێخ سـەرنجی خـوێنەران ڕادەکێشـــێ و بە جۆرێـــک لە جۆرەکـــان تـــێکەڵ بەکەش وهەوای ڕێوڕەسمەکەیان دەکات. لەلایێکی تر بایەخی گێڕانەوەکە لەوەدایە کە کەس دیمەنەکانی ئەو ڕێوڕەسمەی باس نەکردووە، خۆشـی دان بەو ڕاسـتیەدا دەنـێ وەک دەڵێ((شـکم نـیە کە نەنووسـراوەتەوە)) نەک هەر ئەوەنـدەش ((ڕەنـــگە لەبیـــری ئەوانەشـــا نەمـــابێ کە خۆیـــان لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون))(ڕەفیـق حلمـی،ب٥ ،١٩٥٧، ٩٨-١٠٥). وێـنەی خرۆشـان وئـاهەنگی پێشوازی دانیشتوانی سلێمانی لەدەمـی هـاتنی سـمکۆ بـۆ شـارەکە لەسـاڵی ١٩٢٣ وگوڵ باران کردنی وگوتنەوەی سرود لەلایەن قوتابیان بەشـێوەێکی سـەرنج ڕاکـێش دەگێـڕێتەوە، ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژێکـی مێژوویـی وگرنـگ وپیـرۆزی شـاری سـلێمانی دادەنێـت هاوکـات سـمکۆش وەک((قارمـانێکی

میللی))و ((پاڵەوانی کوردستان)) وەسف دەکات(ڕەفیق حلمی ب١٩٥٨،٦ ،٤٧-٥٢). بەڵام لووتکەی گێڕانەوەکانی حلمی لەگەشتەکەی بۆ تورکیا خۆی دەنوێنێ کە بەشێوازێکی ئەدەبی جوان هەرلەسەرەتای بەڕێکەوتن تاوەکو گەڕانەوەیان بەوردی دیمەنی سروشتی وبەفربارین وئەتەکێتی ژیانی ڕۆژانە وگوزەرانی هاوڵاتیان وێنا دەکات، هەروەها زۆر لایەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، وژیاری ئەو شارو وڵاتانە ئاماژە پێ دەکات کە پێدا گوزەری کردوون (ڕەفیق حلمی، ب٣،چ١٩٩٢،٢ ،٧٢-١٧٤) بۆیەش نووسەرێک گێڕانەوەی ئەو گەشتەی وەک((پارچە ئەدەبێکی جوان ودڵگر))وەسف دەکات وپێی وایە((تامی ڕۆمانە ناوداڕەکانی جیهانی دەدات))(بیمار،١٩٩٦ ،٢٠٦).

هەوالنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

(١)شاندەکە پێکهاتبوون لەهەریەک لە ڕەفیق حلمی، ئەحمەد تەقی ،فەتاح ئەفەندی یۆزباشی، وفوزی بەگ لە٢١ شوباتی ١٩٢٣ لەڕەواندز لەگەڵ ئۆزدەمیر کۆدەبنەوە دواتر بەرەو تورکیا بەڕێدەکەون بەڵام بەهۆی بەفر بارینەوە ڕێگاکان گیراون ناتوانن ڕاستەخۆ بگەنە شوێنی مەبەست بۆیە لەڕێگای ورمی وتەوڕێزەوە چونەتە شاری جولفای سەر سنوری ڕوسیا دواتر بۆ تەفلیسی پایتەختی گورجستان لەوێشەوە ئەحمەد تەقی وفەوزی بەگ جیا دەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی سمکۆی شکاک دەچنە ساری قامیش، ڕەفیق حلمی وفەتاح ئەفەندی یۆزباشی لەباتومی سەر دەریای ڕەش بەکەشتی دەچنە ئەستەمبوڵ، دوای کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی تورک لە١٥نیسانی١٩٢٣ لەئەنقەرە بەڕێ دەکەون لەڕێگای شارەکانی باکوری کورستانەوە دەگەڕێنەوە سلێمانی(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢ ،٦٦-١٧٢).

(٢) جیا لەبەرهەمە میژوویەکانی حلمی خودان کۆمەڵێک بەرهەمی تر لەبوارەکانی ئەدەب وفێرکردن. هەروەها چەند بەرهەمێکیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی کوردی وعەرەبی.

یەکەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی

١- سەرەتای علمی ژمارە، ب٢ ،١٩٣٦.
٣- شعرو ئەدەبیاتی کوردی،ب١ ،١٩٤١ ؛ ب٢ ،١٩٥٦.
٤- پاش تەموز(شیعر)١٩٦٠.

دووەم: بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی

١- شعرلرم.
٢- تاريخ صلاح الدين الايوبي.

سێیەم: وەرگێڕاوەکانی

١- عزيز سامي، الجغرافية الاولية، صنفى چوارەم، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە،١٩٢٩.
٢- ضياء كۆك ألب، نامیلکەی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی لەتورکیەوە،١٩٣٤.
٣- شارلس هوبر،خلاصەی مسئلەی کورد، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە،١٩٣٤.
٤- ڕۆستەم(ڕۆمان) وەرگێڕانی لەتورکیەوە(چاپ نەکراوە).
٥- لوسی بول مارگریت،(و)ک .أ. ب(کامەران بەدرخان)، دراسة في الشعر الكردي، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە،١٩٣٩(صابر،٢٠٠٧ ،١٧٩-٢١٣).

(٣) مجید خەدوری ١٩٠٨-٢٠٠٧: لەساڵی ١٩٠٨ لە شاری موسڵ لە دایک بووە، قۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی لەشارەکە تەواو کردووە، دەرچووی دار المعلمین عالی(کۆلێژی پەروەردەی ئێستا)ی، شاری بەغدایە، ساڵی١٩٢٨، هەروەها بڕوانامەیکی تری بکالۆریۆسی لەساڵی١٩٣٢ لە زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت بەدەست هێناوە، دکتۆرای لەزانکۆی شیکاغۆ لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٨ وەرگرتووە تێزەکەی لەژێر ناوی(الانتدابات في عصبة الامم) بووە. لەچەندین زانکۆی ناوخۆ ودەرەوەی عێراق وانەی گوتۆتەوە، لەنێوان ساڵانی

١٩٣٩-١٩٤٧ لەوەزارەتەکانی دەرەوە وپەروەردەی عێراق کاریکردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەبواری مێژووی هاوچەرخی عێراق وڵاتانی عەرەبی، لە٢٥ کانونی دووەمی ساڵی٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە.(العلاف،ج١ ،٢٠١١،٢٣٥-٢٤٠).

(٤) شوکری محمد سەگبان١٨٨١-١٩٦٠ ساڵی ١٨٨١ لەناوچەی پاقر مادەنی دیاربەکر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٠٣ خوێندنی پزیشکی لەئەکادیمیای پزیشکەوانی نەخۆشخانەی سەربازی گولخانە(گاتا)ی ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، دواتر درێژە بەخوێندنی پزیشکی دەدات لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆکانی فیینا ،بەرلین،وپاریس. ئەندام ودەستەی دامەزرێنەری چەند کۆمەڵەو رێخراوێکی کوردی بووە لەوانەش، کۆمەڵەی تەعاون وتەرقی کورد، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ،کۆمەڵەی هیڤی، وخۆیبون...هتد. لەئەنجامی شکستی شۆرشی ئاراراڕات بێ ئومێد دەبێت لەخەباتی نەتەوایەتی وبڕوای بەسەرکەوتنی شۆرشی کوردی نامێنێت ساڵی ١٩٣٢ بۆ چارەسەری پزیشکی لەئەڵمانیا دەگیرسێتەوە لەوێ لەژێر کاریگەری شکستی شۆرشەکە وخراپی بارودۆخی تەندروستی هیچ ئاسۆیکی ڕوون بۆسەرکەوتنی خەباتی کورد بەدی ناکات وە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارنی تورک ڕێگای گەڕانەوەی بدەن بۆ تورکیا هەر لەوێ پەرتوکێک بە بەزمانی فەڕەنسی بەناوی(پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان) دەنووسێ ساڵی ١٩٣٤ لە فەڕەنسا بڵاوی دەکاتەوە، تێدا دەستبەرداری هەموو ئەو پڕەنسیب وبۆچوون و بیروباوەڕە نیشتیمانی و نەتەوەییانەی دەبێت وەهێلێکی ڕاست وچەپیان بەسەردا دەهێنێت کە ڕۆژگارێک قەناعەتی پێان هەبووەو وەخەباتی لەپێناودا کردبوون وهەموو ژیانی خۆی بۆ نەزر کردبوو. ساڵی١٩٦٠ لەتورکیا کۆچی دوایی دەکات. (سەگبان،٢٠١٣ ،١٩-٣٤).

(٥) کارەساتی موسڵ: شێخ سەعیدی بەرزنجی باوکی شێخ مەحمودی حەفیدە یەکێک بووە لەپیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی شاری سلێمانی ودەوروبەری لەڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانی، ئەم دەسەڵاتەشی بەمیرات لەکاکە ئەحمەدی شێخی باپیری بۆ مابویەوە. پەیوەندی بەتینی لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیدی دووەم هەبووە. دوای کودەتای ئیتحادیەکان کۆمەڵێک لەنەیارەکانی لەسلێمانی ئەو دۆخە دەقۆزنەوە لەڕێگای ناردنی بروسکەیک بۆ ئەستەمبوڵ

داوا دەکەن ناوبراو شاری سلێمانی چۆڵ بکات، ئەویش بەناچاری لەموسڵ ئاکنجی دەبێت، لەجەژنی قوربانی ساڵی١٩٠٨ لەگۆڕەپانی باب الطوب بەها ئەفەندی دەست درێژی دەکاتە سەر ئافرەتێکی شارەکە ئەو ڕووداوە نەخوازراوە بەسەر خانەوادەکەی دەشکێتەوە بە بێ ئەوەی دەستیان تێدا هەبێ، لەئەنجام شێخ سەعید وشێخ ئەحمدی کوڕی بەدەستی خەڵکی شاری موسڵ دەکوژرێن، وشێخ مەحمودیش دەربازی دەبێت.(غولامی،٢٠٠٤ ،١٥-٣٤)

(٦) ئۆزدەمیر: ناوی تەواوی عەلی شەفیقە ناسرابوو بە ئۆزدەمیر، لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە سەر چەرکەسیەکانی وڵاتی میسر، لەناوەڕاستی حوزیرانی١٩٢٢ وەک ئەفسەرێکی تورک سەرکردایەتی هێزێک دەکات ودێتە ڕەواندز، بەهۆی قسە خۆشی وە زیرەکی لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆزەکان لەماوەی مانەوەی کاریگەری گەورەی دەبێت لەبرەو دان بەسیاسەتی تورک لەڕەواندز وناوچەکانی دەوروبەری، وەهاندانی هەندێک لەسەرۆک هۆزەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئینگلیزەکان. لە٢٢نیسانی١٩٢٣ لەبەرئەنجامی ڕووبەڕوو بونەوەی هەردوو سوپای ئینگلیز وتورک ئۆزدەمیر بە بێ بەرگری بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران ڕادەکات. (هۆمەر،٢٠٠٦ ،٥٧-٨٠).

(٧) ئەم بۆچوونەی حلمی بەرامبەر ئینگلیزەکان لەوێستگەیکی تری ژیانی سیاسی بەدیاری کراوی لەدەمی قۆڵ بوونەوەی ناکۆکیەکانی پارتی هیوا لەسەروبەندی بەرپابوونی جۆلانەوەی بارزانی دووەم١٩٤٣-١٩٤٥وپرسی بەدەست هێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی ودابەش بوونی ڕێزەکانی بۆ دوو ئاڕاستەی سیاسی جیاواز گۆڕانکاری تەواوی بەسەردادێت، ئەوەبوو حلمی نوێنەرایەتی ئەو ئاڕاستەیە دەکات کە پێی وابووە بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی باشتر وایە کورد دۆستایەتی ئینگلیزەکان بکات وپشتیان پێ ببەستێت، ئەم هەڵوێستە وهەندێ ڕەفتار وهەڵسوکەوتی تری حلمی هۆکاربوونە لەوەی هەندێک بەسیخوڕو پیاوی ئینگلیزی بزانن. لەبەرامبەریشدا ئاڕاستەیکی چەپ هەبووە کە زامن کردنی پشتگیری یەکێتی سۆفیەتیان بۆ کێشەی کورد بەبژاردەیکی گونجاوی قۆناغەکە زانیووە.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صابر،٢٠٠٧،١٢٨-١٣٩).

(٨) ئەلزاس ولۆرین: دوو هەرێمن لەباکوری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا، لەدوای شکستی فەڕەنسیەکان لەشەڕی سیدان لەساڵی١٨٧١ دەکەونە دەستی ئەڵمانیا، لەڕاستیدا هەرێمی ئەلزاس لەبنچینەدا سەر بەئەڵمانیا بووە بەڵام لەبەرئەنجامی پەیمانی وستیفالیا ساڵی ١٦٤٨ دەلکێنرێ بەفەڕەنسا. بەدەست بەسەرداگرتنی هەردوو هەرێمەکە ئەڵمانیا ڕووبەڕوی ڕەخنەو گازاندەی زۆر بۆوە بەوەی بنەماکانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی پێشێل کردووە، وە لەلایەنی خۆشیانەوە هەریەک لەفەڕەنسا وئینگلیزەکانیش دەست بەسەردا گرتنی هەردوو هەرێمیان بەشکستێکی گەورە دەزانی بۆ ئەورۆپا، لەدوای نوشست هێنانی ئەڵمانەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانی دەستبەرداری هەردوو هەرێم بوونەوە بۆ بەرژەوەندی فەڕەنسیەکان.(أبو علية (و) ياغي،١٩٧٩، ٤٠٤-٤٥٩).

دەرئەنجام:

ڕەفیق حلمی لەنێو دەستەی دووەمی مێژوونووسانی کوردی خاوەن قەڵەمێکی دیارە، ئەگەرچی ئەو لەکاتێکدا دەستی کردووە بەتۆماری مێژوو هێشتا پڕۆسەی نووسینەوەی مێژوو لەناو کوردا لەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەی زانستی ڕێڕەوی خۆی وەرنەگرتبوو، وەئەوانەشی خەریکی نووسینەوەی مێژوو بوونە ژمارەیان کەم بووە، بەڵام بەوردبوونەوە لەبەرهەمە مێژوویەکانی تێبینی ئەوە دەکرێ خاوەن ڕێچکەی تایبەتی خۆی بووە لەتۆمارکردنی مێژوو.

بەسەرنج دان دان لەپاڵنەرەکانی نووسینەوەی بەرهەمە مێژوویەکانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەپێ ناچێت لەسەرەتادا حلمی پڕۆژەی نووسینەوەی مێژووی هەبووبێت، هەرچەندە ئەو وەک حەزێکی کەسی خۆی بەتایبەتی لەکاتی گەشتەکانی ڕووداوو بیرەوەریەکانی خۆی یادداشت کردووە. لەڕاستیدا پاڵنەرەکانی نووسینەوەی مێژوو لەلای ئەو جۆراوجۆر بوونە، بۆ نموونە بەشێکی چاولێکەری بووە وەک

نووسینەوەی یادداشت ئەویش کاتێک پەرتووکی (المسئلة السورية)ی مەجید خەدوری دەبینێت کەڵکەڵەی یادداشت کردنی بیرەوەریەکانی دەکەوێتەر سەر. هەروەها پەرتووکی(الاکراد منذ فجر التاریخ) لەبنچینەدا بابەتێکی کۆڕێکە لەسەر داوای هاوڕێ ودەوروبەرەکانی ئامادەی کردووە، دواتر لەشێوەی نامیلکەیێک چاپی دەکات. جیا لەوش پەرتوکی (مقالات) کاردانەوەیە لەبەرامبەر نامیلکەیێکی شوکری محمد سەگبان نووسراوە.

ڕەخنەگرتن لەگرنگترین سیماکانی نووسینە مێژوویەکانی حلمی بووە، بەوردبونەوە لەنووسینەکانی تێبینی ئەوە دەکرێ ئەو وەک کوردێکی نەتەوەیی یاداشتەکانی خۆی وڕووداو و پەرەسەندنەکان تۆماردەکات، بەمانایێکی تر دەتوانین بڵێن نووسینەوەی مێژووی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەیر کردووە، بەڵام میللەتەکەی خۆشی هەڵاوێر ناکات لەڕەخنەگرتن تەنانەت بەرامبەر نزیکترین وخۆشەویسترین کەسایەتیش کە شێخ مەحمود بووە،وە لەیادداشتەکانی زۆرترین ڕەخنە وتێبینی لەبەرنامەو هەڵسوکەوت وشێوازی مامەڵەی شێخ هەبووە لەگەڵ دەوروبەری خۆی وەبەرامبەر ئینگلیز وتورکەکانیش، تەنانەت ئامادە نیە دوای مردنیشی چاو لەکەم وکوڕیەکانی ماوەی حوکمرانی بپۆشێت بۆ نەوەکانی داهاتوو یادداشتیان نەکات، لەم لایەنەوە تێبینی دەکرێت حلمی بازی گەورەی بەسەر ئەوعەقڵیەتە ناسیۆنالیستە داوە کە لەهەوڵی دۆزینەوەی پاساوە بۆ هەڵەوکەم وکوڕیەکان وبێگوناە نیشاندان وبەپاک ڕاگرتنی نەتەوەو ڕەمزە نیشتمانیەکان.

بەرپەرچدانەوەی بەرامبەرەکەی یەکێکی تر لەو میتۆدانەی کەڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو پەیڕەوی لێکردووە، لەم شێوازە حلمی کەوتۆتە نێو گفتووگۆو جەدەلی مێژوویی، لەڕێگای هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی هەوڵی داوە ڕاستی بۆچوونەکانی بۆ بەرامبەرەکانی بسەلمێنێت، ئەم شێوازەش لەوەڵامدانەوەی سەگبان دیارە. پەیامی حلمی لەوبەرپەرچدانەوەیە ئەوەیە ڕێگری بکات لەچەواشەکردنی ڕاستیە

مێژوونووسە هاوسەردەمیەکانی نەتەوەکەی حلمی لەبەکارهێنانی هەندێ تەکنیکی ڕێبازی تۆێژینەوە بەپێش زۆرێکیان کەوتووە، لەوانەش بەکارهێنانی پەراوێز، ئەوەش بەڕەچاوکردنی ئەو ڕۆژگارەی کە یادداشتەکانی تێدا تۆمار کردووە دیاردەیکی ناوازەو

بەدەست نیشان کردنی ناونیشانی بابەتەکان وخستنەڕوویان تێبینی ئەوەدەکرێت هەندێ جار ڕەچاوی ڕێزبەندی بابەتەکانی بەگوێرەی سااڵ وڕووداوەکان نەکردووە لەناونیشانێک بانێدەداتە سەر ناونیشانێکی تر خوێنەر دادەبڕێنێت لەزنجیرەی باسەکان دوانر دەگەڕێتەوە سەر بابەتی پێشوو، ئەمە لەهەندێ شوێنی یادداشتەکانی بەزەقی هەستیان پێدەکرێ. بەدوور نازانرێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تەنها بەباسکردنی ڕووداوەکانی کوردستان نەوەستاوەو بەڵکو شەنوکەوی پەرەسەندنە هەرێمایەتی وناوچەیەکانیشی کردووە.

حلمی خاوەنی بنەمای تایبەتی ئەدەبیە لەشێوازی گێڕانەوەدا، بۆ گەیاندنی زانیاریەکانی بەخوێنەران چەندین تەکنیک وشێوازی جیاوازی گێڕانەوەی بەکارهێناوە, جیا لەوەش حلمی خودان توانایکی گەورەیە لەگێڕانەوەدا وەسەلیقەیکی وردی هەیە لەسەر وەستان لەسەر شتە بچووک وردەکان، بەتایبەتی لەگەشتەکانیدا وێنەیکی گەورەو ڕوونی ئەو ناوچانە بەشێوازیکی ئەدەبی جوان وسەرنجڕاکێش نیشاندەدات هەر لەجوگرافیای ناوچەکەو شێوازی مامەڵەی هاوڵاتیان وئاووهەواو نرخی کەلوپەل وشوێنەکانی حەوانەوە...هتد.

مێژوویەکان هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش بەنەوەکانی داهاتووش بڵێت مەرج نیە هەموو ئەو قەناعەت وپڕۆژە وبەرنامانەی کەسیاسیەکان لەوێستگەیک لەوێستگەکانی ژیانیان بەبەرگی نیشتمانی ونەتەوەییەوە نمایشی دەکەن وەک ڕاستیکی مێژوویی نەگۆڕو حاشا هەڵنەگر وەربگیرێن.

هەولێر کتێبخانەی گشتی

دەگـمەنە چـونکە کەم مێژوونووسـی کـورد هەبـووە پەراوێـزی بـۆ نووسینەکانی دانابێ.

بـاس کردنـی ژیـانی کەسـایەتیەکان وەک بنەمـایەکی گرنگـی تۆمـارە مێژوویەکان شوێنی تایبەت وشایستەیان لەبەرهەمە مێژوویەکانی حلمی بەتـایبەتی یادداشـتەکانی داگیرکـردوە، وە دەتـوانین وەک یەکێـک لە تایبەتمەنـدیە بەرچاوەکـانی نووسـینەوەی مێـژوو لەلای ئەو ئامـاژەی پێبکـرێ، لەبـاس کردنـی ژیـانی کەسـایەتیەکانیش هەسـت دەکـرێ حلمـی بەدواداچـوونی ورد ونەفەسـێکی درێـژی هەیە تەنـانەت ئاگـاداری ژیـانی وەزیفـی وپیشـەی هەندێکیشـیانە بۆنمـوونە دەسـتەواژەکانی((چەند سـاڵێک ئەبـێ مـردووە)و((ئێمـڕۆ لە بەغـدا لە وەزارەتـی داخلـیە مـودیری لە چاپـدراوەکانە بە زمـانی بێگـانە)) و((ئەو کـابرایە ئیمـڕۆ مـاوە لە(سـوق السـرای) ئێسـتەش پەنیـر ئەفرۆشـێ))((ئێسـتە لە ئیشـی حکومەتـا نـیە ولە بەغدا لە گەرەکی(أعظمیة)دا ئەنیشت))ڕاستی بۆ چوونەکەمان دەسەلمێنێ.

سەرچاوەکان:

یەکەم: بیرەوەری ویادداشت

أ- بە زمانی کوردی

- بیرەوەرییەکانی سەیید عەزیزی شەمزینی(زیندەگیی من) ئامادەکردن وساغ کردنەوەی، محەمەد حەمە باقی،چاپخانەی شفان، سلێمانی،٢٠١١.
- حلمی، پاکزە ڕەفیق، کورد وژیانێکی پڕ ئەندێشە(یادداشت)چ١، چاپخانەی ڕۆشەنبیری،هەولێر، ٢٠٠٠.

- حلمی، رفیق، یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود،ب١ – ٤، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا،١٩٥٦.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب٥ ، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٧.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب ٦، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٨.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب٣، چ٢، ئامادەکردن ولێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی، پاکزە ڕەفیق حلمی، دار الحریة للطباعة، بەغدا،١٩٩٢.

ب- بەزمانی عەرەبی

- الحیدري، صالح، مختارات من مذکرات صالح الحیدري، ط٢،مطبعة رنج، السلیمانیة،٢٠٠٤.

دووەم: پەرتووک

أ- به زمانی کوردی

- ألب، ضیاء، کوک، نامیلکەی کۆمەڵایەتی، و: ڕەفیق حلمی، چاپخانەی دجلة، موصل،١٩٣٤.
- بیمار، عبدالرزاق، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بەغدا،١٩٩٨.
- پلیخانۆف، گئورگی، ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوو، و:سەلام مارف، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک،٢٠٠٥.
- حلمی، رفیق، سەرەتای علمی ژمارە، ب٢، چاپخانەی فنیة، بەغدا،١٩٣٦.

هەولێرگەی کتێب

- حلمی، رفیق، شعر و ادبیاتی کوردی، ب ۱ ، چاپخانەی تفیض، بەغدا، ۱۹٤۱.
- خلاصەی مسلەی کورد، و: رەفیق حلمی، موصل، ۱۹۳٤.
- زراری، سەنگەر، هونەری ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینەوەی: بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی، چ۱، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر،۲۰۱۹.
- سالّح،ڕەفیق (و)سەدیق، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود،چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک،سلێمانی،۲۰۰۳.
- سالّح، مەجید، ڕەفیق حلمی پۆرترێتی مونەووەرێکی کورد، چ۱،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،۲۰۱۸.
- سامی، عزیز، الجغرافیة الاولیة صنفی چوارەم، و: رەفیق حلمی، مطبعة الفرات، بەغدا،۱۹۲۹.
- سەگبان، شوکری محمد، پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چ۱، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر،۲۰۱۳.
- شەمزینی، عزیز، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی ی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ۳، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،۱۹۹۸.
- شوانی، ئاکۆ عەبدولکریم، شاری سلێمانی (۱۹۱۸ – ۱۹۳۲) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی یە، چ۱ ،چاپخانەی زانست، سلێمانی،۲۰۰۲.
- غولامی، عبدولمونعیم،سێ قوربانییەکە، و: ئیحسان ئێروانی ،چ۱،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،۲۰۰٤.
- کاکەسوور، محەمەد عەبدوڵلا ، ڕۆڵی سیاسی وکەلتووریی ئەفسەرانی کورد لەبزافی کوردایەتیی کوردستانی

باشوردا(١٩٢١-١٩٤٥،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٠.
- مەزهەر، کەمال، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ب٢، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١.
- مەزهەر، کەمال، مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکوردو مێژوو، چ٢،چاپخانەی هێفی، هەولێر،٢٠٠٨.
- محەمەد ئاکۆ ،بورهان، فەلسفەی مێژوو، چ١،چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر،٢٠١٥.
- هۆمەر ،ئەحمەد حەمەد ئەمین ، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی – سیاسی١٩١٨-١٩٣٩سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی،٢٠٠٦.

ب-بەزمانی عەرەبی

- ابراش، ابراهيم، المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية،ط١،دار الشروق،عمان،٢٠٠٩.
- أبو علية (و) ياغي ،عبدالفتاح حسن و اسماعيل ، تاريخ أوربا الحديث والمعاصر، دار المرين، الرياض،١٩٧٩.
- احمد، ومراد، ايران وتركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل،١٩٩٢.
- عزت بادي، صالح محمد حسن ،شريف باشا حياته ودوره السياسي ١٨٦٥-١٩٥١،ط١، مطبعة وزارة التربية اربيل،٢٠٠٥.
- حسين (و) العزاوي، محسن محمد، عبدالرحمن حسين، منهج البحث التاريخي، بغداد،١٩٩٢.

هەواڵنامەی کێش

- حلمي ،رفيق ، الاكراد منذ فجر التاريخ الى سنة ١٩٢٠ ،الموصل،١٩٣٤.
- حلمي، رفيق ، مقالات، مطبعة أسعد، بغداد،١٩٥٦.
- الحويري، محمود محمد، منهج البحث في التاريخ، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة،٢٠٠١.
- صابر، شاخوان عبدالله ، رفيق حلمى دراسة تاريخية في نشاطه السياسي والثقافي، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٧.
- طه، عبدالواحد ذنون، اصول البحث التاريخي، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل،١٩٩٠.
- عثمان، حسن، منهج البحث التاريخي،ط ٣،دار المعارف، القاهرة ،١٩٧٠.
- الفضلي، عبدالهادي، اصول البحث،ط٢،مؤسسة دار الكتاب الاسلامي،قم- ايران،٢٠٠٧.

هەوالنامەی کتێب

سێیەم : توێژینەوە ووتار

توێژینەوە

- صابر ، شاخەوان عبدالله ، ڕۆڵی دەستەبژێری مافناسانی کورد لە پێشخستنی بزافی ڕۆشنبیری وهزری لە باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٥٨، گۆڤاری(ئەکادیمیای کوردی)، هەولێر، ژ(٤١)، ٢٠١٨.
- هەروتی، سەعدی عوسمان، ئەدەبی زارەکی وەک سەرچاوەیێک بۆ نووسینی مێژووی کوردستان، گۆڤاری(ئەکادیمیای کوردی)، هەولێر، ژ(٣٧)، ٢٠١٧.

ووتار

یەکەم: بەزمانی کوردی

- حلمی، ڕەفیق، چاپکراوی کوردی، گۆڤاری (شەفەق) کەرکوک، ژ ،(٣)، ساڵی یەکەم، مارت١٩٥٨.
- خەزنەدار، مارف، توفیق وەهبی وئەدمۆندس ووەرامی چەند پرسیارێکی بەجێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا ژ (١١٨٥)، ١١حوزیران١٩٩٠.
- شاکەلی ،فەرهاد ،لاپەڕەیەک لەئەزموونی ڕووناکبیرانی کورد ڕەفیق حلمی، هەفتەنامەی(فەرهەنگ)، هەولێر، ژ(١٩)، شوبات،٢٠١٠.
- عبدالله، نەجاتی، حزبی هیوا (١٩٣٩ – ١٩٤٥)دوو ڕەوت یەک کۆتایی، گۆڤاری (ڕابوون) ژ (٢٦) سوید، ١٩٩٩.

دووەم: بەزمانی عەرەبی

- احمد، كمال مظهر، رأي للمناقشة الاطار الزمني لتأريخ العراق الحديث والمعاصر، مجلة (الحكمة)، بغداد ع(٥)، السنة الاولى، تشرين الثاني- كانون الاول ،١٩٩٨.

چوارەم: چاوپێکەوتنی تۆمار کراو

- چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز عزەدین مستەفا ڕەسول لەشاری سلێمانی لەبەرواری٩ ئازاری ٢٠٠٥.
- چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز ناهیدە ڕەفیق حلمی لەشاری بەغدا لەبەرواری١١ تەموزی٢٠٠٥.

هەواڵنامەی کتێب

پێنجەم:فەرهەنگ وئەنسکلۆپیدیا

- جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٦.
- طرابيشي، جورج، معجم الفلاسفة، دار الطليعة،بيروت،١٩٩٧.
- العلاف ،ابراهيم خليل ،موسوعة المؤرخين العراقيين، ج١،دار ابن الاثير للطباعة والنشر، الموصل،٢٠١١.

ملخص:

يعد رفيق حلمى واحداً من المثقفين الذين ظهروا على الساحة السياسية والثقافية الكوردية بعد حرب العالمية الاولى، وكان مشاركته في مجريات احداث حركة شيخ محمود حفيد ومواكبة تطوراته،وقيادته لحزب (هيوا) خلال سنوات (١٩٣٩-١٩٤٥) مثّل نقطة تحول مهم في مسيرته السياسية. والى جانب عمله في حقل السياسة فقد ابدى حلمى نشاطاً ملحوظاً في جوانب التربية والتعليم والصحافة والترجمة، كما صنف من ضمن الجيل الثاني لمؤرخين الكورد، وعن طريق كتابته لمذكراته الشخصية وضع حلمي الحجر الاساسي لكتابة المذكرات بين الكورد. كان الهدف من هذه الدراسة هو اظهار منهج رفيق حلمى في كتابة التاريخ، إذ كان يمتلك طريقة خاصة به في تدوين المعلومات التاريخية. ولم يكتفي بسرد الاحداث سردا تأريخياً بحتاً بل ابدى حلمى رايه ومواقفه بمسؤولية وصراحة وجرأة، لذلك وجدناه جديراً بكتابة بحث عن منهاجه في كتابة التاريخ. وتكمن اهمية البحث بكون اعتماد الباحث على منهج تحليلي تأريخي وفي اطار بحث علمي مستقل ان نعرض خلالها منهج رفيق حلمي في كتابة التاريخ.

يتألف البحث من مدخل ومبحثين، وفي المدخل تطرقنا الى حياة رفيق حلمى ومؤلفاته التاريخية، وعني المبحث الاول بدراسة (العلوم المساعدة التي يستفيد منها رفيق حلمي في كتابة مؤلفاته) وشكل(منهج رفيق حلمي في كتابة التاريخ) عنواناً للمبحث الثاني والاخير. أما الخاتمة فقد تضمنت أهم ماتوصل إليه الباحث من استنتاجات.

Abstract:

Rafeek Hilmy is one of the intellectuals who appeared on the Kurdish political and cultural arena after the First World War. His participation in the events of Shaikh Mahmud's grandson and keeping pace with his developments and his leadership of the Hiwa Party during the years 1939-1945 represented an important turning point in his political life. In addition to his work in the field of politics, Hilmy showed noticeable activity in the fields of education, journalism and translation. He was also classified among the second generation of Kurdish historians, and by writing his personal memoirs, he set the foundation stone for writing memoirs among the Kurds.

The purpose of this study is to show Rafeek Hilmy's approach to history writing, as he had a special way of recording historical information. The importance of the research is that the researcher's reliance on a historical analytical approach and in the framework of independent scientific research presented the approach of Rafeek Hilmy in the writing of history.

The Study consists of an introductions, two parts with conclusion. The introduction is devoted for the life of Rafeek Helmy and his historical works. The first part of the study focuses on f "the supportive sciences that benefit Rafeek Helmy in the writing of his works" and the second part sheds light on “The form of Rafeek Helmy in the writing of history”. The conclusion included by the most important findings reached by the researcher.

هەوالنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.12

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

عضدالدين الإيجي ژيانی و ڕۆڵی ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیلخانییەکان

(٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)

هەوالنامەی کتێب

د. ئاری کاکل محمد

فاکەڵتیی ئاداب ـ زانکۆی سۆران

ari.mohammed@hist.soran.edu.krd

پوختە:

عضـدالدين الإيجـي زانـا و دادوەرێکـی بـەناوبانگی کـوردی هـەرێمی فارس بووە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەمی زاینی، یەکێک بوو لـە زاناکـانی بـواری بیروبـاوەڕ و فیقهزانـی، لـە ڕێگـای نوسـینەکانیەوە کاریگەریی لەسەر هزری بەشێک لە موسڵمانان دروستکردووە، بە تایبـەت ئەوانـەی لایـەنگری مەزهـەبی شـافیعین، و لەسـەر ڕێبـازی ئەشـعەرین، تـاوەکو سـەردەمی ئێسـتاش ئـەم کاریگەرییـە بـەردەوامی هەیـە و بـە مامۆستایەکی گەورەی ئەم ڕێبازە دادەنرێت.

هەروەها لەلایەن دەسەڵاتداران ڕێزی زۆری لێگیراوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییـەکی بـاش و پتـەوی لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـە پیـاوانی ڕامیـاری هەبووە، ئەمانەش ڕێگایان خۆشکرد تاوەکو کاری دادوەری وەربگرێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت، لە ڕووی ڕامیارییەوە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لـە یارمەتیدانی سیاسەتمەداران و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەم توێژینەوە باس لـە ژیـان و بەرهەمـە زانسـتی و ڕۆشـنبیرییەکانی ئەم زانایە دەکات لە هەرێمی فارس لە سەردەمی ئیلخانییەکانی مەغۆل، لـە هـەمان کاتدا ڕۆڵی لـە هـەردوو بـواری دادوەری و ڕامیاریدا دەخاتـەڕوو، هەروەها سەرنج و بۆچوونەکانی دەربارەی چەندین مەسـەلەی ڕامیـاری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتداران و پیاوانی ڕامیاری ڕووندەکاتەوە.

وشـە کلیلییەکـان: دادوەر عضـدالدين الايجـی، سـوڵتان أبـو سـعيد بهادرخان، مير أبو اسحاق، مير مبارزالدين محمد، ئیلخانەکانی مەغۆل.

عضدالدين الإيجي

ژیانی و ڕۆڵی ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیلخانییەکان

(٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)

پێشەکی:

هەرێمی فارس لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیلخانییەکانی[١] مەغۆل[٢] لە نێوان ساڵانی (٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)دا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی چالاکی ڕۆشنبیری و هزرییەوە، کۆمەڵێک لە زانا و ڕۆشنبیر و میژوونوس دەرکەتن و ناوبانگیان پەیداکرد، یەکێک لەم کەسایەتییانەی لە چەند بواریکدا ناوبانگی پەیداکرد وەک ڕۆشنبیری و دادوەری و ڕامیاری ناوی (عضدالدين الإيجي)بوو، توانی لە ڕێگای نوسین و بڵاوکراوەکانی خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە شارستانیەتیی ئیسلامی بکات.

ئیجی لەگەڵ ئەوەی لە بواری زانست و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، هەروەها لە ڕێگای وەزیفەی دادوەریشەوە خزمەتێکی زۆری کردووە، یەکێک بوو لە دادوەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی ئیلخانەکانی مەغۆل لە هەرێمی فارس، لە هەمان کاتدا کاری ڕامیاریشی ئەنجامداوە و بۆچوونەکانی خۆی لەم بوارەدا دەرخستووە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشە و قەیرانە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی، تەنانەت دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی فارسیش سوودیان لە شارەزایی و زانستەکەی وەرگرتووە، بۆ چەندین مەسەلەی گرنگ ڕاوێژیان پێی کردووە.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بواری دادوەری و ڕامیاری بەڵام نوسەران و مێژوونوسان تەنها وەک زانایەکی شافیعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری دەیناسێنن، بە تایبەت ئەوانەی دۆست و لایەنگیری ئەم زانایەن زیاتر بایەخیان بە بیروڕا و بۆچوونەکانی داوە لە بواری بیروباوەڕ و فیقهی ئیسلامیدا، ئەوانەشی جیاوازییان هەیە لەگەڵیدا لە ڕووی بیروڕا و مەزهەبییەوە خۆیان دوور گرتووە لە باسکردن و ناوهێنانی.

لەم سۆنگەیەوە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەک ئەنجامبدەین لەسەر ئەم زانا کوردەی هەرێمی فارس، زیاتر تیشک بخەینە سەر بیر و بۆچوونەکانی لە بواری ڕامیاریدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیلخانییەکانی مەغۆل، بە هیوای ئەوەی هەوڵ و ماندووبوون و کارەکانی وننەبێت، هەروەها ڕێگا خۆش بکەین بۆ کەسانی ئەکادیمی و زانستخواز تاوەکو لە ئایندەدا زیاتر بایەخی پێ بدەن و توێژینەوەی وردتر و ئەکادیمی لەسەر ئەنجامبدەن.

هەولێرلابەی کتێب

یەکەم: ژیانی:

١- ناو و ڕەچەڵەک و پێگەیشتنی:

ناوی عبدالرحمن کوڕی ئەحمەد کوڕی عبدالغفار کوڕی ئەحمەدە، چەندین نازناوی هەبووە، وەک: (أبو الفضل) و دادوەری دادوەرانی ڕۆژهەڵات (إبن قاضي شهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٣٣)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢: ٨/ ٢٩٨)، هەروەها نازناوی (المطرزي القاضي) هەبووە (إبن الفوطي, ١٤١٥ هـ: ١/ ٤١١)، لەلایەکی تر مێژوونوس (السيوطي) نازناوی زانای شافیعی پێداوە (١٩٦٥: ٢/ ٧٥)، ئەم هەموو نازناوانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەسێکی ڕێزدار و بەناوبانگ بووە لەلایەن زانایان و کاربەدەستان و خەڵکی گشتی، هەروەک گەڕیدەی بەناوبانگ (إبن بطوطة) کاتێک سەردانی وڵاتی

فارسی کردووه ناوبانگی ئەم زانایەی بەرگوێ کەوتووە و لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((فیقهزان و پێشەوایەکی خاوەن ڕێز و قەدرگران و پایەبڵندە، بەناوبانگ بوو لە وڵاتەکەی)) (١٩٩٧: ٤٥٦).

ئەم زانایە لە شاری ئیگ یان ئیج (ایج) لەدایکبووە, لەبەرئەوە بە (عضدالدين الإيجي) یان (الایجي) ناوبانگی دەرکردووە (الأصبهاني، ١٣٩٢ هـ: ٥/ ٥١–٥٢), گەڕیدە و جوگرافیناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئیگ شارێکی بچووکی هەرێمی فارس بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها سەر بە شاری دارابگرد (یان دارابجرد) بوو، دەکەوێتە باشووری شاری ئیستەهبانات لە هەرێمی فارس (یاقوت الحموی، ٢٠١٠، ١/ ٢٨٧)؛ (الاصطخري, ١٩٢٧, ١٠٧–١٠٨).

سەرچاوە مێژووییەکان دووپاتی دەکەنەوە کوردەکان دانیشتوانی (ئیگ) پێکدێنن، ئەم زانایەش کە خەڵکی ئەم شارە بووە، تەنانەت هەندێکیان ڕەچەڵەکی دەگەڕێننەوە بۆ هۆزێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی فارس بە ناوی شوانکارە، کاتێک ناوی دێنن بە: عضدالدين شوانكاری (القزويني، ١٣٨١ هـ: ٦٩٩)؛ (إبن بطوطة, ١٩٩٧: ٤٥٦). مێژوونووس و جوگرافیناسەکان شوانکارە بە هۆزێکی کوردی دادەنێن، ئەم هۆزە لە چەند عەشیرەت و تیرە پێکهاتووە وەک: ڕامانی و ئیسماعیلی و مەسعودی و کروزبی و شکانی (إبن البلخي, ١٣٨٥ هـ ١٦٤–١٦٧), لە لایەکی تر هەندێکیان کاتێک ناوی هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دێنن ناوی ئەم عەشیرەتانە و بە تایبەت ڕامانی دێنن (المقدسي, ١٩٨٧: ٣٣٩)، ئەمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان کردن, بۆمان دەردەخات ئەم زانایە بە ڕەچەڵەک کوردە, لە ڕەچەڵەکی یەکێک لە هۆزە کوردییەکان بووە.

سەرچاوەکان کۆکنین لەسەر ساڵی لەدایکبوونی، هەندێکیان ئاماژەیان کردووە لە ساڵی (٦٨٠ ک/ ١٢٨١ ز) لەدایکبووە (السبكي,

١٩٩٢: ١٠/ ٤٦)؛ (المقريزي, ١٩٩٧: ٤/ ٢١٧), بەڵام هەندێکی تریان ئاماژە دەکەن لە پاش سالّی (٧٠٠ ک/ ١٣٠٠ ز) لەدایکبووە (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣: ٢/ ٢٢٩)؛ (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧), هەندێکی تریش سالّی (٧٠٨ ک/ ١٣٠٧ ز) یان دیارکردووە (إبن قاضي شهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٢٧)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢: ٨/ ٢٩٨).

بەڵام دەتوانین سالّی (٦٨٠ ک/ ١٢٨١ ز) دیار بکەین، چونکە یەکێک لەوانەی ئاماژەی بەم سالّە کردووە (السبكي) هاوسەردەمی زانا ئیجی بووە، هەروەها لە ڕووی بیروباوەڕ و ڕێبازەوە نزیکایەتی هەبووە لە نێوانیاندا، هەردووکیان زانایەکی شافیعی مەزهەب بوون و سەر بە ڕێبازی ئەشعەری بوون، لە هەمان کاتدا شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ژیانی زانا و کەسایەتیی ئەشعەرییەکان هەبووە، بۆیە وتەی ئەو زیاتر وەردەگیرێت لە کەسانی تر.

زانا و دادوەر ئیجی ژیانی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی لە ئیگ بووە، تاوەکو ئەو کاتەی سوڵتان داوای لێدەکات بەرەو شیراز[٣] بچێت (المرعشلي, ١٤٢٥ هـ: ٢/ ٢٩)، ئەوەی شایانی باسکردن بێت یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەی پێویستە لەسەر ژیانی منداڵی و گەنجێتیی ئەم زانایە تاوەکو ئەو کاتەی وەک ناوداڕێک دەردەکەوێت.

٢- چالاکییە زانستییەکانی:

أ- مامۆستاکانی:

لە ماوەی خوێندن و ژیانی زانستی خۆیدا لەسەردەستی کۆمەڵێک لە مامۆستاکانی سەردەمی خۆیدا خوێندوویەتی و زانستی وەرگرتووە، لە

دیارترین ئەو مامۆستایانەی ئیجی لە لایان خوێندوویەتی ئەمانەی خوارەوەن:

١- الشيخ زين الدين الهنكي: يەکێک بووە لە قوتابیانی پێشەوا (البيضاوي)، مامۆستای زانا عضدالدين ئیجی بووە، تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن, ئیجی زۆر سەرسام و کاریگەر بووە بە بیروڕا و بۆچوونەکانی, لە کتێبەکانی خۆیدا لە بواری بیروباوەڕی ئەشعەریدا سوودی زۆری لە زانیارییەکانی ئەم مامۆستایەی وەرگرتووە و ئاماژەی پێکردووە (السبكي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٦)؛ (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣: ٢/ ٣٢٢)؛ (نويهض, ١٩٨٨: ٢٦٢).

٢- الشيخ الإمام فخر الدين الجاربردي (ت ٧٣٦ هـ/ ١٣٣٥ ز): ناوی فخر الدين ئەحمەد کوڕی حسن الجاربردي بوو, زانایەکی گەورەی ئەشعەرییەکان بوو، مامۆستایەکی ئیجی بووە, لە بواری فیقهی ئیسلامیدا ئیجی زانیارییەکی زۆری لەم مامۆستایەی وەرگرتووە (السبكي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٧- ٤٩).

ب- قوتابییەکانی:

زانا (عضدالدين الإيجي) پاش ئەوەی خوێندن تەواو دەکات و زانستێکی زۆر وەردەگرێت ئینجا دەستدەکات بە فێرکردنی خەڵکانی تر، واتا پاش ئەوەی تەواو شارەزا دەبێت و زانستێکی زۆر وەردەگرێت, ئەو کات بە کاری مامۆستایەتی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو پارە و سامانەی هەیبووە هەمووی لە پێناو فێرکردنی قوتابییەکانی خەرج دەکرد، توانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا ژمارەیەک لە قوتابی پێ بگەیەنێت لە دواییدا زانای گەورەیان لێ دەربکەوێت، لە دیارترین ئەوانەی لەسەردەستی ئیجی پێگەیشتن و ناویان دەرکرد ئەمانەی خوارەوەن:

هەولێری کتێب

١- پێشەوا شمس الدين محمد الكرماني: ناوی شمس الدين محمد كوڕی يوسف كوڕی علي كوڕی عبدالكريم الكرمانييە, ماوەی دوانزە ساڵ لەگەڵ پێشەوا ئيجی ژيانی بەسەر بردووە، يەكێک بووە لە قوتابييە چالاكەكانی زانا ئيجی، چەند كتێبێكی هەيە يەكێكيان بە ناوی (الكواكب الدراري في شرح صحيح البخاري)يە (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٢).

٢- پێشەوا ضياء الدين عبدالله العفيفي: ناوی ضياء الدين عبدالله كوڕی سعدالله كوڕی محمد العفيفي القزويني المصرييە، ناسراو بووە بە (القرمي) و (ابن قاضي قرم), زانايەكی بەناوبانگی شافيعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری بوو, يەكێک بووە لە قوتابييەكانی ئيجی، زانياريەكی زۆری لە مامۆستاكەی وەرگرتووە، بە تايبەت لە بواری فيقهزانيدا (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٢).

٣- پێشەوا سعد الدين مسعود التفتازاني (ت ٧٩١ ك/ ١٣٩٣ ز): ناوی مسعود كوڕی عمر كوڕی عبدالله, نازناوی (سعد الدين) بوو, بە (سعد الدين التفتازاني) ناسراو بوو, لە ساڵی (٧١٢ ك/ ١٣١٢ ز) لە گوندی تفتازان لە خۆراسان لە نسا لەدايكبووە، زانايەكی شافيعی ئەشعەری بووە، ئەميش قوتابيی ئيجی بوو، لە بواری بيروباوەڕ و فيقهزانی زانياری زۆری لێ وەرگرتووە (السيوطي, ١٩٦٥, ٢/ ٢٨٥)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٧).

لەگەڵ ئەوەی تێگەيشتنی گران بووە، بەڵام هەرگيز لە هەوڵدان بۆ فێربوون و داواكردنی زانست دانەنيشتووە و كۆڵی نەداوە، زۆربەی جار ئيجی لە ناو كۆمەڵەكەی خۆيدا نموونەی بە تفتازانی دەهێنايەوە, تاوەكو خەڵكی چاوی لێ بكات و چۆن ئەم پياوە گرفتی گران تێگەيشتن

ڕێگرنـەبووە لەبـەردەمی تـاوەکو فێربێـت و زانایـەکی گـەورەی لـێ دەربکەوێت (إبن العماد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٨–٥٤٩).

خـاوەنی ژمارەیـەک کتێبـی بەناوبانگـە وەک کتێبـەکانی (التلـويح فـي كشف حقائق التنقيح) و (شرح العضد على مختصر ابن الحاجب) و (شـرح العقائد النسفية) و (شـرح مقاصد الطالبين في علم أصول الدين) و (شـرح مختصر الشمسية) و چەندانی تر (السيوطي, ١٩٦٥, ٢/ ٢٨٥)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٩)،

٤– پێشـەوا سـيف الدين ابهری: یـەکێک بـووە لـە قوتابیـیە چـالاک و زیرەکـەکانی ئیجـی، تەنانـەت لـە زۆربـەی مەسـەلە و بابەتەکاندا گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەی لەگەڵ مامۆستاکەی خۆیدا کردووە, چونکە بیروڕای جیاوازی لەگـەڵ مامۆسـتاکەی هـەبووە (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٣)؛ (الشوكاني, ١٣٤٨ هـ ١/ ٣٢٧).

ج– بەرهەمەکانی:

١– بیروباوەڕ و (علم الكلام):

ئیجی لـە مـاوەی تەمـەنی خۆیدا ژمارەیـەکی زۆر لـە بەرهـەمی کتێبی هـەبووە، لەناویانـدا کتێبـی (المواقـف فـي علـم الكـلام), ئـەم کتێبـە لـە بـەناوبانگترین و دیـارترین کتێبـەکانی ئیجییـە لـە بـواری بیروبـاوەڕ (سـمرقندي، ١٣٨٣ هــ: ١/ ٢٨٤)؛ (شـیرازی، ١٣٧٧ هــ: ٢/ ٦٧٢– ٦٧٣), ناوەرۆکی ئـەم کتێبـە بیروڕاکانی ڕێبـازی ئەشـعەری ڕووندەکاتـەوە، ئـەم ڕێبازەش بەشێکی گرنگی لـە زانسـتی کـەلام (علـم الكـلام) پێکدێت, بیروڕا هزرییەکانی ئەشعەرییەکان تاوەکو سەردەمی ئێستاش کاریگەریی لەسەر بەشێک لە موسڵمانان هەیە (صبحي, ١٩٨٥: ٣٥٧– ٣٥٨)؛ (المحمود, ١٩٩٥: ٢/ ٦٨٩).

ئیجی ئەم کتێبەی بۆ سوڵتانی مەغۆلەکان أولیجایتو محمد خدابنده[٤] (٧٠٣– ٧١٦ ک/ ١٣٠٤– ١٣١٦ ز) نوسیوە، دیارە ئەم سوڵتانە داوای لێکردووە شتێک لەسەر لایەنی بیروباوەڕ بنوسێت، لە ڕێگای وەزیرێکەوە بۆ سوڵتانی ناردووە، لە لایەکی تر ئیجی ئەم بەرهەمە نوسینەی پێشکەشی یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی بە ناوی شیخ أبو إسحاق کردووە، کە فەرمانڕەوای وڵاتی فارس و شیراز بووە (، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩)؛ (حاجي خليفة, ٢٠٠٨, ٢/ ١٨٩١– ١٨٩٢)، هەروەها مەبەستێکی تری ئیجی لە دانانی ئەم کتێبە کورتکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئەشعەرییەکان بووە، بۆ ئەوانەی داوایان لێکردووە و ئەوانەی دەیانەوێت لەم ڕێبازە تێبگەن (الإيجي, د. ت: ٥– ٦).

کتێبێکی تری بەناوی (جواهر الکلام) بوو، کتێبێکی تری ئیجی لە بواری بیروباوەڕ بریتی بووە لە کتێبی (العقائد العضدية), ئەم کتێبە کورتەیەکی بەسوودە، بنەماکانی بیروباوەڕی تیادا کۆکراوەتەوە، لە ئەوانەی پەیوەندی پێی هەیە لە مەسەلە گەورەکان، دوانزە ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێت ئەم کتێبەی تەواوکردووە (طاش كبرى زاده, ١٩٨٥: ٢/ ١٦١), کتێبێکی تری بە ناوی (بهجة التوحيد) هەبووە، ئەم کتێبەشی تایبەت بووە بە لایەنی بیروباوەڕی (البغدادي, ١٩٥١, ١/ ٥٢٧)؛ (سرکیس, ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢).

٢– فیقهی ئیسلامی و بنچینەکانی:

یەکێک لە کتێبەکانی لە بواری فیقهی ئیسلامی و بنچینەکانی داناوە بە ناوی (شرح العضدي على مختصر كتاب منتهى السؤال و الأمل في علم الأصول لابن حاجب)، ئەم کتێبە تایبەتە بە بنچینەکانی فیقهی ئیسلامی (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ: ١/ ٢٨٤)؛ (شیرازی، ١٣٧٧ هـ: ٢/ ٦٧٢– ٦٧٣)؛ (الأصبهاني, ١٣٩٢ هـ: ٥/ ٥١– ٥٢).

٣- زانستی قورئان و ڕاڤەکردنی:

لـە بـواری زانسـتەکانی قورئـانی پیـرۆزدا کتێبێکـی دانـاوە بـە نـاوی (تحقيق التفسير في تكثير التنوير)، ئـەم کتێبـە ڕاڤەیـەکی قورئـانی پیـرۆزە (البغدادي، ١٩٤٥: ١/ ٢٦٤)، لـە هەندێک لـە سـەرچاوەکان بـە نـاوی (تفسير القـرآن العظـيم) هـاتووە (إبـن حجـر العسـقلاني، ١٩٩٣: ٢/ ٤٢٩)؛ (كحالـة، ١٩٩٣: ٥/ ١١٩).

٤- میژوو:

زانـا ئیجـی لـە بـواری میژوودا کتێبێکـی بـە ناوبـانگی هەیـە بـە نـاوی (أشرف التواريخ يان إشراق التواريخ يـان زبـدة التـاريخ في ترجمـة إشـراق التـواريخ)، تیایـدا پوختەیـەک لـە ڕووداوە میژوویـیـەکان باسـدەکات لـە دروستبوونی خـەلقبوون دەسـتپێدەکات تـاوەکو دەگاتـە سـەرەتای سـەدەی شەشـەمی کـۆچی و سـەردەمی خـۆی (سـمرقندي، ١٣٨٣ هــ: ١/ ٢٨٣)؛ (فسـائي، ١٣٨٢ هــ: ١/ ٢٩٩)، بۆیـە دەتـوانین بـڵێـین ئـەم کتێبـە بـە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ڕووداوەکانی سـەردەمی ئـەم زانایـە و دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی ڕەسـەن پشـتی پێ ببەسـترێت و سـوودی لێوەربگیرێت.

٥- ڕەوانبێژی و ئەدەب و ڕەوشت:

لـە بـواری ڕەوانبێـژی کتێبێکـی هەیـە بـە نـاوی (الفوائـد الغياثيـة فـي المعاني و البيان)، ئەم کتێبە کورتکراوەی کتێبی (مفتاح العلوم)ی سکاکییە (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ: ١/ ٢٨٣)؛ (فسـائي، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩)؛ (صـفا، ١٣٨٤: ٢/ ٧٢)، هـەروەها کتێبێکـی تـری هەیـە بـەناوی (الرسـالة العضـدية في علـم الوضع)، ئەم کتێبە لایەنی بنچینەیی گفتوگۆ و ئـەدبی دەربـڕین دەگرێتـەوە (البغدادي، ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)؛ (سركيس، ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢)، ئەم کتێبە لـە سـێ

بەش پێکدێت ئەوانیش: زانستی ڕەوشت و زانستی بەڕێوەبردنی مالّ و زانستی سیاسەت (طاش کبری زاده, ١٩٨٥: ١/ ٣٨٧).

لە بواری ئەدەب و ڕەوشت کتێبێکی هەیە بە ناوی (علم الآداب یان آداب عضدالدین), لەم کتێبەدا ڕێسا و یاسا و ئادابەکانی گفتوگۆکردن (آداب البحث و المناظرة) تیایدا کۆکراوەتەوە (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)؛ (سرکیس, ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢)؛ (صفا, ١٣٨٤: ٢/ ٦١) . هەروەها کتێبێکی تری بە ناوی (مختصر في علم الأخلاق یان أخلاق العضدية) هەیە، ئەم کتێبە لە چوار وتاری ڕێکخراو پێکدێت (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)

٣- وەزیفەکانی:

عضدالدین الإیجي یەکێک بوو لە دادوەرە بەناوبانگەکانی شاری شیراز لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیلخانەکانی مەغۆل، ئەم وەزیفەیەشی لە سەردەمی سولّتان أبو سعید بهادر خان[٥] (٧١٦ - ٧٣٦ ک/ ١٣١٦ - ١٣٣٥ ز) وەرگرتووە, کاتێک سولّتان بانگهێشتی کۆشکی سەلّتەنەتی دەکات وەک دادوەری دادوەرەکانی هەموو هەرێمی فارس دەستنیشانی دەکات (الأسنوي, ١٩٨١, ٢/ ٢٣٨)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣).

پێدانی ئەم وەزیفە گەورەیە لە دەولّەتی ئیلخانی لە لایەن سولّتانەوە وەک پاداشتێک بووە بەرانبەر کارە گەورەکانی، بە تایبەت ناوبژیوانیکردن لە نێوان هەردوو خانەوادەی ئیلخانەکان (آل اینجو)[٦] و (آل مظفر)[٧]، ئەمەش دوای ئەوەی ناکۆکی لە نێوان شیخ أبو اسحاق میری خانەوادەی آل اینجو لەگەلّ مبارز محمود شاه شجاع میری خانەوادەی (آل مظفر) دروست دەبێت (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣)؛ (ستوده، ١٣٤٦ هـ: ٢/ ٢٨٥).

ئیجی لەگەلّ ئەوەی وەزیفەکەی دادوەری بوو لە هەمان کاتدا زانایەکی ئاینی گەورەی هەرێمی فارس بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە هەر

چوار مەزهەبە سەرەکییەکان (شافیعی, مالیکی, حەنەفی و حەنبەلی) لەگەڵ فیقهی جەعفەری هەبووە، ئەمەش یارمەتیداوە لە وەزیفەکەی سەرکەوتوو بێت، هەروەها ببێت بە فیقهزانێکی بەناوبانگ، بیروڕا و بۆچوونەکانی جێگای بەرزی خۆی هەبێت لە لای خەڵکی بە گشتی و شاری شیراز بە تایبەت، تەنانەت بە باشترین دادوەریان داناوە (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣)؛ (ج. ڤان إس، د.ت.: ٥/ ٢٧٨).

هەرچەندە ئیجی شارەزاییەکی چاکی لە هەر چوار مەزهەبەکە هەبووە، بەڵام زیاتر بە فیقهزانێکی شافیعی مەزهەب دانراوە، لەناو خەڵکدا بە (دادوەری شافیعی) ناسراو بووە، چونکە بیروڕاکانی و بۆچوونەکانی زیاتر هەڵقوڵاوی شافیعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری بووە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی تەواوی لەم مەزهەبە هەبووە، هەرچەندە زۆربەی نوسینەکانی لە بواری فیقهی شافیعی بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا سوودی لە زانستی مەزهەبەکانی تریش وەرگرتووە، تەنانەت کەسێکی وەک (الشوكاني) بە دادوەرێکی بەناوبانگی مالیکی مەزهەبی داناوە (١٣٤٨ هـ ١/ ٣٢٧), هەروەها (إبن تغري بردي) ئاماژە بەوە دەکات کە بە (العضد الحنفي) ناسراو بووە (١٩٩٨: ١/ ٣٩٧).

٤- مردنی:

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ ساڵی (٧٥٦ ک/ ١٣٥٨ ز) کردووە تیایدا ئەم زانایە کۆچی دوایی کردووە (السبكي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٦-٤٧)؛ (السخاوي، ١٩٩٢: ١/ ١٤٦)؛ (الزركلي, ٢٠٠٢: ٣/ ٢٩٥)، بەڵام (الأسنوي) و (إبن تغري بردي) هەردووکیان ئاماژەیان بۆ ساڵی (٧٥٣ ک/ ١٣٥٥ ز) کردووە، کە تیایدا کۆچی دوایی کردبێت (١٩٨١: ٢/ ٢٣٨)؛ (١٩٩٨: ١/ ٣٩٧).

سەبارەت بە هۆکاری مردنەکەشی لە ئەنجامی بە دیل گرتن و بەندکردنیەوە بووە لە لایەن میر مبارزالدین محمد[٨] (٧١٣– ٧٦٠ ک/ ١٣١٣– ١٣٥٩ ز) فەرمانڕەوای کرمان[٩] و دەوڵەتی موزەفەرییەکان[١٠]، پاش ئەوەی هێرش دەکاتە سەر هەرێمی فارس و شاری شیراز. ئەم زانایە دەستگیر دەکات و لە قەڵای ئیگ (ایج) بەندی دەکات، مبارزالدین محمد ئەم زانایەی گرتووە بە بیانووی ئەوەی پشتگیری لە شێخ أبواسحاق[١١] کردووە و دژی ئەو وەستاوە، ئیجی زۆر لە بەندیخانە نەمایەوە و کۆچی دوایی کرد (إبن قاضي شهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٣٤)؛ (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (نويهض, ١٩٨٨: ٢٦٢).

لەگەڵ ئەوەی هەموو سەرچاوەکان ئاماژە بە بەندکردنی ئیجی دەکەن لە لایەن فەرمانڕەوای کرمان، بەڵام نوسەر و تۆێژەری ئێرانی (عباس إقبال) ئاماژە بەوە دەکات کە مبارزالدین محمد فەرمانڕەوایی هێرشی کردووە بۆ سەر هەرێمی فارس، کاتێک ئابلووقەی شاری شیرازی داوە زانا و دادوەر ئیجیی لە شارەکە دەرهێناوە، ئەو کاتە بەرەو وڵاتی شوانکارە دەچێت، بەڵام میری شوانکارە لەگەڵ ئیجی کۆک نابێت و بەندی دەکات لە قەڵایەک، کە لەو قەڵایە ماوەتەوە تاوەکو لە سالّی (٧٥٦ ک/ ١٣٥٨ ز) کۆچی دوایی دەکات (٢٠٠٠: ٥٠١), بەڵام إقبال ڕوونیناکاتەوە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی ئیجی لەگەڵ ئەم میرەی شوانکارە چیبووە، ئاماژە بە هیچ شتێک ناکات، هەروەها تەنها ئەو ئەم شرۆڤەیەی کردووە و باس لەم ڕووداوە دەکات و بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک بکات، بۆیە ناتوانین بە هەواڵێکی وردی دابنێین و پشتی پێ ببەستین، بۆیە دەڵێین ئەوەی زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکان ئاماژەی بۆ دەکەن لە لایەن فەرمانڕەوای کرمان بەندکراوە.

دووەم: ڕۆڵی ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیلخانییەکان:

١– پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان و میرەکان:

ئیجی پەیوەندی لەگەل ژمارەیەک لە پیاوە سیاسییەکان بەهێز و باش بووە, لەوانە أبو سعید بهادرخان دواهەمین سوڵتانی دەوڵەتی ئیلخانی لە فارس، بەهۆی ئەم پەیوەندییە زانا ئیجی دەبێت بە دادوەری دادوەران لە هەرێمی فارس و لە شاری شیراز دادەنیشێت (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣).

پاش ئەوەی ناوبانگی عضدالدین ئیجی دەگات بە سوڵتان محمد جونی[١٢] فەرمانڕەوای وڵاتی هیند نوێنەرێکی خۆی لەگەڵ دە هەزار دینار دەنێرێت بۆی، هەروەها بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ وڵاتەکەی (إبن بطوطة، ١٩٩٧: ٤٥٦)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات, ناوبانگی ئیجی تەنها لە ناوەوەی وڵاتی فارس نەبووە، بەڵکو گەیشتووەتە دەرەوەی وڵاتەکەش.

زانا و دادوەر ئیجی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی لەگەڵ شێخ أبو اسحاق اینجو فەرمانڕەوای شیراز هەبوو، بەڵکو لە زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەت شێخ پرس و ڕاوێژی بە ئیجی کردووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی و شارەزایی ئەم زانایە لە کاروباری دادوەری و ڕامیاری. لە لایەکی تر کەسایەتییەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەبووە، دەسەڵاتداران ڕێزی زۆریان گرتووە (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (إقبال, ٢٠٠٠: ٥٠١).

هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مبارزالدین محمد میری بنەماڵەی (آل مظفر) و فەرمانڕەوای کرمان لە سەرەتادا زۆر باش بووە، ئەمەش هانی شێخ أبو اسحاق دەدات تاوەکو داوای لێ بکات ناوبژیوانی نێوان ئەو و میر مبارزالدین بکات، چونکە ئەم میرە لە سالّی (٧٥٤ ک/ ١٣٥٣ ز)دا پاش ئەوەی لە هێرشەکانی بەردەوامی لایەنگرانی شێخ أبو إسحاق بۆ سەر یزد و کرمان تووڕە دەبێت، بڕیاردەدات هێرش بکات بۆ سەر شیراز و دەست بەسەر هەموو هەرێمی فارس دابگرێت (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٢– ٣٠٣)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩).

ئیجی لەسەر داوای شێخ أبو إسحاق هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی ناوبژیوانی بکات لە نێوان ئەم دوو میرە و چارەسەری ئەم کێشە ڕامیارییە بکات, بۆ ئەم مەبەستە لە شیراز بەڕێکەوت و بەرەو کرمان ڕۆیشت بۆ خزمەتی میر مبارزالدین محمد، لە سیرجان[١٣] پێیگەیشت، میریش بە گەرم و گوڕی و ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازی لێکرد، پێنج هەزار دیناری وەک خەرجی مانەوە بە ئیجی داوە و دە هەزار دیناریشی بە هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٢ – ٣٠٣).

زانا ئیجی ئامانجی سەردانەکەی بۆ میر ڕوونکردەوە و داوای لێکرد هێرشەکانی بۆ سەر شیراز ڕابگرێت، پێی ڕاگەیاند: هاتووە ناوبژیوانی لە نێوان ئەو و شێخ أبو اسحاق بکات. بەڵام میر بە داواکارییەکی ڕازی نەبوو، بە ئیجی وت: ((متمانەم بەم کەسە مەبەستی شێخ أبو إسحاق بوو – نەماوە، چونکە تاوەکو ئێستا خەوت جار پەیمانی شکاندووە)) (فەسائی، ١٣٨٢ هـ ١/ ٢٩٩)، هەروەک دیارە میر ئەم بارودۆخە بە دەرفەت دەزانێت تاوەکو هەموو هەرێمی فارس بخاتە سەر کرمان و سنووری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات.

بەم شێوەیە عضدالدین ئیجی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و بێ ئەوەی ئامانجەکەی بێتە دی و سەردانەکەی بەرهەمی هەبێت، وەڵامی میر مبارزالدین محمد لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵیدا دەگەیەنێت بە شێخ أبو إسحاق (ج. ڤان إس، د. ت: ٥/ ٢٧٨).

لە ساڵی (٧٥٦ ک/ ١٣٥٥ ز)دا بە تەواوی پەیوەندی لە نێوان ئیجی و میر مبارزالدین محمد تێکدەچێت، کاتێک میر ڕایگەیاند ئیجی پاڵپشتی لە شێخ أبو إسحاق دەکات، دژی من و هەوڵەکانم دەوستێتەوە لە دەستبەسەرداگرتنی شیراز و هەموو هەرێمی فارس، دەرهێنانی لەژێر دەسەڵاتی شیخ أبو إسحاق، لەبەر ئەوە کاتێک میری کرمان دەستیبەسەر شیراز داگرت هەڵسا بە لادانی ئیجی لە وەزیفەی دادوەری دادوەران،

پاشان دەستگیری کرد و لە قەڵای ئیگ بەندی کرد (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ ١/ ٢٩٩).

ئەم ڕووداوە ڕامیارییانە کاریگەریی لەسەر پەیوەندی نێوان زانا ئیجی و میر مبارزالدین محمد دروستکرد ، لە دۆستایەتی و برادەرایەتی بوو بە دوژمنایەتی، چونکە میر تاوانباری کرد لایەنگیری شێخ أبو اسحاق دەکات، سەرئەنجام سزای دا و بەندی کرد تاوەکو مرد.

٢ – تێڕوانین و بۆچوونەکانی دەربارەی چەمکە ڕامیارییەکان:

زانا و دادوەر ئیجی لە کتێبی (المواقف)دا بەشێکی سەربەخۆی تەرخانکردووە بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمکی پێشەوایەتی (الامامة)، تیایدا باس لە پێویستبوونی دانانی پێشەوا دەکات بۆ موسڵمانان، ئینجا ناساندنێکی کردووە بۆ ئەم چەمکە و ئاماژە بە مانای سەرکردایەتیکردنی گشتی دەکات لە کاروباری ئاینی و دونیایی، واتا جێنشینایەتیکردنی پێغەمبەر لە کاروباری ئاینی، لەم حاڵەتەدا دەبێت هەموو ئومەت گوێڕایەڵی بکەن و دوای بکەون (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

سەبارەت بە مەسەلەی پێشەوایەتی سەرنج و تێبینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم چەمکە لە لای شیعەکان بە (الامام) ناسراوە، لە لای سوننەکان هەندێک جار ئەم دەستەواژەیەش بەکاردێت، بەڵام زیاتر (خەلیفە) بەکاردێت، لێرەدا ئیجی بوونی پێشەوا بۆ موسڵمانان بە پێویست و گرنگ دەزانێت، هەروەها دەربارەی گوێڕایەڵیکردنی پێشەوا بە گرنگییەوە باسی کردووە، پاش وەرگرتنی بیروڕا و بۆچوونی زۆربەی لایەنە جیاوازەکانی ناو موسڵمانان، هەروەک دەڵێت: دانانی پێشەوا لە لای ئێمە (مەبەستی ئەشعەرییەکان) واجبە لەسەرمان پابەندی بین بە گوێڵێبوون، بەڵام لە لای موعتەزیلە و زەیدییەکان واجبە لە ڕووی عەقل، ئینجا ئاماژە بە ڕای (الجاحظ) دەکات کاتێک وتوویەتی واجبە بە گوێڵێبوون و عەقل، ئیمامییەکان و ئیسماعیلییەکان دەڵێن بەڵکو لەسەر

خـوای گەورەیـە، ئیمامییـەکان واجبیـان کـردووە بـۆ پاراسـتنی یاسـاکانی شـەرع، ئیسـماعیلییەکان واجبیـان کـردووە بـۆ ناسـاندنی خـوای گـەورە، پاشان سەرنج و ڕای خەوارجەکانی هێناوەتەوە (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

ئیجی پاش ئاماژەکردن بە بیروڕای هەموو ئەو لایەنە جیاوازانە لەناو موسڵمانان ئینجا دێت کۆمەڵێک بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسـەلمێنی دەبێـت موسـڵمانان پێشـەوا (واتـا خەلیفـە) یـان هـەبێت، نموونە بە کاتی وەفاتی پێغەمبـەر (درووودی خـوای گـەورەی لەسـەر بێت) دەهێنێتەوە، کاتێک خەلیفە ئەبوبەکر پەلەی کرد لە کۆکردنەوەی موسڵمانان بۆ دانانی جێنشینێکی پێغەمبەر بـۆ ڕاپەڕاندنی کاروبـاری ئـاینی و دونیـایی، هـەروەها چەنـدان نموونـەی تـری بـاس کـردووە (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

هـەروەها هـاتووە ئامـاژەیکردووە بـە مـەرجی شـیعەکان بـۆ کەسێک بیەوێت وەک پێشەوا دەستنیشان بکرێت، ئەوانیش:

١ – دەبێت قوڕەیشی بێت، ئەوانەی ئەم بابەتە بە مـەرج دادەنـێن بەڵگە بۆ بەهێزکردنی ڕایەکەی خۆیان دێنێتەوە بە وتەیەکی پێغەمبەر کە فەرموویەتی: ((الأئمة من قريش))، بەڵام ئەمەیان لە لایەن خەوارج و بەشـێک لـە موعتوزیلـەکان ڕەتکراوەتـەوە بـە بـەڵگـەی وتەیـەکی پێغەمبەر کاتێک دەفەرموێت: ((السمع و الطاعة ولو عبدا حبشيا)).

٢ – دەبێت هاشمی بێت، ئەمەیان لە لای شیعەکان مەرجە.

٣ – دەبێت زانـا بێت بـە هـەموو مەسـەلـەکانی ئـاین، ئەمـەیان لـە لای ئیمامییەکان مەرجە.

٤ – دەرکـەوتنی مـوعجیزە لەسـەر دەسـتی، ئەمـەیان لـە لای بەشێک لە موسڵمانان ڕەتکراوەتەوە.

٥ – دەبێت پـارێزراو (معصـوم) بێـت، ئەمـەش ئیمامییـەکان و ئیسماعیلییەکان لە شیعەکان بە مەرجیان داناوە (الإيجي, د.ت.: ٣٩٨).

پاش دیارکردنی مەرجەکان هـاتووە هـەموو خـاڵ و مەرجـەکانی ڕوونکردۆتـەوە و گفتوگۆی لەسـەر کردوون، بـەراوردێکی لـە نێوان بیروڕای سوننەکان و بە تایبەت ئەشعەرییەکان لەسەر ئـەم بابەتـە و بیـروڕای شـیعەکان کـردووە، بـە تایبـەت لەسـەر دوو خـاڵی نـاکۆک ڕوونکردنـــەوەی زۆری داوە. یـــەکێکیان, مەســـەڵەی جێگیربـــوونی پێشەوایە و شەرعیەت وەرگرتنە. شیعەکان ڕەتیدەکەنەوە پێشـەوا بـە بەیعەت وەرگرتن شەرعیەت وەربگرێت، بۆیـە پێشـەوایەتی ئەبوبـەکر ڕەتدەکەنەوە، بەڵام لە لای سوننەوە بەیعەت مەسەلەیەکی گرنگە، بـە تایبەت هەیە ناسراوە بە (أهل الحل و العقد)، ئەوان سـەرەتا پێشـەوا دیاریدەکـەن و دوایـی لـە لایـەن موسڵمانان بەیعـەتی گشـتی پـێ دەدرێـت، بـەم شـێوەیە پێشـەوایەتی جێگیـر دەبێـت و شـەرعیەت وەردەگرێـت، بـەڵام لـە لای شـیعەکان ئـەم مەرجانـەی سـەرەوە پێویسـتە، دەبێـت ڕێکـەوتنی ئیمامـەکانی لەسـەر بێـت (الإيجي, د.ت: ٤٠٠).

مەســـەلەی دووەم, لـــە نێـــوان ســـوننەکان و شـــیعەکان بابـــەتی پارێزراوی (معصوم) پێشەوایە، لە لای سوننەوە پێشـەوا پـارێزراوی خودایی (عیصمەت) نییە، تەنها پێغەمبەران پارێزراون لە لایەن خوای گەورەوە، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکان گوناهـ و هەڵـە دەکـەن، هـەروەک پێغەمبـەر فەرموویـەتی: ((هـەموو ئادەمییـەک هـەڵـەکارە (یـان هـەڵـە

دەکات)، باشترین هەڵەکارانیش ئەوانەن زوو پەشیمان دەبنەوە))، بەڵام لە لای شیعەکان پێشەوا پاریزراوی خودایی هەیە، ئەوان کەسانێکی هەڵبژاردراوی خوای گەورەن نابێت هەڵە بکەن، بۆیە دەبێت هەموو کەس گوێڕایەڵییان بکات لە هەموو بارودۆخێکدا و نابێت دەرچوونیان هەبێت (الإيجي, د.ت: ٣٩٩).

لە لایەکی تر بەشێک لە بیروڕا و بۆچوونەکانی شیعەکان ڕەتدەکات دەربارەی هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکان، لەوانە مەسەڵەی پێشەوایەتیبوونی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کاتێک شیعەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن پێغەمبەر لە وتاری حەجی مالئاوایی[١٤] ئاماژەی کردووە لە دوای خۆی عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەبێت بە پێشەوا و جێنشینی، وتەیەکی پێغەمبەر بە نموونە دەهێنەوە کاتێک فەرموویەتی: ((من كنت مولاه فهذا علي مولاه))، شیعەکان دەڵێن ئەم وتەیە دەقێکی ڕوونە لەسەر دەستنیشان کردنی عەلی بە پێشەوای موسڵمانان (الإيجي, د.ت: ٤٠٥).

بەڵام سوننەکان لێکدانەوەیان بۆ ئەم وتەیە لەگەڵ شیعەکان جیاوازە، ئەوان پێیانوایە پێغەمبەر مەبەستی ڕوونکردنەوەی چاکەکان (فضائل)ی پێشەوا عەلی بووە بۆ ئەوانەی قەدریان نەزانیوە، بەتایبەت دووڕووەکان کاتێک ڕقیان لەم پێشەوایە هەبوو، لەم وتەیە مەبەستی پێشەوایەتی بوون نەبووە، بەڵکو ئەوان دەستنیشان کردنی ئەبوبەکر بە خەلیفە بە چەند پێوەرێک دیاردەکەن، لەوانە بەردەوام ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەکرد کاتێک پێغەمبەر سەفەری بکردایە، یاخود لە کاتی نەخۆشبوونی، هەروەها کەسێکی بە تەمەن بوو، هاوڕێی کۆچکردنی پێغەمبەر بوو، چەندان پێوەری تر. موسڵمانەکان لەکاتی دەستنیشانکردنی بە گونجاوتریان زانی (الإيجي, د.ت: ٤٠٥– ٤٠٦).

شیعەکان ئەم بابەتەیان لە سەرچاوەکانی خۆیان بە ڕووداوی غەدیر[١٥] ناساندووە، بەڵام زانا ئیجی هاتووە بە بەڵگە ئەم بۆچوونەی

ئەوانی ڕەتکردۆتەوە و دەڵێت: عەلی لە وتاری ڕۆژی غەدیر بە هیچ شێوەیەک لە لایەن پێغەمبەرەوە ناوی نەهاتووە لە دوای خۆی دەبێت بە پێشەوا و خەلیفە، هەروەها بۆ گوێڕایەڵیکردنی ئەبوبەکر و عومەر وتەیەکی پێغەمبەر دێنێتەوە کاتێک فەرموویەتی: ((اقتدوا بالذين من بعدي أبي بكر و عمر))، واتا گوێڕایەڵی ئەبوبەکر و عومەر بکەن لە دوای خۆم (الإيجي, د.ت: ٤٠٦– ٤٠٧).

لە کۆتاییدا ئیجی ناوی ژمارەیەک لە گرووپەکانی موسڵمانان دێنێت بە پێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کاتێک فەرموویەتی: موسڵمانەکان لە دوای من دەبن بە حەفتا و سێ گرووپ هەموویان بۆ ناو ئاگرن تەنها یەکێکیان نەبێت، ئەوانیش پێیان دەڵێن گرووپی ڕزگاربوو (الفرقة الناجية)، گرووپی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی موعتەزیلەکان، ئەوانیش بیست گرووپن، ئینجا گرووپی شیعەکان، بیست و دوو گرووپن، سێیەم گرووپەکانی خەوارج، حەوت گرووپن، مورجئەکان پێنج گرووپن، نجاریيەکان سێ گرووپن، جبرییەکان، ئینجا المشبهە، لە کۆتاییدا باسی گرووپی ڕزگاربوو (الناجیە) دەکات، بە بۆچوونی ئیجی گرووپی ڕزگاربوو بریتییە لە ئەشعەرییەکان و ئەهلی سوننەت و جەماعەت (الإيجي, د.ت: ٤١٥– ٤٣٠).

دەرئەنجام:

پاش ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر عضدالدین ئیجی زانا و دادوەری بەناوبانگی هەرێمی فارس لە سەردەمی ئیلخانە مەغۆلەکان ئەم چەند خاڵەی خوارەوەمان بۆ ڕوون بووەوە:

١- زانا و دادوەر (عضدالدین ئیجی) بە ڕەچەڵەک کوردە و خەڵکی شاری ئیگ یان ئیج بووە، ناوەندێکی کوردنشینی هەرێمی فارس بووە, بە درێژایی مێژوو لەم شارە و هەرێمەکەدا بەشێکی زۆر لە کوردی تێدا نیشتەجێ بوونە.

٢- ئەم زانایە پاش هەوڵ و ماندووبوون و گەڕانێکی زۆر بۆ خوێندن لەسەر دەستی ژمارەیەک زانای ئەو سەردەم توانی بگات بە ئاواتەکەی خۆی، ئەویش دەرکەوتن و ناوداربێتییە لە بواری زانست و خزمەتکردندا.

٣- ئیجی لە زۆر بواردا بەرهەمێکی زۆری نوسینی هەیە وەک: زانستەکانی قورئانی پیرۆز و فیقهی ئیسلامی و بنچینەکانی و زمان و ئەدەب و ڕەوانبێژی و فەلسەفە و مێژوو.

٤- زانا و فیقهزان و زمانزانێکی بەناوبانگی سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەمی زاینی بووە, بە یەکێک لە زاناکانی شافیعی مەزهەب و ئەشعەری ڕێباز دادەنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا شارەزا بووە لە مەزهەبە فیقهییەکانی تر، لەبەر ئەوە لە لایەن زۆربەی خەڵکی فارس و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕێزی گەورەی هەبووە.

٥- دادوەرێکی بەناوبانگی وڵاتی فارس بووە لە سەردەمی ئیلخانەکانی مەغۆل، بەهۆی نزیکی لە سوڵتان و پیاوانی ڕامیاری و

بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە کارەکەی خۆیدا وایکردووە ڕۆڵێکی گەورە ببینی لە بواری دادوەری.

٦- ئیجی تەنها زانا و دادوەرێکی بەناوبانگ نەبووە, بەڵکو لە بواری ڕامیاریشدا بۆچوون و سەرنج و تێبینی تایبەت بە خۆی هەبووە، کۆمەڵێک بیروڕا و هزری ڕامیاری دەربارە دەسەڵات و فیقهی سیاسی و چەند ڕووداوێکی سەردەمی خۆی لە نوسینەکانیدا ڕوونەدەکاتەوە.

پەراوێز:

(١) ئیلخان (ایلخان): لە دوو بەش پێکدێت، (ایل) واتا: هۆز یان عەشیرەت، (خان) واتا: گەورە یان سەرکردە، ناوی ایلخان بە مانای: گەورەی هۆز یان سەرکردەی عەشیرەت دێت (سلیمان، ١٩٦٩: ٤٨٠)؛ (الصیاد, ١٩٨٧: ٢٨)؛ (کدرو، ٢٠٠٩: ٨٥).

(٢) ئیلخانەکانی مەغۆل: بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای مەغۆلەکان بوون، لە نێوان سالانی (٦٥٤ - ٧٥٤ ک/ ١٢٥٦ - ١٣٥٣ ز) فەرمانڕەوایەتییەکەیان دەرێژ بۆتەوە, لە لایەن هۆلاکۆ خان دامەزراوە، پاش ئەوەی بوو بە جێگری خانی گەورە، دەسەڵاتی بەسەر ولاتەکانی عێراق و فارس و قەوقاز و ئەنادۆل ڕۆیشت، ئەم سەرکردەیە نازناوی ئیلخانی وەرگرتووە (بوزورث, ١٩٩٥، ٢١٠)؛ (الخالدي, ١٩٨٤: ١٧٥ - ١٧٦).

(٣) شیراز: یەکێک بووە لە شارە گەورە و بەناوبەنگەکان و ناوەندی هەرێمی فارس، دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم هەرێمە، ئاوەدانی گەورە و کۆشک و دامودەزگاکانی دەوڵەتە جیاجیاکانی تیایدا بووە. (إبن البلخی، ١٣٨٥ هـ: ١٢٢ - ١٢٣)؛ (الإدریسي، ١٩٨٩: ١/ ٤٠٥).

هەوالنامەی کتێب

(٤) أوليجايتو محمد خدابنده: ئەم سولّتانە کوڕی سولّتان أرغون خان بوو، لە نێوان سالّانی (٧٠٣ - ٧١٦ ک/ ١٣٠٤ - ١٣١٦ ز) سولّتانی ئیلخانەکانی مەغوّل بوو (فهمي، ١٩٨١: ٢١٤)؛ (کدرو، ٢٠٠٩: ١٦٢)، نازناوی (غياث الدين) وەرگرتووە، بۆیە لە هەندێک لە سەرچاوەکان بە ناوی (غياث الدين محمد) ناوی هاتووە (الخالدي, ١٩٨٤: ٢٣٤).

(٥) أبو سعيد بهادر خان: أبوسعيد بهادر خان کوڕی أولجايتو کوڕی أرغون، دواهەمین دەسەلّاتداری ئیلخانەکانی مەغوّل بوو، لە نێوان سالّانی (٧١٦ - ٧٣٦ ک/ ١٣١٦ - ١٣٣٥ ز) بووە سولّتانی ئیلخانەکانی مەغوّل (خواندمير، ١٣٣٣ هـ ش.: ٣/ ١٩٨)؛ (شبولر، ١٩٨٢: ٧٨).

(٦) أسرة آل إينجو: خانەوادەیەکی (بنەماڵەیەکی) ئیلخانەکان بوون, ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ میر شرف الدين محمود شاه, هەرچەندە پێش مردنی أبو سعيد حوکمی فارس و دەوروبەریان دەکرد, بەڵام سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لە سالّی (٧٤٢ ک/ ١٣٤٢ ز), واتا کاتێک شێخ أبو إسحق مەلیک أشرف الچوپاني دەرکرد لە شارەکە و سەربەخۆیی خۆی وەرگرت, لە سالّی (٧٥٨ ک/ ١٣٥٨ ز)دا کۆتایی بە دەسەلّاتی ئەم خانەوادە هات پاش کوژرانی شێخ أبو إسحق (إقبال، ٢٠٠٠: ٣٦١).

(٧) أسرة آل مظفر: خانەوادەیەکی (بنەماڵەیەکی) ئیلخانەکان بوون, ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ میر (مظفرالدين), لە پاش کوژرانی أبو سعيد سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لە (یزد) و (کرمان)، لە سەردەمی یەکێک لە میرەکانیان بە ناوی مبارزالدين محمد کوڕی میر مظفرالدين لە سالّی (٧٤٠ ک/ ١٣٤٠ ز) دەستیان بەسەر هەرێمی فارس داگرت و سنووری میرنشینەکەیان فراوان کرد، دەسەلّاتەکەیان تاوەکو سالّی (٧٩٥ ک/ ١٣٩٥ ز) بەردەوام بوو (إقبال, ٢٠٠٠: ٣٦١).

(٨) مبارزالدين محمد: یەکێک بووە لە دەسەلاتدارە بەناوبانگەکانی دەولّەتی موزەفەرییەکان، لە نێوان سالّانی (٧١٨ - ٧٦٥ ک/ ١٣١٨ - ١٣٦٥ ز) فەرمانڕەوایەتیی دەولّەتی موزەفەرییەکانی کردووە، ماوەی چل سالّ

فەرمانڕەوایەتی یزد و کرمان و فارس کردووە، لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی مردووە (إقبال، ٢٠٠٠: ٤٠٧ – ٤١٧)؛ (شبولر، ١٩٨٢: ٨١).

(٩) کرمان: یەکێک بوو لە هەرێمە گەورەکانی وڵاتی ئێران، ژمارەیەک شار و شارۆچکە و گوندی دەگرتەوە، مەڵبەندی ئەم هەرێمە شاری کرمان بوو، دەکەوێتە نێوان فارس و مکران و سجستان و خراسان (إبن حوقل, ١٩٩٢: ٢٦٦)؛ (ياقوت الحموي, ٢٠١٠: ٤/ ٤٥٤).

(١٠) دەوڵەتی موزەفەرییەکان (٧١٣ – ٧٩٥ ک/ ١٣١٤ – ١٣٩٣): ئەم دەوڵەتە لە لایەن بنەماڵە و خانەوادەی موزەفەرییەکان (آل المظفر) دامەزراوە، یەکێک بووە لە دەوڵەتەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیلخانەکانی مەغۆل، سنووری ئەم دەوڵەتە کرمان و بەشێکی هەرێمی فارسی دەگرتەوە (إقبال, ٢٠٠٠: ٣٦١)؛ (زامباور، ١٩٨٠، ٣٧٩).

(١١) شیخ أبواسحاق: ناوی شێخ أبو إسحاق إینجو بوو، بۆ هەریەک لە (مسعود شاه) و (سلطان شاه) بوو, لە ساڵی (٧٤٢ ک/ ١٣٤٢ ز) میر پیر حسین فەرمانڕەوایەتیی ئەسفەهانی پێدا، داوای لە مەلیک ئەشرەف کرد هاوکاری بکات تاوەکو هەرێمی فارس لەژێر دەسەڵاتی پیر حسین دەربێنێت، لەم کاتەدا بوو مەلیک ئەشرەف دەستی بەسەر شیراز داگرت، لە دواییدا شێخ أبو اسحاق توانی شاری شیراز لەژێر دەستی پیر حسین دەربکات, لە شوێنی ئەودا خۆی ببێت بە فەرمانڕەوای شارەکە (إقبال، ٢٠٠٠: ٤٠٥).

(١٢) محمد جونی: ناوی تەواوی أبو المجاهد محمد شاه کوڕی غیاث الدین تغلق شاه, پاشای وڵاتی هیند و سیند بوو, بە (جونە)ش ناسراو بووە, پاش بوونی بە سوڵتان لە دوای مردنی باوکی ناوی موحەممەدی وەرگرت، هەروەها (أبو المجاهد)یشی پێ وتراوە (إبن بطوطة, ١٩٩٧: ٤٤١).

(١٣) سیرجان: شارێکی گەورەی هەرێمی کرمان بوو، دەکەوێتە نێوان هەردوو هەرێمی کرمان و فارس (إبن الفقيه الهمداني, ١٩٩٦: ٤١٤)؛ (ياقوت الحموي, ٢٠١٠: ٣/ ٢٩٥).

(١٤) وتـاری حـەجی مالئـاوایی: لـە ڕۆژی (١٨) ی مـانگی (ذي الحجـة) ی ساڵی (١٠ کۆچی) پێغەمبەر موحەممەد (دروودی خـوای لەسـەر بێت) وتـارێکی پێشکەش کرد، لە سەرچاوە میژوویيەکاندا بە وتاری حەجی مالئاوایی ناسـراوە، چونکە لە دوای ئەم وتارە پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد (إبن كثير, ١٩٨٨, ٥/ ١٠٩ - ١١٠).

(١٥) ڕووداوی غـەدیر (الغـدیر): ئـەم ڕووداوە لـە سـەرچـاوەی شـیعەکان ناونراوە بە ڕووداوی غەدیر، لەبەر ئەوەی لـە شـوێنێک ڕوویـداوە نـاوی (الغدیر خم) بوو، ئەم شـوێنە دەکەوێتـە نێوان هـەردوو شـاری مەککە و مەدینـە (یـاقوت الحموي, ٢٠١٠: ٤/ ١٨٨).

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە پەسەنەکان:

- الإدريسي: أبو عبدالله محمد بن عبدالله (ت ٥٤٦ هـ/ ١١٥٥ م)
- ـ – نزهة المشتاق في اختراق الآفاق, (١٩٨٩), عالم الكتب, بيروت, الطبعة الأولى.
- الأسنوي: جمال الدين أبو محمد عبد الرحيم بن الحسن بن علي (٧٧٢ هـ/ ١٣٧٠ م)
- ـ – طبقات الشافعية، (١٩٨١), دار العلوم للطباعة, الرياض, الطبعة الأولى.
- الأصطخري: أبو اسحاق ابراهيم بن محمد (ت بعد ٣٤٠ هـ/ ٩٠١ م)
- ـ – مسالك الممالک, (١٩٢٧), مطبعة بريل, ليدن.
- الإيجي: عضدالدين عبدالرحمن بن أحمد (ت ٧٥٦ هـ/ ١٣٥٥ م)
- ـ – المواقف في علم الكلام, (د.ت), عالم الكتب, بيروت.
- إبن بطوطة: محمد بن عبد الله بن محمد اللواتي الطنجي (ت ٧٧٩ هـ/ ١٣٧٧ م)
- ـ – الرحلة, (١٩٩٧)، دارالنفائس، بيروت، الطبعة الأولى.
- إبن البلخي: أبو زيد أحمد بن سهيل (ت ٥٠٠ هـ/ ١١٠٦ م)
- ـ – فارسنامه، (١٣٨٥ هـ)، مطبعة ديبا، طهران، الطبعة الأولى.

- إبن تغري بردي: جمال الدين أبي المحاسن يوسف (٨٧٤ هـ/ ١٤٧٠ م)
- ـ – الدليل الشافي على المنهل الصافي, (١٩٩٨), تحقيق: فهيم محمد شلتوت, مطبعة دار الكتب المصرية, القاهرة, الطبعة الثانية.
- حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله (١٠٦٨ هـ/ ١٦٥٧ م)
- ـ – كشف الظنون عن أسامي الكتب و الفنون, (٢٠٠٨), دار إحياء التراث العربي, بيروت.
- إبن حجر العسقلاني: شهاب الدين أحمد بن علي بن محمد (ت ٨٥٢ هـ/ ١٤٤٩ م)
- ـ – الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة, (١٩٩٣), دار الجيل، بيروت.
- إبن حوقل: أبو القاسم محمد بن علي النصيبي (ت ٣٦٧ هـ/ ٩٧٧ م)
- ـ – صورة الأرض, ١٩٩٢, دار و مكتبة الحياة للطباعة و النشر, بيروت.
- خواندمير: غياث الدين محمد بن همام الدين الحسيني (ت ٩٤٢ هـ/ ١٥٣٥ م)
- ـ – حبيب السير في أخبار أفراد البشر, (١٣٣٣ هـ ش.), انتشارات كتابخانه خيام خيابان ناصر خسرو.
- السبكي: تاج الدين أبو نصر عبدالوهاب بن تقي الدين علي (٧٧١ هـ/ ١٣٧٠ م)

هەولێر ئامادەی کتێب

- ـ – طبقات الشافعية الكبرى, (١٩٩٢), تحقيق: محمود محمد الطناحى و عبدالفتاح محمد الحلو, دار هجر للطباعة و النشر، القاهرة, الطبعة الثانية.

- السخاوي: شمس الدين أبو الخير محمد كورى عبدالرحمن كورى محمد (ت ٩٠٢ هـ/ ١٤٩٩ م)

- ـ – الذيل التام على دول الإسلام للذهبي, (١٩٩٢), تحقيق: حسن اسماعيل مروة, مكتبة دار العروبة – الكويت/ دار ابن العماد – بيروت, الطبعة الأولى.

- سمرقندى: كمال الدين عبدالرزاق (ت ٨٨٧ هـ/ ١٤٨٢ م)

- ـ – مطلع سعدين و مجمع بحرين، (١٣٨٣ هـ)، چاپخانه فرشيوه، تهران.

- السيوطي: جلال الدين عبدالرحمن (ت ٩١١ هـ/ ١٥٠٥ م)

- ـ – بغية الوعاة في طبقات اللغويين و النحاة, (١٩٦٥)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم, مطبعة عيسى البابى الحلبى و شركاه، القاهرة, الطبعة الاولى.

- الشوكاني: محمد بن علي بن محمد (١٢٥٠ هـ/ ١٨٣٤ م)

- ـ – البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع, (١٣٤٨ هـ), مطبعة السعادة, القاهرة, الطبعة الأولى.

- شيرازى: محمد نصير ميرزا اقا فرصت حسينى (ت ١٢٤٠ هـ/ ١٨٢٤ م)

- ـ – آثار عجم، (١٣٧٧ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران.

هەوالنامەی کتێب

- إبن العماد: شهاب الدين أبو الفلاح عبدالحي بن أحمد بن محمد (ت ١٠٨٩ هـ/ ١٦٧٩ م)

- ـ – شذرات الذهب في أخبار من ذهب, (١٩٩٢), تحقيق: محمود الأرناؤوط و عبدالقادر الأرناؤوط, دار إبن كثير, دمشق – بيروت, الطبعة الأولى.

- فسائی: حاج ميرزا حسن حسينى (ت ١٢٣٧ هـ/ ١٨٣٤ م)

- ـ – فارسنامه ناصرى، (١٣٨٢ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران، چاپ دووەم.

- إبن الفقيه الهمداني: أبو عبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق (ت ٣٤٠ هـ/ ٩٥١ م)

- ـ – كتاب البلدان، ١٩٩٦, تحقيق: يوسف الهادي, عالم الكتب, بيروت, الطبعة الأولى.

- إبن الفوطي: كمال الدين أبو الفضل عبدالرزاق بن أحمد (٧٢٣ هـ/ ١٣٢٣ م)

- ـ – مجمع الآداب في معجم الألقاب، (١٤١٥ هـ), تحقيق: محمد الكاظم, مؤسسة الطباعة و النشر، تهران.

- إبن قاضي شهبة: تقي الدين أبوبكر بن أحمد بن محمد بن عمر بن محمد (٨٥١ هـ/ ١٤٤٨ م)

- ـ – طبقات الشافعية, (١٩٧٩), مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية, حيدر آباد – الهند.

هەوالنامەی کتێبی

- القزويني: حمدالله مستوفى بن أبي بكر بن أحمد بن نصر (ت ٧٥٠ هـ/ ١٣٤٩ م)
- ـ – تاريخ گزيده، (١٣٨١ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران، چاپ چوارەم.
- إبن كثير: عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر (٧٧٤ هـ/ ١٣٧٤ م)
- ـ – البداية و النهاية, (١٩٨٨), مكتبة المعارف, بيروت, الطبعة السادسة.
- المقدسي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد (ت ٣٧٥ هـ/ ٩٨٥ م)
- ـ – أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم, (١٩٨٧)، دار إحياء التراث العربي, بيروت.
- المقريزي: تقي الدين أبوالعباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت ٨٤٥ هـ/ ١٤٤٢ م)
- ـ – السلوك لمعرفة دول الملوك, (١٩٩٧), تحقيق: محمد عبدالقادر عطا, دار الكتب العلمية, بيروت, الطبعة الأولى.
- ياقوت الحموي: شهاب الدين أبو عبدالله بن عبدالله (ت ٦٢٦ هـ/ ١٢٢٩ م)
- ـ – معجم البلدان, (٢٠١٠), دار صادر, بيروت, الطبعة الثامنة.

دووەم: سەرچاوە لاوەكييەكان:

- الأصبهاني: ميرزا محمد باقر الموسوى الخوانسارى
- ـ – روضات الجنات في أحوال العلماء و السادات, (١٣٩٢ هـ), تحقيق: امدالله اسماعيليان, چاپخانه مهر استوار – قم/ ايران.

- إقبال: عباس

- ـ – تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية, (٢٠٠٠), ترجمة: عبدالوهاب علوب, المجمع الثقافي, أبوظبي/ الامارات العربية المتحدة.

- البغدادي: إسماعيل باشا بن محمدامين

- ـ – ايضاح المكنون في الذيل على كشف الظنون عن أسامي الكتب و الفنون, (١٩٤٥)، دار إحياء التراث العربي, بيروت.

- ـ – هدية العارفين أسماء المؤلفين و اثار المصنفين, (١٩٥١), وكالة المعارف الجليلة, استانبول.

- بوزورث: كليفورد إدموند

- ـ – الأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي – دراسة في التأريخ و الأنساب، (١٩٩٥)، ترجمة: حسين علي اللبودي, مؤسسة الشراع العربي, الكويت

- ج. ڤان إس:

- ـ – دائرة المعارف الاسلامية، د. ت، ترجمة: محمد ثابت الفندى و أحمدالشنتناوى و ابراهيم زكى خورشيد وعبدالحميد يونس، مطبعة انتشارات جهان، طهران.

- الخالدي: إسماعيل عبدالعزيز

- ـ – العالم الإسلامي و الغزو المغولي, (١٩٨٤), مكتبة الفلاح, الكويت, الطبعة الأولى.

هەوالنامەی کیب

- زامباور: إدوارد فون
- ـ – معجم الأنساب و الأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي, (١٩٨٠), ترجمة زكي محمد حسن و حسن أحمد محمود, دار الرائد العربي, بيروت.
- الزركلي: خيرالدين
- ـ – الأعلام, (٢٠٠٢), دار العلم للملايين, بيروت, الطبعة الخامسة عشرة.
- ستوده: حسينقلى
- ـ – تاريخ آل مظفر، (١٣٤٦ هـ)، چاپخانه دانشگاه تهران، تهران.
- سركيس: يوسف اليان
- ٣٨ – معجم المطبوعات العربية و المعربة, (١٩١٩), مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة.
- سليمان: أحمد السعيد
- ـ – تاريخ الدول الإسلامية و معجم الأسرات الحاكمة, (١٩٦٩), دار المعارف, مصر.
- شبولر: برتولد
- ـ – العالم الإسلامي في العصر المغولي, (١٩٨٢), ترجمة: خالد أسعد عيسى, دار إحسان, دمشق.
- صبحي: أحمد محمود

هەوالنامەی کتێب

- ـ – في علم الكلام (الأشاعرة), (١٩٨٥), دار النهضة العربية, بيروت, الطبعة الخامسة.
- صفا: ذبيح الله
- ـ – تاريخ ادبيات ايران, (١٣٨٤ هـ)، چاپخانه رامين، تهران، چاپ شانزدهم.
- الصياد: فؤاد
- ـ – الشرق الإسلامي في عهد الإيلخانيين, (١٩٨٧)، منشورات مركز الوثائق و الدراسات الانسانية, جامعة قطر.
- طاش كبرى زاده: أحمد بن مصطفى
- ـ – مفتاح السعادة و مصباح السيادة في موضوعات العلوم, (١٩٨٥), دار الكتب العلمية, بيروت, الطبعة الأولى.
- فهمي: عبدالسلام عبدالعزيز
- ـ – تاريخ الدولة المغولية في إيران, (١٩٨١), دار المعارف, القاهرة.
- كحالة: عمر رضا
- ـ – معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية, (١٩٩٣), مؤسسة الرسالة, بيروت, الطبعة الأولى.
- كدرو: نرجس أسعد
- ـ – موقف المغول الإيلخانيين من العقائد و المذاهب الدينية من وفاة هولاكو إلى نهاية حكم أبي سعيد بهادر خان (٦٦٣ – ٧٣٦ هـ/ ١٢٦٥ –

هەولێر تاقی کتێب

١٣٣٥ م), (٢٠٠٩), رسالة ماجستير, جامعة عين شمس – كلية الآداب, القاهرة.

- المحمود: عبدالرحمن بن صالح

- ـ – موقف إبن تيمية من الأشاعرة, (١٩٩٥), مكتبة الرشد, الرياض, الطبعة الأولى.

- المرعشلي: يوسف بن عبدالرحمن

- ـ – مصادر الدراسات الاسلامية (العقائد و الأديان و المذاهب الفكرية القديمة و الحديثة), (١٤٢٥ هـ), دار الكتب العلمية, بيروت.

- نويهض: عادل

- ـ – معجم المفسرين من صدر الاسلام حتى العصر الحاضر, (١٩٨٨), مؤسسة نويهض الثقافية, الطبعة الثالثة.

هەوالنامەی کتێب

عضدالدين الإيجي

حياته و دوره السياسي في الدولة الإيلخانية

(٦٨٠ ـ ٧٥٦ هـ/ ١٢٨١ ـ ١٣٥٥ م)

ملخص:

عضدالدين الإيجي أحد العلماء و القضاة الكورد المشهورين في إقليم فارس في القرن الثامن الهجري/ الرابع عشر الميلادي, و من الناحية العلمية يعتبر واحدا من العلماء و الاساتذة المتميزين في الفقه و العلوم الاسلامية, فمن خلال مؤلفاته و نشر أفكاره و آرائه كان له تأثير كبير على قسم من المسلمين, وخاصة المؤيدين لمذهب الإمام الشافعي أو السائرين على منهج الأشاعرة, حيث لازال تأثيره مستمرا, ويعد أحد أكبر أساتذة هذا المنهج.

ونتيجة لشهرته التي اكتسبها من الناحية العلمية أصبح موضع إهتمام لاصحاب النفوذ و السلطة خلال فترة وجيزة سواء داخل اقليم فارس أم خارجه, وهذا مما سهل له طريق الوصول إلى منصب القضاء و النجاح فيه، وكذلك من خلال العلاقات المتمميزة مع أهل السياسة سهل له الأمور لكى يلعب دور التحكيم و الوساطة بين الأطراف المتنازعة.

هذا البحث يتحدث عن الحياة و النتاجات العلمية و الثقافية للعالم الايجي في إقليم فارس في عصر الايلخانيين المغول، وكذلك دوره في ناحيتي القضاء و السياسة, وكذلك حول كيفية تسلمه مهام القضاء و انخراطه في العمل السياسي و علاقاته مع أصحاب النفوذ و السلطة و أرباب السياسة.

Edhaddin Al-Eji

Life and the role of Politics in the ILkhani State

) 680 - 756 AH/ 1281 - 1355 AD)

Abctract:

Edhaddin Al-Eji was a famous Kurdish scientist and judge in the Persian region in the eighth century of Hijri/ Fourteenth century of Gregorian. In terms of Science,he is regarded as one of the scholars in the field of jurist and Islamic sciences. Throughout his writings, ideas and opinions, he could affect groups of Muslim especially those who were followers of Shafii Madhab and his effectiveness is continuous till now a day and he is considered as a great scholar of his method.

As a result of obtaining this fame in the field of science in a short period of time, he was able to gain the attention of internal and external administrators and this paved the way to be a successful judge. He could establish a good relationship with the politicians and the majority of the administrators of that era and had an important role in arbitrating conflicting tendencies.

Hence, this research paper sheds light on the life, and scientific of Eji in the Persian region in the era of ILkhan Mongols. As well as his role in the field of politic affairs, and judges. Besides, this research illustrates the causes and methods of receiving the judge s affaires and his relationship with the politician and administrators.

هەوالنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.13

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

پێوانی خەمۆکی لای ئافرەتانی کوردستان (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ)

هێواڵنامەی کتێب

م. ی. پاکستان فائق محمدامین
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
pakstan.mohamedamin@soran.edu.iq

م. د. آراز حکیم رضا
زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر
araz.radha@su.edu.krd

م. عبدالفتاح حسن فتاح
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
abdulfatah.fatah@soran.edu.iq

م. کاروان کاکەبرا کاکەمند
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
karwan.kakamad@soran.edu.iq

پوختە:

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـی تـاوتوێکردنی خـەمۆکی دەدات لـە لای ئـەو ئافرەتانـەی کـە منداڵیان لـەبارچووە یـاخود منداڵیان لـەبارخۆیان بـردووە. لەم توێژینەوەیەدا تـوێژەران میتـۆدی وەسـفیی چەندیتییان بەکارهێناوە و نمـوونەی تـوێژینەوەکە بەشـێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەسـتدار هەڵبژێـردراوە کە بـریتین (٧٠) ئـافرەت. تـوێژەران پێـوەرێکی تایبـەت بـە خـەمۆکییان ئامـادەکردوە و تـەواوی تایبەتمەندییـە سـایکۆمەتریپەکانی تایبـەت بـە پێـوەری زانسـتییان بـۆ ئەنجامـداوە. بـۆ چارەسـەرکردنی ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـــە، تـــوێژەران بەرنـــامەی (SPSS) یـــان بەکارهێنـــاوە. دەرئەنجامـەکانی توێژینەوەکـە ئـەوە نیشـان دەدات کـە، هەریـەکە لـە حاڵەتـەکانی لـەبارچوون و لـەباربردنی منـداڵ هۆکـارن بـۆ دروسـتبوونی خـەمۆکی لای نمـوونـەی توێژینەوەکە. ئاسـتی خـەمۆکی لای ئـەو ئافرەتانـە زیـاترە کـە منـداڵیان لـەبارچووە بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کـە منداڵیان لـەبارخۆیان بـردووە. ئاسـتی خـەمـۆکی لای ئـەو ئافرەتانـەی کـە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠) ساڵدایە کەمترە لـەو ئافرەتانـەی کـە تەمـەنیان لـە (٣٠) سـاڵ بـەرەو سـەرەوەیە. تـا مێژووی لـەبارچوون یـان لـەباربردن نزیکتر بێت ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئاسـتی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن لە سـەرجەم ئاستەکانی تر بـەرزترە. لەبـەر ڕۆشـنایی ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـە تـوێژەران چەنـد ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان خستۆتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: خەمۆکی، لەبارچوون، لەباربردن.

پێوانی خەمۆکی لای ئافرەتانی کوردستان (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ)

پێشەکی:

پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن (Abortion and Miscarriage) بابەتێکی جیهانییە و مشتومڕێکی گەرمی لەسەرە، ئەمەش لەبەر بەرزبوونەوەی بەردەوامیی ڕێژەکەی. پرۆسەکە خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە و ڕۆژانە چەندبارە دەبێتەوە و بە یەکێک لەو دیاردە مەترسیدارانە هەژمار دەکرێت کە کۆمەڵگا پێوەی دەنالێنێت، بە تایبەتیش ڕەگەزی مێینە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوە جەستەیی و فسیۆلۆژییانەیە (physical and physiological change) کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، سەرەڕای دروستبوونی چەندین گرفت و نادروستی دەروونی و عەقڵیی تر، بەڵام ئەو گرفت و کێشە دەروونیانە بە پێی تەمەن گۆڕانکاریان بەسەردادێت (Pedersen, 2008, p.427).

هەروەک پزیشکانی کۆلێژی پاشایەتی (Royal College of Physicians) لە لەندەن هۆشیاری لەبارەی ئەوەوە دەدەن کە ئەو ئافرەتانەی تووشی لەبارچوون دەبن لە کاتی سکپڕیاندا ڕوبەڕوی مەترسی تووشبوونیان بە شلەژانی دوای هێدمەی دەروونی ناسراو بە (PTSD) دەبنەوە (Post Trauma Stress Disorder). هەروەها نیشانەکانی شلەژانی دوای هێدمەی دەروونی لای سێ بەشی ئەو ئافرەتانە دەردەکەوێت کە لە قۆناغەکانی سەرەتای سکپڕیاندا منداڵەکانیان لەباردەچێت. کە ئەم نەخۆشییەش بە یەکێک لە نەخۆشییە دەروونییەکان هەژمار دەکرێت و هۆکارە بۆ تێکدانی تێگەیشتنی کەسەکە لەخۆی و چواردەوری، جگە لە دروستکردنی هەستەکانی بێدەسەڵاتی و پەککەوتەیی لەلایان (BBC, 2014).

هەر لەو بارەیەوە دکتۆرە (جیسیکا فارن برایس)، کە لێکۆڵینەوەیەکی بۆ پێگەی (بی ئێم جی)ی پزیشکی لە بەریتانیا لەسەر (٩٠) ئافرەت ئەنجامدابوو کە لە ئەگەری ڕوودانی منداڵ لەبارچوون و سکپڕبوون لە دەرەوەی منداڵدان دەترسن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنها ژمارەیەکی کەمیان تووشی شڵەژانی دوای هێدمەی دەروونی بوون، بەڵام زۆرینەیان بەدەست دڵەڕاوکێی ناوەند و تیژەوە دەیان نالاند (BBC, 2014).

هەندێک لە پزیشکان و ئافرەتان لەو بڕوایەدان کە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دوای لەدایکبوونی کۆرپەلە بە سەلامەتی نامێنن. بەڵام توێژینەوەیەک کە لە گۆڤاری (British Journal of Psychiatry) بڵاوکراوەتەوە ئەوە دەردەخات کە هەستکردن بە ترس و خەمۆکیی دوای لەدایکبوون ئەگەری ئەوەی هەیە تا (٣) سێ ساڵ بەردەوام بێت. لەم بوارەشدا توێژەر و پرۆفیسۆر (ایما روبرتسون)، کە پزیشکێکی دەروونییە دەڵێت: ئەو باوەڕەی کە پێیوایە خەمۆکیی دوای لەبارچوون نامێنێت کاتێک دوای لەبارچوونەکە منداڵێک بە سەلامەتی لەدایک دەبێت باوەڕێکی ناڕاستە، بۆیە لەو بڕوایە دایە کە هەستکردن بە ترس و خەمۆکی لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا لای ئەو ئافرەتانەی پێشتر منداڵیان لەبارچووە ڕەنگە بۆ کاتێکی درێژ بەردەوام بێت (webteb,2017).

لە توێژینەوەیەکی تردا کە تێیدا (١٣١٣٣) ئافرەتی دووگیان بەشداربوون، بۆ زانینی نیشانە و ئاماژەکانی خەمۆکی لە کاتی دووگیانی و دوای منداڵبوونیان پشکنینیان بۆ دەکرا. نموونەی توێژینەوەکە بەجۆرێک بوو کە (٢١%) یان بەلایەنی کەمەوە جارێک منداڵیان لەبارچووە، (١٠٨) ئافرەتیان منداڵێکی مردوویان بووە پێش پرۆسەی لەبارچوونەکە، هەروەها (٣) ئافرەت دوای لە دایکبوونی دوو منداڵی مردوو. توێژینەوەکە ئەوەی دۆزییەوە کە (١٣%)ی ئەو ئافرەتانەی کە یەکجار منداڵیان لەبارچووە و دواتر منداڵێکیان بە سەرکەوتووی بووە، نیشانە و ئاماژەکانی خەمۆکی نزیکەی (٣) ساڵ لەگەڵیاندا بەردەوام بوو.

هەروەها نزیکەی (١٩%)ی ئەو ئافرەتانەی دووجار تووشی لەبارچوون بوون بەدەست خەمۆکییەوە بۆ ماوەی (٣) ساڵ نالاندوویانە. لەلایەکی ترەوە، هەندێک ئافرەت هەبوون کە ترس و خەمۆکییان نەبوو دوای لەبارچوون کە هۆکارەکەی نەزانراوە و ڕەنگە بۆ بەهێزی و توانای بەرگەگرتنی ئەو ئافرەتانە لەلایەک و پاڵپشتی بەهێزی کەسانی چواردەوریان لەلایەکی ترەوە بگەڕێتەوە (webteb, 2017).

سەرەڕای ئەوەی گرفتی منداڵ لەباربردن وەک ئەنجامێک بۆ نەویستنی دووگیانی گفتوگۆ و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش لەبەر تێکەڵبوونی پرۆسەکە بە چەندین هۆکاری ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، مرۆیی و یاسایی. کەواتە لەلایەک دەبێتە هۆی پێشێلکردن و زەوتکردنی مافی کۆرپەلە، لەلایەکی ترەوە کۆتایی هێنانە بە ژیانی کۆرپەلە و کوشتنی مرۆڤێکی بێتاوانە (Innocent human being) پێش ئەوەی بگاتە کاتی لەدایکبوون. واتە ڕێگریکردن لە کۆرپەلە بۆ ئەوەی وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات. بۆیە ئەم کردارە نامرۆییە ڕێگەپێدراو نییە، و لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییشەوە قەدەغەکراوە (BBC,2014). بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەش کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی دەریانخستووە کە ئەم حاڵەتە نەک تەنها کاریگەریی نەرێنی لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکیشە بۆ دروستبوونی هەندێ کێشەی دەروونی درێژخایەن لەسەر دەروونی ئەو ئافرەتەی پرۆسەی لەباربردن (Abortion) ئەنجامدەدات (Major & et al, 2000, p.777).

بەشێوەیەکی گشتی لەبارچوون (Miscarriage) پاش سێ مانگی دووگیانبوون یان لە نێوان هەفتەی (١٤–٢١) ڕوودەدات، ئەگەری زۆری هەیە بەهۆی هەلومەرجی ناتەندروستی ئافرەتەوە بێت (Abdelazim, et al, 2017, p.21). بە گوێرەی زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر

لـــەبارچوون کـــراون ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکـــەن کـــە (٥٠–٦٠%)ی لەبارچوونـەکان لـە ئـەنجامی تێکچـوونی کرۆمۆسـۆمەکان و لـەناوچوونی سـپێرم یـان هێلکەوەیـە (Damaged sperm and damaged egg)، واتە کاتێک خانەکانی کۆرپەلە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش دەبن. یـان لەوانەیـە لەبـەر چەنـد هۆکـارێکی تـری وەک بـەکارهێنانی دەرمـان بـەبێ ڕێنمـایی و ڕاوێژکـردن بـە پزیشـک (Using medication)، هێدمـەی دەروونـی (Trauma)، قەڵـەوی یـان کێشـی زیـاد لـە پێویسـت (Over obesity)، نەخۆشـی گلانـدی دەرەقی (Thyroid disease)، زیـادبوونی پەسـتانی خـوێن (High blood pleaser)، بـەدخۆراکی (Poor diet)، ژەهراویبـوونی خـۆراک (Food poisoning)، ڕاهێنـانی قـورس (Hard exercises) و بارودۆخـی تەندروستی دایـک (Health conditions in the mother)هوە بێـت. بـەجۆرێک ئـەم فاکتەرانـە دەبنـە هۆکـاری ڕاسـتەوخۆی لـەبارچوون. بەڵام بە پـێچەوانەوە، ئەگەر هـاتوو ئـافرەتی دووگیان بە وردی پارێزگاری لە تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی بکات لە ڕووی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و خواردنی تەندروست، جارجار ئەنجامدانی وەرزش، جگەرەنەکێشان و هتد دەتوانێت پارێزگاری لە خـۆی و کۆرپەکەشی بکات (thisdaylive, 2017).

بە پێچەوانەوە هۆکارەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی لەباربردنی بەویست (Induced abortion) جیاوازترە، کە لەوانەیـە بـۆ زۆر هۆکـاری نـاوەکی و دەرەکـی (Internal& External) بگەڕێتـەوە. بـۆ نموونـە ئـەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە لایەنی دەرەکییەوە بریتیین لە گرفتی داهات و بـەخێوکردنی منـداڵ (Finance Problem)، دووگیـانبوونی ئـافرەت بـەهۆی دەسـتدرێژیی سێکسـی (Sexual abuse)، بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکان (Social Circumstances) یـاخود دووگیـانبوونی نەخوازراو یان نەویستراو (unwanted pregnancy) (BBC, 2014).

لێرەدا پێویستە سەرنج بخەینە سەر ڕۆڵ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانە نادروست و بێ پلانەکەی لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەسەر دووگیانبوونی ئافرەت لە تەمەنی هەرزەکارییدا پێش چوونە ژیانی هەوسەرگیرییەوە، کە لە ئێستادا بە یەکێک لە حاڵەتە دیار و بەرچاوەکانی لەباربردنی منداڵ دادەنرێت. بۆ نموونە لەم دە ساڵەی دواییدا بەهۆی ئەو گەشەسەندنە بەرچاوەی تەکنەلۆژیا بەخۆیەوە بینیوە بە تایبەتی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (Social Media) کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی دەوروبەرەوە (Observational Learning) فێردەبن، بە جۆرێک وایکردووە کۆنترلکردنی نەوەکان لە خراپ بەکارهێنانیان زەحمەت و بگرە ئەستەمیش بێت. تیۆرەکەی زانای دەروونزان (ئەلبێرت باندورا) لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە ئامازە بەوە دەکات ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی دەوروبەرەوە فێردەبێت و بە ئەنجامدانیان هەڵدەستێت و دووبارەیان دەکاتەوە (Bandura, 1977, p.192). کەواتە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری ئەوانی تری وەک (پەیوەندییە سۆزدارییەکان) تاڕادەیەک پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی تاک بە هەردوو ڕەگەزەوە بەبێ هۆشیاری وئاگاییەکەی تەواوەوە پێوەی گرفتار و ئاللوودەبن. چونکە زۆرجار خۆپاراستن و لاسایی نەکردنەوە لەوانەیە تووشی گرێی دەروونی یان هەستکردن بە کەمیان بۆ دروست بکات، بۆ نەهێشتنی ئەم هەستەش پەنا بۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی ڕەمەکی سێکسی ببەن. کە بێگومان ئەمەش زۆرجاران دووگیانبوونی نەخوازراوی بەدوادا دێت و دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین ئاریشەی جیاواز بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگا. ئەمە جگە لە کاریگەری ژینگە وگۆڕانکارییە ژینگەییەکان و پیسبوونی ژینگە.

بەڵام ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بە لایەنی ناوەوە هەیە بریتیین لە لەباربردنی کۆرپەلە کاتێک کۆرپەلەکە ناتەندروست بوو جا بەهۆی تێکچوونی بۆماوە (Genetic Abnormalities) یان داون سیندرۆم (Dawn syndrome)ەوە بێت، کە تێیدا منداڵ تووشی هەندێ گۆڕانکاری نائاسایی دەبێت (Reingold & Gostin, 2018, p.1). یاخود ئەو کاتانەی ژیانی دایکەکە لە مەترسیدا بێت. کە کەم حاڵەتانەدا لە ڕووی یاسایی و پزیشکیشەوە پرۆسەی لاباربردن ڕێگەپێدراوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەگەر بێت و بەراوردێک بکەین لە نێوان کوردستان و وڵاتە ئەورووپییەکان لەسەر پرۆسەی لەباربردن بەو فاکتەرانەی پاڵنەرن بۆ ئەوەی پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت، ئەوا تا ڕادەیەک ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا لەو نێوەندەدا هاوبەشن. جگە لە چەند حاڵەتێک نەبێت کە لە کوردستان جیاوازە، بۆ نموونە کاتێک باوک ئارەزووی ئەوە بکات منداڵەکەی کوڕ بێت، بەڵام لە ڕاستیدا کچە، ئەوا ئافرەت لە ترسی پاراستنی گیان و ژیانی خێزانی خۆی وخۆڕزگارکردن لە قسەپێوتن و تانەوتەشەری ئەوانی تر، بیر لە پرۆسەی لەباربردن دەکاتەوە. یان لە کاتێکدا کە ئەگەری ئەوە هەبێت ئافرەتەکە تووشی دەستدریژی سێکسی بووبێتەوە پێش ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدابێت، کە ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆ وخێرا بۆ ئەوەی کۆرپەلەکەی بە زووترین کات لەبار خۆی ببات و هەموو هەوڵێکیش دەدرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە نهێنی بمێنێتەوە تا ژیانی داهاتووی نەشێوێت. ئەمەش لەلایەک بۆ کاریگەری دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و لەلایەکی تریشەوە بۆ تیرۆانینی ئایینی دەگەڕێتەوە کە ئەم حاڵەتە بە زینا دادەنرێت و بەهیچ جۆرێک ڕێگە پێدراو نییە. سەرەڕای ئەمانە هەندێکجاری تر ئافرەت پەنا بۆ لەباربردنی منداڵەکەی دەبات بەهۆی ئالوودەبوونی هاوسەرەکەی بە مادده کهولی یان هۆشبەرەکان.

پێش ئەوەی باس لە کاریگەرییەکانی دوای پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن بکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ماوەی دووگیانبوون خۆی لە خۆیدا بریتییە لە شڵەژانی هەندێ لایەنی دەروونی. بەو واتایەی ماوەی دووگیانی و تێکچوونە دەروونییەکان فاکتەرن بۆ ئەوەی پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن ڕووبدات. کەواتە بەردەوامبوونی کاریگەرییە نەرێنییەکان پرۆسەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان نادروستی دەروونی و لەبارچوون پەیوەندییەکی بەهێز و دوولایەنەیە.

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک کە (Fisher et al, 2009, p.199) ئەنجامیانداوە تەرکیزیان کردۆتە سەر تەندروستی عەقڵی وەک دەرئەنجامێک بۆ منداڵ لەباربردن یان ئەگەری ئەنجامدانی تاوانی خۆکوشتن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئافرەت دووچاری کۆمەڵێک لە ئەزموون دەبێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری دەکات لە ماوەی ساڵەکانی (دووگیانی، منداڵبوون، لەبارچوون، لەباربردن)، کە هەموو ئەمانە پەیوەستن بە بارودۆخی ژیان و بەپێی ئەو بارودۆخە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، خەمۆکیش لەباوترین گرفتی عەقڵییە کە (٥–٩%)ی ئافرەتانی ئەمریکا تووشدەبێت (Bologna, 2013, P.1). بەهەمان شێوە لەباربردن و تووشبوون بە هەندێ نەخۆشی دەروونی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە (Ney et al, 1994, p.1194).

لەو شیکردنەوانەی کە لە توێژینەوەکانی ڕابردوودا کرابوون بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ئەوەیان دەرخستووە کە نەخۆشی دەروونی و عەقڵی جۆراوجۆر و درێژخایەن لە ئەنجامی پرۆسەی لەبارچوون و لەباربردنەوە دووچاری ئافرەت دەبنەوە. کەواتە بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون ئەو ئافرەتانەی منداڵیان لەباردەچێت یاخود هەڵدەستن بە لەباربردنی منداڵەکانیان تووشی چەندین

گرفت و شڵەژان و نەخۆشی دەروونی وەک (پەشیمانی، هەستکردن بە تاوان، تێکچوونی تەندروستی دەروونی و عەقڵی، گریان و پێکەنینی زۆر و نائاسایی، سەرزەنشتکردنی خود و گرنگی نەدان پێی و هتد) دەبن (Fergusson, 2008, p.445).

ئەمە جگە لە هەستکردنی ئافرەت بەوەی کە ڕووبەڕوی کێشەیەک بۆتەوە و نەیتوانیوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، لە دەرئەنجامیشدا تووشی چەندین گرفتی دەروونی و عەقڵی دەبێتەوە. بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستییە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ بوونی لینکێکی تاڕادەیەک بەهێز لە نێوان دووگیانی نەخوازراو و گرفتی دەروونی و عەقڵی دەکەن (Cougle et al, 2003, p.146)، کە ئەوانیش بریتیین لە بوونی هەندێک ڕەفتاری نائاسایی وەک: بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان (Substance abuse)، دڵەڕاوکێ (Anxiety)، شەڕانگێزی و تووندوتیژی (Hostility)، هەستی خۆبەکەم زانین (Low self esteem)، خەمۆکی (Depression) و شڵەژانی دوو جەمسەری (Bipolar disorder) (Warren et al, 2010, p.230).

بە پێچەوانەوە ئەنجامی هەندێ توێژینەوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان لەباربردن و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان پەیوەندییەکی لاوازە (Gissler et al, 1996, P.1432) (Fergusson et al, 2013, p.824). بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەردەست نییە ئاماژە بەوە بکات کە لەباربردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان تەنانەت ئەگەر ڕێژەکە کەمیش بێت ئەوە مانای ئەوە نییە شوێنکاری خراپ بەجێناهێڵێت، بەڵکو گرفت و تێکچوونە دەروونی و عەقڵییەکان لە ژێر کاریگەریەکانیدا زیاتر گەشە دەکات (Mental Health problem) (Bologna, 2013, p.1).

هەروەها ئەو ئافرەتانەی بە ویست و ئارەزووی خۆیان ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن (Elective abortion) بە هەمان شێوە تووشی وەرسی و فشاری دەروونی (psychological distress) دەبن کە نیشانە و ئاماژەکانی لە تێکچوونی دوای هێدمەی دەروونی (post-traumatic stress disorder) و تێکچوونە هەڵچوونی و سۆزداریيەکانەوە نزیکە، کە ڕاستەوخۆ دەرناکەون، بەڵکو پاش چەند مانگ یان ساڵێک نیشانەکانی بەدیار دەکەون (Fergusson, 2008, p.445) کەواتە ئەو تێکچوونانەی کە باسکران لە ماوەی تەمەنی نێوان (١٥–١٨)، (١٨–٢١)، (٢١–٢٥)، (٢٥–٣٠) تووشی ئافرەت دەبێت، بە تایبەتیش خەمۆکی تونـد، فۆبیای کۆمەڵایەتی، ترس لە شوێنە گشتییەکان، پشتبەستن بە خواردنەوە کهولییەکان و پەنابردنی لەڕادەبەدەر بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

بەهەمان شێوە (Coleman, 2011, p.180-181) لە توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوت کە لەباربردنی منداڵ پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕێژەیەکی بەرز لەگەڵ هەندێ کێشەی دەماغدا هەیە. لە لایەکی ترەوە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کە سەنتەری پاڵپشتی نیشتیمانی بۆ دروستی دەروونی (National collaborating center for mental health) لەم بارەوە ئەنجامی دابوو، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی بوونی گرفت لە دروستی عەقڵی لای ئەو خانمانەی کە ئارەزووی دووگیانبوونیان هەیە هەمان ئەو ڕێژەیەیە کە منداڵیان دەبێت یان لەباریان دەچێت (Fergusson et al, 2006, p.17). لەناو ئەو ئافرەتانەشدا بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان لەخوار یان لەسەروی (٢١) ساڵیدان. بەڵام (Broen et al, 2005, p.2) لەو بڕوایەدابوون ئەو ئافرەتانەی بەبێ ویستی خۆیان منداڵیان لەباردەچێت (لەبارچوون) بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ دوای لەبارچوونەکە تووشی هەندێ گرفت و نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، لە هەمان کاتیشدا بە ماوەیەکی کاتی کەم دوای وەرگرتنی هەندێ ڕێنمایی و چارەسەری دەروونی ئەگەری ئەوە هەیە کە

بارودۆخیان بەرەو باشتر بچێت. ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی بە ئارەزووی خۆیان منداڵ لە باردەبەن (لەباربردن) کە دوای پرۆسەکە لەوانەیە ڕاستەوخۆ تووشی گرفتی دەروونی و عەقڵی نەبنەوە، بەڵکو پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک هەست بە بوونی هەندێ گرفتی دەروونی و عەقڵی درێژخایەن دەکەن، کە ئەویش کاتێکی زۆر دەخایەنێت بۆ چارەسەرکردن. هەندێ جاریش چارەسەر ناکرێت وئافرەتەکە لەبەر هەستکردنی بەردەوامی بەوەی کە تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە بەرگەی ناگرێت و لەوانەیە لە هەندێ باردا پەنا بۆ خۆکوشتن ببات. بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنی هەرزەکاری ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن لەوانەیە ڕاستەوخۆ دوای پرۆسەکە هەست بەبوونی گرفتی وەک تووشبوون بە خەمۆکی و خۆبەکەمزانین نەکەن، تەنانەت هەندێجار ئەم هەستکردنە (٥) ساڵ دوای لەباربردن دەخایەنێت (Warren et al, 2010, p.230-234). تا ڕادەیەکی زۆر دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٨) ساڵ بەسەر لەباربردنی یەکەم، بەشێوەیەکی بەرچاو و بەهێز ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکیان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە حاڵەتی لە باربردنیان تۆمار نەکردووە، هەروەها لەو لێکۆلینەوەیەدا ئەو ئافرەتانەی کە پرۆسەکەیان ئەنجامداوە (٢) هەفتە تاکو (٦-٨) مانگ پاش لەباربردن بە ڕێژەیەکی بەرز توشی پەشیمانی دەبنەوە (Cougle et al, 2003, p.158).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە زانستییەکانی تر کاریگەری لەباربردن لەسەر دروستبوونی خەمۆکییان شیکردۆتەوە (Ress and Sabig, 2007, p.431). لە هەمان کاتدا (Cougle and Reardon, 2002) ئەوەیان دەرخست کەوا ئەو ئافرەتانەی یەکەم دووگیانبوونیان بە لەباربردن کۆتایی دەهێنن ئەوا ئامادەیی تووشبوون بە خەمۆکیان تیدایە (Schmige & Russo,2005, p.3)، بە پێچەوانەی ئەوانەی هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە کۆرپەلەکانیان بکەن بۆ مانەوە لە

ژیان. بە هەمان شێوە یەکێک لە گرنگترین ئەو شیکردنەوانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣) لە لایەن (Cougle et al, 2003, p.159-163) کرا ئەوەیان دۆزییەوە کە ئەو ئافرەتانەی بە ویستی خۆیان منداڵ لەبارخۆیان دەبەن لە (٦٥%)یان بە ڕێژەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو تووشی خەمۆکی (Depression) دەبن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٥) تۆێژینەوەیەک ئەنجامدرا لەلایەن (Broen et al, 2005, p.2-12) لەسەر بەشداربووەکانیان بۆیان دەرکەوت ئەو حاڵەتانەی لای ئەو ئافرەتانەی کە بە شێوەیەکی نامەبەست یان لەناکاو و بەبێ ویستی خۆیان تووشی لەبارچوون دەبن بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر دووچاری کێشەی دەماغی دەبن کە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ بۆ(٦) مانگ دوای نەمانی دووگیانی ئەگەری تووشبوون بە خەمۆیان لا دەردەکەوێت.

لە ڕوانگەی بڵاوبوونەوە و زیادکردنی حاڵەتەکانی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ لای ئافرەتانی کوردستان، بە تایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە لە حاڵەت دەرچووە و بووە بە دیاردەیەکی باو و بڵاو. هەروەها ئەو دەرئەنجامە مەترسیدار و نەرێنییانەی تۆێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن، بەجۆرێک کە سەرچاوەی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک و خێزان و کۆمەڵگاشە. ئەمە جگە لە نەبوون یاخود دەگمەنی لێکۆڵینەوەی پێویست و تایبەت بەم بوارە. وایکرد تۆێژەران بیر لە ئەنجامدانی ئەم تۆێژینەوە زانستییە بکەنەوە و بەشێک لە لایەنە شاراوە و نادیار و مەترسیدارەکەی دەربخەن و ئەم تۆێژینەوەیە ببێت بە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگی ئەم بوارە هەستیارەی کە بە تاک بە تاکی کۆمەڵگاوە پەیوەستە. بۆیە تۆێژەران لەم تۆێژینەوەیاندا دەیانەوێت بەم ئامانجانەی خوارەوە بگەن:

١. زانینی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی.

٢. بەراوردکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە لە نێوان لەبارچوون و لەباربردندا.

٣. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە).

٤. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر).

٥. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا).

میتۆدی توێژیەنەوەکە و لایەنە کردارییەکانی:

یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی چەندێتی شیکارییە کە بە شێوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێکراوە.

دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەو ئافرەتانەی کە بەبێ ویستی خۆیان منداڵیان لەبارچووە، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە بە ویستی خۆیان و بە فاکتەری جۆراوجۆر منداڵیان لەبار خۆیان بردووە لە سنووری پارێزگای هەولێر، کە بەهۆی بەردەست نەبوونی ئامار لە تەواوی دامەزراوە پەیوەستەکان بە حاڵەتەکە لەلایەک و هەستیاری زانیارییەکانی پەیوەست بە حاڵەتەکە لەلایەکی تر، توێژەران نەیانتوانی ژمارە و کۆی گشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان دیاری بکەن.

هەوالنامەی کتێب

سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەبوو نموونەی توێژینەوەکە هەموو ئافرەت بن و منداڵیان لەبارچووبێت یان منداڵیان لەباری خۆیان بردبێت. بەمەش نموونەی توێژینەوەکە لە (٧٠) ئافرەت پێکهاتووە بەجۆرێک (٤٠) ئافرەتیان منداڵیان لەبارچووە و (٣٠) ئافرەتیان منداڵیان لەبارخۆیان بردووە.

چوارەم: ئامرازی توێژینەوەکە:

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی کە لە پێوەرێک پێکهاتووە کە لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر ئامادەکراوە. پێوەرەکەش تایبەتە بە پێوانی خەمۆکی لە لای ئافرەت لە دوای لە بارچوون یاخود لەباربردنی منداڵ، کە بەشێوە سەرەتاییەکەی لە (٨٩) بڕگە پێکهاتووە. توێژەران بۆ دیاریکردنی وەڵامی بڕگەکان پشتیان بە ڕێگەی (لیگرت)ی (٥) پێنج وەڵامی 5 – Point Scale بەستووە.

ڕاستییەتی و جێگیری (Validity & Reliability):

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستییەتی پێوەرەکە، توێژەران سوودیان لە ڕاستییەتی ڕووکەش یاخود ڕاستییەتی شارەزایان بینیوە، ئەویش بە پێدانی پێوەرەکە بە (٨) پسپۆڕ و شارەزای بواره دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە نازناوی زانستی بەرز. ئەنجامی ڕای شارەزایان بە تەواوی لە خشتەی ژمارە (١) دا خراوەتەڕوو. کە تێیدا تەواوی بڕگەکانی پێوەرەکە مانەوە و تەنها چەند بڕگەیەکیان ڕێککاری و دووبارە داڕشتنەوەیان پێویست بوو. بەجۆرێک ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە

(٨٩.٥%) بـوو كه ئەمەش به ئاسـتێكی زۆر بەرز له ڕاسـتییەتی هەژمـار دەكرێت.

خشتەی (1)

ڕاستگۆیی ڕووكەشی پێوەرەكە ڕووندەكاتەوە

ناوی پێوەر	ژمارەی بڕگەكان	شارەزایانی ڕازی		شارەزایانی ناڕازی	
		ژمارە	ڕێژەی سەددی	ژمارە	ڕێژەی سەددی
پێوەری خەمۆكی	1، 2، 3، 4، 5، 6، 8، 9، 10، 12، 13، 14، 15، 16، 17، 18، 19، 20، 21، 22، 23، 24، 25، 27، 28، 30، 31، 32، 33، 35، 36، 37، 38، 39، 40، 41، 42، 43، 44، 45، 46، 47، 48، 50، 52، 53، 54، 55، 56، 57، 58، 59، 60، 61، 62، 64، 65، 66، 67، 68، 69، 70، 71، 73، 74، 75، 76، 77، 79، 80، 81، 82، 83، 84، 85، 86، 87، 88، 89	8	%100	0	%0
	7، 11، 26، 29، 34، 49، 51، 63، 72، 78.	7	%85.5	1	%12.5

هەروەهـا به مەبەسـتی دەرهێنـانی جێگیـری پێوەرەكـه تـوێژەران سـوودیان له دوو ڕێگـه و شـێوازی دەرهێنـانی جێگیـری وەرگـرت كـه ئـەوانیش ڕێگـای (دووبـاره تاقیكردنـەوه) و (ئەلفـا كرۆنبـاخ) بـوون. بـه مەبەسـتی دەرهێنـانی جێگیـری پێوەرەكـه بـه ڕێگـا و شـێوازی یەكـەم، توێژەران پێوەرەكەیان لەسـەر (٣٠) ئـافرەت لەوانـەی منداڵیان لـەبارچووه یـان منـداڵیان لـەبارخۆیان بـردووه جێبـەجێكرد، بـه جۆرێـک كـه لـه (١٥) ئافرەتی منداڵ لەبارچوو و (١٥) ئافرەتی منداڵ لەباربردوو پێكهاتووه و له دەرەوەی نموونـەی توێژینەوەكـه هـەڵبژێردراون. پـاش تێپـەڕبوونی دوو هەفته (١٤) ڕۆژ بەسـەر جێبەجێكردنی یەكەمدا، توێژەران پێوەرەكەیان بۆ جاری دووەم و لەسـەر هەمان نموونەی یەكەم جێبـەجێكردەوه. پاشـان بـه بەكارهێنانی هاوكۆڵكەی پەیوەندی پێرسـۆن لـەنێوان جێبـەجێكردنی یەكـەم و دووەمدا ڕێژەی جێگیرییەكه (٠.٩١) دەرچوو.

هــەر بــۆ دڵنیــابوونی زیــاتر لــە جێگیــری پێوەرەکــە و بە مەبەســتی تێگەیشــتن لە گونجــانی نێوخــۆیی بڕگــەکان تــوێژەران هەستان بە دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگا و شــێوازێکی تر کە ئــەویش (ئەلفا کرۆنباخ) بوو لەسەر هەمان نموونەی ڕێگا و شێوازی پێشوو، ڕێژەی جێگیری بــەم ڕێگەیــەش (٠.٨٨) دەرچوو. بەمــەش تــوێژەران گەیشــتنە ئــەو دەرئەنجامــەی کــە گونجــانی نێوخــۆیی پێوەرەکــە لە ئاستێکی باشدایە و پێوەرەکە ئامادە و شیاوە بۆ جێبەجێکردن.

دوای دڵنیابوون لە ڕاستێتی و جێگیری پێوەرەکە، تــوێژەران هەســتان بــە جێبەجێکردنــی پێوەرەکــە لەســەر نموونــەی تــوێژینەوەکــە و ســەرجەم بەشــداربووان ســــەرەتا باســــی تــوێژینەوەکەیــان بــــۆکراوە و فــــۆرمی ڕەزامەندیان پڕکردۆتەوە کە مانــ و ناویان پارێزراو دەبێت و سەرجەم داتا و زانیارییەکان تەنها بۆ مەبەستی زانستی بەکاردەهێندرێت و یەکێک لە ئەنجامدەرانی تــوێژینەوەکە لەگەڵ یەک بە یەکی ئافرەتــەکان دانیشــتووە، پێوەرەکە و مەبەستی سەرەکی تــوێژینەوەکەی بۆیان شیکردۆتەوە.

پێنجەم: کەرەستە ئامارییەکانی تــوێژینەوەکە:

کەرەســتەی ئامــاریی ســەرەکی ئەم تــوێژینەوەیە بــۆ چارەســەرکردنی ئەنجامــەکان بــریتیین لــە: (ڕێــژەی ســەددی، ناوەنــدی ژمێرەیــی، لادانــی پێوەری، ناوەندی گریمانەیی، هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکێشــەی ئــــەلفا کرۆنبــــاخ، تاقیکردنــــەوەی تــــائی (t-test) بــــۆ یــــەک نموونــــە، تاقیکردنەوەی تــائی (t-test) بۆ دوو نموونــەی ســەربەخۆ و شــیکرنەوەی جیاوازییــەکان (One way ANOVA). هەروەک تــوێژەران ســوودیان لە بەرنــامەی هەگبــەی ئامــاری بــۆ زانســتە کۆمەڵایەتییــەکانی ناســراو بــە (SPSS) وەرگرتووە

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی:

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نموونە (one-sample t-test) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت کە بەهای تائی (t) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای تائی (t) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٦٩) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (٢٩٠.٨١٤) توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی (٢٦٧)، بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی توێژینەوەکە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بۆ ئەنجامە دەگەین کە بەشدارانی نموونەکە هەست بە بوونی خەمۆکی دەکەن و دەتوانین بڵێین کە ئەم جۆرە لە هەستکردن بە خەمۆکی لە ئاستێکی بەهێزدایە و بەشێوەیەکی بەهێز هەستی پێدەکرێت بە بەراوردکردنی جیاوازی ناوەندەکان لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی کە بڕەکەی دەکاتە (٢٣.٨١٤).

خشتەی (2)

تاقیکردنەوەی تائی (t) یەک نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە شێوەیەکی گشتی بەرووردەکاتەوە

پێوەر	نموونەی توێژینەوەکە	ناوەندی ژمێرەیی	ناوەندی گریمانەیی	جیاوازی ناوەندەکان	لادانی پێوەری	بەهای (t)		ئاستی بەڵگەداری
						دەرهێنراو	خشتەیی	
خەمۆکی	70	290.81	267	23.814	74.86	2.64	2.00	بەڵگەدارە

هەولێر کتێبخانەی

ئامـــانجی دووەم: بـــەراوردکردنی ئاســـتی خـــەمۆکی لای نموونـــەی توێژینەوەکە لە نێوان لەبارچوون و لەباربردندا.

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بـــەپێی حاڵـــەتی (لـــەبارچوون ، لـــەباربردن)، تـــوێژەران ســـوودیان لە تـــاقیکردنەوەی تـــائی بـــۆ دوو نموونـــەی ســـەربەخۆ (independent-sample t-test) وەرگرت هـەروەک لە خشتەی ژمـارە (3) دەردەکەوێت کـە بەهـای تـائی (t) ژمێردراو گەورەتـرە لە بەهـای تـائی (t) خشـتەیی، بە نمـرەی ئـازادی (٦٨) و ئاسـتی بەڵگـەداری (0.05)، بـۆیە جیـاوازییەکی بەڵـگەدار هەیە لە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەو ئافرەتانـەی منـدااڵیان لەبارچووە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٣٢٨.٧٢) و لادانی پیـوەری (٥٧.٨٢) لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەباربردووە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٢٣٨.٥١) و لادانـی پیـوەری (٦٣.٧٩). بەســەرنجدان لەوەی کە ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەو ئافرەتانـەی منـدااڵیان لـەبارچووە گـەورەترە لـە ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەو ئافرەتانـەی منداڵیان لـەباربردووە بەو ئەنجامە دەگەیـن کە ئـەو ئافرەتانـەی منـدااڵیان لـەبارچووە زیـاتر هەسـت بە بـوونی خـەمۆکی دەکەن بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کـە منـدااڵیان لـەباربردووە بـە بـــەراوردکردنی جیـــاوازی ناوەنـــدەکان لـــە نێـــوان ناوەنـــدی ژمێرەیـــی (لەبارچوون) و (لەباربردن)دا کە بڕەکەی دەکاتە (٩٠.٢١).

خشتەی (3)

تاقیکردنەوەی تائی (t) دوو نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی حاڵەتی (لەبارچوون، لەباربردن) ڕووندەکاتەوە

پێوەر	حاڵەتی لەبارچوون	نموونەی توێژینەوەکە	ناوەندی ژمێرەیی	جیاوازی ناوەندەکان	لادانی پێوەری	بەهای (t)		ئاستی بەڵگەداری
						دەرهێنراو	خشتەیی	
خەمۆکی	لەبارچوون	40	328.72	90.21	57.82	6.12	2.00	بەڵگەدارە
	لەباربردن	30	238.51		63.79			

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە):

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە)، توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent-sample t-test) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە بەهای تائی (t) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای تائی (t) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٦٨) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)سااڵیە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٢٥٤.٩١) و لادانی پیوەری (٦٧.٤٣) لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٣٢٥.٦٨) و لادانی پیوەری (٦٥.٢٤). بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)سااڵیە بچووکترە لە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە، بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە زیاتر هەست بە بوونی خەمۆکی دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)سااڵیە بە بەراوردکردنی جیاوازی ناوەندەکان لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (١٨–٣٠)ساڵ و (٣٠) ساڵ بەسەرەوە کە بڕەکەی دەکاتە (٧٠.٧٧).

خشتەی (4)

تاقیکردنەوەی تائی (t) دوو نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی گۆڕاوی تەمەن ڕووندەکاتەوە

پێوەر	تەمەن	نموونەی توێژینەوەکە	ناوەندی ژمێرەیی	جیاوازی ناوەندەکان	لادانی پێوەری	بەهای (t)		ئاستی بەڵگەداری
						دەرهێنراو	خشتەیی	
خەمۆکی	30 -18	35	254.91	70.77	67.43	4.43	2.00	بەڵگەدارە
	30 یەسەرەوە	35	325.68		65.24			

ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر):

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر) توێژەران سوودیان لە شیکرنەوەی جیاوازییەکان (factor analyses) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت کە بەهای فائی (f) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای فائی (f) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٢) لە نێوان گروپەکان و (٦٧) لە ناو گروپەکان (٦٩) بۆ کۆی گشتی، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یاخود لەباربردووە بە پێی مێژووی لەبارچوونەکەیان بەجۆرێک لای ئەو بەشدارانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک و کەمتر) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٤) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (337.6957) بە لادانی پێوەری (50.32479)، لای ئەو بەشدارانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٦) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (303.6154) بە لادانی پێوەری (63.68238)، لای ئەو بەشدارانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٠) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (220.2500) بە لادانی پێوەری (60.54739). لە

کاتێکدا بڕی ناوەندی ژمێرەی بۆ کۆی بەشداربووان کە ژمارەیان (٧٠) ئافرەتە بریتییە لە (290.8116) بە لادانی پێوەری (74.86798).

بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک و کەمتر) دەگەڕێتەوە گەورەترە لە هەردوو ناوەندە ژمێرەییەکەی تر، کەواتە هەستکردن بە خەمۆکیان زیاترە لەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) یان (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕێتەوە. واتە بەپێی ناوەندە ژمێرەییەکان تا میژووی لەبارچوونەکە زووتر بێت لەبەرامبەردا ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (5)

تاقیکردنەوەی فائی (f) بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی میژووی لەبارچوون ڕووندەکاتەوە

پێوەر	میژووی لەبارچوون	ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری
خەمۆکی	ساڵێک و کەمتر	24	337.6957	50.32479
	دوو ساڵ	26	303.6154	63.68238
	سێ ساڵ و زیاتر	20	220.2500	60.54739
	کۆی گشتی	70	290.8116	74.86798

ناونیشان	Sum of Squares	نمرەی ئازادی	Mean Square	F	Sig. (2-tailed)	ئاستی بەڵگەداری 0.05
لە نێوان گرووپەکان	154397.777	2	77198.889	22.470	0.00	بەڵگەدارە
لە ناو گرووپەکان	226756.773	67	3435.709			
کۆی گشتی	381154.551	69				

ئامانجی پێنجەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا):

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا) توێژەران سوودیان لە شیکرنەوەی جیاوازییەکان (factor analyses) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە بەهای فائی (f) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای فائی (f) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٣) لە نێوان گروپەکان و (٦٦) لە ناو گروپەکان (٦٩) بۆ کۆی گشتی، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یاخود لەباربردووە بە پێی ئاستی خوێندەواریان بەجۆرێک لای ئەو بەشدارانەی نەخوێندەوارن کە ژمارەیان (٢٨) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (330.7037) بە لادانی پیوەری (61.37013)، لای بەشدارانەی ئاستی بنەڕەتی کە ژمارەیان (١٦) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (277.1250) بە لادانی پیوەری (78.09385)، لای بەشدارانی ئاستی ئامادەیی کە ژمارەیان (١٩) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (259.6842) بە لادانی پیوەری (60.54739)، لای بەشدارانی ئاستی خوێندنی باڵا کە ژمارەیان (٧) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (٢٠٩.٦٣٨٤) بە لادانی پیوەری (٥٩.٦٢٨٤٢). لە کاتێکدا بڕی ناوەندی ژمێرەی بۆ کۆی بەشداربووان کە ژمارەیان (٧٠) ئافرەتە بریتییە لە (252.7143) بە لادانی پێوەری (70.65341).

بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن گەورەترە لە سەرجەم ناوەندە ژمێرەییەکانی تر، کەواتە هەستکردن بە خەمۆکیان لە سەرجەم ئاستەکانی تر زیاترە. واتە بەپێی ناوەندە ژمێرەییەکان بەشدارانی نەخوێندەوار بە پلەی یەکەم، ئاستی بنەڕەتی بە پلەی دووەم، ئاستی ئامادەیی بە پلەی سێیەم و خوێندنی باڵا

بـه پلـەی کۆتـایی دێـت لـه هەسـتکردنیان بـه خـەمۆکی. واتـه تـا ئاسـتی خوێندەواری بـەرزتر بێت لـه بەرامبـەردا ئاسـتی خـەمۆکی کـەمتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (6)

تاقیکردنەوەی فائی (f) بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی ئاستی خوێندەواری ڕووندەکاتەوە

پێوەر	ئاستی خوێندەواری	نموونەی توێژینەوەکە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری
خەمۆکی	نەخوێندەوار	28	330.7037	61.37013
	بنەڕەتی	16	277.1250	78.09385
	ئامادەیی	19	259.6842	60.54739
	خوێندنی باڵا	7	209.6384	59.62842
	کۆی گشتی	70	252.7143	70.65341

ناونیشان	Sum of Squares	نمرەی ئازادی	Mean Square	F	Sig. (2-tailed)	ئاستی بەڵگەداری 0.05
لە نێوان گرووپەکان	74533.637	3	24844.546	5.267	0.00	بەڵگەدارە
لە ناو گرووپەکان	306620.913	66	4717.245			
کۆی گشتی	381154.551	69				

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. بـەپێی ئەنجامـەکانی ئامـانجی یەکـەمی ئـەم توێژینەوەیـە هـەردوو حاڵـەتی لـەبارچوون و لـەباربردنی منداڵ هۆکـارن بـۆ دروسـتبوونی خـەمۆکی لای ئـافرەت، ئەمـەش بێگومـان لەگـەڵ زانسـتی دروسـتی دەروونـی و ئـەنجامی توێژینـەوە زانسـتییەکانی ئـەم بـوارەدا یەکدەگرێتـەوە و تـوێژەرانیش ئـەنجامی ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێننەوە کە هەردوو حاڵەتەکە بارودۆخێکی دەروونی ناجێگیر بۆ خاوەنـەکانیان دروسـت دەکـەن و ئـارامی و ئاسایشـی دەروونـی و

کۆمەڵایەتیان دەشێوێنن و هەستکردن بە تاوان و خۆبەکەمزانینان بۆ دروست دەکەن، کە بێگومان بەدوای خۆیدا تووشی نەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان دەکەن کە بە بناغەی سەرەکی دروستی دەروونی دادەنرێت.

٢. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانە زیاترە کە منداڵیان لەبارچووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارخۆیان بردووە، ئەمەش لەڕوانگەی توێژەرانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئافرەتانەی منداڵیان لەبارچووە بەبێ ویستی خۆیان بووە و بەلایانەوە لەدەستدانی شتێکی گرنگە لە ژیانیاندا کە ڕەنگە جارێکی تر دەرفەتی وەچەخستنەوەیان بۆ نەڕەخسێتەوە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە بە ویستی خۆیان منداڵەکانیان لەباربردووە ئاستی خەمۆکیان نزمترە چونکە ئەو ئافرەتانە ڕەنگە بۆ خۆدەربازکردن لە کێشە و لەژێر کاریگەی فاکتەری ئابووری، کۆمەڵایەتی یان خێزانیدا بەو کارە هەستابن و بەمەش دەرئەنجامی نەرێنی کەمتر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

٣. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ – ٣٠) ساڵدایە کەمترە لەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە، توێژەران ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لەخوار (٣٠) ساڵەوەیە هەست بەوە دەکەن کە تازە لە سەرەتای ژیاندان و دەرفەتی زیاتریان لەبەردەمدایە و هیوای زیاتریان بەوە هەیە کە بتوانن قەرەبووی ئەو حاڵەتە بکەنەوە.

٤. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک

و کـەمتر) دەگەڕێتـەوە زیـاترە لـەو ئافرەتانـەی کـە میـژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) یان (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕیتەوە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) دەگەڕێتەوە ئاستی خەمۆکیان زیاترە لەو ئافرەتانەی کە میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕیتەوە. واتە تا مێژووی لەبارچوونەکە زووتر و نزیکتر بێت لەبەرامبەردا ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. تۆێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئەو ئافرەتانەی مێژووی لەبارچوون و لەباربردنەکەیان دوورترە تێپەڕبوونی کات وایکردووە کە حاڵەتەکە قەبوڵبکەن و تاڕادەیەکیش لەبیری بکەن. لە کاتێکدا ئەو ئافرەتانەی مێژووی ڕوودانی حاڵەتەکەیان نزیکە وا دەکات کە کەسەکان بەردەوام لەناو حاڵەتەکەدا بژین و تووشی هێدمەی دەروونی بن و ئاستی خەمۆکیان زیاتر بێت.

٥. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی پێنجەمی ئەم تۆێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن بەرزترە لە سەرجەم ئاستەکانی تر. بەجۆرێک کە ئەو ئافرەتانەی نەخوێندەوارن بە پلەی یەکەم، ئاستی بنەڕەتی بە پلەی دووەم، ئاستی ئامادەیی بە پلەی سێیەم و ئاستی خوێندنی باڵا بە پلەی کۆتایی دێت لە هەستکردنیان بە خەمۆکی. هۆکاری ئەمەش بە بۆچوونی تۆێژەران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئافرەتانەی نەخوێندەوارن یاخود ئاستی خوێندەواریان نزمترە ئەزموون و هۆشیاری و زانیاریان کەمترە لەسەر حاڵەتەکە و ناتوانن وەڵامێکی زانستی و لۆژیکی و دڵنیاکەرەوە بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بۆیەش تا ئاستی خوێندنیان نزمتر بێت هەستکردن بە خەمۆکی لە بەرامبەردا زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ڕاسپاردەکان:

لـە ڕوانگـەی دەرئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوەیـەوە، تـوێژەران چەنـد ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕوو:

١. پێویستە وەزارەتی تەندروستی سەرژمێری و داتا و ڕێژە و ژمـارەی حاڵەتـەکانی لـەبارچوون و لـەباربردنی منـداڵ ئەنجـام بـدات. لەبەر نەبوونی داتای دروست، و کردنەوەی خـولی هۆشـیاری و ڕێنمـایی و چارەسـەرکاری پەیوەست بە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی.

٢. هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی لـە چـواردەوری ئـەو ئافرەتانـەن کـە منداڵیان لەباردەچێت یان لەباری خۆیانی دەبەن بە گرنگیدان و جـوان مامەڵـــەکردن لەگەڵیانـــدا و دوورکەوتنـــەوە لـــە بەبیرهێانـــەوەی حاڵەتەکـــەیان بـــە تایبـــەتی لـــە قۆناغـــە ســـەرەتاییەکانی ڕووداندی حاڵەتەکاندا.

٣. سـوودوەرگرتن لـە ئـەزموونی پسـپۆڕانی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی و دامەزراندنیان لە تەواوی دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بـە مەبەسـتی ڕێگریکردن لـە خـەمۆکی و کەمکردنـەوەی دەرئەنجامـە نەرێنییەکانی.

پێشنیازەکان:

لـە ڕوانگـەی دەرئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوەیـەوە، تـوێژەران چەنـد پێشنیازێک بە مەبەستی گرنگیدان و فراوانکردنی توێژینەوە لەم بوارەدا لە داهاتوودا دەخەنەڕوو، لەوانەش:

١. ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زیـاتر لە بـارەی خـەمۆکی لای نمـوونەی جیـاوازتر لە نمـوونەی ئەم تـوێژینەوەیە, وەک خەمـۆکی لە کـاتی دووگیانی و دوای لەدایک بوونی منداڵ.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر کاریگەریی بەرنامەی چارەسەری بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یان منداڵیان لەبارخۆیان بردووە.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کاریگەریی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ و پەیوەندی بە گۆڕاوی تری وەک (پەیوەستبوونی ئایینی، ڕازیبوون لە ژیان، واتای ژیان، بیرکردنەوەی ئەرێنی و نەرێنی، وێنای خود، ڕێزگرتن لەخود، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی).

هەوالنامەی کچبن

سەرچاوەکان:

توێژینەوەکان:

- Bandura, A., (1977). Self-efficacy: Toward a unifying theory of behavioral change. Psychological Review, 84(2):PP.191-215.
- Bologna, Estefany. (2012). Effects of abortion on college women's mental health. (2012). HIM 1990-2015. P.1386.
- Broen A. N., Moum, T., Bodtker, A. S., Ekeberg, O. The course of mental health after miscarriage and induced abortion: a longitudinal, five-year follow-up study. BMC Medicine 2005; 3: 18.
- Coleman, P. K. Abortion and mental health: quantitative synthesis and analysis of research published, 1995–2009. Br J Psychiatry. 2011 Sep; 199(3). PP.180–186.

- Cougle, J. R., Reardon, D.C., Coleman, P. K. Depression associated with abortion and childbirth: a long-term analysis of the NLSY cohort. Med Sci Monit. 2003 Apr; 9(4):PP.CR105–CR112.

- Fergusson, D. M., Horwood, L. J., & Ridder, M. E. Abortion in young women and subsequent mental health, Journal of Child Psychology and Psychiatry 47:1 (2006), pp 16–24.

- Fergusson, D. M., Horwood. L. J., & Boden, J. M. Abortion and mental health disorders: evidence from a 30-year longitudinal study, Br J Psychiatry. 2008 Dec; 193(6):444-51.

- Fergusson, D. M., Horwood, L. J., & Boden, J. M. Does abortion reduce the mental health risks of unwanted or unintended pregnancy? A re-appraisal of the evidence. Aust N Z J Psychiatry. 2013 Sep; 47(9):PP.819-827.

- Fisher, J., Cabral de Mello, M., & Izutsu, T. (2009). Mental health aspects of pregnancy, childbirth, and the postpartum period. In P. S. Chandra, H. Herrman, J. Fisher, M. Gissler M., Hemminki E. &Lonnqvist J. (1996). Suicide after pregnancy in Finland 1987-1994: Register linkage study. British Medical Journal, 313, 1431-1434.

- Gissler, M., Hemminki, E., & Lönnqvist, J. Suicide after pregnancy in Finland 1987-1994: Register linkage study. British Medical Journal, 1996; 313(7070):1431-1434.

- Ibrahim, A. Abdelazim, Mohannad AbuFaza, Prashant Purohit, Rania H. Farag. Miscarriage Definitions, Causes and Management: Review of Literature. ARC Journal of Gynecology and Obstetrics. Volume 2, Issue 3, 2017, PP 20-31. ISSN 2456-0561. www.arcjournals.org.

- Major, B., Cozzarelli, C., Cooper, M.L., Zubek, J., Richards, C., Wilhite, M. and Gramzow, R.H., 2000.Psychological responses of women after first-trimester abortion. Archives of general psychiatry, 57(8), pp.777-784.

- Ney, P. G., Fung, T., Wickett, A. R., Beaman-Dodd, C. The effects of pregnancy loss on women's health. Soc Sci Med. 1994 May; 38(9): 1193-200.

- Pedersen, W. Abortion and depression: a population-based longitudinal study of young women. Scandinavian journal of public health. 2008, 36(4), pp.424-428.

- Reardon, D. C, & Cougle, J. R. Depression and unintended pregnancy in the National Longitudinal Survey of Youth: a cohort study. BMJ. 2002 June 19; 324 (7330): 151–152.

- Rebecca B. Reingold & Lawrence O. Gostin, Banning Abortion in Cases of Down Syndrome: Important Lessons for Advances in Genetic Diagnosis, 319 JAMA 2375-2376 (2018).

- Rees D. I, & Sabia J. J. The relationship between abortion and depression: new evidence from the fragile families and child wellbeing study. Med Sci Monit. 2007 Oct; 13(10):PP.CR430–CR436.

- Schmiege S, Russo NF: Depression and unwanted first pregnancy: longitudinal cohort study. BMJ 2005; 331, no. 7528:1303-7.

- Warren, J.T., Harvey, S.M. and Henderson, J.T. Do depression and low self-esteem follow abortion among adolescents? Evidence from a national study. Perspectives on Sexual and Reproductive Health. 2010 Des, 42(4), pp.230-235.

سایتەکانی ئەنتەرنێت:

- Pregnancy and Miscarriage:
- https://www.webmd.com/baby/guide/pregnancy-miscarriage#
- Abortion: http://www.bbc.co.uk/ethics/abortion/
- Causes of Abortion in First Trimester of Pregnancy:
- https://www.thisdaylive.com/index.php/2017/11/11/causes-of-abortion-in-first-trimester-of-pregnancy/
- Here are the Real Reasons Women Have Abortions:
- https://savethestorks.com/2017/05/real-reasons-women-abortions/
- الإجهاض قد يصيب النساء باضطراب ما بعد الصدمة
- http://www.bbc.com/arabic/science-and-tech-37856236
- الاكتئاب ما بعد الإجهاض : كم من الوقت يستمر؟
- https://baby.webteb.com/articles/_14088

هەوالنامەی کیب

ملخص :

هذا البحث يحاول دراسة الإكتئاب لدى النساء الحوامل اللواتي تعرضن للإجهاض أو اللواتي أجهضن أطفالهن قصدا. وقد قام الباحثون في هذا البحث بدراسة ومناقشة مستوى الإكتئاب ونتائجها السلبية وعلاقتها ببعض المتغيرات الأخرى لدى عينة البحث. وتتكون عينة البحث من النساء في محافظة أربيل – كوردستان من اللواتي تعرضن للإجهاض أو اللواتي أجهضن قصدا أطفالهن. وقد قام الباحثون بإعداد مقياس خاص بالإكتئاب وملائمته مع البيئة النفسية والإجتماعية الكوردية، إضافة إلى إستخراج الخصائص السيكومترية الخاصة بالمقياس العلمي. ولمعالجة نتائج البحث قام الباحثون بإستخدام الحقيبة الإحصائية للعلوم الإجتماعية (SPSS). وقد أظهرت نتائج البحث ما يلي:

- كل من حالات الإجهاض أو الإجهاض القصدي للأطفال سبب حالة الإكتئاب لدى عينة البحث.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء اللواتي تعرضن للإجهاض أعلى مقارنة بالنساء اللواتي أجهضن أطفالهن قصدا.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء اللواتي تتراوح أعمارهن بين (١٨ – ٣٠) أقل من النساء اللواتي تتراوح أعمارهن (٣٠) فما فوق.
- كلما كان تأريخ حالات الإجهاض أو الإجهاض القصدي حديثا كلما كان مستوى الإكتئاب أكثر، والعكس صحيح.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء الغير المتعلمات أعلى من الأخريات. بمعنى أن النساء الغير المتعلمات أخذن المرتبة الأولى، أما النساء الحاصلات على الشهادة الإبتدائية أخذن المرتبة الثانية، والنساء الحاصلات على مستوى التعليم الإعدادي أخذن المرتبة الثالثة، أما النساء الحاصلات على مستوى التعليم العالي أخذن المرتبة الأخيرة في شعورهن بالإكتئاب.

وعلى وفق ما توصل إليه هذا البحث من نتائج قدمت مجموعة من التوصيات والمقترحات.

كلمات مفتاحية: الإكتئاب، الإجهاض، الإجهاض القصدي.

Abstract:

The present study addressed problems concerning depression among women who have experienced either a miscarriage or induced abortion. In the current research researchers aimed to identify the level of depression among participants and discuss its negative consequences in relation with some other variables. The researchers employed descriptive quantitative research method to conduct this study. And regarding sampling, data based on purposive sampling method collected among (70) women who have experienced abortion and miscarriage in Kurdistan. To measure depression, researchers based on psychometric properties developed a new self-report which adapted with Kurdish culture. To analysis data, both t. test and ANOVA carried out by means of SPSS software computer program. Finally, results concluded that:

- Both a miscarriage and induced abortion lead to depression.
- The level of depression was higher among women who had miscarriage versus women who had induced abortion.
- The level of depression among (18-30) years old was lower than the level of depression women who their age (30) or above.
- The closer to the incident is more likely to suffer from depression and conversely.
- The illiterate participants experienced a higher level of depression compared with literate women participants.

Based on the above findings some implications have been recommended.

Keywords: depression, miscarriage, abortion.

هەواڵنامەی کتێب

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.14

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

شیکردنەوەی هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

هەواڵنامەی کتێب

د. صالح عمر عیسی
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ـ
زانکۆی سەلاحەددین
salihomarissa@yahoo.com

د. جلیل عباس نادر
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ـ
زانکۆی سەلاحەددین
jalilhawler@gmail.com

پوختە:

عێراق ناسنامەی نیشتمانی لاوازی هەیە، چونکە دروستبوونی لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی هاوڵاتییانی نەبووە. بەریتانیا لەبەر بەرژەوەندییەکانی، لە سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسل عێراقی دروست کرد بێ ئەوەی گوێ بە ویست و ئارەزووی گەلانی ئەم ویلایەتانە بدات، ڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سەرکوت کردنی بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی لە پێش گرت. ئەو ڕێگایە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی هەر بەردەوامە کە بووەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لەناو گەلانی عێراق. وای لێ کردووون وەکو بێگانە و دوژمن سەیری یەکتر بکەن و لە جیاتی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی ناسنامەکانی شیعە، سوننە و کورد بەو هۆیەوە بەهێز ببێت.

وشەکلیلییەکان: ناسنامەی نیشتمانی، عێراق، دەوڵەت-نیشتمانسازی، کێشەی نەتەوەیی- مەزهەبی.

هەوالنامەی کیب

شیکردنەوەی هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

پێشەکی

بابەتی ناسنامە و ئەو پرسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بچوکترینیان واتا خانەوادە تاوەکو گەورەترینیان واتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یا جیهانی باسی لەسەر دەکرێت. کاتێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا چەندین ناسنامەی جیاواز بوونیان هەیە و هەر یەکەیان گرنگی بە ناسنامەی تایبەتیی خۆیان دەدەن و بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە ناسنامەکانی دیکە دەجوڵێنەوە، ئەو کات لەو کۆمەڵگایە دەوڵەتێکی سەقامگیر و گشتگیر دروست نابێت و هەموو کاتێک ڕووبەڕووی ململانێی نێوان پێکهاتەکان دەبنەوە هەم لە نێوان خۆیان و هەم لەگەڵ دەوڵەتیش دەبنەوە.

وڵاتی عێراق، قەوارەیەکی جوگرافییە، کە پاش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە ویست و بڕیاری دەوڵەتی بەریتانیا و لە دەرەوەی ویست و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی دروست کرا. دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی و بوونی کەڵێنی قوواڵ لە نێوان شیعە، سوننە و کورد بە شێوەیەکە کە دەکرێت باس لە سێ نەتەوەی جیاوازی کورد، شیعە و سوننە لەم وڵاتە بکرێت. نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووتە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە دەوڵەت وەکو شوێنێک بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش دروست نەبێت، بەمەش بەشدارییەکی گشتی و هەمە لایەنە لە چوارچێوەی دەوڵەت ڕوونەدات. فرەچەشنی کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی لە عێراق کێشەی پاراستنی یەکگرتویی ناوخۆیی و بەدەستهێنانی مەشروعیەتی سیاسی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق دروستکردووە. بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەندێک لە ئامرازەکانی تر

بـۆ دروسـتکردنی ناسـنامەیەکی نیشـتمانی دەسـتکرد لە سیاسـەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بووە.

لە سـەرەتای دروسـتکردنی ئەم وڵاتە لە دەیەی دووەمـی سـەدەی بیستەم تاوەکو ٢٠٠٣ پێکهاتەی عەرەبی سوننە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بـوو. سـەرەڕای هەمـوو ئەو هەوڵانەی کە لایەنـی سـوننە و بەتـایبەت بەعسـیەکان لە چوارچێوەی فـراوان کردنـی ناسیونالیسـمی پـانعەرەبی بە مەبەستی ڕاکێشـانی لایەنی عەرەبی شیعە و دروستکردنی ناسنامەیەکی زۆریـنەی عەرەبـی ئەنجامیـان دا، بەڵام نەیـانتوانی لایەنـی شـیعە لەگەڵ خۆیان هاوڕا بکەن و لە کۆتاییدا لە گەیشتن بەم ئامـانجە شکسـتیان هێنا. لەبەر ئەمە ئەو ناسنامەی کە لایەنی عەرەبی سوننە بانگەشـەی بۆ دەکرد لە بازنەی خۆیان زیـاتر تێپەڕی نەکرد. لەبەر ئەمە حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکانی باشـوور و بەتـایبەت بـاکوور (کە پێکەوە ٧٥ بۆ ٨٠ لە سـەدی دانیشـتووانی عێراقیـان پێکـدەهێنا) کەمتـرین مەشـروعیەت و پاڵپشـتییان هەبـوو. لە دەرەنجـامی ئەمە ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد و ناسـنامەی مەزهەبی شیعە لە نێوان دانیشتوانی کوردسـتان و باشووری عێراق زیـاتر و بەرچاوترە لە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی.

لە پـاش ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس بـۆ یەکەم جـار لە مێژووی عێـراق شیعە و کورد توانییان بەشداریـیەکی کارای دەسەڵات بکەن. لەم کاتەدا کە جۆرێـک لە سیسـتەمی دیموکراسـی لەسـەر بنەمـای هەڵبژاردنـی ئـازاد لە عێـراق پەیڕودەکـرا، نـوخبەی نـوێ هەوڵیانـدا کە پێناسـەیەکی نـوێ و خوێندنەوەیەکی دووبارە بۆ ناسـنامەی نیشـتمانی لەم وڵاتە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم هەوڵەش نەگەیشتە ئەنجام.

کۆمەڵگایەک کە لە چەندین یەکە ناسنامەی جۆاوجۆر پێکدێت، هەمـوو کاتێـک بڕیـاری نـوخبە سیاسـییەکانی بـۆ ڕازیکردنـی ئەو ناسـنامەیە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا هەموو

یا زۆرینەی بڕیارەکان لە بچوک تاوەکو گەورە دەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسی. هەروەها جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت. لە کۆمەڵگایەک کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی تووشی لێکترازان بووە هەر گروپێک بەها و ناسنامەی تایبەت بە خۆیان لە بەها و ناسنامە و بەرژەوەندیی نیشتمانی پێ باشترە و هەوڵەکانی حکومەتیش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن، یەکدەست و هاوڕا کردنیان بێئەنجام دەبێت و لە زۆربەی حاڵەتەکان بە ئاراستەی تووندوتیژی، جیابوونەوە و دابەشبوون دەڕوات.

گرنگی ئەم تۆێژینەوەیە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی زانستی لە قەیرانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق دەکۆڵێتەوە و نیشانیدەدات کە ئەم ناسنامەیە لە ڕێگای تووندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، لە ناو گەلانی عێراق دروست نابێت. ئامانجی تۆێژینەوەکە، ئەوەیە کە بە دروستی لە قەیرانەکانی ناوخۆی عێراق تێبگەین و بژاردەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی عێراق بدۆزرێتەوە و هیچی تر هاوڵاتییانی عێراق کورد، شیعە و سوننە نەبنە قوربانی ئەم سیاسەتانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ مانەوەی عێراق پەیڕەودەکرێت.

پرسیاری تۆێژینەوەکە، ئەوەیە کە چ هۆکارێک کاریگەری لەسەر لاوازیی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی هەبووە؟ ئەو گریمانەیەی کە بۆ ئەم تۆێژینەوەش دانراوە، ئەوەیە کە بەریتانیا لەبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لە سەرەتای دروستکردنی عێراق گرنگیی بە ویست و ئارزووی گەلانی کورد، شیعە و سوننە نەداوە و لە ڕێگای هێزی سەربازی هەوڵی سەرکوتکردنی ئیرادە، ویست و ئارەزووی گەلانی کورد و شیعەی لە پێش گرت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تووندوتیژی بە شێوەیەک لە عێراق بڵاوبکرێتەوە، کە کاریگەریی سەرەکی لە لاوازی ناسنامەی نیشتمانیی عێراق کردووە.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لەم تـوێژینەوەیەدا میتـۆدی شـیکاری نـاوەرۆک بە شـێوەیەکی هـۆ و دەرهاویشـــتە بەکارهـــاتووە و داتاکـــان لە ڕێگـــای کتێبەکـــان، وتـــارە زانسـتییەکان، کتێبخـانە و ئینترنێـت وەدەسـتهاتوون و شـیکردنەوەش بـۆ داتاکان لە ڕێگای میتۆدی چۆنیەتی بووە.

١_چوارچێوەی تیۆری

بابەت و چەمکی ناسنامە و ناسنامەی نەتەوەیی تەنها پەیوەندیی بە یەکێک لە بەشـەکانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان نیـیە، بەڵکـو دیـاردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و دەروونناسییە. لەبەر ئەمە کۆمەڵناسـان، دەروونناسـان و بیرمەنـدانی بـواری زانسـتە سیاسـییەکان هەر کامیـان لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەم بابەتەیان تاوتوێ کردووە. (Bechhofer and David 2009.P, 12) لێرەدا ئێمە لە ڕوانـگەی دوو لێکـۆلەر ئـانتۆنی گیـدێنز و سـامۆئێل هـانتینگتۆن باسـی ناسـنامە و ناسـنامەی نەتەوەیـی دەکەین.

١_١ _ ئانتۆنی گیدێنز

ئـانتۆنی گیـدێنز ناسـنامەی کەسـی بەم شـێوەیە پێناسـە دەکـات: ((ناسنامەی کەسی جۆرێک لە تایبەتمەندی جیاواز یـان تەنانەت کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز نییە کە لە دەسەڵاتی کەسێکدا بێت. ناسـنامەی کەسـی لە ڕاستیدا هەمان " خود "ە کە تاک ئەمە وەکو ڕەنگدانەوە لە ژیانی قبووڵ دەکات)). لێرەدا ناسنامە بە مانای بەردەوامیی تـاک لە شـوێن و کـات دایە. ناسنامەی کەسی بریتییە لەم بەردەوام بوونە، بەڵام بەو شـیکردنەوەیە کە تـاک بـۆی دەکـات. (عباسـی قـادی و خلیلـی کاشـانی، ١٣٨٨ ، ص ٤٩) گیـدێنز پێیـوایە کە " خـود" لە هەر تاکێکـدا لە سـێ فـاکتەری، متمـانەی سـەرەکی، تایبەتمەنـدی کەسـی و پڕۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبـوون دروسـت دەبێـت. بەشـی متمـانەی سـەرەکیی خـود، لە ڕێـگەی ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندییەکان، توانـای ڕێکخسـتنی عـاقڵانەی کاروبارەکـان و لێکدانەوە و

شـیکردنەوەی سـەرکەتووانەی تـاک لە کـردەوەی خـۆی، هانـدان بـۆ ئەنجامدانی کردەوەی دیکە دەرەخسێنێت و لە ئەنجامدا کاریگەری لە سەر ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی تـاک دروسـتدەکات. لە لایەکـی دیـکەوە تایبەتمەنـدییەکانی تـاک کە بە سـەر تایبەتمەنـدیی ڕواڵەتـی و دەروونـی دابەشدەبێت لە ڕێگەی لێکدانەوەی سـەرکەوتووانەی تـاک بـۆ کارەکـانی، وێنـاکردنی سـەرکەوتن لە کارەکـانی لە لایەن کەسـانی دیـکە و توانـای بەجێگەیاندنی چەند ڕۆڵێکی جۆراوجـۆر دەبێتە هاندەرێک بـۆ ئەنجامدانی کاری دیکە و لە کۆتاییدا شکڵ گرتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بـۆ کەسـەکە. بەشی سێیەمیش پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونە، کە دابەش دەبێتە سـەر دوو بەشـی مـودێرن و نەریتخـواز. لە ڕوانـگەی گیـدێنز ئەم سـێ فـاکتەرە بە شـێوەی یەکسـان هانـدەر دەبـن بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر ئەنجامـدانی کردەوەکـانی تـاک و لە دەرەنجامـدا کـاریگەری لەسـەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەبێت.(جمشیدی، ۱۳۸۱ ، ص ۱۷)

۱ _۲ _سامۆئێل هانتینگتۆن

سـامۆئێل هـانتینگتۆن لە تـاوتوێکردنی پرسـی ناسـنامە لە کۆمەڵگـای ئەمریکـا بـاوەڕی بە بنەمـایەکی زۆر گرنـگ هەیە. ئەویـش ئەمەیە، کە ناسنامەی نیشتمانیی ئەمریکا بە درێژایی مێژوو تووشی گۆڕانکاری بووە. خاڵی زۆر گرنگ لە پڕۆسەی گۆڕانکاری لە ناسنامەی نیشتمانیی ئەمریکا ئەمەیە کە لە نێـوان هەڕەشـەکان بە تـایبەت دەرەکـی و ئەمنیەتـی و پتەوبـوونی ناسـنامەی نیشـتمانی پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆ هەیە. هەر کاتێک هەڕەشـەکانی ئەمنـی گەورەتـر و تونـدتر بـن، بە هەمـان ئەنـدازە ناسنامەی نیشتمانی ئەمریکاییەکان دیارتر و پتەوتر دەبێت. هـانتینگتۆن لە پەرتـوکی ئـێمە کێـین؟ ڕوودانـی چەنـد هەڕەشـەیەکی وەکـو جەنگەکـانی ناوخۆی ئەمریکا، جەنگی دووەمی جیهانی، جەنگی سارد و ڕووداوی ۱۱ سێپتەمبەر بە هۆکاری بەهێزبوونی ناسنامەی نیشتمانی دەزانێت. پرسێکی زۆر گرنگـی دیـکە لە ڕوانـگەی هـانتینگتۆن بـۆ ناسـنامەی نیشـتمانی لە

ئەمریکـا، سـەرنجدان لە بـابەتی ڕەچەڵەک و نەتەوەیە. ئەو لە بنەڕەتـدا کۆمەڵگـای سـەرەتایی ئەمریکـا بە خـاوەنی تایبەتمەنـدیی ئەنگلـۆ – پڕۆتسـتانی دەزانێـت؛ بەو مانـایە کە دانیشـتووانی سـەرەتا و یەکەمـی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر چەندە لە چەند کلتوور و ڕەچەڵەکی جیاواز بـوون بەڵام کلتـووری سـەرەکی و زاڵ بە سـەریاندا، کلتـووری ئەنگلـۆ – پڕۆتستانی بوو. فاکتەرە سـەرەکییەکانی دروستکەری کلتـووری نـاوبراو بریتین لە: زمـانی ئینگلیزی، دینی مەسـیح، ڕوانگەی ئینگلیزی بۆ یاسـا و بەها پڕۆتستانییەکان. (ڕاکی، ١٣٨٥ ، ص ٣٦)

بنەما و بنچینەی ناسنامەی ئەمریکایی لە ڕوانگەی مێژوویی لە چـوار بەشـی سـەرەکی پێکـدێت: ڕەچەڵەک، نەتەوە، کلتـوور (بە تـایبەت زمـان و مەزهەب) و ئایدۆلۆجی.(جمشیدی، ١٣٨١، ص ١٧)

هانتینگتۆن لە کتێبەکەی بە ناوی " ئێمە کێین؟ " بە تێروتەسـەلی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ناسنامە، قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی، ناسـنامەی نانیشتمانی، ناسـنامەی ئەمریکایی و بنەماکانی و هتد باس دەکات، بەڵام باسی تایبەت بە ناسنامەی ئەمریکایی لە ڕاستیدا گرنگترین بەشی کتێبەکە پێکدەهێنێت. لە ڕوانـگەی ئەو هەرەشـە سـەرەکییانەی لە سـەر ناسـنامەی ئەمریکاین بریتین لە: چەند کلتوورگەرایی، کێشەی کۆچبەران، مەیل بەرەو دوو زمـانی، هاوڵاتییـانی خـاوەن دوو ڕەگەزنـامە، نەبـوونی دوژمـن، هێسپەنیەکان (Hispanic) و لاوازی نوخبەکان.

سەرچاوەکانی ناسنامە لە ڕوانگەی هانتینگتۆن:

زۆرجار تاکەکان ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی ناسنامەیان هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە

ئینتیسابی وەکو تەمەن، ڕەچەڵەک، ڕەگەز، خزمایەتی، ئەتنیک؛

کلتـووری وەکـو تیـرە، هـۆز، شـێوازی ژیـان، زمـان، نەتەوایەتـی، مەزهەب و شارستانیەت؛

سیاسـی وەکـو بـاڵ، تـاقم، ڕابەر، بـزووتنەوە، ئارمـان، حیـزب، ئایدۆلۆجیا و دەوڵەت؛

زەوی وەکـو دراوسـێ، لادێ، شـار، هەرێـم، بەش، وڵات، نـاوچەی جوگرافیایی، کیشوەر و نیوە گۆی زەوی؛

ئابووری وەکو پیشـە، هونەر، گروپی کار، خـاوەن کار، پیشەسـازی، یەکەی ئابووری، یەکێتیی کرێکاران و چینایەتی؛

کۆمەڵایەتی وەکـو دۆسـتان، یـانە، تیم، هاوکـاران، گروپی سـەیران و پێگەی کۆمەڵایەتی؛ (هانتینگتون، ١٣٨٤، ص ٤٨)

٢ _ناسنامە

لە ڕووی زمـانییەوە وشـەی ناسـنامە لە وشـەی (Identity) وەرگیراوە. (گل محمدی، ١٣٩٣ ، ص ٢٢٢) هەر چەندە چەمکی ناسنامە تا ڕادەیەک چەمکێکی نوێیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ یەکەم جار " ئەریکسۆن " لە ١٩٥٠ گشتگیری کرد، بەڵام یەکێک لەو چەمکانەیە کە زۆر باس و گفتوگۆی لەسەر کراوە. زانایانی بواری دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسـی و تەنـانەت فەیلسـوفانی سیاسـی هەر کامیـان شـتێکیان خسـتووەتە سـەر گۆشـەیەکی ئەم چەمـکە و پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کـراوە، لە سـەقامگیری و یەکجـۆری تـاوەکو گۆڕانکـاریی کـۆمەڵایەتی و پلـۆڕالیزمی کلتـووری. لە دەرئەنجامـدا، ناسـنامە مانـای جۆراوجـۆر و دژبەیەکی دراوەتە پـاڵ, هەر لە تیـۆری فەندەمێنتاڵی کە پێداگری لەسـەر یەکێتـی و یەکبـوون دەکـاتەوە تـا ئەو تیـۆرانەی کە پێـداگری لەسـەر دابەشکردنی سـووژەی مۆدێرن دەکەنەوە. کێشـەی سـەرەکی لە پێناسـەی

هەولێر کتێبخانەی

ناسنامه لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم وشەیە بۆ هەستی تاک بۆ خۆی و پەیوەندیی تاک لەگەڵ کەسانی دیکە دەگەڕێتەوە. (Andreouli and Xenia, 2015)

ناسنامە پێناسەیەکە، کە کەسێک لە خۆی و لە بوونی خۆی دەکات و وەڵامی چەند پرسیارێکی وەکو من چیم و چیم دەوێت؟" دەداتەوە. لە ڕێگەی ناسنامە بە ڕەهەندەکانی کەسایەتیی خۆی جۆرێک هاوئاهەنگی و یەکدەستی دەبەخشێت و لە ڕووی دەروونی و هەڵسوکەوت و ڕەفتار لە کات و شوێندا هەڵوێست وەردەگرێت. (زهیری، ١٣٨٤، ص ٣٠) ناسنامە وەڵامێکە بۆ پرسیاری من کێم؟ (بابایی فرد، ١٣٩٢)

ناسنامە بە مانای ئەوە دێت کە تۆ چ کەسێکیت, واتا کەسێک یان گروپێک بە چ شێوەیەک خۆیان دەناسێنن یان چۆن بناسێنرێن. ناسنامە وەڵامێکە بۆ ناخ و سروشتی مرۆڤ بۆ ناساندنی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێک بنەما و فاکتەری کلتووری، مێژوویی و جوگرافیایی. (مجتهد زاده، ١٣٩١ ، ص ٧٢)

ناسنامە، دەرخەر و پێشاندەری چ کەسێک بوونە کە لە پێویستی مرۆڤ بە ناسینەوەی بە شتێک یان جێگایەک سەرچاوە دەگرێت. (آقابخشی و افشاری ، ١٣٨٣ ، ص ٣٠٥) ناسنامە لە پەروەردەی خێزانی، کلتووری و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت و کەسایەتی و تایبەتمەندیی کەسێک یان کۆمەڵگایەک دروستدەکات. ناسنامە بەهۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و پاش بەرجەستەبوون دەمێنێتەوە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەنانەت لە دەرەنجامی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ دروست دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ناسنامە بە تایبەتمەندییەک بزانرێت کە دەبێتە هۆی جیاوازی و ناسینی تاک، نەتەوە و کۆمەڵگایەک لەوانی دیکە. (میرحیدری و دیگران، ١٣٩٢ ، ص ١٧٦)

پرسیاری سەرەکی ناسنامەی جیۆپۆلەتیکی ئەمەیە: ئێمە کێین و لە کوێین؟ ئەم پرسیارە هەواڵ لە بوونی " کەسێکی دیکە " دەدات کە بە دوژمن سەیردەکرێت و بوون و پێناسەی ئێمەی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە. (مرادی و افضلی، ۱۳۹۲، ص ۲۷٦)

۲ _۱ _ئاستەکانی ناسنامە

بە مەبەستی تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی ناسنامە پێویستە کە ئاستەکانی ناسنامە دیاریبکەین. گرنگینەدان بە ئاستە جیاوازەکانی ناسنامە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکەڵاوی و ئاڵۆزی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ناسنامە دروست بێت و توێژەران و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بە هەڵە ئاستێکی ناسنامە لە جیاتی ئاستێکی دیکە بەکاربێنن و بەم شێوەیە دەبنە هۆی سەرلێشێواوی و تێنەگەییشتنی خوێنەران. بۆ نموونە یەکێک لە سەرەکیترین ئەم ئاڵۆزییانە لە وەکو یەک زانینی ئاستەکانی ناسنامە لەو باسانە بەدی دەکرێت کە پەیوەندی بە ناسنامەی ئاینی و ناسنامەی نەتەوەیی و هۆزەکان هەیە. ئەم گوێنەدان بە ڕەچاوکردنی ئاستەکانی شیکردنەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە توێژەران و چالاکوانانی سیاسی بە ئایدۆلوجیای جیاواز ئەم ئاستانە بە یەک شت بزانن و لە جیاتی یەکتر بەکاریانبێنن. (احمدی، ۱۳۸۲، ص ٦)

۲ _۱ _۱ _ناسنامەی کەسی (Personal Identity)

بنەڕەتیترین و یەکەم هۆشیاری لە سەر ناسنامەی مرۆڤ، ناسینی خۆی لە سەر بنەمای پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی و جۆری ڕەگەزی دروست دەبێت. یەکەم ناسینی منداڵ لە سەر بنەمای پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی واتا دایک و باوک، خوشک و برا و دواتر خزم و کەسوکاری دروستدەبێت. کەواتە ناسنامەی کەسی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان تاک لەگەڵ خانواده و کەسوکاری و پاشان بۆ ناسینەوەی جۆری ڕەگەزی. ئەمە بەربڵاوترین و یەکەم جۆری ناسنامەیە لە کۆمەڵگای

مرۆڤایەتی. کەواتە دەتوانین بڵێین ناسنامەی کەسی جۆراوجۆر نییە، بەڵکو تاک تەنها یەک ناسنامەی خێزانی و یەک ڕەگەزی (نێر یان مێ)ی هەیە. (همان ، ص ٨)

٢_١ _ ٢ _ناسنامەی کۆمەڵایەتی (Social Identity)

دووەم ئاستی خوێندنەوە سەبارەت بە ناسنامە، ئاستی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاکە. بە پێچەوانەی ناسنامەی کەسی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی فرەلایەن و جۆراوجۆرە. ئەم جۆرە ناسنامەیە لە پەیوەندی نێوان تاک لەگەڵ کۆمەڵگا و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و دەتوانێت چەندین جۆری جیاوازی هەبێت کە هەر کامیان لە ڕووی پێگە و گرنگی دابەشدەکرێن. تاک پاش تێپەڕبوونی چەند قۆناغێک لە تەمەنی دەچێتە گۆڕەپانی کۆمەڵگا و ڕووبەڕووی کەسانێک دەبێتەوە کە وەکو خۆی یا جیاواز لە ئەون. لەم قۆناغەیە کە بابەتی " کەسانی دیکە " بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ ژینگە دروستدەبێت. بەشێکی زۆر لە ناسنامەی مرۆڤەکان لەم ئاستە شیاوی تاوتوێکردنن و تاک دەتوانێت هاوکات هەڵگری چەندین ناسنامەی کۆمەڵایەتیی جیاواز بێت و وەکو ناسنامەی پیشەیی، ناسنامەی تایفی، ناسنامەی نەتەوەی، ناسنامەی حیزبی، ناسنامەی ئاینی هەروەها چەند جۆر ناسنامەی لاوەکی کە پەیوەندی بە چەند پرسێکی وەکو وەرزش، هونەر و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە هەیە. جۆرەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لە ڕووی گرنگی و هەمیشەیی یان کاتیبوونیان بەردەوامی کەمتریان لە ناسنامەی کەسی هەیە، بۆ نموونە تاک دەتوانێت ناسنامەکانی وەکو ناسنامەی پیشەیی، وەرزشی، هونەری و حیزبیی خۆی بە ئاسانی بگۆڕێت،

بەڵام لە هەمـان کاتـدا و لە ئاسـتی ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی چەنـد شووناسێک کەمتر و زۆر بە زەحمەت تووشی گۆڕانکاری دەبن یـان هەر ناگۆڕدرێن و تاکەکان ئامادەنین وەفاداریی خۆیان بەرامبەر ئەم ناسنامانە بگۆڕن وەکو شووناسی ئاینی و نەتەوەیی. (احمدی، ۱۳۹۰ ، ص ۷۱)

۲_۱_۳ _ناسنامەی نیشتمانی (National Identity)

ناسـنامەی نیشـتمانی گشـتگیرترین و لە هەمـان کاتـدا بـاوەڕپێکراوترین ئاسـتی ناسـنامەیە لە هەمـوو سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکـان. گرنگـی چەمکـی ناسـنامەی نیشـتمانی بەراورد بە جۆرەکـانی دیـکەی ناسـنامە ئەو کـاریگەرییە فـراوانەیە کە لە سـەر بەشە جیاوازەکانی ژیان لەهەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەیەتی. بۆ نموونە ناسنامەی نیشتمانی لە بواری سیاسـەت، ئامانجەکان دێنێتە دی و ڕەوایی بە دەسەڵات دەبەخشێت و ڕێژەی نفوز و کارتێکەری دەباتە سەر

ناسـنامەی نیشـتمانی پڕۆسـەی وەڵامـدانەوەی هۆشـیارانەی نەتەوەیەکە بۆ چەند پرسیارێک لەسـەر خـۆی، ڕابردوو، ئینتیما بـۆ نیشـتمانی سـەرەکی، شـوێن و قەڵەمـڕەوی شارسـتانیەت، پـێگەی سیاسی، ئابووری و کلتوورییان. (حاجیانی، ۱۳۷۹، ص ۱۹۷)

کەواتە ناسنامەی نیشتمانی کە هەندێک کەس بە "ناسنامەی بنەڕەتی" نـاوی دەبەن، بەربڵاوتـرین و گرنگتـرین ئاسـتی ناسـنامەیە بـۆ تـاک و بەراورد بە جۆرەکـانی ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی بەردەوامـی زۆرتـرە و گۆڕانکاری کەمتری بەسـەردادێت. زۆرجار وەکو ناسنامەی کەسی، هەر تاکێـک تەنهـا یەک ناسـنامەی نیشـتمانیی هەیە، تەنـانەت ئەو کەسـانەی

هەڵگـری زیـاتر لە یەک ڕەگەزنـامەن لە کۆتاییـدا تەنهـا یەک ناسـنامەی نیشتمانی بۆ خۆیان دیاری دەکەن و خۆیـان سـەر بەو کۆمەڵگایە دەزانن کە باو و باپیرانیان لەوێ ژیاون و لەو کلتوورە گەشەیان کردووە. گرنگی ناسـنامەی نیشـتمانی لەوە سـەرچاوە دەگرێت، کە پەیوەندی بە نیشـتمان، مێژوو و کلتووریکی تایبەت هەیە. لێرەدا بە تایبەتی نیشـتمان گرنگە لەبەر ئەوەی تاک تەنها یەک نیشـتمانی هەیە کە پێی وابەسـتەیە و نە زۆرتر. لە نـــاو ئەم نیشـــتمانەدا کە ڕەچەڵەک، نەتەوە، تـــایفە، ئـــاین و تـــاقمە جۆراوجۆرەکان ژیان بەسـەردەبەن. (احمدی، ۱۳۹۰، ص ۷۲)

۲_۲ _چەمک و پێناسەی ناسنامەی نیشتمانی

ناسنامەی نیشتمانی لەسـەر بنەمایەکی سەرەکی دروسـتبووە. ئەویش جیـاوازیی نێـوان نەتەوەکـانە. چەمکـی ناسـنامەی نیشـتمانی لەدایکبـووی ســـەردەمی نـــوێیە کە ســـەرەتا لە ئەورووپـــا ســـەریهەڵدا و پاشـــان لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدەیەم ڕووی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکـانی دیـکە کـرد. کەواتە شووناسـی نەتەوەیـی بەرهەمـی گۆڕانکـارییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـانی ئەورووپـایە. هاتنەکـایەی یەکە سیاسـییە نوێیەکـان واتە دەوڵەتی نەتەوەیی بووە هـۆی دروسـتبوونی مانایەکی نـوێ لە ناسـنامەی کـۆمەڵایەتی کە ئەویش ناسـنامەی نیشـتمانی بـوو. لەم سـەردەمە بنەمـای سـەرەکیی ناسـنامە، هۆشـیاری بـوو کە گۆڕانکاریی قـووڵی لەسـەر مانـای ناسـنامە دروسـتکرد. لێـرەدا بـوو کە پرسـی ناسـنامە وەکـو پرسـێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی ڕوانگەیەکی هۆشیارانەی بۆ پەیدابوو و لەم چەند دەیەی کۆتایی هـاتە نـاو بـازنەی زانسـتە سیاسـییەکان و کۆمەڵناسـی و لە ئێستاشدا لە کـۆمەڵگەی زانسـتە جیهانییەکـان گرنگی پێدەدرێت. (زهیری، ۱۳۸٤، ص ۳۱) کەواتە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی چەمکێکی تا ڕادەیەک نـوێیە و بـووتە جێگـرەوەی چەنـد چەمکێکـی کـۆن وەکـو نەتەوەیـی و هۆشـیاری نەتەوەیـی. کە ئەم چەمکـانە زۆرتـر لە سـەدەکانی هەژدە و

نۆزده و سەرەتای سەدەی بیستەم بەکاردەهاتن. (قوام و زرگر ،۱۳۸۹ ، ص ٦٧)

به وتەیەکی دیکە خستنەڕووی چەمکی ناسنامەی نیشتمانی بە شێوەیەکی جددی بۆ سەردەمی دروستبوونی سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسییەوە بۆ دوو سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە دەوڵەتەکان بۆ بەدیهێنانی یەکێتی و یەکگرتوویی ناوخۆیی و نەهێشتنی قەیرانە ناوخۆییەکان ڕوویان لە نیشتمانسازی کرد و لە چوارچێوەی تیۆری هاوسەنگی هێزەکان بە پێویستیان زانی کە دەوڵەتانی ڕکابەر و دوژمنیان لاواز بکەن. ئەویش لە ڕێگای هاندانی ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتەکەیان دەژیان. (زهیری،١٣٨٤، ص ٣٢)

ناسنامەی نیشتمانی لە سەرەوەی ئینتمای دیاریکراوی نەتەوەیی _ عەشیرەتییە کە بە درێژایی مێژوو پاڵپشت بە چەند بنەمایەکی هاوبەش وەکو ئاین، زمان، هێما، بەها، بیرەوەری، چارەنووس و کەلەپووری هاوبەش بە ناسنامەی کلتووری نەتەوەکان واتای پێبەخشراوە. ناسنامەی نیشتمانی وەکو ناسنامەی گرێدراو بە "نەتەوە و دەوڵەتی نیشتمانی" وەکو دیاردەیەکی چەند ڕەهەندی کاریگەری لە پرسە ئابووری، سیاسی و کلتوورییەکان وەرگرت کە لە سەدەی هەژدەیەم هاتنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم دیاردەیە لە ڕووی ئابووری بەرهەمی گەشەی پیشەسازی و سیستەمی سەرمایەداری و تێکچوونی سنووری نەتەوە _ عەشیرەتییە و دروستکردنی بازاڕی نەتەوەیی بوو و لە ڕووی سیاسی کاریگەری لە شۆڕشی فەڕەنسا و دروشمەکانی ئەم شۆڕشە و بەردەوامی دەوڵەتی نیشتمانی وەرگرت. هەروەها لە ڕووی کلتووری و پەیوەندیی کاریگەری سوودی لە گەشەسەندنی تەکنەلۆجیایی، ئامرازەکانی هاتوچۆی گشتی، پەرەپێدانی پەروەردەی گشتی و دروستکردنی قۆتابخانەی نوێ، گەشەی شار و شارنشینی و زیادبوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی، پەرەسەندنی پێداویستییەکانی هاتوچۆ

و گەیاندن، جێگیربوونی کلتووری نیشتمانی و فێربوونی زمانی هاوبەش، خزمەتی سەربازی و دروستکردنی سوپای نیشتمانی و پەیدابوونی چینی نوێی ڕۆشنبیر وەرگرت. (صالح، ١٣٨٨، ص ١٢٣) ناسنامەی نیشتمانی کاتێک دروست دەبێت کە "گەل" و پڕۆسەی "نیشتمانسازی" بە مانا نوێکەی دروست بووبێت. (لطف آبادی، ١٣٩٢، ص ٦٣)

ناسنامەی نیشتمانی بریتییە لە کۆی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی گەلێکی سەربەخۆ کە تاکەکانی ئەم گەلە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە هەیە و بەهۆی ئەم بنەمایانە بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی دەکەن. ناسنامەی نیشتمانی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان گەلێک لە گەلانی دیکە. (حافظ نیا، ١٣٩٠، ص ٢١٩) ناسنامەی نیشتمانی لەسەر تایبەتمەندییەکانی نیشتمانی، فەرهەنگی، مێژوویی، ئایینی، نەتەوەیی، نەژادی و هتد دروستدەکرێت و بنەمای دەوڵەتێکی نیشتمانی پێکدێنێت. (هەمان منبع، ص ١٤٩)

ناسنامەی نیشتمانی بالاترین ئاستی ناسنامەی گشتییە کە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ وڵاتەکەی نیشاندەدات. ناسنامەی نیشتمانی پڕۆسەی وەڵامدانەوەی هۆشیارانەی گەلێکە بۆ چەند پرسیارێک لە خۆی: ئایا پێشتر کێ بووە و ئێستا کێیە؟ نیشتمانی ڕەسەن و هەمیشەیی لە کوێیە؟ چ کلتوور و شارستانییەتێکی هەیە و چ ڕۆڵێکی لە پەرەپێدان بە شارستانیەتی جیهانی هەبووە و لە ئێستادا لە سیستەمی جیهانی چ پێگەیەکی سیاسی، ئابووری و کلتووری هەیە؟ لە کۆتاییدا ئەو بەهایانە لە ناسنامەی مێژوویی پێی گەیشتووە تا چ ڕادەیەک لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووری کاریگەری دەبێت.

لە پێناسەیەکی دیکەدا ناسنامەی نیشتمانی بە مانای هەستی وەفاداری بەرامبەر بنەما و سومبولە هاوبەشەکانە لە کۆمەڵگای نیشتمانی و لە ناو سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی. بەپێی ئەم پێناسەیە، ئینتما و

وەفـاداری تاکەکـانی نـاو کۆمەڵگـای نیشـتمانی بە هەر کـام لە بنەمـا و سـومبولە نەتەوەیەکـان؛ واتە نیشـتمان، ئـاین، دابونەریت، مێژوو، زمـان و ئەدەب، خەڵـک و دەوڵەت، ڕێـژەی هەسـتی ناسـنامەی نیشـتمانی تاکەکـانی ئەو کۆمەڵگایە دیاردەکات. (قاسمی و دیگران،١٣٩٠، ص ٦٣)

٢-٢-١ -بنەماکانی ناسنامەی نیشتمانی

هەنـدێک لە زانایـانی سیاسـی، کۆمەڵناسـی و جوگرافیـا بنەماکـانی ناسـنامەی نیشـتمانی دیـاریکردووە. بە شـێوەیەکی گشـتی لە جوگرافیـا، "نیشتمانی هاوبەش" و "مێژوی هـاوبەش" بە بنەمـای سـەرەکی زانـراون. لە زانسـتە سیاسـییەکان. "سیسـتەمی سیاسـی هـاوبەش"، "نیشـتمان" و "نیشـتمانی "Nationality" بە بنەمـای سـەرەکی زانـراون و لە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان، "زمـانی هـاوبەش"، "ئـاینی هـاوبەش" و "دابـونەریتی هاوبەش" بە بنەمای سەرەکی دانراون. بێگومان ناسنامە دیاردەیەکە کە لە هەموو ئەم بنەمایانە هەروەهـا بنەمـای کلتـووری پێکهـاتووە. (مجتهد زادە، ١٣٩١، ص ٣٣٧- ٣٣٦)

٢-٢-٢- ڕەهەندەکانی ناسنامەی نیشتمانی

ناسنامەی نیشتمانی پێنج ڕەهەندی هەیە کە بریتین لە : ١- ڕەهەندی دەروونـی ٢- ڕەهەنـدی کلتـووری ٣- ڕەهەنـدی نەتەوەیـی ٤- ڕەهەنـدی مێژوویی ٥- ڕەهەندی سیاسی

ڕەهەنـدی دەروونـی: ئەم ڕەهەنـدە لەوە سـەرچاوە دەگرێـت کە تاکەکـانی نـاو گـرووپ یـا نەتەوەیەک هۆشـیارییان لەسـەر ئەوە هەیە کە بوونی ئەوان لە ناو گروپەکە بەهۆی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە. هەسـتێکی لەم شێوەیە بۆی هەیە تا مـاوەیەکی زۆر بە شـاراوەیی بمێنێتەوە بەڵام لە ناکـاو بەهـۆی هۆکارێـک وەکـو ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم نەتەوە لەگەڵ

دوژمنێکی ناوخۆیی یا دەرەکی کە بووەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر خەڵک، بەدەربکەوێت.

١. ڕەهەندی کلتووری: فەرهەنگ بە یەکێک لە گرنگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی ناسنامەی نیشتمانی ئەژمار دەکرێت. کلتوور، کەلەپووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکە کە بەرهەمی مادی، هزری و ڕۆحی لەخۆدەگرێت. گرنگترین بنەماکانی کلتووری ناسنامەی نیشتمانی بریتین لە: بەهاکان، ئاین، زمان، بیر و باوەڕ، دابونەریت و ... هتد.

٢. ڕەهەندی میژوویی: واتە لە ڕووی کات و زەمانەوە گەلێک دەبێت چەند بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە هەتا بتوانێت ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆی دیاریبکات، کە لەم بابەتە هیچ ڕێسا و یاسایەک بوونی نییە. بۆ نموونە گەلانی بەریتانیا و فەرەنسا ڕیشەی خۆیان بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێننەوە. بەڵام ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەکانی چین، یونان و ژاپۆن بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە. بە پێچەوانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوسترالیا و کەنەدا میژوویەکی دوو سەد تا سێ سەد ساڵەیان هەیە. پێشینەی میژوویی نەتەوەیەک وەکو سەرچاوەی ڕاستی و دروستی بۆ نەتەوەیەک و کلتوورەکەی ئەژمار دەکرێت و پەیوەندی نێوان تاکەکان لەگەڵ سنووری ژیانی باو و باپیرانیان دروستدەکات.

٣. ڕەهەندی نەتەوەیی: بەهۆی ئەم ڕەهەندەوە نەتەوەکان دەتوانن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە شوێن، ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆیاندا بگەڕێن.

٤. ڕەهەندی سیاسی: ئەم ڕەهەندە لە پەیوەندی نێوان ناسنامەی نیشتمانی لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی مۆدێرن سەرچاوە دەگرێت. بە

شـێوەیەکی گشـتی ڕۆڵـی حکـومەت لە دروسـتکردنی ناسـنامەی نیشتمانی بریتییە لە:

٥. الـف_ دروسـتکردن و بڵاوکـردنەوەی وێنەیەکـی یەکدەسـت لەو نەتەوەیەی کە لە چوارچێـوەی سـنووورەکانی هەرێـمەکەی پـێکەوە دەژین.

٦. ب_ حکومەت هەڵدەستێت بە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک سومبول لە نێوان تاکەکانی کومەڵگا.

٧. ت_ حکـومەت مـافی زۆرتـر بـۆ هاوڵاتییـانی دابینـدەکات بەم شـێوەیە هەسـتی وەفـاداری هاوڵاتییـان بەرانـبەر بە حکـومەت و نیشـتمان زیاددەکات.

٨. پ_ دروسـتکردنی دوژمنێکی هاوبەشـی ڕاسـتەقینە یـان وەهمـی. (میرحیدر و دیگران ١٣٩٢،صص ١٧٨- ١٧٧)

٣ _هۆکارەکانی لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق

٣_١ _دروستکردنی سنوور و جوگرافیایەکی دەستکرد بە ناوی عێراق لە لایەن هێزی دەرەکییەوە

وڵاتـی عێـراق پـێش هەمـوو شـتێک لەدایکبـووی سیاسـەتێکی جیۆپـۆلیتیکی نێـودەوڵەتییە. (مـرادی و افضـلی، ١٣٩٢ ، ص ٢٨٥) جەنگـی یەکەمـی جیهـانی کۆتـا جەنـگ بـوو، کە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی وەکـو زلهێزێـک لەنـاو زلهێزەکـانی دیـکە دەرکەوت. (لـوئیس، ١٣٨١، ص ٣٥١) دیارترین کاریگەریی جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕینی نەخشـەی سیاسـی ئەورووپا بـوو. چـوار ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئەڵمانیـا، نەمسـا – هەنگاریـا، ڕووسـیا و عوسـمانی کە لە سـاڵی ١٩١٤ بە ناوەنـدەکانی سـەرەکیی دەسـەڵات ئەژمـار دەکـران لە سـاڵی ١٩٢٠ لە نەخشـەی جیهـان سـڕانەوە.

(نقیب زاده، ١٣٦٩، صص ١٧٠- ١٦٩) براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دابەشکرد و عێراق یەکێک لەو ولاتانە بوو کە بەهۆی ئەم دابەش بوونە دروستکرا، (جعفری ولدانی، ١٣٧٦) کەواتە عێراق بە سنوورەکانی ئێستاوە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بوونی نەبوو. ئەم ولاتە وەکو بەشێک لە پڕۆسەی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕێگەی بەزۆر لکاندنی سێ ویلایەتی بەسرە، بەغدا و موسڵ دروستکرا.

لە ساڵی ١٩٢١ هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیا پاشانشینی عێراقی لە ویلایەتەکانی عوسمانی: بەسرە، بەغداد و موسڵ واتە لە "عێراقی عەرەبی" و "کوردستانی باشوور" وەک دەوڵەتێکی عەرەبی سەنتراڵ پێکهێنا، بێ ئەوەی ویست و مافی ڕەخنە دیاریکردنی ئایندەی (چارەنووسی) گەلی کورد ڕەچاو بکرێت. سەرۆکی ئەوانەش پاشایەکی (مەلیکێکی) بیانیشی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی نەک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵکی فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی ولاتەکە دەستنیشانکرد. (عوسمان، ٢٠١٣، لل ٣٩-٣٨) پڕۆسەی دروستکردنی عێراق بە دوو قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی بووە، کە هەر ویلایەتی بەسرا و بەغدای دەگرتەخۆ، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم دوو ویلایەتە عەرەبن. قۆناغی دووەم لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بە جەستەی ئەم دەوڵەتەوە، کە زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون. ئەو دەوڵەتەی کە بەریتانیا لە عێراق دروستیکرد هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفتێکی زۆر بوویەوە. لە هەموویان گرنگتر، پێکهاتەی دانیشتووانی ئەم سێ ویلایەتە بووە، کە خراونەتە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دەستکردە، چونکە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە زۆر لەیەکجیاواز بوون و هەر یەک لەم ویلایەتانە خاوەن تایبەتمەندی نەتەوەیی و تایفی تایبەت بە خۆیان بوون؛ عەرەبەکان دابەش دەبوون بە سەر دوو تایفەی شیعە وسوننەدا و زۆر بە کەمی تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. لە لایەکی

دیکەوە کورد زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵی پێکدەهێنا و لە ڕووی نەتەوەییەوە بە تەواوەتی جیاواز بوون لە دانیشتووانی ویلایەتی بەسرا و بەغدا و داوای مافی چارەنووسی خۆیان دەکرد. (عەبدوللا هیتوتی ،٢٠٠٩ ، ل ١٨)

سەبارەت بە هەنگاوی یەکەمی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، لە دوای شۆڕشی ١٩٢٠ لە باشووری عێراق، بەریتانیا هەندێک هەنگاوی بەپەلەی هاویشت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی خۆی لە عێراقدا. کە ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی لایەنگری خۆی. لەم چوارچێوەدا و بۆ ئەم مەبەستە لە (١١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠دا "پرسی کۆکس" نێردراوی پایەبەرزی حکومەتی بەریتانیا، لە ڕێگەی ڕاگەیاندراوێکەوە، دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی "عەبدولرەحمان نەقیب گەیلانی" ڕاگەیاند و لە (٢٥) تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا ئەم حکومەتە بە فەرمی ڕاگەیەندرا. لە دوای ئەوەی مەلیک فەیسەڵی کوڕی حوسێن لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ کرا بە مەلیکی عێراق و کۆتایی بە ئەرکی ئەم حکومەتە هات. (فرج شریف، ٢٠٠٦، ص ٩٦) هەنگاوی دووەمی ستراتیژیەتی بەریتانیا لە دوای دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی لە هەر دوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا، بریتیبوو لە دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە. لە ڕاستیدا بەریتانییەکان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە لە بەرژەوەندیی ستراتیژی ئەواندایە دەست بە سەر بیرە نەوتەکانی موسڵدا بگرن بە هەر نرخێک بێت و دەوڵەتێک دروستبکرێت کە هەر سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسڵ بگرێتەخۆ. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩١٨ بەریتانیا هەستا بە داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ و بە مەبەستی ڕەواییدان بەم سیاسەتە، هانای بردە بەر بەندی (٧)ی ڕێککەوتن نامەی (مودرووس) کە هاوپەیمانان بۆیان هەبوو دەست بەسەر هەر هەرێمێکی ستراتژیدا بگرن، بە تایبەت کاتێک هەرێمەکە هەڕەشەبێت لەسەریان. لە ڕووی

سیاسییەوە بەریتانیا پاش گفتوگۆ و دانوستاندنێکی زۆر و پێدانی ٢٥% هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق، توانی فەرەنسا ڕازی بکات کە واز لە باشووری کوردستان بهێنێت. پاش ئەم مانۆڕە سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازییە، بەریتانیا دۆسیەی ویلایەتی موسڵی (کوردستانی باشووری) گرتە دەست و بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ و جیاواز لە عێراق هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد تاکو لکاندی بە عێراقەوە. (عەبدوڵڵا هێتوتی، ٢٠٠٩ ،لل ٢٥-٢٣)

بەریتانیەکان گەیشتبوونە ئەم دەرەنجامەی کە دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی کە لە دوو نەتەوەی جیاواز پێکبێت (واتا عەرەب و کورد) دەتوانێت بە باشترین شێواز بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق و دەوروبەری بپارێزێت. لەبەر ئەوەی ئەم دوو نەتەوەیە بە تەواوەتی لە یەکتر جیاواز بوون و هەر کامیان بەرنامە و ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەبوو. کەواتە لکاندنی ئەم دوو نەتەوەیە بە یەکتر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبی، دەستەڵاتدارانی عێراقی ناچار دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکاری کوردەکان هەموو کاتێک پێویستییان بە هاوکاری و یارمەتی بەریتانیا بێت. لە لایەکی دیکەوە، بەریتانیا دەیتوانی لە هەر دەرفەتێک کوردەکان لە دژی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا بەکاربهێنێت, ئەگەر ئەم ولاتانە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بەریتانیا نەجوڵێنەوە. هەروەها بەریتانیا دەیتوانی بە ئاسانی چاڵە نەوتەکان کونترۆڵ بکات و مەرجەکانی خۆی بە سەر عێراقدا بسەپێنێت.

کەواتە ئەو ویلایەتانەی کە بەریتانیا عێراقی لێیان دروستکرد. تایبەتمەندی هەر کامیان لە ڕووی نەتەوەیی، ئاینی و کلتووری لەوانی دیکە جیاواز بوو. زۆرینەی خەڵکی موسڵ کورد بوون کە لە هەولێ دروستکردنی کیان و ولاتێکی سەربەخۆدا بوون. لە لایەکی دیکەوە، عەربەکان بە سەر دوو مەزهەبی جیاوازی شیعە و سوننە دابەشدەبوون, کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبوو. بە وتەیەکی دیکە دوو کەلێن

عێراقی دەستکردی تووشی زەحمەت و بارگرانی کردبوو. کەلێنی نەتەویی – نەژادی و کەلێنی مەزهەبی. کەلێنی یەکەم, لە نێوان کورد و عەرەب و کەلێنی دووەم, لە نێوان شیعە و سوننەدا بوو. نەبوونی مێژووی پێکەوە ژیانی هاوبەش پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی ئەستەم کردووە. کاتێک ڕابردووی هاوبەش و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا نەبێت، ئەو کات زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیان دروست نابێت و لەم بارودۆخەدا ناسنامە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی سنووری وڵات بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی و هاوڵاتیبوون ناکەن و بە چاوی بێگانە تەماشای یەکتر دەکەن. لەبەر ئەمە هەرگیز ناسنامەیەکی نیشتمانی لە نێوان ئەم پێکهاتانە دروست نابێت. عێراق لە سەرەتای دروست کردنیەوە تاکو ئێستا بە بەردەوامی تووشی قەیرانی ناوخۆیی و قەیرانی دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووەتەوە و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکێگرتوە لە نێگەرانی و کێشە سەرەکییەکانی هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە لە سەرەتای دامەزراندنی هەتاکو ئێستا.

هەولێر کتێب

٣_٢_ نەبوونی هۆکاری بوون

مەبەست لە هۆکاری بوون، ئەمەیە کە هەر دەوڵەتێک دەبێت بۆ پاراستن و بەردەوامی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە ئەم یەکە سیاسییە لەبەرچی دەبێت بە سەربەخۆیی و جیا لە یەکە سیاسییەکانی دیکەی جیهانبوونی هەبێت یا خود بمێنێتەوە؟ ئینتما و یەکێتیی نەتەوەیی چ لە سەر بنەمای زمان، مەزهەب و بەها هاوبەشەکان بێت یان بەهۆی ئەزموون و پێکەوە ژیانی مێژوویی هاوبەش بێت دەتوانێت لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی وڵاتێک بێت. ئەگەر هۆکاری بوونی وڵاتێک گرنگی خۆی لە دەست بدات و هۆکارێکی بوونی دیکە دروست نەکرێت، ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە و بۆی هەیە بەرامبەر گوشارەکان لە ناو بچێت. هۆکاری بوونی ئەو وڵاتە نوێیانە کە ڕابردوو و پێشینەی

میژوویی‌ان نه‌بووه، بۆی هه‌یه ئه‌ندێشه‌یه‌کی سیاسی نوێ یان ڕۆڵی یه‌کخه‌ری ڕابه‌رانی سیاسی بێت. (ملکوتیان، ١٣٨٣، صص ٢٠٥- ٢٠٤) ده‌وڵه‌ت له ڕێگای هۆکاری بوون یان ئه‌ندێشه‌ی سیاسی، وه‌فاداری هاوڵاتیان بۆ خۆی ڕاده‌کێشێت و ناسنامه‌ی نیشتمانی دروسته‌کات. له پێناسه‌ی هۆکاری بوون وتراوه: "هه‌ر ده‌وڵه‌تێک ده‌بێت هۆکارێکی بۆ بوونی وڵات هه‌بێت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بۆ هه‌موو تاکه‌کانی نه‌ته‌وه‌کانی دیار بێت و بتوانێت هۆکاری ئه‌وه‌ی که ده‌بێت به شێوه‌ی وڵاتێکی سه‌ربه‌خۆ به‌رده‌وام بێت، ڕوونبکاته‌وه. هۆکاری بوون و ئه‌و ئینتما و یه‌کێتیی نه‌ته‌وه‌یی سه‌رچاوه‌ی لێ ده‌گرێت ناسنامه‌یه‌کی نیشتمانی تایبه‌ت به وڵات ده‌به‌خشێت که پاش دروستبوونی له به‌رده‌وامیشی کاریگه‌ر ده‌بێت. (حافظ نیا و الله وردی زاده، ١٣٨٨، صص ٤٩-٤٨) به شێوه‌یه‌کی گشتی، هۆکاری بوون ده‌بێت بتوانێت ئه‌م چه‌ند ڕۆڵه له ئه‌ستۆ بگرێت

هۆکار یان زه‌مینه‌یه‌ک بۆ هێنانه‌دی و پەیدابوونی وڵات ئاماده‌بکات.

هۆکار یان زه‌مینه‌یه‌ک بۆ پاراستن و به‌رده‌وامی سه‌ربه‌خۆیی، یه‌کێتیی نیشتمانی، یه‌کپارچه‌یی خاک و به‌ها سه‌ره‌کییه‌کانی نیشتمان یا به کورتی ژیان و به‌رده‌وامی نیشتمانی بڕه‌خسێنێت.

گشتگیربوون، به شێوه‌یه‌ک که هه‌موو هاوڵاتیان بگرێته‌وه و باوه‌ڕیان پێبێنێت بۆ دروستکردن یان به‌رده‌وامی و مانه‌وه‌ی وڵات.

بێگومان ئه‌و وڵاتانه‌ی که هۆکار یان چه‌ند هۆکارێکیان بۆ دڕێژه‌پێدان به بوونی خۆیان نه‌بێت له‌وانه‌یه ده‌رفه‌تێکی که‌میان له‌به‌رده‌مدا بێت بۆ دڕێژه‌پێدان به مانه‌وه‌یان. چه‌ند وڵاتێک وه‌کو کۆماری دیموکراتیکی ئه‌ڵمانیا، چیکوسلۆڤاکیا، یوگۆسلاڤیا و یه‌کێتیی سوڤیه‌ت تا نه‌وه‌ده‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوو چه‌ند وڵاتێکی ناسراو و سه‌ربه‌خۆ بوون، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌یانتوانی هۆکارێکیان بۆ بوونی خۆیان هه‌بێت یان دروستیبکه‌ن, هه‌ڵوه‌شانه‌وه. له‌به‌ر ئه‌م هۆکاره‌یه که زۆربه‌ی ده‌وڵه‌ته‌کان

ویست و ئیرادەی ستراتیژیی خۆیان پەیوەست کردووە بە دروستکردنی هاوچەشنی نیشتمانی. هەوڵی سەرەکیی ئەوان بۆ یەکپارچەسازی نیشتمانی، کەمکردنەوەی بەردەوامیی وزەی لایەنگرانی ناوەندبەزێن و بەهێزکردنی وزەی لایەنگرانی ناوەندی بەهێزی. دەوڵەت کەڵک لە هەموو توانای خۆی بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی باوەڕی هاوڵاتییان و یەکێتی و یەکگرتنی نیشتمانی وەردەگرێت. بەڵام هەوڵی دەوڵەت بۆ هاوچەشنسازی کاتێک کاریگەرە کە زەمینەی کلتوری لەبار لە ناوخۆ هەبێت. (کامران و کریمی پور، ۱۳۸۱ ، صص ۱۲۲-۱۲۱)

هۆکاری بوونی ئەو وڵاتانەی کە لە مێژووی دوور و درێژی خۆیان (لە هەندێک وڵات زیاتر لە پەنجا سەدە) ڕوبەڕووی چەندن گۆڕانکاریی جۆراوجۆر و ناسەقامگیری بوونەتەوە. بەڵام لە پاراستنی شارستانیەت و کلتوور و نیشتمانیان سەرکەوتوو بوون، دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە بەردەوامی و مانەوەی وڵاتدا هەبێت. باشترین نموونە لەم بارەیە هۆکاری بوون لە وڵاتانی چین و میسرە. هۆکاری بوون لەو وڵاتانەی کە بەهۆی خەباتی خەڵک لە دژی داگیرکەران گەیشتن بە سەربەخۆیی و لە ئەنجامدا یەکگرتنی سەرتاسەری لەم وڵاتانە بەهۆی ڕق و کینەی خەڵک لە داگیرکەران بەدیهاتووە، بەڵام پاش سەربەخۆیی لەبەر ناکۆکی نەتەویی، مەزهەبی و زمانیی نێوانیان، گرفتاری جەنگی ناوخۆیی بوونەوە، گرنگیی خۆیان وەکو فاکتەرێک بۆ یەکێتی و یەکگرتن لەدەستدەدەن و ئەگەر لەم وڵاتانە ئەندێشەیەکی سیاسی هاوبەش و گشتگیر لە لایەن حکومەتەوە دروست نەکرێت, ئەوکات ناسەقامگیری ڕوو لە وڵات دەکات و لە کۆتاییدا دابەش بوونی وڵات پێشهاتێکی دوور نیە. (میرحیدر و دیگران، ۱۳۹۲، ص ۱۱۸)

ئەندێشەی سیاسی هۆکاری بوونی دەوڵەت گرنگترین هێزی یەکخستن و بەشێکی دانەبڕاو لە یەکپارچەسازی نیشتمانییە. ناسیونالیزم کاریگەرترین ئەندێشەی سیاسی دەوڵەتە، چ لەسەر بنەمای زمان،

مەزهەب، بەها هاوبەشەکان و چ لە سەر ئەزموون و میژووی هاوبەش بنیات نرابێت؛ ناسنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بە دەوڵەت دەبەخشێت. نە تەنیا عێراق هۆکاری بوونی پەسەند و باوەڕپێکراوی نییە, بەڵکو زۆربەی دسەڵاتدارانی هەر لە سەرەتاوە ڕێگرییان لە دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی کردووە. تەنانەت جەختیان لە سەر کەلەپووری عەرەبی دەکردەوە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ زۆربەی ناسیونالیستە عەرەبەکانی عێراق وا بیریان دەکردەوە کە عێراق لە کۆتاییدا هەڵدەوەشێتەوە و لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبی یەکێتییەکی گەورەتر دروستدەکەن. (درایسدل و جرالد اچ، ١٣٧٤، صص ٢٤٨ و ٢٣٩)

لەبەر ئەوەی عێراق لە سەر بنەما و فاکتەری دەرەکی و سەرخان دروستکراوە هەروەها دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە تێگەیشتنی ڕاست و دروستیان بۆ جوگرافیای مرۆیی (نیشتمانی و مەزهەبی) نەبووە، نەیانتوانیوە ئەندێشەیەکی سیاسیی هاوبەش دروستبکەن, کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکات و بەم شێوازە هۆکارێکی بوون, کە ببێتە هۆی سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتە دروستبکەن، لەبەر ئەوەش ناسنامەیەکی نیشتمانی بە درێژایی میژوو لە عێراق دروست نەبووە. کەواتە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی لەم وڵاتە زۆر لاوازە. پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و میژووی پڕ لە ناسەقامگیری و جەنگ لە عێراق پێمان دەڵێت کە ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای هیچ ئەندێشە و هۆکارێکی بوون بنیاد نەنراوە.

٣_٣ _سەرنەکەوتن لە پڕۆسەی دەوڵەت– نیشتمانسازی

دەوڵەت – نیشتمانسازی (Nation Building _ State) بەشداری گروپە کۆمەڵایەتییەکانە لە پڕۆسەی سیاسی و ئەم بەشداریە دەبێتە هۆی زیا بوونی هەستی وابەستەیی و ئینتیمای گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییە جۆراوجۆرەکان بۆ وڵات و بەم شێوەیە ڕەوایی بە دەسەڵات

دەدرێت. زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور (دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم) نە بە شێوەی سروشتی, بەڵکو بە شێوەی دەستکرد و خێرا گەیشتنە سەربەخۆیی، کەواتە ئەو پڕۆسەیە کە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان لە ماوەی چەند سەدەیەک تێپەڕیان کرد، زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور بە ماوەیەکی کورت و خێرا تێیان پەڕاند. بە تایبەت زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانە پاش سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن وڵاتانی داگیرکەر دروستکران، وەکو وڵاتانی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم وڵاتانە بەهۆی ناسروشتی و زوو بەڕێکردنی ماوەی سەربەخۆیی، دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان (بە شێوەی سروشتی) بوونی نەبوو و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم وڵاتانە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم دامەزراوانە بوون کە لە ئەنجامدانی ئەم کارە توشی ئاستەنگ و کێشەی جددی بوونەوە. هەروەها لە نموونە سەرکەوتووەکانی ئەوروپا، وردە وردە کۆمەڵگایەکی هاوچەشن دروستبووە و لە سەر ئەم بنەمایە دەوڵەتسازی بەرەو پێش چووە. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی پاش کۆلۆنیالیزم سنوورەکان بە شێوەی دەستکرد دروستکران پاشان دەوڵەتەکان هەوڵیاندا ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو نەتەوەی کە لە ناو سنوورەکان جێگیر کرابوون، دروستبکەن، بۆیە لەم ڕێگەیەدا ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر بوونەوە. زۆربەی وڵاتانی پاش کۆلۆنیالیزم لەسەر بنەمای چەند گروپێکی نەتەوەیی و تەنانەت لە ڕووی مێژوویی دژ بەیەک دروستکران, وەکو عێراق (شیعە، سوننە و کورد)، لەبەر ئەمە بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی چارەسەرکردنی قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکەیانن. زۆرینەیان نەیانتوانی لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە سەرکەوتوو بن. (قوام و زرگر ، ١٣٨٩) لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستکردنی حکومەت لەژێر چاودێری بەریتانیا تا ساڵی ٢٠٠٣، پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سەرکوتکردن بووە. ئەم پڕۆسە

که زیاتر له هەشتا ساڵی خایاند، کورد، شیعە و کەمینەکانی دیکە کە زیاتر لە ٨٠% دانیشتووانی وڵاتیان پێکدەهێنا بە ناچاری لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبی سوننەدا بوون کە ١٧% دانیشتووانیان پێکدەهێنا. هەر لەم کاتە بەدواوە ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت – نیشتمانسازی بووە هۆی دروستبوون و بەردەوامی قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق. (سردارنیا و مهرآبادی، ١٣٩٤، صص ١٨٢–١٨١) دابەشبوونی عێراق بۆ سێ ناوچەی کورد لە باکوور، عەرەبی سوننە لە ناوەند و عەرەبی شیعە لە باشوور هەر لە سەرەتای دروستکردنی ئەم وڵاتە وەکو یەکێک لە بژاردە و بەدیلەکان بۆ داهاتووی عێراق لەبەرچاو گیراوە. کەلێن و پەرتەوازەیی و دوورکەوتنەوەی ڕوو لە زیادبوونی نێوان گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و ئەزموونی شکست خواردووی ئیدارەکردنی عێراق لە لایەن دەوڵەت و سیستەمێکی ناوەندی، دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی بۆ دروستکردنی سەقامگیری کە زۆرینەی لایەنەکان پێی ڕازی بن کردووتە سەرەکیترین کێشە لە پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی. (اسدی، ١٣٨٦، ص ١٤٠) ناسنامەی نیشتمانی عێراق چەمکێکە کە هێشتا و پاش زیاتر لە هەشتا ساڵ لە دروستکردنی عێراق دروست نەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین, کە عێراق وڵاتێکە بەسەر دانیشتوانی سەپێندراوە و بۆ هێشتنەوەی بە یەکپارچەیی خوێنێکی زۆر دەڕژێت. (دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی،١٣٨٤، ص ٦٤)

لە لایەکی دیکەوە بۆشایی دەسەڵات لە عێراقی نوێدا، داواکاریی سیاسی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی زۆرتر کرد. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوونی کەمینەیەکی سوننە بنەمای دروستبوونی دەسەڵات و سیاسەت لە عێراق بوو. لە دوای ٢٠٠٣ و بۆ یەکەمین جار لایەنی سیاسیی شیعە و کورد بە ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندی و ڕێژەی دانیشتووان و بەپێی قەبارە و پێگەی خۆیان داوای بەشی شیاوی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی هەبوو. کەواتە دژایەتی و ناکۆکی نێوان گروپە

جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی زۆرتر لە دەسەڵات لە عێراقی نوێدا یەکێکی دیکە بوو لە کێشە سەرەکیەکانی بەردەم پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی. بە وتەیەکی دیکە چۆنیەتی دروستکردنی هاوسەنگی نێوان بەهێزکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی گشتی لە لایەک و بەجێهێنانی ماف و داواکاری لایەنە سیاسییەکان لە لایەکی دیکەوە لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی بووە لە عێراق. (برزگر، ۱۳۸۵، صص ۱۳-۱۲)

کەواتە عێراق یەکێکە لە لاوازترین وڵاتەکان لە تێپەڕاندنی پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی. هیچ کات نەیتوانیوە قەیرانی نەتەوەسازی چارەسەر بکات. مێژووی عێراق بەباشی شایەتی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدات, کە دروستبوونی ئەم وڵاتە لەسەر بنەماکانی دەوڵەت – نیشتمان نەبووە, بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی وڵاتانی براوەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بووە. (خدایی، ۱۳۹۰ ، ص ۳٦) لە ڕاستیدا لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی ڕابردوو، پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی لە عێراق بێجگە لە چەند هەنگاوێکی سەقەت، هەرگیز قۆناغێکی جددی تێنەپەڕاندووە و ئەوەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان بۆ دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بەهێز لە عێراق.

۳_٤ _کێشەی نەتەوەیی _ مەزهەبی

پرسی نەتەوەیی – مەزهەبی یەکێکە لە فاکتەرە ی کێشمەکێش و ڕکابەری نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گروپە نەتەوەیی – مەزهەبییەکان وەکو یەکێک لە ئەکتەرەکان، گرنگییەکی زۆریان لە سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پەیداکردووە. چالاکی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان سنوورە فەرمییەکانی تێپەڕاندووە و پاڵپشتی هێزە دەرەکییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. بە شێوەیەکی گشتی پێکدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بە

کورد، شیعه و سوننه هەیە. (جعفری ولدانی، ۱۳۸۸، ص ٤٥) عێراق لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی ئەوەندە ناهاوچەشن و ناتەبایە کە ناتوانرێت وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە بەڕاستی خەڵکی عێراق کێن؟ (غلامی و احمدیان ، ۱۳۹۳، ص ۱۲۳) بوونی کورد، عەرەب، تورکمان و ئاشووری و دابەشکردنی زۆرینەی دانیشتوان لەسەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە (بێجگە لە ئاین و ئاینزاکانی دیکە) فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەکی تایبەتی لەناو سنووری سیاسییەکانی عێراق دروستکردووە. لەسەر ئەم بنەمایە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لە قەڵەمڕەوی نەتەوەیی بۆ دوو جۆری "عەرەبی – کوردی" و لە قەڵەمڕەوی مەزهەبی بۆ دوو جۆری "سوننی – شیعی" دابەشدەبن. (عبدی و شیرزاد، ۱۳۹۵، ص٦٨) تاوتوێکردنێکی مێژووی عێراق دەریدەخات کە دەوڵەتێکی بێ ڕیشەیە یا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و مەقبوولییەتێکی گشتگیری نەبووە و دەوڵەتێک نەبووە کە نوێنەرایەتی هەموو گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی بکات. (نیاکویی، ۱۳۹۲، ص ۱۰۳) عێراق وەکو وڵاتێکی چەند نەتەوەیی و مەزهەبی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی پاراستنی یەکێتی و دابینکردنی ئاسایش ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە. (ثقفی عامری، ۱۳۸۵ ، ص١١٦) هەڵەمان نەکردووە ئەگەر ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین, کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وڵاتێک بە ناوی عێراقێکی یەکپارچە بوونی نییە. بە وتەیەکی دیکە بوونی عێراقێکی یەکپارچە بووە بە ئەفسانە، لە جیاتی یەک عێراق چەند عێراقێکمان هەیە، عێراق بەو شێوەیەی کە شیعەکان دەیانەوێت، عێراق بەو شێوەیەی کە عەرەبی سوننە دەسەڵاتیان هەبوو، عێراق بەو شێوەیەی کە کوردەکان دەیانەوێت و عێراقێکی دیکە بەپێی ویستی کەمینە مەزهەبی و تایفیەکانی دیکە. (جەمال، ۲۰۱۳، ل۹۰)

سەرکوتکردن و سیاسەتی یەکپارچەسازی ڕژێمی بەعسی و هەوڵ بۆ پاراستنی یەکگرتویی و یەکپارچەیی عێراق لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز، ڕێگر بوو لەوەی کە ناکۆکی و جیاوازی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق

بەدەرکەوێت، بەڵام پڕۆسەی دەوڵەت - نیشتمانسازی لە عێراقی نوێ پاش سەدام دەرفەت و کەشی گونجاوی بۆ ئاشکرابوونی ناسنامە، بەرژەوەندی و ئامانجی سەرەکی گروپە عێراقییەکان و ناکۆکی و جیاوازیی نێوانیانی دەرخست. لە قۆناغی نوێ هەر یەک لە گروپەکان هەوڵ دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر بەشێکی زیاتر لە دەسەڵات بەدەستبێنن. (اسدی، ١٣٨٦، صص١٣٣-١٣٢) بەرپرسانی حکومی خۆیان بە پابەند بەو ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبییە دەزانن, کە بە پشتبەستن بەوان دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە. لە عێراق نوخبەکان لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی دەسەڵات دەگرنە دەست و لەسەر هەمان بنەماش دەسەڵات بەکاردێنن. هۆکاری سەرەکی ئەم کارە بۆ نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی بەهێز دەگەڕێتەوە. (غلامی و احمدیان،١٣٩٣، صص ١٤٠-١٣٩)

لە ئاستی ناوخۆ، بوونی کەلێنی قوول لە نێوان شیعە، سوننە و کورد بە شێوەیەکە کە دەکرێت باسی سێ نەتەوەی جیاواز لە خاکی عێراق بکرێت. لەم ناوەندەدا دەیان ساڵ حکومەتی بەرکوتکەری عەرەبی سوننە مەزهەب لە دژی گروپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی دیکە، کەشێکی پڕ لە ڕەق و کینەی لەم وڵاتە دروستکرد, کە بە لەناوچوونی سەدام زەمینەی بۆ تونددوتیژی خۆشکرد. (نیاکویی، ١٣٩٢، ص ١٠٧) شیعە و سوننە سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور بە شێوەی دادپەروەرانە مافەکانیانی دیاریکردووە، توانای قبوولکردنی مافەکانی یەکتریان نییە و لە ڕاستیدا گرنگیدانی لە ڕادەبەدەر بە ئایدۆلۆجیا بەربەستێک بووە بۆ بنیاتنانی بنەماکانی دیمۆکراسی لەم وڵاتە. بە وتەیەکی دیکە، ئاین و مەزهەب جێگەی چەمکەکانی وەکو مۆدێرنیزم، عەقڵانیەت، لیبرالیزم، دیمۆکراسی، سکۆلاریزم و چەمکەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگای دیمۆکراتیک هەیە، گرتووەتەوە. (خدایی، ١٣٩٠، ص ٤٩)

هەستی نیگەرانی ناسنامەکانی عێراق لە یەکتر بووتە بەربەست بۆ یەکگرتوویی و کاری بە کۆمەڵی پێکهاتەکان لەناو حکومەتدا. نەبوونی ناسنامەیەکی هاوبەش هۆکارە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەش لە حکومەت وەکو شوێنێکی گشتی بۆ ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ دروست نەبێت. کەواتە بەشداری بە کۆمەڵیش لە چوارچێوەی حکومەت ڕوونادات .

ڕیشەی نەتەوەگەرایی و مەزهەب گەرایی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەیەکدابڕاوی عێراق لە لایەک و پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی – مەزهەبی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە. جیاوازیکردن لە نێوان پێکهاتەکان و کوشتنی شیعە و کورد لە سەردەمی بەعس و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵاتی سیاسی، بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، سەربازی و ئابووری لە لایەن کەمینەی سوننە بە تایبەت بەعسییەکان و دواتریش لە لایەن شیعەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دابینکردنی ئاسایشی خۆیان، هەروەها سەرکوتکردنی پێکهاتە و ناسنامەکانی دیکە لەو فاکتەرە سەرەکییانە بوون, کە لێکترازانی نەتەوەیی و مەزهەبی عێراقیان زیاتر قوولتر و توندتر کردەوە. کەواتە نەبوونی بنەماکانی ناسنامەی نیشتمانی و یەکپارچەیی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراق لە لایەک و بەرژەوەندی جیاواز و دژبەیەکی گروپە جۆراوجۆرەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراق لە لایەکی دیکەوە, ئەم وڵاتەی تووشی پێکدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی کردووە, کە گرنگترینیان پێکدادانی عەرەبی – کوردی و شیعی – سوننەیە. (متقی و محمد حسینی ، ۱۳۹۱ ص ۳۲) ئەمەش دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانیی عێراقی ئەستەم کردووە. ناسنامە جۆراوجۆرەکانی عێراق ناسنامەی تایبەتی و لۆکاڵی خۆیان پێ باشتر و پەسەندترە لە ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی.

دەرەنجام

عێراق وەکو بەشێک لە پڕۆسەی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەن بەریتانیا بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەتی خۆی لە ڕێگەی بە زۆر لکاندنی سێ ویلایەتی بەسرە، بەغدا و موسڵ دروستکراوە. بێ ئەوەی کە گرنگی بە ویست و ئارزووی گەلانی ئەم ویلایەتانە بدرێت. ئەمەش دوو کەلێنی گەورەی نەتەوەیی و مەزهەبی بۆ عێراق دروستکردووە. کەلێنی یەکەم, لە نێوان کورد و عەرەب و کەلێنی دووەم, لە نێوان شیعە و سوننەدایە. نەبوونی مێژووی پێکەوەژیانی هاوبەش پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنانەی ئەستەم کردووە. کاتێک ڕابردووی هاوبەش و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا نەبێت، ئەو کات زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیان دروستنابێت و لەم بارودۆخەدا ناسنامە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی سنووری وڵات بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی و هاوڵاتیبوون ناکەن و بە چاوی بێگانە تەماشای یەکتر دەکەن. لەبەر ئەمە ناسنامەیەکی نیشتمانی لە نێوان ئەم پێکهاتانە دروستنابێت. عێراق لە سەرەتای دروستکردنیەوە تاکو ئێستا بە بەردەوامی تووشی قەیرانی ناوخۆیی و قەیرانی دروستنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بووتەوە و نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانیی عێراقی یەکێک بووە لە نیگەرانی و کێشە سەرەکییەکانی هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنی تاکو ئێستا و هەر ئەمەش بوویتە هۆکاری ئەوەی کە عێراق وەکو یەک دەوڵەت مشروعیەتی لە ناو گەلانی عێراق نەبێت و ناسنامەکانی شیعە، سوننە و کورد بە سەر ناسنامەی نیشتمانیی عێراق زاڵببێت. بە گشتی لێرەدا دەتوانین بڵێین کە چەندین فاکتەر کاریگەریان لەسەر دروستنەبوونی ناسنامەیی نیشتمانیی عێراق هەبووە کە بریتین لە:

یەک: لەبەر ئەوەی عێراق لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دروستکراوە و گرنگی نەدراوە بە واقعی جوگرافیا و داواکاری

گەلانی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو گەلانەی لە ناو سنوورە دەستکردەکانی عێراق بوون هەر لە سەرەتاوە لە دوای ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان بن و ئەمەش کێشەی لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە عێراق دروستکردووە.

دوو: خەڵکانێک کە حوکمی عێراقیان کردووە, تێگەیشتنی ڕاست و دروستیان بۆ جوگرافیای مرۆیی (نەتەوەیی و مەزهەبی) نەبووە و نەیانتوانیوە ئەندێشەیەکی سیاسیی هاوبەش لەناو هاوڵاتییانی عێراق دروستبکەن کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکات و بەم شێوازە ئەمانە هۆکارێک بوون کە سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتە دروست نەکرێت.

سێ: پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی – مەزهەبی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی ئەستەم کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسنامە جۆراوجۆرەکانی عێراق ناسنامەی تایبەتی و لۆکاڵی خۆیان پێ باشتر و پەسەندتر بێت لە ناسنامەی نیشتمانیی عێراقیبوونیان.

چوار: لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستکردنی حکومەت لەژێر چاودێری بەریتانیا تا ئێستا پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردن بووە. ئەمەش کاریگەری لەسەر بڵاوکردنەوەی تووندوتیژی و زیاتر کردنی لێکترازانی نەتەوەیی و مەزهەبی لە عێراق و ڕێگری لە دروستبوونی مۆدێلی دەوڵەت – نیشتمانسازی کردووە و ئەمەش بە بەردەوامی ڕێگری لە دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی کردووە.

پێنج: لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش دژایەتی و ناکۆکی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی زیاتر لە دەسەڵات لە

عێراقـی نوێـدا یەکێکـی دیـکە لە کێشـە سـەرەکییەکانی بەردەم پڕۆسـەی دەوڵەت – نیشتمانسـازی. ئەمەش ڕێگـری لەوە کـردووە کە عێـراق لە تێپەڕاندنی پڕۆسەی دەوڵەت – نیشتمانسازی تووشی قەیران ببێت.

سەرچاوەکان

ا- کوردی

- جەمـال، نەوزاد، (٢٠١٣) دەوڵەت وەک پرسـێکی فەلسـەفی، سـلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- عوسـمان، ئـازاد، (٢٠١٣) ناوچـە دابڕێنـدراو و کێشـە لـە سـەرەکان، هەولێر: خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- هیتـوتی، نەوزاد عـە بـدوڵڵا، (٢٠٠٩) دۆزی کـورد لـە عێراقـدا و میکانیزمەکـانی چارەسـەرکردنی دوای ٢٠٠٣، هەولێـر: دەزگـای تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

ئینگلیزی

- Bechhofer, Frank and David McCrone. National Identity, Nationalism and Constitutional Change. London: Palgrave Macmillan, 2009.
- Andreouli, Eleni and Xenia Chryssochoou. "Social representations of national identity in culturally diverse societies". In Sammut, G., Andreouli, E., Gaskell, G., & Valsiner, J. (Eds.). The Cambridge Handbook of Social

Representations. Cambridge: Cambridge University Press, 2015.

عەرەبی

- فرج شریف، امین، (٢٠٠٦) المواطنه و دورها فی تکامل المجتمعات التعددیه (المجتمع العراقی نموذجا)، اربیل: کلیه القانون و العلوم السیاسیه، جامعه صلاح الدین.

فارسی

- آقابخشی، علی و افشاری، راد مینو، (١٣٨٣) فرهنگ علوم سیاسی، تهران: انتشارات چاپار.
- بابایی فرد، اسداله، (١٣٩٢) بحران هویت در جامعه معاصر ایران: رویکرد تاریخی، تجربی، تهران: انتشارات چاپخش.
- جعفری ولدانی، اصغر، (١٣٧٦) بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران: انتشارات دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امورخارجه.
- جعفری ولدانی، اصغر، (١٣٨٨) چالش ها و منازعات در خاورمیانه، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- حافظ نیا، محمدرضا، (١٣٩٠) اصول و مفاهیم ژئوپلیتیک، مشهد: انتشارات پاپلی
- درایسدل، آلاسایدر و جرالد اچ. بلیک، (١٣٧٤) جغرافیای سیاسی خاورمیانه و شمال آفریقا، ترجمه دره میر حیدر، تهران: موسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.

هەواڵنامەی کتێب

- دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، (۱۳۸٤) عراق پس از سقوط بغداد، تهران: مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.
- عباسی قادی، مجتبی و خلیلی کاشانی مرتضی، (1388) تأثیر اینترنت بر هویت ملی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.
- قوام، عبدالعلی و زرگر افشین ، (۱۳۸۹) دولت سازی، ملت سازی و نظریه روابط بین الملل، تهران: انتشارات آثار نفیس.
- گل محمدی، احمد، (۱۳۹۳) جهانی شدن فرهنگ، هویت، تهران: نشر نی.
- لوئیس، برنارد (۱۳۸۱) خاورمیانه: دوهزار سال تاریخ از ظهور مسیحیت تا امروز، ترجمه حسن کامشاد، تهران: نشرنی.
- مجتهد زاده، پیروز، (۱۳۹۱) جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی، تهران: انتشارات سمت.
- مرادی، اسکندر و افضلی، رسول (۱۳۹۲) اندیشه های جدید در ژئوپلیتیک : پست مدرنیسم، پسا ساختارگرایی و گفتمان ، تهران: انتشارات زیتون سبز.
- میرحیدر، دره و دیگران (۱۳۹۲) مبانی جغرافیای سیاسی، تهران: انتشارات سمت.
- نقیب زاده، احمد، (۱۳٦۹) تحولات روابط بین الملل (از کنگره وین تا امروز)، تهران: قومس.

همه لانه‌ی کتاب

- هـانتینگتون، سـاموئل، (١٣٨٤) چـالش هـای هویـت در آمریکـا، محمودرضا گلشن پژوه و دیگران، تهران: انتشارات موسسـه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران.

گۆڤاره زانستیه فارسیەکان

- احمدی، حمید، (١٣٨٢) هویت ملی ایرانی: بنیادها، چالشها و بایسته ها، مجله نامه پژوهش فرهنگی، شماره ٦.

- احمدی، حمید، (١٣٩٠) بنیادهای هویت ملی ایرانی چهارچوب نظری هویت ملی شهروند محور، تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

- اسدی، علی اکبر، (١٣٨٦) دولت- ملت سازی در عراق جدید و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، مجله سیاست دفاعی، سال پانزدهم، شماره ٦٠.

- برزگر، کیهان، (١٣٨٥) چالشهای روند دولت سازی و ملت سازی در عراق و چشم اندازهای صلح و ثبات منطقه ای، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، شماره ٤٦_٤٥.

- ثقفی عامری، ناصر، (١٣٨٥) عراق جدید: تغییرات ژئوپلیتیک، فصلنامه راهبرد، ترجمه پیروز ایزدی، شماره ٣٩.

- جمشیدی، احمد، (١٣٨١) بحران هویت؛ علل و پیامدهای آن، مجله اصلاح و تربیت، شماره های ١١و١٢.

- حاجیانی، ابراهیم، (١٣٧٩) تحلیل جامعه شناختی هویت ملی در ایران و طرح چند فرضیه، فصلنامه مطالعات ملی، شماره ٥.

هەولێنەدەی کتێب

- حافظ نیا، محمد رضا و الله وردی زاده، رضا، (۱۳۸۸) رابطه سیستم سیاسی بسیط با همبستگی ملی: بررسی موردی ایران، پژوهشنامه علوم سیاسی، شماره ۱۷.

- خدایی، زهرا، (۱۳۹۰) چالش های دموکراسی سازی در عراق پس از صدام، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، شماره ٦٧.

- راکی، داود، (۱۳۸۵) نگرانیهای هانتینگتون بررسی چالشهای (هویت ملی) در آمریکا از نگاه هانتینگتون، مجله زمانه، سال پنجم، شماره ٤٤.

- زهیری، علیرضا، (۱۳۸٤) چیستی هویت ملی، فصلنامه علوم سیاسی، شماره ۲۹.

- سردارنیا، خلیل ا... و مهرآبادی، محمد زارع (۱۳۹٤)، فدرالیسم و فرهنگ سیاسی در عراق، فصلنامه روابط خارجی، سال هفتم، شماره۱.

- صالح، فروغ، (۱۳۸۸) هویت ملی، هویت قومی و وفاق ملی، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ٤۹.

- عبدی، عطاء ا... و شیرزاد، ساکار(۱۳۹۵) نقش فضاهای جغرافیایی در رقابت قدرت ها؛ مطالعه موردی: کشور عراق، فصلنامه ژئوپلیتیک، سال دوازدهم، شماره۳.

- غلامی، طهمورث و احمدیان قدرت الله، (۱۳۹۳) ماهیت دولت و امنیت ملی در عراق، فصلنامه سیاست دفاعی، شماره ۸۸ .

هەولێری کتێب

- قاسمی، علی اصغر و دیگران، (۱۳۹۰) همسازی هویت ملی و قومی در ایران، رویکرد اقوام ایرانی به وحدت ملی و حق تعیین سرنوشت، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ۵۵.

- کامران، حسن و کریمی پور، یدالله، (۱۳۸۱) مقدمه ای بر علت وجودی ایران جدید، فصلنامه مدرس، شماره ۲۵.

- لطف آبادی، محسن، (۱۳۹۲) بازخوانی نظری مفهوم هویت، مجله خردنامه، سال چهارم، شماره ۱۰.

- متقی، ابراهیم، و محمد حسینی مسعود، (۱۳۹۱) فرصت ها و تهدیدات امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران در قبال دولت - ملت سازی امریکا در عراق، مجله سیاست دفاعی(علمی-پژوهشی)، شماره ۸۰ .

- ملکوتیان، مصطفی، (۱۳۸۳) مقدمه ای بر جغرافیای سیاسی و اهمیت استراتژیک ایران، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، شماره ٦٣ .

- نیاکویی، سید امیر، (۱۳۹۲) بررسی بحران های عراق و سوریه در پرتو نظریه های امنیتی، فصلنامه علمی پژوهشی سیاست جهانی، دوره دوم، شماره ۱.

هاوژانەی کێشە

Abstract:

The main crisis in Iraq has begun since its formation until present. The main obstacle for the ongoing crisis is the lack Iraqi national identity. The main factor of lack of formation is due to United Kingdom of Britain's interference in the sovereignty of Iraq and by insisting that provinces of Iraq must stick together such as Basra, Baghdad, and Mosul (the Arab section of Iraq and the south of Kurdistan). Also, United Kingdom has forcefully imposed these geographical changes in Iraq without paying attention to people's demands and needs in Iraq. Furthermore, the United Kingdom brought an outsider to rule the country as the first king of Iraq after the World War I. After that the United Kingdom of Britain attempted to create a national identity for Iraqis through military force, but this attempt was unsuccessful. Since then, all those who tried to govern Iraq forced the military oppression to establish the long last Iraqi Identity and this model military oppression became the norm to run the country called Iraq.

The aftermath of all the events that occurred in Iraq for the past hundred years since its establishment have made it difficult for this comprehensive national identity to form in the boundary called "Iraq". In today's Iraq, its people view each other like foreigners, and there is a visible deep division among the Shias, Sunnis and the Kurds. Finally, to end this division among all the components that make up Iraq is a formation national identity.

ملخص:

أن الأزمة الأساسية للعراق منذ تأسيسه كدولة تكمن في عدم تكوين الهوية الوطنية العراقية. والعامل أو السبب الرئيسي لهذه الأزمة يتمثل في طبيعة تأسيس دولة العراق، حيث تم تشكيلها عن طريق الدمج الأجباري لولايات البصرة، بغداد والموصل (أي العراق العربي و كوردستان الجنوبية)، كمكسب لبريطانيا بعد الحرب العالمية الأولى؛ فشكلتها بهذه الصيغة لتأمين مصالحها الخاصة، من دون الأهتمام بمطالب و مصالح شعوب أي سكان هذه الولايات. حاولت بريطانيا في البداية إيجاد هوية وطنية عراقية من خلال إستخدام القوة العسكرية، ولكنها لم تنجح في مسعاها، وقد أصبح ذلك نموذجا للأشخاص الذين حكموا العراق فيما بعد، فحاولوا هم أيضا تشكيل هوية وطنية عراقية بصورة قسرية بواسطة إستعمال القوة العسكرية وممارسة القمع؛ ولقد أدى ذلك الى عجز هذا البلد في تكوين هوية وطنية عراقية عامة لأهاليه بالرغم من مرور ما يقارب مائة أعوام على صنع الأطار الرسمي والحدود الجغرافية له، بل سبب ذلك في نشر العنف في المجتمع العراقي، وأن ينظر شعوب العراق تبعا لذلك كغرباء، وأدى ذلك أيضاً الى بروز الشرخ بين العرب الشيعة والعرب السنة والكورد، وسبب ذلك كله في تكوين ثلاث هويات إثنية مختلفة بدلاً من هوية وطنية عراقية عامة وموحدة.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.15

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

پیادەکردنی چەمکی تۆلێرانس وەک چارەسەرێک بە ڕووی سێکتاریانیزمدا:

ئایا جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

هەوالنامەی کتێب

م.ی. هۆشەنگ دارا
Hoshang.hama@soran.edu.iq

م. ی. هندرێن ئەحمەد
Handren.eahya@soran.edu.iq

م. ی. سالار سوار
Salar.ismael@soran.edu.iq

فاکەڵتیی یاسا و زانستی سیاسەت و بەڕیوەبردن بەشی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

پوختە:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، زۆرێک لە گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیارییکراویش عێراق، بە دەست کێشەکانی پەیوەست بە سێکتاریانیزمەوە دەنالێنن. گوتاری ڕقلێبوونەوە، ناکۆکی و پێکدادانەکان لە سەر بنەمای پێکهاتە، تائیفیە، ئایین و مەزهەب و جیاوازییەکانی دیکە بوونەتە سیمایەکی دیاری ژیانی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیی گەلانی ئەم ناوچەیە. ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دواکەوتن و دوورکەوتنەوەی ئەو گەلانە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن. لە لیترچەری پەیوەست بەم بابەتەدا، چەندین پێشنیاز لە شوێنکاتە جیاوازەکاندا خراونەتە ڕوو. سەبارەت بە عێراقی دوای 2003شەوە، هەندێکیان، وەک دیموکراسییەکی تەوافوقی و ڕێژەیی، فیدراڵی و سێکیولاریزم، تا ڕادەیەک تاقیکراونەتەوە. هاوکات، هیچیان نەیانتوانیوە کۆتایی بەم گرفتە بهێنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی تۆلێرانس لای جۆن لۆک وەربگرێت و لە ڕووی تیۆرییەوە بە سەر کەیسی عێراقدا پیادەی بکات. پرسەکە ئەوەیە ئایا فەلسەفەی جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ و چەمکی تۆلێرانس دەتوانێت کۆتایی بە پێکدادانەکانی تائیفەکانی ناو عێراق لەسەر ئاستە جیاوازەکان بهێنێت. ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە دۆزینەوەی چارەسەرێکە بۆ کێشەکانی پەیوەست بە ئیتنۆ-سێکتاریانیزم کە بتوانێت بەردەوام بێت، ڕەگی خۆی لە کۆمەڵگادا دابکوتێت و سروشتێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق بهێنێتە کایەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی تیۆری، تۆلێرانس ڕوونەدەکاتەوە، پاشان بارودۆخی عێراقی هاوچەرخ دەخاتە ڕوو و دواجاریش پێشنیازی خۆی بۆ چارەسەری گرفتەکان دەخاتە ڕوو.

وشە کلیلییەکان: تۆلێرانس، جۆن لۆک، سێکتاریانیزم، ئیسنیسیتی، عێراق.

پیادەکردنی چەمکی تۆلێرانس وەک چارەسەرێک بە ڕووی سێکتاریانیزمدا:

ئایا جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

پێشەکی: میتۆدۆلۆژی و دەروازەی تێۆریی توێژینەوەکە

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، زۆرێک لە گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیارییکراویش عێراق، بە دەست کێشەکانی پەیوەست بە ئێتنۆ-سێکتاریانیزمەوە دەنااڵێنن. گوتاری ڕقلێبوونەوە، ناکۆکی و پێکدادانەکان لە سەر بنەمای پێکهاتە، تائیفیە، ئایین و مەزهەب و جیاوازییەکانی دیکە بوونەتە سیمایەکی دیاری ژیانی سیاسی و تەنانەت کۆمەاڵیەتیی گەلانی ئەم ناوچەیە. ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دواکەوتن و دوورکەوتنەوەی ئەو گەلانە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن. کۆمەاڵێک سکۆاڵری ئەکادیمی نوسینەکانی خۆیان پەیوەست بەم بابەتەدا کردووە، چەندین پێشنیاز لە شوێنکاتە جیاوازەکاندا خراونەتە ڕوو. سەبارەت بە عێراقی دوای ٢٠٠٣شەوە، هەندێکیان، وەک دیموکراسییەکی تەوافوقی و ڕێژەیی، فیدراڵی و سێکیوالریزم، تا ڕادەیەک تاقیکراونەتەوە. هاوکات، هیچیان نەیانتوانیوە کۆتایی بەم گرفتە بهێنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی تۆلێرانس لای جۆن لۆک وەربگرێت و لە ڕووی تێۆرییەوە بە سەر کەیسی عێراقدا پیادەی بکات. پرسەکە ئەوەیە ئایا فەلسەفەی جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ و چەمکی تۆلێرانس دەتوانێت کۆتایی بە پێکدادانەکانی تائیفەکانی ناو عێراق لە سەر ئاستە جیاوازەکان بهێنێت.

ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە دۆزینەوەی چارەسەرێکە بۆ کێشەکانی پەیوەست بە ئێتنۆ-سێکتاریانیزم کە بتوانێت بەردەوام بێت، ڕەگی خۆی لە کۆمەڵگادا دابکوتێت و سروشتێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق بهێنێتە کایەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی تیۆری، تۆلێرانس ڕوونەکاتەوە، پاشان بارودۆخی عێراقی هاوچەرخ دەخاتە ڕوو و دواجاریش پێشنیازی خۆی بۆ چارەسەری گرفتەکان دەخاتە ڕوو.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی تا چ ئەندازەیەک تۆلێرانس دەتوانێت چارەسەری گوتاری ڕقلێبوونەوە لە عێراق بکات و ئایا جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە پێویستە بە دوای کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکیدا بگەڕیین، بەمەش دەتوانرێت تیگەیشتنێکی وردترمان هەبێت سەبارەت بە هەڵنەکردن یاخود ڕقلێبوونەوەی گەلانی عێراق بەهۆی جیاوازی لە ڕووی ئایین و مەزهەب و ئیتنیکیەوە. پرسیارە لاوەکییەکان خۆیان لە چەند خاڵێک دەبیننەوە:

تیگەیشتنێکی تیۆری سەبارەت بە فەلسەفەی تۆلێرانس لەلایەن جۆن لۆکەوە و گرفتە هەنووکەییەکانی عێراق: پەیوەست بە سێکتاریانیزمەوە و تۆلیرانس وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی سێکتاریانیزمی عێراق.

گرینگانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئایا بیرۆکەی تۆلێرانس کە لەلایەن جۆن لۆکەوە بووە بە بنەما بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیتنیکی و مەزهەبی لە ڕۆژئاوا دەتوانرێت بەهەمان شێوە چارەسەرێکی گەنجاو بۆ کێشەکانی عێراق بکات.

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستن سەبارەت بە بیرۆکەی تۆلێرانسەوە، بەتایبەت ئەو

سەرچاوانەی کە باس لە تۆلێرانس ئەکات لەلایەن جۆن لۆکەوە. واتە ڕێگای بەدەستهێنانی زانیاریەکان بە شێوەیەکی تیۆریە نەوەک کرداری. ئەمەش بەهۆی ئەوەی سروشتی تۆێژینەوەکە وا پێویست ئەکات کە زیاتر پشت بە لایەنی تیۆری تۆلێرانس لەلایەن بیرمەندی بەناوبانگی بواری لیبرالیزم ببەستێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش ئەنجامدانی تۆێژینەوەی کرداری لە شوێنێکی وەکو عێراق کە تاوەکو ئەم کاتەش پێکدادانەکان بەردەوامی هەیە ئەستەمە بۆ تۆیژەران تاوەکو بتوانن دەستیان بگاتە تەواوی زانیاریەکان پەیوەست بە ئیتنۆ-سێکتەریانیزمەوە. هەروەها ئەم تۆێژینەوەیە زیاتر کار لە سەر بەدەست هێنانی داتاکان دەکات بەشێوەی چۆنایەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرفەتدان بۆ تۆیژەران بۆ کارکردنیان بەشێوەیەکی بەرفراوان تاوەکو بتوانرێت بگەینە ئەنجامی گریمانەی سەرەکی تۆێژینەوەکە. چوارچێوەی تیۆری ئەم تۆێژینەوەیە بریتییە لە تۆلێرانس لەلایەن جۆن لۆکەوە و دواتر ئەم تیۆرە جێبەجێی کەیسی عێراق ئەکات بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی تۆێژینەوەکە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە. ئەم پەیپەرە پشت دەبەستیت بە سەرچاوەی ناوەندی کە لە کتێب و گۆڤار و وێبسایتە باوەڕپێکراوەکان بەدەست دەکەون.

پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم تۆێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم بەشانی خوارەوە: لە بەشی یەکەمی ئەم تۆێژینەوەیە زیاتر کار لە سەر جۆن لۆک و میراتی فەلسەفەی تۆلێرانس دەکرێت، بە جۆرێک لە سەرەتادا چەمکی تۆلێرانس بە شێوەیەکی گشتی ڕوون دەکەینەوە، هەموو سکۆلارە ئەکادیمییەکان ئەوەندەی کە نووسینیان هەیە سەبارەت بە تۆلیرانسەوە دەخەینە ڕوو. بەڵام ئەوەی لەم چاپتەرە زیاتر کاری لە سەر ئەکەین بریتییە لە ڕوونکردنەوە و شیکارکردنی چەمکی تۆلێران لەلایەن خودی جۆن لۆکەوە، کە ئەمەش بەرچاوڕونیەکی باش ئەبێت تاوەکو دواتر بیچەسپێنین بۆ سەر کەیسی عێراق.

لە بەشی دووەمی ئەم تـوێژینەوەیەدا شـیکردنەوە و تێگەیشـتی پێویسـت بـۆ کێشـەی هەنوکەیەکـانی عێـراق، پەیوەسـت بە ئیتنـۆ سـێکتەیرانیزمەوە، ئەکەیـن، بـۆ ئەم مەبەسـتەش سـەرەتا بە شـێوەیەکی پوخـت باکگراونـدێکی مێژوویـی سـەبارەت بە تـائیفەگەریی و گوتـاری ڕقلێبوونەوە لە عێراق ئەخەینەروو، دواتر باس لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ و سـەرهەڵدانەوەی تـائیفە کپکراوەکـان دەکەیـن، لە کۆتـایی ئەم چاپتەرەشـدا بـاس لە نـالێبوردەیی ئـایینی و هەڵنەکـردن لەگەڵ ئەویتـردا دەکەیـن لە عێراقدا.

لەبەشـی سـێیەمی ئەم تـوێژینەوەیەدا زیـاتر گفتوگـۆ و بـاس لەبـارەی چەسـپاندن و جێبەجێکردنـی تیـۆری سـەرەکیی تـوێژینەوەکە، کە لە بەشـی یەکەمەدا شـیکراوتەوە، بـۆ نمـوونەی عێـراق ئەکەیـن بە شـێوەیەک کە تـۆلیرانس وەک چارەسـەرێک بـۆ کێشـەکانی ئیتنـۆ سـێکتاریانیزمی عێراق ئەخەینە ڕوو.

هەروەهـا ئەم تـوێژەنەوەیەش کۆتـای پێـدێنین بە خسـتنەڕووی دەرئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە و دواتـریش کۆمەڵێـک ڕاسـپاردە ئەخەینەڕوو.

بەشی یەکەم: جۆن لۆک و میراتی فەلسەفەی تۆلێرانس

باسی یەکەم: چەمکی تۆلێرانس

تۆلێرانس، وەک وشە، بـە مانـای هـەڵکردن لەگـەڵ ئەویـدی دێت. واتـە ئـەوەی کەسـێک یـان گرووپێـک بتوانێـت یـان بتـوانن بەرانبـەر بـە بـوونی ئەوانیتر کە لە خۆی نین لێبووردە بێت، لێگـەڕێ وەک ئـەوەی کـە هـەن لـە تەنیشتیەوە هەبن، بەبێ ئەوەی مومارەسـەی ئـەو جیاوازییانـەیان بکـەن کـە لای ئـەم پەسـەندنین یـان جێگـەی بـاوەڕ نـین. بـە واتایـەکی تـر، تـۆلێرانس هەڵکردنـە لەگـەڵ جیاوزییەکانـدا و ئەمـەش لـە حاڵەتـە بنەڕەتییەکەیـدا

هەڵکردنە لەگەڵ ئەوانەی کە خودایەک غەیری خوداکەی ئەم دەپەرستن و ئایینێک غەیری ئایینەکەی ئەم پەیڕەودەکەن (Nandy, 1988). هەڵبەتە، بابەتی تۆلێرانس، لەگەڵ ئەوەشدا کە بنچینەیەکی پەیوەست بە ئایینی هەیە، بەڵام بە تەنیا لەو چوارچێوەیەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو مەوداکەی لە ئایین دەترازێت و کولتوور، ڕۆشنبیری و سیاسەتیش دەگرێتەوە(Tønder, 2013). دەکرێت ئەمە وەها لێک بدرێتەوە کە کولتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیاواز بە زۆری بەرئەنجامی ئایین و باوەڕە جیاوازەکانە(Gasser, 1999).

تۆلێرانس وەک چەمک یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە ناو مێژووی فەلسەفە و ئایینزا ئامادەییەکی دیار و بەرچاوی هەیە. لێکدانەوەکانی ناو ئەدەبیاتی فەلسەفی پشت بەوە دەبەستن کە تۆلێرانس هەڵکردن بێت لەگەڵ باوەڕ، گوتە و کردارێ کەس یان کەسانێک کە نەک هەر لەگەڵ هی کەسە هەڵگەرەکە جیاواز بێت، بەڵکو بگرە پێچەوانە، دژ و نەخوازراویش بێت. بەو مانەیەی لە کاتێکدا ئەکتێک لە کۆمەڵگادا ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی لەگەڵی نین، بتوانن لەگەڵی هەڵبکەن و بشگرە زەمینەی مومارەسەکردنی بۆ فەراهەم بکەن و یارمەتیدەربن لەوەی ئەویدی ئازادانە مومارەسەی باوەڕەکانی بکات و خەونەکانی بکات بە ڕاستی (Bodhi, 1993).

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە تۆلێرانس لە وەهلەی یەکەمیدا حاڵەتێکە لە ڕۆشنبیریی و پەیوەندیی بە بیرکردنەوەوە هەیە؛ هەر ئەم پانتاییەی بیرکردنەوەشە کە دواتر دەرفەت بۆ بینینەوەی تۆلێرانس لە دیفاکتۆدا خۆش دەکات. ئەگەر لە قۆناغی بیرکردنەوەدا ڕێ بە داوەریی پێشوەختە و تەنانەت پاشوەختەش نەدرێت و ئەوا لە مێشکدا دایاجێست بکرێت کە دەشێت جۆرێکی تر لە بیرکردنەوە و لە باوەڕ لای کەسانێکیتر هەبێت، ئەوا لە قۆناغی کرداریدا ئاسانتر بوونی جیاوازیی ئەوانیدی قبوڵ دەکرێت و جیاوازییەکانی کۆمەڵگا دەتوانن لەگەڵ یەکتردا

ئاشییانه هەڵبکەن و هەر لایەنێکیش ئازادانە باوەڕی خۆی لە کۆمەڵگادا بکاتە گوتە و کردە.

لە چوارچێوەی کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکی فرەییدا، ئەوەی زۆرتر سەرنجەکان ڕادەکێشێت بریتییە لەوەی زۆرینە بتوانێت لە بەرانبەر کەمینە، جا ئایینیی بێت یان کولتووریی، سیاسیی، ئیتنی و ڕۆشنبیریی، هەڵ بکات و لێبوردە بێت. گرنگە زۆرینە دان بە ئازادیی کەمینەدا بنێت و تەنانەت ڕێی دەربڕینی ئازادییەکانیشی بۆ هەموار بکات. لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئازادی و ئاشتی پێویستن بۆ تۆلێرانس و ئەم دوانە دەتوانن ببنە پێشمەرجی ڕەخساندنی زەمینەیەک کە تۆلێرانسی تێدا هەست پێ بکرێت (Robb, 2007; and also: Murphy, 1997).

گۆڕانکارییە مرۆڤکردە بەرچاوەکان و لە نوێترین نموونەشیدا شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و زانیاریی وایکردووە چەمکی تۆلێرانس بە تەنیا لە چوارچێوە کلاسیکییەکەیدا نەمێنێتەوە، بەڵکو هەر جیاوزییەک لە ئەنجامی هەر ڕەوتێکی نوێ بێتە ئارا، پێویستیی بە مامەڵەیەکی لێبوردانە هەیە و دەخوازێت زۆرینە پەسەندی بکات و لەگەڵی هەڵبکات. کەواتە دەشێت بگوترێت لەگەڵ ئەوەشدا کە جەوهەری تۆلێرانس لە کات، شوێن و حاڵەتە جیاواز و نوێیەکاندا تا ڕادەیەک وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام وەزیفەکەی بەردەوام لە گۆڕاندایە و ناکرێت لە چواچێوەیەکی کلاسیکیدا لە قاڵب بدرێت، بەڵکو دەبێت وەک چەمکێکی بەرفراوان لێی بڕواندرێت؛ هەر وەک چۆن لە سەردەمی هاوچەرخدا مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە دانپێدانراوەکان دەخوازن بەرانبەر بە ڕەوتە نوێکان لێبووردەیی هەبێت و زۆرینە لەگەڵ کەمینە تازە دەرکەوتووەکاندا هەڵ بکات.

تۆلێرانسی نموونەیی، لە ڕاستیدا، هیچکات ناتوانرێت دەستەبەر بێت؛ چونکە لە حاڵەتە ئایدیاڵییەکەیدا دەبێت لە بەرانبەر ئەوانەشدا کە لێبووردە نین، لێبووردەیی پەیڕەو بکرێت کە ئەمەش نالێبوردەیی بەرهەمدێنتەوە و

لـه وەهـا حاڵەتێکیشـدا وەک کـارل پۆپـەر لـه کتێبـی کۆمـەڵگای کـراوە و دوژمنـەکانی ئامـاژەی پێدەکات تـۆلێرانس ئینتۆلێرانسـی لێدەکەوێتـەوە کـه پێچەوانـەی جەوهـەری تۆلێرانسـه (Popper, 1971). لەگـەڵ ئەمەشـدا، جـۆن ڕاولـز لـه کتێبـی تیـۆری دادپەروەریـدا بـاس لـەوە دەکـات کـه ئەگـەر کۆمـەڵگا بەرانبـەر بـه نالێبووردەیی لێبووردە نەبێت، ئەوا نـالێبووردەیی زاڵ دەبێت و کۆی گشتیی کۆمـەڵگا دەبێتـه کۆمـەڵگایـەکی نـالێبوردە. هـەر بۆیـه ڕاولـز لەو باوەڕەدایه کە پێویستە کۆمەڵگای دادپەروەر لە پێناو ئەوەدا کـه دادپەروەری خـۆی لـه دەسـت نـەدات بەرانبـەر بـه نـالێبووردەیی لێبـووردە بێـت و بـەو جـۆرە بتوانێـت وەک کۆمـەڵگایـەکی دادپـەروەر و لێبـووردە بمێنێتەوە. ئەم هەڵکردنەی ڕاولـز لەگـەڵ هەڵنـەکردن ڕەهـا نییـه و ڕێژەییـه؛ ئەو ئەم تۆلێرانسـه سنووردار دەکات بـه مانـەوەی کۆمـەڵگا و ئـەو مافـەش دەدات بـه کۆمـەڵگا کـه لـه پێنـاو هێشـتنەوەی خـۆی و دامەزراوەکانیـدا بەرانبەر بە تووندڕەوی و نالێبووردەیی هەڵوێستی هـەبێت و ئازادییـەکانی سـنووردار بکـات تـا بتوانێـت تۆلێرانسـێکی ڕاسـتەقینە بەرهـەم بهێنێت(Rawls, 2009).

باسی دووەم: تۆلێرانس لای جۆن لۆک

تـۆلێرانس وەک بیرۆکـه و وەک پراکتیـک لـه مێـژووی بەشـێک لـه ئیمپراتیـۆریەتە دێرینەکانـدا ئامـادەیی هـەبووە. لێبوردەییـەکانی کۆرشـی پاشـای هەخامەنشـییەکان، ئەسـکەندەری مەقـدۆنی، تـەیموری لـەنگ و هـەروەها لێبـووردەیی ئیمپراتۆریـەتەکـانی وەک ڕۆمـان و عوسـمانییەکان بەرانبەر بە کەمینە ئایینی و نەژادییەکان هەموو نموونەی پراکتیککراون لە تـۆلێرانس و هـەڵکردنی زۆرینـەی زاڵ لەگـەڵ کەمینـەی ژێردەسـتەدا. تۆلێرانس هەروەها لە ناو ئامۆژ و دەقە ئایینییەکاندا بوونی هەیـە و ئایینـە جیاوازەکان لـه چەنـدین تێکسـتدا پەرژاونەتـه سـەری (Fisher & Boyle, 1968).

لـه چوارچێـوەی بیرکردنـەوە و تیـۆرە فەلسەفییەکانیشـدا، چـەمکی تۆلێرانس جێگـەی سـەرنجی زۆر لـه بیرمەندان بـووە. بـاروخ سـپینۆزا لـه کتێبێکی له بارەی ئاین و سیاسەتەوە کە سالّی ١٦٧٠ بـلّاوی کردووەتـەوە پێداگریی لە سـەر ئـەوە دەکات کـە ئـازادی بـە هـەر نرخێک بێت، تەنانـەت ئەگەر لە بەرانبەر زیانیش بێت لە باوەڕداری و لە ئاشتی، هـەر شایستەی بەدەستهێنانە؛ چونکە بە بڕوای ئەو ئەوەی زیاتر دەبێتە مەترسی بۆ سـەر ولّات و بۆ سەر باوەڕ بریتییە لـه کێکردنـەوەی ئازادییـەکان. سـپینۆزا داوا دەکات هـەر تاکێک بتوانێت لە ناخی خۆیدا زەمینەی لێبووردەیی و ئازادیی خۆی و ئەوانیدی فەراهـەم بکات. ئـەو لـەوە زیـاتریش دەڕوات و ئـەوە بـە ئەرکی تاکەکان دەزانێت کە لەگەڵ بیرکردنەوە دۆگماکاندا هەڵبکـەن و لای خۆیان وەک بیرکردنەوەیەک کە بکرێت لەگەڵیدا هەڵبکرێ شـرۆڤەی بکـەن. سـپینۆزا ئـەم ئـازادی و لێبووردەییـە فیکرییـەی نـاو بیـری تاکـەکان بـە پێشمەرجی قبوڵکردنی ئەوانیدی دادەنێت، بە جۆرێک کە بە هۆیانـەوە تـاک لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ کەسانی جیاواز لـه خـۆی هەڵدەکات، هەسـتیش بـە متمانـە و ئاسـوودیی خـۆی دەکات(Spinoza, 2001) . لـەم حاڵەتـەدا کـە سـپینۆزا ڕوونـی دەکاتـەوە، لێبـووردەیی سـەقامگیر و بـەردەوام پێویستیی بەوە هەیـە هەڵکردنەکە هـەر بـە تـەنیا ئـەکتێکی پاسـیڤانە نـەبێت بەرانبەر بەوانیدی، بەڵکو تێگەیشتنێکی فیکریش بێت لە بارەی هـەموو ئـەو باوەڕانـەی کـە دەشـێت تـاک لـە ڕووی فیکریشـەوە لەگـەڵیان هـەڵ بکـات و بەرانبەریان لێبووردە بێت. لە ڕاستیشدا، ئەمە ڕیشەداکوتانی تۆلێرانسە لـه نـاو کولتـوور و مێنتـاڵیتیی کۆمەڵـدا؛ بـە جۆرێـک کـە بەرژەوەندییـەکان، جیاوازییـە تـازە دەرکـەوتووەکان و سـەرەڕۆییەکان نـەتوانن زەفـەری پـێ ببەن.

سـەرەڕای هـەموو ئـەو تێکسـتە فەلسـەفییانەی لـه سـەر تـۆلێرانس نووسراون، بـەڵام کـەس وەک فەیلەسـووفی بـەریتانی، جـۆن لـۆک [١٦٣٢–١٧٠٤] نـەیتوانیوە خـۆی بـەم بابەتـەوە بناسـێنێت. نامەکـەی لـۆک لـه مـەڕ

تـۆلێرانس لـه سـاڵی ١٦٨٩ نووسـیویەتی بـووە هـۆی ئـەوەی لـۆک بـه فەیلەسوفی تۆلێرانس بناسێندرێت(Locke, 1955). هەڵبەتە، فروانیی بیر و فەلسەفەی لۆک، بە تایبەتیش لە بابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، بوونەتە هۆی ئـەوەی فەلسـەفەی لۆک زیـاتر لـە ڕەهەندێکی هـەبێت و بـە تـەنیا لـە چوارچێوەی تۆلێرانسـدا قـەتیس نەمێنێتـەوە (Locke, 2014). جگـە لەمـە، لـۆک نـەک هـەر لـە نامەکـەی لـە مـەڕ تـۆلێرانس، بـەڵکو لـە نووسـینەکانی تریشـیدا، ئامـاژەی بـە بابـەتی تـۆلێرانس کـردووە و کردوویەتیـە هـەوێنی بیرۆکەکانی تری.

لە بنەڕەتدا، نامەکـەی لۆک سـەبارەت بـە تـۆلێرانس دەرکەوتـەی ئـەو ترسە بوو کە بە سەر لۆکدا زاڵ بوو بەوەی نەبادا مەزهەبی کاسـۆلیک بـە سەر ئینگلاندا زاڵ ببێت و ئـەم زاڵبوونـە کێشـە بـۆ ئـایین و مەزهەبـەکانی تر و هەروەها بۆ حوکمڕانی لەو وڵاتە بنێتەوە(Walsham, 2006). لـۆک پێشـوەختە بیرۆکـەی تۆلێرانسـی ئـایینی وەک چارەسـەر پێشکەشـکرد تـا ببێتە وەڵامگۆی هـەموو ئـەو ترس، گومـان و گریمانـە نەخوازراوانـەی کـە دەشێت ببنە ڕاستی. تـەواو بـە پێچەوانـەی تۆمـاس هـۆبزەوە کـە پێی وایـە تاکئاییـنی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمـەڵگا بـە باشـیی خـۆی نومایـان بکـات و ئەرکـە مەدەنییـەکانی ڕاپـەڕێنێت، لـۆک لـەو باوەڕەدایـە کـە ئـەوە فرەیـی ئاییـنییە کە دەتوانرێت بە هۆیەوە کۆمەڵگا لە نائارامی دوور بخرێتەوە. ئەو پێیوایە فرەیی گرووپـە ئاییـنییەکان لـە نـاو کۆمەڵگایەکدا بنچینـەی ئـارامیی مـەدەنیی کۆمەڵگایـە و ئـەوەی دەبێتـە هـۆی نائـارامیی، لـە ڕاسـتیدا، هەوڵـەکانی نەهێشـتنی جیاوازییەکانـە و مومارسـەکردنی ڕەتکردنـەوە و تواندنەوەی ئەوی دیکەیە. بە بڕوای لۆک لێبووردەیی و هەڵکردن بەرانبەر بەوی دی و هێشتنەوەی جیاوازییەکان گەرەنتیی ئارامیی کۆمـەڵگا دەکـات، نەک وەکیەکلێکردنی جیاوازییەکان(Locke, 1841).

شایستەی ئاماژەپێدانە کە تۆلێرانس لای لۆک، لە قۆناخی سـەرهەڵدان و گەشـەکـردنە سـەرەتاییەکانیەتی و بـۆ سـەردەمانی هاوچـەرخ، لەگـەڵ

ئەوەدا دەبێتە بنچینە، بەڵام ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئایدیاڵی وەربگیرێت و تەرجەمەی سەر واقع بکرێت؛ ئەمەش لەبەرئەوەی تا دێت جیاوازییەکان زۆرتر و قووڵتر دەبنەوە و ئەمەش پێویستیی بە تۆلێرانسێکی سینگفراوانتر و قووڵتر هەیە. لۆک لەگەڵ ئەوەدا ڕیشەی تۆلێرانسی لە ناو لیترچەری بابەتەکەدا داکوتاوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک، لە ناویاندا هۆکاری سیاسی، لەو باوەڕەدا بووە لێبووردەیی و هەڵکردن لەگەڵ کاسۆلیکەکان و بێباوەڕەکان پێویستە سنووردار بێت و نەگاتە ئەو ئاستەی کە بێباوەڕێک و پڕۆتستانێتک وەک یەک سەیر بکرێن. ئەگەر نکۆڵیکردنی لۆک لە هەڵکردن لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا لەبەر هۆکاری سیاسیی بووبێت، ئەوا نکۆڵی ئەو بەرانبەر بە بێباوەڕەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە بڕوای لۆک بەڵێن، پەیمان و سوێند ئەو چەمکە گرنگانەن کە کۆمەڵگایان پێ گرێ دەدرێت و تاکەکانی پێ دەبەستریتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە بە بڕوای لۆک، کەسی بێباوەڕ پابەندی سوێندەکانی نابێت و ناشتوانرێت حیساب لە سەر سوێندی بێباوەڕێک بکرێت(Locke, 1955). لۆک دواتر لە نامەیەکدا لەمەڕ تێگەیشتنی مرۆڤ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات و قسەلە سەر ئەگەری زیانگەیاندنی کەسانی بێباوەڕ بە پرۆسەی سیاسی و ئارامی کۆمەڵایەتی دەکات (Locke, 1841).

هێنانەوەی ئەم نموونەیە لە بیرکردنەوەی لۆک لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەدایە، کە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوەدا کە پشت بە فەلسەفەی لۆک دەبەستێت، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە کە گۆڕانکارییەکان پێویستیی پیادەکردنی فەلسەفەی لۆک بە شێوەیەکی هاوچەرخانە دەکەنە زەروورەت. جگە لەمە، لە سەر ئەو بنەمایەی کە لۆک بە باوکی ئەزموونگەرایی دادەنرێت بیرۆکەکەی سەبارەت بە تۆلێرانس بە سەر عێراقی هاوچەرخدا ئەزموون و پیادە دەکرێت؛ ئەمەش بە شێوازێک

کـه لەگـەڵ ئـەم کـات و شـوێنەدا بگونجێت کـه لەگـەڵ بـارودۆخ، کـات و شوێنی نووسینی نامەکە جیاوازیی زۆرە.

لە بەشی دواتردا شیکاری گرفتە هەنووکەییەکانی عێراق و بە تایبـەت ئەوانـەی کـە پەیوەسـتن بـە سـێکتاریانزیمەوە دەکرێـت. لـەو بەشـەدا کورتەیەک لە مێژووی تائیفەگەری و گوتاری ڕقلێبوونەوە لە عێراقدا بـاس دەکرێت و دواتر فۆکـەس دەخرێتـە سـەر عێراقی دوای ٢٠٠٣ و بـاس لـە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو کێشانە دەکات کە بـە هـۆی زەبـر و زۆرەوە بۆ چەند دەیەیەک کپ کرابوونەوە. هـەر لـەو بەشـەدا نـالێبوورەیی ئـایینی و هەڵنەکردن لەگـەڵ ئـەویتردا لـە عێراقی هاوچـەرخ بـاس دەکرێت تـا لـەم ڕێگەیەوە کێشەکان چارەسـەر و دواتریش چارەسـەرەکان پێشنیاز بکرێن.

بەشـــی دووەم: گـــرفتە هەنووکەییەکـــانی عێـــراق: پەیوەســـت بە سێکتاریانیزمەوە

باسی یەکەم: کورتەیەک لە مێژووی تائیفەگەری و گوتـاری ڕقلێبـوونەوە لە عێراقدا

دوای کۆتایهـاتنی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی، سیسـتەمی جیهـانی گۆڕانکاری گەورەی بە خـۆوە بینـی، بە تـایبەتی لە دوای ئەوەی دەوڵەتـی نەتەوەیی هاتە ئاراوە؛ بە نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەوڵی لایەنە براوەکانی جەنگی یەکەمـی جیهانی بۆ پێدانی دەوڵەتـی نەتەوەیـی بۆ هـەر یەک لە نەتەوەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەت؛ لـەم چوارچێوەیـەدا لە سـاڵی ١٩٢١ دەوڵەتـی عێراق دەمەزرێندرا. هـەر لێرەوە دروسـتکردنی دەوڵەت بـۆ گەلانـی نـاو عێـراق مشـتومرێکی زۆری بەدوای خۆیـدا هێنـا ئەمەش لەبەرئەوەی پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەت سەپێندرا بە سـەر گەلانی ناو عێراق؛ واتە گەلانی ناو دەوڵەت بە خۆیان لەگـەڵ ئەم جۆرە دروستکردنە نەبـوون، ئەمـەش بە هـۆی جیـاوازیی نەتەوەیـی و ئـاینی و نەژادی و سـێکتەریانیزمەوە. هەربـۆیەش لە سـەرەتای دروسـتبوونی دەوڵەتـی

عێراقەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەوڵەتی دروستکراوی عێراق لە دوای پێکهێنانی چەندین حکومەت لە ناو سیستەمی جیاوازەوە، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق نەیانتوانیوە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە ژێر ناوی دەوڵەتی عێراقیدا کۆبکاتەوە. بۆیە ئەم دەوڵەتە لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام بە دەست کێشەی تائیفی و مەزهەبی و ئاینییەوە دەناڵێنێت و نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتی سەرجەم پێکهاتەکان، بەڵکو هەرجارەی دەوڵەتێک بووە بۆ بەرژەوەندیی پێکهاتەیەک و لە دژی ئەوانی دیکە بووە (Simon and Tegirian 2014: 21-33)لە ڕاستیدا، هەروەک چۆن دەوڵەتی عێراق لەدایکبوونێکی ناسرووشتی هەبوو، بەهەمان شێوەش درێژەدان بە سیاسەت و حوکمڕانی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە ناسرووشتییەدا، ناسرووشتی بووە. عێراق هیچکات نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتی دامەزراوەکان و هەمیشەش، لە باشترین حاڵەتیدا، وەک دەوڵەتی پێکهاتەکان، ئەویش نەک لە سەر بنەمای یەکسانی و بەرابەریی نێوانیان، بەڵکو لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی ئەویدی، ماوەتەوە.

باسی دووەم: عێراقی دوای ٢٠٠٣ و سەرهەڵدانەوەی تائیفە کپکراوەکان

دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر و دانانی ستراتیژیەتی بااڵ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە بە دەوڵەتی سوپەر پاوەر دادەنرێت لەم سیستەمە جیهانییە، لە هەمبەر ڕێگەگرتن و تۆڵەسەندنەوە لە هەموو ئەو لایەنانەی کەوا بەرپرس بوون لەم ڕووداوانە، ستراتیژیەتی شەر لە دژی تیرۆر ڕاگەیەندرا. ناوی کۆمەڵێک گرووپ و دەوڵەتیش لە ناو لیستی ڕەشدا دانران؛ بە مەبەستی لەناوبردن و هێرشکردنە سەر. بێگومان دەوڵەتی عێراق بووە بەشێک لەم ستراتیژیەتەی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری لە سەر بکات و حکومەتەکەی بگۆڕێت. لە ساڵی ٢٠٠٣، هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراق

دەستی پێکرد و لە هەمان ساڵیش سەرکەوتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگ ڕاگەیندرا.(Gardnar 2005)

دوای ساڵی ٢٠٠٣، گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە تاکڕەوییەوە بۆ دیموکراسی، کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی دەکرد و یارمەتیی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو عێراقی دەدا، دەستی پێکرد. بێگومان پرۆسەی پەیڕەوکردن و مومارەسەکردنی دیموکراسی لەو وڵاتانەی کە تازە لە شەڕ تەواو بوون، پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆز و سەختە و پێویستی بە داڕشتنەوەی کۆمەڵێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی دووبارە بنیاتنەوەی دەوڵەت هەیە (Chetail, 2009) ئەمە بە تایبەتیش لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە چەندین ساڵ لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆریی سوننەخوازی عەرەبگەرادا بووە و بەهۆی جیاوازیی زۆر و فرەیی ئاینی و نەژادی و مەزهەبیەوە، ئاڵۆزتر دەبێت.

بەڵام عێراق دواتر بووە سەرتۆپی جەنگێکی مەزهەبی و تائیفی و ناوچەیەکی خوێناوی و پڕ لە پێکدادان بۆ جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان. نالێبوردەیی ئاینی و جیاوازی نەتەوەیی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بە شێوەیەکی دیموکراسییانە کە جێگەی هەموانی تێدا ببێتەوە و تاکەکان هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆیان بکەن و پێکهاتەکانیش هەست بە بەشداربوونیان لە کایە جیاوازەکانی وڵاتدا بکەن. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی نوێی عێراقی سەرکەوتوو نەبوو لە نەهێشتنی جیاوازیی ئاینی و مەزهەبی و بنیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراق (Al-Qarawy, 2014).

باسی سێیەم: نالێبوردەیی ئایینی و هەڵنەکردن لەگەڵ ئەویتر

بە گوێرەی ڕاپۆرتی Reese Aaron لە ٢٠١٤، عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە پێشتر خۆیان مەڵاس دابوو بە هۆی سیستەمی تاکڕەوی لە وڵاتدا و بوونی بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە کاتی گۆڕینی سیستەمی سیاسی بووە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تایفەکپکراوەکان کە پێشتر لەلایەن حزبی بەعسەوە، کە زۆرینەیان سونی بوون سەرکوت کرابوون. بۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دوای ٢٠٠٣، کە شیعەکان تیایدا زۆرینە بوون نەبوونە جێی ڕەزامەندیی گرووپەکانی تری ناو عێراق (Reese Aaron, 2014)، بەتایبەتیش بۆ سونەکان و کوردەکان. ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٣ گرتبوویانە بەر بە تایبەتی لە کوشتن و گرتنی هەموو ئەو کەسانەی کە باکگراوەندی بەعسیبوونیان لە سەر چەسپابوو و گرینگی نەدانی ئەوتۆ بۆ ئەو شارانەی کە زۆرینەیان سونە مەزهەبوون. ئەمە جگە لەوەی دەستەڵاتدارە شیعییەکان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی کوردەکانی عێراق (Shuani, 2014). دەستەڵاتی عێراقی لە دوای ٢٠٠٣ نەک هەر نەیتوانی بەرانبەر بە بەعس و پاشماوەکانی لێبووردە بێت، بەڵکو نەشیتوانی لەگەڵ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناوخۆی خۆیدا، کە دژە بەعس بوون، هەڵ بکات. ئەگەر پێش ٢٠٠٣ شەڕەکە لە نێوان بەعس و غەیرە بەعسدا بووبێت، ئەوا لە دوای ٢٠٠٣ وە تەنیا بەشکێکی کەمی شەڕەکە بۆ ئەم بابەتە بوو، بەڵکو بەشە گەورە و خوێناوییەکەی شەڕی نێوان شیعە و سونە لەلایەک و شیعە و سونە پێکەوە لەگەڵ کورد لەلایەکی دیکە بوو. لەم نێوەندەشدا کەمینە ئاینییەکانی دیکەی وەک مەسیحی و یەزیدی و ئەوانیدیکەش لە بارێکی نادڵنیادا مانەوە، کە دواتر دەرکەوتنی داعش وەک هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بۆ پرکردنەوەی بۆشاییە سیاسی و دەستەڵاتدارییەکان،

بووه هۆی ئەوەی هیچ کەسێک لەم وڵاتەدا نەمێنێتەوە کە هەڕەشەی لە سەر نەبێت.

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەستەڵاتدارە شیعەکان، بە تایبەتی لەلایەن دەستەڵاتی جێبەجێکردنەوە، لە دژی لایەنەکانی دیکەی عێراقی وەکو عەرەبی سونە و کورد. لێرەشەوە دەستەڵاتی شیعی هەوڵیدا لە ڕێگەی سەرکوتکردنی نەیارەکانیەوە زیاتر پەرە بسەنێت و خۆی بسەپێنێت. ئەم شێوازەی بەکارهێنانی دەستەڵات بووە هۆی بەرهەمهێنانی کاردانەوە بەشێوەی خۆپێشاندان لەلایەن بەشێکی زۆر لە سونەکانی عێراق. بەمەش دەستەڵاتی شیعیی عێراقی وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە بە بەکاربردنی سیاسەتی سەرکوتکردن و ئەمەش بووە هۆی توڕەکردن و وڵامدانەوەی زیاتری خۆپیشاندەران، لە چەندین قۆناغی جیاجیای دەستەڵاتی شیعی لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ (BBC, 2012).

ئەم شێوازەی حوکمکردنە بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گروپی چەکداری شیعە مەزهەب، وەکو گروپی چەکداریی حەشدی شەعبی و هەروەها دامەزراندنی هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، بە تایبەت لە پارێزگای کەرکوک. لە ئەنجامی ئەمەش ڕق و قین و هەڵنەکردن لەگەڵ یەکتر زیاتر تەشەنەی کرد و دووبارە بووە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی ناسەقامگیریی زیاتر لە وڵاتدا. ئەم شێوازەی دەستەڵاتداریێتیکردنە و پێشێلکردنی مافی گەلانی جیاواز و ئاینی جیاواز لە وڵاتدا بووە هۆی ئەوەی گەلانی عێراق نەتوانن بە شێوەی شەراکەتی هاوبەش بەیەکەوە هەڵبکەن و جارێکیتر گەلانی عێراق لە دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش بە ناوی ناسنامەی عێراقی شکست بێنن.(The New York Times, 2013)

هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، داعش، کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ توانی بەشێکی زۆری ڕووبەری عێراق کۆنترۆل بکات، بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی کەوا سونەکان تیایدا زۆرینەن. ئەمەش بووە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوی ڕق و قینی زیاتر لەلایەن گروپە مەزهەبی و ئاینەکانی ناو عێراق، چونکە دەوڵەتەکە بەرپرسیارێتیی خۆی ڕاگەیاند لە کوشتن و تاڵانکردن و خاپورکردنی هەزاران هاوڵاتی شیعە و کورد و مەسیحی و ئێزیدی (Li and Others 2015). سەرەڕای ئەمەش کورد لە باکووری عێراق جارێکیتر هەوڵی جیابوونەوەی یەکجارەکیان دا لە دەوڵەتی عێراقی؛ ئەمەش دوای ئەوەی لە مانگی سێپتێمبەری ٢٠١٧ ڕێفراندۆمی سەربەخۆی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە ناوچە کێشەلەسەراکان ئەنجامدرا. بەڵام دیسان دەوڵەتی فیدراڵیی بەغدا بە بەکارهێنانی هێز، کە زۆرینەی ئەو هێزانە گروپی شیعە مەزهەب بوون، هێرشی سەربازی بە تایبەت بۆ شاری کەرکوک ئەنجام درا (Guardian ٢٠١٧)، ئەمەش دەکرێت لێکدانەوی جیاواز بۆ ئەم ڕووداوانەی ساڵی ٢٠١٧ لە کەرکوک بۆ بکرێت. لەلایەک جارێکیتر ڕق و قینی نێوان کورد و عەرەب زیاتر کرد بەوەی گروپە شیعەکان دەستیان بەسەر دەوڵەمەندترین شاری عێراقدا گرت کە زۆرینەی کوردە و هەروەها کار کرا بۆ لەناوبردن و کەمکردنی هەموو دەستەڵات و ئاسەوارێکی دەستەڵاتی کوردی لەم شارەدا. لە لایەکیتریشەوە دەکرێت بگوترێت دەوڵەتی عێراق ڕێگری کرد لە پارچەبوونی عێراق و جیابوونەوەی کوردەکان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

بە گشتی، ئەزموونی عێراقی دوای ٢٠٠٣ لە سیاسەت و فەرمانڕەواییدا، ئەزموونێکی شکستخواردووە لە دروستکردنی ناسنامەیەکی عێراقیبوون بۆ عێراقییەکان. ئەزموونێکە پڕاوپڕە لە چیرۆکەکانی کوشتن، ئەشکەنجەدان و سەرکوتکردنی ئەویدی تەنیا

لەبەرئەوەی لە پێکهاتەی ئەم نییە. ئەم ئەزموونەی عێراق لە ماوەی نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا، هەرواز و نشێوی زۆری بە خۆوە بینیوە. ئێستا گەشتووەتە ئەوەی کە پێکدادانی نێوان تایفەکان کەمتر خوێناوی و زۆرتر سیاسی و یاساییە؛ گەڕانەوەی ڕێژەیی ئارامی لە تووندوتیژیی نێوان پێکهاتەکانی کەم کردووەتەوە. هاوکات پێویستە ئەوە لە بیر نەکرێت کە ستەمی حکومی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکان بەردەوامە و خزمەتگوزارییەکان، ئاوەدانکردنەوەکان و ڕۆڵە سیاسییەکان بە یەکسانی بە سەر ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا دابەش ناکرێت. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، عێراقی ئەمڕۆ کێشەی هەڵکردن لەگەڵ ئەوی دیکەی هەیە؛ پێکهاتە ئاینییەکان، بە تایبەت ئەوانە لە دەستوور و یاسادا دانیان پێندا نەندراوە، زیاتر لەوانی دیکە بە فەرامۆشی سپێردراون و پێکهاتە فەرمییەکانیش لە کێشمەکێشەکانی نێوانیان، هەندێک جاریش بە یارمەتی هێزی دەرەکی، بەردەوامن. لە عێراقی ئەمڕۆدا، تەنانەت ئەگەر زەمینەیەکی ئەمنیی ڕێژەیی و سیاسیی لە سەر ئاستە باڵاکان فەراهەم کرابێت، بەڵام زەمینەیەکی فیکری و ڕۆشنبیریی لە سەر ئاستی مەردومی هێشتا نەخوڵقێندراوە؛ وەک هەمیشەش کێشەکان لە یەک کاتدا لە سەروە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەگوازرێنەوە.

بەشی سێیەم: تۆلیرانس وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی سێکتاریانیزمی عێراق

هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە، دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی نارێکوپێک و لە سەر بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز دامەزرا، نەوەک وەک وڵاتێک بۆ گەلانی عێراق. هەرچەندە دروستبوونی دەوڵەت سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەڵام لە زۆربەی (بەشەکانی باکوور) ناوچە کوردنشینەکان (و بەشەکانی باشوور) ناوچە شیعەنشینەکان بووە مایەی دروستبوونی کەمینەی ئاینی و نەتەوەیی بەهێز. هەر ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کێشەی کەمینەکان و ئەم کێشەیەش بووە هۆکاری سەرەکیی نائارامی و

ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە ناو وڵاتدا. ئەم کێشەیە بەردەوامە و تا ئیستاش چارەسەرێکی بنبڕی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە متمانەی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی لێبوردەیی دوو چارەسەری گرنگن بۆ پێکەوە ژیانی گروپە ئاینییە جیاجیاکان و نەتەوە جیاجیاکان لە ناو چوارچێوەی یەک دەوڵەت و لە سایەی یەک دەستەڵاتدا(Gharaiba, 2006).

لە ڕاستیدا ئەوە تا ئاستی ئەزموونکردن سەلمێندراوە کە متمانەی کۆمەڵایەتی و تۆلێرانس دوو بنەمای سەرەکی و بەهێزن بۆ پێکەوە هەڵکردن و پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی. لێرەدا گرنگە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن متمانە و تۆلێرانس بەدی دێت و بەردەوامیش دەبێت لە هەمانکاتدا. تۆڕینەوەی یەکجار زۆر هەن لە سەر ئەم بابەتە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە زۆربەی تۆڕینەوەکان باس لە لێبوردەیی و متمانە دەکەن لە کەش و هەوایەکی سەقامگیردا. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەم دوو چەمکە بکرێت لەو کۆمەڵگایانەی کە لە کەش و هەوایەکی توندوتیژدان یان ئەو کۆمەڵگایانەی کە دوای حوکومرانییە دیکتاتۆرەکان دەژین. لە دوو دەیەی ڕابردودا زۆر لە دەستەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بەرەو بێهێزی یان بەرەو نەمان چوون؛ لە ئەنجامی ئەمەشدا گەلانی ژێر دەستەڵاتی ئەم ڕژێمانە ڕووبەڕووی پێکدادانی نەتەوەیی و مەزهەبی بوونەوە (Rydgren, Sofi and Hällsten, 2013).

دوا بەدوای لەناو چوونی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە سەر دەستی چەند وڵاتێکی زلهێز، عێراقی دوای فەرمانڕەوایی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرییە ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر بووەوە لە ئەنجامی نەبوونی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراسی و خراپیی دابەشبوونی دەستەڵات لە ژێر دەستی چەند لایەنێکی دیاریکراوی سەر بە ڕژێم. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی یەکجار زۆر دراوە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێ و حکومەتێکی دیموکراسی کە گەلانی عێراق لە ژێر سایەی ئەم

حکومەتە بتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن و ژیانێکی خۆشگوزەران بۆیان فەراهەم بکرێت. چەندین هەوڵ و چارەسەر پێشنیاز کراون بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق و ڕوبەڕووبوونەوەی سێکتاریانیزم و ئەو گوتاری ڕقەی کە هەیە و بەربڵاوە لەناو کۆمەڵگەی عێراق. چارەسەرە پێشنیارکراوەکانیش بریتی بوون لە: سیکۆلاریزم، مەدەنیەت، سیستەمی فیدرالی، دیموکراسیی تەوافوقی و هتد. بەڵام هیچ کام لەم چارەسەرانە نەبوونە هۆکاری بەرەو پێشبردنی وڵات و چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراق بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم لە ڕووی سیاسی کێشەی یەکجار زۆر لە نێوان گەلانی عێراق سەریانهەڵدا کە دروستبوونی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) و ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کێشەکەی گەیاندە لوتکە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە دابەشبوونی کۆمەڵگە لە نێوان نەتەوە جیاجیاکان بە شێوەیەکی بەرچاو و سەرهەڵدانی کێشەی سوننە و شیعەش وەک کێشەیەکی ئاینی زۆر ترسناک (Al-Thahr, 2013).

بە پێی بیروباوەری جۆن لوک، پێویستە گرنگی و کاری دەوڵەت و دین بە شێوەیەکی زۆر ورد لە یەک جیا بکرێنەوە و سنورێکی دیاری کراو و جێگیری بۆ دابنرێت کە ئەم سنورە بە هیچ شێوەیەک هیچ گۆرانکارییەک قبوول نەکات بۆیە لە یەکەم هەنگاوی بنیاتنانەوەی عێراق هەوڵی دروستکردنی حکومەتێک درا کە لە سەر بنەمای دیموکراسی تەوافوقی و مەدەنیەت کاروبارەکانی بەرێوە بچێت. بەڵام ئەم هەوڵانە بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، گرنگترین هۆکارەکانیش بریتی بوون لە نەبوونی تۆلێرانس و ڕۆحی لێبوردەیی لە ناو گەلانی عێراق و سەرهەڵدانی کێشەی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سونەدا و دەستوەردانی وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی تایبەت بە خۆیان و دووبارە سەرهەڵدانی کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراق.

جۆن لوک پێی وایە زۆربەی کات هاوپەیمانیی نێوان دەستەڵاتدار و پیاوانی ئایینی لە بەرژەوەندیی زۆرداریی حاکم بووە و زیاتر زۆرداری بە سەر یەکسانی و دادپەروەرییدا زاڵ بووە. دوابەدوای گشت ئەو هەوڵ و تەقەڵایەی درا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سیستەماتیک و دیموکراسی بۆ گەلانی عێراق، بەڵام لە بەر چەندین هۆکاری جیاواز، لە ناویشیاندا دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ، ئەم هەوڵانە لە بار بران لە ڕێگای دەستوەردانی پیاوانی ئایینی باڵا دەست لە عێراقدا. هەر ئەم دەستوەردانە بووە هۆی دروستبوونی کێشەی ئایینی و سیاسی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان و ئایینە جیاوازەکانی ناو عێراق، چونکە هیچ بریارێکی دەزگایەکی ئەمنی و بەڕێوەبەرایەتی هێندەی فتوایەکی مەرجەعی شیعە هێز و دەستەڵاتی نەبوو. (Haydary, -Al ٢٠١٢)).

لەم بارودۆخەدا تەنها تۆلیرانس دەتوانێت ببیتە فریادرەسی کێشەکانی عێراق، بەڵام ئەوەی پێویستە گرنگیی پێبدرێت ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت لە بارودۆخێکی وەهادا ئەم لەگەڵ یەکهەڵکردنە فەراهەم و دروست بکرێت. لە ڕاستیدا، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەک عێراق، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە چارەسەری نییە. چارەسەری ئەم بارودۆخە دەکرێت بە پلانی جۆراوجۆر و ستراتیژی کورتخایەن و درێژخایەن بێت.

هەڵسوکەوتی هەر مرۆڤێک بریتییە لە دەرهاوێشتەی ئەو ژینگەیەی کە تێدا پەروەردە بووە و ئەو دەوروبەرەی کە کاریگەرییان لە سەر ژیانی هەبووە، بۆیە هەندێک هەڵسوکەت بە تێپەربوونی کات فەرامۆش دەکرێن و بیردەچنەوە لەلایەن مرۆڤەکان، بەڵام هەندێک هەڵسوکەوتی تر کە جێگیربوون لە بیروبارەوری مرۆڤ ئەوە گۆڕانیان کارێکی ئاسان نابێت. بۆیە بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بێت پێویستە نەوەیەکی نوێ و بەرهەم بێت کە ڕوحی لێبوردەیی لە ناخی بچەسپێت. بواری پەروەردە یەکێکە لەو بوارە هەرە گرنگەکان کە دەتوانرێت بە

هۆیـەوە نەوەیەکـی نـوێ بەرهەم بهێنـدرێت کە هەڵگـری بیروبـاوەرێکی جیـاواز و کـراوە بێت بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەو بـاوەرە تەقلیدیەی کە کۆمەڵگـا پێـیەوە دەنالێنێـت. یەکێـک لە گرنگتـرین ئەو شـتانەی کە نەوەی نـوێ دەبێـت پێـی ئاشـنا بێـت ئەوەیە کە دووبـارە پێناسـەی چەمـک و بنەماکانی کۆمەڵگە بکرێتـەوە بەو شـێوازەی کە بتوانێت ڕای بەرامبـەر بە ئاسانی وەرگرێت و جیاوازیش قبوول بکات، کە ئەمە دوو کۆڵەکەی هەرە گرنگی تۆلێرانسن.

ئەنجام و ڕاسپاردەکان:

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـێکە بـۆ ناسـاندنی بیـری تـۆڵێرانس لە سـەردەمێکدا و جێبەجێکردنـی لە وڵاتێکـدا کە زیـاتر لە هەر کـاتێکیتر بە دەسـت نائامـادەیی ئەو چەمـکەوە دەنالێنێـت. تـوێژینەوەکە هەوڵیـداوە لە ڕێـگەی پشتبەسـتن بە ئەدەبیـاتی فەلسـەفی و سیاسـیی پەیوەسـت بە بیرۆکەی تۆڵێرانس و بە تایبەتیش بە پشتبەستن بە کتێبەکەی جۆن لۆک، تـۆلێرانس وەک چەمـک شـی بکـاتەوە. تـوێژەرانی ئەم تـوێژینەوەیە لەو بـاوەڕەدان کە ناکرێـت تـۆلێرانس لە چوارچێـوەی پێناسـەیەکدا کـورت بکرێتەوە و بە پێناسەیەک بۆ هەموو سـەردەمەکان ناوببرێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا باشـترین ناسـاندن بـۆ تـۆلێرانس ئەوەیە کە بناسـێندرێت بەوەی کە: حاڵەتێکی فرە ڕەهەندی مرۆییە کە تیایدا کۆمەڵێک بتوانێت بەرانبەر بە بوونی ئەوانیتر کە لە جۆری خۆی نین لێبووردە بێت، لەگەڵیان هەڵبکات و لێگەڕێت وەک ئەوەی کە هەن و دەیانەوێت لە تەنیشتیەوە هەبن.

هەرچەنـدە تـۆلێرانس بـابەتێکە ڕەگوڕیشـەکەی بـۆ هەڵکردنـی نێـوان ئـایین و ئـایینزا جیاوازەکـان دەگەڕێتەوە، بەڵام گەشـەی جـۆریی کۆمەڵگـا مرۆییەکان وایکردووە ئەم بـابەتە لە ئـایینەوە بـۆ پنتەکانی دیکەی ژیـانی مرۆیی لە کۆمەڵگاکاندا، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا فرەییەکانـدا، بگـوازرێتەوە،

وەک زەروورەتێک بۆ مانەوە و گەشەی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایانە. تۆژینەوەکە لەو باوەڕەدایە کە عێراقی هاوچەرخ، کە لێرەدا مەبەست لێی عێراقی پاش ٢٠٠٣یە، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنگەر نموونەیەک بووە لە کۆمەڵگایەکی فرەیی، کە فرەییەکەی بەڵایەک بووە بۆ سەر دانیشتوانەکەی، بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە. هاوکات، هەر لە سەرەتای ئاشووبی عێراقی هاوچەرخیشەوە تا ئێستا کەسانی ئەهلی سیاسەت، یاسا، سیاسەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەردەوام بوون لە پێشنیازکردنی ڕێگە چارەسەرەکان؛ بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوەی کە دیفاکتۆی عێراقی ئەمڕۆ نیشانمان دەدات، ئەوەیە کە هیچ یەک لەو چارەسەرانە، جا لە بەر پیادەنەکردنیان بێت یان لەبەر هۆکاری تری تیۆری، نەیانتوانیوە عێراق بکەنە وڵاتێک کە پێکهاتە جیاوازەکانی بە ئاسوودەیی ژیانی جیاوازی خۆیان بژین.

ئەم تۆژینەوەیە هەوڵیداوە چەمکی تۆلێرانس لای جۆن لۆک، بۆ چارەسەری کێشەکان و هەروەها بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگاکەش پێشنیاز بکات. تۆژینەوەکە، بە پشتبەستن بە شیکار و شرۆڤەکانی، گەشبینە بەوەی تۆلێرانس لە سەر ئاستی تیۆری بتوانێت وەڵامگۆی کێشەکانی پەیوەست بە ڕقلێبوونەوە و سێکتاریانیزم بێت لە عێراقدا. هەڵبەت بۆ ئەمەش کۆمەڵە پێشمەرجێک لە پێش چاو دەگرێت و سەرکەوتنی پیادەکردنی تۆلێرانسیان پێوە دەبەستێتەوە.

تۆژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە لە ڕێگەی پیادەکردنی چەمکی تۆلێرانسەوەیە کە دەتوانرێت دۆخێک بڕەخسێنرێت تا زۆرینە ددان بە ئازادیی کەمینەدا بنێت و تەنانەت ڕێی دەربڕینی ئازادییەکانیشی بۆ هەموار بکات. هەڵبەت، ئەمە پێویستە لە سەر کۆی لایەنەکان و ئاستەکانی جەلاد و قوربانی، حکومەت و هاوڵاتی، زۆرینە و کەمینە، هەروەهاش لە سەر هەموو ڕەهەندەکانی یاسا، سیاسەت، پەروەردە، ئابووری و لایەنەکانی تریش پیادە بکرێت و لە دۆخێکی تیۆرییەوە بۆ

دۆخێکی واقیعی بگوازرێتەوە. لە ڕاستشدا، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری لازیمەی پێشوەختەی تۆلێرانسن و ئەمانە دەتوانن ببنە پێشمەرجی ڕەخساندنی زەمینەیەک کە تۆلێرانسی تێدا هەست پێ بکرێت.

خاڵێکی تر کە تۆێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەوەیە کە تۆلێرانسی پیادەکراوی ئایدیاڵی هیچکات ناتوانرێت دەستەبەر بێت. ئەمەش لەبەرئەوەی تۆلێرانس لە حاڵەتە ئایدیاڵییەکەیدا پێویستە لە بەرانبەر ئەوانەشدا پیادە بکرێت کە دژی تۆلێرانسن و باوەڕیان بە لێبووردەیی و هەڵکردن نییە؛ خۆ ئەگەر لە بەرامبەر ئەوانەدا کە لێبووردە نین لێبووردەیی پەیڕەو بکرێت، ئەوا ئەم جۆرە لە تۆلێرانس ئینتۆلێرانسی لێدەکەوێتەوە کە پێچەوانەی جەوهەری تۆلێرانسە. بۆیە گەشبینیی تۆێژەران بەرامبەر بە توانای جۆن لۆک لە بیری تۆلێرانسیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە سێکتاریانیزمی عێراق، جارێکی تر سنووردار دەکرێتەوە بەوەی کە تەنەنات لە ئەنجامی تۆلێرانسی پیادەکراویشدا، هێشتا بەندیخانەکان، وەک سیمبولّی سزادان، هەر بە کراوەیی دەمێننەوە، جا با ئاوەدانیشیان کەمتر بێت.

ڕاسپاردەی سەرەکیی تۆێژینەوەکە ئەوەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراقی هاوچەرخدا هەوڵ بدرێت لە بری ئیدارەدانی کێشەکان، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و واز لە تاقیکردنەوەی دووبارەی تاقیکراوەکانیش بهێنن. عێراقی دوای بەعس نەک هەر نەیتوانی بەرانبەر بە بەعس و پاشماوەکانی لێبووردە بێت، بەڵکو نەشیتوانی لەگەڵ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناوخۆی خۆیدا، کە دژە بەعس بوون، هەڵ بکات. عێراقی نوێ پێویستیی بەوە هەیە بە یاسا و کەنالّە فەرمی و نافەرمییەکانی پەیوەست بە پەروەردە و میدیا بیری تۆلێرانس بڕوێنێت و واز لە بە یاساییکردنی پشکپشکێنەی سێکتەرەکانی کۆمەڵگا بهێنێت، کە ئەزموونێکی شکستخواردووە.

ڕاسپاردەیەکی تر ئەوەیە کە دەشێت چارەسەری تریش هەبن کە بتوانن ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، بەڵام بە بێ بوونی لێبوردەیی هیچ چارەسەرێک کاریگەر و بەردەوام نابێت. بە نموونەی ئەو هەوڵانەی کە دراون، هەوڵی دروستکردنی شوناسێکە بە ناوی شوناسی عێراقیبوونەوە کە لە سەرەتای دروستکردنی عێراقەوە هەبووە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانیدا ڕووبەرووی شکست بووەتەوە و هۆکاری سەرەکیش زۆر بە سادەیی بریتیی بووە و بریتییە لە هەستنەکردنی عێراقییەکان بە ئارامییەکی دەروونی، فیکری و ئابووری. لە دۆخێکدا کە تاک هەست بە ئارامیی نەکات لە ژینگەیەکدا، ناتوانێت شانازیی بە خاوەندارییی مەعنەویی ئەو شوێنەوە بکات و بەمەش شوناس دروست نابێت. بەڵام بیری تۆلێرانس، ئەو ئاسوودەییە دەخولقێنێت کە تاک تیایدا هەست بکات لەبەرئەوەی لە وەها سنووریکی جیۆگرافیدا دەژیت بۆیە خاوەنی ئەو ئاسوودەییەیە و هەر بۆیەشە دەتوانێت پابەندیی بەرامبەر ئەو جیوگرافیایە هەبیت و خۆی بە بەشێک لە هەمووی و هەموشی بە هی خۆی بزانێت.

هەوالنامەی کێبڕ

References:

- Al-Haydary, I (2012) John Locke and Tolerance [Online] Available at: https://elaph.com/Web/opinion/2012/12/781494.html [Accessed١٢/٠٣/٢٠١٩].

- Al-Qarawee, H (2014) Iraqi's Sectarian Crisis: A Legal of Exclusion: Carnegie, Middle East Centere [Online]. Available from: file:///C:/Users/handren/Desktop/Tolerance/iraq_sectarian_crisis.pdf [Accessed 10 March 2019].

- Al-Thahr, J (2013) Political history of the contemporary Iraq. 1st ed. Iraq: Ministery of Culture.

- BBC (2012) Iraq Sinni Protests in Anbar Against Nouri al-Maliki. [Online]. Available from: <https://www.bbc.com/news/world-middle-east-20860647> [Accessed 26 December 2018].

- Bodhi, B. (1993). Tolerance and diversity. BPS Newsletter Cover Essay.

- Brahimi, L (2007) State Building in Crisis and Post-Conflict Countries. [Online]. Available from: <unpan1.un.org/intradoc/groups/public/documents/un/unpan026305.pdf> [Accessed 10 March 2019].

- Chetail, V (2009) Post-Conflict Peacebuilding. 1st ed. UK: Cambridge University Press.

- Fisher, W. B., & Boyle, J. A. (Eds.). (1968). The Cambridge History of Iran: The Seleucid, Parthian, and Sasanian periods, edited by Ehsan Yarshater (2 pts.). University Press.

- Gardnar, H (2015) American Global Strategy and the 'War on Terrorism'. 1st ed. Routlege: London.

- Gasser, M. B., & Tan, R. N. (1999). Cultural tolerance: Measurement and latent structure of attitudes toward the cultural practices of others. Educational and psychological measurement, 59(1), 111-126.

- Gharaiba, I (2006). *صفحات من تاريخ العراق*. [Online] Available at: https://www.aljazeera.net/knowledgegate/books/2006/12/31/%D8%B5%D9%81%D8%AD%D8%A7%D8%AA-%D9%85%D9%86-%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82 [Accessed 21 02 2019].

- Li X, Zhang, R, Huang, CH and Li, D (2015) Detecting 2015 Northeren Iraq Insurgency using night-time Light Imagery: *International Jounral of Remote Sensing*. Volume 36, 2015 Nummber (13) Pages (3446-3458). [Online]. Available from: <https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01431161.2015.1059968> [Accessed 14 Junuary 2019].

- Locke, J. (1841). An essay concerning human understanding.

- Locke, J. (2014). Second Treatise of Government: An Essay Concerning the True Original, Extent and End of Civil Government. John Wiley & Sons.

- Locke, J., & Popple, W. (1955). A letter concerning toleration (No. 22). New York: Bobbs-Merrill.

- Murphy, A. R. (1997). Tolerance, toleration, and the liberal tradition. Polity, 29(4), 593-623.

- Nandy, A. (1988). The politics of secularism and the recovery of religious tolerance. Alternatives, 13(2), 177-194.

- Popper, K. R. (1971). Open Society and its Enemies. Volume 2: The High Tide of Prophecy: Hegel, Marx, and the Aftermath.

- Rawls, J. (2009). A theory of justice. Harvard university press.

- Reese, A (2013) Sectarian and Regional Conflict In The Middle East: Middle East Security Report 13. *Institute For the Study of War*: the USA. [Online]. Available from: <https://www.globalgovernancewatch.org/docLib/20140109_SectarianandRegionalConflictintheMiddleEast_3JUL.pdf> [Accessed 14 Junuary 2019].

- Robb, J. (2007). Verticillium tolerance: resistance, susceptibility, or mutualism?. Botany, 85(10), 903-910.

- Rydgren, J. Sofi, D and Hällsten, M,(2013) Interethnic Friendship, Trust, and Tolerance: Findings from Two North Iraqi Cities. (Vol. 118, No. 6). The University of Chicago Press.

- Shuani, H (2018) Iraq Devided for ‘Kurds, Sunni and Shia’ and finish the 100 years conflict. Gulan Magazin.

- Simon, R and Tegirian, E (2014) The Creation of Iraq 1918-1921. 1st ed. Colombia University Press: New York.

- Spinoza, B. (2001). Theological-political treatise. Hackett Publishing.

- The Guardian (2017) Kurds Defeated, Displaced and Divided after Iraq Reclaims oil-rich Kurkuk. [Online]. Available from: <https://www.theguardian.com/world/2017/oct/22/kurds-bitter-defeat-iraq-reclaims-kirkuk> [Accessed 14 Junuary 2019].

- The New York Times (2013) Dozens Killed in Battles Across Iraq as Sunnis Escalate Protests Against Government. [Online]. Available from: <https://www.nytimes.com/2013/04/24/world/middleeast/clashes-at-sunni-protest-site-in-iraq.html> [Accessed 11 March 2019].

- Tønder, L. (2013). Tolerance: A Sensorial Orientation to Politics. Oxford University Press.

- Walsham, A. (2006). Charitable Hatred: Tolerance and Intolerance in England, 1500-1700. Manchester University Press.

Abstract

Nowadays, most of the nations in the Middle East, especially Iraq, are facing ethno sectarian conflicts. Hatreds, conflicts, and essential difficulties which are based in their structure, tribes, religion, sect, ethnicity, and others are the crucial aspects on their political and social lives for all nations in the region. And this is the main factor for non-progress and far from modernity and developments. In the literature of this topic, there are so many suggestions that are discussed by different scholars regarding the solutions of ethno sectarian conflicts in Iraq. For instance, some scholars suggest and examines democracy, federalism, and secularism. However, they could not succeed in their attempts at all and they could not finish the ethno sectarian conflicts in Iraq.

The central purpose of this paper is to investigate the concept of tolerance by John lock as the theory and then apply to the case of Iraq. The research question that will guide the overall argument in this research is as follows:"How John Lock's philosophy and his concept of tolerance can be a good solution and finish ethno sectarian conflicts in the contemporary Iraq?"

The object of doing this paper is to explore and find a good solution about ethno sectarianism conflicts in order to build new Iraq in terms of political, social, and security stability. The study will draw on the existing literature about concept of tolerance by John Lock as a theoretical framework. Then, the study will understand the current situations in Iraq. Finally, this paper concludes with the recommendations and possible solutions regarding the ethno sectarian conflicts in Iraq.

ملخص:

فـی عصـرنا الحـالي، الكثيـر مـن شـعوب منطقـه الشـرق الاوسـط وتحديـدا العـراق، يعـانون مـن المشـاكل المتعلقـة بالطائفيـة. خطـاب الكراهيـه، الاخـتلاف والصدام على اساس المكون، الطائفة، الدين، المذهب والاختلافات الاخرى، هي مـن معـالم الحيـاة السياسـية والاجتماعيـه لشـعوب هذه المنطقـة. وهذه هـي احـدى اسـباب التخلـف وابتعـاد شـعوب المنطقـة الرئيسـية عـن الازدهـار. فـی الادبيـات المرتبطة بهذا الموضـوع، تـم طـرح مجموعـة مـن المقترحـات. فيمـا يخـص عـراق مابعد ٢٠٠٣، بعض هذه الادبيـات السياسية مثل الديموقرطيـة التوافقيـة والنسـبية، الفدرالية والعلمانية قد تم تطبيقها نسبيا الـى حد مـا واى منهـا لـم تكن بقـادرة علـى الوصـول الـى حـل مثـالي لهـذه المشـكلة. هـذا البحـث هـو محاولـة لتطبيـق مفهـوم التسامح لـدى جـون لـوک علـى النمـوذج العراقـی المعاصـر. والسـوال الـذي يطـرح نفسه هنا هو: هل فلسفة جون لوک بقـادرة ان تصـبح سفينة نجـات للعـراقيين وهل من الممكن حـل المشـاكل الطائفيـة من خـلال تطبيـق وتفعيـل مفهـوم التسـامح علـى المسـتويات المتعـددة؟ هـدف هـذا البحـث هـو ايجـاد الحلـول المسـتدامة للمشـاكل المرتبطـة بالقوميـة والطائفيـة وخلـق طـابع سياسـی واجتمـاعی جديـد فـی العـراق. البحث يحاول فی إطار نظري تفسير مفهوم التسامح ومن ثم شرح حالـة العـراق المعاصـرة وينتهـي بطـرح صـيغته الخاصـة بحـل المشـاكل الراهنـة فـی العـراق المعاصر.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.16

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

العامل النحوي وأضربه في حواشي الفوائد الضيائية للملا الجامي (ت ٨٩٨هـ)

هەواڵنامەی کتێب

م.م.إسماعيل محمد سعيد إسماعيل
جامعة دهوك ـ كلية التربية– عقرة
ismaeelm.saeed81@gmail.com

أ.م.د. أمير رفيق عولا المصيفي
جامعة سوران ـ كلية الآداب

الملخص

يهدف البحث إلى تسليط الضوء على العامل النحوي في حواشي الفوائد الضيائية ومدى تأثّر أصحاب الحواشي واهتمامهم بالعامل وإبرازه بنوعيه : اللفظي والمعنوي ، حيث تتبعنا العامل النحوي في حواشي شرح الجامي ووجدناه واضحاً للنظر في شواهده كافة ، ولم يغب عنه في مختلف القضايا ، وهذا يدل على أهمية العامل في التعقيد النحوي وتوفّر الدليل الذي يقوّي الحجة ويسند البرهان ، فقد ورد العامل النحوي عندهم ظاهراً بأنواعه المختلفة : اللفظي والمعنوي ، ومن المعنوي العامل الرافع للمبتدأ والخبر والرافع للفعل المضارع والناصب للحال . ومن اللفظي : الأسماء المشتقة التي تعمل عمل الفعل وغير المشتقة كاسم الإشارة واسم الفعل والأسماء المضافة التي تجرّ الاسم الواقع بعدها ، والحروف التي منها العوامل الداخلة على الفعل المضارع ، والحروف المشبهة بالفعل، وحروف الجر.

الكلمات المفتاحية : (الملا جامي ، حواشي الفوائد الضيائية، العامل النحوي).

هەوالنامەی کێب

العامل النحوي وأضربه في حواشي الفوائد الضيائية للملا الجامي (ت ٨٩٨هـ)

المقدمة :

ألّف الجامي (الفوائد الضيائية) الذي يشرح فيه كافية ابن الحاجب، ورغم أنَّ الكتاب صغير مقارنة بغيره من الشروح، فقد انتشر بين علماء عصره، ولقي اهتماماً كبيراً، وأكثَرَ الجامي في هذا الكتاب من النقل بالنصِّ عن شرح الرضي الاستراباذي (ت٦٨٤هـ) للكافية مع نسبة ما نقله إلى الرضي. قام كثير من النحاة بوضع حاشية لكتابه هذا، منهم عبد الغفور اللاري (ت٩١٢هـ) وعصام الدين الاسفرائيني (ت٩٤٣هـ) وعبدالحكيم السيالكوتي (ت١٠٦٧هـ) . وتوجُّهات الجامي النحوية مماثلة للتيار البغدادي ، مما جعل بعض المؤرِّخين المعاصرين يضعونه ضمن نحاة المدرسة البغدادية المتأخِّرين(الرفاعي ، ٢٠١٠م : ٨٣/١) ، وسمّي شرح الكافية بالفوائد الضيائية لأنّه ألّفها مراعاة لطلبته ومنهم ابنه ضياء الدين يوسف وقال في مقدمتها :" نظمتها في سلك التقرير وسمط التحرير للولد العزيز ضياء الدين يوسفي ، حفظه الله سبحانه وتعالى عن موجبات التلهف والتأسف ، وسميتها بالفوائد الضيائية، لأنّه لهذا الجمع والتأليف كالعلة الغائية ، نفعه الله تعالى وسائر المبتدئين من أصحاب التحصيل"(الرفاعي ، ٢٠١٠م : ٨٤/١).

قال الشيخ محمد الطنطاوي (ت:١٤٣١هـ-٢٠١٠م) بحق الفوائد الضيائية: " والشرح كبير الفائدة، وللإقبال على شرح الجامي عنى العلماء به"(خليفة،٢٠٠٨م:١٣٧٢/٢)، ولشرح الجامي فوائد وميزات أذاعت صيته بين العلماء والمتعلمين ، فاكتسب شهرة كبيرة مكنته من أن يكون من أوائل الكتب الدراسية عند المتعلمين في بلاد المشرق الإسلامي (الرفاعي ، ٢٠١٠م : ٨٥/١)

وتظهر أهمية شرح الجامي للكافية من خلال عدد الحواشي التي وضعت عليه حيث بلغ عددها (٤٦ حاشيةً) ، عثرنا على بعضها ولم نعثر على الكثير منها ، وقد ذكرها الدكتور أسامة طه الرفاعي والأستاذ إلياس قبلان في تحقيقهما للفوائد الضيائية .

وقد عرّف الملا جامي العامل بأبسط سبيل وأخصِّ لفظ فقال: "(والعامل) لفظياً كان أو معنوياً ما به يتقوَّم المعنى أي : يحصل (المعنى المقتضي) أي :

معنى من المعاني المعتورة على المعرب المقتضية (للإعراب) (الجامي ، ٢٠١٤م : ٦٧) . وهكذا نرى أنَّ نظريةَ النحوِ بدأت تتكامل شيئاً فشيئاً وعلى الرغم من الطعون والرُّدود والنقود التي وجهت إليها من مثل كتاب الرد على النحاة لابن مضاء القرطبي (ت:٥٩٢هـ)، فكان هذا العالِمُ من القدامى هو الوحيد الذي خرج على علماء النحو في نظرية العامل وردَّها، وأمَّا المحدثون فقد اصطخب جدلهم عن نظرية العامل ما بين مؤيد لها ومعارض أنكرها وتمرَّد عليها وحاول هدم أصولها، ومن هؤلاء، إبراهيم مصطفى في إحياء النحو، ومهدي المخزومي في النحو العربي نقد وتوجيه، وتمام حسان في اللغة العربية معناها ومبناها(السيد،٢٠٠٢: ٤٢ – بحث منشور-). ، ولكن على الرغم من الطعوُن في النظرية من القدامى والمحدثين فإننّا لا نجد أحداً قد أوجد البديل المقنع الذي يقوم على تفسير هذه الظواهر النحوية ومبادئها وقوانينها المحددة لها. ونرى أن الجامي وشرّاح الحواشي – ممّن نتناولهم خصوصاً- من المؤيدين لنظرية العامل ويبدو ذلك واضحاً في حواشيهم إذ إنَّهُم من جهة قد بنوا كلامهم على أساس نظرية العامل(الجامي ، ٢٠١٠م:١٠٨) وقد وقفوا عند تعريف الجامي للعامل وشرحوه وأفاضوا في الحديث عن العامل ، وأوضحوا في كلامهم العوامل اللفظية والمعنوية وقسَّموا العوامل اللفظية على اسم وفعل وحرف وما يلحق ذلك من إعمال وتقسيمات، ونلحَظُ ذلك بوضوح في صفحات حواشيهم على أنَّهم متابعون لسيبويه في الفصل بين ألقاب الإعراب وألقاب البناء وذلك عند الحديث في الرفع والنصب والجر. إذ رمزوا لألقاب الإعراب بـ(الرفع والنصب والجر والسكون وهذه التي قد أثر فيها العامل)، أمَّا ألقاب البناء فهي (الضمُ والفتحُ والكسرُ والجزمُ) وهذا يتّضح في حواشيهم (الأكيني ، ٢٠١٤ : ١٠٨-١٠٩-١١٣، واللآري ، ٢٠١٤ : ١٠٨-١١٣) .

أمّا الكوفيون فلم يفرّقوا بين علامات الإعراب والبناء(ابن يعيش ، ٢٠٠١م:٧٢). ، فكانوا يطلقون النصب مثلاً على المبني على الفتح كما يطلقون الفتح على المعرب المنصوب وهكذا(المخزومي،١٣٧٧هـ - ١٩٥٨م : ٢٩٧). .

وقد قسّم النحاة العوامل إلى: لفظية ومعنوية، وصنفوا اللفظية باعتبار أقسام الكلام إلى: الاسم والفعل والحرف، وميّزوا العامل القوي والضعيف والأصل والفرع وجملة العوامل أربعة معنى واسم وفعل وحرف (السيوطي ،١٩٨٠

:٩٤)،. وعلى هذا الأساس سنتناول العوامل في حواشي الملا جامي، ونقسِّم البحث على مطلبين، الأول للعوامل المعنوية، والثاني للعوامل اللفظية.

المطلب الأول: العوامل المعنوية :

ومعناه: "أنَّ المعمول يأتي عارياً من مصاحبةِ لفظٍ يتعلق به كرفع المبتدأ بالابتداء ورفع الفعل المضارع لوقوعه موقع الاسم"(ابن جني ، ١٤٢٨هـ-٢٠٠٨م : ١١٠). ومن هنا انطلق الشريف الجرجاني مُعرِّفاً العامل المعنوي قائلاً: العامل المعنوي: "هو الذي لا يكون للسان فيه حظٌ وإنَّما هو معنى يُعْرَفُ بالقلبِ" (الجرجاني ، ١٩٨٣م : ١٢١). وهذا النوع من العوامل لم يُعْرَف قبل الخليل إذ كانوا لا يعرفون سوى العوامل اللفظية (كلفت ، ٢٠٠٩م : ١١٠) ، والعوامل المعنوية التي ذكرت في الحواشي اثنتان، هما العامل في المبتدأ والرافع للفعل المضارع، والثالث جاء عَرَضاً في أثناء الحديث عن الحال وعامله إذ ذكروا أن الناصب للحال قد يكون معنوياً، وسنأتي على تفصيل هذه المسائل.

أولاً: رافع المبتدأ والخبر- الابتداء -:

هذا النوع من العوامل المعنوية هو من أبرز العوامل التي أُخذ بها بل أجمع عليها البصريون وقد اختلف البصريون والكوفيون في الابتداء، فمذهب الكوفيين أنَّ المبتدأ يرفعُ الخبرَ والخبرُ يرفعُ المبتدأ لكونهما متلازمين ، فالمبتدأُ لابُدَّ له من خبر والخبرُ لابُدَّ له من مبتدأ، والتلازم الموجود يَدُلُّ على أنَّ لكلِّ واحدٍ منهما عاملاً يصاحبه، وعند البصريين الرافع للمبتدأ معنى وهو الابتداء(ابن الأنباري ، ٢٠٠٣م ، المسألة الخامسة : ٣٨) ، والجامي وأصحاب الحواشي – ممن ندرسهم- من البصريين المؤيدين بأنَّ الرافع للمبتدأ هو الابتداء(الأكيني ، ٢٠١٠م : ٢٧٨) ، والعامل المعنوي نوعان أحدهما عامل الرفع في المبتدأ كقولك: زيدٌ قائمٌ وعبدُ اللهِ منطلقٌ، فـ(زيدٌ) ونحوه مرفوع، ولابدَّ له من رافع، وليس في اللفظ ما يرفعه من شيءٍ قبله ولا بعده، فوجب أن يكون العاملُ معنوياً لا لفظياً (اللاري ، ٢٠١٠م : ٢٧٩)، ثم بيّن (الجامي) ما هو هذا الابتداء وما معناه، فيجعل المعنوي هو الابتداء، وذلك الابتداء هو الاهتمام، وذلك الاهتمام هو جعلُك الشيءَ أولاً لثانٍ، ويكون الثاني حديثاً عن الأول المجرد من العوامل اللفظية. فإذا قلت: (زيدٌ قائمٌ) فزيد أولٌ لثانٍ وذلك الثاني هو خبر عن الأول وهو زيدٌ المجرد من العوامل

اللفظيـة (الجـامي ،٢٠١٤م:١٥٨) ، وخـالف الجـامي وأصـحاب الحواشـي بعض البصريين مثل المبرِّد ومع الكوفيين في تسمية الرافع للمبتدأ فعندهم - كما ذكرنـا – أنّ الرافع للمبتدأ هو الابتداء، ويرى المبرِّد أنَّ الرافع لـه هو التجرد من العمل وذكر المبَرِّدُ ذلك صراحة عندما قال: "فَأَمّا رفع الْمُبْتَدَأ فبالابتداء وَمعنى الِابْتِدَاء التَّنْبِيهُ والتعريةُ عَن العوامل (غَيره) وَهُوَ أول الْكَلَام وَإِنَّمَا يدْخل الْجَارُ والناصبُ والرافعُ سوى الِابْتِدَاء على الْمُبْتَدَأ، والابتداء والمبتدأ يرفعان الْخَبَر"(المبرّد ، ١٩٥٨م:١٢٦،والكيلاني ، ٢٠٠٧م : ١٣٦ – اطروحة دكتوراه) .

أمَّا الكوفيون فيرون أنّ المبتدأ والخبر يترافعان ، فالمبتدأ يرفع الخبر والخبر يرفع المبتدأ (ابن جني ، ١٤٢٨هـ-٢٠٠٨م : ١٩) . أمّا رافع الخبر فاختلفوا فيه فذهب قومٌ إلى أنّه يرتفع بالابتداء وحْدَهُ وذهب آخرون إلى إنه يرتفع بالابتداء والمبتدأ معاً، وذهب آخرون إلى أنّه يرتفع بالمبتدأ والمبتدأ يرتفع بالخبر(ابن الأنباري ، ٢٠٠٣م ، المسألة الخامسة :٣٨).والقول الذي عليه الجامي وأصحاب الحواشي هو قول البصريين وهو أن الابتداء والمبتدأ جميعاً رَفَعَا الخبر. أو أنَّ الابتداء رفع المبتدأ ورفع الخبر (الجامي ، ٢٠١٠م : ٢٨٧، والأكيني ، ٢٠١٠م : ٢٨٧). وذكروا آراء أخرى ترجعُ للكوفيين أو بعض البصريين ولكنَّهُم ردوها وجَعَلَوا القولين الأولين الذين ذكرناهما هما الصحيحان - وهما أنَّ المبتدأ وحده رفع الخبر والآخر أنَّ الابتداء رفع المبتدأ ورفع الخبر. ونحن نقول أن المبتدأ مرفوع بالابتداء والخبر مرفوع بالمبتدأ ، فعامل المبتدأ معنوي وعامل الخبر لفظي .

ثانياً: رافعُ الفعلِ المضارع :

والنوع الثاني من أنواع العوامل المعنوية هو رافع الفعل المضارع أو الفعل المستقبل وذلك نحو قولك: هذا رجلٌ يضحكُ ومررتُ برجلٍ يضحكُ. فيضحكُ فعل مستقبل ليس معه رافع قبله ولا بعده فوجب أن يكون الرافع معنوياً (مناهج جامعة المدينة العالمية ، ٢٠١٢م : ٣٠٨) ، وسبب الارتفاع الذي عليه البصريون ومنهم وأصحاب حواشي الجامي أنَّ الرافع للفعل المضارع هو الشَّبَهُ بالاسم أو لوقوعه موقع الاسم الذي هو (ضاحك) في الأمثلة المذكورة، وجَعَلوا العلةَ التي فيها شابه الفعل المضارعُ الاسمَ هو النقلُ من العمومِ إلى الخصوصِ؛ لأنَّ قولنا (كاد زيدٌ يقوم) يصلح للزمانين الحال والاستقبال ، وهذا عموم وإذا أردت إخلاصه

للاستقبال أدخلت عليه السين وسوف، فقلت: سيقوم أو سوف يقوم كما تقول: (رجل، أو غلام) فيصلح لرجل معلوم أو رجل مجهول (الجامي ، ٢٠١٠م :٤٤٠ ، والسيالكوتي ، ٢٠١٠م : ٤٤٠).

أمَّا الكوفيون فذهبوا في رفعه إلى مذهبين:

أحدهما: أنَّه ارتفع لتعريه من العوامل الناصبة والجازمة وهو المذهب الغالب عندهم ، ونسب الرأي للفراء (ت:٢٠٧هـ) (الفراء ، ٢٠١٦م : ٥٣).

والثاني وهو مذهب الكسائي (ت: ١٨٩هـ) - وهو رأس المدرسة الكوفية-، يرى فيه أنَّ الفعل المضارع مرتفعٌ بالحرف الزائدِ في أوله، أي بحروف المضارعة (ابن الأنباري ، ٢٠٠٣م ، المسألة ٧٤ : ٤٤٨) ، وقد ردّ الجامي وأصَحاب الحواشي على هذه الآراء وغيرها ممن يقول : إنّ الفعل يرتفع في مواضع لا يكون فيها موقع الاسم ، كما في الصلة ، نحو : الذي يضرب ، وفي نحو : سيقوم وسوف يقوم ، وفي خبر كاد نحو : كاد زيد يقوم وفي نحو : يقوم الزيدان ، ردّ بقوله : " الذي يضرب ، ويقوم الزيدان بأنّه واقع موقعه لأنك تقول : الذي ضارب هو ، على أنّ (ضارب) خبر مبتدأ مقدم عليه ، وكذا : قائمان الزيدان ، ويكفينا وقوعه موقع الاسم وإن كان الإعراب مع تقديره اسماً غير الإعراب مع تقديره فعلاً . نحو : سيقوم مع السين واقع موقع الاسم لا يقوم وحده ، والسين صار كأحد أجزاء الكلمة ، وسوف في حكم السين. وعن نحو : كاد زيد يقوم : أن الأصل فيه الاسم ، وإنما عدل عن الاصل (الجامي ، ٢٠١٤م :٥٠٠ ، واللاري ، ٢٠١٠م : ٤٣٨). ونحن نوافق البصريين في رأيهم أن الرافع للمضارع هو معنوي لوقوعه موقع الاسم ومشابهته.

ثالثاً: العامل في الحال :

العامل في الحال قد يكون هو الفعل بالأصل وقد يكون اسم الإشارة أو الظرف، ومعنى أسماء الإشارة تكون عاملة في الحال مثل: (هذا زيدٌ واقفاً) هذا مبتدأ، وزيدٌ خبره و(واقفاً) منتصب على الحال، والناصب له أحدُ شيئين إمَّا (ها) لِمَا فيها من معنى التنبيه، وإمَّا (ذا) لما فيها من معنى الإشارة، كأنك قلت: أشرتُ إليه واقفاً أو نبهتُ عليه واقفاً ولا يجوز هنا أنْ تُقَدِّم الحالَ على اسم الإشارة؛ لأنَّ العامل إذا كان معنوياً لا تتقدم الحالُ عليه، بخلاف الفعل الصريح، ويجوز أن تُقَدِّم

الحالَ إلى جانبِ اسمِ الإشارةِ؛ لأنَّه بعد العاملَ المعنوي (ابن الحاجب، ٢٠١٠م : ٨١٦ ، الأكيني ، ٢٠١٠م : ٤٩٢).

وإذا كان ظرفاً واقعاً صفة أو صلة أو حالاً أو خبرًا فإنَّه يعملُ في الأحوالِ النصبَ، مثال ذلك: (زيدٌ عندك ضاحكاً)، فـ(عندك) عمل في (ضاحكاً) النصب؛ لأنَّه وقع موقع المشتق، فالأصلَ: زيدٌ مستقرٌ عندك، فحُذِفَ الاستقرار وناب (عندك) منابه، ونُقِلَ الضمير الذي كان في الاستقرار إلى هذا الظرف الذي قام مقامه، وصارت الحال التي هي (ضاحكاً) حالاً من ذلك المضمر المستقر في الظرف، فإذا ثبت ذلك فالعامل في الحال معنويٌ، وإذا كان معنوياً لم يجزْ أنْ تتقدم على (عندك)؛ لأنَّه لا يتقدم على العامل المعنوي ويجوز توسطه(الأكيني ، ٢٠١٠م : ٤٩٣ ، اللآري ، ٢٠١٠م : ٤٩٣). .

المطلب الثاني: العوامل اللفظية:

أولاً: الأفعال:

الأفعالُ كلُّها عاملة؛ لأنها إنّما وُضعتْ لذلك، لرفع فاعل لابدَّ لها منه، وتنصب مفعولاً إن اقتضته. وهي أقوى العوامل عند النحاة بصريِّهم وكوفيِّهم (الأزهري ، ١٩٨٨م :٣٨٣). ولذلك تعمل ظاهرة ومقدَّرة، ومتصرفة في التقديم والتأخير بين معمولاتها. قال سيبويه: "وزَعَمَ الخليل أنَّه يُستقبح أن يقول: (قائمٌ زيدٌ) كما تؤخر (أي تؤخر الفاعل) وتقدم (أي تقدم المفعول) فتقول: ضرب زيداً عمروٌ، وعمرو على ضربٍ مرتفع وكان الحدُّ أن يكون مقدماً ويكون زيدٌ مؤخراً" (سيبويه ، ١٩٨٨م: ١٢٧).

وذكر الجامي الأفعال العاملة سواء كانت ناقصةً أو تامةً أو مترددةً بين التصرف والجمود والمتعدية بنفسها أو بغيرها على تقسيمات عدة:

١ـ الأفعال الناقصة :

وهي ناقصة لأنها لا تتم بمرفوعها (الجامي ،٢٠١٠م:٤٧٩) والنوع الأول الذي يرفع الاسم وينصب الخبر وهو سبعة عشر فعلاً (كان وصار وأصبح وأمسى وأضحى وظل وبات وآضَ وعاد وغدا وراح وما زال وما انفك وما فتىء

وما برح وما دام وليس) وقد أسقط (آض وعاد وغدا وراح) إشارة لعدم الاعتداد بها لأنها من الملحقات(الجامي ، ٢٠١٠م:٤٨٦) ، وكانت هذه الأفعال عاملة لأنها متصرفة بالوجوه الخمسة: كان ويكون وسيكون وكن ولا تكن فعمل كما تعمل الأفعال الحقيقية (الجامي ، ٢٠١٠م: ٤٨١ ، واللاري ، ٢٠١٠م : ٤٨١) .

٢ـ الأفعال المتعدية بنفسها :

أ ـ الأفعال التي تنصب المبتدأ والخبر جميعاً:

